K.T.

**ZANÎNGEHA BÎNGOLÊ**

**ENSTÎTUYA ZIMANÊN ZİNDÎ**

**ŞAXA MAKEZANISTA ZIMAN Û EDEBÎYATA KURDÎ**

**Teza Lîsansa Bilind**

# BİNYADÎ GÊRANEWA LE DASTANÎ MEM Û ZÎN Î OSKAR MANN Û ŞANOYÎ MEMÊ ALANÎ EBDURREHÎM REHMÎ HEKARÎ

## (LÊKOLÎNEWEYEKÎ BERAWİRDKARIYE)

**Hawkar Jameel Mohammed**

**Şêwirmendê Tezê**

**Alk.Doç.Dr.M.Zahir ERTEKİN**

**ÇEWLÎG – 2017**

**T.C.**

**BİNGÖL ÜNİVERSİTESİ**

**YAŞAYAN DİLLER ENSTİTÜSÜ**

**KÜRT DİLİ VE EDEBİYATI ANABİLİM DALI**

**Yüksek Lisans Tezi**

# OSKAR MANN'IN MEM Û ZİN DESTANI İLE EBDURREHÎM REHMÎ HEKARÎ'NİN MEMÊ ALAN TİYATROSUNDAKİ ANLATIMSAL YAPI

## (MUKAYESELİ İNCELEME)

**Hewkar Jameel Mohammed**

**Tez Danışmanı**

**Yrd.Doç.Dr.M.Zahir ERTEKİN**

**BİNGÖL - 2017**

**Pesendina Tezê**

Ji Bo Gerînendegeha Enstîtûya Zimanên Zindî

Ev xebata ji aliyê jûrîyen me ve di makezanista ……………………………………………….
…...........................................................................................................................
Wekî teza LÎSANSA BILIND / TEZA DOKTORAYÊ hate pejirandin.

| | |
|---|---|
| | (îmze) |
| Serok | :…………………………………… |
| | (Inwana Akademîk, Nav-Paşnav ) |
| | (îmze) |
| Endam | :…………………………………… |
| | (Inwana Akademîk, Nav-Paşnav) |
| | (îmze) |
| Endam | :…………………………………… |
| | (Inwana Akademîk, Nav-Paşnav) |
| | (îmze) |
| Endam | :…………………………………… |
| | (Inwana Akademîk, Nav-Paşnav) |
| | (îmze) |
| Endam | :…………………………………… |
| | (Inwana Akademîk, Nav-Paşnav) |

Pesendin
Ez pesend dikem ku ev îmzeyên li jorê li ser navê endamê fakûlteya ne.

Îmze
…………………….
Inwana Akademîk, Nav-Paşnav

Gerînendeyê Estîtûyê
(Mohr)

# Naverok

Naverok…….……..……..………………….……………...………..……I-V

Kurte…...………...…..…….……………………...……………….………...…VI

ÖZET …...……………………..…………………….………..………VII

Abstract……………..……………………………………...………..…. VIII

Pêşekî…………...……...………………………………….....………...…...IX-X

Listî Hêlkariyekan ………...…………………..…………………….......... XI

Kurtkirawekan…………………..…...……………..…………………........XII

Destpêk……...…....…………………….…..……………………………13-14

1. Jiyanî Oskar Mann……………………..…………………..……...………..…..15
2. Jiyanî Ebdulrehîm Rehmî Hekarî…………………………………..……........16

**Beşî Yekem**…...………………,...…………..………………….…..…………17

1. Binyatî Gêranewe Le Dastan û Şano Da…………………..……..……..........17

1.1. Çemk û Pênasey Dastan………………...….……………………..………17-23

1.2. Çemk û Pênasey Şano…………………..….…………………………..23-28

1.3. Gêranewe Le Dastan û Şano Da………………………………………...…..….29

1.3.1. Gêranewe Le Ruy Tiyoriyewe…………………………………………….…..29

1.3.1.1 Gêranewe Le Dastan Da…………………..………………………….….…29-34

1.3.1.2.Gêranewe Le Şano da………………………………………….....……34-40

1.3.1.3. Berawird kirdinî Şêwazî Gêranewe Le Dastan û Şano Da…..…..……40-42

1.3.2. Gêranewe Le Ruy Pirakitîkewe…………………...……………….……….42

1.3.2.1. Şêwazî Gêranewe Le Dastanî Mem û Zînî Oskar Mann…..…………42-44

1.3.2.2. Şêwazî Gêranewe Le Şanoy Memê Alanî Ebdullrehîm Rehmî Hekarî De…………….......................................………………44-48
1.3.2.3. Berawird kirdinî Şêwazî Gêranewe Le Dastanî Mem û Zîn û Şanoy Memê Alan Da…………………………………………………..…...…48-49

**Beşî Duwem**…………………..……………….……………….….….............50

2.Tuxmekanî Gêranewe Le Dastan û Şano Da………..……………..…...…….…….50

2.1. Tuxmî Ziman La Dastan Û Şano Da…………….……………………....….…….50

2.1.1. Tuxmî Ziman Le Ruy Tiyoriyewe………..…………………….….....50-53
2.1.2. Tuxmî Ziman Le Dastan Da……..…………..………...……...…53-55
2.1.3. Tuxmî Ziman Le Şano Da…………………………….....……..…55-60
2.1.4. Berawird kirdinî Tuxmî Ziman Le Dastan û Şano Da…………..…60-62
2.2.Tuxmî Ziman Le Ruy Pirakitîkewe……...………………..……………......….62
2.2.1. Tuxmî Ziman Le Dastanî Mem û Zîn Da……………...………..….62-64
2.2.2. Tuxmî Ziman Le Şanoy Memê Alan Da……………...…………..64-66
2.2.3. Berawird kirdinî Tuxmî Ziman Le Dastanî Mem û Zîn û şanoy Memê Alan Da……………………………………………………….66-67
2.3.Tuxmî Kat Le Dastan û Şano Da……………………………………......….…67
2.3.1. Tuxmî Kat le Ruy Tiyoriyewe………………………………………..67-70
2.3.2. Tuxmî Kat Le Dastan Da………………..……………….………..71-74
2.3.3. Tuxmî Kat Le Şano Da…………………………………....……..75-77
2.3.4. Berawird kirdinî Tuxmî Kat Le Dastan û Şano Da………………..77-78
2.4.Tuxmî Kat Le Ruy Pirakitîkewe……………………..…………………....…..78
2.4.1. Tuxmî Kat le dastanî Mem û Zîn Da……………..……..…………78-82
2.4.2. Tuxmî Kat le şanoy Memê Alan Da……………….……………82-84
2.4.3. Berawird kirdinî Tuxmî Kat le Dastanî Mem û Zîn û Şanoy Memê Alan Da..……………………………..……………...……….…..84
2.5.Tuxmî Şiwên Le Dastan û Şano Da…….………………………..……..….85
2.5.1. Tuxmî Şiwên le Ruy Tiyoriyewe…...……………………………..…85-90

2.5.2. Tuxmî Şiwên Le Dastan Da……………………….………...….90-91
2.5.3. Tuxmî Şiwên Le Şano Da……………………….………..…...…92-95
2.5.4. Berawird kirdinî Tuxmî Şiwên Le Dastan û Şano Da………......…95-96
2.6.Tuxmî Şiwên Le Ruy Pirakitîkewe………...……………………..…......……96
2.6.1. Tuxmî Şiwên Le dastanî Mem û Zîn Da……………………..…96-100
2.6.2. Tuxmî Şiwên Le şanoy Memê Alan Da…………………......…101-102
2.6.3. Berawird kirdinî Tuxmî Şiwên Le Dastanî Mem û Zîn û Şanoy Memê Alan Da……………………………………………………....….102-103
2.7.Tuxmî Rûdaw Le Dastan û Şano Da………………………………...……....103
2.7.1. Tuxmî Rûdaw Le Ruy Tiyoriyewe…………….…………….….103-104
2.7.2. Tuxmî Rûdaw Le Dastan Da……………………………………104-107
2.7.3. Tuxmî Rûdaw Le Şano Da…………………………….……..….108-110
2.7.4. Berawird kirdinî Tuxmî Rûdaw Le Dastan û Şano Da………………110
2.8. Tuxmî Rûdaw Le Ruy Pirakitîkewe…..………………………………..111
2.8.1. Tuxmî Rûdaw Le dastanî Mem û Zîn Da…………….……..…111-116
2.8.2. Tuxmî Rûdaw Le şanoy Memê Alan Da……………….……....116-118
2.8.3. Berawird kirdinî Tuxmî Rûdaw Le Dastanî Mem û Zîn û Şanoy Memê Alan Da……….………...…………………………...….……118-119
2.9. Tuxmî Karekiter Le Dastan û Şano Da…..….……..……..…...……..119
2.9.1. Tuxmî Karekiter Le Ruy Tiyoriyewe…..……………..........…....119-123
2.9.2. Tuxmî Karekiter Le Dastan Da…..…………..…………………..….123-125
2.9.3. Tuxmî Karekiter Le Şano Da………..…..…....…………..…..…125-127
2.9.4. Berawird kirdinî Tuxmî Karekiter Le Dastan û Şano da……..…128-129
2.10. Tuxmî Karekiter Le Ruy Pirakitîkewe…….………………….........……129
2.10.1. Tuxmî Karekiter Le dastanî Mem û Zîn Da…..….....…………129-134
2.10.2. Tuxmî Karekiter Le şanoy Memê Alan Da…..…...........……...…134-135
2.10.3. Berawird kirdinî Tuxmî Karekiter Le Dastanî Mem û Zîn û Şanoy Memê Alan Da…………………………………………...…………….……135-136

**Beşî Sêyem**

3. Hunerekanî/ Teknîkekanî Gêranewe ………….…………………....................137

3.1.Hunerî Gêranewe Le Dastan û Şano Da…………………….…………...…137

3.1.1. Hunerî Wesif Le Ruy Tiyoriyewe……..…..……..………....137-140

3.1.2. Hunerî Wesif Le Dastan Da…………………………....…141-142

3.1.3. Hunerî Wesif Le Şano …………………………………….….....142-143

3.1.4. Berawird kirdinî Hunerî Wesif Le Dastan û Şano Da……….…143-144

3.2.Hunerî Wesif Le Ruy Pirakitîkewe…………………...…………...……144

3.2.1. Hunerî Wesif Le Dastanî Mem û Zîn ………….…………144-147

3.2.2. Hunerî Wesif Le Şanoy Memê Alan Da……………………..147-149

3.2.3. Berawird kirdinî Hunerî Wesif Le Dastanî Mem û Zîn û şanoy Memê Alan Da……….…………………………………...…149

3.3.Hunerî Diyalog Le Dastan û Şano da…………………………….….…..150

3.3.1. Hunerî Diyalog Le Ruy Tiyoriyew……………………...……150-151

3.3.2. Hunerî diyalog Le Dastan Da……………………….….…152-153

3.3.3. Hunerî Diyalog Le Şano Da…...……………….………………….153-156

3.3.4. Berawird kirdinî Hunerî Diyalog Le Dastan û Şano Da…..…156-157

3.4.Hunerî Diyalog Le Ruy Pirakitîkewe……………………………………157

3.4.1. hunerî diyalog le dastanî Mem û Zîn Da…………………..…157-160

3.4.2. Hunerî Diyalog Le Şanoy Memê Alan Da………………...…160-162

3.4.3. Berawird kirdinî Hunerî Diyalog Le Dastanî Mem û Zîn û şanoy Memê Alan D…………………….……………………….….162-163

3.5.Hunerî Monolog Le Dastan û Şano Da……………………………..…...…163

3.5.1. Hunerî Monolog Le Ruy Tiyoriyewe…………….….……....163-166

3.5.2. Hunerî Monolog Le Dastan Da……………..……….……..…166-168

3.5.3. Hunerî Monolog Le Şano Da………………………………168-170

3.5.4. Berawird kirdinî Hunerî Monolog Le Dastan û Şano Da…............171

3.6.Hunerî Monolog Le Ruy Pirakitîkewe………………………...…..…..…171

3.6.1. Hunerî Monolog Le Dastanî Mem û Zîn Da……………....…171-173
3.6.2. Hunerî Monolog Le Şanoy Memê Alan Da………………..…173-175
3.6.3. Berawird kirdinî Hunerî Monolog Le Dastanî Mem û Zîn û Şanoy Memê Alan Da………………………………………………..…175-176

Encam……………………………..……………………….………....177-179

Serçawe………………..……………….………………………………….180-188

Pêvek……………..…………………………………………..…….………189-190

## Kurte

Mêjuy dastanî Memê Alanî foliklorî zor kone berawird be nûsînewey dastaneke keçî diway nûsînewey qalibî taybet werdegrît taybet debêt be dastan nûs, am lêkolîneweye be nawî binyadî gêranewe le Mem û Zîn î Oscar Mann û şanoy EbdulRehîm Rehmî Hekarî lê kolineweyekî berawidkariye. çendîn gorankarî le herdu deq be dî dekrê, ew gorankariye rûyan dawe le rûdaweke û şêwey gêranewekey her ewe buwe hoy şêwey ciyawaz wergrêt û dem û dem û piştawpişt gêrdirawetewe. Oskar Mann nêrdey îmbiratorî Elmanya bo lêkolînewe le edebî rojhelatî le salî 1901-1903 zorbey dastane kurdîyekanî ko kirdinewe be zimanî kurdî şêwey Mukryanî. şano nûsîn berawird be dastan nûsîn le ruy mêjûyewe nêwanyan zore, çunke deqî şanoyî le naw kurd da le salî 1919 le govarî Jîn le layen Ebdulrehîm Rehmî Hekarî yekem deqî şano buwe nûsrawetewe nûser nawî nawe piyes le ruy mêjû, nûsîn tazetre berawird be dastan, belam rexneyî kurdî bo herdukyan zor direng qelemyan bizwandr. Ewey em dû regeze edebiye beyekewe debestêtewe dastanêkî konî kurde le ruy tuxm û hunerewe çend ciyawazî û lêkçûnyan heye û corî gêranewey heryekêkyan ciyawaze.

Berawirdkirdnî em dû regeze edebiye le ruy ekadîmî ştêkî niwêye û derwazeyekî baş debêt bo lêkolînewey ziyatir le dahatûda, çunke tuxmî zor giringî mawe lem regeze edebiyane qisey le ser bikirêt.

**Klîlî Wişe**: Gêranewe, Berawirdkarî, Dastan, Şano

## ÖZET

Memê Alan Halk Destanı, destan yazılış tarihine göre oldukça eskidir. Destan yazıldıkitan sonra tarih içinde her yeni yazarla birlikite yeni bir şekil almakitadır. Destanın olayları ve sunum biçiminde meydana gelen değişiklikler, ona yeni bir şekil kazandırmakitadır. Böylece destan, nesilden nesile dönüşerek akitarılmakitadır.

Çalışmamın başlığı "Ostar Mann'ın Memê Alan Destanı'nın biçimsel altyapısı ve onun Hakkârili Abdurrahim Rahmi'nin Memê Alan tiyatrosu ile karşılaştırılması"dır.

Oskar Mann, 1901-1903 yılları arasında doğu edebiyatını araştıran Alman imparatorluğunun elçisidir. Oskar Mann, birçok Kürt bölgesini gezerek Mükeryani lehçesi ile yazılmış birçok Kürt destanlarını toplamıştır. Tarihsel olarak destan yazımı ile tiyatro metninin yazımı arasında oldukça fark vardır. İlk Kürt tiyatro metni, Hakkârili Abdurrahim Rahmi tarafından Jın dergisinde yazılmıştır. Rahmi, onu piyes olarak isimlendirmiştir. Tiyatro yazımı destana nispeten daha yenidir. Bununla birlikite Kürt tiyatro ve destan eleştirisi, destan ve tiyatro eleştirisine göre gecikmiştir. Bu iki edebi türün ortak nokitası klasik Kürt destanı olmasıdır. Onların ortak nokitaları bulunduğu gibi farklı nokitaları da bulunmakitadır. Sözgelimi her ikisi, sunum şeklinde birbirlerinden ayrılmakitadır. Akademik olarak bu iki türü karşılaştırmak yeni bir şey olmakla beraber ileride araştırmaya daha fazla alan açacakitır. Çünkü böyle bir karşılaştırma, diğer edebi unsurlarında bulunmayan önemli unsurları içermekitedir.

**Anahtar Kelimeler:** Biçim, Karşılaştırma, Destan, Tiyatro

# ABSTRACT

The history of glorious mami alan is very old, if we compare it with the re-writing time of that tale, but after re-tolding it. It took another shape related to the writers own emotions and feelings, the changes that been happened in that adventure remained till now a days from generation to another – later that folklore tale been retold by oskarman a geriman empire sender to find about the culture of eastern countries betwee 1901-1903 during that time he collected most of the kurdish tales and stories in kurdish language “mokryan dialect “–and comparing plays with tales there is a long distance between them playwriting first appeared in 1919 in zheen magazine by abdulareem rahmi and he named it peas in written and history aspects – it is more newly and recently appeared – but kurdish criticize towards them appeared too late-what connects these two elements is an old kurdish tale which has many similarity and differences in both artistic and elementary aspects that are differ in being retoldr.

Comparing these two Artistic elements in Academical style is something quite newly appeared and it will be a good paving the way to further detecting in future – because there will be too many elements left to talk about



**Key Word**: Retolding, Comparing, Tales, Plays

# Pêşekî

Kurd xawenî keresteyekî dewlemendî folkilorîye, çendîn beser hat û rûdaw dastanî pir behaye, ke zor lew dastan û rûdawane nûsrawn û hendêkîşyan nenûsrawn, resedey rabirdû hewlî zor dirawe ke em berhemane le le naw çûn biparêzrên be nûsînewe û kokirdineweyan samanêkî gewirey netewayetî deparêzn înca eger darişitinewey berheme edebiyeke be regezêkî ciyawazîş bê.

Komelêk dastanî benirix û berzî kurdî hen lewane dastanî Mamê Alanî folkilorî, ke dastanêkî konî kurde deyan xesiletî konî kurdewarî têdaye pêwîste çendîn lêkolînewey le ser bikrêt bo ewey le hemû layekewe bixrête jêr rûnakî şîkariyewe. darişitinewey em berheme folkilorye be regezêkî tir xizmetêkî tirî edebî kurdî kirduwe, şanoyMamê Alan seretay mêjuy şanoye le nêw şano kurdyekan ke be şêwey deqî nûsraw berhem hênrabêt, bêm wabû Berawird kirdinî em dû regeze edebiye xizmetêkî tire be berheme xomalyekan.

Kêşeyek le ruy têorî hatbête berdemim le katî lêkolînewekem nebûnî serçawey pêwîst bû le ruy Tiyoriyewe le ser dastan û herweha deqî şanoyî le zimanî kurdî da, eger raşkawanetirbm serçawey zanistîm nedozyewe lêkolînewey kirdbêt le ser dastanî Mem û Zînî tuhfey muzeferîye, paşan serm beser zor cêga helbrî bo ewey le ser deqî şanoyî Mamê Alanî Ebdulrehîm Rehmî Hekarî betaybetî le ruy gêranewe lebaşurda berçaw nekewt teniya lêkolînewekey dr. Ferhad Pîrbal nebêt ewîş sûdî ewtoy bo babetî gêranewe nebû, belam kolm neda naçar helisam sûdm le zor serçaweyî byanî erebî û farisî wergirt le Ruy Tiyoriyewe ewey dilm pê xoş bû çend lêkolîneweyekî kurdî bû le ruy ekadîmî le ser gêranewe krabû ewanm kirdin be binaxe bo basekem. dîsan bo meseley deqî şanoyî sûdm le çend berhemêk wergirt le gel ew zaniyaryeî hembû awêtem kird taweku em basey lêwe berhem bihênim.

Em lêkolînewem be giwêrey mîtodî şîkarî, pirkitîkî, berawirdkarî encam dirawe, ke binema serekyekanî em mîtodeş le ruy Tiyoriyewe şirove dekrêt û binemakanî rûn dekrêtewe diwatir berhemî beramber be heman mîtod bas dekrêt û xale hawbeş û ciyawazekan dest nîşan dekrêt bexal, beheman şêwey serewe şêwazeke dûbare dekrêtewe le ruy pirakitîkyewe diwatir giringtirîn xale hawbeş û ciyawazekan dest nîşan dekeyn û deyxeyne ber çaw.

Naw nîşanî em lêkolînewem birîtiye le gêranewe le Mem û Zînî Oskar Mann û hevberkirdin le gel Mamê Alanî Ebdulrehîm Rehmî Hekarî hokarî helbjardnî em naw nîşane degerêtewe bo dû hokar yekemyan bo giringî gêranewe degerêtewe ke xoy dexzênête zorbey berheme edebiyekan, ke tuxmekan û Hunerekanî Gêranewe amadegiyan le naw da heye, duwemyan degerêtewe bo nebûnî namey ekadîmî le ser Mem û Zînî Oskar Mannû lêkolînewe le ser gêranewe le ser şanoy Mamê Alan. lêkolînewekeman le sê beş pêk dêt ke her yekeyan le çend tewerêk le xo degrêt, beşî yekem binyadî gêranewe Le Dastan û Şano da, ke çemk û pênasey dastan û şano kirawe le gel gêranewe le layenî tiyorî û pirakitîkî le herdû regezeke da kirawe le gel berawird kirdinî herdû layeneke, beşî duwem tuxmekanî gêranewe Le Dastan û Şano da beheman şêwey beşî yekem layenî tiyorî û pirakitîkî le tuxmekan bas kirawe diwatir berawird kirawe, Hunerekanî Gêranewe Le Dastan û Şano da naw nîşanî beşî sêyemî lêkolînewekeye, ke le sê tewerda bas le hunerekanî wesif, diyalog, monologkirawe beheman sîstemî beşî yekem û duwem. Em lêkolîneweye be komelêk encam û amajekirdin be serçawekan kotayî hatuwe.

Hawkar Jameel Mohamimed

Bîngol 2017

## Listi Hêlkariyekan


| jimare | Naweroki wenekan | Lapere |
|---|---|---|
| 1 | Runkirdineway katî çîrok û katî geranewe | 71 |
| 2 | Katî çûlaw katî westaw | 73 |
| 3 | Wesifî dîmen û rolî le ser rûdawekan | 104 |

## Nîşaney Locîk û Watakanyan

| **Nîşaney locîkî** | **Watakey** |
|---|---|
| ... | Berdewam bûn |
| , ... .. , | Berdewam bûn heye pêwîst bebaskirdini nakat |
| htd | Heta dûayî |
| E. R | Ebdulrehîm Rehmî |
| Oskar Mann | O.Mann |
| j | Jimare |
| r | Rûpel |
| ⟶ | Xistine Rû |
| s.p | Serçawey pêşw |
| r.p | Rûpely pêşw |

## Destpêk

Amancman lem berawirdkariye eweye nêwanî ciyawazî û wêkçûnî heryek le dastan û şano bixeyne rû, hendêk xalî taybet be dastan heye le Şano da nîye û be pêçewaneşewe, ew gorankariyeî beseryan da hatuwe be taybet le şano, ke ta êsta le gorankarî berdewam daye.

Girngî lêkolînewe grngyekey lewe daye, ke dû regezî ciyawazî bwarî edebî berawird krduwe hemû xale hawbeş û ciyawazîyekanî dest nîşan krduwe û hewldirawe beşêweyekî zanistî mîtodekanî berawirdkarî bekar bênêt bo ewey be asanî hest be xale lêkçuwekan ciyawazîyekan bikeyin le ruuy bunyadî gêranewe da.

Lêkolînewekeman le sê beş pêk dêt ke her yekeyan le çend tewerêk le xo degrêt, beşî yekem binyadî gêranewe le dastan û Şano da, ke çemk û pênasey dastan û şano krawe le gel gêranewe le layenî tyorî û prakitîkî le herdû regezeke da krawe le gel berawird krdnî herdû layeneke, beşî duwem tuxmekanî gêranewe le dastan û Şano da beheman şêwey beşî yekem layenî tyorî û prakitîkî le tuxmekan bas krawe dwatr berawird krawe, hunerekanî gêranewe le dastan û Şano da naw nîşanî beşî sêyemî lêkolînewekeye, ke le sê tewerda bas le hunerekanî wesif, diyalog, monolog)krawe beheman sîstemî beşî yekem û duwem. em lêkolîneweye be komelêk encam û amajekrdn be serçawekan kotayî hatuwe.

Nawerokî dastaneke basî palewanî dastane, ke Mem e kiçî mîrî cezîrey botan ke nawî Zîn e beyarmetî peryekan dehênrête sercêgay xewtnî Mem diway helisanewey deybînê û yekitryan qbul debêt û nawnîşan degornewe diway beyanî heldestnewe lay nemawe, belam palewan kol nadat deçête czîre benawnîşanekeyewe deybînêtewe diway hewlêkî zor neytwanî bîxwazê leber bûnî çend kesêk û dwatr zîndanî dekrêt û demrêt. belam deqe şanokey Hekarî ciyawazîyekî zorî heye le gel deqe dastaneke, ke Memo xezalî xêzanî xwastuwe diway hefteyek şerî fethî quds dest pêdekat ewyş deçête şereke diway salêk dîtewe le gel xêzanekey beyekewe dexewn dayikî be hoy nenasînyewe xencerêkî lê dedat û deykujê.

Lem lêkolîneweyeda supasêkî bê payan arastey serperştyarî basekem (yrd dr. Doç.Dr. Zahîr ERTKIN) dekem beserncekanî rêgay çonîyetî lêkolînewey bas le ser şêwazî turkî fêrkirdim. Her weha supasêkî gerim arastey serperştyarî duwem

(Doç.Dr. Senger Hacî) dekem, ke bedaxewe ew qutabyaney serperştiyarî duwemyan hebû nawîan nenûsra le ser laperey basekem, ke ta mawum qeriz barî em û xoy û kitêbxane û kate be nirxekey mawey salêk xizte ew têzey encamim da. supas bo amojigarî mamostayanî ekadîmî û şarezayan mamostay qedir giran Ehmimed Salar têbînîyekanî berizim leber çaw girtbû û m.Zrar sertaş û xêzanekeşim, ke hemîşe palpştî me'newî min buwe be dirêjayî xwêndinim le wlatî turkiya.

## Jiyannamey

-Oskar Mann/ Tuhfey Muzeferîye Mem û Zîn

-Ebdulrehîm Rehmî Hekarî/şanoy Mamê Alan

## Oskar Mann

Oskar Mann le salî 1867 le berlîn-elmanya le dayik buwe, pyawêkî rojhelatnas buwe le zimane rojhelatyekanî kolîwetewe le salî 1890-1917 le kitêbxaney padşayetî berlîn karî kirduwe le serdemî padşay piroysuylhêlmî duwem em padşaye merexesî kirduwe, ke lêkolînewe bikat û kitêbxanekeşî le ber destî danawe, diwatir nardûyetî bo wilatî ayran le salî 1901-1903 lew wilate mawetewe zor lêkolînewey kirduwe le ser zarawekanî kurdî-farisî berhemî seferekanî komelêk kitêb û destnûsn ke ta êstaş le ekadîmyaî zanistekanî berlîn-brandênburg parêzrawn pê deçêt kewa nêwanî xoy û muzeferedîn şay qacar baş buwe renge leber em hoyeş buwe kitêbekey naw nawe tuhfey muzeferîye[1]. Oskar Mann le salî 1917 le berlîn koçî diwayî dekat, pêdeçêt dest nûsî zor giring bo kurd le ekadîmyaî zanistekan le berlîn hebin, ke hêşita nexrawnete ser zimanî kurdî. le salî 1905 tuhfey muzeferye çap kirawe wek xoy amajey pêkirduwe le dîbacekeyda.

[1] O.Mann, *Tuhfey Muzeferîye*, Pêşekî Û Saxkirdinewe Û Hênane Ser Rênûsî Kurdî Hêmin Mukryanî, dezgay çap û bilawkirdinewey aras, çapî sêyem, Hewlêr, 2011. r17

**Ebdulrehîm Rehmî Hekarî**

Derbarey jiyan û le dayik bûnî nûser û hozanvan hatbête çespandin kewa Ebdulrehîm Rehmî Hekarî le salî 1890 le nawçey elbakê-başqalla êsta wanî pê degutirêt hatîte dunya bawkî nawî seyd mhmed pirtewe le binemaley şêx ebdulqadir geylanî buwe dayikîşî nawî îmetullh xanim kiçî hacî teyar bege le binemaley ebasyan buwe, le salî 1912. diwatir deçête stenbol bo tewaw kirdinî xwêndin le debête qutabî le kolêjî îlahiyat. Hekarî sûdî le katî xwêndinî kolêj wergirtuwe, emeş buwe hoyek bo nasînî pyawanî mezinî qelem bedestî ew serdem weku hemze begî mukisî, Memduh selîmê wanî, kemal fewzî, mhemed şefîq ewrasî [2] her ew komele hawrêye destyan kird be bilaw kirdinewey govarî jîn le nêwan salan î 1918-1919 le diway şerî yekemî cîhan le stnenbol 25 jimarey lê derçû, ke be zimanî turkî û kurdî bilaw dekrayewe le çapxaney Necim Istiqbal xawen îmtiyaz Hemze Eşref bû paşî ew Memduh Selîmerkekey girte esto Rehmî Hekarîş endamî destey nûseran bû, ke babetekanî le serewe amajey pêdirawe kewa govar em babetane le xo degrêt dîn, adebiyat, actimaîat, iqtsadiyandin, behis aydir turkçe –kurdçe mecmue der[3] diwatir moletî melayetî le ser destî Seyd Tehay Ewrasî bray biçûkî şêx ebdulhekîmî ewrasye ke be Bdî' Alzeman nasirawe her eweşe rengdanewey ayinî îslamî le ser jiyanî nûser û şa'îr le berheme şî'r û pexşanekanîda diyare piyawêke be dil û giyan berigrî kirduwe le gel seîd newresî le gel rûsekanda şerî kirduwe, repal eweşda nasnamey kurd bûnî xoy wn nekirduwe le nêw berhemekanîda eme zor bezeqî debînrê.

Beşdarî kird le kongrey îslamî le pakstan le salî 1951 berhemekanî ziyatir eaytî pêwe diyare ber le ewkat le ser edebî kurdî xebatî zorî kirduwe. Ebdulrehîm Rehmî Hekarî nawî xêzanî Hîdayet Ezîzle binemaley bedrxaniyekan bû, dû kç û kurî hebûn be nawekanî Jale, Pertew, Hale, Metînnawî mindalekanî nawî kurdîn emeş ewe degeynê ke nûser û şa'îr zor hezî be zimanî kurdî dekirdr. le salî 1958 koçî diwayî kirduweIestenbol legorstanî Necat Beg nêjrawe.[4]

---

[2] Ahmmed, Edile Cemîl, r.*olî Ebdulrehîm Rehmî Hekarî D Niwêkrna Hozana Kurdîda*, namey master, zankoy dihok, kolêjî perwerde, 2003, r. 4-5-6

[3] Hekarî, Ebdulrehîm Rehmî, Piyesa Kurdî Mamî Alan, govarî Jîn, jimare 15, Îstenbol, 1919

[4]http://www.kurdipedia.org/default.aspx?lng=1&q=%D8%B1%DB%95%D8%AD%D9%85%DB%8C%20%D9%87%DB%95%DA%A9%D8%A7%D8%B1%DB%8C(20/1/2017)

# Beşî Yekem

## 1. Binyatî Gêranewe Le Dastan Û Şano Da

### 1.1. Çemk û Pênasey Dastan:

Dekrê bilêyin lêkolînewe le her regezêkî edebî rû çûne benaw taybetmendyekanî ew regeze bo ewey ziyatir bînasîn û leregeze kanî tirî edeb cyaî bikeyinewe weku regezêkî edebî serbexo mameley le gel bikeyin. bo ewey bitwanîn mameleyekî dirusitir bikeyin pêwîste qultir ew regeze edebîye binasênrêt xale hawbeş û cyakanî le gel regezekanî tir zeq bikrêtewe û wrdtir lêy bduêyn.

wişey dastan le ferhengda be înglîzî epic be manay “dastan, ke zincîreyek rûdaw yan komelêk efisane yan lasayî kirdinewey le mêjîne be mericêk bibête babetî dastanî, azayetî dastanî dirêj”[5], le zimanî erebîda melhemeî pê degutirêt keçî le zimanî farisîda hendê kes her be dastan nawî dehênê, belam mana dirusitekeyhemaseî pê degutirêt ke dr. Zebîhullahî Sefa bemanay “şiwênî sext û dijwar bo parastnî eayîn û dilêrî le ser da”[6] nawî hênawe herweha dr. Fatime mudirsî delêt “dastan “epic”be watay bwêrî û dilawerî ye. core şêwazêkî edebî û gêraneweyekî rêk û pêkî dekat lebwarekanî qaremanî ke le ser rûdawekanî ewperî asayî û kirdarekanî şerî palewanekan qise dekat. dastan corêk le şî'rekanî wesif heye, ke wesifî kirdarekanî palewanî û cwamêrî û şanazyekanî neteweyek ya kesêk dekat”[7] keçî le naw kurda beqaremanetyek degutirêt dastan ke bext kirdinî giyanî têdabêt niwandinî azayetyek bêt lelayen takêkî mîlletewe ke berigrî le xak, şeref û namus, ayin, pyawetî... htd. dekat ke zor car berigrî kirdineke be tyaçûnî xoy kotayî pêdêt.

Dastan xoy karêkî gêranewey beser hatêke be şî'rêkî dirêj û bekêş yan be mosîqay taybet denûsrêtewe, eger bigerêynewe bo seretay mêjuy edebî mîlletan eweman bo rûn debêtewe ke edeb begişitî û dastan betaybetî honer, ke deyhonêtewe be pêy fîkirî pyawanî ayinî û paşakan bculabanewe le bawerî ayinî ew serdem layan nedabaw basî mêrxasî û azayetî padşakanyan dekird ke ewan tiwanay ziyatiryan heye le xelikî asayî, detwanîn mêjuy nusînewey şî'rî dastanî bo sê qonax dabeş bikeyin:

---

[5] www. almaany. com/ar/dict/ar_en(9.9.2016)

[6] Hacî, Senger Qadr şêx Muhemmed, *Binyatî Gêranewe Le Dastanî Mem Û Zînî Ahmedî Xanî Û Romanî Şarî Mosîqa Sipyekanî Bextyar Elî Da*, çapxaney xanî, çapî yekem, Dihok, 2009, r.7.

[7] Mudirsî, Fatime, *Ferheng Tusîfî Neqid Û Ndherîyehay Adebî*, çap awil, 1390, r. 6.

1- **“**Qonaxî guzarişit le qeyranî bûn be têkeleyek le ruhaniyet û madyet, bîrubawerew xurafyat, rastî û xeyal
2- Qonaxî guzarişit le qeyranî komelayetî
3- Qonaxî guzarişit le qeyranî neteweyî**”**[8]

Dastanî Mem û Zîn le Oskar Mann de dekewête qonaxî duwem ke guzarişit le kêşey komelga dekat. dastan xoy le xoy beserhatêkî mêjuye beşî'r bas le palewan û şere efisaneyekan le naw mîlletan dekat, komelgay seretayî le jîngeyekî sîhirawî jiyawn, helbet dastan dengî mêjuy millet. kontirîn corî şî're ke be nûsraw kirawe le qalbêk darjawe. yekem berhemî hunerî şî'rî le encamî îdiyaî exrîqiyekanewe geyşitbête ême be dastan denasrêt, dastanîş regezêkî edebiye binyatekanî gêranewey le nawerokda guncêndirawe[9], behay şî'rî dastanî pîşandanî mêjuwe leberhemî edebî folkilorî da, le rêgay ew Aydiyayeî ke şa’îr derî debrê sebaret be beserhate mêjûyekan, ew culandiney şa’îr deykat pendu amojgarî le gel şî'reke erkdar dekat bo ewey ew erke gewireye bigirête esto rabirdû û dahatû leyek girê bidat.

Eger şêwazî dastan werbIgrîn şêwazêkî dahêneraneye xeyalî firawanî têdaye be mosîqayek guzarişit dekat ke wişekan û guzarişitekan tund û cerg brin, şî'rî dastanî be siruşitî xoy şî'rêkî deste cemîe wek awêne rabirdû pîşan dedat. şî'rî dastanî le zemenêk peyda buwe pêyan degût çaxî palewanekan ke zor mîllet bew qonaxe guzeryan kirduwe bo berigrî kirdin beramber metirsyekan, ke bêguman serkewtin yan hengaw hawêşitn bo qonaxêkî tir kesayetyek yan çend kesayetyek ew şanazîyeyan berdekewêt yaxud le ser destî ewan debêt.

Ew zincîre qonaxey ke dastanî lêwe le dayik bû karî le komelga kird le ser destî palewanî dastanekan le demargîrî hoz bo komelgayekî heqîqî le jîngeyekî daxraw bo netewe, reşanazî palewanî nawexo bo çarenûs û şarstanî, her boye hnudekan le komelgay seretayî ubanîşad û vîda gwastewe bo qonaxî pêşkewtûtir ramayana û mehabarata, yonaniyekanîş le xurafat xeyalî pir le dastanekanyan le qonaxî seretayî bo elyaze û odîseî homîros, reser demî bûnî çînî orstoqratî, ke mîllet cimucolî abûrî hebêt û ew çîne hukmêkî serbazî debêt serkirdekanyan bediway nemirî nawekanyan

[8] Xerîb, Curic, Alş'r Almelhemî Tarîxihw Wa'lameh, Ibin Kelthum _Ibin Hemze_Ibin Şedad, metabi’ dar alseqafe, beîrut_lubinan, alsene ?, r.7.
[9] Ibirahîm, Muhemmed Hemdî, Nedheriye Aldirama Alaxrîqiye, metbi’a alşerike almisrî alalmye llneşir –luncman, tabi’ alûle, 1994, r.6.

Degerên bo pîşandaniyan weku palewan le cengekanda bo ewey nawbangiyan bzr nebêt le tomar kirdinî dastanekanda, karêkî here giringî şî'rî dastanî le çaxî palewanekan ewebû ke hanî şerkeran bidat beruhî şerkirdin le pênaw wilat, em şî'raneş le ser destî nawdaranî ew serdem denusran û tomar dekiran weku mêjû, hemû qesîdeyekî şî'rî çîrokêk degêrêtewe amancî aşikiray hîkayete, eweş pêy delên şî'rî çîrokî, belam eger qesîdeyek bas le pyawe benawbangekan û kirdare benawbangekan le mêjû bikat ewe dastane boye dastan taybetmendyekî heye renge corekanî tirî regezî edebî kemtir yan ciyawaztir le dastan bin “dastan ciyawaze le gel çîrokî asayî le Ruy kel û pel û şêwazekeyewe, dastan teniya le ser gêranewe û çêjî edebî ranawestêt, belku nimayş dekrêt, wesif dekrêt, boye zor car waqî' têkel beefisane dekrêt, frîşitekanîş be cinoke, xudawend be mirov, bîru bawer be xurafat, rastyekanîş beradebeder alxariq”. [10]

Gelêk nûser û lêkoler wa boy deçn kewa dastan tejî bêt le xeyal û efisane, ke dastanî le ser binyat nirawe dr. Sîrus Şîmsa le pertukî corekanî edebda le basî dastanda delê “weku xiwaze manay efisane dedat”[11] efisane pişt debeşitêt be katî rabirdû, çunke pişt bebîrhênanewe debestêt, ravekirdinî şitekan mentîqî niye leber ewey naçête jêr balî yasakanî eql û mentîq, boye dastane seretayekan zorbeyan namentqîn û efisanen, şa’îr le gêranewey babete efisaneyeke waq' nagwazêtewe, belku goran û ladanekey degwazêtewe. Fêlman le pênasey dastanda delêt “dastan debê pirtirîn berhemî netewe bê le ruy xeyal û le ruy bîr û bawerîşewe... le heman katda debê însklopîdyayekîş bê çibo ew çerxey ke tyaîda berhem hênirawe, çi bo ew neteweyeşî ke berhemî hênawe”[12] dastan bo ewe rûdedat û nawbang derdekat ke berigrî leadat, ayin, xoşewîstî, behakan dekat her boyeş berigrî kirdin mirovêkî azaw dilêrî dewêt ta kareke encam bidat eger hendêk sîfetîşî nakaml bêt tejî dekrêt le xeyal bo ewey azayetî ew mîllete nîşan bidat ke xawenî em core takaneye, rezorbey dastanekanî mîlletan da kesêkyan beriz dekirdewe û pêyan heldeda bo ewe buwe bibête remzî mîllet yan şanazî neteweyek pîşan biden dastanî Mamê Alanîş le serdemî xêlekî derkewtuwe mîllet bawerî tewawî pê hebuwe, hemû mîlletanî cîhan

[10] www. alkafeel. net/islamic.(7.10/2016)

[11] Hacî, *Binyatî Gêranewe Le Dastanî Mem Û Zînî Ahmedî Xanî Û Romanî Şarî Mosîqa Sipyekanî Bextyar Elî Da,* namey masterzankoy Selaheddin, Hawlêr, 2007, r. 2.

[12] Roj beyanî, Zahîr, *Çîrokî Hunerî Kurdî,* Şêwew Şêwaz Û Bunyad, çapxaney berêweberayetî gişitî roşinbîrî û huner, Hewlêr, 1997, r.225.

legêranewey dastanda binyatekanyan nizîkin leyekitir ba corî rûdawekan ciyawazîş bît, belam hemûyan zadey xeyalî mirovn “mirov her carêk dastan degêrêtewe, rehendêk nimûney yeksan wêkçû kelk werdegrê, eweş palman pêwe denê bilêyin ke em nimunane, ke cîhanîn û gişitîn, pêkhênerî xeyalî mirovin”[13] dekrê bilêyin meric niye deqekan hemûyan berêjeyek rastbin ke îdî bilêyin ke eme deqêkî konkrêtye û le rûdawî rasteqîne wergîrawe, belku ewey min boy çûbm eweye ke her mîlletêk deqekanî xoy le folkilorewe wergirtuwe wate ser zarekî buwe diwatir paşakan yan xanedanekan zû çespandîtyan neyanhêlawe şêwey deqî ciyawaz werbigirêt wek ewey leşanamey fîrdewsîda hatuwe.

Le naw kurd şêwey ciyawaz debînrêt û beregezî ciyawaz gêranewey bo dekrêt bigre byaniyekanîş helisawn be kokirdinewey dastanî Mem û Zîn le ser zarî xelikyewe kerenge bo serwerî û serberzî xawenî dastaneke neykirdbê ke mîllete belku mexzay ciyawaz xoy heşar dabê le penay gêranewey dastanda. renge babetêkî weku dastan bew hemû gewireyeî xoy ke binyat gelêkî zor heldegrêt le ser zarekyewe newe diway newe bêguman goran beser ryalîstî û taybetmendyekanî dahatuwe, çunke ber le mêjû rûyan dawe berebeyanî mêjuy mîlletanîş be gêranewey dastan beserdemî seretayî mêjuy mîllet hejmar dekrêt, çunke şî'rî dastanî yekem dahênanî mirovekan bû yan xorsk bû le seretay pêşkewtinî mêjuy mirovekan dirusit bû, sîstemî komelga ew ferahemyeî dirusit kird leber ewey tak beşêke le xêzan û eşîret û mîllet, le gel yekitirin le xoşî û naxoşî tak wabestey hemû sîstemêkî komelgaye, dastan le bîru bawer û ruhî xelik dirusit bû. berhemî dastan zor car bo ewe tejî dekrêt le xeyal bo ewey newekanî dahatû be nemiryewe birwane qaremanekan zor carîş palewanekan xwawend û hendê carîş piyawy asayî belam le tiwanada hêzyan le asmanekan wergirtuwe.

Bo meseley nûsînî dastan dîsan ruberuy ray ciyawaz debînewe le serdeme ciyawazekan gorankarî beruxsaru nawerokî dastan da hatuwe sereta dastan be şî'r honirawetewe dr. Zebîhullahî Sefa delêt “corêke leşî'rî wesifî ke le ser wesifkirdinî kirdarî palewanan û pyawetî û şanazî kirdin û gewireyekanî mîlletya takêk binyat

[13] Jûf, Vensan, *Botîqay Roman*, wergêranî: diktor Mohemmed Rehîm Ahmmedî, dezgay aras, çapî yekem, 2012, r. 99.

nirawe beşêweyek tewawî dyarde ciyawazekanî jiyanî emane le xo bigirê”[14], boye zor car delên dastan mêjuwe çunke bas le layenekanî jiyan dekat ke mîlletêk tyaîda guzerî kirduwe layek le xebat û têkoşan nîşan dedat ke beşanazyewe serkewtinekan nîşan bidrêt û şikstekanîş beqederî mîllet dabinrêt, rekoy emaneda dîmenî ew rojaneman pîşan dedat ke rûdawekanî têda ruy dawe. Le dastane konekanda kesayetyekan nîwe xwawend û nîwe mirov yan peryekan beşdarbûn le yarmetî danî palewan le katî tenganeda û herweha narûniyek debînra leamancî dastanda rûdawe lawekyekan peywendiyekî ewtoyan nebû be berûdawe serekyeke, belam lediway şarstanî bûnî mîlletan dastanîş mirovî asayî bûn aşit bûnewe le gel zewî palewanekan asayî bûn teniya ewe nebêt derfetî çakitiryan bo rexsawe le xelikanî tir û kamltirin, rûdawekanîş peywendiyekî tundu tolyan be rûdawe serekyekewe dirusit kirdr.

Eger seyrî rabirduy şaristaniyetî mîlletan bikeyin debînîn hemûyan xawenî komelêk dastanî benawbangî xoyann ke hemû takekanyan serleberî rûdawekan le defî sîneyanda helgirtuwe bew perî şanazyewe basî efisaney xoyan deken weku dastanekanî gelgamêşî somerîyekan, elyazey homîrosî exrîqyekan, enyadey fêrclî romanî, şah name farisî.

Dastan renge teniya nuser beşdar nebêt le nusînewey belku mîllet beşdarî bikat ke le zorbey dastanekan debînîn le folkilorewe wergîrawn nûser xoy naxate ber rexne yan eger rexneşî araste kira arastey tewawî komelga dekrêt. dekrêt bilêyin dastan qesîdeyekî dirêje, babetekeşî palewaniye, gêranewe le barey palewanewe dekrê xeyalî bêt ya rastî emeş rûdawêkî mêjuyî taybete hendê car dastan le gel hîkayetî mîllî têkel dekrêt ewey cyaî dekatewe ke morkî mîllî pêwe diyare leber ewey mîllet xoy danerew çêj wergrew lehaman katda gêrereweye we hîkayetî mîllî basî kêşekanî komelga dekat û xalye le alozyekanî felsefe, semîr merzuqî û cemîl şakr le barey hîkayet û mêjû rayekiyan heye delên”hîkayetî mîllî le xo têxzan û roçûne nêw mêjûyekî aşikira û rûnî rûdawekan xoy deparêzêt û lerabirdûyekî efsunawîda desurêtewe, boye natwanrê mêjuy diyarî bikrêt”[15] tewawî rûdawekan û mêjûyekey lekeş û heway tem û mjawuy berêwedeçêt bê dest nîşan kirdinî kat û şiwên.

---

[14] Hacî, *Binyatî Gêranewe Le Dastanî Mem Û Zînî Ahmedî Xanî Û Romanî Şarî Mosîqa Sipyekanî Bextyar Elî Da*, s. p, 2007, r. l 6.
[15] Hesen, Muhemmed Ferîq, kokirdinewe û twêjînewe, *Memleketî Masî 37 Hîkayetî Folkilorî*, dezgay çap û bilawkirdinewey aras, çapî sêyem, 2010, r.21.

Dastan cêgayekî berzî le naw mîllet heye palewanekeşî paye berize û snurî dastan firawane renge zor Memleket bibrê palewanekanî sereray yarmetî asmanekan

her xoşî kemer şkêne zal bûn beser kêşekan, palewanî dastan zor caran geşit dekat bo rûberû bûnewey neyarekanî çend Memleket debrêt ca tiya deçêt yan degerêtewe bo wilatekey lehatneweşî renge şitekan wek xoyan nemabin yan zemen beser çûbêt netwanê tiwanakanî bekar bênê boye tuşî bê umêdî debêt yan be mergî palewan kotayî pêdêt, boye dastan le hîkayetî mîllî ciyawaztire, çunke le nûsînî dastanda şa’îr beytekan denûsêtewe û eweman pîşan dedat ke rûdawekanî dastan asayî nîn û xelikanî asayî natwann ew karane encam biden, ciyawazyekî tirî nêwan dastan û çîrokî mîllî eweye, yekemyan be şî'r dehonrêtewe û duwemyan be pexşan degêrdrêtewe, şa’îr heldestê be gewirekirdinî karesatekan wa palewan pîşan dedat ke berberekanî jiyan û siruşit dekat lew qederaney ke mirovî asayî mlkeçî bûn.

Eger seyrî dastane benawbangekanî mîlletan bikeyin debînîn be şî'r honrawnetewe, wesifî rûdaw û palewan û tekinîkekanî gêranewe beşêweyekî westayane encam dirawe, redastanî Mem û Zînî Oskar Mannîş em core westaye bedî dekrê le Ruy tekinîkewe sereray bûnî kem kurîş lewesif kirdinî palewan û tiwanakanî ke qenaet be xiwêner bênê ke palewan berbestî radebeder qurisî le berdem bû, boye merexesî waq' bû. bêguman beytekanî dastan mosîqadarn û dastanekanî wilatanî îslamîş eruzîn dastanî her mîlletêk becorêk honirawetewe bepêy bawî serdemî şî'r lekatî nusîneweyda, renaw kurdîşda nusînewey dastan zimanî nusînekey kilasîkye têkele le gel zimanekanî farisî û kurdî û turkî ewey Oskar Mann le zarî xelikyewe koykirdîtewe folkilorye û mosîqadare le ser şêwey birgey dirêj û birgey kuthonirawetewe. zimanî nusînî dastan zimanêkî şî'rye dirusit kiraw niye boye dastan dure le ruhî pexşan, rêre dekrêt bilêyin ke pêş pexşanîş şî'r hebuwe.

Dastan guzarişit le nîgay gişitgîr dekat boye dastan nizîkitire le şî'r, ş'rîş nizîke lefelsefe, keçî pexşan nizîke le mêjû û zanist û ryalîzm. mirov ber lewey bgate qonaxî dirusitkirdinî şite gişityekan, renaXeyda şitî xeyalawî dirusit dekird wata ber lewey qise bikat goranî degut, ke goranî sade zorbey here zorî teniya awaz û lawandinewe buwe.

Dastan bewe le astî xoy dadebezênê ke waz le rûdawe gewirekan bihênê û xoy le bazineyekî biçuk weku basekanî jiyanî mal, bazarî karkirdin, jiyanî taybetî, ... htd bibîntewe, eme karî dastanî neteweyî niye, belku bas kirdin û gewire kirdinî take

beser gişitgîrî boye gişitgîrî yekêke le karekanî dastan, le gel eweşda nabêt rûdawekanî take kesî le dastan da bas nekrêt yan amancyan bxnkêndrêt le naw gişitgîrî da, belku hemû rûdawe biçuk û gewirekan bo mêjuy neteweyek degêrdrêtewe ke dekrê weku babetî komelnasî lêkolînewe le ser barudoxî komelgay ew serdem bikrêt û sûdî lêwergîrêt, “edebî dastanî degerêtewe bo ew dewreyeî ke mirov le jiyanêkî qebîle û girup dejiyan. le dastan da dijayetî le nêwan tak û komelga niye teniya gutinî hestekanî herdû layene hîç dijayetyekî têda nabînrê”[16] boye dekrê bilêyin ke dastan nizîk kirdineweyeke le nêwan gişitgîrî jiyan û exlaq û yasakanî wilat û ayin le gel taybetmendî tak lelayekî tirewe ke pêwîst dekat leber çaw bigîrêt belam ew pabend bûne le diway homîrosewe pişt gwê xra karyan le ser nimayş kirdinî tewawî rûdawekan dekird le sereta ta kotayî, belam homîros le nawerastewe rûdawekanî degêrayewe. her weha le têrwanînî neteweyî berew têrwanînî tak geranewe ew hawsengyeyan neparast lenêwan pîşandanî têrwanîn tak û têrwanînî netewe begişitî.

Milmilanê le dastan da dû çorî heye corî yekemyan milmilanêy mîllî behêz û gewire le nêwanî dû şaristaniyet. corî duwem milmilanê le gel qeder û xwawend ke le bineretda dastan lewewe dirusit buwe ke îradey palewan û amancekanî beramber îradeyî xwawend ke qablî berperç danewe niye. boye ledastan bîrî qeder zale ke rûdawekan lêdexurê belayekda. yekêkî tir le felsefaney ledastan heye ewîş eweye amajey çend carêk bo adet û teqalîdî ew neteweye dedrêt çend patî dekatewe bo eweye ke pêwîste dest be adet û teqalîdî netewe bigîrêt dest berdarî nebin. Zimanîş le Dastan da bas le komelêk kêşe dekat ke behaw sengî berizyan heye nek şitî lawekî û karî rojane, be zimanî şî'rî denusrê ke le serewe amajeman pêda, belam şî'rî goranî niye, şa’îr beşêweyekî romansî guzarst le rûdawekan dekat tenanet kesayetî naw dastan be zimanêk qise deken ke xelikî asayî le karî rojaneyanda bew core qiseyan nekirduwe.

## 1.2. Çemk û Pênasey Şano:

Çemk û zarawey şano yan dirama mêjûyekî dûr û dirêjî heye, eger bgerêynewe bo mêjuy serheldanî, eweman bo derdekewêt ke şano be şî'r honirawetewe be

[16] Şîmsa Sirws, Anwa' Edebî, neşir mîtra, çap poncem, Tehran, 1393, r.193.

zimanêkî beriz honirawetewe nawerokekeşî rexnegirtn lesyaset û komelga bû, her yek le pîremêrdî şa’îr û nazm hsên niwandinyan bekarhênawe lew witaraney ke le rojnamey jiyan beramber be şano. dikitor îsmaîl îbirahîm seîd delêt “ûşey şano wergîrawe le wişey înglîzî-ferensî:seenc, bo yekemîn car lelayen ebdula goranî şa’îr le qesîdey clêwey şanobekarhênirawe”[17] E. R. Hekarî wişey piyes*[18] bekar hênawe ke yekem deqî şanoye be zimanî kurdî kirmanciye. detwanîn bilêyin ke şî'r peywendiyekî tundu tolî le gel Şano da hebuwe wek Ahmmed Salar delêt”eger le goşe nîgay mêjû leşano birwanîn, boman derekewêt, bedirêjayî çiwarde sede, nek her şî'r destemlanêy şano buwe, belku xoy core şanoyek buwe”[19] şî'rî şanoyî guzarişit le xudî xoy nakat, belku le xelikî tir dekat le rêgey karekiterekan, ke wekîlî şa’îrn guzarişit le boçûnekanî şa’îr deken, “şî'rî şanoyî şiwênêkî beriz le nêw regezekanî tirî şî'rda dagîr dekat, reber ewey kamltire yan şî'rêke herdûk cîhanî nihênî û aşikira ko dekatewe, çunke mêjuwe, siruşite, derûne”[20], şî'rî şanoyî le pêşkewtinî komelgaw serbexo bûnî şa’îr le wîst û arezû ew kat şî'rî şano/dramî le dayik bû dekrêt bilêyin le naw rehmî şî'rî dastanî û şî'rî goranî le dayik bû warsî şerî ewane, reşî'rî şanoyî da karîgerî binyatekanî şî'rî dastanî le ser bû tenanet le bwarekanî wesif û gêranewekeşî belam herçî şî'rî dastan le şî'rî şanoyî dirêjtire û le ruy kat û dîmen û wesifî rûdawekan beşêweyekî firawantir lêy dedwê, kesayetî ke deyalog deken Le Dastan Da ewa Le Şano da cewherekeyetî, dirama le ferhengî oxfoodebem manaye dêt:

1- “Dirama beşêwazî nûsîn denûsrêt, bo niwandin bekardêt.
2- Wirujandin, le jiyanî her takêkda diramayeke boxoy.
3- Niwandinêke le ser textey şano nimayş dekrêt, yan diramayekî katye wek radyo, telefzyon kepêy dewtirêt diramay hawçerx”[21]. Ahmmed Salar le pertûkî derwazey diramade delêt “eger serincî dastanekan bideyn boman derdekewê ke çon le sê şitî serekî dedwê lew sêyane xul dexwat ke brîtîn le

[17] Xembar, Kemal, *Ahmd Salar Raeda û Moesesa Llmesreh Alahtfalî Alkirdî Almasr*ehî, altabi’ alpaniye, metbi’a Rojhelat, Arbîl, 2014, r.50.
[18] *E.R.Hekarî bo yekem car le nav kurd da peyv î piyes bikar anî ku li rojnameyê Jîn le jimare 15 bilav kiaywe li 1919 an de
[19]Salar, Ahmmed, *Kursî Û Beha Diramyekan*, Lêkolînewey çame walakanî kursî y Şêrko Bêkes, dezgay çap û pexşî serdem, çapî yekem, Slêmanî, 2009, r.34.
[20] Altaî .Bîda Abdulsahib, *Albiniye Aldramye Fî Ş'r Nizar Alqebanî*, metabi’ dar dhifaf lltab’e û alneşir û altuzî', tabi’ alûle, 2012, r.18.
[21] Xidir, peruyn Abdulle, R*egezekanî Dirama Le Şî'rî Lîrîkî Kurdîda Krmancî Xwarû 1980 Raperîn*, namey master, zankoy koye, kolêjî perwerde, 2006, r.2.

mirov û siruşit û xwawend –kewate emeş layenêkî tir bû bo perwerdekirdinî dirama"[22] her weha hawbeşyekî tirîşî le gel şî'rî goranî da heye ewîş dengî tak le şî'rî goranî hawşane le gel monologî tirajîdya.

"Katê tak azad debêt le yekey komelga û xelik begişitî le ruy baru guzeranyan û şêwazî bîrkirdinewe û hestekan û dahatûyan, katêk mirov dabeşî hest û wîst debinşor walarade ewa şî'rî goranî û dirama le cêgay şî'rî dastanî degene qonaxî riskan"[23] weku pêşitir gutman ke şî'rî dastanî berhemî komelgaye leyekitir cya nabinewe belam şî'rî şanoyî berhemî qonaxî pêgeyşituy komelgaye.

Oil dîwrant delêt "kobûnewey felsefew şî'r û hênanî rûdawekan û beşdarbûnî mosîqa û goranî û sema, bûne hoy peydabûnî şanoy yonaniye konekan le mêjuy edebda"[24] Ahmmed Salar pêy waye şî'r mosîqaw goraniye ke felsefe dest pêdekat şî'r dekate zimanî şî'r dena le seretada hest û helwêst û bîrkirdineweye, boyeşe pêy waye erkî şî'r zore û peyamî serdemî xoyetî ke detwanin dahênanî berdewamî têda biken, belam rayekî ciyawaz heye pêy waye "hunerî gêranewe xesletêkî taybet be hunerî pexşane, çunke deqe dramyekan le sereta da beşî'r denûsran hîkayetxiwanyan têda nebuwe wek le çîrok û roman hebuwe"[25] leber ewey şanokan sereta beşî'r denusran şa'îran ew pîşeyan encam deda hîkayetxiwan em karey nedekird leber eweye nakirêt serbûrde û çîroke konekan bideyne pal şa'îr û şanokan.

Kelturî yonanî û exrîqyekan yekemînî ewane bûn ke hunerî şanoyan dîtewe hendêkîş lew baweren ke mîsrye konekan yekemînekan bûn. şano ta şanoyekî tir ciyawazî heye, heyane le deq ya deyalogewe pêk hatuwe, heşyane berêgay karekiterekanyan beşêwey bêdeng pantomîme, heşyane beşêwey goraniye alxnaî. şano çendîn şêwey heye yekem: naxoşî û derdeserî tirajîdya ke çîrokeke le ser kesêke ke şkstî hênawe le jiyanî sozdarî yan kesyetî û kotayekeşî be naxoşî kotayî dêt, şêwey duwem mesrehiye alcade le ewey yekem dekat le xeminakî belam be dilxoşî hemû layek kotayî pêdêt. şêwey sêyem mîlodiramahendêk karekiterî şerangêz xedr le feqîr û bê deselat deken kêşe û milmilanê le nêwan xêr û şere diwatir berey xêr

---

[22] Salar, *Derwazey Dirama*, çapxaney çiwar çira, çapî duwem, Hewlêr, 2007, r.48.

[23] Yehîye, Muhemmed Hamid Muhemmed, *Al'enasir Aldramye Fî Alserdyat Ibirahîm İshaq*, risale diktora, cami'e alsudan, kuliye almusîq waldirama, 2015, r.12.

[24] Salar, s. p, *Derwazey Dirama*, r.51.

[25] Yaqub, Alî Osman, Şano Û Hunerî Gêranewe, govarî şano, j: 21, salî çiwarem, çapxaney karo, 2011, r.32.

serdekewêt. şêwey çiwarem komîdî eme xoşewîstirîn şêwe şanoye lay xoêner û bîner çunke be reftaru guftarekanyan.

Xende dexene ser lêwî bîneru xiwêneran. babetekanî şano le seretada le çiwar çêwey ayinda bû kesanî ast beriz ekiterbûn frank guaync delêt "şano lay yonaniyekan le çiwar çêwe û zadey barudoxe ayineke dabû, kesanî payeberzî komelayetî û ayinî û roşinbîrî şanokar bûn, belam lay romaniyekan mebest û şêweyekî dî hebû, bo xoşî û rabwardn û taybet bû bo çînekan serewey deselat"[26], boye çendîn yasa bo şano nûsan dadenran ke nabêt şano guzarişit le tak bikat mesele kesyekan têkel be şano bikat Muhemimed xnîmî hilal delêt "nabêt nuserî şî'rî dramî bediway hestî xudiyetî xoy bkewê, rave xudiyekanî xoy bo medh û amojgarî rastewxo bikat, eger wabû cewherî tekinîkî dramî ledest dedat, debête komele hîkayetêkî goranî"[27] ta hatnî rêbazî niwê û gorankarî beser ruxsar û nawerokî şî'r hêna arastey ciya ciyaî wergirtuwe ke zor nuseran.

Le deqe nusrawekanî şano ray ciyawazî le sere ke ta îstaş le naw kurda bo nimayş kirdin deqe şano konekan be kar dênn çunke wek bêrgman pêy waye ke "deqe kilasîkyekan babetî dewlemend û nemiryan têdaye û ziyatir leşanogerîye hawçerxekan, guzarişit le kêşekan û girfitekanî mirovî hawçerx deken"[28] şêwazî kon û niwêye şano ciyawazî yekcar zoryan heye pojînyo barba yekêke le qutabî hawkarekanî grotofskî şorşêkî niwêye Le Şano da dest pêkird nawî na şanoy sêyem ke "kêşe komelayetyekan bo xistneruy girfte komelayetyekan nebû, belku geranewe bû bo komelnasî, jiyanî tak cêgay bayex bû"[29] ew şorişaney ke dekiran Le Şano da bo ewe bû şano le gel girfite komelayetyekan yekangîr bêt, resedekanî nawerast sirutî ayinî yad kirdinewey hezretî mesîh nimayşî şanoyî dekra, her bûnî şanoş le sereta bo sirute ayiniyekan degerêtewe bûnî komîdyaş nîşandanî layekî jiyanî mirovekane wêney tiwanay mirov pîşan dedat û serkewtinî beser xem û naxoşyekan û siruşit sereray le jîngeyekî ayinî bû ayin le şano da cige le guzarişitêkî hunerî dernaçêt,

---

[26] Simo, Ibirahîm Ahmmed, *Şanoy Kurdî Le Nêwan Deqî Xomalî Û Byanîda*, çapxaney tîşk, Slêmanî, 2007, r.18.
[27] celawcî .Izaldîn, *Biniye Almesrehiye Alş'rye Fî Aladeb Almxaribî Almasir*, risale macstir, 2009-2008, r.13.
[28] caf .fazil, *Şanoy Hawçerxî Suyd, Çend Bîru Boçûnêkî Rexne Amêz*, w:dilêr mîrza, çapxaney elend, çapî yekem, 1999, r.28.
[29] Camî, Nîhad, *Piley Sifrî Şano*, çapxaney Rojhelat, r.e blawkirawekanî vîstîvalî şanoy nêw dewletî, berêweberayetî hunerî şano, Hewlêr, 2012, r.50.

Hogo delêt “edeb dahênerî jiyane, jiyan birîtiye le giryan û pêkenîn boye tirajîdya û komîdya têkel kiran”[30], şano hunerêkî pêşkewtuwe qbulî berbest û kot nakat, reheman katîşda nakirêt cewherekey ret bikrêtewe be mebestî pêşkewtin, paşan gora bo şanoy mîllî, hemû emane gorankarî bûn ew şorşaney le seretada dekiran geranewe bû bo sirutî mîllî le şanokanda ke deyanuyst le rêgey em sirute mlyanewe şano azad biken, geyşitine ew biriwayeî ke syaset bo ewan hîç şitêkî pê niye mebestî here serekîşyan ewe bû xewnî tak nekujrê lelayen komelewe.

Eger le lêkolînewe le şanoy kurdî Ebdulrehîm Rehmî Hekarî bikeyin mebestî nuserî şanoyman bo derdekewêt be aşikira çend têrwanînêkî le pişteweye deyewê le pişt şanonamekeyda dastanêkî gewirey kurdî beregezêkî tir pîşan bidat tekanêk bidat bew dastane beşêwey şano deyewê hendêk çewtî rast bikate ke beser mêjû û jiyanî kurd hênirawe çunke jiyan xoy niwandine nek kit û mit jiyan, hewlî dawe jiyanî takî kurd nîşan bidat behuşyaryewe emey kirduwe diway ewey bîrî netewayetî û azadîxwazî le naw kurda perey send edebî kurdîş ruy le deqêkî niwê kird ewîş şano bû, ke nîşitîman perwerekan pyawanî nasyonalîzm dewreyan dabû betaybet diway heres hênanî dewletî Osmanî le rêgey nuseranî ême ke le turkiya bûn em edebe be ême geyşit betaybetî Ebdulrehîm û pîremêrdr... htd Ahmmed îsmaîl îsmaîl delêt “xo bujandinewew neşunimay şano pabendî xogirtn û geşekirdinî dîmukratyet bû”[31].

Le gel pîşveçûnî regezekanî tirî edeb şano le zorbey regezekanî tir ziyatir ber şepolî niwê bûnewe kewt, pîter bruk le barey peywendî şano be jiyanî xelikewe delêt “beboçûnî xom şano beher şêweyek le şêwekan natwanrêt le jiyan dabibrêt, belku beşêke le jiyan, reber ewey lerêgay şanowe fêr debîn ke çon bjîn û reftar bikeyin”[32], Martn Elsin le barey pênasey Şano da delêt “şano dirusit dekrêt le pexşan û şî'r amade dekrêt bo nimayş kirdinî le ser şano, çîrokeke be diyalog û kirdaralf'l dekrêt, paşan nimayş dekrêt le rêgay cule û cl û berg û bîneran, wek ewey le jiyanî waqî'î heye, le Şano da pêwîstye cewheryekanî mirovayetî debînrêt”[33], reserewe basî eweman kird ke sereta şano beşî'r denusra belam behatnî rêbazî ryalîstî îdî şî'rî şanoyş ber ew

---

[30] Husên, Tahîr Bekir, *Tuxmekanî Dirama Le Şanogeriyakanî Amînî Mîrza Kerîm*, nameî master, zankoî, Slêmanî, 2011, r.2.

[31] Simo, *s. p*, r.49.

[32] Xembar, *s. p*, r.50.

[33] Xembar, *s. p*, r.27.

Şepole kewt ke şî'r natwanê lew mlmlane çînayetyew zoranbazye ke le komelgay şarstanî rûyanda berge bigirê boye pexşan zal bû xelikîş piştgîryan lêkirdin ke zimanî pexşan bo şano pesndtire ziyatir serinc rakêşitire û hestyan bo deçêt le qalbe kilasîkyeke werz bûn wek çon gorankarî beser kêş û serwa dahat le şî'r xelik hezyan bepexşan ziyatir bû.

Detwanîn bilêyin kontirîn deqî edebî deqî şanoye kewate şarezabûn le mêjû û rabirduy deq ewa şarezabûne le mêjuy şanogerîda, kewabê dastanekan weku binçîneyek bo deqî edebî şanoyî dabinêyn. E. R. Hekarî pyawêkî şa'îr û nuserêkî qelem perşî bwarekanî edeb buwe guman lewe niye ke mêjuy şanoy byaniyekanî xwêndotewe behukmî ewey le serdemî ew babetî nuseranî ewrupa werdegêrdrane ser zimanî turkî ewîş zimanî turkî erebî û kurdî zor çak dezanî ezmûnî nuseranî şanoy cîhanî wergirtbû boyeşe dastanî Mamê Alanî beşêwey şanoyî nusyewe letiwanaşî da hebû ke beşêwey qalibî şî'rî şanokey binusîtewe ke xoy şa'îrêkî be ezmûnî şî'rî bû le rojnamekanî jînî bilaw dekirdewe lesalî 1919 da. nizîkitirîn şiwên le ewrupa turkiya bû beberawird le gel wilatanî îqlîmî eme buwe hoye ke turkiya le wilatanî tirî nawçekeda têkelawî ewrpa bin û karîgerî em janre niwêyeî diramayan lê derbkewê [34] dr. Ferhad Pîrbal 3 qonax bo şanoy kurdî diyarî dekat:

"qonaxî yekem: qonaxî şanoy mîllyekanman wekmîrmîrîn, paşa paşayetî, diyarî û geme mîllyekan wek buke bebarane û şwan û gurg.

qonaxî duwem: le bilaw kirdinewey yekem têkstî şanoy nûsraw dest pê dekat le salî 1919 le estembul le layen ebdulrehîm rehmî hekariyewe ta degate salî 1957.

Qonaxî sêyem:bo yekemîncar le mêjû komeley hunere ciwanekan... le slêmanî, hewlêr, helebce dademezrên"[35]

---

[34] Husên, *s. p*, r.7

[35] Ahmmed, s. p, r.34

### 1.3. Gêranewe Le Dastan û Şano da:

### 1.3.1. Gêranewe Le Ruy Tiyoryewe:

### 1.3.1.1. Gêranewe Le Dastan Da:

Dastan hîkayetêkî palewaniye hewalî culey komel û culey xelik û eşîret û zor car gêranewe lew rûdawane dekat ke le seretay mêjuy mîllet rûyandawe. “gêranewe dirêjî kat û bê snurî şiwên Le Dastan Da asayî dekaw, cige leweş bwarî baskirdinî karî namaqul û nekirdinî û leradebeder xoş dekat. her weha rêgey têkel kirdinî çend beser hatêkîş ledastanêkda asayî deka”[36] lepal rûdawe serekyeke ke palewan rolî serekî tyada debînî rûdawî tirîş detwanrê hebêt le şiwênêkî tir emeş bo dû ho degerêtewe yekemyan: bo pîşandanî tewawî jiyanî xelik lew serdemeda û duwemyan: bo firawanî ew regeze edebiye ke dastane.

Gêranewe Le Dastan Da gêrerewe yan dastan nûs destêkî balay heye le nusînewey da ke bew core gêrerewane delên hemû şit zan kewate hewalekeman le xudî gêrerewe pê degat Ebdulla îbirahîm le pertukî binyatî tekinîkî gêranewe le serî êraqda delêt “gêrerewey hemû şit zan lem şêwazey gêraneweyeda giringî belayenêk le layenekanî kesayetyeke deda, weku demamkî dastan nûs derdekewêt, wate rûnakyekan dexate ser bayexe diyarîkirawekan lelayen kesayetyewe”[37] boye gêranewe Le Dastan Da zor tîşk dexate ser kesayetî palewan bo ewey ziyatir derbikewêt weku remzî netewe ya payeî beriz bikatewe. “dastan gêraneweyekî şî'rye, ke çîrokêk le henawîda xoy heşardawe xawen gwitarêkî balaye, eger çî xawenî nadiyare, belam reg û rîşey her peywendî be mêjuy seretay mirovayetiye”[38] ew dastaney ke gêranewey bo dekrêt le mêjûyekî konî mîlletêkî diyarî kiraw şêwey rabirduy bo bekar dêt Muhemimed riyadh witar le barey gêranewey mêjuy rabirdû delêt “gêranewey mêjuyî bewe cyadekrêtewe, ke şêwey rabirduy beserî da zale û gêranewey rûdawekan şitêke le rabirdû rûyandawe”[39] gêrerewe dêt dubare gêranewey'ade alserdî bo babetêkî mêjuyî dekat Cenat Belxin delêt “dubare

---

[36] Rojbeyanî, *s. p*, r.224.

[37] Xidir, Rêzan Rehman, *Tekinîkî Gêranewe Le Romanekanî Ebdulla Serac Da*, çapxaney Rojhelat, çapî yekem, Hewlêr, 2012, r.64.

[38] Muhemmed, Hêmin Casim, *Hunerekanî Gêranewe Le Romanekanî Xusrew Caf Da*, namey master, zankoy Selaheddîn, kolêjî zimam, 2015, r.43.

[39] Şêxanî, Cewher Muhemmed Mewlud, *Binyatî Karekter Le Romanekanî Hsên Erif Da*, namey master, zankoy Selaheddîn, kolêjî ziman, 2013, r.85.

gêranewe geranewey rûdawî rabirdû le qalbêkî niwêye gêraneweye”[40] wata rûdaweke dubare altikrardekrêt lêreda dubare gêranewew mêjû têgeyşitinêkin snurekanyan deçête naw yek ciya nakirêtewe be asanî dekrêt bilêyin dubare gêranewe binyatêkî cewherî mêjuwe.”ciyawazî nêwan mêjûnûs û şa’îr lewe daniye ke yekêkyan be pexşan denûsî ewey tir beşî'r, reber eweye ke şî'r lefelsefe bextyar tire û le mêjû nûsîş bilindtir, reber ewey şî'r gişit beser dekatewe, belam mêjû kemayetî”[41], nawdartirîn corî gêranewe eweye ta kotayî dastaneke le gêranewe berdewam bêt, gêrerewe hewalî xeber rûdawekanman pê radegeynî mehemed qazî weha pênasey xeberman bo dekat delêt “çîrokêke morkî ya rengî mêjuyî helgirtuwe.”[42]

Le gêranewey dastanda dekrêt mîtolojya bekarbibirdrêt ke mîllet le ser em bîru bawereye yan le çerxêkda le ser em bîru bawere buwe le dastan reng bidatewe, çunke dwacar em edebe helqulawî netewew mîllete, şato bryand delêt “komel debê edebêk bixatewe ke le gel bîru baweru rêbazî bîrkirdinewey xoyda bguncê”[43] ledastanî Mem û Zînda efisanenasî ayinî îslamî pêwe diyare ke xelik pêwey pabendin weku niwêj kirdinî palewan û paranewe le xuda û hana birdn bo pêxemberî îslam. dastan be şî'r denusrêt leber ewey şêwazekey cyaye le regeze kanî tir, bêguman şî'rîş komelêk yasa û rêsay heye bo ewey bitwanî dastanî pê binusyewe, kêşekan qalbêkî diyarî kirawyan niye ke teniya debê bem şêweye binusrêtewe teniya ewe nebêt pêwîste asan bêt le Ruy rîz kirdin û ezber kirdin û musîqay şî'rî û renge hendêk dêr dirêj bêt hendêkîş kurt, belam corî hatne ser deme bepêy risteke giringtirîn şit le Ruy rîz kirdin guncan hebêt le ristekan û awazêkî xoş bibexşêt lekatî xwêndinewe.

Zorî dêre şî'ryekanî dastan ke renge çend hezar dêrêk bin bo eweye rûdaw û kesayetî û bas kirdinî mêjuy netewe ewe heldegrêt be taqet û hewseley gewirewe bas bikrêt lelayen şa’îrewe, dena nakamlî le nusînewey dastanekeda bedyar dekewêt. bas kirdinî mêjû giwastineweyan bo naw dastan ewe niye ke şa’îr karî mêjû nûs bikat le dastan da, belam mêjuy mîlletêk denusêtewe be zimanî dayik beşî'r ledastanêkda ke bew asaniye niye hemû takêk bitwanî dastanî neteweyî xoy bxwênêtewe meger xudî

[40] Cenat Belxin, *Alserd Altarîxî 'Inde Bul Rîkur*, minşurat ilaxtlaf, tabi’ alûle, 2013, r.57.
[41] Salar, *Huner Û Jiyan*, dezgay çap û pexşî serdem, çapî yekem, Slêmanî, 2005, r.118.
[42] Alamrî, Meyade Abdalkirîm, *Albiniye Alserdye Kitab Alaxanî Liabî Alferc Alasbehanî*, risale macstîr, cami’e dhîqar, kuliye altrbiye, 2011, r.17.
[43] Roj beyanî, *s. p*, r.226.

şa’îr şêwazêkî sade bekar bihênê ke beasanî hersî rûdawekan bikrêt. her boyeşe rîkor dijî rutkirdinewey gêraneweye le zemen ew kirdeye dûbare dekatewe ke mêjû kirdî eweş raste ke delên gêranewey jiyan le deqêkî edebî dubare kirdinewey fotografî jiyane, belam gêranewe dahênanî têda dekrêt, gêranewe le deqî edebîda rêgeyeke bo aşikira kirdinî entolojyaî peywendyekanman le gel bûn û gerdûn, şî'rî niwêye serdem bewe giringî derdexrê eger sîmakanî gêranewey têda bêt bew hoyewe şî'r wezîfey amaje pêdan dilalî û ciwanî depêkê, şî'rî niwêş bewe le şî'rî kon serkewtû tirin ke helgrî dengî xoyan nebin, belku dengî mirovayetî bin be nîgay dûrî mêjuyî û karîzmayî tekinîkyan tejî biken, bemeş le dengî xoyan derdeçin debine deng û rengî komelga, gêranewe xiwêner yan gwêgr le cîhanî asayî xoy dehênête der deybate cîhanî wêne, ulfet, hez, xewn... htd boye eger dîqet bideyne nusînekanî Rîkor derdekewêt xiwêner û bînerî beselîqe başitir rûberuy jiyan debêtewe mirov le qalb dedat beberçaw rûntir nîgay rojgar deken debine xawen ezmûn, hemû mebestî şa’îr debêt ewe bêt ke peyamêk binêrêt nabêt berbest dirusit bikat û alozî bikat, eger wabikat amacekeşî napêkêt elî bu melhem delêt “xiwêner çêj le beserhateke nabînêt.”[44] .

Eme ewe nageynêt le gêranewey dastanda şa’îr hunerî gêranewey behêz nebêt wata binyadekanî gêranewey reçawî beyek pestnewey rûdawekan nekat û culandinewey kesayetyekan le xizmet rûdawe gewireke nebêt bew watayeî kebasî rûdawe lawekyeke ciyabêt yan xoy be gêranewey şitî lawekî xerîk bikat amance gewireke leyad bikat, nçunke gêranewey dastan teniya bo xoşî niye weku hendêk regez belku pîşandanî mêjuy neteweyeke boye beselîqew be wirdî debêt gêranewey bo bikrêt. Todorof bas le dû cor gêranewe dekat “gêraneweyek ke teniya şayete, rûdawekanman bo degêrêtewe û basî kesekan dekat, gêranewey duwem gêrerewe lepişt kesekan xoy heşar dawe, rûdawekan leber çawman dên û deçn, kesayetyekan bezimanî xoyan qise deken”[45] Todorof weku kilasîkyekan gêrerewe dekat be dû beşewe. belam “gêranewey babetî beserbexoyî gêrerewe cya dekrêtewe le helwêst û

---

[44] Hacî, *binyatî gêranewe le dastanî Mem û Zînî Ahmmedî Xanî û romanî şarî mosîqare sipyekan y Bextyar Elî da, Hewlêr,* s. p, r.34.

[45] Al'id, Yumne, *Teqeniyat Alserd Alriwaî Fî Widhu Alminhec Albinîyewî,* dar alfarabî, tabi’ 3, beîrut –Lubnan, 2010, r.256.

rûdawe gêrdirawekan”[46] lem coreda nûser wesifî wird û drşitî basekan dekat, belam beşdarî nakat xoy kesêkî namoye le rûdawekanî dastanda. çîrok amêzekan serdemî niwê peyrew dekrêt kenûser xulqênere belam bzre delêt “nuser dekrêt le le deqeçîrok amêzekeyda, wek xiwa le cîhanda, rehemû şiwênêk bêt, belam lehîç şiwênêk nebê”[47] ew gêrerewaney bzrn ewan gêrerewey babetîn begişitî “gêrerewey nadiyar xawenî sîfetî babetyane hewlî ewe dedat rengderewey karu rûdawekan bêt, ke karekiterekan encamî deden, nek gêrerewe dirusitî kirdbêt”[48] gêrerewe zor car le gêranewey dastan û hikayetekan da lebas kirdinî xudî be dûr nîn yan her nebêt ew dêrane dehonewe ke zadey bas kirdinî xudn yan kemêk durn le babetî rûdaweke boye hewl deden le pişt berhemekanyan xoyan bşarnewe emeş betaybetî le honînewey şî'r rûdedat, detwanîn bilêyin xo sepandinêk bedî dekrêt renge le janrekanî tir cige le şî'r kemtir bedî bikrêt. şa’îr le bas kirdinî rûdawekan le şî'rî dastanîda be helçûnewe degêrêtewe raste rûdawekan le mêjûda rûyan dawe belam têaxnî xeyal ryalstî dastanekey wnkirduwe emeş şa’îr erkî gêrerewe debînêt le ruwangey xoyewe derwanête rûdawekan nek ewey ke ruy dawe renge şa’îr palewan ewende pak û bêgerd nîşan bidat waş nebêt le resenda.

Şa’îran ke dastanî mîlletan degêrinewe bêguman kltur û ferhengekeşî degwaznewe renge nusînewey dastan beser kesêk danebrêt ke dastan denusêtewe yan gêrabîtewe, belku mîllet xaweniyetî renge gêrerewe her bzrbêt ke zorbey şî're dastaniyekanî mîlletanîş awan diwatir her şa’îrêk le rwangey xoyewe derwanête dastanî mîlletekey belayenêkî karîger debêt deyxate qalbêkî şî'rî wek Mem û Zînî Ahmmedî xanî. leşî'rî dastanî folkilorî da şa’îr dur dekewêtewe le hestekanî xoy belku gewireyî karesateke be dyar dexat em core dastane xo kirdin wata şa’îr dirusitî nekirdûn, belku rûyan dawe le rabirdûyekî zû ke şeqlêkî mêjuy ew mîlletekey derkirduwe corî rûdawekan û milmilanêy palewanekan le gel jiyan taybetmendî serdemî ew mîlleteke derdexat emeş ewe nageynê ke şî'rî dastanî folkilorî xalye le hest çunke yekêk le xale cewheryekanî şî'r heste, belam basî xudî xoy nakat.

[46] Muftî, Perî salih hemîd, *Gêranewe Le Çîrokekanî Ahmed Muhemmed Îsmaîl,* Lêkolînewey rexneyî şîkarî, namey diktora, zankoy selahedîn, kolîjî ziman, 2011, r.18.
[47] Ye’qubî, Abdalxaliq, *Dengî Blurînî Deq,* rexnew lêkolînewe, çapxaney Raz, 2005, r.80.
[48] Mufti, *s. p*, r.16.

Lêreda debêt eweman bo rûn bêt ke renge core dastanêk hebin dirusitkirawu bin şa’îr dirusitî kirdibin ke kesanêk dekate palewanî em cîhane ke teniya lay ew dastaneke bûnî heye le resenda hîç serçaweyekî mêjuyî û folkilorî berçaw nakewêt, elaedîn sucadî delêt “kurd le çîrok û efisaney konda zor dewlemende, belam konekirawetewe û nenusrawe her şitêk hebuwe her demaw dem gêrdirawetewe”[49], herweha Le Dastan Da pîşandanî palewanî serekî beşêweyek le gel rastî rûdaweke bguncê û herweha peyrewî gêranewey seretaw nawerast û kotayî bikat, walas martn delêt gêranewe “bediway yek dahatnî rûdawekane”[50] belam kotayekî rûn bebê tem û mjî yan kemtirîn tem û mjî, rabof delêt “eger wa debinêyn gêranewe pêkdêt le komelêk wilam bo pirsyarî diyarî kiraw, kewate daşkan yaxud encam ew tuxmanen ke wilamî ew pirsyarane dedenewe çî ruyda le kotayî?!”[51] eger dastan kotay hat em kotayî hatneş dur bêt le xudî rûdawekanî nawerokî dastaneke ewa kotayekî lawaz debêt behay hunerî kem dekatewe.

Le peywendî gêranewey dastan be mêjuwewe peywendiyekî yekcar behêzyan heye, çunke dastan xoy rûdawêkî mêjuye “her çende peywendî mêjû û gêranewe behêz bêt, eme ewe nageynê ke mêjû gêraneweye yan gêranewe mêjuwe, her çend peywendiyan tund û tol bêt nabête hoy ewe peywendî nasnamew yekangîryan betewawî yeksan bêt, belku peywendyeke çûne naw yek û gorînewey babetye”[52] ledêr zemanewe mirov peywest buwe be gêranewe, ke cedelî le gel siruşit û pirsyar le bûn... htd, wa dekat gêranewe fezayek bêt bo pirsyare gerimekan û rûdawe mêjûyekan, ebdulmelîk murtaz delêt “her edebêk be bê gêranewe edebêkî natewawe leher zemanêk le zemanekan dabêt”[53] gêrerewe zorî dekewête esto le katî gêranewey beserhat Le Dastan Da pêwîst bewe dekat beagayewe mamele bikat, boye şa’îrî dastan nûs xoy gêrereweye basî beşdarî xoy nakat le dirusit kirdinî rûdawekan û kesayetyekan.

---

49 Muhemmed, *Hunerekanî Gêranewe Le Romanekanî Xusrew Caf Da*, s. p, r.30.

50 Alqadhî, Ebdulmun’im Zekeriya, *Albiniye Alserdye Fî Alriwaye*, metbi’a ’eîn llidirasat û albhuth Alinsaniye û alictimaîe, altabi’ alûle, 2009, r.27.

51 Mistefa, Rêzan Osman, *Binyatî Corekanî Rûdaw Le Romanî Kurdî Başurî Kurdstan Da 1985-1990*, *Hewlêr*, 2010, r.32.

52 Cenat Belxin, *s. p*, r.79.

53 Alamrî, *s. p*, r.18.

Boyeşe ciyawazî le nêwan şî'rî dastanî û şî'rî goranî leweye ke şa'îr le şî'rî dastanî gêrereweye xoy nayete meydan belku meydaneke bo rûdawekan û kesayetyekan be cêdehêlê kemtir derdekewê, belam şa'îr le şî'rî goranî da xoy siwarî meydane eweta Oskar Mann le zarî xelikewe ş'rekanî wergirtuwe ke şî'rekanî folkilorîn xoy nakat be sahêbî gêraneweke dêt hemû xelik beşdarî pêdekat le pirosey gêranewey dastanî Mem û Zîn da Bîrnşitayn pêy waye ke debê komel beşdar bêt le gêraneweda "şêwekanî gêranewe pêwîstî bekerestey komel heye bo ewey kamil bêt"[54] lehîc dastanêkî mîlletan niye ke ziyaderoyî yan dirêj dadrî yan pyaheldanî ziyadî têda nebêt belam gêrerewe heye kemtir hest û sozî xoy têda kirduwe yan rastgo buwe le gel xudî babetî dastaneke, rastgoyî gêrerewe bewane degutirêt ke "ta çend rastgoye le gêranewey rûdawekan, çon komênt û hukmekan pêşkeş dekat"[55] eger xiwêner hestî kird ke beemanetewe wêne xeyalyekan wesif dekrêt ewa şa'îrî gêrerewe sîqedar debêt, bepêçewaneşewe xiwêner şikî lê dirusit dekat. gêrerewe begişitî le ser dû şitî bineretî gêranewe dekat:

1- "çîrokêk, ke rûdawî diyarî kirawî le xo girtuwe.
2- rêgayek diyarî dekat, ke çîrokeke degêrêtewe, emeş pêy delên gêranewe, boye dekrê çîrokêk be çend rêgayek bgêrdrêtewe"[56]

### 1.3.1.2. Gêranewe Le Şano Da:

Nakirêt şik le bûnî gêranewe bikeyin le şano da, reber ewey şano dubare rûdawekan le şêwey hîkayet degêrêtewe. Tzfîtan Todorof pêy waye ke sê şitî bineretî le gêranewe bête dî ewîş gêrerewe, gêrdirawe, ewey boy degêrdrêtewe[57] eme sereray ewey ke her yekeyan pêwîstî bewîtir heye. gêrerewe deqe çîrok amêzekan dirusit dekat, deqêkî çîrok amêz nabînrêtewe bebê gêrerewe ew girngyeş le gêranewey rûdawekan û pêşkeş kirdinî kesayetî û wêne kêşanî wêney çiwarçêwey kat û şiwên ke rûdawekan bedyar dekewin û dexayenê dîsan gêrerewe hemû ew şitaney rûyandawe pêşkeş dekat be zarekî yan be nûsîn. teha wadî le kitêbî derwazeyek bo

---

[54] Belxin, *s. p*, r.58.
[55] Alqadhî, *s. p*, r.161.
[56] Lihmedanî, Hemîd, *Biniye Alnes Alserdî Fî Almendhur Alneqid Aladbî*, metabei' almerkez altheqafî alArebî llitabi' alneşir û altuzî', tabi' alûle, 1991, r.45.
[57] Alamrî, s. p, r.119.

lêkolînewe le hunerî edebî û zimanî delê gêranewe zaraweyekî edebiye mebest lêy, rêgayeke nuser wesif ya wêney rûdawekan hemû yan brêk lêy bas dekat û layek le kat û şiwên pîşan dedat, ke le gelî desurên yan sîmakanî derewew nawewey karekiterekan pîşan dedat[58] her weha Le Şano da basî reftarekanî mirov dekat boye xalî niye le gêranewe beşêk le rûdawekan rûyan dawe ber lewey şano dest pê bikat. “dirama pêwîste dest be êsta pêbikat û amaje berabirdû bidat le çiwar çêwey êsta da, reber ewey dirama yan le haletêkî nalebardaye yan başitirîn halet daye, boye şano her şitêkî bekewête paş û pêşî em halete feramoş dekrêt”[59] amaje be rûdawekan dekrêt le katî diyalogî karekiterekan ke nimayş dekrêt êstaîî bêt.

Şano kar le ser haletî êsta dekat nagerêtewe haletekanî helwêstî ber le êsta û helwêstekanî dahatû, çunke şano bas lew bare dekat êsta deguzerê, eger bo nûser rûn buyewe ke haleteke qeyran yan nalebarî dirusit nakat pêwîste feramoşî bikat her boye merice le şano nalebarî hebêt. ew rûdawaney rû deden meric niye leyek şiwên bêt hemû kat, belku çend şiwênêk heldebjêrêt bo her rûdawêk ke le êsta rû dedat, bînînî rûdaweke, ke rû dedat diway êsta debête êsta, rew haleteda hest be gêranewe dekrêt, kewate rûdawekan le kat û şiwên da bediway yekda dên leber eweye rûdaw heye ruy dawe hendêkîş rû deden û hendêkîşyan çawerêy rûdaniyan dekeyn. lêreda xiwêner debê xoy dîmenekan û rûdawekanî seretaw kotayî rêk bikat le mêşkî da bemeş xiwêner hest be gêranewey dîmenî rûdawekan dekat le zeynîda û her weha her yekew be wîstî xoy şirove bo rûdawekan dekat ke tak mecalî ewey pêdirawe bîrbikatewe û hamuşoy rûdawekan le mêşkî bikat. lêkolerekan bo diyarî kirdinî nasnamey kesî gêrerewe pişt debestn be xiwêner, reber ewey her xiwênere le katî xwêndineweda wêneyekî la dirusit debêt bo serçawey hewal zanîn ewîş be 3 serçawe dest dekewêt:

- “lelayen gêrerewe.
- lelayen karekiterekan ke le naw çîrokekewen.
- xiwêner ew hewAlan ey, ke le rêgay reftarî karekiterekan destî dekewêt.”[60]

gêrerewe nawî ryalstî şiwênekan bekar dehênê ke rûdawekey lêwe ruy dawe yan lew şiwênewe cule berûdawekan kirawe ke berastî le ser zewî hebêt mebestî

---

[58] Alşîyab Sedam 'elawî Slîman, *Binau Alserdî Û Aldramî Fî Alş'r Memduh 'Dwanî*, risale macstir, cami’e mone, 2007, r.13.
[59] Ruşdî, Reşad, *Fen Alkitabe Almesrehiye*, alheye almisiriye al’ame likitab, 1998, r.43.
[60] Lihmedanî, *s. p*, r.51.

gêrerewe/nuser bo eweye xiwêner bawer begêranewekey bikat û rûdawekan berast werbigirêt, le pirosey gêranewey deqda gêrerewe/nuser beşêweyekî hêmin betekinîkî coraw cor deçête naw rûdaweke ewa xiwênerî şanoyî lewe derbazyan debêt bas le rabirdû bikrêt ke palewanî rûdaw çon jiyanî beser birduwe yaxud çon perwerde kirawe. reg û rîşey dirama degerêtewe bo ew ahenge sirute ayinyaney ke salane bo xuday dîwnîsîwsdekra, ke ew ahengeş le şêwey şanogeryek dekra culey têdabû her weha deng û pirsyar û wlamî têdabû ke niza bo xudawend dekra em nimayşe şanoye be yek kes nedekra belku komelêk bûn, yekêk le giringtirîn şitekan bû ke şanoy lêwe dirusit bû ke gelay dar dewera yan zstan dadehat eme nîşaney xembarî ledestdanî xwawend bû belam werzî behar û gul bişkuyn nîşaney ledayik bûnî xwawend bû goranî têda degutira û aheng degêrdra, her boyeş lem dû werze merasîmyan encam deda ke rûdawî naxoşî têdabû hemîş xoş. belam tirajîdya wek deqêkî edebî mebestmane binyatekan û serincekanî degerêtewe bo dastanekanî homîros wek Ahmmed Osman delêt esxîlos gutûyetî “tirajîdyekanî min afretêkin le xiwanekanî homîrosî mezin”[61] mebestî esxîlos eweye hunerî şano le homîrosewe fêr buwe.

Caran şano beşî'r denusra yan beşêk le şano namekeda şî'r heye cya lew deyalogey ke şanoy le ser binyat nirawe zur carîş pirsyar û wilamekanî ewîş her beşî'r dehonrêtewe. Le Şano da nuser/şa’îr nakirêt be diway hestî xoy bikewêt ke şa’îr hestekanî xoy rastewxo têda nimayş bikat yan derbixat, çunke şî'rî şanoyî debê le ryalîstî nizîk bêt nek weku hîkayetekanî ber agrdan gêranewe bikat û xeyalî tejî bikat, belku debê çareserêk bo ew kêşeye dabinêt ke şî'rî bo honirawetewe her leber eweşe delên şano peyamekey bo gişite nek tak. le hemû ewaney bas kiran mêjû xoy dexzênête naw zorbey babete edebiyekan le seruy hemûyanewe peywendiyekî çûne naw yekî le gel gêranewey babete edebiyekanda heye, belam le gel eweşda gêranewe yeksan niye bemêjû “giringtirîn şit ke mêjû ledeqe çîrok amêzekan cya dekatewe ewa pêşîneye le herdukyan, nimune eger çîrok amêzeke xeyalî bû, ewa mêjû waqî' weku nimune belge namekan û şiwênewarekan û hemû ew şayetaney rûdawekan degêrinewe ke rûdaweke belê ruydawe le rabirdû”[62], belam Dêvîd Kar zeqtir le Cenat Belxin basî gêranewe dekat le ryalîstî bedûrî dexatewe delêt “gêranewe betewawî le

[61] Yehîye, *s. p*, r.15.
[62] Belxin, *s. p*, r.80.

cîhanî waqî' namoye, nedûr ne nizîk hawşêwey waqi' niye”[63] renge em qiseye quris bêt bo hemû gêraneweyekî edebî ke hîç guzarişit le ryalîstî naken, çunke beşêkî zorî ew rûdawaney le deqe edebiyekan cêgayan dekrêtewe, eger rêk weku xoşyan rûyan nedabê, hawşêwey ew rûdawanen ke le jiyanî rojaneda rû deden.

Gêranewe gorankarî beser dahatuwe betaybetî babetî gêranewekan, çunke mirovayetî be qonaxî raw şikar û kişitukalî û pîşesazî têperîwwe her core gêraneweyek guzarişit le serdemekey xoy dekat hem le ruy ruxsarîş karekiterekan çîtir xudawend nemawin belku mirovî asayîn, herweha le mebestîş korankarî beser dahatuwe caran bo pêkenîn û tirsan û serinc rakêşan bû diwatir gora bo amojgarî û felsefî û perwerde kirdinî gewirew biçuk betaybetî le şano rolî gêrerewe be lawaz derkewt bewey karekiter rolyan pêdirawe bo niwandin û gêranewe le ser zimanî ewan şit debîstîn emeş rêk wek ew rayeî Aristoye ke le rêgey niwandinewe gêranewe pêşkeş bikrêt nek hîkayet xiwan.

goranîş rolêkî giring degêrêt le ruy çêj bexşîn be xiwêner/bîner debexşêt Aristo wesifî goranî dekat bewey ke goranî tiwanayekî başî heye le Ruy karîgerî... , tuxmêkî zor karîgere le şano rakêşanî heye be pêy têgeyşitinî exrîqî kon[64] eflatonîş giringî bew core şî'rane dawe ke core mosîqayekî goranî têdaye “şî'rî wîjdanî/xinayî derbirînêkî hestî û derûnî buwe le xoşitirîn awazda”[65] Eflaton giringî be şî'rî goranî dawe nek şî'rî dastanî û şanoyî çunke kontirîn corekanî şî'r buwe, “giringtirîn xasyet û taybetmendyekanî şî'rî goranî ewe bû bew kêşe taybetyane honirawetewe, ke be mebestî goranî gutin behawkarî amêre mosîqayekan bû goraniyekanîş yan be tak degutira yan be komel”[66], soz û awaz beşêkî serekî em core şî'reye ke basekanî xoşewîstî nîşitîman, dildarî, tirs û bawer, çak û xrap û... desurêtewe, pêwîste şî'r quris nebêt bo ewey xelik bitwanêt dûbare bikatewe boye daryoş aşurî pêy waye “zimanî şî'r rengîn û mosîqadar û gerim bêt”[67] emane hemû ewe degeynn ke meric niye

---

[63] Ebdulla, Abdulmutelîb, Binyatî Gêranewe Le Nêwan Deq Û Xwêner Da, govarî raman, çapxaney xanî, jimare 190, dihok, 2013, r.71.
[64] Ibirahîm, Muhemmed Hemdî, *Nedheriye Aldirama Alaxrîqiye*, metbi’a alşerike almisrî alalmye llneşir –luncman, tabi’ alûle, 1994, r.34.
[65] Resul, Şukirye, *Edebî Kurdî Û Hunerekanî Edeb*, çapxaney xwêndnî bala, Hewlêr, 1989, r.15
[66] Salar, *s. p*, 2005, r.63.
[67] Hacî, *Felsefey Şî’r Û Şî’rî Felsefî Le Edebî Hawçerxî Kurdî Da*, Hawlêr, *namey diktora, zankoy Selaheddîn, kolêjî ziman*, Hawlêr, *2011*, r.15.

Tenha dastan beşî'r binusrêt û goranî têdabêt belku şanoş hebûnî şî'r betaybetî şî'rî goranî pêwîstyeke be hebûnî Le Şano da çêjêkî tirî pê debexşêt, gêrerewe besê cor derdekewê yan xoy nîşan dedat ke xiwêner le xwêndinewey deqekanda hestî pê dekat gêrereweyek ke ziyatir dezanî le kesayetyekan bêguman ranawî ew bo gêrerewey hemû şit zan bekar dêt, gêrereweyek weku kesayetyekan zaniyarî heye hîç amajeyek nadirkênê wata eger keseke zaniyarî lela hebû gêrerewe ziyadî nakat ranawî ewbo gêrerewey heman şit zan bekar dêt.

Gêrereweyekîş heye kemtir le kesayetyekan dezanêt wata kesekan zaniyarî dedirikênin gêrerewe kemtir derdekewêt, ke emeş ziyatir le şano bekar dêt. eger rabirduy palewan pêwîst bû binasrêt bo ziyatir xoşuystnî, hendêk rastî perdey le ser heldemaldrê, çunke eger bas nekrêt ewa renge dahatuy deşêwê, rew haleteda nuser/şa’îr heldestê be bekarhênanî filaş bag bo ewey xiwêner ziyatir aşinay rabirduy palewan bin be şêweyekî xêra çunke ziyad bas kirdinî palewan ewa şano le êstayî da dest pênakat her weku regezekanî tirî lêdêt weku regezî dastan. xalêkî tirîş heye le şano nûser/şa’îr naçare gêranewey bo bikat eger ew babetey ke helî debjêrî dastanî bê yaxud efisaneyî, rûdawekanîş giringn xiwênerîş giringî pê dedat le heman katda zor zehmet berceste dekrên boye naçare gêranewe bekar bênê bo ewey giringî şanoyeke ziyatir derkewê. xiwêner çawdêrî hengaw behengaw dekat bo ewey bzanê çî ruydawe haydn wayt delêt “hemû çîrokêk gêrereweyekî heye, hemû dengêkî gêranewe dengêkî deselatdare, detwanîn bilêyin gêrerewe çîrokeke dezanê, êmey xiwêner û gwêgr bo yekemcar aşinanîn gêrerewe xoy dezanê le kwê kotayî dêt ême debê çawerê bikeyin”[68] boye xiwêner koylen ta kotayî dêt berdewam çawdêrî hengawekan deken xoyan dexene jêr rikêfî gêrerewe çunke ew deselatdare.

Şuca' Almusilim Alanî delêt “gêrerewe beserhatekeman pêşkeş nakat be zincîrey rêk wek ewey ruydawe, belku rûdawekan wa rêkxistinî bo dekat bo ciwan nîşandanî”[69] bo ewey behay hunerî serinc rakêşî hebêt, boye çendîn cor tekinîk û şêwaz y gêranewe bekardênê le nîşandanî kat û şiwên û rûdawekan û palewan bo ewey kare edebiyekey beciwanî derkewê her boyeşe lekarî şano/dirama da çir kirdinewey tekinîkî gêranewe ziyatir debînrê leçaw regeze edebiyekanî tir. Luiys

[68] Rîkor, Pul, *Alwicwd Walzeman Walserd Felsefe*, tercume walteqdîm:se'd alxanimî, almerkez althaqafe alArebî, tabi’ alûle, 1999, r.219-220.
[69] Alşîyab, *s. p*, r.10.

Mink weku Rolan Bart heman boçûnî heye ke delêt “çîrokekan najîn, belku degêrdrênewe. jiyan seretaw nawerast û kotayî niye”[70] Cenat Belxin ke gêranewey mêjuyî lay pol rîkor pêşkeş dekat weha basî tekinîkî gêranewe dekat le kare deqe

Çîrok amêzekan delêt “ew qonaxey kesayetî pêda derwat le goranî haleteke leerêniyewe bo  nerênî û be pêçewaneşewe gêranewe her çorêk bêt bewe leyek cyadekrênewe ke tekinîkî goran le çawdêrî pêşveçûnî rûdawekan le seretay rûdawekan ta degate kotayî be alozî têperdebêt”[71] şano xoy katî kem dexaênêt boye nakirêt rûdawekan xaw bûnewey zor bexowe bibînê weku ewey le dastan da heye eger xawu buneweş hebêt nuser betekinîkî birîn yan ladan be şêweyekî hunerî bekar dênê ke renge salêk yan çend mangêk be dêrêk amaje pêbikat.

Lem haleteda xiwêner rûdawekanî naw şano begerimî debînê her boyeşe Le Şano da wesif le çaw ladan û birîn kemtir debînrê emeş ewe nageynê ke wesif niye belku Le Şano da zor car nuser berlewey dest beheldanewey perdey yekem ke rûdawekan cule pêbikat wesifî şiwênî rûdawekan dekat wek çon E. R. Hekarî ber le heldanewey perde wesifî jûrî Mamê Alanî kird ke çon xemlêndirawe be doşek û helwasînî çaketî Memo bedîwarî jûrekeyda ke amadekariyeke bo ewey diway perde kirdinewe îdî deyalog û menelogekanî şano çibe şî'r yan beşêwey pexşanî dest pêdeken ke beherdû cor şanoy Mamê Alanî le ser nusrawe ke her carew nobey corêkyane ke emeş tekinîkêkî tire nûser/şa’îr şanokey pê nûsîwetewe, herweha kotayekeşî beşêweyekî tirajîdyaîî kotayî be mergî palewan hênawe, belam ewende heye ke cêy amaje pêkirdine ke E. R. Hekarî palewanî şanoy lerêy qederewe yan seruy deselatî palewan buwe hoy mirdinî nek beşêweyekî le encamî rakirdinî palewan le merg emeş nemirî be palewan debexşê nek şkandinî belku xoşewîst kirdinî lay takî komelga. renge E. R. Hekarî bo ewey şanokey bibête morkî mêjuy resen em karey kirdbê ke çend rastyek bo mêjû rast bikatewe ew gorankariyeî ke kirdûyetî le xizmet diramay dastanî dabuwe, ew sîfete taybetekanî şanoy neşkanduwe belku dastan û şanoy leyek nizîk kirdînewe be gêranewey beserhatekan û pîşandanî eaydolocyaî takekanî netewe ke min pêm waye ewe le amance serekyekanî buwe, wek kêşeyekî komelayetî û mirovane seyrî şanokey kirduwe, rûdaw  û beserhat û karekiterekan û kêşekan hî mîlletn ke emeş resenî şano derdexat bo ko denusrêt nek tak. hendêk peyiv yan riste

[70] Rîkor, *s. p*, r.214.
[71] Belxin, *s. p*, r.62.

runkirdinewe yan şîkirdinewe yan lêkdanewe bo dîwî nawewey karekiterekan bedyar dêxn le deqe şanoyekanda ke dayelok nîn rexne giran deyxene xaney gêranewe, çunke rûnkirdinewey ziyatir dedate xiwêner le ser karekiterekan wek destekanî deqrtandinewe, mşeweş bû, xêra beru dergake royşit emane û şitî tirîş be dengî gêrerewe/nuser dadenên boyeş em rûnkirdinewane le deqe şanoyekan debîrnrêt, çunke heman ew şitaneş le zorbey berhemekanî yorbîds, sofoklîs, esxîlos yan axawtnekanî kors, ke zor rûnkirdineweyan derbarey şanoke deda. şanoy kurdîş em core runkirdinewaney têdaye ke reg û rîşekey degerêtewe bo heman ew serdemaney ew nusere gewire şanoyaney ke le serewe amajem pêda.

Ew deqane dayelok nîn belku rûnkirdinewen, belam eger şano nûs ziyad le pêwîst rûnkirdinewe bidat ewa weku romanî lêdêt, çunke le romanda dengêk heye rûnkirdinewe dedat cya le dayeaogekan. em core rûnkirdineweş rûdawî çîrokeke beradeyekî zor kem berew pêş debat. herçî Le Şano da debêt hemû şitekan bo berew pêş birdnî rûdawekan bêt, çunke mawekey zor keme paşanîş nakirêt rûdawekan xaw bkrênewe. le Ruy bûnî şî'r hawşan le gel deqe pexşaniyekanda le naw deqêkî şanoyîda xiwêner/bîner sûd le deqe şî'ryekan werbigirêt ke gêranewe xoy têda heşar dawe û wesifî karekiterekey pê dekat be hoy emewe bizanin bo way lêhatuwe yan bo em rûdawe ruy dawe renge be niwandin nekrêt.

### 1.3.1.3. Berawird kirdinî Şêwazî Gêranewe Le Dastan û Şano Da:

Le destpêkî dastanda gêrerewe benawî xuay gewire dest pêdekan wek zorbey dastanekanî mîlletanî tir ke ewanîş benawî xwawendî xoyan dest pêdeken, şa’îr/gêrerewe zor car le nêw deqekanyanda wêln be diway bas kirdinî rabirdû satî yarî kirdin û xoşewîstî dayik û bawk bo mindalekey ke palewanekeye... htd. şa’îr/ gêrerewe bo ewe be ciwanî pîşan danî zemenî mindalî dekat, çunke serdemî beraete û hendê carîş bo ewe bas dekat ke berawirdî rabirdû û narehetî êstay palewan bikat, le kotayşda gêrerewe supasî pyawêk dekat ke be çiwar roj bendekanî le şêwey goraniye bo kokirdînetewe û tewawî kirdûn û duaî xêrîş bo gêrerewe dekat ke beselametî geyşitîtewe wilatî xoy diway tewawkirdinî le kokirdinewey bendekanî Mem û Zîn, dastaneke ruy dawe gêrerewe lezarî xelikewe rûdawekan degêrtewe ew

teniya kokerewey rûdawe folkiloryekeye. zorbey gêranewekey le ser deyalog û menologî kesekan dekat.

Le Şano da rastewxo deçête nawendî rûdawekan hîç destpêkêkî niye teniya wesifî kelu pelî jûrekan dekat wek amadekarî rûdaweke, nagerêtewe seretay serheldanî rûdaweke wata rabirduy palewan bas nakat û basî ewe nakat çon jiyanî beser birduwe teniya ewe nebêt xiwêner lenêw deqekanda dezanê rabirduy palewan çon buwe çonîş perdwerde kirawe, karekiterekanî şano yekser diway kirdinewey perde deculênewe Dayana Dawt Fayer delêt”wa le çîrokeket bke her le seretawe biculêtewe...”[72] belam boçûnî Ahmmed Salar be pêçewaney rayekey dayana dawt fayere delê pêwîste her çîrokêk be taybetî Le Şano da wirde wirde zaniyarî bideye xiwêner û bîner danexoreyan bkey nek beyekcar hewaleket pêdan diwatir le nawerast û kotayîda çon wabikeyin cemawer razî bikeyin ke lêman raneken yan kwêman bo bigrin. [73]

Nuser le ser zarî karekiterekan gêranewe dekat xoy bedûr degrê le gêranewey rastewxo. kotayş be gerim û gurî û be şêwazî kirawe kotayî beşano dehênê her bo eweye xiwêner diway tewaw bûnî şanoke her yekew be şêwazêk lêkdanewey bo bikat diway mirdinî palewan karekiterekanî tir çyan beser dêt, wata seretaw kotayî şano culanewe bedî dekrêt. le Ruy babetewe ciyawazî le nêwan dastan û dirama beray corc lokaş eweye “babetî hemû şî'rêkî dastanî cige le jiyan hîçî tir niye, belam dirama be taybetî tirajîdya babetekey hest kirdine dastanîş taqîkirdineweye”[74] şano kirdewekan be kirdewe pîşan dedat, belam dastan kirdewekan be gêranewe debêt berêgay çîrok. hemekî bûn /gişitgîrî  yekêkî tire le sîmakanî dastan, reber ewey ta radeyek boçûnî takî têda detwêtewe û boçûnî gişit pîşan dedrêt, reŞano da taybetmendî xalêke le sîmakanî şano. le dastan da dahênanî taybet le şî'rda nakirêt, ke şa’îr şêwazî xoy têda zal bikat le ser şêwaze gişityeke le gel eweşda tak nabêt bxnkênrêt. leŞano da azadî le şêwazî nusînda ziyatire.

Le dastan da siruşitî kesayetî mirovayetyekî qûl têr le rohî neteweyî û mirovayetye, ke emeş karîgerî le ser kesayetyeke debêt. zimanî dastan zimanêkî şî'rye

[72] Mistefa,  s. p, r.30.

[73] çaw pêkewtin: le gel Ahmmed Salar şanokarî kurd le rêkewtî 6/2/2016

[74] baxtîn, Mîxaîl,  *Alxitab Alriwayî*,   tircume :ahmmed berade,  metbi’a aldar alfikir lldirasat walneşir û altewzî',  altabi’ alûle,  qahire,  1987, r.9.

dure le dirusitkiraw dastanîş ruhî şî're, şano ruhî pexşanî û şî'rye û têkeleşe le herdukyan. şî'rî dastanî nizîke le felsefe boye boçûnêkî gişitî ye, şano nizîkitire le pexşan boye nizîke le mêjû û zanist û rastî.

### 1.3.2. Şêwazî Gêranewe Le Ruy Pirakitîkewe:

#### 1.3.2.1. Şêwazî Gêranewe Le Dastanî Mem û Zîn Da:

Destpêkî dastanî Mem û Zîn bem çend dêrey xwarewe dest pêdekat:

“xaleq ! her etuy le ser hemuwane
dêne ruy zemînê sê perîyî de ter lane
le ser koşikê kake Memê, kurî birahîm padşay yemenê deyanda seyrane
xaleq, her etuy betenê”[75]

Le Dastanî Mem û Zîn da basî gewireyî xuda dekat ke le hemû şitêk gewiretire emeş weku zorbey dastanekanî wilatanî îslamî le destpêkî dastanekanyanda eme debînrê, belam ewey Oskar Mann daway ewe nakat xuda yarmetî bidat bo tewaw kirdinî beytekanî dastanekey teniya ewe nîşan dedat ke xuday gewire le seruy hemû şitêke û reqîbe le ser hemûman bo eweye ke karekey wek xoy le ser zarî xelikî wergirtuwe berast û dirusitî bgêrêtewe. her le seretawe eweman bo derdekewêt ke Oskar Mannbeyte şî'rekanî beşêwey aheng û pşuy dirêjî û kurtî corî ciyawaz le dirêjî û kurtî beytekan bedî dekrêt le ser şêwey goranî folkilorî dayrşituwe em peyrew kirdine narêke le cugrafyaî beytekanda diyare ta kotayî dastaneke berdewam debêt.

Gêrerewe le kotayî dastanekeyda supasî Rehman Bekrî dekat ke be çiwar rojan em bendaney bo kokirdotewe wata Rehman Bekir em dastaney gêraytewe. nehatuwe weku dastanekanî wilatanî îslamî supas û sitayşî xuda bikat le kotayda emeş bo ewe degerêtewe ke behîç corêk kokereweOskar Mann destî nebuwe le nusînewey beytekan, belku ko kraytewe beyarmetî xelikanî dilsozî xoy delêt:

“ya rebbî!Rehman Bekirî nemirîbe çiwar rojan ew bendey bo sahêbî elmanî kird tewawe,

îsay ruhulla le ser sahêbî elmanî rawestawe
axay sahb besaq û selametî le hemû deryayan perîwe

[75] O.Mann, *s. p*, r.145.

le dayik û xuşikî xot bike selawe"[76].

Ew kotayî hênaney dastanî Mem û Zîn nawî hezretî mesîh dr.x dênê swênd be ew dexwat ke ruhekey le ser serî Oskar Mann rawestawe, be sax û selametî geyşitewe şiwênî xoy emeş nîşandan sitayşî Oskar Manne, reber ewey le zorbey gêranewekanî dastane kurdyekanî, ke nêw tuhfey muzeferîyewe hatuwe nawî Rehman Bekir hatuwe. hendêk carîş rehmet bo bawkî Rehman Bekirdenêrê. bo gêranewey dastanî Mem û Zîn nawî kesekan dehênî kesekan dekat ke ranawî ew bo kesî amadenebû amajey: bo kesekan dadenê le ser zarî ewanewe rûdawekeman bo degêrêtewe nimûne:

Birahîm padşa delê:

"Role! şarekey cizîrêm be berat da heta mirdinê be qeretajdînî
înca emin kake Memim çû, hom kewte bengînî"[77]

Yayezîn delê:

"Xulaye, bexeyrez etû kes nîye bmênî
emin çîdîkem bo mecûzatan nejênî
emin be kêlî kake Memyewe bmrênî
xulaye, etû kerîmî, qadirî"[78]

Lêreda ewey bedî dekrêt le dastanekeda firedenge gêrerewe dengî xoy nabîstirê belku dengî kesayetyekanin qise deken emeş bo waqîy bexşîne bedastaneke boye rolî gêrerewe lêreda giwastinewew gêranewey rûdawekane.

Oskar Mannle mal û halî binemaley Mem wilatî yemenî kirduwe be şiwênî nîşitecêbûnî qewm qîlî ke 12 mang û 24 roje dexayenêt bo durî nêwanî wilatî yemen û cezîrey botan Mem delêt:

"Rêy diwazde mang û bîst û çiwar rojan padşayetî yemenê
becêbêleqiseyjinan helste were êrekane"[79]

Lay xiwêner bê mitmaneyî dirusit dekat le wesif kirdinî duryekew şiwênî nîşitecêy binemaley Mem û paşanîş Mem wanîşan dedat ke erebe keçî tewawî hamşoy le gel xelik dekird lerêgay geyşitin be cezîrey botan û amajey lehîç bed halî

---

[76] O.Mann, *s. p*, r.222.
[77] O.Mann, *s. p, r.*220.
[78] O.Mann, *s. p*, r. p.
[79] O.Mann, *s. p*, r.196.

bûn nekirduwe le pirosey têgeyşitinî zimanî xelikî reş û rût le gel Mem. ême eger seyrî mêjuy yemen bikeyin yan kîşwerî asya begişitî debînîn binemaley hemewendyekanyan ragwazran bo yemen diway çendîn deye bê ewey şarezay rêgake bin geranewe bo kurdistan û çendîn espî ewanîşyan le gel xoyan hênayewe[80] lelayekî tirewe ew serdem ewe baw bû leşî'ru edebiyatda ke ciwanî û azayetî piyaw deşubhand be pyawanî wilatî yemen da, wek çon le şî'rî şa'îran wilatî kşmîr be siruşitî ciwanî nawbangî derkirdbû le ruy azayetî û şaristaniyet wilatî yemenîş beheman şêwe, dû sede bêdengî pertûkî dr. Abdalhsîn Zirîn kube lebasî yemenda weha delêt “ser zewî yemen ke bextewertirîn û pir pîtirîn nawçey erebstan hejmar dekra. ledastane palewaniyekanî êran benawî deşitî hamawerannawîan dehêna”[81] diyare ledastanekanî farsda bo ewey dastanekanyan firawan biken çend wilatêk nawîan dehat ke palewanekan be nawîanda guzeryan dekird yekêk lew wilataneş wilatî yemen bû. şa'îranî wilatî musulmananereb, kurd, turk, farsle destpêkda dawa le xuay gewire deken ke yarmetiyan bide bo ewey dastaneke binusnewe wek çon yonaniye konekan dawayan le xwawend dekird ke îlhamyan bo binêrêt û yarmetiyan bidat.

### 1.3.2.2. Şêwazî Gêranewe Le Şanoy Mamê Alan Da:

Le şano da, rûdawekan bediway yek dadên perde diway perde yaxud meclîs diway meclîs rûdawekan dest be rûdan deken be zincîrey nepçraw be tekinîkêkî rêk û pêk gêraneweman bo dekat hendêk carîş le nawerastî diyalogekanî karekiterekan pêwîstî be amaje pêkirdinî rabirduwe naçar nuser/şa'îr tekinîkî filaş bak yan amaje bekardênî bo nasînî karekiter yan halî bûn le hoy encam danî kirdarêk, paşan her bexêrayî degerêtewe ser zincîrey demeteqê û deyalogî karekiterekan. şanoy Ebdulrehîm Rehmî Hekarî le dû perde pêk hatuwe perdey yekem:xo amadekirdinî Memoye bo çûne şer diyalogî nêwan Memo û dayikî çavreş û xêzanekey Xezal tomar kirawe, reperdey duwemda:geranewey Memole ser bas dekat, katêk Xezalbeteniya le male çavreş le mal niye, Memodêtewe leşer diway salêk înca beyekewe demeteqê deken û le ser cêga pal dekewin. çavreş katêk dêtewe bûkekey le

---

[80] çaw pêkewtin :le gel Ahmmed Salar şanokarî kurd le rêkewtî 6/2/2016.
[81] Kube, Abull Husîn Zrîn, *Du Qerin Sikut,* çapî bîstem, untşarat suxen, 1384, r.36.

gel kesêkda le jêr cêgan teniya qaçî diyare xencerêkî lê dedat û deykujêt diwatir derdeçêt ke Memoy kuryetî le şer hatuwetewe diwatir Memo demirêt.

E. R. Hekarîgifit û gokanî dest lêk berdanîMemole gel dayikî be pexşan bû, belam dest lêkberdanî le nêwan Memoû Xezal be şî'r bû, çunke nûser wîstûyetî hestekanî nêwan dû xoşewîst be şî'r bêt karîgerî ziyatire le ser xiwêner wîstûyetî mosîqayek bidate deyalogeke bo ewey sozeke ziyatir bêt lay xiwêner ke le nêwan dû xoşewîst hewalî dest lêk berdanî katî deken ke katekey kemîş bêt her zore boyan renge deyalogekey Memo û dayikî ewende karîger nebêt beqed hewalî dest berdanî dû xoşewîst û çûnî bo şer Memoweha bo lay Xezal dêt dilî pire delêt:

| | |
|---|---|
| "Îro hefte dawet kirî | 8 birge |
| Xezalê xezayî ez ji te kirî | 11 birge |
| ez diçime ber kafrî | 8 birge |
| Xezala min, delala min, bes bigrî"[82] | 12 birge |

Xezal katêk debîstê "Memo debête esker degrî bem core wlamî dedatewe:

| | |
|---|---|
| "Memo îro bû eskere | 8 birge |
| evînyame bû kesere | 8 birge |
| tu min bibe dgel xwe, here | 9 birge |
| bikuje, yan bikuj paşî here"[83] | 11 birge |

Memoher be heman awaz û aheng nizîk leyekitir wlamî dedatewe delêt:

| | |
|---|---|
| "tu Bes ruhnikan bibarîne | 8 birge |
| îro dujmin li me kîne | 8 birge |
| westana min layiq nîne | 8birge |
| Xezala min, delala min, bes bigrî"[84] | 11 birge |

Lem dêre şî'raney serewe boman derdekewêt ke deyaloge ke beşî're mosîqadare birgekan nizîkin leyekitir dêrî yekem le gel dêrî duwem le birgeda ciyawazn belam ciyawazyekî kem le Ruy birgewe ke renge bo zimanî krmancî kemtir hest pê bikrêt eger nenusrêtewe teniya gwêbîstî bît.

---

[82] E. R. Hekarî, s. p, j 15, r.24.
[83] E. R. Hekarî, s. p, j. p, r.24.
[84] E. R. Hekarî, s. p, j. p, r.22.

Gêrerewe zor car le ser zarî karekiterekan wata qisekerew gifit û go û gêranewey rûdawekan dekat "Memo delêt "ez ji kê kîmtirim! ma ez kurmanc nînim! manamûsa her kurdekî namûsa min nîne! elbet…elbet ezê biçim"[85]. le zorbey xo diwandinekanda karekiterekan ranawî min be karhatuwe Memolelayekî tir delêt "eî xaliqî min, te çi lutfek mezin be min ra kiriye"[86], belam le katî diyaloge rastewxokanda zor car ranawî tobekar hatuwe beramber be min ke eweş asaye, çunke demeteqê le nêwan dû kese wek Memodiyalog le gel Xezal dekat delêt "ji ber çuiyna min lazme tu bigrî!"[87] yaxud delêt "wekî tû çuyî, paş te ez dê çi bikim!"[88] emeş ewe degeynê gêrerewe hewalekan le ser zimanî karekiterekan be ême dedat xoşî wek êmeye çawerêy karekiterekane bdwên wek zanirawe hewal zanîn le zorbey şanokanda le zarî gêrerewe kemtir debîstirê leber ewey dengî gêrerewe şaraweye hestî pê nakirêt şano deyewêt waqî tir bêt le regezekanî tir beramber be jiyan. gêrerewe deyewê eaydolocyau şîkirdinewey derunî kesekanman pîşan bidat ke lew serdeme jyaun û corî bîrkirdineweyan lêre gêrerewe heye, belam xoy bzr kirdwe le pişitî ew culandinaney palewan û karekiterekan deyken, zorêk le şî'rekan kirdarî şanoyan pêwe diyare ke arastey yekêk dekrêt û xiwêner çawerêy wilamîşe le karekiterî beramber ke beheman aheng wilamî bidatewe.

"Şî'rî dramî le ser dû ast binyat denrêt, astî huner û astî xudî jiyan, ême seyrî qesîdeyek nakeyin ke tenha rêçkey dramî hebêt seyrî şa'îr bikeyin le tiwanay kirdarî şî'rî û hunerî tenha, belku seyrî behay babetî kareke dekeyn, ke çend tiwanay heye bo beşdarî kirdin le dirusit kirdinî teşkîley jiyan"[89] gêrerewe/şa'îr wa derdekewêt ke westayane wîstûyetî basî astengekanî jiyan bikat û rastgoyî û merdayetî jn û piyawy kurd pîşan bidat le pal cê be cê kirdinî erke xêzaniyekey erke neteweyî û ayiniyekeş cê be cê dekat.

Lekarî şanoy Mamê Alanda şa'îr nehatuwe xoy bixate naw demeteqêyekan û derdî dilî xoy helrêjê, belku rûdawekanî berewpêş birduwe le demeteqêkan da xizmetî şanoy kirduwe. emeş bewe derdekewêt belabirdnî hendêk dêr hîç lemeseleke negorê ewe nekirdinî başitire. meric niye wek çon rûdawekan le mêjûda

---

[85] E. R. Hekarî, s. p, j 15, r.22.
[86] E. R. Hekarî, s. p, j. p, r. 22.
[87] E. R. Hekarî, s. p, j. p, r.22 .
[88] E. R. Hekarî, s. p, j. p, r.22.
[89] Altaî, *s. p, r.*18.

gêrdirawnetewe E. R. Hekarî beheman şêwe bas bikat, reme serkewtû buwe wek dahênanêkî edebî dîwî nawewe çak kirduwe, ke renge beser hateke ewha bê, emeş ciyawazî le nêwan gêranewey mêjuyî çîrok amêzekan û gêranewey edebî çîrok amêzekan derdexa, ke deqî şanoyî regezêkî edebiye. kesayetî şa'îr tiwanakanî le nêw şî'rda bedyar dekewêt, ke natwanêt ew core şî're dabinêt yaxud eger folkilorîş bêt bixate naw şanokey meger xoy arezû û qenaetî pê nebêt Le Şano da. "şa'îr helçûnekanî bo mêşkî xiwêner degwazêtewe ke komelêk babet û zincîreyek rûdawî têdaye"[90]

Leşanoy Mamê Alan da bîrî kurdayetî le destpêkî meclîsî yekem debînrêt ke gêrerewe deyewê her zû adet û teqalîde ciwanekanî kurd pîşan bide ke giyanî berigrî kirdinî heye çi le Ruy ayinî çi le Ruy nîşitîman perwerî wek:ma ez kurmanc nînm!, ma namusa her kurdekî namûsa min nîne!, gêrerewe le penay ew monologaney ke le ser zarî palewan mexzay felsefî û boçûnekanî boman derdexat, her be hoy em xo diwandine detwanîn peywendî gêrerewe bekomelgawe bedyar bxeyn ke E. R. Hekarî peywendiyekî tundu tolî hebuwe be komelgawe ke peyamî teniya bo tak niye belku bo koye, peyamî bo takekanîşe ke beşêweyekî Memo serzenîşitî xoy dekat delêt ez ji kî kêmtirm!... ma ez ji wan nazdartirm!ma xêra xezayê her ji bo wan bit!. be nîşaney sersurmanewe peyamî xoy arastey xiwêner dekat, ke ewaney berigrî le wilatî xoyan naken zor be pile nizmî komelayetî nawîan debat her boyeş zorbey peyamekanî, ke amajey pêdawe bîrkirdinewey takî kurde, emeş be narastewxo derunî û hizir û mebestî gêrerewe aşikira debêt.

Gêranewey rûdawekan zincîreye pêk hatuwe le dû perde perdey yekem xo amadekirdine bo xeza perdey duwem geraneweye le xeza le gel hebûnî tekinîkekanî gêranewe le nawîanda ke bo ewey xiwêner be corî kesayetî û rûdawekanî rabirdû aşina bêt ke beşêweyekî gişitî kateke ranebirduwe nimûne"Memo:îro mîr emir kiriye, xezaye... îro xiwe berhev bikin, sibê zû ca em rê bicin"[91] rûdawekan êstayn.

Ew rûnkirdinewaney ke E. R. hekarî dawyetî bo bo dyarxstnî dîwî nawewey karekiterekane, ke rexnegiran be dengî nûserî dadenên, belam zor kemin emeş ewe degeynê ke şano nûs şarezayî deqe byaniyekan betaybetî deqe seretayekan buwe,

---

[90] Altaî, *s. p, r.*12.
[91] E. R. Hekarî, s. p, j 15, r.22.

peyrewî heman ew rêbazey kirduwe ke ewan le serî royşitûn yan bekaryan hênawe wek:

“Pîçek mulaheze dket. wê wextê Xezal ji der datêt. di destekî desmal, çavê xiwe paqij diket. Memo dest dgrît. rû dinte xwarê”[92] le kirdinewey perdey duwem heman em amajane debînîn bo nimûne:

“Perde we dibit. dîsa rayxstina berê. Xezal bitenê ser doşekekê rûnşitye, mulahezan diket û yekcar”[93]eme ew amajeye ke gêrerewe E. R. Hekarî deydate xiwêner be aşikira debînrêt, ke dengî nûser heye le nûsînekanî şano be hoy em amajane, ke le ser zarî hîç karekiterêk nagutirêt, belku xudî nûsereke nebêt.

### 1.3.2.3. Berawird kirdinî Gêranewe Le Dastanî Mem û Zîn û Şanoy Mamê Alan Da:

1- Gêrerewe Le Dastan Da Rehman Bekire, le şano da E. R. Hekarîye
2- Le dastan da gêrerewe amajey bewe kirduwe be çiwar roj bendekanî bo Oskar Mann gêrawetewe, le şano da nûser amajey be katî xayandinî gêranewey Mamê Alan nekirduwe.
3- Le dastanî Mem û Zîn da gêrerewe be sitayşî xuda destî pêkirduwe, le şanoy Mamê Alan da em sitayşe ne le sereta ne le kotayî berhemeke nabînrêt.
4- Le dastanî Mem û Zîn da peyrewî gêranewey rûdawekanî kirduwe, ke be zincîre yek le diway yek rûdawekan dest pê biken û amadekirdinî palewan bo her egerêk bête pêşî bitwanêt derçêt, le şanoy Mamê Alan da rûdawekan le pir rûyan dawe û rûdawî kuşitnî palewanîş hîç planêkî bo darêjrawî bo nekrabû weku ewey dastan. şêwazî gêranewe leşano da xiwêner û karekiterekanîş wek yek zaniyaryan hebû le ser rûdawî kuşitnî Memo.

[92] E. R. Hekarî, s. p, j 15.r.22.
[93] E. R. Hekarî, s. p, j 15.r.14.

5- Le dastanî Mem û Zîn û şanoy Mamê Alanda nawî karekiterekan hênirawe diwatir destyan be gifit û go kirduwe le ser zarî ewanewe gêrerewe qisekanî karekiterekanman bo degêrêtewe.
6- Le dastanî Mem û Zîn da tak deng debîstirêt le gêranewey dastaneke, le şanoy Mamê Alanda, be heman şêwe tak denge û karî gêrerewe hem gêraneweye û hem giwastineweye.

## Beşî Duwem

## 2. Tuxmekanî Gêranewe Le Dastan û Şano Da

### 2.1. Tuxmî Ziman Le Ruy Tiyorîyewe:

Ziman keristeyekî xawe ke dahêner kare hunerîyekanî le ser binyad denêt, înca çişa'îr bêt yan nûser, ke maddekanî le wişe werdegrêt binaxeyek bo rêsakanî zimanî rêzimanî, wişesazî, watasazî, kêşnasîdadenêt, edîb û nuserekanman le nûsînewey berheme be pêz û nemirekanyan giringyekî taybetyan be zimanî şî'r dawe, kirduyane bebrbrey pişitî gwitarî şî'rî, ziman tuxmêkî serekî dirusit bûnî deqî edebiye, çunke be hoy zimanewe detwanrêt tuxmekanî tir derbIbirdIrêtn, eme ewe nageynê tuxmekanî tir bayexî ewtoyan niye, belam renge bebê ziman karêkî edebî nenûsrêtewe yan dirusit nebêt. senger hacî le namey dkitorakeyda delêt "ziman tewawî janre edebiyekanî dîke le xo degrêt beder le ziman hîç bûnêkyan niye"[94] ziman erkêkî girantirî le tuxmekanî tirî edeb heye, ewîş dirusit bûnî her tuxmêke le edeb bo ewey binusrêtewe yaxud dirusit bin, her boye le edebda zor behestyarî mamele le gel ziman dekrêt taweku hem tuxmekanî tir beamanc bgeynî hem erkî xoşî weku zimanekey be ciwantirîn şêwe araste bikat.

Eger dû deq xawenî yek nawerok bin bas leyek rûdaw biken ewey leyekiyan cya dekatewe gemey zimaniye, çunke le encamî berawird kirdinî dû deqeke da le hemû layenêkewe le çoniyetî derbirîn û ladanî şî'rî û derbirînî edebî... htd, bala destî zal bûnî berhemêk beser berhemêkî tir be aşikira debînrê emeş degerêtewe bo zimanî nûser/gêrerewe, ke ta çend astî zimanî be hêze le nûsînewey berhemekey "roşinbîrî wata ziman û pêçewaneşî her dirusite belamewe zimanêkî petî û paraw roşnbîryekî resen degeynê". [95] raste çalakî eqlî û roşinbîrî rolî heye, belam le pirakitîze kirdinda dwa car derdebrêt û le Aydiya da qetîs nabêt, meric niye berhemî edebî ryalîstî bêt boye zimanî derbirînekey wşk û qurise, belku şa'îr yan nûser bewe zimanî nûsînî edebîtir debêt ke wêneyekî dîke nîşan bidat çendîn asoy taze bikatewe û bê ewey resenî berheme edebiyeke le cîhanî xoy bşêwê, zimanî edebî deyewê carêkî tir xiwêner be jiyan aşina bikatewe cya lew wêneyeî ke pêşitir pêy aşina bbû. eger şa'îr neytwanî bîru hizirî niwêman pêşkeş bikat, ewa pêwîste yaryekî ciwanî zimanîman

---

[94] Hacî, *Felsefey Şî'r Û Şî'rî Felsefî Le Edebî Hawçerxî Kurdî Da*, Hawlêr, s. p, r.105.

[95] Serac, Abdulla, Roman Û Ciwaniyekanî Gêranewe, govarî Henar, j 77, 2012, r.7.

pêşkeş bikat, dikitor Ebdulla Serac delêt “ziman rêkxrawî binyatêkestiracture ser bemericekanî diyarî kiraw û teniya destiroyî û morkî civakî beser rûberêkî berînî hizirda heye û bes, bigre şêwazêkî dedatê. kewate rêsakey beser mana bexşîyekanîyewe desroyî heye û hergîz hizirêk le derewey zimanda niye. ziman helgrî me'rîfetekane”[96] kewata ziman helgrî bîru hizirî mîllete, her hizirêk bithewê bîxeyte ser kaxez beder niye le zaniyarî xudî nûser eweman bo der dekewê, ke debêt zaniyarî hebêt înca dekrê binûsrêtewe û derî bibirdrê hetaku dernebirdrêt layenî wergr aşina niye bew zaniyaryeî ke dethewê bîgeynîte layenî beramber. ziman helgrî peyamêke û hewalêke keziman geyênere karî giwastinewe zaniyaryekan dekat.

Ew zaniyaryaney ke derî debrêt bêguman aloze û dekrêt gemey zimanî zorî tya bikrêt, boye kêşey here zor yexey nûseran û şa’îran degrêt le barey serkewtin yan sernekewtinî berhemî edebî Ebdulla Serac delêt”min le gel ewem ke zimanî deq xoy hem biryardere û hem yeklayîkereweye. zimanî deq kêşeyeke le kêşekanî zimanî edebî berawirdkarî”[97], regeze edebiyekan meric niye beyek şêwe mamele le gel ziman biken, emeş bepêy corî janre edebiyekew regeze edebiyeke ke şiwênî kar kirdinyan renge ciyawaz bêt. bo nimûne mamelekirdinî ziman le gel şî'r ciyawaze le gel pexşan. tebaba al'luy ke xawenî pertûkî ’ayar alş're keerkî şa’îr diyarî dekat le hunerî deqî nûsrawda delêt”şa’îr heman rêçkey name nûsekanin le bwarî rewanbêjî heman helsukewt lenûsînekaniyan deken, şî'r beşêke le beşekanî name, şa’îr pêwîstî beweye ke qisekanî bigeynêt be hunerêkî nasik, le damawyewe bo sitayş kirdin, resitayşewe bo sikala, reskalawe bo lêburdn, le wesif kirdinî war û şiwênewar bo wesifkirdinî koçerî û esp û wilaxekanî”[98] ew erkaney ke nûser yan şa’îr boyan diyarî kirawe yaxud bo nûsînewey berhemêkî edebî pêwîste lepal geyandinî peyamêk erkî ciwankarî û rewanî babetî edebî ke hunerêkî nask bekar bînêt û ciwankarî têda bikrêt bo ewey be zimanêkî edebî zeq binusrêtewe.

Her çend aşikiraye ke sinûrêk le nêwanî zimanî asayî û zimanî zeqkirdineweda niye boye kes neytwanîwe sinûrêk dest nîşan bikat bo cya kirdineweyan yan be wrd û drşitî basî lêkçûn û ciyawazyekan bikat, ke kame peyiv zimanî asayî pê delên

---

[96] Serac, s. p, r.7.

[97] Serac, s. p, r.9.

[98] Al'iluy, Muhemmed bin Ahmmed bin Tebaba, *'Eyar Alş'r,* şerih û tehqîq, Abas Abdalsatir, murac'e ne'îm zirzur, minşurat dar alkitab al'lmiye, altabi’ alpaniye, beîrut-Lubnan, 2005, r.12.

kameş helgrî şî'ryete, eme asteme teniya ewe nebêt, ke ladan rûbidat çi leşî'r bêt yan pexşan ewe ladane le zimanî asayî.

Layenî ciwanî deq sewday le gel hestekane bew manayeî katêk ke xiwêner/gwêgr ber çaw û gwêyan dekewê, belam mameley babetyaney xiwêner le gel deqda mameleyekî eqlye her boyeşe şa’îran û nûseran her yekeyan ciyawaze le mamele kirdin le gel zimanî deqda.

T. S Elyot delêt “şî'r brîtiye le dûbare kokirdinewe û lêkdanî helçunekanî şa’îr le katêkda hestî pê kirduwe, paşan qonaxî hêwr bûnewe derfet dedate hestekanî ke bitwanê rêkyan bixat le qalbêkî hunerî û hemû ewaneş firê dedat ke peywendî be cestey qesîdekewe niye taku nebête nexoşî le ser laşekey”[99] beboçûnî em rexnegre huner bergey bûnî nexoşî û larî nagrê, çunke zînduyetî û karayî hunereke ledest dedat û deyewê xiwêner rolî îcabî û ekitîvtir bibînê, dur bikewêtewe le lêkdanewey rûkeşî şî'r her weha mkure le ser ewey debêt ew şite labelayane labiden ke şî'rî pê dewlemend deken teniya ewe nebêt ke erkî pê spêrdirawe le naw deqda, boye pêy waye debêt şî'r û huner erk cêbecê biken û peyamî babetyan pêbêt bo ewey kare huneryeke zîndû derkewêt. belam wlyem wordz wors delêt “şî'r helçunêkî le xoweye, eger leheman katda nenûsrêtewe lebîr dekrêt, lew kateşda mikurî cidîyetu yekgirtuyî û zînduyetî ledest dedat”[100]em nûsere le ser bîrdozî romansyekan deroyşit ke bîrkirdinewey rexnegiranyan wabû ke hestekanî kesî şa’îr le şî'rekeda derbhênn bê ewey seyrî babetî qesîdeke biken. zor le nûseran le ser ew rayen, ke katêk şa’îr taqîkirdinewey mirovayetî xoy dekate şî'r natwanêt layenî Aydiyaîî labidat û tenha layenî helçunî xoy tomar bikat be teniya, boye şa’îr layenî Aydiyaîî û helçûnekanî lêk dedat leyek cestey hunerîda. şlofskî delêt “şî'r hestane ser pêy wişekane, renaw zimanî rojaneda wişekan mrdûn û serinc rakêş nîn, belam leşî'rda zîndun û serinc rakêşn, ûşekanî dewruberîşyan zîndû dekenewe”[101] .

Beray nûser wişe ke le rojane bekar dên şî'ryetyan niye leber ewey ne tewzîf kirawin ne ladaniyan pê kirawe boye mirdûn ke deçne naw deqî edebî zîndû debinewe, ûşekan hemûyan ladaniyan pê nakirêt le şî'rda taku behemû wişekan bilên

---

[99] Raxib, Nebîl, *alneqid alfenî*, dar misir lltib'e, alsne ?, r.19.

[100] *s. p, r.*20.

[101] Ebdulla, Ebdulselam Necimedîn, *Şîkirdinewey Deqî Şî'rî Le Ruy Zimanewaniyewe*, namey master, zankoy Selaheddîn, kolêjî ziman, 2007, r.34.

wişey zîndû. be gişitî ew erkaney ziman deybînî le naw qesîdeyekî şî'rî bem şêweyeye:

1- Amanceke degeynê ke komelêk peyam araste dekat.
2- Karîgerî îstatîka û derunî be amanc degeynê le layen nêrer/şa’îr

renge bûnî pexşan û şî'r heryekeyan dereqetî corêk le edeb bben ke serkewtinî ew regeze edebiye pêwîstî be şî're yan be pexşan, ke caran ziyatir şî'r siwarî ew meydane bû zimanêkî berizyan tyada bekar dehêna diwatir ke babetekanî edeb ryalîstî bûn zimanî şî'r dereqetî beşêkyan nehat buwe zimanî pexşan dekrêt bilêyin le herdûkyanda razandinewew ciwankarî û şî'ryet debînrêt hawşan le gel yekitir her yekeyan beşêk le bwarekanî edeb û jiyan pir dekenewe.

## 2.2. Tuxmî Ziman Le Dastan Da:

Dastan bezimanî şî'r honirawetewe, çunke şî'r zimanî soze, heste, rakêşanî serincî xiwênere paşanîş dirusit kirdinî wêneyekî ciwanî rûdawekanî naw dastan Ahmmed Salar le kursî û beha dramyekan delêt “ew xeyal plawî û frîn û şax û bal bo kirdinewe û hepesan û mayeî waq wir maney le efisanew dastanda hebûn, zimanî pexşan dereqetî nedehat tenha zimanî şayste û lebar bêt zimanî şî'r bû”[102] bêguman eger şî'rêk bo dastan bekarbêt debêt bêguman zimanêkî beriz û ruhêkî be cestey şî'rekeke bibexşê bo ewey dereqetî gewireyî babete dastaniyeke bêt dur bêt le zimanî asayî, gaston başlar delêt “şî'rî mezin, karîgerî gewirey debêt le ser ruhî ziman”[103] şa’îr hendê wişey lêkdraw û destkarî kiraw bekardênê bo ewey ziyatir şî'reke zeq bêtewe, hendêk carîş bo ewey xiwêner kêşe baskiraweke be şî'r be gewire werbigirêt be dernekewtinî taybetmendî zeqkirdinewe kêşeke zor sade debêtewe ke şyauy bas kirdin niye, mokarofskî delêt “zimanî şî'r, xawenî ewperî taybetmendî zeqkirdineweye”[104].

Edeb begişitî şî'r betaybetî helsukewtêkî nalojîkye, çunke mamele le gel soz û atîfe dekat, meric niye le gel ryalîstî karî rojaneda bguncêt slah fçl delêt “zimanî şî'r

---

[102] Salar, *s. p*, 2009, r.13.
[103] Başlar, Gastun, *Cemalyat Almekan*, tircume Xalib Helsa, almuasese alcami’e lldirasat û alneşir û altuzî', altabi’ althaniye, beîrut, 1984, r.25.
[104] Hacî, *Felsefey Şî’r Û Şî’rî Felsefî Le Edebî Hawçerxî Kurdî Da*, Hawlêr, hweler, s. p, r.34.

şêwey here berzî zimanî soze”[105] detwanîn bilêyin ke cewherî şî'r û nhêniyekanî le naw ziman xoyan heşardawe, her boyeşe lutkey karî edebî be hoy zimanewe binyatî ciwanî şî'r aşikira debêt, bepêy erkekanî wişeş le naw dêrekanda û şiwênî hatnyan le şî'rda ciwanî û neşazyan derdekewêt. boye zor car ew yasaw kot û bendaney tuşî şa’îrî dastan nûs debêtewe eweye ke natwanêt hemû xeyalekan û sozekanî heytî bîkat be şî'r be derçûn lêy derçûne lew rêsayaney ke boy danrawun, belam naşitwanîn bilêyin ke zimanî dastan qurise yaxud xiwêner pey be manakey nabat, belku ewe erkî şa’îre be zimanî xelik binusêt, çunke dwacar em berheme behemî hemû mîllete û bo ewanîş denusrêtewe. bekar hênanî hêmay aloz ke takî em neteweye netwanê pey be manakey bibat ewa zimanî nûsî em dastane serkewtinî kemtire le çaw dastanekanî tir, le zimanî asayîda bekarhênanî hêmaw zimanêkî quris û pir belaxet renge asayî bêt, çunke ewane bo komelêk denûsn ke hez bem core babete telîsm amêzane deken le şî'rda ke deste bjêrn alnuxbe renge şa’îr nekewête ber rexne cunke wergr gişit niye belku komelêkin yan desteyekin, belam dastan boye denûsrêt ta le naw mîllet bmênêtewe felsefey pişt nûsînî dastanîş gişitgeraye.

Guman lewe niye şî'rî dastanî şî'rêke xalî niye le hest û soz kewabê dengî gêrerewe/şa’îr debîstirê, ke rolî heye le gêranewey serbirdew rûdawekan, betaybetî şî'rî folkilorî soz û hesteke sozî gişitye sozu azarî mîllete şa’îr kuêy lêbuwe diwatir deygêrêtewe. renge kem car hebêt şa’îr serbirdey xoy têkel be rûdawekan bikat, çunke rûdaw Le Dastan Da zincîreye derfet be şa’îr nadrêt hestî xoy têkelaw bikat renge ber bestêkî tir lem ruwewe ewe bêt ke mîllet le meseley rûdawekanî dastanî neteweyî huşyar bêt û gwê bîst bbêt le korêkda yaxud weku çîrokî mindalî boy gêrdrabêtewe, gêrerewe le Mem û Zîn da rûdawî lawekî têkel be rûdawî dastanî nekirduwe, ke renge şa’îr le nûsînewey dastanekanî tirda rûdawî lawekî yaxud sitayşî xoy bikat em derfete le ko kirdinewey berhemî folkilorî kemtire.

Le bwarî wesif kirdinda zêdetir lew dastananey ke beşî'rî kêş dar û le qalb draw detwanê wesif bikat emeş be hoy ewey nabestirêtewe behendê kot û bend, çunke xeyal ziyatire le dastanî nezmdar bo wesifkirdinî palewan û koşik û telar û hêz û bazû bew pêyeî şî'rî folkilorî kontire le şî'rekanî kêşdar û rêkxraw. hendê car eger wrd byewe le şî'rî folkilorî renge ewet bo rûn bibêtewe, ke zimanî qisekerekan ser

[105] Ebdulla, *Şîkirdinewey Deqî Şî'rî Le Ruy Zimanewaniyewe,* s. p, r.33.

bekame dyalêkitn yan le çişiwênêk rûdaweke ruy dawe “taybetmendî şa’îru nuser lehelbjardnî wişeye”[106] hendêk carîş wişekan morkî nawçeyî werdegrn, bêguman zimane grêy hemû ew têbînyane dekatewe ke bitwann lêkoleran û rexnegiran be diway ew peyiv û rstane biçin ke jîngeyîn bo zanînî serdem û binçîney rûdaweke.

## 2.3. Tuxmî Ziman Le Şano Da:

Ew zimaney ke şanoy pê denûsrêt bepêy serdem û deq degordrêt, serdemanêk wek le laperekanî pêşutir amajem pêdawe nek her le gel Şano da şî'r sewday hebuwe, belku destemlanêy şano buwe. ziman destî heye le dirusitkirdinî tewawî janre edebiyekan renge binyatekanî tir ew deselateyan nebêt weku ziman ke bpernewe ser hemû binyatekan û bigre le naw hemû regezekanîşda hejmûnî xoy tyada zeq katewe. ewey dekrê pêy le ser dabigirîn wek bestneweyek şano peywest krabû beşî'r, belam gorankayekan nek her le xudî şî'r ruy da belku le ziman û nûsînewey şanoşda ruy da ewîş zimanî pexşan bû. flîp sdnî ke rexnekrêkî sedey şazdeheme le barey şî'r û siruşitî şî'r delêt “şî'r bekurtî wênadne ca eger wek honirawe nizim nûsrabê yan weku pexşan”[107] şa’îran û rexnegiran û feylesufan ta kotayekanî sedey hejdem lasayî kirdinewey siruşit û îlham lay xwawendiyan bekar dehêna. lepaşan şa’îran şî'ryan be hest û soz û xeyal pênase dekird DR. Senger Hacî le têzî dkitorakeyda pêy waye “le pexşanda ziman hem derbrî tuxm û regezekanî dîkeye û hem cewhere, belam leşî'rda ziman teniya cewhere”[108] kewate ziman le nûsînewey deqî şanoyda be şêwey pexşan amadeyî zêdetirî heye wek le şî'r, şî'r le her qonaxêk û rêbazêk dabêt yaxud feramoşî her regezêk krabêt ew pêkhatey wek xoy mabêtewe ke derbirînekeyetî zimane.

Şa’îrêkî siruşit naskî elmanî kunrad le barey zimanî şî'rewe delêt “şî'r cîhanêke bo xoy wergêrdirawe bo ser ziman”[109] her nûser û şa’îrêk be corêk gêranewey babetêk dekat le rwangey bînînî xoy be şêwe û keristey ciyawaz û be zimanî ciyawaz le rûdawêk dedwên boye gêranewekanyan ciyawaziyan heye renge corî rûdawekanîş ciyawazbin yan weku yek bin. şa’îrew berbestey kêş û serwa deşkênê ke renge bo

---

[106] Xidir, R*egezekanî Dirama Le Şî'rî Lîrîkî Kurdîda Krmancî Xwarû 1980 Raperîn*, s. p, r.31.
[107] Resul, *s. p*, r.20.

[108] Hacî, *Felsefey Şî'r Û Şî'rî Felsefî Le Edebî Hawçerxî Kurdî Da*, Hawlêr, s. p, *r*.105.
[109] alşîyab, s. p, r.8.

gêranewey babeteke şî'r têrî nekat boye pena bo regezêkî tir debirdrêt ke pexşane, can mîşal xufar le pertûkî şîkarî şî'rî da delêt”ziman take madeye şa’îr heyetî”[110] boman rûn debêtewe ke binyadî zimanî madeyeke şa’îr natwanêt destberdaryan bêt regezekanî tir weku ciwankarî şî'rî bekaryan debat detwanêt dest berdaryan bêt. pol rîkor delêt “şî'r zimane le xizmetî zimane”[111] lew wuteye rîkorda boman derdekewêt, ke le gel bo çûnekey can mîsal nizîke ke ziman cewherî şî're, belam ewey rîkor ziyatir firawanî dekat ke xizmetî zimanî asayî dekat emeş renge zimanî xelikî asayî xalî nebêt le derbirînî şî'rî wata karîgerî zimanî şî'rî beser zimanî xelikewe debêt. Le Şano da bew pêyeî be çendîn qonax da guzerî kirduwe be pêy qonaxekanîş têrwanîn le ser zimanî deqî şanoyda yaxud zimanî pêşkeş kirdinî deqekanî şano bo xiwêneru bîneran gorankarî beser dahatuwe, boye eger seyrî têrwanînî rexnegiran û bîrmendanî şanoyî bikeyin le rabirdûda cext le ser ewe dekenewe ke şano pêwîste be zimanêkî bala binusrêtewe xiwêneran û bîneranîş debê le çînî serewe bin em têrwanîne be têrwanînî kilasîkî leqelem dedrêt ke bo maweyekî duru dirêj berdewamî hebû.

Le serdemî goran bo romansîzim le edeb şanoş ber em şepole kewt ke gorankarî neteniya le nawerok û babetda kird, belku layenî dereweş ber em gorankariye kewt ke be pexşan yan be pexşan û şî'r deyalogekan degutiran zimanekeşî zimanêkî sadeye bekarhênan û têgeyşitinî asane beberawird le gel zimanî şî'r, herweha boye babk Ahmmedî delêt “leşî'rda watay wişekan bedeng rast dekrênewe û le pexşanda dengekan be wata rast dekrênewe”[112] bekem ziyad kirdinî deng le şî'rda manaw peyamî degorêt, belam le pexşanda ewe giring niye belku teniya bitwanêt be başitirîn şêwe peyameke bigeynêt ke eweş amancî şanoye. gêranewey rûdawekan be îslubêkî rewanbêjî ke girngiyekey eweye ciwanî bixate rû ke wesifêkî ciwanî be rûdawekan bidat, ray klasyekyekan peyrew dekra, keçî gêranewe be zimanî sade û darişitinî rûn be zimanî pexşan lay ryalîstyekan bere bere le tiyorî edebî rengî dayewe boye hendê xeyalîş be hoy naryalîstî le wesifkirdina ret kiranewe ewe bû arastey bîrkirdinewekanî gorî le bekarhênanî ziman le nusînewey dastan û şano û çîrok... htd. eme ewe nageynê kewa xeyal û wesif le şano xalî bêt, belku xeyal û wesif le xizmetî rûdaw

---

[110] s. p, *r*.106.
[111] Hacî, s. p, 2011, r.108.
[112] Ebdulla, Şîkirdinewey Deqî Şî'rî Le Ruy Zimanewaniyewe, s. p, *r*.38.

Kesekan bêt mexzaw endêşey nûser hengaw be hengaw amanc bipêkêt. xerîb niye bilêyin ke şano le gel bûnî şî'r ledayik buwe, bew zimanewe exrîqyekan şano nemirekanyan pê honîwetewe, her weha şî'r twanî le nêw şanoy exrîqyekan guzarişit le gewireyî tirajîdya bikat, reheman katda twanî dastanîş dirusit bikat, goranîş binûsêtewe, herweha tiwanî be kêşî şî'rekan zaniyarye kşitukalyekan û pzîşkyekan û gerduniyekan binusêtewe. eger kat û serdem way kird ke zimanî pexşan dest beser layenî eql û mentîq dabigirêt, belam bekarhênanî şî'r le cîhanî xeyalîda serkewt. şano peywendiyekî tund û tolî le gel şî'rda heye boye be zehmet debînîn le serdemekanî nawend û rênsans û seretay romansyetî ewrupî şano be şî'r nenûsrabêt.

Eger seretay çerxî niwê be zorbûnî pexşanî şanoyî nasirawbêt ke babet û madde xamekanî eql û ryalîstî bûn, be hukmî ewey şano le cîhanî xwawend û palewanekan dabezî bo mirovî asayî, le gel eweşda debînîn ruhî şî'r le şano cîhaniyekan bekardêt hetaku êstaşî le geldabêt, ew heqîqete pêman delêt ke şî'r cewherî şanoye, şanoş ruhekeyetî. eger çaw be sed salî rabirduwewe bxşênînewe ew karane debînîn ke nûseran deqî nûsrawî şanoyan heye her yek le epsin û çîxof û onêl û elyot û brêxt... htd debînîn be şî'r û pexşan şanoyan nûsîwetewe dekrêt berawirdêkî le ruy zimaniyewe bo em dû core bikeyin:

- Kêş teniya le şî'rdaye nek pexşan

- Şêwazî derbirînî şî'ryet:wata bekarhênanî wişey bzwên û kerese wirdekariyekanî hunerî şî'rî ziyatir le şî'rdaye berawird be pexşanda.

-nawerokî şîryane: le gel ew kar têkirdine derunyaney lêwey dekewêtewe le şî'r xiwêner hest be heman hest dekatewe ew hemerengî û sozey şî'r heyetî le hunerî pexşanda niye[113]

Aristo pêy waye ziman bedyar nakewêt yaxud dirusit nabêt hetaku sê xal yan hokar nebêt:

1- “Ew Aydiyayeî ke dethewê lêwey bduêy, ke mana hokarêke bo dirusit bûnî ziman.
2- Siruşitî kesayetî ke zimaneke bekardênê.

[113] Salar, *Huner Û Jiyan, s. p, r.*178.

3- Ew wuşaney ke karîgerî pêşbînî kiraw dirusit deken”[114]

Kewate Aydiya û kesayetî û mexza pêkhatey zimanîn, eger yekêkyan bzr bû ewa zimanîş bedyar nakewêt. be hoy bekarhênanî hunerî zimanî dekrêt Aydiyake be zehmet yan beasanî bitwanêt şîkar bikrêt le layen xiwêner /bîner, ke dekrêt bilêyin le deselatî zimanîdaye. detwanîn bilêyin ke gwitarî şî'rî ciyawaze le gel gwitarî pexşanî, eger pexşan nûs ziman bekar bihênê weku şa’îr ewa gahr mkî delêt “ewa Aydiya ciyawazyekî cewherye le bekarhênanî ziman lelay şa’îr û pexşan nûs, yan le nêwan zimanî şî'ru pexşan, boye zimanî şî'rî zimanêkî taybete”[115] boman derdekewê ke şî'r zimanekey berdewame, tiwanay wrujandin û zînduyetî û rara xistnewey heye, teniya guzarişit yan helqulawî kêşekanî rojane nakat, belku le wîjdanî qul heldequlêt ke guzarişitêkî hest û soze hendêk peyiv berhem dehênêt guzarişitêkî derunî û hestî taybete tiwanay ewey heye wêneyekî ciwan le hestekanî şa’îrman pîşan bidat, ciyawazyekî tirî zimanî şî'r û pexşan delên zimanî şî'r zimanî hestekane, zimanî pexşan zimanî eqle mebestî pexşan geyandinî Aydiyaî qiseker yan nusere ew rstaney ke bekarî dehênê raportye betewaw bûnî mebestekeşî tewaw debêt, kêşekanîşî binyate le ser hizir, belam şa’îr deyewê bezimanî wêne qise bikat le wişew ristekan le naw zimanekeşda wênew xeyal pexş dekat hendêk derbirîn heye bo şî'r guncawe û derbirînêkî ciwane renge bo pexşan bekar nehêt be hukmî lêkçwandin û wesif û şiwên gorînî wişekan wek berebeyan û xoşewîstî û hîlakî û mang û kanî û... htd em peyivane guzarişit le jiyan deken be xêru şerewe beciwanî û naşîrîniyewe, ew peyive lêkçûnane û ciwananey şa’îr dewestêt katêk guzarişit kirdin le hestî xoy tewaw debêt paşan dest dekat be têkel kirdinî le gel peyivekanî tirî dîke guncan dirusit dekat le gel baseke da.

Dekrêt bilêyin ziman tecrubeyekî rûhye cewherêkî rast û dirusitî hunerî şî're, boye em cewhere tenha le wezn û qafyeda nabînrêtewe wek ewey le rûxsarî şî'rekanda bedyar dekewêt, belku le rûhî şa’îrewe em zimane heldequlê bêguman ruhîş pakitirîn şiwêne ke bikrête zimanî rastgo. ziman bexoy tenha komelêk wişeye belam em wuşane meric niye wişey şî'rî bin, eger bilêyin zimanî şî'rî wişey dirusitkiraw û hemaheng û erkdarn, boye zimanî şî'rî tenha le nawerokda le ziman

---

114 Yehîye, *s. p*, r.50.

115 Abdulle, Bina Lluxe Alş'r Fî Dîwan Fî Ma'bed Alkelimat Lis'd Deruyş, mucele mexber, cami’e Muhemmed Xîdh-biskere alczaer, al’ded alsab', 2011, r.85.

ciyawaz niye, belku binyatekeşî ciyawaze[116] eweş şiwênî berzî ziman degrêt dataşrawe le zimanî resenî xoy, grayam rexnegrêkî edebiye pêy waye ke rexneyî edebî şanoy le jêr deselatî çoteder pêy waye behay şanoyî le edeb daye newek nimayş be pêçewaney grutufskî lepertukî berew şanoy hejar pêy waye debêt nimayş bikrêt, belam grayam pêy waye zimanî edebî beriz lelay cemawer bê bayex dekrêt behay kemî bo dadenirêt boye delêt “şanoy cdî leberamber şanoy puç legeranewe daye leqalbêkî edebî bo qalbêkî amaje û qisey nardn û diyalogêkî berdewam tênegeyşitû lexowe”[117] lewewe lem nûsere degeyn ke zimanêkî wuşk û aloz samanî edeb û rexneyî edebiye.

Rexnegiran le ser ewe kokin, ke şano beşêk niye le jiyan, belku beşêkî gewirew zorî jiyane hemû manakanî mirovayetî û mentîqî û hunerî ciwan dedat ewey şî'r û şano beyekewe debestêtewe teniya kîş û serwa û awaz û mosîqa niye, belku rexneyî niwê delên şî'r û şano behemû karêkî hunerî edebî lêk debestêtewe. hendêkyan way bo deçn ke karêkî edebî ruhî şî'r û şanoy têdanebû ew kare edebî niye. boye binyatî şanoyî dramî birîtiye le helêncanî ciwaniyek le encamî karlêkirdin û culanî beşekan û nawerok û zînduyetî xanekaniyetî, her katêk Aydiya grêdraw bû behêlî serekî ke rolî brbrey pişt û laşey karî edebiye, ewe hêlekanî tir weku rolî demar û lule û xanekan degêrin û arastey hêle serekyeke dekrên.

Ziman karîgerî û rolî gewire degêrê le naw Şano da nek teniya le naw deqî Şano da bo danan û darişitinî wişew ristekan xwêdneweyan lelayen xiwêner, belku karîgerî zorîşî le ser bînerîş debêt bo nimune katêk hendêk dêrî tirajîdî yan karîger deçrpênî be guêy cemawerda lekatî nimayş ewanîş hawar deken dubare dubare. pan û berînî şanoy exrîqî û jimarey cemawer dewiriyan hebuwe lewey wişekan bedîlî wêney bînrawn, çunke cemawer heye le peyjekanî dwawe dadenîşêt neydetwanî hemû peyjekan bibînê ewey leşano rûdedat boye pêwîst bewe dekat zor car wişew peyivekan be zimanî bo nêrdiraw û cemawerekey bêt karîgerî le seryan becêbêlêt. şano herdem bo nimayşe ew mericeş herdem le zeynî danerekeyetî boye şano guzarişitêkî ryalîstye, reber ewey beheman ew şêwaz û zimane qisedekat ke kare orjînaleke/resen heye. detwanîn bilêyin ke şano guzarişitêkî hunerî bekomele leber

[116] Abdulle, *Bina Lluxe Alş'r Fî Dîwan Fî Ma'bed Alkelimat Ls'd Deruyş*, s. p, r.87.
[117] Birtiş, Dîfîd, L*uxe Aldirama*, tercume: Rebî' Miftah, metbi’e almclis ala’la lltheqafe, tabi’ alûle, alqahire, 2005, r.22.

ewey daner û mosîqa û ekiter û semaker û goranî bêj... htd beşdarn le pirosekeda ta beberhem degat. blwitar xus delêt “wenebê mosîqa tenha palpiştyekî lawekî deqêkî şanoyî bêt, belku bzwêneru culêneryetî”[118]

### 2.1.4. Berawrkirdinî Tuxmî Ziman Le Dastan û Şano da

1- Dastan be şî'r denusrêtewe ewa şano le baweşî şî'r le dayik buwe.

2- Eger gorankarî le ruy kîş û mosîqawe beser dastan hatbê ke hendêkyan lelayen şa’îranewe wişekan rêkxrawn têrwanînî ewanîş zale le gêranewey rûdawekan ke be zimanêkî beriz dehonrayewe hendêk dastanîş le şî'rî goranî mîllî denusran û degutiranewe piştaw pişt şî'rî goranî/wîjdanî lyrsme”ke şêwey sadew sakarî folkilorî mîllî pîşan dedat bas û xwastekanîşî her bezm û rezmî rabwardn û evîndarî şêwe sakarekey netewe pîşan dedat zimanekeşî heman ew sadeyeye betakîş degutirêt, belam corêkî tirîş hebû lew goraniye mîllyane ke be take kesêk nedegutiran pêşkewtûtir bû ke zimanêkî beriztirî hebû le corî yekem, ewa şanoş lezimanî şî'ryewe peryewe zimanî pexşanî boye regez û tekinîk lew dû regeze edebiye ta radeyekî zor lêkçûn le nêwanyan da heye, “lew rojaneda, ke şano be zimanî şî'r zbanî bja, komele yarîdederêk le ara dabûn, ber le gişityan bo kereste xawekey degerêtewe, ke dastan bû”[119]

3- Le gêranewey rûdawekanî dastanda leber ewey bo netewe denusrêt, çunke mulkî tak niye boye debê kemtirîn şêwazî ciwankarî belaxî bekar bhênrêt bew watayeî kemtirîn ladan û zeqkirdinewe lezimanî asayî bikrêt bo ewey hemû takekanî mîllet bitwann rûdawekanî dastan le naw defî sîneyanda helbigrin, eme bo şano rastire û guncawtire ledastan eger şêwazêkî belaxîş bekar bihênê bo ciwankarî, belam zimanî şano zimanêkî asaye xiwêner/bîner têkra hengaw behengaw le gel rûdawekan deron.

4- Le dastan da zimanî şî'r be hoy bûnî kêş û serwa û birge hestekanî şa’îr le naw xudî şî'rekanda bedyar dekewêt emeş be hoy ew huneraneye ke şa’îr bo derbirînî hestekanî penay bo debat, belam Le Şano da helçun le rêgey diyalog

---

[118] Salar, *s. p*, 2005, r.74.

[119] Salar, *Kursî Û Beha Diramyekan*, lêkolînewey çame walakanî (kursî) y Şêrko Bêkes, s. p, r.13.

û menelogekanî zimanî kesayetyekanewe derdebrêt bo ewey amancekey bpêkêt.

5- Le dastan da şêwe zimanî şa'îr yaxud stander bekar dehênrêt bo gêranewey rûdawekan û derbirînekanda belam Le Şano da şêwezar û zimanî karekiterekan bekar dehênrêt ke renge hemû karekiterekan zimanî axawtnyan weku yek niye, reber ewey her yekeyan le jîngeyekî ciyawaz û roşenbîryekî ciyawazî heye, eme bo ew dastananeş rast derdeçêt ke mîllîn be dyalêkitêk nûsraynewe yan be şêwey goranî derbirdrawn.

6- Ziman le şî'rda le dû rehendewe bedyar dekewêt, ke hewal geyandin û sîmbule boye her yekeyan nakirêt cyabkrênewe. bebê hewal û peyam geyandin şî'r debête kodêkî nekirawe yaxud aloz kemtirîn xizmet dekat wek ewe waye bo xot nûsîbê sûdekeşî her xudî şa'îr bêt. her weha bebê sîmbul û nihênî ke le nêw dêru wişekan heşar dirawe deqî edebî şî'ryet le dest dedat û debête qiseyekî rojaney asayî. boye pêwîste şa'îr bo dirusitkirdinî qesîdeyekî şî'rî ew peyivane bihênête naw şî'rekanî ke karîgerî û manay sûd bexş dirusit deken erkyan heye le koy dêrekanî şî'rda eger erkdar nebêt ewa nebûnî çakitire. boyeşe delên debêt şa'îr zimanekey firawan bêt û şarezayî çakî hebêt û dur bikewêtewe le bekarhênanî manay krç û kal û lêkçûnî droyne û sîmbulî nadiyar, ke pey be manakey nebirdrêt û wesifî dur û guzarişitî narêk, bo ewey hem peyam û îstatîkayekey, ke dû rehend yan dû astî bînînî şî'r be amanc bgeynê. îbin tebaba le pertukî 'eyîar alş'r meric bo ew şa'îrane dadenê ke byanhewê qesîdeyek binyad binên pêwîste "manakey xawên bêt û rûn bêt bguncêt le gel mexzakey, ew peyivaneş ke heldebjêrê debêt yekangîrbêt pêwîste peyivekanî şermûn û têkelaw û dijyek nebin"[120] Le Şano da darişitinewey wişekan ca çibe şî'r bêt yan pexşan dirusit kirdinî guftar bo derbirînî Aydiyayekan, diya nawerokî watakeye zimanîş ew şkleye yaxud ew qalbeye ke nawerokî watake le xo degrêt. îbirahîm delêt "ziman darişitinewey guftare bo aydiya"[121] boye debêt peyamekey rûn bêt xiwêneran û bîneran hest

---

[120] Alminaî, Beşîr, *Elluxe Alşhi'riye 'Inde Alşinferî*, risale macistîr, cami'e alcezaer bin Yusif bin xede, kuliye aladab walluxat, 2005 –2006, r.16.

[121] Yehîye, *s. p*, r.50.

be narûnî peyameke neken, çunke Le Şano da ziyatir be hoy zimanewe Aydiyau peyameke degat newek kirdewekanî karekiterekan.

## 2.2. Tuxmî Ziman Le Ruy Pirakitîkewe

### 2.2.1. Tuxmî Ziman Le Dastanî Mem û Zîn Da

Zimanî Mem û Zînî Rehman Bekirî gêrerewe zimanêkî kurdî –mukryane wek hêminî şa’îr delêt “min le mêje bîr lewe dekemewe çone zor beytî konî kurdîî wek Mem û Zîn, ferx û stî, xec û syamend, seydewan, zembîl froş û şêxî senan be herdû şêwey mukryanî û botanî hen”[122] raste xanînemir twanî şakarêkî gewire dirusit bikat be zimanî şî'rî taybet be xoy, belam neytwanî beyte koneke lebîr xelik bbitatewe, ke hendêkyan le ser zarî xelik her mawinetewe. em wişaney, ke bekar hatûn pirin le wişey resenî kurdî û sade û sakarin zorbey wişekanîş le nejadewe kurdîn bew pêyeî dastaneke le ser zarî xelikewe wergîrawe û ko kirawetewe wişey resenn wata wişey dataşraw kemtir debînrêt le honînewey beytekanda.

Honer le darişitinewey beyte şî'rekanî nehatuwe hemû wişekan taybet bikat û dabrênê le dyalêkitekanî tir, bigre wişey dyalêkitekanî tirîşî bekarhênawe:

“Dengî leşkryan da le şarî cizîrê
siwar siwar debin, qoşen rastey lê degîrê
mîr hat û ronîşit le dîwanê
delê bênn qetarê barken le gencxanê
biçin ew wilatem bo berheq biken, ca dênim şad û îmanê”[123]

Wişey ronîşit ledyalêkitî krmancî bekardêt le mukryan kem bekardêt, le cyatî wişey koga wişey genc xanêî bekar hênawe û zor başî pêkawe, kexanuy gencîneye, paşan wişeyqoşen îşî bo supa/leşkr bekar hênawe, renge mebestî bêt hawwata bo manay supa ziyad bikat. kewata mebestme bilêm zimanî dastaneke buwe be kokerewey wişey ferhengî kurdî û sadew parawn.

Honer yarî be wişe kurdî û farsyekan dekat carêkyan kurdyeke bekar dênêt carêkîş farsyeke katêk zîn lomey xoy dekat wate heman karekiter ke serzenşitî xoy dekat wişe kurdyeke dekate wişey bêgane:

---

[122] O.Mann, *s. p*, r.49.
[123] O.Mann, *s. p*, r.212.

yayezîn delê:

"hey le xom rûreş û baban wêranê
taqe kurekey biraym padşay yemenê
bête şarî cizîrê be qisey minî ser betal û bê xudanê"[124]

yayezîn delê:

"rûsiya bûm, babanm wêrane
emin le kinm wabû, etû serkirdey le şkirî, çuy berheq bkey ew êlane"[125]

Honer bo derxstnî ciwanî Mem û bengîn xwastirawî bo bekar hênawe, ke roj û mange emeş hunerî rewanbêjye lehonînewey şî'rekan zor bedî dekrên em corey lêkçwandin pêy degutirê lef û neşrle corî lef û neşrîşda, eme lef û neşrî muretebbe, çunke rêzbendî lêçû û lewçiuwekan parêzrawe:

"Lew axaw nokere muhtebere
maşalla yekiyan delêy şemse, yekiyan delêy qemere"[126]

Le beytêkî tirda honer bo derxstnî ew azarey le dilî Mem daye bo êmey aşikira dekat le ser zarî Mem ke bo bengînî nokeru hawrêyekey bas dekat be kurey agrî deçwênêt, ke westanî niye û glpe desênê bew manayeî, ke be gure westanî niye lêdedat bo me'şuqekey ew ladane şî'ryeî le şî'reke encam dirawe zor serkewtû buwe le ristey asayî laydawe, belam ladanekey behêz niye wata zor zeq niye bengîn pêy delê:

"Qurbant bim kwêt êşawe
deygut bengîne!metirse, jiwanm degel yayezînê ronawe
dilim delêy kurey agrey westayane, gelêk le coşe"[127]

Dêrekanî ke bo gêranewey dastanî Mem û Zîn bekar hatuwe le şêwey bendin û mosîqay kurt û dirêjî be giwêrey peyamekeye, renge dîrêk kurt bêt wate wişekanî kemtir bin le çaw dêrî diwatir hendê carîş be 3 beyt manakey tewaw debêt :

"Bengîn, megrye, bebê kake Mamî lêm heram bê ew rawe
bengîn, helse, biro, ramemêne
dexîlt bim, rawî sibheynê xoşe, xeberêkî mîr memim le bo bêne"[128]

---

[124] O.Mann, *s. p*, r.214.
[125] O.Mann, *s. p*, r. p .
[126] O.Mann, *s. p*, r.178.
[127] O.Mann, *s. p*, r.204.
[128] O.Mann, *s. p*, r.204.

Wişey megrye beramber wişey helsey bekar hênawe bo ewey guncan dirusit bikat egîna debwaye pîtî e danenêt bo wişey megriye, debû megrî bekar hênabaye. hendêk carîş xiwêner hest bewe dekat core rêkxistinêk le rîz kirdinî wişekan da heye, belam rîz nekirawin yan eweta le çap kirdin gwê bem core rîz kirdinane nedirawe,

Honer hewlî dawe hendê car tewawî dêrekan kemtirîn heley awazî hebêt le gel nîwe dêrî diwatir, belam dîsan bebê xewş nemawetewe:

> “Kê bû le bengînî gulbare
> dehat û be giryan û be heşitawe
> heta degeye mîr Mamî, deygut
> bequrbant bm kwêt êşawe?”[129]

Le çend dêrêkda boman derdekewêt honer destî hebuwe le darişitinewey beytekanî dastanî Mem û Zîn û guncandinî le gel nîwe dêrekanî tirda, bew manayeî zorî le xo kirduwe bo derbirînî beytekan.

mîr delê:

> “Hoy bengîne, debila tedarekî bigrin, espî min bikenewe zîne
> înşalla beselametî kakeMamî bo male qeretajdînî biçîne”[130]

Wişey biçîne le ciyatî bibewe bekar hênawe heman erkî dawetê bemeş serkewtû nebuwe le erk bexşîne be wişey bibewe, nengî dirusit kirduwew honer teniya bo ewey awazekey le gel wişey zînebêtewe em karey kirduwe.

Honer  cugrafiyay rîz kirdinî wişekanî be narêkî kirduwe eger be hoy nîşaney wêrgul, nebêt, xiwêner le katî xwêndineweyda awazêkî rêkî ber gwê nakewêt ke bilêyin em şi're mosîqadare yan le şêwey bend gutirawe, rem dêre beyte da xatû estî bangî bengîn dekat û pêy delê:

> “Bengîne!tenganî şil bikêşe ewber ewbere
> eger bengîn espî mîr Mamî dehêna, pêy de rkêfê na, bikewête sere
> herçî kirdî, hêzî nebû qelendere”[131]

### 2.2.2. Tuxmî Ziman Le Şanoy Mamê Alan Da:

Eger çî E. R. Hekarî şanokey bepexşan darşituwe, belam çend dêrêkî şi'rîşî têkel kirduwe le Ruy zimanewe seyrî şanoy E. R. Hekarî bikeyin debînîn hewlî dawe

---

[129] O.Mann,  *s. p*, r. p.
[130] O.Mann,   *s. p*, r.205.
[131] O.Mann,  *s. p*, r.206.

rewantirîn zimanî nusînî le wişe ferhengyekan bekar bênê ke kurdî krmancî ew serdem hejmûnî wişey turkî û farisî zorî le ser bû, le gel eweşda ewey selmanduwe ke rêsa cîhanîyekanî zimanî şano debêt rewan û paraw bêt be zimanî xelikî binusrêtewe, hekarî emeşî kirdr. renge pirsyarî ewe bikrêt ke bo beşano basî dastanêk dekat, belam hekarî hewlî dawe be regezêkî ciyawaz ke şanoye perde le ser palewanî Mamê Alan heldatewe ewîş nîşandanî ciwamêrî Memoye ke amadebû bûkî yek hefte cê bhêlê bçête berey ceng diway salêk bigerêtewe, almsreh almelhemî şanoy dastanî teniya nîşandanî mêjû niye, belku çakitirîn rêgaye bo aşikira kirdinî rastyekan. şik leweniye ke zanist û eql û rastî lebeha berizekann, boye rehendî rastî namo niye leedeb.

Helbjardnî nawî kurdî bo karekiterekanî naw şanoy Mamê Alan nîşaney peroşî nûsere bo zimanî kurdî, helpjardnî nawî çavreş, Xezal, rewend nawêkin ta êstaş le naw krmanc da bekar dehênrên. kiliç Hazia sebaret be zimanî şanoy E. R. Hekarî delêt “dibeysê da zimanekî pir sade û xiwe rûhatî bikar înan mirov dikare bi hêsanî bêje ku beys tam li gundên kurdstanê li hêla hekarî da peyivin wisa hatye nivîsîn, peys biserê xiwe esereke bêjeyî ya hêjaye, rê rûmetawê, bhn stiranên gutî da girtnî ne zêde kirdibe”[132] ew zimaney ke bo diyalogî şanoyî bekar hatuwe zimanî deverî hekarî nawçey colemêrge leber ewey nûser E. R. Hekarîxelikî ew nawçeyeş buwe, xoşî şa’îrêkî qelem rengîn paraw buwe giringî be xawênî dyalêkitî kirmanciyekey dawe bewey le zimanî bêgane be dûr bêt. sereray ewey hendêk wişey bekar hênawe wişekan le bineretda turkî nîn, belku erebîn nûser wîstûyetî xoy lê bedûr bigirêt, belam hendêkyan hawşêwey nebuwe le kirmancî yaxud ledyalêkitekanî tir whendêkîş lew serdemeda her ew wşane bekar dehatn weku wişekanî selamûeleykum, destur, emir, helal, xeza, razim, yareb, emanet, însaf, wicdan, xêr, şer, mumkin, esker, rayq, cewab, îftîxar, înkar, ecayb, meazellh kemtirîn wişey turkî bekar hênawe le şanonamekeyda lêreda nûser wîstûyetî kurdayetî û ayin le şanoy Mamê Alan reng bidatewe weku ewey le nawerokda encamî dawe. E. R. Hekarî beşêkî şanokey be şî'r nûsîwwe, ke le şî'rekanîda awaz û mosîqayekî şî'rî zor xoşî dawete beyte şî'ryekan, ke xoy şa’îrêkî be tiwanaye le nûsînî şî'r le kotayî deqî

[132] Ahmmed, Edile Cemîl, *s. p*, r.42.

şanokeyda Xezal û çavreş beyekewe be yek aheng ew şî're delênewe katêk be nezanîwwe dayikî xencerî le kurekey dedat û delên:

"Herê Memo, Memê ebasî, ebasî ! 12 birgeye

birîndaro Memo, dayê kor bit, nenasî !"[133] 12birgey

Seruay dû nîwe dêre şî'reke ebasî / nenasîye pîtî serwakeş s wişey dubare kirdinewey ebasî cext kirdineweye le dû layenewe, yekemyan ta rîtmî şî'reke xoş bikat û duwemîşyan ta pêman bilê Memebasîye ke dekrê dayikî Mem ebasî bêt wek le jiyannamekey E. R. Hekarî basm kirduwe ebasî bê yan eşîretekey Mem be ebasî nasrabin, rew parçe şî'raney hekarî bilawî kirdotewe kemtirîn ladanî encam dawwe wata şî'rekanî sadew asann le çiwar çêwey pirensîpî şano derneçiuwe, ke zimanêkî asan bekar bênêt. E. R. Hekarî le deqî şanokeyda wek şa'îrêk peyrewî serwa û dwa seruay şî'rekanî kirduwe, guncandinêkî çakî kirduwe le nêwan wişekan û herweha le şî'rekanîda guncanî le nêwan Aydiyaî şanokew beyte şî'ryekan kirduwe ke lem ruwewe zor serkewtû buwe peyamekey beşî'r geyandote xiwêner. nûser peyrewî nîşanekanî xalbendî kirduwe le şî'rekanî bigre lew deqe gifit û goyaney, ke le nêwan karekiterekanîş encamî dawe wek be kar hênanî nîşaney ?, !, . , wêrgul cêgey bekarhênanekanî lecêy xoy buwe.

### 2.2.3. Berawird Kirdinî Tuxmî Ziman Le Dastanî Mem û Zîn û Şanoy Mamê Alan Da

1- Zimanî nûsînî dastanî Mem û Zîn be zimanî kurdî mukirî nûsrawe, deqî şanoy Mamê Alan be zimanî kurdî krmancî hêlî hekarî nûsrawe.

2- Zimanî gêranewey dastanî Mem û Zîn sadeye peyrewî yasakanî şî'rî nekirduwe le ruy kurtî û dirêjî û serwa û dwa serwa û xalbendî danan le şiwênî guncaw herweha dure le zimanî aloz, le şanoy Mamê Alanda le zimanî asayî beriztire, peyrewî tewawî yasakanî şî'rî kirduwe herweha peyrewî westan û nîşaney xalbendîşî kirduwe.

3- Le dastanî Mem û Zînda dirêj dadrî le gêranewey çîroke kirawe û peyameke zor be xawî degate xiwêner le gel eweşda heley têda kirawe wek xatû stî delê

[133] E.R.Hekarî, s.p, j 16, r. 17.

"mîwanî mine padşay êranê teniya bo ewy buwe le gel dêrî serewey bguncênê Mem û bengîn û xatûn estî ronîşitn şan be şanê"[134] Memî kirduwe be padşay êranî û paşan deykatewe padşay yemenê boye bûnî hele le dastanî mîlletêk xewşêkî gewireye, le şanoy Mamê Alanda kurt brî zor kirawe peyamî xêraw kurtî têdaye Aydiyakan be wişey kurt û pir mana nûsrawe kemtirîn heley zimanî debîniyewe.

4- Le dastanî Mem û Zînda ferhengî wişekan lebeyte şî'ryekan zorbeyan folkilorîn û saden le nejadewe kurdîn her le ser zarî ew xelikewe kokirawinetewe be destkariyekî kemewe lelayen gêrerewe, le deqî şanoy Mamê Alanda darişitinî wişekan û guncanyan le gel yekitir kurdîn, belam wişey zorî erebî –îslamî xstote naw deqeke.

5- Le dastanî Mem û Zînda cugrafyaî şî'reke gêrerewe be arezuy xoy dêrêkî dirêj kirduwe dêrêkî kurt kirduwe teniya mebestî gêrerewe ewe buwe peyameke bigeynêt be pêy henase siwarî û ciwanî wişekan, şî'rekanî naw deqî şanoy Mamê Alanda cugrafyaî nîwe beytî yekem le gel nîwe beytî duwem weku yeke, eger nîwey yekem çend birge bêt ewey duwem beheman şêweye sereray bûnî zor kem narêkî le jimarey birge kanda.

6- Le dastanî Mem û Zînda gêrerewe her carew bepêy arezuy xoy hendêk carîş bepêy guncanî le gel mosîqay bende şî'ryeke hawwatay wişe bekar dênît wek bekarhênanî supa, leşkir yan wişey bêganey bekar hênawe carêkîş wişey kurdî rû siya û rû reş, belam le deqî şano em core haw wata û wişey bêgane beramber be wişey kurdî bekar nehênawe û be hestyarî mameley le gel wişekan kirduwe û ta wişeyekî kurdî hebûbê wişey bêganey bekar nehênawe.

## 2.3. Tuxmî Kat Le Dastan û Şano Da

### 2.3.1. Tuxmî Kat Le Ruy Tiyoriyewe

Peywendî kat alzemanbe mirov zor kone zorêk qisew twêjînewey cyacyaî le ser kirawe ke zorbeyan natwann le mêjuy mirovayetî bdwên bebê kat. mirov le ser pişitî zewî dejî le gel bûnewerekanî tir weku ajel, ke zanayan bewe ciyawazî dekenewe

[134] O.Mann, s. p, r.186.

delên mirov ruh leberêkî qisekere, hendêkîş delên xûrewşitêkî komelayetye, hendêkîş delên xûrewşitêkî exlaqî heye, belam cenan belxin delê mirov bûnewrêkî mîjuyî zemaniye[135]. pol rîkor weha le boçûnekanî dedwê bestnewey kat be mericêkî bineretî dadenê bo mebestî gêranewe "kat peywest debêt be mirov beqed ewey guzarişit dekat be rêgay gêranewe ew kate gêranewe manay dirusit debêt ke bûnî kat bibête meric"[136].

Ewey xelik hestî pêdekat lekarî rojaneda katêkî asayî heye derwat hendêkyan bexoşî têdeperêt hendêkîş benaxoşî yaxud be asayî, belam lewe têdegen ke katî rabirdû, êsta, dahatûheye ke mirov ew tiwanayeî pê bexşrawe le katî rabirdû û êstaw dahatû bdwêt û ew çemkey ke zimannasan dawyanete pal mirovladanî şiwên kat her teniya le tiwanay mirov daye le bûnewerekanî tirî ser zewî daniye qise le ser hemû ew şitane bka renge rûyan dabêt yan rû biden le dahatû yan qise le ser xeybyatêk biken beheşit, cehenem, cnoke, frîşite, decal, ... htd ew beşe bemirov dirawe qise le ser bikat bêguman katekanîş hest pêkirawe dr. Muhemimed tufîq alçuy delêt "kat heye û bûnêkî waqî heye, beşêweyek detwanîn be agabîn lêy û le tewawî dyardew rûdawe waqî'îekanda dirikî pêbikeyin"[137] ew be agayeî mirov le kat nîşaney ew tiwanayeye ke xuday gewire pêy dawe, detwanîn bilêyin be agayî mirov le katekanda bo ewe degerêtewe ke mirov deyewê le rêgey katewe karekanî encam bidat û rêkxistinî bo bikat û sudî lêwer bigirît rastkirdinewey bo bikat ewey le rabirdû rûyandawe û le dahatûşda rewreweke be aqarî rast birwat be kemtirîn şikest derbazî bêt.

Le mêjûda zor rûdawî mêjuyî gewire rûyandawe bo ewey le hoy rûdanekey bgeyn û jîngey rûdanekey bzanîn pêwîstman beweye bgerêynewe ew serdem lewêşda pêwîstman be kate, Aristo delêt "zemen hakmtirînî hakmekane bewey tiwanay dozînewew helmalînî hemû şitêkî heye"[138] bo derxstnî heqîqet bêguman geraneweye bo rabirdû, kat detwanê gorankarî dirusit bikat lewey le dewru bermane goran beser jîngey dewru berman bênê beser temen û siruşit û jiyanman bênê, le gel ew raye nîm ke delêt eger mirov le naw çû katîş namînê, behebûnî mirov kat heye be

---

[135] Belxin, *s. p*, r.95.
[136] Alqadhî, *s. p*, r.21.
[137] Hacî, *Binyatî Gêranewe Le Dastanî Mem Û Zînî Ahmedî Xanî Û Romanî Şarî Mosîqare SpyekanÎ Bextyar Alî Da*, Hawlêr, s. p, 2007, r.76.
[138] Muhemmed, *Derwazeyek Bo Zemen Le Dirama*, s. p, r.19.

nebûnî kat niye. min bewe wilam dedeynewe ber lewey mirov dirusit bêt bêguman em cîhane hebuwe ke mirov le serî dejî be hebûnî şew roj royşitnî katekan ta ew katey ke adem hate ser zewî be kat dananrêt! be boçûnî zor le feylesufanî ayinî û fîzyaîî ke cule dirusit bû îdî kat le dayik bû wata ew katey ke adem pêy na ser zewî ew kate kat dirusit bêt eme rast niye, tenha ewe nebêt mirov tiwanay hejmarkirdinî katî heye, belam ber lebûnî mirov le ser zewî kat deroyşit boye kat leber ledirusit bûnî mirov hebuwe her le gel dirusit bûnî gerdûn kat heye. “zemen grêdirawe be cule be jmardnî culekan be jmardnî xêraw le serexo hîç zemenêk niye bebê cule”[139] kat karîgeryekî çalakî heye le ser jiyanî mirovekan, reber ewey binyatêke tiwanay ewey goranî heye le jînge.

Wek amajem pêda le serewe ke kat le cule daye û berdewame ew cule berdewameş wa dekat jiyan beberdewamî le karu cule dabêt Imamî Xezalî le barey katewe goran culanewey kirduwe be binaxey bûnî kat “kat peywendî be culanewew goranewe heye, eger emane hebin debêt ewîş hebê bepêçewaneşewe”[140], le ruy peywendye kat peywendiyekî betînî be mirovewe heye ew temeney tyaîtî û ew rabirdûey guêy lê buwe û ew dahatuweş wênay bo dekêşêt ke emane hemûyan peywendiyan beyekewe heyepul rîkor delêt “kat madam rêk dexrêt ke çiuwe naw gêranewe debête katêkî însanî, gêraneweş ew manaye dedat, çunke wêney sîmay ezmûnî kat dekêşê”[141], bêguman eger kat birwat cule kem bêt kemtir hestî pê dekeyn, belam xêra bû ziyatir hestî pêdekeyn, ke emeş mirov le qonaxêk debate qonaxêkî tir bar û guzeran û herweha goran lezemen goran le hestekan bedî dekrêt her boyeşe serdem rolî heye lewey ke renge çareser bo babetekan le xudî şa’îrêk ciyawaz bêt le serdemêk bo serdemêkî tir, dr. Ebdulla serac delêt “katî zîndûş heye, ke ewe niye be katjmêr û suranewey goy zewî tomarî dekeyn bigre kateke têkel û... girj û... xaw û baş pêşekî naxî mirove”[142]

Giring niye le gêranewe da royşitî kat kit û mit weku katî çîrokeke bêt leber giringî parçey dîmenî rûdaweke dekrê xaw bikrêt û xêra bikrêt bepêy giringî xoşî û

---

[139] Riyadh Musa Sekran, *Bina Alserdî Weldiramî Fî Alş'r Memduh 'Idwanî*, r.isale Macistîr, cami'e mune, 2007, r.47.
[140] Necim Xalîd Elwenî, *Binyatî Kat Le Sê Nimuney Romanî Kurdî Da Janî Gel, Şar, Raz*, dezgay çap û pexşî serdem, Slêmanî, 2004, r.38.
[141] Belxin, *s. p*, r.96.
[142] Ismaîl Sebah, *Çemk Û Îstatîkay Şiwên Le Edebda*, r.êkolînewe, dezgay çap û blawkirdinewey aras, Hewlêr, 2009, r.18.

naxoşî rûdaweke, çunke jîngey bîrkirdinewe û hestekanî be culan û geran degorêt “kat rolî nêwendgîrî degêrêt le edeb weku çon le jiyan ew roley heye û debînêt”[143], eger kat dûbare nebêtewe bew manayeî ke her çirkeyek royşit îdî debîte rabirdû ewa mirovekan natwann bgerênewe heman katî ryalîstî/waqî rabirdû tenha le mêşkî mirov be xeyal degerêtewe bo rabirdû yan nuser û şa’îr rabirdû bebîr xiwêneranyan dehênnewe bedem satî rûdawekan eger waneken çon detwanin hizirî xiwêneranyan bkêşne ew demaney ke rabirdû rûyan dawe be têkşkandinî katî ryalîstî/heqîqî û têkel kirdinî bexeyal wênay ew rojaneman bo deken, boye kat binyatêkî serekî regeze edebiyekane hemûyan tekinîkî ciyawaz bekar dehênn bo ewey xiwêneranyan bgerênewe heman ew serdem yan nizîk le serdemî rûdawekan.

Le ruy peywendî kat be şiwênewe zor le nuseran û bîrmendan giringî derkewtinî kat pêwîstî be şiwênêk heye taku derbikewêt weku çon enşitayn basî rehendî çiwarem dekat le diway panî û berzî û dirêjîewîş şiwêne le diway ewîş çend nuser û edîbêk giringyekeyan ziyatir derxst ke kat û şiwênyan beyekewe grêdawe ke kat le rûberî şiwên derdekewêt samoyl elîskender delêt “ew katane le şiwênda yek degrnewe, çunke serçawey pêkewe bestnyan le şiwên daye”[144] gaston başlar delêt “kat be çrî le şiwênda derdekewêt”[145].

Detwanîn bilêyin ke kat peywendî bekesekanewe heye renge kat lay krêkarêk le katî kar daye çawerêye karekey zû tewaw bêt ciyawaze lew katey ke dû xoşewîşit beyekitir degen ke nayanhewêt kat zû birwat yan le geşite deyewêt zû bgat bew şiwêney ke mebestyetî yan katekan le katî naxoşîda zor dirêj debinewe her narwat ciyawaze lew katey le katî xoşîda ke zû derwat, boye le naw karî edebîşda katekan bepêy giringî rûdaweke dirêj û kurt dekrênewe ke renge le rojêkda zorbey rûdawekan beser yekewe rûbiden yan zor xêra bkrên le deqekanda xiwêner lekatî xwêndineweyda wlamêkî debêt le zeynî xoyda.

---

143 Alsdam, Wicdan Sadiq & Yasîn, M'tez Qusey, Mestwyat Bina Alzemen Fî Ş'r Beşar Bin Berd, mucele dirasat albsre, alsne altase, al’ded 17, 2014, r.226.

144 Elwenî, *Binyatî Kat Le Sê Nimuney Romanî Kurdî Da Janî Gel, Şar, Raz*, S. P, 2004, r.38.

145 Elwenî, *Binyatî Kat Le Sê Nimuney Romanî Kurdî Da Janî Gel, Şar, Raz*, s. p, r.32.


### 2.3.2. Tuxmî Kat Le Dastan Da:


Le dastan da kat herdem rabirduwe, bekar hênanî karî rabirdû le gêranewey dastanekanda pêy delên rabirduy dastanî sîza qasm delêt “çunke rabirdû debête êsta bo xiwêner û bo ew karekiteraneş ke deculên le gêranewekeda”[146], belam le boçûnî niwêda beramber be kat besatêkî êstayî seyrî ew rabirduwe deken, ke nerêkxrawe ne rêk û pêk kirawe, çunke rûdaweke mêjuyekî kevnare, ke le zûda rûyandawe zor konn, dekrê şa’îr kar le ser katî rabirdû bikat be firawanî, reber ewey dastanîş rûdawêkî konî mêjûye dekrê kateke firawan bikrêt bas le çendîn rûdaw bikat yan çend neweyek bikat û serdemanêk wêna bikat bepêy boçûn û ezmûnî şa’îr renge şa’îr rûdaweke bgerênêtewe serdemanêk renge nûserêkî tir bîgerênêtewe serdemanêkî tir, detwanîn bilêyin ke şa’îr rûdawêkî mêjuyî degêrêtewe renge çendîn şitî tir lepal bas kirdinî rûdaweserekyeke bas bikat emeş bo wêna kirdin û nîşandanî jiyan û baru guzeranî xelike lew serdeme, boye kat le dastan da deselatêkî firawanî heye û giringyekî zorî pê dedrêt ebdulmelîk murtaz le barey katewe delêt “kat goşitî rûdawe, xwênî gêraneweye”[147] kat Le Dastan Da û gerandinewey bo serdemêkî mêjuyî diyarîkiraw renge nekrêt yaxud şa’îr ewe nekat, çunke ew kat şa’îr rolî mêjû nus degêrêt û berbest lebas kirdin û wesif kirdin û dirêj kirdin û lêk kêşanewey katekanî bo dirusit debêt, dastan be hoy hunerî nûsînewew gêraneweyda hendêk katî bo dirusit debêt bemericêk, eker şa’îr le nusînewey dastanekey tewaw bû mêjuwekey bas bikat yaxud katî dest pêkirdinekey emeş bew manaye dêt katêkî tir peyda debêt ewîş katî êstaye ême le serewe amajeman pêda kewa katî dastan rabirduwe, belam be hoy hunerî gêranewe kat debin be 3 kat 1- katî hîkayet 2- katî gêranewe û nûsîn 3- katî xwêndinewe[148] katî hîkayet û katî gêranewe rabirdûn belam katî xwêndinewe êstaye. DR. Necim Elwenî delêt “katî gêranewe le katî hîkayet serçawey girtuwe”[149] belam kate ciyawazekan heman kat nîn le gel yekitir belku ciyawazn birwane wêney (1) bo ziyatir rûn kirdinewe

---

[146] Yehîye, *s. p, r.*116.
[147] Alamrî, *s. p,* r.227.
[148] Hacî, *Binyatî Gêranewe Le Dastanî Mem Û Zînî Ahmedî Xanî Û Romanî Şarî Mosîqare Spyekanî Bextyar Alî Da*, s. p, r.79.

[149] Elwenî, *Binyatî Kat Le Sê Nimuney Romanî Kurdî Da Janî Gel, Şar, Raz* s. p, *r*.56.




Kat derwat nagerêtewe heman şiwênî xoy, çunke gorankarî beser herdûkyan dadêt, bo geraneweyan bo heman şiwên û katyan wek ewey yekem niye, ewey ke deybînî û hestî pê dekey ewa teniya rêjey bînînî mirove bîryan lê dekatewe. lêkolînewekan begişitî ciyawazî le nêwan dû kat le gêranewe deken katî rûdanî çîrokeke û katî gêranewey çîrokeke.

**katî çîrok**: katekey siruşitye ke le gel katî ser zewî derwat wek çon rûdaweke ruydawe.

**katî gêranewe**: katêkî drozne hewl dedat cêgay katî rastyeke bêt, ew kate kontirol le jêr destî nûser /gêrerewe debêt rûdawekan lê dexurêt bewîstî xoy[150] lem core kateda gêrerewe yarî be katekan dekat bepêy ew arasteyeî nexşe rêgay xoy dayderêjê detwanîn nawî binêyn lastîkî metatî  boman rûn debêtewe ke hemîşe katî rastî rûdawekan û katî giwastineweyan ciyawazn bew manayeî ke hemîşe nûser û şa’îran katêkî taybet bexoyan heye bedîd û boçûnî xoyan guzarişit le rûdawe rastyeke deken emeş bo yasay ciwankarî degerêtewe, herweha katêk û şiwênêkî dirusit hebêt yan dîkomênt kirawu bêt ziyatir rastî û dirusitî rûdaweke rûn debêtewe boye nebûnî kat û şiwênî dirusit Le Dastan Da rûdawekan narûn û ziyatir belarê debrêt wek gutman her nûserew bearezuy xoy yarî be kateke dekat û zor car deygerênêtewe bo berebeyanî mêjuy mîlletan yan serdemî kşitukalî yan çend sed salêk ber le nûsînewey berhemekey, ew tekinîkaney ke Le Dastan Da bekar dehênrên zorin renge her berhemew taybetmendî xoy hebêt becorêk tekinîk bekar bihênêt yan her regezêkî edebî ciyawazyekî heye le bekarhênan û  geme kirdin le gel katda.


[150] Alsedam,  Wicdan Sadiq &M'tez Qusey Yasîn,  s.  p, r.268.

Kat le ser astî gêranewe da kokirdinewey katî nûsîn û katî rûdanî rûdawekeye le rabirdû, gêrerewe yarî be sîstemî katî beserhateke dekat, katî deq meric niye rêz le zincîrey kat bigirêt, em yarî kirdine be kat snurêkî diyarî kirawî niye, hendêk gêraneweke yekangîre le gel katî rûdanî rûdaweke bo ewey xiwêner aşina bêt be katî rûdaweke emeş core tekinîkêke peyrew dekrêt lêreda gêranewe depsê û dewestê, wek zanîman gêranewey edebî le katî nûsînî bas le rabirdû dekat eger serincî xiwênerî birdewe doxî yan satî rûdanî rûdaweke gêranewe deçeqê, debê nûserî betiwana beselîqew tekinîke berdewamekanî bigerêtewe doxî gêranewey xoy dena rêrewî gêranewe le hengawî dahatû dewestê, zortirîn bekarhênanî tekinîkî kat le berhemekanî gêraneweda dekrêt weha lêweyan biduêyn:

1- Filaş bak flash back: geraneweye bo rabirdû ke renge hendêk şit pêwîst dekat şî bikatewe em geraneweye bo rabirdû guzarişitêkî ciwanî binyatî gêraneweye bo ewey xiwêner berawirdî rabirdû be êsta bikat herweha rabirdû bibînê û seyrî asoy dahatû bikat be şêweyekî tazetir. sîd 'luş delêt “westanî zincîrey katî mentîqî bo karêkî edebî mebestîşî geraneweye bo rûdawî rabirdû”[151]
2- Birîn ellipse: hendêk nûser pêy delên srînewe yan pazdan yan xstn alasqag zêdetirînî ew tekinîkaneye ke katî resenî rûdanî çîroke debrêt dr. hemîd lihmêdanî delêt pazdan beser hendêk qonax le deqe çîrok amêzekanda bebê ewey hîç amajey pê bikat, tenha delêt:salêk têperî yan maweyek têperî yan maweyek mayewe paşan palewan gerayewe le xerîbî[152] em birîne gwê nadate katî rûdanî rûdawe ryalîstyekan belku nûser beçend amajeyek xiwêner agadar dekatewe le bizir bûnî yan manewe yan dyar nemanî palewan. le deqe çîrok amêzekan betaybetî Le Dastan Da “hendê car pêwîste û debê ke çîrokeke çend cyakereweyekî fwasl zemenî kurt yan dirêj têbperênêt, belam nabêt ke piçran û dabranî dyaru zeqî têdabêt rêrewî çîrokeke debêt yek le diway yek bêt û berdewamî hebê behêlêkî bê piçran berew pêş birwat”[153] wate şa’îr /nûser debêt em hunere be westayane bekar bênêt, çunke dastanî mîletêke boye debêt kemtirîn hele bikrêt le bekar hênanî em tekinîke

[151] Altaî, s. p, r.52.
[152] Yehîye, *s. p*, r.118.
[153] Yunsî, Ibirahîm, *Huner Dastan Nuysî*, çapxane arşk, mosse antşarat nigah, çap nuhem, 1386, r.46.

3- Nawbir pause: yan westan be pêçewaney ladan û birîne, ke nuser dêt wesifî şitêk dekat gwê be kat nadat debî kat çawerêy bikat taku le wesif tewaw debêt em wesife ziyad niye, belku amancî gêranewe depêkê rûnakî dekatewe way lêdekat ziyatir beru pêşewe birwat. Dr. Necm Elwenî pêy waye le deqda le katî wesif kirdin da kat dewestê, wata eger culanewe rûnedat wata teniya wesifî dîmenekanî kirdbû ewa kat debêt be sifir em biriwayeî le ser boçûnî Aristo araste girtuwe ke katî bestuwe be culanewe ke goranî bedî dekrêt delêt “eger hest be goran nekeyn, wek le nustn, yan ew kataney ke nefs têda hest be goran nakat, êmeş lew baraneda hest be kat nakeyin”[154], belam lekatî wesif kirdinî culanewey palewanda yan pîşandanî rakirdin û amajekanî le cengdaw helisan û danîşitn ewa wesif nawestêt belku kat derwat dekrêt bilêyin zemenî gêranewe nawestêt belku berew pêşî debat boyedr. Necim Elwenî nawî lem core wesifane nawe “wesifî westaw û wesifî culaw”[155] bo ziyatir rûnkirdinewe seyrî em rûnkirdinewey jimare (2) biken:




4-Ladan: “brîtiye le bas nekirdinî maweyekî dirêjî dastan lelayen gêrerewe “[156] gêrerewe katêkî yekcar kem terxan dekat bo gêranewey rûdawekanî naw dastan ke dekrê maweyekî dûru dirêjî kat bxaynêt le katî asayî.

---

[154] Elwenî, *Binyatî Kat Le Sê Nimuney Romanî Kurdî Da Janî Gel, Şar, Raz,* s. p, r.36
[155] Elwenî, Lêkolînewey *Rexneyî Şîkarî Lebarey Romanî Kurdyewe*, çapxaney aras, çapî yekem, Hewlêr, 2011, r.98
[156] Jûf, *s. p*, r.81

### 2.3.3. Tuxmî Kat le Şano da:

Nûser mameleyekî wrd dekat le gel kat le deqî şano da be şêweyek katekan zîndûbin yaxud êstayî bin, eger her katêk deqeke nimayş bikrêt amadeyî têda bêt le ruy katewe dr. smîr srhan le barey kat le şano da delêt "Tuxmî Kat le diramada ewe le nûserî şano dexwazê ke çareserî rabirdû, dahatû berêgay taybetî bikat, wa lew kate bikat ke hemûyan bênewe ser katî êsta, emeş bebercestekirdinî le rewşitî karekiterekan lekatî nimayş da"[157] wata kesayetyekan êstayî nimayş biken le guftarekanyan eger rûdaweke mêjuyş bêt yan rabirdûş ruydabêt debêt bîbestnewe be kêşekan û serdemî êsta. "kat ciwanî behakey dernakewê meger çiuwe haletî pirkitîkî ke deqî şanoye beyarmetî ekiterekan"[158] karekiterekan/ekiterekan natwann cige le şêwazî êstayî bdwên le ser textey şano, belam çend şêwazêk bekar dehênn bo têkel kirdinî katekanî rabirdû le gel dahatû diyarî tirînyan filaş bake ke şêwazêkî ber bilawe ke dûrî nêwanî katekan beçend amajeyek nizîk dekatewe. eme ewe nageynê îdî rûdawekan têkel bkrên, belku rûdawekan seretaw nawerast û kotayî heye bew manayeî rûdawî nawerast dest pê nakat taku rûdawî sereta kotayî pê bênêt, herweha rûdawî kotayî dest pê nakat hetaku rûdawî nawerast kotayî pênêt.

Le konewe yonaniyekan giringiyan be kat dawe le gêranewey beserhatekan û lasayî kirdinewey dîmene tirajîdî û komîdyakan ke wek zanirawe Aristo delêt debêt rûdawekan le mawey 24 katjmêr têper nekat, çunke firawankirdinî kat lewe ziyatir debuwe hoy bêzarî lay temaşakeran ke hendêk nûser bo mebestî dirêj dadrî yan bo wesif kirdinî palewanekanî naw şano  ew kareyan dekird cextyan lewe kirdewe ke rûdawekan zû rûbiden bo ewey gerimtir derbikewêt boye em binemaye peyrew kra buwe binemayek û rêsayek diwatir roşngerekan em yasayeyan gorankarî têkird weku çon gorankarî le zorbey tuxmekanî şanoş kira  çunke nedekra şanoyekî mêjuy ke bas le rabirdû dekat hîçi lerabirdû nedwê yan eger lêwey dwaban debwaye kateke bişkê, le edebiyatî kon û sedekanî nawerast yan çakitir bilêyin le klasîzm û serdemî romansîzm kat ciyawaz bîrî lêkirawetewe "snurdarkirdinî rûdawe tirajîdyakan le bîst

---

[157] Ebdulqadir, Keyfî Ahmmed, r.*iyalîzim Le Şanoy Kurdî Da*, Lêkolînewey Rexneyî, çapxaney roşinbîrî, Hewlêr, 2013, r.163
[158] sekran, s. p, r.50.

û katjmêr da, rerastî da retkirdinewey rehendî kate le jiyanî mirovda”[159] bepêy boçûnî kon sebaret be kat aşikira kirdinî heqîqet betaybetî tirajîdya le çiwarçêwey rûdawekan pêwîstî be kat niye eweş waman lêdekat le zeynda ême amadeyî merg bîn eme boçûnî kon bû be kat ke ciyaye le gel bîrkirdinewey êsta, belam le boçûnî niwêda amadeyî dekrêt hengaw behengaw sat têdeperêt ta mergî karekiter nebête şok bo xiwêneran/bîneran, bemeş debwaye tekinîk bekar hatba, boye roşngerekan giringiyan begeme kirdin lekatda katekanyan têk deşkandr.

Detwanîn pênaseyek bo mawe bikeyin, ke rêkxistinî peywendî katî le nêwan katî hîkayet ke pêwer dekrêt be çrkew xulek û katjmêr û roj û mang û sal le gel dirêjî deqî çîrok ke pêwer dekrêt be dêr û laperew birge û riste. ew peywendyeî ke le nêwan em katane çiwar culey gêranewe dest nîşan dekeyn ew duwane ke gêranewe xêratir deken labirdn û puxte û kurtkirdineweye. dû lew gêraneweş ke debine hoy xawî û le serxoyî gêranewe ke diyalog û wesife ew tekinîkaney ke gêranewe xêra deken emanen:

A- **Puxte** xwlase:gêraneweyek beçend dêrêk yan lapereyek bo çendîn roj û mang û sal terxan dekat bê ewey rûnkirdinewey ziyatir bidat boye dekrêt bilêyin katî rûdawî çîrok/ryalîstî zor ziyatire le katî rûdawî gêranewey çîrok, reber ewey kurt dekrêtewe ser nûsînî deq. emeş core tekinîkêke ke gêrerewe/nûser deyewê ew rûdawaney mebestî niye beçend dêrêk cê yhêlê hengaw berew dîmenekanî tir binêt ke mebestdarn. . kurtkirdinewey kat mewdakan çr û puxtir dekat xiwêner û gwêgr le wers bûn û bêzarî dur dexatewe. [160]

B- **Ladan**: birînî rûdawekan hendêk car nûser rûdaw ladebat yan debrêt ke made xamekey deqe le katêkî tir pêşkeş dekat bê ewey pêman bilê bo birdme katêkî tir. em ladane hendêk car aşikiraye weku nimune gêrerewe delêt çend rojêk têperî nayet katekanî em rojaneman bo bas bikat yan salêk çawerêy kird hîç basî roj û mangekanî salî çawerêy kirdineke nakat ke çon çonî mawey emsale guzera. ladanêkîş heye beaşikira dernakewêt zor car le deqda, belam xiwêner be zincîre katekanî gêrerewe em ladane hest pê dekat, nimune westaw seyrî

---

[159] komele nuserêk, *Tiyorî Roman*, w:bo farsî, hesen paynde, u:bo kurdî muhemmed kerîm, çapî serdem, Slêmanî, 2003, r.31.

[160] Salih Selîm Reşîd, *Şêwaz Le Kurte Çîrokî Kurdî Da*, çapxaney wezaretî roşinbîrî, Hewlêr, 2005, r.151.

çawanî kirdr... demêk lebaweşî girt. demeke kat dyar niye çende ke baweşî ber nedawe. şêwazî kurtkirdineweş deçête xanekanî ladan, çunke şêwazêke nûser bekarî dehênê bo eweye xoy le qerey hendêk rûdaw nedat beseryan derbaz bêt "nûser boy heye rûdawî çend sal û mang û hefte le yek risteda kobikatewe"[161].

## 2.3.4. Berawird kirdinî Tuxmî Kat Le Dastan û Şano da:

Kat le karî edebî giringyekî ewtoy heye ke dr. Muhemimed alcyar delêt "kat çiwar çêweyekî gişitye, ke le nawîda hemû binyatekan deculên"[162]kat Le Şano da ciyawaze le gel katî dastan eweta Aristo ciyawazyekman pê delêt "katî tirajîdya, yek xulî hetawî dexayenêt, keçî katî dastan diyarî kirawu niye"[163] ke Le Dastan Da rûdaw û kat û şiwên weku şano niye, çunke Le Dastan Da dekrêt rûdaw le çend şiwên û katî ciyawaz rû biden û culey berdewamîşyan heye.

Peywendiyekî tundu tol le nêwan kat û şiwên heye hendêk leyekî cya nakenewe hendêkî tirîş beciyawazî dadenên "zaniyarî mirov le ser şiwên û dirik pê kirdinî ciyawaziyan heye le gel zaniyarî û dirik pê kirdinî kat, hest kirdin be kat hestêkî na rastewxoye lekatî kar kirdinda, belam le şiwên rastewxo hest pê dekey, mirov zaniyarî le ser laşey heye, ew laşeyeş şiwêne"[164] ew beryekkewtiney mirov le gel şiwên dirusit debêt le gel katda dirusit nabêt, kat hêzêke le seruy deselatî mirov daye mirov natwanê culey rabigirêt, le gel eweşda katêk hest be beserçûnî kat dekey ke

şiwêneke gorankarî beser dahatuwe yan le geşitêkî dur degerêytewe yan degerêytewe şiwênî mindalî debînî şiwêneke gorankarî beser dahatuwe emeş be hoy beser çûnî zemen kewate çend zemen goranî beser dabêt û birwat ewende şiwênîş degorêt başlar delêt "kat be zorî le şiwên derdekewêt".[165] dekrê ciyawazyekan puxtir bikeyinewe le ciyawazî kat le nêwanî dastan û Şano da**:**

1- Şiwênkat leŞano da ciyawaztir derdekewêt bewey leŞano da şiwên kat û rûdaw leyek katda rû deden, belam Le Dastan Da le şiwên û katî ciyawaz rû

---

[161] Alwenî, *Lêkolînewey Rexneyî Şîkarî Lebarey Romanî Kurdyewe* s. p, r.40.
[162] Yehîye, *s. p*, r.114.
[163] Alwenî, *Binyatî Kat Le Sê Nimuney Romanî Kurdî Da Janî Gel, Şar, Raz,* s. p, r.37.
[164] Meyade Abdalkirîm Alamrî, *s. p, r*.23.
[165] Alwenî, *Binyatî Kat Le Sê Nimuney Romanî Kurdî Da Janî Gel, Şar, Raz,* s. p, r.32.

deden be rûdawî ciyawaz ke bas le jiyan û rûdawî ciyawaz le rûdawe serekyeke deken.

2- Le dastan da culekan firawanin, belam Le Şano da çiwar çêwey diyarî kirawe.

3- Ew katey Le Dastan Da heye hemuy rabirduwe bew manayeî îdî rûdaweke ruydawe amajeyekî rast û dirusit be mêjuwekey nakat leber ewey zor kone. Le Şano da amajeyekman pê dedat ke rûdaweke key ruydawe yan salekeman bo destnîşan dekat bo serdemeke degerênêtewe serdemî padşayek yan serkirdeyekî mêjuyî bo ewey rûdaweke le rastî nizîk bikatewe, katî şanoyî katî êstaye rabirdû û dahatû ko dekatewe le êstada beşêwaze taybete huneryekanî xoy.

4- Le deqî dastan û Şano da sê kat heye, ke katî hîkayet û katî gêranewe û katî nûsîne.

5- Ew hunere tekinîkyaney ke Le Dastan Da bekarhatûn heman ew huneranen ke Le Şano da bekardîn belam kemtir, çunke qebarey nûsîn û bas kirdinî rûdawekan û qisekirdinî kesayetyekan û bas kirdinî jiyannameyan dastan ziyatir û mezintire berawird be  Şano da wata be firawantir lêy dedwêt.

## 2.4. Tuxmî Kat Le Ruy Pirakitîkewe

### 2.4.1. Tuxmî Kat Le Dastanî Mem û Zîn da:

Mem û Zîn y Oskar Mannke mêjuwekey nadiyare le serdemêkî zor konda ruy dawe ke serzarekî corî rûdaneke gêrdirawetewe demaw dem le ser zarî xelikî wergirtuwe yaxud yarmetiyan dawe bo kokirdinewey kexoy le dêrekanî kotayda honer ke Rehman Bekire amajey pêkirduwe ke be çiwar roj ew bende şî'ryaney bo Oskar Manntewaw kird nuser her xoşî bruay waye ke gorankarî beser dahatuwe çîrokeke çunke mêjuy rûdaweke dyar  niye:

> "ya rebbî!Rehman Bekir nemirîbeçiwar rojan ew bendey bo sahbî
>    elmanî kird tewawe
> îsay ruhulla le ser sahbî elmanî rawestawe"[166]

[166] O.Mann,   *s.  p*, r.222.

Rehman Bekir xelikî hacî Hesene le gel mîrza cewad em beyt û wirde meqameyan bo gutuwe [167] kewata Oskar Mannguêy lew kese girtuwe û paşan destî be nûsînewe kirduwe.

Katî rûdanekey dyar niye belam katî nusînewey ew wirde bendane diyare xoy amaje pê dekat Le dîbaçey tuhfey muzeferye ke “le salî 1901-1903 le ser fermanî xawen şiko îmbratorî dewletî elman... . sefer bikem bo lêkolînewe le ser ew zimananey ke êsta melbendî Iran qisey pêdeken”[168] katî xwêndineweş katî êstaye.

Hîç dêrêk lew bende şî'ryaney ke Oskar Mannkoykirdunetewe rêkewtêkî amaje pênedawe emeş şitêkî asaye le zorbey dastanekanda heye wek aşikiraye ke dastanekan ber le mêjû rûyandawe yan be seretay mêjuy ew mîllete dexwêndrêtewe diway qonaxî maldarî û kşitukalî dêt, ke komelga wabestey çend orf û adetêk buwe, pêdeçêt serdemî derkewtinî deselatî xêlekî û eşayerî û derebegayetî bêt û deselat le dewirî ewan ko bibêtewe, ke binemaley Mem le yemen kurî padşay yemene û zînîş xuşikî mîrî botane leşarî cizîre serdemeke bo ew kate degerêtewe ke ew dû binemaleye lew şiwênane hukmyan kirduwe:

“Birahîm padşa sahêbî yemenêye, gewirey her çiwar padşayane”[169]

le nimûneyekî tirda be aşikira ewe derdexat kewa serdemî rûdaweke rabirduwe:

“ewê rojê dû be dû deyanajwa heta mehelî rojawaye,
ca qoşen negeye awedaniyan, kewt le çol û sehraye”[170]

Le Dastan Da leber ewey firawane rûdawekan gewiren bêguman zor car le gêraneweda coreha tekinîk şa'îr/gêrerewe bekarî dehênê bo ewey tewawî rûdaweke be xiwêneran aşina bikat.

yekêk lew huneraney ke le dastanî Mem û Zîn y tuhfey muzeferîye bekar hatûn labirdn birîne, ke rûdawekan ewende giring nîn ta basyan bikat bo nimûne gewire bûnî Mem le feqêyetî bûn be qazî, ke em base le hîç şiwênêk amajey pê nekirawe leber giring nebûnî û herweha durkewtinewe le resenî rûdaweke:

mîr Mem delê:
“babe mindal bûm, bûm be feqê
le feqêyetî rabirdm bûm be mela

[167] O.Mann, *s. p*, r.15.
[168] O.Mann, *s. p, r*.17.
[169] O.Mann, *s. p*, r.143.
[170] O.Mann, *s. p*, r.175.

le melayetî rabirdm bûm be qazî

babegiyan elan û bîlfers debê jinim bo bixwazî"[171]

Çend nimûneyekî tir le ser labirdn û birînî kat, ke xizmet be rûdawe gewireke nakat:

"babe koşikî min nawî çiye? padşa fermuy burcî belek têyda ronîşit

kakeMem, sale wextêkî hîç xeber nebû"[172]

"le xom ml be kwên û baban wêranê

role mîrMem!no mangan, no rojan, no seatan, no deqîqan, be berupişt

helim degirtî be xeyrez birk û janê"[173]

Yekêkî tir lew huneraney le kat dekrêt le naw gêranewe bekar dêt hunerî piçrane, diway ewey braiym padşa xerîkî tedarek û xafelandinî mîr Mem bû yekser piçran be aşikirayî rû da le katî gêraneweda yekser dête ser basî xatû zîn:

"bila biçîne ser behsî yayezînê"[174]

Yekêkî tir lew huneraney, ke bo kat bekar dêt hunerî filaş bake wata basî rabirdû dekat wek bîr hênanewe emeş corêkî tir le xaw kirdinewey gêranewe lem nimûneyeda gêrerewe basî gewire bûnî mindalî Mem dekat:

dayikî mîr Mem delê:

"le xezêney rizgar buy, kewtye çing mamanê

le mamanê xelas buy kewtye çing dayanê

role mîrMem!le dayanê xelas buy, kewtye çng leley,

deyanbirdye dîwanê"[175]

Yekêkî tir le huneraney bo gêranewey dastanî Mem û Zîn bekar hatûn hunerî nawbire ke peywendî be katewe heye boye dekrê lêwey bduêyn, rekatî gêraneweda le hendêk beytda hest dekeyn, ke kat dewestêt û xêra dekewêtewe kar ewîş be hoy ew wesifeye ke bo palewan dekrêt bo nimûne:

"kê debû le mîr Mamî muhtebere

le plekan dehate xwar qolyan degirt ewber ewbere

pêy derkêfî espî bore dena, le zînî mureseî xoy dekewte sere

---

171 O.Mann, *s. p, r.*158.
172 O.Mann, *s. p,* r.145.
173 O.Mann, *s. p,* r.161.
174 O.Mann, *s. p,* r.162.
175 O.Mann, s. p, r.165.

maşalla! hêndêk deyangut ewe şemse hêndêk deyangut ewe qemere
rebî, nezer bîs lêy nekenewe nezere
beqed dû hezar kesî rawestan ewber ewbere”[176]

Lem şeş nîwe dêrey serewe da dû şit bederdekewêt ke peywendiyan heye be kat ewîş westanî kate le gêranewe da û berdewamî cûleye, ke emeş berdewamî gêranewe degeynêt le beytî plekan dehate xwar qolyan degirt ewber ewbere, pêy derkêfî espî bore dena, le zînî mureseî xoy dekewte sere le kat derwat, çunke cûley palewan heye, belam lebeytî rebî, nezer bîs lêy nekenewe nezere, beqed dû hezar kesî rawestan ewber ewbere cûley palewan niye û tenha nawbrêkî katî dawetê.
komelêk wişe û destewaje hen, ke guzarişit le kat deken le dastanî Mem û Zîn amajeyan pêkirawe û zorin emeş ewe degeynê ke honer bo gêranewey rûdaweke wuystûyetî waqî'ek be gêranewey rûdaweke pîşan bidat bo nimûne:

“bo xatirî wî ewe hewituwêkî dîke rawestawm
xanûyekî bo dirusit kird xşitêkî eawzêr, xşitêkî zêw,
be hewit mangan xelasî kird”[177]

“emin carêkî degel peryan çûme rawî çil şew çil rojane
leperyan heldebram leminî kird krêwew borane”[178]

“role! rojî cum'e debî warîd bibî be koşik û balexaney xot”[179]

“bîbeynewe şarî cizîrê, sibheynê xecalet nebî ew beste zimane
ca le kakeMamî çi bikeyin, demînê bê cêwmekane?”[180]

“ewê şewê wîstirahet kra tewawe
sibheynê ke beyanî dawe
caryan rakêşa, beydax rakşawe
heta êwarê ajwawe
dîsan menzlyan girt, qoşen helî dawe”[181]

“rojm lê helat, geywete nîweroye

176 O.Mann, s. p, r.164.
177 O.Mann, *s. p*, r.144.
178 O.Mann, *s. p*, r.146.
179 O.Mann, *s. p*, r.145.
180 O.Mann, *s. p*, r.155.
181 O.Mann, *s. p*, r.171.

rûmetî yayezînê gelêk zerîftirin le gulî lîmoye”[182]

“sibheynê yayezîn le xew helisa, cinêwî daye melekreyhanê, gutî emint bo helnestan, niwêjm çû. melekirîhan

direng he lstawî”[183]

### 2.4.2. Tuxmî Kat Le Şanoy Mamê Alan Da:

Le şanoy Mamê Alan da katekan le nêw deqe ke da hendêkyan be şêweyekî aşikira hen hendêkîşyan pêwîstî be selîqey ziyatire bo ewey bizanîn key buwe. leşanoy Mamê Alanda mêjuy rûdaweke aşikiraye dezanrêt key ruydawe nûser derîxstuwe ew saleye kewa slahedînî eîwbî qudsî rizgar kird le destî xaç perstan kewa bê mîjuwekey degerêtewe bo salî 1187 zayînî nûser ruwawekey gerandotewe heman mêjû. emeş le deqe şanoyekan asaye, çunke şano guzarişit le heqîqetî jiyan dekat nakirêt mêjuwekey be nadiyarî bhêlêtewe wek ewey le regezekanî tir da heye Memodelêt:

“Hem sultan selaheddîn şîrê xiwe kêşaye, ri pêşya temamê dnyayê westaye, qudisa şerîf

muhafeze diket, 'mumê felan berhev bûne ku ewê ji îslamê bistînin”[184]

Katekanî be şêwey ciyawaz bekar hênawe zorbey katekan êstayn hengaw beru dahatû denên, şanoş beheman şêwey regezekanî tir sê katî heye ewîş katî hkayet û katî gêranewe û katî nusîne boye katî hkayeteke bo serdemî şerî xaç perstan degerêtewe û katî gêranewe û katî nusînîş le deqî şanoy Mamê Alan salî bilaw kirdinewey peysekeye salî 1919. katî xwêndineweş hemû kat êstaye ke xiwêner çaw be dêrekan dexşênêt.

şano berabirdû qise le ser babetî rûdawekan nakat belku şêwey êstayî bas dekatMemo delê:

“îroke xo berhev bikin, sibê zû ca em rê biçîn”[185]

Xezal delêt “ez şev û roj xedamî ji dayikate bikim ez jê aciz nabim”[186]

---

[182] O.Mann, *s. p*, r.197.
[183] O.Mann, *s. p*, r.161.
[184] E. R. Hekarî, s. p.j15, r.22.
[185] E. R. Hekarî, s. p, j15, r.23.
[186] E. R. Hekarî, s. p, j15, r.24.

Bo şîkirdinewey hendêk zaniyarî nûser pêwîstî beweye bigerêtewe bo rabirdû bo ewey xiwêner zaniyarî le ser palewan peyda bikat be bekar hênanî hunerekanî kat le gêranewe da lem parçe şî'rey Memo boXezal delêt bexşînî zaniyarye, herweha birînî katîşe em birîne bo eweye hendêk kat heye giring niye bas bikrêt wata mebestî rûdawe serekye napêkin boye nûser naçar debê kurtî bikatewe:

"îro hefte dawet kirî
xezayê ez ji te kirî
ez diçim ber kafirî
Xezala min, delala min, bes bigrî"[187]

Le perdey duwem dîsan hunerî kurt brî be kar hênawe nûser nehatuwe basî yek sal şerî Memobikat le gel dujmin û nehatuwe basî guzeran çoniyetî berêkirdinî ewkate naxoşe bikat, ke Xezal pêda têper debêt teniya be çend dêrêk bas lem sale dekat Xezal delêt:

"ah... ya rebbî, eve bû salek çu cewab ji Memê nehat. carek dîtir min Meme dîtba, bila melekê mewtê hatba, emanetê xiwe ji min girtiba ! radibit pêyan ah... ah... ma mirov ji bo derdu eleman hatye dinyayê"[188] puxt kirdinewey katekan yekêke lew erkanî nûserî şano encamî deden bo ewey deqeke kat zor nexaênêt zorbey culekan be xêray têdeperin salêk manewe le şerî qudis û serkewtinî îslam lew şereda zorî xayand, belam nûser puxtî kirdîtewe.

hendêk kat heye natwanrêt pêwer bikrêt kewa çendî xayanduwe katêk Memodêtewe leşer baweş le Xezal dedat û nahuşyar debin beyekewe nazanrê çend zemen dexaênêt taku çavreş dêtewe:

"her dû xiwe li stuyê yek didin, ser doşek dikevin, na huşyar dibin"[189]

paşan dîsan katekey dyar niye çendî xayanduwe, ke çavreş le derga dedat diwatir kes niye derga bikatewe naçar derga deşkênê û dête jûrê: "çavreş derî diqutit, kes derî naveket, derî dişkînît, ji der da têt, bûka xiwe d wî halî da dibînit, temaşa diket nanasît"[190]

---

[187] E. R. Hekarî, s. p, j15, r.24.
[188] E. R. Hekarî, s. p, j16, r.15.
[189] E. R. Hekarî, s. p, j16, r.16.
[190] E. R. Hekarî, s. p, j. p, r.16.

çavreş ewe bîr Memoî kurî dehênêtewe ke bo meseley berizkirdinewey nawî kurdayetî û kurmancetyê be xêwî kirduwe emeş hunerî filaş bake, ke bem şêweye perwerde kirawe le mindalyewe:

"min tu ji bo rojekî weha xudan kirî"[191]

### 2.4.3. Berawird kirdinî Tuxmî Kat le dastanî Mem û Zîn û şanoy Mamê Alan da

1- Katî çîrok le herdukyan rabirduwe
2- Le dastan da hunerekanî rewanbêjî zorî bekar hênirawe, reşano da kurt kirdinewe û filaş bag bekar hatuwe bo mebestî puxt kirdinewe
3- Le dastan da mîjuy rûdanî beser hatekan dyar niye, le Şano da katekey dest nîşan kirawe
4- Le dastan da katî mindalî palewan bas kirawe serta lay dayney buwe diwatir buyte feqê paşan çuyte burc belek paşan rûdawî xewneke destî pêkirduwe, le Şano da basî mindalî palewan nekirawe teniya amajeyekî kurt be corî perwerdekirdineke kirawe
5- katî gêranewe zor dexayenêt renge çend rojêkî wîstuwe le dastaneke gêrerewe delêt çiwar rojî pêçiuwe takuRehman Bekir bendekey tewaw kirduwe, gêranewe leşanoy Mamê Alan da renge kemtir le katjmêrêkî pêwîst bêt bo gêranewey tewawî ruwaweke.
6- katî nûsînî dastanî Mem û Zîn le nêwanî 1901-1903 katêk dewletî elmanî ferman dekat Oskar Mann dest be kokirdinewey berheme kurdyekan dekat û em dastane denusêtewe le ser demî "muzeferedîn şay qacar"[192] bû, katî nûsînî şanoy Mamê Alan dyar niye, belam katî xwêndinewe lesalî 1919 dabû le jimare 15, 16 perdey yekem û duwemî bilaw kirdewe.

[191] E. R. Hekarî, s. p, j15, r.22.
[192] O.Mann, *s. p*, r.17.

### 2.5. Tuxmî şiwên Le Dastan û Şano da:

### 2.5.1. Tuxmî şiwên Le Ruy Tiyoriyewe:

Şiwên tuxmêke le tuxmekanî gêranewe da, ke be tuxmêkî giring dadenirêt be hoy pêge û giringî û peywendî le gel tuxmekanî tirda le zimanî înglîzîda setting ke be manay şiwênkat dêt, placepê degutirêt bemanay hemû core şiwênekan dêt, fernsyekan liew pê delên wata pêge almuq', belam Espaceyan le cêgay boşayî alferax bekarhênawe, belam rexnegre înglîzekan razî nabin place le cêgay spaceboşayî bekar bhênn helisan be bekarhênanî wişey locationpint, ke guzarişit le şiwênêkî diyarî kiraw dekat le rûdanî rûdawekan, katêkîş le gêraneweda rûdaw hebêt û w zemenêk hebêt bo ewey karekiterîş cule bikat le naw deqî edebîda betaybetî le gêraneweda, bêguman şiwên pêwîstyekî hetmye bo ewey hemû tuxmekanî tir lew pantaye beger bxrên. taî' elhedadî delêt “şiwên giringî dernakewêt taku rûdawêkî lê rûnedat”[193] “şiwên le mîletêkewe bo mîletêkî tir ciyawaze û ew tewzîfkirdin û bekarhênanîşî ciyawaze”[194], reber ewey şiwênî rûdanî rûdawekan be pêy dîmografyaî şiwênekew culanewey palewanekan lem şiwêne degorê giringî şiwên le deqêkewe bo deqêkî tir ciyawaze, şiwên cêgay têbînî zor le twêjeran buwe le bwarekanî felsefe, edeb, ... htd. lêkolîneweyan kirduwe, çunke şiwên herdem leber çawane nakirêt perawêz bixrêt.

Ew behaye berizeşî le seretay dirusit bûnî mirov ta kotayî pê dêt le gel şiwên hel dekat, şiwên giringye yekcar zorî heye betaybet le gêraneweda, nek leber ewey yekêke le binyate huneryekan, yan leber ewey rûdawekanî lêwe rû deden û kesayetyekan le serîda deculên betenha, belku fezayek dexulqênê ke Hunerekanî Gêranewe lêwey rûbidat be rûdaw û kesayetî û peywendyekanîş ke dirusit debin, emeş ewe degeynê ke şiwên bo tablo brîtî nîye le parçeyek qumaş, belku fezayeke tablo dirusit dekat. xalb helisa delêt “karêkî edebî katêk şiwên le dest dedat ewa taybetmendî û paşanîş resenayetî ledest dedat”[195] her berhemêkîş taybetmendî û resenayetî ledest bidat kewate na tewaw û giringî berhemeke le dest dedat.

---

[193] Alamrî, s. p, r.92.

[194] Reşîd Sabîr, *Çîrokî Kurdî Rexnew Lêkolînewe*, çapî duwem, nawendî awêr bo çap û blawkirdinewe, 2016, r.46.

[195] Başlar, *s. p*, r.5-6.

Şiwên û mebestî firawan debexşê wek kewtine bendîxane û dîtinî çiwar dîwar û nedîtinî asman û estêre ciyawaze le dîtinî fezay hatnewe bo mal û le baweş girtnî xaw xêzan, boye şiwênekan şêwazî helçûn û le ser xobûn degorê bepêy corî karîgerî le ser naxî kesekan. dekrêt bilêyin ke nabêt rûdawekan rût bikrênewe le şiwên û bayexî pê neden, belam dekrêt kereste maddyekan weku eaw, şax, gorepanî şer, befr, giju giya, şar, ... htd ciyawazî hebêt le giringî û behay berhemêkî edebî ta yekêkî tir. "şiwên rolêkî gewire degêrê lelayenî cesteyî û derûnî û eaydolojî û zimanî û roşinbîrî û syasî û beşdarî kirdin le dirusit kirdinî xuwekanî mirov, boye debînîn mirovî şiwêne sardekan ciyawazn le mirovî şiwêne gerimekan, herweha mirovî çyakan û mirovî deşitekan..."[196] şiwên û kat dû çiwar çêwey komelayetîn bo helgrî yadgarye komelayetyekan, her boyeşe degutirêt mirov kurî jîngeye hemû kltur û roşinbîrî û şaristaniyetî komelga heldegrin. con birîn le barey şiwênewe delêt "eger le ser şiwênewe binûsît, ewa le ser xelikîş denûsît"[197], pêçewaney emeş rastew şiwên be adat û teqalîd û corî bîrkirdinewe ziyatir derdekewêt nek tenha bînînî şiwêneke her emeşe helsukewtî kesayetyekan ciyawaz derdexat[198] eweş manay waye corî bîrkirdinewe wadekat têrwanînman bo şiwênekan ciyawaz bê, şiwênî ciyawazîş helsukewtî karekiterekan ciyawaz deka.

Le peywendî şiwên le gel katda wek lebabetî Tuxmî Kat amajeman pêda zor car le gel yek nawîan dêt şiwênkat şakir elnablîsî le kitêbî almedar alsehra delêt le gêraneweda kat û şiwên yekeyekî serbexon û tenhan naçne naw yek, katîk cule bediway dadêt, bo ewey em yekeye tewaw bka, jiyanî pê bibexşê, şiwên bebê cule nabête şiwên, belku zewyekî fezaye, ewey jiyan beşiwên dedat culeye[199] emeş ewe degeynê şiwên ber lewey bikewête ber cule yekeyekî serbexoye cyaye lekat katêk culey mirovî beser dahat ewa jiyanî pê debexşêt le heman katda le gel katîş beyekewe debestirêtewe boman derdekewêt ke şiwên laşeyeke û katîş ruhekeyetî herdukyan beyekewe detwanin rol bibînin. zewî manayek nadat ger culey mirovî

---

[196] Tawe gozî, Salar Ebdulle Ahmmed, *Biniye Almekan Dirase Muqarene Beyne Riwaye Alchîm Almqds Librhan Şawî*, hîlane lihusîn arif, risale macstir, cami'e slah aldîn, kuliye allxat, 2012, r.73.

[197] Şêxanî, *s. p*, r.10.

[198] abadî, Mehbube Muhemmedî Muhemmed, *Cemalyat Almekan Fî Qises Si'd Huraniye*, metbi' wizare althaqafe, dimeşiq, 2011, r.14.

[199] Abu Hîf, Ebdulleh, Cemalyat Almekan Fî Alneqid Aladbî Almuasir, mucele cami'e tişrîn lldirasat û albhuth al'lmiye –silsile aladab wal'lum AlInsaniye, almuceled27, al'ded1, 2000, r.128.

têda nebêt. dekrêt bilêyin ke mirov peywendî le gel kat û şiwênda sêgoşeyekî zînduy çûne nawîekî karîgere ke mirov pêwey pabende, zor car bo pêwaney katîş şiwên bekar debeyn wek çend şeqam, kolan, gund, şart brî ta geyşitye malî felan, we bepêçewaneşewe. enşitayn delêt "lem rastye asantir niye, ke bilêyin le jiyanêkî peywendîdar be şiwênkatî xawen çiwar rehend da dejîn, ke rehende şiwêne syaniyekan dirêjî, panî, berzî ye le gel rehendî katî"[200].

Kat le nêw şî'rda bekar debirdrêt weku ciwankarî û ladan, belam xalb helisa le lêkolîneweyekî le salî 1989 le dîmeşq bilaw kirdewe benawî şiwên le gêranewey lay ereb da "ke birbirey pişte hemû binyatekanî tirî pêkewe debestêtewe"[201] ke şiwên lay ew serbexoye.

corekanî şiwên zorin, rexnegiran û nûseran û lêkoleran her yekeyan becorêk basî corekanî şiwên deken. tanya esed le namey dkitorayekeyda bem şêweye corekanî şiwên dabeş dekat:

1- Le riwangey hebûnî şiwênewe: şiwênî waqî û şiwênî xeyalî.
2- Le rwangey çemkiyewe:şiwênî hogir û şiwênî na hogir.
3- Le rwangey bekar hênanî şiwênewe: şiwênî kirawe û şiwênî daxraw [202].

Bo ziyatir wird bûnewe le barey şiwên le ruy hebûnewe şiwênî waqî'î wata ryalîstî bûnî ew şiwêney ke nawî hatuwe lelayen nûser/şa'îrewe hebûnî deselmênrêt ber hestî mirov dekewêt eme ziyatir bo ew rûdawane zeq dekrênewe ke mêjuyîn yaxud beser hateke selmênirawe, şiwênî xeyalîş le ser xeyalî nûser/şa'îr binyat nirawe, hendêk car em şiwêne bûnî heye, belam xeyalî zor têkirawe le wesif kirdinî da hendêkîşyan tewaw fantazîn le waqî'da bûnî her niye, caston başlar delêt wesifî pnt "ew şiwêneye ke nek be têdabûn, belku be xeyalîş têda bijî"[203] katêk gêrerewe wesifî şiwên dekat yan nawî dehênê, nayhewê wênay derewey şiwêneke bikat, belku deyewê wêneyekî taybetî xoy bikêşê her berawirdêk le nêwanî em dû şiwêne bikrêt

---

[200] Reuf, Luqman, l*ehendekanî Şiwênkat Le Deqe Walakanî Şêrko Bêkesda*, çapxaney kemal, Slêmanî, 2012, r.29.
[201] Abu Hîf, s. p, r.126.
[202] Salih, Tanya Es'ed Muhemmed, *Bînay Şiwên Le Dû Nimuney Romanî Kurdî Da*, namey diktora, zankoy Selaheddîn, kolîjî ziman, Hewlêr, 2006, r.67.
[203] Reuf, *s. p*, r.35.

ewa berawirdêkî na dirusite, çunke gêrerewe nehatuwe naw le şiwêneke binêt yan wesifî bikat deqa û deq, belku bo wrujandinî xeyal em kare dekat.

Le ruy çemkiyewe şiwênî hogir şuca' elmuslm elanî delêt “mebest le şiwênî hogir hemû ew şiwênaneye ke têyda jyauyn û hestman be parastn û gerimî kirduwe beşêweyek, ke em şiwêne buwete madey yadeweryekanman, malî mindalî be tîntirîn şiwênî hogire”[204] hest kirdin be azadî cule û derûn û qise ke kemtirîn çawdêrî le ser bêt mindalye bo yarî kirdin û deng helbirîn û hawrêyetî çakitirîn temen mindalye.

Şiwênî nahogir hendêk pêy delên na aşina wata palewan yan kesayetî lêy nejiyawe le gel yadgaryekanî aşina niye hezî bem şiwêne niye weku hewanewe yan eweta naçar kirawe lêy bjî be zore milê yan karêkî heye lew şiwêne ta tewawî dekat, renge eger frsetêkî bo bête pêş lêwey birwat. le ruy bekarhênanî şiwênekan le layen mirovewe şiwênî kirawe ew şiwêneye beruy hemû kes kirawetewe wata taybet niye teniya bekesêk hemû keşêk serdanî dekat weku bazar û molekan û fermange hikumyekan û nexoşxane... htd. bo hemûyan weku yeke, şiwênî daxraw şiwênêkî take kesye yan taybete be çînêkî diyarî kiraw weku mal û jûrî nûstin... htd. helisa 3 cor şiwên diyarî dekat le pertukî şiwên le gêranewe lay ereb:

1- Şiwênî mecazî: ke rûdawekanî lêwe rû deden rolî rûnkirdinewe debînê guzarişit le karlêkirdinî kesayetî û rûdaw nakat.
2- Şiwênî endazeyî:beşêweyekî bê layen wêna dekrêt, rehendekanî bînîn degwazêtewe, beşêk degwazêtewe bê ewey le gelî bjî wata wrd û drşitî bas nakat.
3- Şiwênî menfa û xerîbî ke emeyan morkî qederî têdaye ke doran û derdeserye”[205]. sabîr reşîd be şêweyekî tir basî corekanî şiwên le deqe edebiyekan be gişitî dekat deykate şiwênî sade û na sade delêt “şiwênî sade hemû hemû em şiwênanen ke dyar dekewin û leber çawn wek nawî şar û gund û şeqam û şîw û dol û mzgewt û şiwênî nasadeş, delaletî mêjuyî û remzî heldegrêt”[206] mebestî nûser le şiwênî mêjuyî û remzî ew şiwênanen ke nawbangiyan heye le mîjuy neteweyek yaxud rûdawêkî gewirey lêwe ruydawe buwete remzî netewe yaxud mirovayetî, dr. Xeyda Ahmmed delêt şiwên le çîrok û şî'rda debête nasnamey mêjuyî û

---

[204] Ismaîl, *s. p*, r.43.
[205] Abu Hîf, s. p, r.126.
[206] Reşîd, *s. p*, r.56.

nîşitîmanî, hemû hez û arezuwe roşnbîryekanî nûser heldegrêt, way lêdeka le taqîkirdineweyekî roşinbîrî dabêt le gel serdemekey [207] nûser peywendî zor qolî le gel şiwên debêt hestî ziyatirî bo deculêt wêneyekî ciwanî la dirusit debêt, çunke nêrer le pêşkeş kirdinî berheme edebiyekey natwanêt bê şiwên, yan şiwên le hestekanî weder binêt, çunke lêwey buwe û her lewêş demirêt, boye şiwên beşêke le nûser ewaney le rabirdû le destî dawn û ewaney êsta le gelî dejîn hemû leberdemî nûser da çeq dewestn le dîmenêkî ciwan û nawazeda deryan debrê û dahênanî tyada dekat.

Dekrêt bilên ne rûdaw ne kesayetî bûnyan nabêt bebê şiwên, boye nakirêt palewanêk bhênîte ber çaw bebê şiwên, ême eger le ruy zanistîşewe basî madde ten bikeyin delêyn made qebareyeke le hebûn, yaxud pantayek dagîr dekat ca çibiçuk bêt yan gewire ew pantaye şiwêne boye nakirêt madde le derewey şiwên bûnî hebêt. ew gorankaryaney ke beser şiwên dadên be dû şêwen “goranî siruşitî û goranî le nakaw”[208] ewey yekemyan kat dewr debînê dyardekanî gerdûn rolyan heye ke goran bixene ser şiwên, ewey duwemyan mirov rol debînê wek şer û şor, awedanî... htd, çunke mirov hezî zore herdem hezî be gorankarî heye le jiyanî nayewêt herdem le yek doxî çeq bestû bmênêtewe.

Giringî şiwên ew kate derdekewêt ke bikewête ber culey mirovekan wata le serî biron, biculênewe, şer biken, bihesênewe... htd wek pêşitirîş amajem pêdawe le Tuxmî Kat ke cule yeksane be dirusit bûnî kat wata kat le encamî cule dirusit debêt DR. Abdaletîf alsidîqî le barey peywendî kat û şiwênewe delêt “şiwên be şêweyekî serekî debestirêtewe be dirik kirdinî hestî, beberawird le gel kat debestirêtewe bedirik kirdinî derunî”[209], sîza qasim sebaret be heman peywendî delêt “eger kat hêlêk bêt rûdawekan le serî biron ewa şiwên le ser ew hêle derdekewêt û yawerî dekat û lebaweşî degrê”[210]. le dastan û betaybet Le Şano da nûser /şa’îr pîşandanî şiwênekan dekat pîşandanêkî fotografî niye, belku le naw mêşkî xiwêner komelêk berpeç daneweman debêt, ke çon jyaun !nedekra ew rêgaye dure nebrêt!guzeranî

---

[207] Xîdaa Ahmmed Silaş, Almekan Walmustelehat Almuqarbe Lehu, mucele abhath kuliye alterbiye AlInsaniye, almuceled1, al’ded2, 2012, r.249.
[208] tawe gozî, *s. p*, r.80.
[209] Alhuyşî .Fadya Redha, *Cemalyat Almekan Fî Şi'r Dhî Alrime,* risale macstir, cami’e albe’th, kuliye aladab, surya 2010, r.1.
[210] Alhuyşî, *s. p*, r.5.

mîlleteke çon buwe! emew deyan pirsyarî tir le ser dox û bîr kirdinewey ew serdem dête ber demiman.

### 2.5.2. Tuxmî şiwên Le Dastan Da:

Le dastan da şiwên pantayek le gêranewe dagîr dekat, çunke kesayetyekan zorin û teniya rûdawî serekîş niye le dastan, belku rûdawî lawekîş heye, bêguman emeş pêwîstî be pîşandanî dîmenî zorî şiwêne bo ewey rûdawekan hengaw be hengaw berew pêşewe biçin. her bew hoyeşewe dastan berhemêkî gewireye gişitgîre renge nepirjête ser wird û drşit baskirdinî şiwênekan, çunke amancî dastan le binertda bas kirdinî şiwên niye beqed ewey bas kirdinî palewan û rûdawekane ke le konda rûyan dawe be bruay jonêt "şiwên beşêke le nawerok ya başitire bilêyin le dastan"[211], belam hemuy niye, çunke Le Dastan Da Tuxmî şiwên hengawêk le dwawetire, zor car şiwênekan nadiyarn bûnete şiwênî mêjuyî, eger şa'îr lêwey bdwê natwanêt be wirdî şiwênekanman bo wêna bika wek ewey le mew pêş hebuwe, şa'îr/nuser wesifêkî ciwanî şiwên dekat bo mebestî razandinewe eger na bçîte heman şiwênî rûdawekan renge wesifeke zor ciyawaz bêt emeş ewe degeynê ke şa'îr le rwangey xoyewe derwanête şiwên û rûdawekan û lêkdaneweyan bo dekat, boye wesif kirdinî şiwên berceste kirdinî xeyalye wêna dekêşê beyarmetî wişe, gêranewe rûdawekan le naw katda degêrêtewe, wesifîş wênay kerestekanî dekat le şiwên, emeş mebestî serekî niye, belku bo ewey feza dirusit bikat emeş wêna kirdinî babetî niye belku wêna kirdinî hunerye.

Ciwan nîşandanî şiwên behayekî îstatîkî debexşête deqî edebî her corêk bêt, çunke xiwêner zor car dur le eaydolojya û bîrkirdinewe ew bakgrawndey nûser heşarî dawe le naw deqî şî'rî dastanî xiwêner nayanbînê û deyanxwênêtewe û çêjî lê werdegrêt, reber ewey le bîrman neçêt dastan bo gişit denûsrêt pêwîste hemû takêk lêy têbgat le gel eweşda dastaneke mericî îstatîkî û peyamêkî helgirtuwe, teniya wesifkirdinî şiwênîş yarmetî der niye bo dirusit kirdinî fezay gêranewe, belku le goşeyek pêşkeş bikrêt, kexizmet be çiwar çêwey beser hateke bikat bo ewey şiwên xudî xoy bibête fakiterêkî karîger û şî'ryet dirusit bikat î'tîdal Osman delêt "şî'ryet le

---

[211] Jûf, *s. p,* r.74.

şiwênda tenha le ser zimanda nawestêt, belku xeyal hukm dekat bo dirusitkirdinî şiwên be yarmetî ziman be arasteyek paz beser bergî rastî bidat le gel rastî şiwêneke yek negirnewe"[212] emeş betewawî ewe nageynê, ke ewey Le Dastan Da basî şiwên dekrêt xeyalî bêt, belam leber konî rûdaweke û nemanî keristekanî wek xoyan nemawin her şa'îrêk becorêk lêwey bdwê nek her wesifekey belku zor car şiwênî rûdawekanîş nawekanyan degordrên le şa'îrêkewe bo yekêkî tir. DR.Sîrus Şimîsa delêt "le sereta wa hest dekra her berhemêk ke lepêş zaynîda nûsrabêt şiwênekanyan şiwênî efisaneyî û xurafîn le rastî da bûnyan niye, belam zanistî şiwênewarnasî twanîwyetî zorbey ew şiwênane bdozêtewe ke le dastanekanda basyan kirawe, bo nimûne şarekanî weku medaîn, tîzanîr, kinuss ke le elyaze da basyan kirawe mîjû selmanduyetî ke emane şar bûne"[213]zor car be hoy dyar nebûnî şiwênekanî dastan bote hoy ewey, ke dastane konekanî cîhan leyek biçin çend mîletêk behî xoyan bzann. Le Dastan Da zor şiwên bas dekrêt be hoy pantay firawanî rûberî dastan, ke leyek

Şiwên xul naxwat renge çend wilatêk bbrê, "şiwên le edebda dirêjî û panî sinurdarî nakat"[214] gêrerewe/şa'îr le naw deqekanda bediway gelêk şiwên degerê hemû layenekanyan der bixat bo ewey ew şiwêney ke rûdawekanî tyada rûdeden giringiyan derbixat û karîgeryan beser reftarî kesayetyekan pîşan bidat.

Le zor dastanî mîlletanda şa'îr hendêk şiwênî xeyalî aşikira pîşan dedat şitêk nahêlîtewe leberdem xiwêneran, ke eme rastî bêt wek xewn dîtinî palewan û frînî palewan û sefer kirdin le xewda bo Memleketêkî tir, yan şer kirdin le gel dujmin lexewda ke renge em geşit kirdin û şer kirdine rasteqîne bwaye zemenêkî zorî dewîst, boye kat deşkênrêt bo pîşandanî şiwênî xeyalî beheman şêwe berbestekanî beramber perînewey palewan deşkênrêt, emeş şa'îr kar le ser nestekan dekat ke renge mebestî lehatnî rûdawêkî lepirda bête berdem palewan xiwêner tuşî sersurman nebêt beramber em rûdawe emeş wirde serincn şa'îr deydate xiwêner amadey dekat bo rûdawî dahatû ke beser palewan dadêt.

---

[212] Ebdulle, zeîd Silah, Cemalyat Almekan Fî Ş'r Hesen Alşerfî, mucele dirasat, al'ded 8, 2009, r.65.

[213] Hacî, *Binyatî Gêranewe Le Dastanî Mem Û Zînî Ahmedî Xanî Û Romanî Şarî Mosîqa Sipyekanî Bextyar Elî Da*, Hawlêr, *s. p*, r.96.

[214] Reuf, *s. p*, r.40.

### 2.5.3. Tuxmî şiwên le Şano da:

Têgeyşitinî exrîqyekan bo şiwên hawşane le gel kirdarekan le ser şano, bê şiwên kirdar be pirakitîkî encam nadrêt. yonaniyekan şiwênî şanoyan firawan bû şa'îrekan dîkorî gewireyan dadena, herweha karekiterekanyan gewire dekird be pêlawekanyan. şiwên nakirêt bşardrêtewe mirovîş bebê şiwên natwanêt bjî mirov peywendî be kel û pelekanî şiwên heye.

Siruşitî mirov waye xoy han dedat bo ewey şite hebuwekan bibînê lew nêwende da deyewê peywendî le gel sîstemî gerdun û hebûnekan dirusit bikat, rastyek heye hest kirdinî mirov be şiwên lewe nehatuwe ke zaniyarî pêş wextey hebêt le serî, belku jînge û dewr û karîgerî le ser mirov dirusit dekat, uay lê dekat bediway şiwên wêl bêt. şiwên xoy dest nîşanî jîngey nawewey dekat nimûne malêk wa wesif dekrêt ke şiwênî nîşitecê bûne kewate şiwênî xewtn û helisan û xewnekane, emeş yarmetî dere bo ewey bûnî xoy û xewnekanî le tabloy dîwarekanî da reng bidatewe bepêy hez û arezuwekanî bîrazênêtewe, her boyeşe şiwên lay başlar rehendêkî derûnî heye. mal yekêke lew karîgeryaney ke dekate ser bîrî mirov û xewn û yadgaryekan, bineretî ew garîgeryaneş zîndexewnekann, ke mirov le beagayewe xewn be hendêk hez û arezuwekanî debînêt."şiwên debête kogayekî rasteqîney hizir û hestekan, katê peywendî mirov û şiwên debête peywendiyekî goraw le nêwan herdukyan û kar leyek deken"[215] her şiwênêk ledeqî şanoyîda hebêt amajey pêkrabêt rûdawî têda rû dedat wata şiwênekan wa beasanî amajeyan pênakirêt Le Şano da, çunke deqî şanoyî guzarişit le rûdawî serekî dekat rûdawî lawekî wela denêt boye şiwênekan kemtir der dekewin. hendêk şiwênîş amaje pê dedrêt, belam pîşan nadrêt pêy delên fezay şanoyî nebînraw, ke rûdawekanî lêwe rû deden, belam beçaw nabînrên, gerçî le deqî şanoyda bas dekrên yan le ser textey şanoşda rûdawekanî degêrdrênewe behaw giringî kemtir niye lew. fezayeî ke rastye rûdawekanî debînrên yaxud kirdew cule şanoyekey lê encam dedrêt ciyawazyekeş lew mewdaye daye cêms mîrdund delêt ciyawazyeke leweye ke hestî pê dekrêt û le weş ke debînrêt [216].

Zor car le şano, ke şiwên pênase dekra peywest dekra be kat wek le ruy saykolojî heman şit ke bo kat wêna dekra bo şiwênîş dekra. zor lêk cya nedekiranewe wek çon

---

[215] Şêxanî, *s. p*, r.103.

[216] Ibirahîm, Semîr Ahmmed, *Hunerekanî Gêranewe Le Romanekanî Xusrew Caf Da*, namey master, zankoy Selaheddîn, kolêjî ziman, 2015, r.300.

le tirajîdya kat kem û nadiyar bû wek conson delêt “şkspîr zor guêy be kat û şiwên nededa “[217] bo şiwênîş ew binema zeq û giringe nebû, gerçî wirde wirde giringiyan pêdra şiwênekan mebestdar kiran le gel rûdawekan hengawyan dena bo ewey şiwênekan nîşan biden ke yarîdederêkî behêz bin bo xulqandinî karîgerî le ser gêranewey rûdawekan.

Her rûdawêk debê le şiwênêk rûbidat. şiwên hendê car pantayekî firawanî cugrafî degrêtewe û hendê carîş debête jûrêkî bçkolane. le şano da nakirêt şiwênêk helbjêrdrê le xowe, belku mericî eweye rûdawekan berew pêş berêt û dewlemendî bikat dr. rşad rşdî delêt “pêwîste nûser şiwênêk helbjêrêt ke dekrê rûdawekanî lêwe rûbidat beşêweyekî siruşitî waman lê bikat hest be namoyî nekeyn be bûnî karekiter lew şiwêne le çûn bo ew şiwêne yan derçûnî”[218] eme ewe degeynê çakitir waye le helbjardnî nawî şiwênekan leŞano da rastî bin yan nizîk bin le rastî le ser heman boçûn DR. Hemîd lihmidanî delêt hnrî mtiran nimûnekanî belzakî bekar hênawe katî basî şeqamêk dekat yekser xiwêner deçête naw rûdawekan, reber ewey şeqamekan rastîn, hemû rûdawekan ke gêrerewe basî dekat û dirusitî dekat şêweyek le fezay rastî werdegrêt [219]. şano xoy çalakyekî dahêneraneye zor ruy heye mirov sewday le gel bikat bo ewey carêkî tir jiyan dirusit bikatewe be çendîn rêga be şêwew şêwazî ciyawaz ke nîşanderî têgeyşitinî komelayetî û çalakî mirovye.

dr. Şuca' Almuslim Alanî le namey dkitorakeyda le barey şiwênî şanoyî delêt “hendêk car çîrok yan roman qalibî şanoname le xo degrêt, bewey şêwey gifitu goy kesekan û culeyan naçar be pabend bûn be binemay şano dekrên boye bem core çîrokane degutirêt çîrokî diramî”[220] fezay şanoyî/dramî be hoy zimanewe dirusit kirawe înca le rêgay diyalog bêt yan karekiterekan yan ew amojgaryaney nûsrawe le deqî şanoyda, fezayekî xeyalye, binyatî le ser xeyale, birdnî hoşî xiwênere le şiwênêk bo şiwênêkî tir, dîmenêk le rûdaw pîşanî xiwêner dedat başî şiwênêkî ciyawaz dekat ke natwanrêt berceste bikrêt, belku dehênrête ber çaw ke rûdaweke lewê ruydawe yan culey pê dekrêt yan beşêke le culandinî karekiterekan le şiwênêkî na madî. fezay şanoyî le gel zemen/kat ke bekar dêt katêk çawekan dexrête ser feza natwanrêt ew

---

[217] Wat, Iyan, *Tiyorî Roman*, w:bo farsî hesen paynde, u:bo kurdî muhemmed kerîm, çapî serdem, Slêmanî, 2003, r.49.
[218] Ruşdî, Reşad, *Fen Alkitabe Almesrehiye*, alheye almisiriye al’ame likitab, 1998, r.37.
[219] Lihmedanî, *s. p*, r.65.
[220] Ismaîl, *s. p, r*.41.

fezaye dirusit bbêt meger be zincîrey zemenî nebêt, ew fezayeş dirêjkirawey fezay şiwêne, herweha dirêjkirawî zincîrey zemenî gêraneweye, katêk zemenî niwandin/xwêndinewe tewaw debêt ewa fezay katîş tewaw debêt. bo nimûne katêk nimayşêk le nawendî şar, bazar, molêk dekrêt fezayekî taybetî dirusit deken bo temaşakeran, belam be royşitnî karekiterekan îdî ew fezayeş ke dirusit bbû degerêtewe doxî pêş dirusit bûnî feza. boye fezay zemanî/katî rolêkî yekcar giringî heye bo darişitinî fezay şiwênî.

Le çiwar çêwey çemkêk dsurêtewe ke renge rûdaweke rûbidat, mirov beqed ewey têkel debêt le gel kat /zemen beheman şêweş têkel debêt le gel feza deşitwanîn bilêyin mêjuy mrvayetî birîtiye le mêjuy têkelaw bûn be şêweyekî bineretî le gel fezada[221] pabend bûnî mirov be fezawe pabend bûnêkî tund û behêze, le ezelewe mirov be goy zewî bend kirawe. şiwên û kat lay komelnasan dû mericî zor pêwîst û giringn bo parastnî kltur û roşinbîrî û şaristaniyet bo komelgay mirovayetî. puxtey basî fezay şanoyî detwanm bilêm ke tenha feza lenêw deqî şanoyî daniye, belku le regezekanî tirîş weku çîrok û qesîdey şî'rîş daye. feza brîtî ye le kat, şiwên, karekiter û hemû keresteyek, kekat û şiwênêkî diyarîkiraw amadeyî hebê, boye nakrê bilêyin le çîrok û qesîde da feza teniya şiwêne. le ferhengî Şano da feza le hunerî şanoyî deq dekate çend fezayek:

- **Fezay dramî**/ şanoyî Lespace diramatique: ew fezayeye qise le ser deq dekat û fezayekî hest pê kirawe, ke mirov dexate ser rêgayekî xeyalî.

- **Fezay deq/** space textuel: birîtiye lew fezayeî ke be madey xam nûsrawe be qise yan be belaxe ke diyalog û amojgarî têdaye ke nûser le deq amajey pê kirduwe, bo ewey derhêner û ekiterekan pabend bin pêy. emeş birîtiye le fezay şiwên, belam emeyan tenha peywendî bew şiwêneye ke nûsîn le gêranewekanî dagîr dekat, ruberêkî le kaxez le sê rehendî nûsîn pir dekatewe.

- **Fezay nawexo** Lespace interiewr: wênakirdinêkî xeyalye nûser deçête naw xewn û be aga bûn.

hemû em fezayaney serewe amajeyan pêkirawe keşêk dirusit deken bo xiwêner/bîner taku xeyalyan bo şiwênêk yan çemkêk birwat bo ewey wêneyekiyan bête berçaw be

[221] Nesîre, Zuzu, Aşkaliye Fedha Û Almekan Fî Alxitab Alneqdî Alarebî Almaasir, mucele kuliye aladab al'lum Alinsaniye û alictimaîe, cami'e Muhemmed xidhîr-alcezaer, al'ded alsadis, 2010, r.3.

hoy ew keşeye şano detwanêt amancekanî bpêkêt xiwêner /bîneran her yek le şiwênî xoy têrwanînî bo em fezaye debêt kem yan zor leyekitir ciyawaz bêt.

-fezay awêneyîkmindhur: rêgayeke nûserî gêrerewe wa le hîkayeteke dekat palewanekan bculênewe leber çawî xiwêner wek eweye leber çawyan le ser textey şano bculênewe [222].

### 2.5.4. Berawird Kirdinî Tuxmî Şiwên Le Dastan û Şano Da

1- Le Dastan Da şiwên pêgey xoy heye, pêwîste em pêgeyeî xoy biparêzê. palewan berdewam derdekewêt, çunke runakyekan Le Dastan Da le ser culanewey palewann, boye beculanewey ewîş kat û şiwên rudawekanîş deculên ew pantayeş, ke palewan beserî daderwat bo derxstnî şiwênî palewane. leŞano da şiwênî kemtire beberawd le gel dastanda ewîş bo kemî madey madde xameke degerêtewe ke deqî şanoye, cige le şiwên nawêkî tirîş bo şiwên bekar deben ewîş fezaye, çunke şano ziyatir pîşandanî rûdawu karekiterekane nek pîşandanî şiwên herçî heye leŞano da wesife yan bas kirdinî fezay şiwêne zorbeyan amajene be nawî şiwên nek jiyanî palewan le şiwênî ciyawaz, ke çendîn şiwên bibrêt weku ewey Le Dastan Da heye, emeş ewe nageynê le şî'r û qesîdekanda feza niye Le Şano da katêk niwandin/nimayşî karêkiterekan tewaw bû ewa katî fezaş tewaw debêt hemûyan degerênewe doxî ber le rûdanî yan ber le dest pê kirdinî şanoke beroyşitnî karekiterekan fezay şanoyî lew şiwêne kotayî pêdêt.

2- Ew şiwênaney Le Dastan Da bas kirawin meric niye rast nebin yan netwanîn bgerêynewe bo şiwênî rûdaweke, belam leber ewey konn natwanîn şiwênî endazeyî rûdaweke diyarî bikeyin wata naxrête ber çaw, ewey Le Dastan Da debînrêt ziyaderoyî zor têdaye betaybetî wesifî malî palewan û şiwênî hewanewey, reŞano da beheman şêwey dastan nawî şiwênekan rastn, belam şiwênî hewanewey palewan le ruy şiwênî endazeyî rasteqîne nakewête berçaw herçî şanoye wesifekanî mal û hewanewey palewan rasteqînetire le şiwênî hewanewey palewanî dastan.

---

[222] dr. Hemîd lihmîdanî: yekêke lew kese ekadîmyaney wlatanî erebî, ke zorbey boçunekanî le nêw bas û xwase edebyekan bunete serçawey basekan lem xaley kemendhurî bekarhênawe wşey şyautrm nedozyewe pir be manakey bêt le kurdî da, dr. Hemîd bew manaye bekarî hênawe weku awêneyek le berçawî bîneran û xwêneran karekterekan deculên.

3- Şa’îr Le Dastan Da hêle serekyekanî şiwên bas dekat wirdekarî şiwêne gişityekan nakat teniya bo mebestî wesif dexzête hendêk şiwên çunke mebestî dastan şiwên niye belku pîşandanî palewan û rûdawekeye, le Şano da beheman şêwe derxstnî şiwêneke mebest niye beqed ewey palewan rûdaweke derdexrêt.

4- Şiwên Le Dastan Da beheman şêwey şano rehendêkî derûnî heye hez û xulyakan lem çiwar çêweye reng dedatewe. le dastan da gelêk şiwên bas dekrêt renge hendêkyan xizmet be rûdawî lawekî naw dastan bikat û şiwêne berçawekanîş, ke palewan culey têda dekat xizmet be rûdawe serekyeke bikat, le Şano da hemû nawhênanêkî şiwên mebestdare heta wesifekanîşî mebestî aşikiraw şarawey le pişteweye rûdawe serekyeke berew pêşewe debat.

5- Wesifî şiwên le dastan û şano da tenha yarmetî der niye bo dirusitkirdinî fezay gêranewe, belku debêt em wesife bibête hoy ewey zincîrey rûdawekan beraste hêlêkî rast bibat nebête geranewe bo dwawe sereray karî pîşandanî palewan û karekiterekane wesif xudî xoy deçête naw xaney îstatîka. şiwênekan her corêk bêt le dastan yan le şano bepêy rolekey ke deygêrêt giringî debêt, şiwên heye debête ezmûn û bext kerewey palewan culey ziyatirî têda dekat ke deselatî beseryan deşkêt le jêr hejmûnî xoy daye le qonaxêkda boy debêt be tirajîdya renge be mergî palewan kotayî pê bêt, emeş em wataye heldegrêt şiwênekan le ruy me'newyewe wek xoyan namînênewe debin be şiwênî serkewtin û doran.

6- Kat û şiwên Le Dastan û Şano da be yekewe der dekewin eger şiwên derkewt bêguman katîş amadeyî heye.

## 2.6. Tuxmî Şiwên Le Ruy Pirakitîkewe

### 2.6.1. Tuxmî Şiwên Le Dastanî Mem û Zîn Da

Yekêk lew taybetmendiyaney le dastanî Mem û Zîn da heyetî şiwênî rûdanî rûdawekeye, ke nawçeyekî kurdye morkî hîç nawçeyekî tirî pêwe dyar niye. zor le dastane cîhaniyekan çend mîlletêk xoyan dekene xawenî yan eweta asewarî bûn be xawenî dastan dadenên le nêwan çend mîlletêk bzr buwe, belam Mem û Zîn ew taybetmendyeî parastuwe. renge pirsyar bikrêt eî wilatî yemen çî le dastanî Mem û Zînda manay çiye?dekrê bilêyin, ke şiwênî rûdanî rûdaweke giringe nek şiwênî lêwe hatnî palewaneke.

cizîre şarêkî kurdye le bakurî kurdstan nawendî rûdawekanî dastane bigre zorbey kêşew çeqî milmilanêyekanî nêwan karekiterekane ke beserhatî beyek geyşitin û dest lêk berdanî Mem û Zîne:

“xuşikî çikole gutî be xuşikane
xuşikê!ez û bibim be qurbane
bela eme kakeMamî helgrîn bîbeyne cizîr û botane”[223]

Şiwên mebest û mexzay firawan dedat be destewe be hukmî pêgey şiwênekew gewireyî û sadeyekey û herweha culanewey palewan û tya jiyanî. katêk Mem le ser zarî xoyewe basî deselat û plew payeî binemalekey dekat bo xatû zîn bêguman şiwênî hewanewey xoy bo bas dekat, ke şiwênekan xeyalîn le waqî'da bûnyan niye bunêkî fantazyan heye:

“xatûnê, koşikî min bilinde ser le hew tebeqey asmanê
xşitêkî zêre yekêkî zîwe, westa dayanawe le karxanê
dengî melayeketan deygatê le hewit tebeqey hasmanê
koşikî min koşikêkî gelêk gewirew girane”[224]

Le dastanî Mem û Zînî Oskar Mann da şiwênî Mem û binemalekey biraym padşay bawkî wilatî yemene, nawî xanuy şiwênî hewanewey Mem bas dekat diyare nawbangî hebuwe, belam hîç asewarêkî becê nemawe bo ewey dilnya bibînewe le rastî em şiwêne:

“eger kafrîş bibê îsalla sahêb îmane
eger kakeMemyan negeyandewe yemenî gewirew girane
eger babî degel selamî niwêjî nebînê hemû sbheynane
lekin dayikî sorax neka, reburcî belek neka beyane”[225]

Naw hênanî hendêk şiwên bo eweye, ke jêrxanî roşinbîrî palewan çiye, herweha corî perwerdekirdinî çon buwe, reseretay bas kirdinî dastaneke be baskirdinêkî pêş wextey xêra beçend dêrêk le perwerdekirdinî Mem bas dekat diway heft salî le kwê buwe:

“Ewca hênayan birdiyanne medresey le xizmet mamosta danîşitn. hewit salan de jêr xanî dabûn.”[226]

---

[223] O.Mann, *s. p*, r.146.
[224] O.Mann, *s. p*, r.152.
[225] O.Mann, *s. p*, r.146.

Le şiwênêkî tir da gêrerewe basî nawmalî Memiman bo dekat bo ziyatir aşina bûn be perwerdekirdinî palewan, ke kesêkî le xwa tirs buwe şiwênêkî taybetî hebuwe bo niwêjkirdin le tenîş şiwênî nustnî xoy:

“destyan destoy yek dekird, dehatnewe, reser ferşan, canmazan, qalîçane
ca pêkewe ronîşitn, deyanbjardewe şukirane”[227]

Le dastanî Mem û Zîn da rûdaweke le nêwanî dû binemaley xanedan dabuwe herdukyan xawenî koşik û telarî xoyan bûn zînîş be heman şêwey Mem basî plew payeî xoyan koşikekeyan dekat û lêkçwandinî be beheşit ke hawşêwey niye le ser zewî bêguman le şiwênî xeyalîş têdeperênêt û gelêk şiwên nawîan hatuwe weku feza amadeyan heye û basî kirdûn û delêt:

“Mîr Mem, koşikî min bilinde ser le şaxî
eawî spî le hewzî kewserê dê helderjête ser berdî mermer
pexiş û perêşan debî le nêw çiwar baxî
şehên û salûr û şmqar le wêda bûn yaxî

yayezîn delê:

Mîr Mem, koşikî min bilinde ser lehewit tebeqey asmanê
westay bo hatûn le hîndê, mî'marî le buxaraye, gêçî bo hatuwe le tarîkstanê
koşikî min xşitêkî zêre, yekî gewherî karxanê
her çend berdî weqîmete, xewasan deryan hênawe le deryaî nîl û omanê”[228]

Şiwênekan yekcar zorin Le Dastan Da, çunke dastan firawane renge çendîn şar û Memleket bibrê û hendê carîş bo pîşandanî siwar çakî palewan basî raw şkarî palewan dekrêt ke xerîkî ew karane bûne, emeş leber eweye ziyatir kewa palewan tiwanay bedenî û eqlî kamle Mem le gel nokeru hawrêyekey bengîn deçne raw ta degerênewe braiym padşa jn û kiçî yemenê le ser rêgay dadenê bes hetaweku neçête şarî cizîrê bengîn be Memî gût:

“mîr Mem bila biçînewe bo malê rawyan betal kird rûyan demalê kird, eger hatin geyne qeraxî şarî temaşayan kird dawet bû. lotî û reqas bû şêr û wiriç bû”[229]

---

[226] O.Mann, *s. p*, r.143.
[227] O.Mann, *s. p*, r.154.
[228] O.Mann, *s. p*, r.153.

gêrerewe basî ew nêwaney wilatî yemen û şarî cizîreman bo dekat ke çol û sehraye ke rêgay 12 mang û bîst û çiwar rojane xoy û leşkrekey, ke bawkî bo amade kirdbû Mem û bengînkewtine rêga:

"Ewê rojê dû be dû deyanajwa heta mehelî rojawaye,
ca qoşen negeyîye awedaniyan, kewt le çol û sehraye, "[230]

Diway ewey ew hemû rêgayeyan brî Mem û bengîn betenha manewe ewey hebû gerayewe diwawe diway rêga pîşandaniyan lelayen weys û lqerenî mahî deşitê geyşit be derwazey şarî cizîrê weha basî dekat, ke sereta çeme wata eawî zore le derwazey geyşit be şarî cizîre amajeyekîşî be nehametî şareke kirduwe pêş ewey rûday mirdinî Mem û zînî têda rû bidat emeş ewe degeynê ke gêrerewe destî heye le nasandinî palewan û şiwênekey le deqe çîrok amêzekanda:

"Ewe dehatine xwarê cûte siwarekey feqîrê
dehatin û degeyşitinewe ser çomekey kawle cizîrê"[231]

Gêrerewe basî eweşman bo dekat ke şarî cizîre kolan û malî têdabuwe wata awedan buwe ew serdem:

"ke Mem û bengîn geyne kolanê
cihêl be pîryanewe çûn, destyan kird be xelat bexşanê"[232]

Gêrerewe wesifî malî qeretajdînî mêrdî xatû estîî xuşikî zînman bo dekat, ke malekey çone herweha be şêweyekîş pêman delêt kewa qeretajdînîş hawşanî mîr plew payeî mal û halî heye lew katey xatû estî beMem delê ba bçîne malî ême mîwan bîn:

"brale!helste bçîne wetaxê balexanê
kê bû le mîr Mamî muhtebere
le plîkanan dekewte sere
pencereyan bo dekirdinewe ewber ewbere"[233]

Bo ciyakirdinewey şiwênî hogir, na hogir, xeyalî, waqî'î, kirawew daxraw nawhênanî şiwênekan lew gêranewaney gêrerewe boy kirduyn û têy geyanduyn be şêweyek le şêwekan, ke bo heryekekyan taybetmendî xoy heye bo nimûne ew şiwênane bo zîn hogirn:

---

[229] O.Mann, *s. p*, r.160.
[230] O.Mann, *s. p*, r.175.
[231] O.Mann, s. p, r.179.
[232] O.Mann, *s. p*, r.185.
[233] O.Mann, *s. p*, r.186.

malî sitî xuşikî, ser kanî, koşikî zîn

ew şiwênaney ke bo zîn nahogirn malî Bekir mergewerî, malî mîr, çunke hezî nedekird lew şiwênane Memimîwan bêt:

> "Ya xulaye neçne malî kaBekirî, biçne male xuşikî xom. qertajdîn piyawêkî reşîde, sexîye, nan bideye, ew zor çakyan bexêr dênî"[234]

ew şiwênaney bo Mem hogirn cizîre, malî qertajdîn, kanî, burcî belek, dîwanî mîr zêndîn, ke jwanî le gel zîn bestbû, rawkirdin le wilatî yemen nek raw kirdin le şarî cizîrî.

şiwênî na hogir bo Mem: sehra, malî Bekir Mergewerî, zîndan, qebir, xanuy mindalî ke hewit salan lenêw xanîdabawkî neyhêla bête der, ke renge serdemêk em xanwe hogir bêt belam bêzar bû wîstî zû bête derê.

Ew şiwênaney ke nawîan hatuwe belam hîç rûdawêkyan lêwe rû nedawe weku feza bekar hatûn culanewey karekiterekanî lêwe rû nedawe wate pêda têper nebûn bo nimûne:

hînd, buxara, tacîkistan, deryaî nîl, deryaî oman, mîsr, şam, malî xudake'be, bexda

Le dastanî Mem û Zînî Oskar Mann de Rehman Bekirî gêrerewe hendêk nawî bekar hênawe xeyalîn beçaw nakewin yan destî mirovî pê negeyşituwe dê basyan dekat le gêranewey dastanekeda bo nimûne:

Hewit tebeqey asmanê, xanuy zêru gewherî, eawhatne xwar le hewzî kewser bo malî xatû zîn keçî le naw dastanekeda şiwênî waqî'î debînrêt ke êstaş mawin diway çendîn sal le rûdaniyan lewane yemen, cizîre, çemî cizîre, qebrî Mem û Zîn emane ta êstaş her mawin.

Şiwênî kiraweş le nêw dastanî Mem û Zînda hen weku kolan, ser rêkay kanî, raw kirdin le deşit û kêw, sehra şiwênî daxrawîş ew malan en ke taybetn be kesêk yan binemaleyek hemû kes natwanêt bçête nawî yan têyda bjî teniya xawenekanyan nebin, heweha leweş taybetî tir eweye şiwênî nustne ke xudî yek kes yan xêzanekey detwanin lêy bxewn ecîna kes boy niye bçête naw cêgay yekêkî tir.

---

234 O.Mann, *s. p*, r. p.

## 2.6.2. Tuxmî Şiwên Le Şanoy Mamê Alan Da

Le Şano da şiwênî kem bekar hatuwe, belam rastîn yan nizîkin le rastî nawî şiwênekanîş, ke bekar hatûn weku feza rastîn, ewey E. R. Hekarî bekarî hênawe em şiwênane ta êstaş le gel dabêt hen ew fezayaneş her bûnyan heye le waqî'da. Tuxmî şiwên le şanoy Mamê Alanda bo derxstnî tuxmekanî tirî gêranewe mameley le gel kirawe, nûser le bas kirdinî nawî şiwênekan bawerî pêyan heye, çunke be xoy lew devere jiyawe, ke nawî hênawn.

Nawî ew şiwênaney E. R. Hekarî bekarî hênawn û rûdawekanî lêwey rûdawe malî xoyetî le deverî hekariye le perdey yekemda nûser amaje be bew jûrî Mamê Alandekat ber lewey karekiterekan bculên em wesif kirdiney nûser bo jûrî palewan dekat zor bewrdî wêneyekî jûrî kurdane, xanedan, çekdareman pê pîşan dedat :

“odekî kurmancî xemlandî, bi ber û mafuran raxistî. dîwarê wê,
çekêt Memo pêve hilwastîne. çar terefê dîwar, balxîne”[235]

Le dû şiwênda nûser basî mîrî hekarî kirduwe pêdeçêt ew emirî be xelikî ew devere kirdbêt kewa xeza destî pêkirduwe û herweha daway le xelikî colemêrg kirduwe be bedem bangewazekeyewe biçin.

“mîrî hekaryan emir kirye”[236] lawend hawrêy Memoye hatote lay Memoçend zaniyaryekî dedatê le ser şiwênî mîrî hekaryan “îroke mirovek ji başqalan hatye go mîr emir heta colemêrgê çûye lazime divê hefteyê da em li colemêrgê berhev bibîn”[237] nûser hendêk nawî şiwênî bekar hênawe, belam pîşan nadat teniya nawî hênawn weku feza le hoşî xiwêner wêna dekrêt egîna nakirêt şiwênî ciyawaz bixrête ser şano, çunke şano le çiwar çêweyekî snurdar detwanê nimayşî şanoyî bikat ewey demênêtewe fezaye:

“qudisa şerîf muhafeze diket”[238] “neyaran serhed girtine”[239] karekiterekan nawî şiwênekan dehênn û basî culey xelikanêk deken, ke şer têda rûdawe û yan xoyan amade deken bo çûne şer. ew şiwênaney bekar hatûn hîçyan fentazî nîn.

---

[235] E. R. Hekarî, s. p, j .15, r.21.
[236] E. R. Hekarî, s. p, j. p, r.22 .
[237] E. R. Hekarî, s. p, j. p, r.23.
[238] E. R. Hekarî, s. p, j. p, r.22.
[239] E. R. Hekarî, s. p, j. p, r.22.

şiwênî hogir le şanoy Mamê Alan malî xoyane betaybet jûrî Memo û Xezal diwatir bo Xezal degorê bo şiwênî nahogir, çunke Memo lew jûre bedestî dayikî giyanî ledestda.

### 2.6.3. Berawird Kirdinî Tuxmî Şiwên Le Dastanî Mem û Zîn û Şanoy Mamê Alan Da

1- Le dastanî Mem û Zînî tuhfey muzeferîye palewan giringtirîn tuxme, şiwên tuxmêke bo pîşandan û culanewey palewan û derxstnî tuxmekanî tir mameley le gel kirawe Le Dastan Da basî dû şiwên kirawe ke palewan culanewey têda kirduwe ewîş yemen û cizîreye, le şanoy Mamê Alanda şiwên giringî zorî heye tuxmêke bo pîşandanî şiwênî culanewew jiyan û perwerdekirdinî palewan û dekewtinî tuxmekanî tir naw hênanî hekarî, serhed şiwênî hewaney palewan lem nawçeyeda.

2- Nawhênanî şiwênekan Le Dastan Da bo ziyatir razandinewey şiwênî palewanekan û bemebestî derxstnî plew paye û pêgey palewan le çaw dewru berî, basî xanuy Mem û Zîn kirawe ke şahanen û pire le fentazya, le Şano da bo heman mebest nawî hendêk şiwên dehênrêt be wesifkirdinêkî ciwan bo ewey xanedanî palewan ziyatir derbikewêt û şiwênekan le waqî' nizîkin, mebestî nûser bo eweye malêkî kurdane pîşan bidat û dur bikewêtewe le fantazya.

3- Wesif kirdinî şiwênekan hendêkyan le radebeder durn le waqî' wek wesif kirdinî rêgay durî nêwan yemen û şarî cizîre be dwanze mang û bîst û çiwar roj  bê ewey şarezayî şiwênekan bin boy royşitn, belam leŞano da teniya wesifî jûrî palewan dekat û wesifî durî nêwan hekarî û qudis nakat teniya ewe delêt ke diway salêg gerawetewe malewe diway kotayî hatnî şereke, ke emeş waqî'îetîk be şanoke debexşêt, çunke şerî xaç perstan ew maweyeî xayand ta kotayî hat.

4- Nawhênanî şiwên Le Dastan Da hendêkyan xizmet be rûdaweke deken weku dîwanî mîr zêndîn, malî qeretajdîn, kanî, zîndan hendêk şiwênîş giring nîn teniya bo pîşandanî rûdawî lawekîn weku yemen çil derwazey heye, mzgewtî mîr, tekye, xaneqa, belam Le Şano da hemû nawhênanekanî mebestdarn wek hekarî, serhed, malî Mem, qudis hemû nawhênanî şiwên bo berew pêş birdnî rûdawekan û xizmet be rûdawî serekî deken.

5- Şiwênî hogir le dastanî Mem û Zîn bo Mem cizîreye û malî qeretajdîn û ser kaniye bo zînîş be heman şêwe, belam şiwênî nahogir bo zîn şiwênî naşitnî Meme û şarî cizîreye diway mirdinî Mem, şiwênî hogir Le Şano da male betaybet jûrî taybetî “Memo û Xezal diway mirdinî Memodebête şiwênêkî na hogir bo zîn

## 2.7. Tuxmî Rûdaw Le Dastan û Şano Da

### 2.7.1. Tuxmî Rûdaw Le Ruy Tiyoriyewe

Rûdaw tuxmêkî giringî gêraneweye, bigre deqe çîrok amêzekan rûdawêk degêrmewe înca le rastî wergîrabêt yan xeyal ke beser palewan yan komelêk xelik dadêt. rûdaw komelêk beserhatî rêkxrawn le zemenêk rûyandawe giringtirîn binemay gêranewe eweye, ke nabêt dastanêk yan çîrokêk yan beserhatêk... htd bebê rûdaw leber ewey şêweyeke le milmilanê û hestekan beyekewe debestêtewe rûdawekanî lêwe berhem dêt, gêrerewe dêt be şêweyekî edebî ciwan boman dûbare rûdawekan degêrêtewe. be bekarhênanî Hunerekanî Gêranewe bo dirusit kirdinî deqî edebî, dekrêt bilêyin gêranewe dirusit nabêt eger Tuxmî rûdawî têdanebêt. bebê rûdaw karekiterekan bê kar demînînewe deqe çîrok amêzekan debin be qisey zor sadey bê kirdar, karekiter rol nabînn, be watayekî tir îtir gêranewe dirusit nabêt. renge rûdawêkî diyarî kiraw hebêt, belam be çendîn şêwe gêrdirawetewe emeş bo hunerî gêranewey rûdawekan degerêtewe, ke komelêk rûdaw beser hat degêrêtewe krjî û berzî û nizmî milmilanêyekan bas dekat ke le nêwan karekiterekan da heye ta kêşeke degate lutke hendêk car bemergî palewan kotayî dêt hendê carîş beser kewtinî, kewate rûdawekan le encamî ew gorankarîyane dête kayewe, ke beser karekiterekan dadêt emeş le encamî kêşmekêşmî pêşhatekane ke beser karekiterekan dadêt rûdawî lê dête kayewe kewate rûdaw kardanewey kêşekane ke ruberuy karekiter debêtewe.

Eger rûdawekan le dewirî kesêk bû ewa her xoy serkêşî rûdawekane û gorankarî le kesayetyekey lêwe rû dedat, belam eger rûdawekan gişitî bûn ewa mîllet hemuy beşdarî têda dekat, “behaw giringî rûdaw be gwêrey qêzewenî yaxud sadeyî û alozî rûdaweke niye, belku be gwêrey çoniyetî mamelekirdin û bekar hênanî huneryaney rûdawekew bestnewey be tuxme pêkhênerekanî dîke lelayen nûserewe behakey

dexate rû, em peywendîyeî lêwey dirusit debêt tewawkariye”[240] rûdawekan degorên le xoşî bo naxoşî yan be pêçewanewe giring eweye doxeke bgorê le siruşitî asayî xoy nemênêtewe berew pêşewe birwat.

Rûdawekanîş dû corn yekemyan: rûdawî serekî, ke hemû bas û xwasekan û gêranewekan le dewirî em rûdawe dexulênewe ke mebestî serekî dastan û şano em rûdaweye derî bxen û mameley le gel biken corî duwemyan rûdawî lawekye: lem coreyanda nuser dest kirawetire le coniyetî bas kirdinî em rûdawane bo pîşandanî layenî saykolojî xelik û baru guzeranyan û corî bîrkirdinewew layenekanî tirî jiyanyan. deşkirê bibestirêtewe be rûdawî serekî bibête rûyekî tir, rûdawe serekyeke berew pêşewe bibat. em coreyan xiwêner ziyatir aşina dekat bew serdem û wêneyekî bo dirusit debêt, kehezekanî ew serdem çon bûne. rûdawekan seretaw nawerast û kotayan heye. sereta be kêşey seretayî dest pê dekat, diwatir wirde wirde aloz debêt, hendêk carîş bexewnêk yan be zanînêk aloz debêt hengaw berew encamî rûdaweke radekêşê. heruha peywendî rûdaw le gel şiwên û katîşda peywendiyekî tundiyan heye ebu elî merzûqî delêt rûdawêk rûbidat ebêt le zemen û şiwênêk dabêt[241].

### 2.7.2. Tuxmî rûdaw Le Dastan Da

Komelêk kirdar û rûdaw rêkxrawn be hokar, ke çiwar dewiriyan be babete gişityekan dewrdirawe, şa’îr le nûsînewey dastanda giringî be dû şit dedat ewîş bker û kirdarekeye, çunke puxtey rûdaw em dû şiteye. Dîvîd word le barey giringî rûdawda delêt “rûdaw şitêkî ser pêyî niye, belku ziyatire lewey teniya şitêk bêt û rûbidat, çunke beşdarî le pirosey gêranewe da dekat her wek çon beşdarî dekat le seretaw kotayda”[242] ew deselatey rûdaw ke le dastan da heyetî erkî ziyatire û mebestdar tire lay şa’îr bo ewey peyamî rûdawe mezineke bgeyênêt. rûdawekanî naw dastan konn be çendîn şêwe gêraneweyan bo dekrê û gêrdirawetewe le ser zarî xelik, boye rûdaw kesayetyekanî naw dastan aşinan be guêy xelikî şa’îr natwanê zor destkarî rudawekew kesayetyekan bikat ewey şa’îr detwanê bîkat le rûdawe

---

[240] Xidir, Rêzan Rehman, *Tekinîkî Gêranewe Le Romanekanî Ebdulla Serac Da*, çapxaney Rojhelat, çapî yekem, Hewlêr, 2012, r.15.
[241] Cum’e, Necwe Muhemmed, Binau Alhadedh Fî Ş'r Nazik Almlaeke Almqarbe Alnesiye, mucele kuliye aladb albsre, al’ded44, 2007, r. 94.
[242] Xidir, *Tekinîkî Gêranewe Le Romanekanî Ebdulla Serac Da*, Hawlêr s. p, r.16-17.

lawekyekane beşêweyekî kem lewêwe detwanrêt şa’îr blîmetî û çêj û mebestekanî tê baxnêt, belam îdî ke nûsrayewe formî taybetî xoy werdegrêt lem kêşane rzgarî debêt ke çendîn şêwe gêranewey hebêt îdî xelik radêt lew forme le gel eweşda şa’îrêk yan nûserêk ta yekêkî tir ciyawaziyan her debêt le hendê şiwên û rûdaw da goranî beser dahatuwe.

Pêwîste şa’îr bawer be xiwêner bihênêt ke kamltirîn rûdaw degêrêtewe, çunke rûdawekan le jiyanî ryalîstîda desteber nebû ewa be nakamlî û natewawî derdekewêt naçar şa’îr gêranewey dastan tejî dekat le xeyal bo ewey lay xiwêner be kamlî derbikewêt. mêjû rûdawekanman bo degêrêtewe wek xoy ke çon ruydawe her weha rûdawî biçukîşman bo degêrêtewe, belam rûdawî dastan rûdawêkî mezine hemû mebestî serekî dastan gêranewey ew rûdawe mezineye kotayş beheman ew rûdawe dehênê le yek katda. katekanî tirîş yarmetî derî ew katen ke rûdaweke alozî degate lûtke û deteqêtewe, belam renge mêjû komelêk rûdawî cya û le katî cya bgêrêtewe emeş yekêtî le rûdaw kat û şiwên dirusit naken. kewate kat rolî heye le bas kirdinî rûdawekan û zincîrey rûdawekan le an û satî ciyawazda “rûdaw bebê kat termêkî mirduwe... rûdawî bê şiwênîş wek rêbwarêkî bê akincye, nîşitîman û pênasî wine”[243].

Le dastan da rûdawekan seretayekî pir le wesif û bîrokeyekî babeteke şa’îr amajey pê dekat, ke amadekariyeke û xistne ruy hendêk dîmene amadekirawe bo palewanî serekî dastan ke le an û satî le pir yan kemêk hêwaş rûdaw rûbiden xiwêner tûşî ser surman nebin, ke emeş şêwazêke ta êsta le gêranewey dastanekanda peyrew dekrêt, wesifî rûdaweke zor bû ewe nîşaney eweye rûdawekan amadekrên yaxud peywendiyan heye bem dîmene wesif kirawane, belam eger wesifî rûdawekan kurt bûn zû têperîn ewa rûdawe bas kiraweke lawekye boye kurt birî le bas kirdineke dekrêt, Wek la hêlkarî jimare (3) be diyar dekewêt.

wesifî dîmen ⟶ rûdawekan serekîn û giringin

kurt kirdinewe ⟶ rûdawekan lawekîn û giring nîn

Diwatir rûdawekan heldekşên û geşe deken le encamî bûnî milmilanê û peresendinekan hendêk carîş le gêranewey rûdawekan be zanînî zaniyaryek yan xewnêk sertapay jiyanî palewan degorêt, rûdawî kit û pir serincî xiwêner radekêşn

[243] Xalid, Imad Weysî, *Berawirdkirdinî Dastanî Şêxî Senanî Ettar Nîşapûrî Û Feqê Teyran,* namey diktora, zankoy Selaheddîn, kolêjî ziman, 2008, r.126.

lay kilasîkyekan ewe pesnd bû, belam lay ryalîstyekan debê rûdaw pere bsênê hengaw be hengaw le lutke nizîk bibêtewe diwatir biteqêtewe. newek xiwêner pirsyarî ewe bikat nedeba ruydaba!hêşita kêşeke wa gewire nebû ta bext kirdinî têda bêt!belam herçî Le Dastan Da be xeyal şa'îr wa bawer bexiwêneranî dekat, ke tiwanay palewan radebeder e tiwanay ewey debêt le gel milmilanêyekan xoy rabigirêt û le gelî birwat ew milmilanêyeş le encamî lêk halî nebûn yan beryekkewtin le nêwan hîzî şer û hêzî xêr begişitî û hêzî neyarekan betaybetî Le Dastan Da şerî xoênawî û ber yek kewtin rû dedat rûdawekan aşikira debin maskî dapoşrawekan heldemaldirên hemû wêne dapoşrawekan be diyarxerî debînrêt ewey ta ew kat dapoşrabû îdî wala dekrêt encamî rûdaweke ciyawaz derdekewin, hendê dastan be mergî palewanî serekî kotayî pêdêt yan serkewtinî palewane beser terazuy şerda diway ew hemû kêşew milmilanêyekanî naw dastan îdî berey xêr serdekewêt

Rêkxistinî rudaw le Ruy gêraneweda dekrê beser dû şêwey binçîneyî dabeş bikrêt:

1- "**Rêkxistinî yekem**: dewestête ser astî beserhatekan, wek ewey degêrdrêtewe waqêkî zemenî mêjuyî bêt û rûdawekan bediway yek dabên ewsa hîkayetxiwan dêt em rûdawane be gwêrey rêkxistinêkî dîke degêrêtewe.
2- **Rêkxistinî duwem**: rêkxistinêkî hunerye ke dahênrawî hîkayetxiwane lêreda hîkayetxiwan le binyatî berhemekey xoyda cê gorkê be rûdawe waqî'îe mêjûyekan dekat"[244] hîkayete xurafyekan le ser binyatî zincîreyî rûdawekan derwat wata yek bediway yek rûdawekan dên û geşe deken rûdawekan weku hêlêk bestirawen eger piçran ruyda ewa rûdawekan debine parçeyek le wesif hîç peywendiyan beyekewe namînêt teniya peywendîye şiwênîyeke demênêtewe. corêkî tirî gêranewey rûdaw heye çune nawîeke, ke gwê be zincîrey kat nadat lem coreyanda zincîrey rûdawekan giringiyan pê nadrêt, belku bepêy helumericî taybet rûdeden bê ewey karîgerî dirusit bikat le ser resenî yan cewherî rûdaweke, belku corêkî tirî gêranewey rûdawekane xiwêner ber lekotayî hatnî yan tewaw bûnî le naw zeynî xoyda seredawekanî hoy serheldanî dedozêtewe ke bûne hoy em encami'e.

[244] Xidir, *Tekinîkî Gêranewe Le Romanekanî Ebdulla Serac Da*, Hawlêr s. p, r.25.

Binyatêkî tirman heye le gêranewey rûdawekan ewîş le xalêk gêranewe dest pê dekat le kotayda degerêtewe heman şiwên ke destî pêkirduwe dîsan emeş ewe nageynê ke berûdawêk destî pêkirduwe beheman rûdaw kotayî bêt, belku besatêkî derûnî destî pêkirduwe beheman hest û sat kotayî pê dêt, weku pena birdnî şa’îr bo heman ew dêre şî'ryaney ke le sereta deygutewe le kotayşda heman ew dêre şî'ryaney dûbare dekirdewe, bew manayeî heman nawerokî ew fîkrey ke le sereta destî pêkirduwe bemeş le edeb û huner da corêke le ciwankarî şî'rî yan dîmenî “ulyem fokiner û herweha çiwarînekanî lurns darîl heman ew şêweye dubare kirdineweyan hebû”[245] rûdaw rolêkî giring debînê le dirusit kirdinî peywendî le gel tuxmekanî tirda Le Dastan Da “binyatnanî rûdaw fakiterî beyek bestnî le gel tuxmekanî beşekanî tirî naw dastane”[246] mentiqî hîkayeteke yan çîrokeke le mawey rûdanî rûdawekan û beserhatekan form werdegrêt, peywendî heye be kwalîtî û çoniyetî palewan.

Ew kesaneş ke le dastan da rol degêrin, eger rûdaweke mentiqî û siruşitî bû, ewa palewan û kesayetyekan debî tiwanay siruşityan hebêt, belam eger rûdawekanî naw dastan xeyalî û seruy siruşitewe bû bêguman palewan û kesayetyekan kirdarî radebeder encam deden. hendêk car xudawend rûdaweke xêra deken û hendê carîş dirusit deken leber ewey qedere, qederîş ewe dekat renge le ser şêwey pyawêkî nûranî yan peryek bexeyal xoşewîstekey yan dahatuwekey bihênête ber çawî palewan arastey ruwew rûdaweke biken wata xwawend rêrew bigorê le hendêk le çîrokekan da palewanekan xewn debînn ke bepêy guzarişitî ew xewnane be çarenûsî xoyan degen[247]. boye rûdawekan derûnî kesayetyekan aşikira deken helwêstyan çî debêt lew rûdawane hengawyan be çiarasteyek debêt, herweha rûdaw sîmay kesayetyekan diyarî dekat, ke her kesayetyek becorêk rûdaw karî lê dekat bepêy dûrî û nizîkî le rûdaweke corî beşdarî kirdinî le tund bûn û hêwrbûnewey fryal kaml smahe delêt “rûdaw rehendî derûnî û hizirî kesayetî aşikira dekat û mawey geşekirdin û pêgeyşitinî be dyar dexat”[248]

---

[245] Cum’e, s. p, r.111.
[246] Xîrandîş Seîd Mehdî & Durî, Necime, Saxtar Dastan Pirdazî Der Semik 'Eyar, behis namey adbyat û ziban şinasî, sal awil, şmarey awil, 2011, r.112.
[247] Xîrandîş, Seîd Mehdî & Durî, Necime, s. p, r.112.
[248] Şêxanî, *s. p*, r.91.

### 2.7.3. **Tuxmî Rûdaw Le Şano Da**

Le şano da rûdaw tuxmî serekî deqe Aristo delêt “rûdaw giringtirîn beşe pêkhênerî diramaye, çunke dirama lasayî kesekan nakatewe, belku lasayî rûdaw û jiyane”[249] Aristo pêy waye _ rûdaw rohî şanoye be binemay serekî dadenêt Le Şano da rûdaw dekewête pêş karekiter renge nawî karekiterekan ewende giringî nebêt beqed ewey geyandinî rûdawekeye. “rûdaw ew henaseyeye, ke giyan dekat beber hemû tuxmekan be gişitî û deqî şanoyî betaybetî le mirdin rzgarî dekat. deqî şanoyî be şêweyekî gişitî le ser çoniyetî zîndwêtî rûdawekan binyat denrêt”[250] kewabê Le Şano da rûdaw giringtirîn tuxme ke bitwanrê deqî le ser binyat binrêt, amîne Yusif le barey giringî rûdaw delêt “rûdaw brbrey pişitî tuxme huneryekanî dîkey wek karekiter û kat û şiwêne”[251] bew manayeî ke peywendî zor ptewî le gel em sê tuxme heye. ew rûdawaney ke beser karekiter dadên hendêk car sertapay jiyanî degorêt renge lew şiwêneş birwat bo şiwênêkî tir. “debêt rûdawekan le şano da le perdeyek bo perdeyek û le beşêk bo beşêkî tir berew pêşewe biçîn... rûdaw pere nasênê û pêş nakewêt le bê dengî û sardî, belku le tundî û kşandinekan û le jêr sêberî milmilanê pêş dekewêt”[252].

Deqe şanoyekan deqî edebîn maddey xamin hêşita nebrawnete ser textey şano eger rûdawekan gewirebin zorbey car debin be perde perde yan be zincîre bo ewey dîmenekan hengaw hengaw pîşan bidrêt, xiwêner xoy lêkdanewe bo katî nêwan dû perdeke dekat hendêk carîş nûserî deqî şanoyî xoy amajey pêdedat. celal elşerqawî le barey deqî şanoyî le tablokanî yekem û duwem... htd pêy waye ew rûdawaney rû deden her yekeyan ewytir tewaw dekat be piçranî heryekêkyan yan derhênanî xewşêkî gewireye çi weku pêbînî kirdinî xiwêneran bêt yan rexnegiran delêt “hemû rûdawekan û dîmen û beşekan debine qonaxekanî geşekirdinî hêlî kare berdewamyekan”[253] boye pêwîste le şano her perdeyek bo perdeyekî tir pere pêbidrêt û culey pêbikrêt, geşe be milmilanêyekanî nêwan karekiterekan bidrêt, her kar û reftarêk ke palewan encamî dedat byanûyekî bawer pêkirawî leber dest bêt, bo

[249] Xidir, *Tekinîkî Gêranewe Le Romanekanî Ebdulla Serac Da*, Hawlêr s. p, r.26.
[250] Ebdulqadir, *s. p*, r.147.
[251] Şêxanî, *s. p*, r.90.
[252] Ruşdî, *s. p*, r.50.
[253] Simo, *s. p*, r.86.

nimûne nakirêt palewan ehlî keyf û sefa bêt, belam le perçe kirdarda berigrî le nîşitîman bikat.

Byanuy perçe kirdar bawerpêkiraw bêt û geşey bikat û aloz bêt “millmilanêy şanoyî lewe dirusit debêt be nezanînî layenêk berastî layenî dij beramber sereray beşdarî herdukyan le zanîn lew rastiye ye”[254] kewate nezanînî rastî layene nakokekan dij beyek dekat rûdaw pere dekat rûdaw pere desênê ciyawazî raw boçûn dirusit debêt, encami’ekeşî adeten be zanîn kotayî dêt. “ew rûdawe mêjûyaney ke le şanoname da hen amajey pêdirawe û hokarî syasî le pişteweye wek rûdawêkî serekî mameley le gelda dekrê”[255] le şano da niwandinî rastîye yan lasaykirdinewey ew rastyaneye ke le rabirdû ruyandawe le şite baw û neşyawekan, ke le jiyanî rojanemanda hen.

Sereta rexnegiran nûseran giringiyan be rolî karekiter deda deyangut karekiter daynemoy rûdawekann. karekiter rûdaw dirusit deken le encamî milmilanê le nêwanyanda, keçî le sedey bîstemda nuseran piştyan bezeyn û hoş debest, ke katî rastî ciyawazî heye le gel katî zeynî le pirosey gêraneweda rûdawekan le nêw hoşî xiwêner ciyawaze le pirosey xwêndineweda carِkî tir dayderêjnewe. boye rûdaw le şano niwêkanda şepolî hoş çote naw naxî deqekan monolog, diyalog derçeyek dekatewe bo lêkdanewey felsefî ke dêrekan tejî bin le xwazew lêkdanewey wird, ke nûser le nûsînewey deqekanî şanokeyda penay birdote ber bûnî naxî karekiter le rwangey nest da lêrda dunya bînîn dest nîşan dekat. ke emeş ciyawaze le şêwe lasaykirdinewey şanoy konda. em têrwanîne bo şano wek xoyan nemanewe, belku le xudiyewe perînewe bo babetî û ryalîstî ke le gel lojîk yek bigrinewe şitî namaqul û tiwana radebederkan pêşkeş nekrêt emeş ewe degeynê debê rûdaw kesayetyekan bawer pêkiraw bin lelasayî kirdineweyanda bo dahênan biçin. her rûdawe sîmay karekiterekan pîşan dedat, boye Le Şano da natwanîn xwêndinewe bo palewan bikeyin taweku rûdawekan dest neken be cûle kirdin deşitwanîn bilêyin eger karekiter cûle nekat rûdawekan rû naden. Le Şano da rûdawêkî serekî heye tewawî deqe şanoke bedewirî desurêtewe hemû perdekanî naw deqî şanoyî le xizmetî berew

[254] Ruşdî, *s. p*, r.31.
[255] Şêxanî, *s. p*, r.85.

pêş birdnî rûdawî serekîn rûdawî lawekî nabînrêt, çunke mawekey kurte xiwêneran û bîneran napirjêne ser lêkdanewey hemû rûdawekan tenha giringî be rûdawe serekyeke deden.

### 2.7.4. **Berawird Kirdinî Tuxmî Rûdaw Le Dastan Û Şano Da**

1- Le dastan û şano da rûdaw tuxmêkî giringî gêranewey beser hatekane

2- Le dastan da yekêtî rûdaw heye şa'îr giringî be pîşandanî rûdawî serekî dedat le dewirî palewane mêjûyeke desurêtewe azayetî û tiwanay ew pîşan dedat ke le pênaw mebestî gewire karekey kirduwe, şa'îr natwanêt destkarî rûdawî serekî bikat, çunke xelik aşinan be rûdawe dastane folkiloryekanyan her çende meseley folkilor be hoy ciyawazî le corî gêranewekeyda ciyawaz rûdaweke pîşan dirawe, belam mebeste serekyeke ke em rûdawe mêjûyeî le ser dirusit buwe negorawe, le şano da goran le mebest û corî rûdawekan asaye, çunke xudî şano xwêndinewey dîwêkî tire lelay nûser, belam encami'ekan nizîk ledastan bemergî palewan yan manewe kotayî dêt, eger babetî dastan û şanoke heman şit bû.

3- Le dastan Da xeyal be şêweyekî berçaw debînrêt, çunke palewan tiwanay radebeder e beberawird le gel kesî asayî naçar şa'îr em kare encam bidat bo ewey bawer be xiwêner bihênêt ta weku be tewawî dastaneke pîşan bidat, şano kemtirîn xeyalî têda debînrêt, çunke şano debêt nizîk bêt le rastî boye pasaw hênanewey nûserî deqî şanoyî bo karekiter debêt rastî bêt.

4- Dastan û şano rûdawî mêjuyîn, belam Le Dastan Da mêjuwekey be dyar naxat be pasawî zor konî, belam Le Şano da mêjuwekey degerênêtewe bo serdemêk û mêjûyek ke be asanî le mêjuy rûdanî rûdaweke bgey.

5- Le dastan da zorbey layenekanî rûdaweke pîşan dedat ta xiwêner le serdem jiyanî xelik bgat xistne ser helnagrêt, belam şano ew layene pîşan dedat ke mebestyetî bîgeynête xiwêner mebestî xoy dexate ser.

## 2.8. Tuxmî Rûdaw Le Ruy Pirakitîkewe

### 2.8.1. Tuxmî Rûdaw Le Dastanî Mem û Zîn Da

Rûdawekanî Mem û Zîn yan Mamê Alanî folkilorî weku zorîney dastanekanî tirî cîhanî xelik pêyan aşinaye. deqî rûdawekey Mem û Zînî tuhfey muzeferîye deqêkî ko kiraweye bem manayeî ne kokereweke ke Oskar Manne, ne gêrereweş ke Rehman Bekir e destyan hebuwe le dirusit kirdinî rûdawekan. sereta be rûdawî efisaneyî radeberder dest pê dekat, ke sê xuşikî perîn destiyan heye yan dirusitkerî rûdawekan ke zîn deben bo lay Mem helîdegirin bo ewey yekitir bibînin û beyek bgen. sereta sê xuşike peryeke zînyan helgirt le şarî cizîrê bo wilatî yemen, ke mal û halî binemaley Mem lewê bûn:

“xuşikî çikole gutî be xuşikane:
eminu bibim be qurbane
eme ba yayezînê helgrîn bîbeyne yemenî gewirew girane
bizanîn kake Mem zerîftire yan yayezîn zêde ciwane
xuşikî çikole rêy xewêy le yayezînê girt
xuşike nêwencî helî estan, bergî sefayeî deber kird
rûmetî wî nexşîn kird
biskî wî ciwan kird
wesbey biroy wîî kêşa, zor temîz û mehbûb kird
tundiyan de lêfe û serînanewe pêça, rûhî rewanyan girt
helyan girt le penceranyan hênaderê, reser balî xoyan dana”[256]

Boye peryekan zînyan helgirt birdiyan bo kake Memî, çunke peryekan delên adet niye. piyaw biçête lay jinan, debê her jn bête lay pyawan. paşan pêyan waye peryekan eger Memyan bird bo şarî cizîrê xuda ray le ser nebû bigerêtewe yemenê ewkat çî be Mem delên yaxud çî dekat lewê. lem gifit û goy peryane ewe degeynê kewa rûdaweke xuda ray le ser em boçûnaney peryekan buwe her boyeşe beseretayekî efisaney destî be dastaneke kirduwe gêrerewe xoy lê laneawe:

“xuşikî nêwencî gutî be xuşikane
xuşikê! be qanûn û qaîdane

[256] O.Mann, *s. p*, r.147-148.

kes neydîwe mêrd bçê le duy jnane
her jn hatûnewe le bo mêrdane
eme ewe kakeMeman helgirt û birdmane czîr û botane,
teqa xula razîî lê nebû, eme kake Memiman negeyandewe êrekane
kake Mem debêtewe bê hurmet û qedr nezane
delên:ewe şiwane ya gawane”[257] .

Paşan peryekan bo ewey şew gerdyekey be amanc bigeynin katêk zîn yan birde ser cêgay Mem le tenîşityan dana gutyan debê sereta Zîn be xeber bênin, çunke afrete û xerîbe newek xecalet bêt, ke helyan stand bînînî pyawêk le tenîşitî pal kewtuwe cilî xoy dakenduwe û agay le hîç niye xewî lê kewtuwe zîn ke eme debînê bangî dekat:

“lawe, were lawe!
ebley, şêtî, aqil natewawe?
eger dehatye ser cêy min boçî lemint negêrawe?”[258]

Diwatir Mem heldestê pêy seyre ke afretêk hatîte layî pêy delê êre malî mine min nehatûme ser cêgay to çiagaşm le to nebuwe. katêk zîn eme debîstê:

“eger yayezîn ew qisey le mîr Mamî debîst tewawe
le pêşewe mstêkî le demî kake Mamî dawe”[259]

Diway gorînewey naw nîşanî û pêgey heryekeyan bo yekitir û yekitir nasîn û le dest kirdinî gustîley zîn le pencey Mem û Memîş destiru engustîley xoy pêda, paşan peryekan zîn yan birdewe şarî cizîrê bo ewey ziyatir tûşî gunah nebin lelay yekitir xewyan lêkewt bem şêweye şew gerdyekeyan kotayî pê hêna diway yekitir nasîn gorînewey nawîşanekan hat:

“yayezînyan tund tund le destî xoyan depêçawe
le ser balî xoyan dadenawe
heta helyan girt, birdiyan le hewit tebeqey asmanê rawestawe,
wiçanyan neda heta birdiyan le şarî cizîrê le cêwmekanî xoyan danawe”[260]

Paşan ke le xew helisa bangî bengînî hawrê û nokerî xoy kird, ke xeberêkî bidate bawkî braiym paşa bilê kurt zor nexoşe derdî girane pêwîste jn bênêt, belam nawî

---

[257] O.Mann, *s. p*, r.146.
[258] O.Mann, *s. p*, r.149.
[259] O.Mann, *s. p*, r.p.
[260] O.Mann, *s. p*, r.155.

zîne her debêt ew bêt malî le cizîrey botan e bawkî diway hemû firu fêlek neytiwanî Mem bwestênê le geşit kirdin bo cizîrê boye tedarekî girt û qafleyekî zorî bo pêk hêna bo ewey yawerî biken:

“tedarekî kake Mamî gîra fuqere fuqere

le şarekey yemenê wederkewtin diwazde hezar siwarî be deftere”[261]

Dayikî Mem ke zor hogirî kurekeyetî ke hewalekey pê degat ke Mem burcî belekî çol kirduwe berew cizîrê berê dekewê be şîn û giryanewe ra dekate ser rêgay Mem bo ewey neçêt û yemen becê nehêlê:

“dayikî mîr Mem eger wa dezanê

xoy heldedêrê le talarê heta degeye balexanê

beserî rûtî be pêxawsî dehate kolanê

be kuçeyda dê des deka be giryanê”[262]

Paşan Mem û bengîn tûşî pyawêkî rîş spî ueyselqerenîhatn ke rêgayan pîşan bide ewîş rêgay şarî cizîrêy pê nîşan dan:

“weyslqerenî mahîdeşitê derîkirdin qwitare

bo şarî cizîrê de çûne xware”[263]

Paşan geyşitine şarî cizîrê xelik bo pêşwazyan westawe leber ewey zîn û xuşikekey ke nawî stîe xêzanî qeretajdînye em şiteyan rêk xstbû:

“kê bû le kakeMem û bengînî muhtebere

xelqî cizîrêyan la rawestabû ewber ewbere

kê bû le kake Mem û bengînî gulbawe

behertuk destanyan le alemê dekird selawe”[264]

Rûdawêkî tirî dastanekey Mem û Zîn, ke Mem çiuwe ser rêgay zîn bo ewey qisey le gel bikat û bîbînêt yekem yekitir nasîn û çaw beyek kewtinî Mem û Zîne le ser rêgay kanî, ke Mem daway lêkird bedest û bazne ciwanekanî camêk eawî bidatê:

“camî le serîncawey kaniye, heldênca, bedes kakeMamî dawe

kakeMem awekey xwardewe, bazin û engustîle û kirmek û hemuy debaxelî

xoy nawe”[265]

---

[261] O.Mann, *s. p*, r.162.
[262] O.Mann, *s. p*, r.164-165.
[263] O.Mann, *s. p*, r.177.
[264] O.Mann, *s. p*, r.183.
[265] O.Mann, *s. p*, r.198-199.

Rûdawî sûtanî malî qere tajdîn raste rûdawêkî naserekiye, belam peywendî zor behêzî le gel Mem û Zîn heye, çunke qeretajdîn deyewê Mem aşikira nebêt, ke ledîwexanî mîrzêndîne lelay mîr naçar nokerî bang kird ke malî xoy bsûtênn bo derbaz bûnî Mem û Zîn lew barey têy kewtûn:
qeretajdîn nokerî bang kird û gûtî:

“biro, hewit derkim heye, pûşî tênê, awerî bide, bla male min bsûtê.
eawrêk helisa le serî dinê
yekî dî helisa lew serî dinê
hay le male qeretajdînî hemû sûta be sûtinê”[266]

Le rûdawêkî dîke da Bekire mergewer çawdêrî Mem dekat diway sutaneke bo ewey belgeyek bdozête bo mîr bibat û tûşî girfitêkî bikat bînî Mem û Zîn qise deken le ser sûtanekey malî qeretajdîn desrogî zîn debat û ra dekat û deybate bo lay mîr bo ewey szay herdukyan bidat:

“Bekir hera deka, ranamênê
destirey yayezînê pir dedatê deyrifênê”[267]

Em rûdawe wa dekat rûdawekan berew kotayî mil binên û paşan dezanêt belgey leber dest e kewa Mem peywendî le gel xuşikî heye biryar dedat qeretajdîn, çeko, ‘irfo, bengîn biçne ko kirdinewey parew pûl le xelikî jêr deselatî mîrzêndîn mîr, Bekir, Mem bmênewe emeş planêk bû boewey Mem bixene zîndan:

“lepaşan mîrzêndîn û Bekir kakeMemyan xste zîndanê
Bekiru mîr pêkewe çûne dîwanê”[268]

Lem rûdawe da çl roj Mem kewte zîndan bê ewey kes pêy bzanê ewey buwe hoy ewey kewa aşikira bibêt, keMem le zîndan daye tutke tajîyekey Membû becê mabû. xatû zîn seyrî kird kewa Lawaz buwe lewetey Mem le cizîrê niye, boye çawdêrî kird be diway çû ta geyşite zîndanê nanî bo Memî debird:

“nanyan awête berê, qepî pêda kird, helî girt û birdî. yayezîn bo xoy weduy kewt. gûtî: bo kuêy deba ew naney ?kutyan:qurban hemû rojê nanî dedeynê, deyba û

---

[266] O.Mann, *s. p*, r.209.
[267] O.Mann, *s. p*, r.210-211.
[268] O.Mann, *s. p*, r.213.

derwa. tûtk geye ser zîndanê boy berdawe. eger yayezîn çû temaşay kird, pêy zanî, ewe zîndane kakeMem dewêdaye”[269]

Diway ewey zîn zanî Mem le zîndan kirawe û hawkate le gel hatnewey çeko û ‘irfo û bengîn le rawkirdin, ke eme fêlêkî tirî Bekir mergewerî bû bo ewey kese nizîkekanî Mem lewê nebin ke zîndanî dekrêt hatn le gel giryan û hawarî zîn yarmetiyan da Memyan le zîndan derhêna. zîndelêt:

“be qurbanu bim, damemênin,
carê karêkî wa biken kake Memim bo derbênin
înca yayezîn kezî xoy be alqe alqe kird awêtiye zîndanê
kake Mem awêtye esto û binglî xoy, destyan kird be helkêşanê”[270]

Mem ke hate derewe le zîndan le serî be koşî zîn kird û çawî hîçî nededî, ke bengîn û çeko û 'ro rawestawn Mem be zînî kut pêyan bilê gerdenm aza biken, emeş ewe degeynê Mem kota satî le dunya dîtinî ruxsarî zîn bû, ke mebestî serekî palewan bû be xoşewîstekey şad bêt her be hoy ewîşewe em rûdawey beser da hat diwatir her lewê demirêt ewey giringe amajey pê bidem Mem lew zîndaneda ne be jehr ne be henarî jehrawî mrd wek ewey le nêw hendê xelik zanirawe, belku le deqî tuhfey muzeferîye wa derdekewêt le brsan û le xeman hîlak û birsî bû kake Mem delêt:

“pêyan bilê gerdinim azad biken, dewlet ziyad û mal awa
le tû dîdar axîret bûm, le ahî dayik û babm mexsûdm nebû tewawe
yayezîn eger wa dezanê dest deka be çember û giryanê
be rehmetî xulay mîwan dehatine ser kake Mamî bo giyan kêşanê
kê bû le kake Mamî belek çawe
çawî xoy le yayezînê kird bilawe”[271]

Zîn diway ewey deçêt e ser qebrî Mem hawar dekat û deparêtewe ke bîmrênî le tenîşit kêlî qebrîMem diwatir rûhî derdeçêt û demirêt:

“xulaye be xeyrez etû kes niye bimênî
emin çîdîkem bo mecûzatan nejênî
emin be kêlî kake Memyewe bmrênî.
xulaye etû kerîmî, qadirî

---

[269] O.Mann, *s. p*, r.213
[270] O.Mann, *s. p*, r.216
[271] O.Mann, *s. p*, r.217

mîwanî xulay dê, rohî le yayezînê werdegrî”[272]

Diway mirdinî Mem bengîn emey zanî gerayewe yemenê xeberî daye braiym padşa ke Mem mirduwew leşkirî bo pêk hêna gerayewe bo cizîrê xoy serkirdayetî leşkrekey dekird taku biçin bo tole kirdinewey Mem:

“ruy top û serbazî de şarî cizîrê kirawe
bengîne axay çiuwe bo xoy serkirdeyew zgî sûtawe
ruy demale Bekirî kird, herçî geye serî brî, sîngî helênawe
ruy de male mîrzêndînî kird, qetî yek xela nebû, yekê nemawe heta becarê asarî birawe “[273]

Diwatir leşkirî braiym padşa gerayewe bo yemenê qeretajdînî kird be mîr le cizîre bengînîşî le cêgay kurî xoy dana le yemenê le kotayî rûdawekeda berey xêr serkewtinî bedest hêna, belam be tya çûnî palewanî rûdaweke ewe nebêt deselat bo berî xêr gerayewe.

Ewey peywendî be wesif kirdinî dîmenî rûdawe serekyeke heye be dirêjî û be puxtî bas kirawe, belam ewey ke rûdaweke serekî niye gêrerewe mebestî niye be dirêjî basî bikat ewe beçend dêrêk le kol xoy dekatewe, emeş be hoy giring nebûnî bas kirdinî em rudawe nimûne kuşitnî Bekir mergewerî, ke buwe hoy negeyşitinî Mem û Zîn kujranîşî bedestî mîrzêndîn gêrerewe bekurtî wesifî rûdawî kuşitneke dekat:

“Mîr gutî: hemû karêkî pê kirdm, denca bîkujin Bekir xoy awête nêwanî qebrî kakeMem û yayezînê. xwênî Bekirî le nêwanî qebrî kake Mem û yayezînê kewt, înca bû be zî lewê şîn bû karî wan bû tewawe”[274]

### 2.8.2. Tuxmî Rûdaw Le Şanoy Mamê Alan Da

Şano kemêk azadtire berawird le gel regezekanî tirda betaybetî dastan, çunke nûser deyewê dîwêkî tir û xwêndineweyekî ciyawaztir bo rûdawekan bikat le rwangey xoyewe bo şitekan biçêt. E. R. Hekarî rûdawî mirdinî Mamê Alan be destî dayikî bû diway hatnewey Memole serî xaç perstan le qudis. çavreş diway dîtinî

[272] O.Mann, *s. p*, r.220.
[273] O.Mann, *s. p*, r.221.
[274] O.Mann, *s. p*, r.220-221.

pyawêk le jêr pêxefî bûkekey neyzanê kewa Memoye gerawetewe rmêkî lesînî daw çavreş gûtî:

"Han bo te derba namûsê, eî canewerê namûsê!"[275]

Şanoy Mamê Alan dû perdeye perdey yekem amadekarî Memoye bo çûne çeng le dijî xaç perstan teniya xoy amade kirduwe ke bçêt, ke perdey duwem dekrêtewe xiwêner dezanêt le encamî gifit û gokan îdî çawerêy geranewey Memobo ewey bigerêtewe, çunke hewalêk çavreş dabûye Xezal. nûser neyuystuwe basî şerî îslam û qudis bikat û le resenî babetî rûdawî mirdinî Mamê Alan dur bikewêtewe ke babetêkî tirajîdî kuşitne û dirusitkirdinî kesere le dilî Xezal, ke le jêr cêgaye le gel Memobew manayeî ke hawseryetî beyek geyşitûn katêk be xeber dêtewe rim le sîngî hawsere keyetî:

"Xezal- heman hşyar dbit, rmê d sînga Memo dibînt, dbîjîte xesya xiwe wey te çavê xiwe kor kir"[276].

Le şanoy Mamê Alan da "Memo û Xezal beyek şad buyne basî hîç lewane nakat çon beyek geyşitûn giring lay ew pîşandanî rûdawe serekyekeye û herweha pîşandanî cwamêrî palewanî şanoye mirdinîşî beqeder pîşan dedat le deselatî palewan daniye. palewan kemtirîn milmilanêy heye le şanokeda wata dijî niye teniya dujminî nebêt ewîş dyar niye supay xaç perstane, her boyeşe kemtirîn cule dekat emeş wa dekat culekanî teniya bo geyşitine be rûdawî mirdinî palewane.

leperdey yekemda nûser zaniyarî eweman pê deda kewa Xezalzor degrî delê becêm mehêle Memoş nawestê û pêy delêt nabêt bigirî bo çûne çeng, belam ew zaniyarye dedat kewa be evînî hawser gîryan kirduwe Xezal be Memodelê evînî ême debête keser:

Xezal - Memo îro bû eskere
ewyna me bû kesere
tu min bibe digel xwe, here
yan bikuje, yan bikuj paşê here

Memo - Tu bes rohnikan bibarîne
îro dujmin li me kîne
westana min layiq nîne

[275] E. R. Hekarî, s. p, j16, r.17.

[276] E. R. Hekarî, s. p, j. p, r.17.

Xezala min, delala min, bes bigrî"[277]

Nûser deyewê ew layene pîşan bidat, ke mebestyetî rûdawekanîş bem core degêrêtewe ke mebestyetî basyan lêwe bikat, herweha neyuystuwe jiyan û gewirebûnî palewan bedyar bixat û deyewê xiwêner le encamî xwêndinewey helwêstekanî palewan boy derbikewêt çon perwerde buwe ewey giringîş nebêt lelay ewa laybirduwe û basî nerkirduwe be hoy ewey dû berdeye byesekey ewa rûdawekanîş kemin û lêkdanewekanîş dewestête ser mêşkî xiwêner, ke bo xoyan diway rûdaweke û pêş rûdaweke wêna kirdinêk dirusit biken bo dahatuy palewanekanî tir weku Xezal û çavreş. nûser deyewê ewe pîşan xiwêneran bidat be pîşandanî katî rûdaweke ke hawkate le gel şerî xaç perstan, ke rûdaweke waqîe û xeyalî niye. Mem ke delêt westana min layq nîne bew manayeî pêwîst nakat bwestm û peşîman bibimewe, çunke dujmin le îslam da be riq û qîne boye debêt biçim, bemeş rûdawî çûnî palewan bo şer bo berigrî kirdin bû le nîşitîman û îslam da.

### 2.8.3. Berawird Kirdinî Rûdaw Dastanî Mem û Zîn û Şanoy Mamê Alan Da:

1- Le dastanî Mem û Zîn em dû xoşewîste beyek nagen, le şanoy Mamê Alan beyek geyşitûn û kêşey beyek geyşitinyan niye

2- Le dastan û şano da herdukyan yekitiryan xoşdewêt, le Dastan Da Mem amadeye hemû kes û karî cê bhêlêt be diway evînî zîn bikewêt, reŞano da sereray xoş wîstnî Xezal belam xêzanekey xoy cêhêşit bo berigrî kirdin le wilat û îslametî wata evînî wilatî pê giringtir bû le evînî Xezal.

3- Mirdinî palewan le dastan da be fermanî mîr zêndîn û be qisey Bekir bû le zîndanda be hoy brsyetî û bê deselatyewe mrd, reŞano da palewan beser berizyewe û le jêr pêxef le gel xêzanekey bû be destî çavreşî dayikyewe be hoy ewey neynasînewe kuşitî.

4- Le Dastan û Şano da mirdinî Mem, Memo pêş xoşewîstekanyan bûn diway mirdinyan zoryan bo giryan, belam zîn diway mirdinî Mem mrd keçî Xezal basî mirdinî nekirawe.

5- Le dastan da diway mirdinî palewan rûdawî tir heye weku kuşitnî Bekir be destî mîr zîndîn û sutandin û birînî malê Bekiru mîr zêndîn le layen bengînî hawrêy

[277] E. R. Hekarî, s. p, j. p, r.17.

Mem û mirdinî zîn û dananî mîr niwê bo şarî cizîre ewîş qeretajdîn kra be mîr. Le Şano da be mirdinî Memoîdî rûdawekan kotayan pêdêt û perdey şano dadexrêt.

### 2.9. Tuxmî Karekiter Le Dastan û Şano Da

#### 2.9.1. Tuxmî Karekiter Le Ruy Tiyoriyewe

Karekiter yekêk le tuxme giringekanî deqî edebiye be taybetî dastan û şano hemû tuxmekanî tir pêwîstyan be karekiter heye bo ewey bûnyan biselmênrêt. wata tuxmekanî tir pêwîstyan be karekitere bo ewey beser dabiron bediyarxerî mameleyan le gel bikat û binasêndrên, Muhemimed Emîn le barey karekiterewe delêt “le encamî sercem gifit û goy kesekanewe hîkayetekeman bo derdekewêt nek tenha lelayen kesêkewe boman bgêrêtewe”[278], reber ewey tîşkekan zorbeyan le ser karekiterin çon deculêtewe û çireftar û guftarêk becê degeynê bew manayeî tuxmekanî tir cule pê dekat û tezû degeynête hemû tuxmekanî tir. DR. Muhemimed xnîmî hilal delêt “karekiter le çîrokda xulgey watakan û tewerî hizir û boçûnekan e”[279] karekiter/kesayetî derxerî hemû mebeste aşikiraw şarawekanî deqe çîrok amêzekann, nûser be hoy ewanewe peyam be xiwêner degeynêt corekanî dirusit dekat û qiseyan pê dekat ta kotayî, begwêrey rûdawekan rolyan pê dedrêt û deculênewe nek hemû tuxmekanî tir le xizmetî ew dabin. Aristo delêt “tirajîdya bo ewe pêşkeş nakirêt lasayî kesêtî bikatewe, belku kesêtî le pênaw kirdewe da be ger dexrê”[280] rûdaw beser hatekan hukim le ser gewireyî û biçukî û azayetî karekiter deden.

Le konda şêwey bîrkirdineweyan beramber karekiter/kesayetî ciyawaz bû lewey êsta le pêdan û gewirekirdinî rolî karekiter Iyan wat delêt “nûseran hewlî eweyan deda nawî mêjuyî yan nawî nimuneyî typiycal bo karekiterekanyan helbijêrn, bekar hênanî nawî mêjuyî û nimuneyî debuwe hoy ewey çawerwanî şitî gewire le karekiterekanyan bikrêt ke beşêweyekî serekî le edebiyatî rabirdû serçawey degirt”[281], belam rolan bart be giringyewe seyrî karekiterî nekirduwe delêt “karekiter berhemî karêkî nûsrawe”[282] bem bîrkirdineweş bêt karekiter le deq hate derewe

[278] Xidir, *Tekinîkî Gêranewe Le Romanekanî Ebdulla Serac Da*, Hawlêr, s. p, r.169.
[279] Hacî, *Binyatî Gêranewe Le Dastanî (Mem Û Zîn)Î Ahmedî Xanî Û Romanî Şarî Mosîqare Sipyekanî Bextyar Alî Da*, s. p, r.125.
[280] Şêxanî, *s. p*, r.4.
[281] Komelek nusery biyany, *s. p*, r.23.
[282] Şêxanî, *s. p*, r.12.

giringî namênêt, “kesayetî derbrî bîrî nûsere û le myanî diyalogekanewe guzarişit le mlmlanî û hêze beyekda çiuwekan dekat”[283] DR. Muhemimed xnîmî hîlal le sê rwangewe seyrî kesayetî dekat “rehendî cesteyî, rehendî derûnî, rehendî komelayetî”[284] em beşdarî kirdinane be şêwey erênî bêt yan nerênî deçête nêw xaney karekiter belam beşdar nebêt le naw rûdawekan ewa debête beşêk le wesif çunke rolî pê nedirawe her çende zor le rexne giran delên her karekiterêk rolî pê nedrêt çi pêwîst dekat beşdarbêt, belam boçûnêkî tir heye pêy waye bo wesif kirdin sûdî heye. Ahmmed Amîn le pertûkî rexneyî edebîda be dû rêge karekiter pêşkeş dekat ewanîş “rêgey rastewxo yan şîkarî, rêgey narastewxo yan niwandin”[285] rastewxo derxer û pîşanderî helsukewtî karkitere bo xiwêner, belam rêgey narastewxo karekiter xoyan bereftar û kirdewekanyan guzarişit le xoyan deken em coreş Le Şano da ziyatir berçaw dekewêt ke karekiter nawêkî nimûneyî û nasirawî niye xiwêner helsukewtekanyan helsengandinyan bo deken.

Karekiter takêkî komelgaye nakirêt daybrênî le komelga bergêkî dûr le nerîtî komelga bergêk beser karekiter helkêşî eger nûser kewte em heleyewe ewa xiwênerî beselîqe dezanêt karekiter dûr le komelga jiyawe le helsukewt û culanewekanî da le gel tak yek nagrêtewe renge bo komelgay paşkewtû guncawtir bêt, belam le komelgay êstada neşyawe. karekiter tuxmêkî nerme le komelga karîgerî komelgay le sere berêjey xoy kşan pestanî komelga karî têdekat, çunke komelga çespîwu niye berdewam le goran daye û pêş dekewêt û tuşî girfit debêt emîş le gelî heldekat boye karekiter le çîroke dirêjekanda bepêy beşêk le rexnegiranî edebî bûnî niye, amadebûnî karekiter le deqe çîrok amêze teqlîdyekanda zor beaşikira debînrêt be hêzêkî zorewe, belam le kare niwêyekanda ew deselatey niye leber çendîn hokar lewane le karî ferensyekan Alan Rup, Mîşal Putur, Klud Sîmon, Netalî Sarut... htd wayan debînî ke cîhan lewe derbazî bû ke tak bepîroz bzanrê, hewlyan deda serbest bêt[286] bemeş sîmakanî laşey karekiter deşardrayewe wesifî şan û balî palewan nedekira belku reftarekanyan şîdekiranewe.

Corekanî karekiter her nûserêk û roşnbîrêk le rwangey xoyewe yaxud berhemêkewe dabeş dekat DR. Muhemimed xnîmî hilal karekiter dekate dû cor

[283] Ebdulqadir, *s. p*, r.115.
[284] Alqadhî, *s. p*, r.68.
[285] Xidir, *Tekinîkî Gêranewe Le Romanekanî Ebdulla Serac Da*, Hawlêr, s. p, r.106.
[286] Yehîye, *s. p, r*.93.

serekî û lawekî [287] karekiterî serekî beşdarî karayan heye le helsurandinî rûdawekan û karekan bizwênerî rûdawekane kirdar û reşitekanî cêgay têramann lelayen xiwêner debêt helsukewtyan be hestyarî encam bidat, çunke çawî le sere dijyekî nabêt hebêt le rewşit û culaneweyda egîna debête cêgay rexnegiran, karekiterî lawekî le xizmet karekiterî serekî daye karekanî ewan pere pêdeden bepêy beşdarî xoy xizmetî gêranewey deq dekat. DR. reşad ruşdî qiseyekî hendêk ciyawaztir dekat le nûseranî tir le barey mebestî dirusit bûnî karekiterî lawekî le şano da delêt karekiterî lawekî le şano niwêyekanda, le şanoy şkspîrîşda berew pêş naçêt pere nasênê yan nagorê be hîç şêweyek, belam hîçi leşano benawbangekan neyan wtuwe giring niye yaxud em karekitere ziyadeye yan debê pere bisênê[288] renge em boçûney bo ewe bêt ke karekiterî lawekî karêkî diyarî kirawî pê bspêrdrê ta kotayî her lew karey bmênêtewe helçûn û dabezînî le kirdewekanî nebêt, çunke Le Şano da çawekan le ser karekiterî serekîn. nûser hendêk car bo dijayetî karekiter dirusit dekat hendêk carîş bo yarmetî danî bo ewey rûdawekey bxulqênê û milmilanê dirusit bêt. Edward Arnold le barey karekiterî serekî delêt “debîbeşêweyek derbikewêt ke belayenî kemewe mamele le gel layene dijwarekanîşda bikat”[289]

Kesayetî serekî Le Dastan Da tûşî halete nexwazrawekanîş debinewe, ke renge kesayetyekanî lawekî, çespaw, ... htd berperçî dijekan û hêzî dujmin û layene nexwazrawekan nebinewe beqed kesayetî serekî, “kesayetyekan le bwarî taybetmendî û rewşitî û derûnî debine dû beş kesayetî sade û gişitgîr hendê carîş nûseran nawî denên kesayetî nasade, kesayetî sade bepêy bîroke yan kwalîtî tak dirusit dekrên, her katêk ser heldedat be asanî denasrêtewe lelayen xiwênerewe”[290]. kesayetî nasade wirde wirde nûser be xiwênerî denasênêt wek ewey sereta dernakewêt paşan şite şarawekanî em karekitere bedyar dekewê xiwêner mezindey ewey lew

Kesayetye nedekird, boye pêy delên gişitgîr, çunke goranêk le kesayetyekey ta kotayî rûdaweke kodebêtewe. cemal mîr sadqî le corî kesayetî basî dû corman bo

---

[287] Hacî, *Binyatî Gêranewe Le Dastanî Mem Û Zînî Ahmedî Xanî Û Romanî Şarî Mosîqa Sipyekenî Bextiyar Alî Da*, çapxaney xanî, çapî yekem, dihok, 2009, r.126.

[288] Ruşdî, *s. p*, r.24

[289] Xidir, *Tekinîkî Gêranewe Le Romanekanî Ebdulla Serac Da*, Hawlêr s. p, r.108.

[290] Murgan, Fustir Adward, *Cinbe Hay Roman*, mutircim: Ibirahîm Yunsî, Tehran, nigah, 1369, r.74-75.

dekat le kitêbî 'nasrî dastan da kesayetî dekate dû cor cêgîr û nacêgîr bem core bas dekat kesayetî cêgîr: ew keseye ke le çîrok gorankarî beser da nayet yan zor bekemî nebêt kewate rûdawekanî naw çîrok karî lê nakat. kesayetî nacêgîr:em core kesayetye lemawey çîrokekeda tûşî gorankarî le bîru boçûn û cîhanbînî taybetmendî kesî debêt renge zor bêt yan kem debête hoy geşe kirdinî kesayetyekey yan têkçûnî kesayetyekey [291] viladîmêr pirub 7 cor kesayetî diyarî kirduwe le hîkayetda:

1- “Şerangêz agressewrou mechant
2- Bexşer /donatewr
3- Yarîdeder auxiliaire
4- Şajin/ pirincesse
5- Hewilder/ mandatewr
6- Palewan/ heros
7- Palewanî qelip /faux heros”[292]

Detwanîn bilêyin karekiter hemû ewane degirtewe ke beşdarî deken le gêranewey rûdawekan be erênî bêt yan nerênî wata grnk erkêkyan pê bspêrdrêt, belam ewaney beşdarî naken le rûdawekan naçne xaney karekiter, belku debine beşêk le wesif. corêkî tir le kesayetî lay hendêk nûseran debête “bazneyî bzêw-namî/daynamîkî û rukeş-çeqîw”[293] bazneyî rolekey wa dexwazêt cûle û gorankarî bikat le beşêk bo beşêkî tir le rûdawêk bo rûdawêkî tir wata bzêw debêt karîgerî le rûdawekan dirusit dekat be heman şêwe rûdawîş karîgerî le serî heye.

rukeş kesayetyekî daynamîkî niye wek ewey bazneyî heyetî, ewey le cîhanî derûnî heye dernaxat xiwêner naybînê tenha lew rêgaye nebêt, ke nûser be diyarxerî pîşanî dedat, wişey personne bo regezî beşer ademîzad bekardêt, ke le cîhanî diyarî kirawî katî û şiwênî dejî, hendêk pênasey tir heye pêyan waye karekiterî xeyal amêz, ke rol debînê le pêşxstnî rûdawî çîrokeke. lêreda detwanîn ciyawazyek bikeyin le nêwanî karekiterî goşit û xwên û karekiterî xeyalî, ke kesayetî xeyalî şa’îr /nûser le xeyalî xoy dirusitî dekat. eger nûser /şa’îr karekiterî rasteqîne pêşkeş bikat wek ewey le rastî da heye pêwîste çend mericêk cêbecê bikat:

---

291 Sadqî, Cemal mîr, *'Enasir Dastan*, çap şeşim, tehran, suxen, 1388, r. 95.
292 Lihmedanî, s. p, r.25.
293 Piruynî, Xelîl & Ruşinfikir, Kubre& Redha, Alî, Bina Şexsiye Fî Riwaye Necime Axstis Lisin' Alleh Ibirahîm, mucele fesîle îdhaat alneqdiye, alsene 4, al’ded14, 2014, r.53.

1- ”Pêwîste ew karekiterane kirdar û rewşyan cêgîr bêt le baru doxe ciyawazekanda, pêwîste eger gorankariyek le karekiterekan rûbidat gorankariyekî rasteqîne bêt.
2- Karekiterekan bo ew karaney ke deyanhewêt encamî biden hokarêkî pesnd kirawyan hebêt, eger hatû bebê hokar gorankariyek le kirdarî karekiter ruy da le naw çîrokîş amajey pê nekra pêwîste le kotayî çîrok hokarekey diyarî bikrêt.
3- Karekiterekanî çîrok pêwîste pesnd kirawu û rastî bin û pêwîst nakat seda sed baş bêt yan xrap belku têkel bêt”[294]. detwanîn şitêk ziyad bikeyin bo ewey kesayetî rasteqîne ziyatir şîkar bikeyin ewîş eweye, ke hergîz karekiterî rasteqîne bew watayeî hawşêwey seda sedî le waqî'da hebê bûnî niye û le naw deqî edebîda cêgay nabêtewe, çunke nûser karekiter be mebest û bo mebestêk dirusit deka, dekrê karî hemû ew karekiteraney basman kird puxt tir amaje pê bideyn, ke karekiterî serekî û lawekî rûdawekan deculênn û berew pîş deben yan sard dekenewe wata karîgeryekeyan rastewxo û narastewxoye, le karekiterî sadew na sade ruy derewew nawewey derûnî derdexat bewey ke sade beasanî derûnî aşikiraye û nasadeş be zehmet dekrêtewe be ruy xiwêner. karekiterî cîgr û nacêgr degerêtewe ser çespandinî rolekey ta kotayî gorankarî beser dadêt yaxud na.

### 2.9.2. Tuxmî Karekiter Le Dastan Da

Karekiter ledastanî nûsrawda begişitî û le folkilor da betaybetî rûdaw dirusit deken, debine palewanî dastaneke her boye karekiter le dastan da le rûdaw gewiretire be hukmî ewey naw nîşanî dastaneke le xizmetî palewaneke daye. ew tiwanayeî ke le palewan dayew boy rexsawe le xelikî asayî daniye, boye palewanî dastan taybetmendî heye şa’îr way nîşan dedat ke îdî kaml û mirovî balaye. “dastan hîç niye cige le gêraneweyekî yek be diway yekî kirdarekanî palewanêk le palewanekan”[295] le

[294]Sadqî, *s. p*, r.85-86.

[295] Hacî, *Binyatî Gêranewe Le Dastanî Mem Û Zînî Ahmedî Xanî Û Romanî Şarî Mosîqare Sipyekanî Bextyar Alî Da, 2007,* , s. p, r.127.

dastan da şa’îr rûdawêk degêrêtewe, belam em rûdawe basî beserhatî palewanêke ke le serdemanêk beserî hatuwe bew manayeî dwacar rûdawekanîş bo derxstnî palewane, boye nûser pêş wexte le dirusit bûnî kesayetî zemîney kat û şiwên xoş dekat bo derkewtin û hatne meydanî rûdawekan, palewanî dastan le radebeder be tiwanaye le ruy cesteyî û hizirî û ruhî, ke le mirovî asayîda niye, boye kamle û nimûneye û bê kem û kurîye hemû ew hengawaney ke deyhawêjê hengawî bwêranen û ml sil nekirdineweye bo pêşhate çawerwan û çawerwan nekirawekan, boye palewan amadeyî ziyatire le mirovî asayî bo berengar bûnewey pêşhatekan. diwatir le akar û xûrewşitî û pyawetî tejî kirawe bo ewey le pêşhatekan rolî kesî yekemî pêbidrêt wek sermeşqî karekan Le Dastan Da.

Keçî ke kotayî be rolî palewanî dastan hat ke qeder diyarî kirdbêt, çunke xoy heley kem dekat nakirêt palewan lêy rabikat her çende xiwêner detasên û narehet debin be mergî palewan, belam nûser wa le xiwêner dekat kepalewan xoy bext kirduwe le pênaw babetêkî şeref yan mirovayetî yan neteweyî... htd. nakirêt xoy labda, çunke xo bext kirdinî palewan renge çendîn kes rzgar bikat, yaxud dersêk pîşanî dujminekey bidat, ke berigrî kirdin pêwîstî be bexşîne lay mîlletekeşî be nemirî demênêtewe bemerdî basî dekrêt, le serdemî eayîne sertayekan heta weku le ayinî îslamîşda qeder nadene destî mirovekan boye çarenûsî palewan gunahî heley palewan niye beqed ewey beserî sepawe û diyarî kirawe, mirdinekeşî heleyekî gewireye eger bo şitêkî sadew sakar bêt.

Palewan leber ewey tenha le ser teniyayî xoy hejmar nakirêt, belku mîllet şanazî pêwe dekat be mulkî xoy dezanêt nakirêt le ser bed reftarî yan hezî biçûk bmrê, çunke dwacar mîllet hemuy mêjuwekey dexwênêtewe bo gişit tênekoşabê û nemirdbê nakirête sîmbul û be nemirî ranagîrêt. nakirêt takekanî mîllet beheman ew bîrkirdinewe biron û xoyan bext biken le pênaw şitî wa biçuk û kesî. zorêk le nûseran serincî zoryan le ser kesayetî naw dastane şî'ryekan da heye bewey le ser zarî kesekan mirov beşerangêz pîşan deden, ke karîgerî xrap le ser derûnî xiwêneran dirusit dekat. Aristo pêy waye debê palewanekan lasayî kerewey baş bin, belam şa’îran pêçewaney em bîrkirdinewane palewan û kesayetyekan mîtafîzîkîn, ke mirovî awa le ser zewî bedî nakirêt ewende piya heldan û bedyar xstnî bo kirawe ke xiwêner dilî wabestey palewan buwe tirpey dilî le gel hengawekanî lêdedat eme maweyekî zorî xayand ta wirde wirde le waqî’î nizîk bûyewe.

Nakirêt hengawekanî karekiterekanî tir cige le palewan feramoş bikrêt çiewaney serekîn yan ewaney lawekîn, çunke hemûyan rûyek le ruwekanî jiyan pîşan deden xrap bêt yaxud baş be gwêrey mewday gêraneweke her yekeyan mebestêk depêkin. dastan mawekeyekî zor deyaxaênê bêguman beşdaryekî zorî kesayetyekan bedî dekrêt ke her yekeyan rolî xoyan degêrin hendêkyan bo berew bêş birdnî rûdawekan û hendêkîşyan bo wesif, milmilanêyekanî kesekan zorin bew manayeî boçûnî kesekan hemûyan weku yek nîn her em dijyekeye wa dekat dû bere yan ziyatir dirusit bêt înca hendêk rolî erênî debînn bo xizmet kirdinî palewan hendêkîşyan rolî nerênyan heye debine berbest leber dem palewan bo geyşitin be amancekey. emeş ewe degeynê palewan wenebê le encam danî kirdarekanî tûşî girfit nebêt, belku ew berbeste alozane palewan tûşî kospî gewire deken.

### 2.9.3. Tuxmî Karekiter Le Şano da

Karekiter le şano da giringiyekî zorî pêdedrêt le layen nûserî şano we bewey ke nabêt karekiter naçalak bêt, belku debê zîndû bê, çunke karekiterî naçalak kêşe le gel xiwêner dirusit deken ewîş eweye, ke natwann le nawewew derewey em karekitere bgen nasnamekey naroşn derdekewêt, boye pêwîste karekiter le deqî şanoyî da ta kotayî le cûle dabêt û helçûn û perçekirdarî berdewamî hebêt bo ewey rûdawî beserdabêt, çunke rûdaw dirusit nabêt ta karekiterekan hengaw nehawêjn, boye aşina kirdinî karekiter be xiwêner le rêy giwastinewey rûdawekan, ke beserî daên û perçekirdarekan û helwêstekanî karîgertire le aşinakirdinî teniya be wesif kirdinî karekiter, çunke rexnegiranî şanoyî pêyan waye wêne ryalîstyeke lay xiwêner wa birwa pêhênertire ewîş be hoy kirdewekanî ke le naw rûdawekanda encamî dedat.

Hemû karekiterêk le nêw şano da pêwîste ravey reftarekanî mirov bikat... , dirusit bûnî karekiterî şanoyî tenha bew wşaney ke derî debrêt binyad denrêt [296] Aristo delêt “karekiter yekêke le regeze her bineretyekanî dirama”[297] Aristo pêy waye ew kesaney lasayî dekenewe le ser şano debî niwandin weku mirovî asayî biken nek lasayî xwawendekan bikenewe mebestî Aristo eweye wek mirovêk palewan û karekiter pîşan bidrêt. xiwêner ewkate aşina debêt be saykolojyetî karekiterî şanoyî,

---

[296] Ibirahîm, *s. p*, r. 28.

[297] Ebdulqadir, *s. p*, r.114.

ke be guftar û reftarekanî aşina bêt egîna perdey şano ke heldrayewe karekiter dest be cule deken, gêrerewe nayet ber le bûnewey perde basêkî puxtî yekeyekey karekiterekan bikat wek xo amadekirdinî xiwêner bo nasînyan.

"Yekêk lew heqîqetaney le hunerî nûsînî diramada cêgîre, eweye ke zorîney ew diramayaney nawbangî zoryan le gişit serdemêkda be dest hênawe, ewanen ke taybetn le xulqandinî karekiterî dramîda be şêweyekî ciwan û serinc rakêş, ke zîndûyetî pirosey xulqandin û nihênî hêzu mezinî û nemirî ew deqaneye"[298] karekiterî şanoyî wek nawendgîryek helgrî peyamî nûsere lew kêşaney le ser şanyane yan boyan nûsrawetewe le deqêkî şanoyîda "karekiterî şanoyî peywendiyekî çiuwe nawîekî le nêwan karekiterî şanoyî û baqî binyatekanî şanoyî heye, karekiter şanoyî le deqda aşikiratirû rûntire le mirovî jiyanî asayî leber ewey beşêke le waqî'"[299] jimarey karekiterekan kemin ke beşdarî deken le gêranewey beser hatekan û encam danî kirdewekan leber çend hokarêk:

1- Tenha le dewirî yek rûdaw desurêtewe
2- Giringî tenha be rûdawî serekî dedat, çunke mewday katî şano keme weku deqe çîrok amêzekanî tir niye.
3- Çend karekiterêk detwanin be kirdewew guftarekanyan rûdawekan bgêrnewe,
4- Wesifî kemtire bew manay mebestî nûser berizkirdinewey palewan niye beqed ewey rûdawekan le riwangey xoyewe degêrêtewe.
5- Culanewey karekiterekan le şiwênî biçûk û taybete, boye kem bûnî jimarey karekiter derefetî gêranewey şano debêt. be zorbûnî şiwên û kat û rûdaw bêguman pêwîste karekiterîş ziyad bikat.

Kilasîkyekan zor giringiyan be karekiter deda, belam romansyekan beçawî teqdîs seyryan dekird tenhaciyawazyekanyan wa derxst ke nimuney mirovî nemir dirusit biken, seyr dekeyn zorbey şanokanyan naw nîşanî palewanekanyan wergirtye le gel eweşda karekiterekan bûn be nimuney mirovekan, wayan dana ke hebûnyan serbexoye, mêjuye nek tenha karekiterêkî karêkî edebî bêt ke wêney bo kêşra...

[298] Salar, *Kursî Û Beha Diramyekan* s. p, 2009, r.60-61.
[299] Muhemmed, Qeyîs Omer, *Albiniye Alhiwariye Fî Alnes Almesrehî, Nahidh Alrmedhanî Animudheca*, metbe'a dar xîdau llneşir û altuzî', tabi' alûle, 'man, 2012, r. 47.

belam romansyekan beçawî şkomendî û rêz seyrî palewanyan dekird emeş hendêk le payeî palewanî dabezand [300].

Karekiter qisey zorî le ser kirawe le cor û çoniyetî mamelekirdin le gel rûdawekan û derxstnî naxî kesekan û paşan nasîneweyan û xistne qalibî çiwar çêweyek ke eme lem coreye bepêy şanokan karekiterekan degorê, renge şano hebêt ser berêbazêkî şanoyî bêt weku Aristoyî, romansî, ebesî, brêtîşî... . htd yan bgerênewe ser yekêk le têrwaniyekanî gewire pyawanî şanoyî Exrîqiyekan, Molêrî, şikspîrî... htd, belam dekrê bilêyin karekiterî şano hemûyan çalakin, belam palewan le hemûyan çalakitire, eger dijyek nebêt le deqe çîrok amêzekanda le nêwan dû karekiter yan ziyatir ewa rûdawekan berew pêş naçn boye dirusit bûnî karekiter yan rûntir bilêyin ciyawazî le bûnyan pêgeyan debête hoy “milmilanê le nêwan dû karekiter yan karekiter û komelga ke lêy dejî yan le nêwan eaydolojya û eaydolojyayek, le cîhanî derewe yan le nawewey derûnî mirov milmilanê serheldedat, yan milmilanêyeke têkeleyeke le cîhanî derewe û nawewe. "pêşveçûn û goran karekiter dirusit dekat le encamî beşdarî û berkewtinî milmilanêyeke”[301]. karekiterî şano 3 rehendî heye ewanîş:

1- “Rehendî fIsyolocî madî û cesteyî
2- Rehendî sîsolocî komelayetî
3- Rehendî saykolocî derûnî “[302]

Ew rehendane zor le encamî bûnî kêşew milmilanê û xoşî û naxoşî da ziyatir bederdekewêt hendêk car ew kare tirajîdyayeî, ke le şano rû dedat le encamî beryekkewtinî take le gel komelga. nûser zor car dêt ew rehendane be kirdewey karekiterekan pîşan dedat bo ewey xiwênerî şano şarezay le haletekanî maddî û komelayetî û derûnî karekiter bbin û bzann le çibwarêkî derûnî û pale pestoy ayinî û komelayetî û orf û adet dan.

---

[300] Fetah, Alî Abdulrehman, Teqeniyat Bina Alşexsiye Fî Riwaye Therthere Feuqe Alnîl, cami’e bexdad, mucele kuliye aladab, al’ded102, 2002, r.47.
[301] Ruşdî, Reşad, *s. p, r.* 44.
[302] Hemade, Ibirahîm, *M'cem Almustelehat Aldiramiye Û Almesrehiye*, metbi’a aldar almaarif, tabi’ 3, alqahire, 1994, r.156.

### 2.9.4. Berawird Kirdinî Tuxmî Karekiter Le Dastan û Şano Da

Palewan Le Dastan Da kesêkî nimuneye, şa’îr le seretay mindalyetyewe beşan û balî helgutuwe qonax be qonax geşey kirduwe helî jiyanî bo rexsawe le gel yarmetî dewru ber û xudakan û frîşitekan bo palewan boye tiwanay radebederyan bo dirusit kirduwe, keçî palewan Le Şano da bebê pêşekî le geyşitin be qonaxî kamlî yaxud amadeyî pîşan dedrêt tenha ewenebêt be çend amajeyek bo rabirdû wa nîşan dedat ke palewan bem şêweye perwerde kirawe, belam palewan pişitî be xoy qayme, daway yarmetî nakat le kesanî tir û xudakan û frîşitekan.

Ew roley be palewanî dastan dedrêt be karekiterekanî tir nadrêt wata hemû rûdawekan le dewirî palewan desurênewe kesayetî lawekîş bo ewe dirusit kirawin ta rêgakanî berdem palewan xoş biken bo encam danî karî gewire, le şanoşda beheman şêwe palewan tîşkî çawî xiwênerî le sere karekiterî lawekîş feramoş nekirawin, belam rolyan kemtire le karekiterî serekî ewey debînrê karekiterekanî şano be jimare kemtirin rûdawekan xêra rû deden û wesifî palewanîş zor bekemî debînrê gêrerewe /nûser xwêndinewe bo karekiterekan nakat bo têrwanînî beserhatekan belku mebest eweye xiwêner xudî xoy helsengandin bo karekanî karekiterekan bikat. corc lokaş delêt “ciyawazyekî cewherî heye leşêwazî kon û niwê le ruy wêna kirdin ke çi karekiterêk nimuneye le wesifî kesayetyekan... Don Kîşut başitirîn kesayetî nimuneye”[303] palewanî nimuneyî û mêjuyî Le Dastan û Şano da heye, belam Le Şano da nûseran cext lewe dekenewe pêwîste karekiterî nimuneyî hebêt. le sedey 19 nûseran be pêwîstyan zanî kewa core kesayetyekî tir hebêt le şano ewîş nimetîye, ke tuşî berzî û nzmî debêt wata dekrêt komîdîş bêt belam palewan nakirêt komîdî bêt.

Dekrê çend ciyawazyek le nêwanî kesayetî le dastan û karekiter le şano bikeyin bem şêweye:

1- Le dastan da karekiterekan zorin boye milmilanêyekan le nêwanî çend kesêk daye, le Şano da milmilanê le nêwan dû kes yan çend karekiterêkî serekî debêt, hendê car le nêwan Aydiyayek û Aydiyayekî ciyawaz debêt.
2- Le dastan da nûser naçar nakirêt karekiterekan kem bikat, detwanrêt hemû karekiterekan rolî xoyan bgêrin, le Şano da nûser naçar dekrêt karekiter kem bêt

[303] 'Mrîn, Ebdalkirîm, Alşexsiye Nimudheciye Fî Aladeb Almesrehî, mucele alhyat almesrehiye, al’ded68, Suriya, 2009, r.59.

boye rolî ziyatir dedat be karekiterî serekî û lawekî karekiterî bê bayex û kem îş bekar nahênê.

3- Karekiterî lawekî sereray peywendî be karekiterî serekî, belam rolî serbexoyî xoy degêrê le culanewew mamele kirdin le gel rûdawekan. karekiterî lawekî peywendî be helwêstî karekiterî serekî heye, rêgakanî berdem palewanî serekî xoş dekat weku dirusitkerî tîmî futbol waye ewey demênêtewe palewane yan karekiterî serekî golêk bikat.
4- Le dastan da rûdawekan le encamî pêşîneyek ke wirde wirde gewire debin û pere desênn ta degate çeqî rûdan, le Şano da nûser tenha rûdawî şanoyî dehênête berdem karekiterekan bo ewey wa derbikewêt rastewxo û bawerbêkirawe, rûdawekanîş pişt debestê be şitî le nakaw û xêra. le encamî geyşitinî hewalêk serleberî helwêstekanî karekiter pîşan dedrên.
5- Gifit û goy karekiterekan basî hemû layenekanî jiyan deken le pal mebestekanî geyşitin bepop, le şano gifit û goy karekiterekan çr dekrêtewe ser babetî şanoyî, ke şanoyekey le ser damezrawe. eger hendê car derçunêkîş hebêt bo eweye sîmay rasteqîney jiyan wergrêt.
6- Zorbey car palewanî dastan kesayetyekî mêjuye le mêjû werdegîrên, le Şano da karekiterî serekî yan palewan dekrê mêjuyî bin û deşkrê corêkî dîke bin le coy karekiterekanî komelayetî, deselatdar, ayinî... htd.
7- Le dastan da palewan le seretawe bas dekrê, belam Le Şano da lew katey dest be rûdawekan dekrê.

## 2.10. Tuxmî karekiter Le Ruy Pirakitîkewe

### 2.10.1. Tuxmî Karekiter Le Dastanî Mem û Zîn Da

Le dastanî Mem û Zînî tuhfey muzeferye sê karekiterî serekî hen yekiyan Meme ewytir zîne le gel Bekir bergewerî, rûdaweke be yekitir nasînî Mem û Zîn dest pê dekat û be mirdinî ewanîş kotayî pêdêt dastanekeş her benawî ew dû palewane kirawe. dest pêkirdinî beytekan sereta sê frîşite dêne ser ruy zewî dêne ser koşikî Mem bemeş seretay dest pêkirdinekeye:

“xaliq! her etuy le ser hemuwane
dêne ruy zemînê sê perî deterlane

le ser koşikî kakeMamî, kurî biraym padşay yemenê deyanda seyrane"[304]

Ewey boman derdekewê le gêranewey dastanî Mem û Zînda zêdetir basî jiyan û gewire bûnî Mem kirawe nek zîn jiyan û gewirebûn û bexêw kirdin û çûne ber xwêndin û ta xewn dîtinekey gerçî ewe bo xatû zîn nekirawe, belam basî bengînkirawe ke le gel Mem gewire debêt û hawtemenn.

Bengîn yekêke le hawrêy mindalî Mem û nokerîtî bew manayeî xizmetkarîtî le zorbey cêgakan nawî le gel nawî Mem hatuwe mam hêmin delêt "bengîn le beytekeda hawdemî mindalî û nokerî beemekî Meme û rolêkî gewire degêrê. leMem û Zînî xanîda nawî nîye û gurgînî piyawy mîrîş cêgay ew nagrîtewe"[305] kewate bengînkarekiterêke yarmetî Mem dedat hemû hewlekanî bo ewen kewa palewan berbestekan bibrêt sereray ewey Mem be emek nebû le gel Bengîn daye bengîn diway ew hemû derdeseryeî pişitî Memî berneda, belam dîsan gêrerewe way pîşan nedawe kewa bengîn rq helgrêt, belku têkoşawe bo serxstnî palewan û pişitî girtuwe.

Palewan deyewê bgate me'şuqekey beher nirixêk bêt bawkî çend delê kiçî padşay mîsr, hîndstan, rojhelat gutî tenha zînim dewê delêt:

"Delê:babe giyan nemîsrm dewê ne şame
be kabetullaye kem male xulaye beytullame
dilî min way le yayezînê girtuwe meqame
lepaş yayezînê helalî dinyaye le min herame"[306]

Karekiterêkî tirî lawekî heye nawî stîye xuşikî xatû zîne lew gewiretire heman rolî bengînî hawrêy Mem degêrêt hewmû hewlêkî bo eweye zîn dilî xoş bît xatû zîn gûtî: "çarşêwim bo bênin, deçme male qeretajdînî, kin xatûn estî xuşikim"[307]

Bekir mergewerî karekiterêkî şerangêze ewîş axaye weku qeretajdîn ew milmilanêyeî boye la dirusit bû le gel Mem, çunke satî hatnî Mem û bengîn bo şarî

---

[304] O.Mann, s. p, r.145.
[305] O.Mann, *s. p*, r.55.
[306] O.Mann, *s. p*, r.158.
[307] O.Mann, *s. p*, r.161.

cizîrî be nyazbûn bêne malî Bekir, belam neçûn wek hêminî şa'îr delêt le saxkirdinewey tuhfey muzeferîye da delêt "Bekir ewey be sûkayetî dezanê û deyewê toley leMem û qeretajdîn bikatewe"[308].

Mem gûtî:

"Yayezîn!leber Bekir şeytanî lêkman nedî mrad û kawe"[309]

Bekir axa delê:

"beheqî ewey sahêb sefaye
ewey ewane boy hatûn le ruy dinyaye,
nayelim hîç meqsûd û miradiyan hasil bê, beheqî ew xulaye"[310]

Rolî karekiter 'irfo le gel karekiterçeko le dastanî Mem wzînî tuhfey muzeferye yek rol bû herdkyan kure axa bûn û herdukyan bo xwazbînî zîn hatbûn diwatir herdukyan wazyan hêna le zîn bo Mem beherdukyan piştgîrî xoyan rageyand boyan. 'irfo delê:

"Eme sê bra hebûn esp ale
hersêk sahêbî gurz û kemend û şîr û metale
lawe! mîrMem helste biro yarî xot mubarek bê, dwamîn helale
kakeMem her rawesta pûşkey de erzî dejinî, dengî nekird"[311]

Dayikî Mem û dayikî Bengîn heman rolyan hebû wek karekiterêkî lawekî, ke gêrerewe hîç rolêkî ewtoyan pê nedirawe, çunke hîç karîgeryekiyan nebû tenanet neyatwanî kurekanyan rabigrin lew geşite dûre û herweha dwahemîn kesîş bûn hewalî royşitnî kurekanyan zanî.

Cutêr le gel kiwêxa derk heman rolyan pêdirawe, ke karî qasîd û pêşwazî kirdinin le mîwanan.Melekirîhan kiçî Bekire qerewaşberdestî xatû zîne rolî karekiterî naserekî degêrêt le dastanekeda, belam karekiterêkî çalake xoy danawe bo bengîn boye xoy nizîk dekatewe, eger çî gêrerewe çend amajeyekî pêdawe, ke kesayetyekî nasadey heye be firu fêle, ke delê biro malî ka Bekirî egerçî Mem û bengîn hestyan kird Bekirqed mîwanî ranegirtîne boye karekiterêkî şerangêzu nasadeye helwêstekanî narûnn Mem delêt

---

[308] O.Mann, *s. p*, r.56.
[309] O.Mann, *s. p*, r.210.
[310] O.Mann, *s. p*, r.188.
[311] O.Mann, *s. p*, r.198.

"texsîrî min nîye, tekbîrî herdukyanî lêkirawe
piyawy xerîb wek bazî çaw bestirawe
gelêk kes be qisey jinan tê şikawe
lekinm male Bekir axay çi mîwanî ranegirtuwe nanî
bekes nedawe"[312]

Zîn delê:

"Melek rîhan, etû hatuy, be qumarbazî degrî
etû nazanî, çak nabî, çunke le ewladî Bekirî?"[313]

Karekiterêkî tir kone wezîr rolêkî kem degêrê, belam zaniyarî zore le ser şarî cizîrê çend salêke bend kirawe braiym padşa deyhewê bîxate qise û zaniyarî lê wergrê hewîş çend zaniyaryekî kem dedat û rolî namînêt bemeş kone wezîr nawî resenî niye çunke ber le rûdaweke be hoyekî nadiyar destgîr krabû.

Karekiterêkî tir heye braiym padşaî yemenê, ke rolî karekiterî lawekî degêrê û bawkî Meme xawenî deselatêkî zore hukmî cizîrêş dekat wata czîr ser beyemene, neytwanî şitêk bikat bo Mem, ke nehêlêt birwat bo cizîrîw herweha ne twanî rolî hebêt le beyek şad kirdinî Mem û Zîn teniya ewe nebêt hukmî zor bû braiym padşa ferman be bewezîr û gewire pyawan dekat û delêt:

"Wekîl wezîrî muhteberin
dexîl û bim wern genc û xezêney bo kurî min bern
wekîl û wezîr lewênderê rawestawe
delên qurbant bim braiym paşay tewawe"[314]

Rolî wyselqerenî/mahî deşitê rolî çawsax û piyaw çak debînê, ke rêga pîşanî Mem û bengîndedat ta bgen be şarî cizîrî rolekey teniya lem nêwanî yemen û şarî cizîrê beder dekewê diwatir tewaw debêt bemeş debête hawkarêkî palewanî dastan bo rayî kirdinî îş û karekanî bo geyşitin be rûdawe gewireke her newekeşî mangî deşite bo rûnak kirdinewey şewî tarîk lêreda nawekew reftarekey weku yek bûn,

---

312 O.Mann, *s. p*, r.188.
313 O.Mann, *s. p*, r.215.
314 O.Mann, *s. p*, r.170.

belam çikatêk beyda bû diway paranewey Mem û bengîn le berxuday gewire diwatir wîselqerenî peydabû:

“wyselqerenî mahîdeşitê deykirdin qwitare

bo şarî cizîrê deçûne xware”[315]

Karekiterêkî tir heye be nawî mamosta/melaî Mem û bengîn le gel dest pêkirdinî rûdaweke nawbangî nema, reber ewey teniya bo ewe amade krabû kewa, ke perwerdey ewanî pê bikat xiwêner bzanêt kewa palewan xawenî me'rîfeyekî zor bû lelayenî ayinî û zanistî ewey tûşî buwe rûdawêke ne dirusit bûnî ne kotayî hatnî be destî palewan bû, belku le seruy tiwanay palewan bû. ewey mawe amajey pê bkim eweye zor le dastanekanî mîlletan karekiterekan yan ewete serdekewin yan seryan têda derwat ewa xuda biryarî lê dedat û çarenûsyan diyarî dekat. palewanekanîş sl nakenewe le pêşhatekan ewey Memîş kirdî kol nedan bû bo geyşitin be xoşewîstekey tenanet dest berdarî hemû kesêk û kar û tenanet hawrêyekeşî bû teniya bo ewey be me'şûqekey biga.

Rolî karekiterekan le dastanî Mem û Zînî tuhfey muzeferîye hendêkyan le seretawe berdewam bû takotayî wek Mem û bengîn hendêkîşyan beêy pêşhatekan rolyan pîşan dedrêt diwatir bizir debin hendêkyan nayenewe wekueyselqerenî hendêkîşyan nawe nawe dêne naw rûdaweke diwatir wn debin wek bilêy sr dekrên nimûne braiym padşa le diway geşiteke bo şarî cizîre sr kra ta mirdinî Mem diwatir dîsan derkewtewe hendêkîşyan le kotayeke derkewtin, belam le helwêst û cwamêrî pyawetyan kemî nekird weku çeko, ‘irfo, keçî braiym padşa helwêstî sereta nadiyar bû wek fêlên karwane serbazyekey, ke yawerî Mem û bengînyan dekird gerandewe bo yemen neyuyst le gel Mem  bin, belam diway mirdinî hate şarî cizîrê bo tole kirdinewe le mîrzêndîn dîsan gêrerewe way pîşan nedawe kewa padşa xrapey kirduwe neçiuwe şarî cizîre qeretajdînî kirde mîrî cizîrê û serêkî le qebrî Mem û Zîn da.

Sê xuşike periyeke rolî çexmaxey helgîrsanî rûdaweke debînn be helgirtnî zînle cizîre bo yemen bo lay Mem û dest pêkirdinî rûdaweke, kewate rolyan tewaw debêt bew kareyan weku karekiterekanî tir.

---

[315] O.Mann,   *s.  p*, r. p.

Nawnanî dastaneke benawî karekiterekan Mem û Zînbinyatnirawe, emeş nîşaney giringî dane be gewireyî karekitereke Mamê Alanîş wek nimûney ew deqaneye, ke nawbangî gewireyan heye weku kare benawbangekanî ulyem şikispîr wek makbês, û hamlêt, şayîr "ew deqe şanoyaney bayex be rûdaw û helwêst dedat ziyatir le karekiter kemtir be zînduyî demênewe le diway serdemî nûsînewe"[316] dastanî Mem û Zînî tuhfey muzeferîye kemtir giringî be helwêstî palewanekan dedat wek le serewe amajem pêda ke Memdest berdarî hawrêyekey bû bo mîr zêndîn, herweha rûdawî dirusit bûnî dastanekeş piraw pire le xeyal, emeş ewe degeynê kewa dastanî Mem û Zînî Oskar Mannzînduwe teniya ewe nebêt çakitir bû dastaneke be nawî "Mamê Alan bwaye, çunke folkilorye deqe folkiloryekanîş her bew nawe hatuwe.

### 2.10.2. Tuxmî Karekiter Le Şanoy Mamê Alan Da

Şanoy Mamê Alan le çiwar ekiter pêkhatuwe Mamê Alan, rewend hevalî Memo, çavreş dayikî Memo, Xezal xêzanî Memo palewanî serekî şano Memoye, palewan culanewey berfirawane hem le malî xoy çalakî heyew cimucol dekat û hem derwate derewe bo meseley xobexit kirdin le pênaw ayin û wilat peywendiyekî ptewî heye le gel hemû karekiterekanî tir. hemû karekiterekan yekitir denasin le çiwar çêwey xêzanêk kodebinewe bigre karekiter lewendî hawrêy Memozor le naw xêzanî Memodebînrêt. ew karekiterey ke nawîşyan hatuwe, belam naxrête ber çaw teniya nawî dehênrêt û basî dekrêt, mîrî hekarîye.

Tewawî rûdawekan le dewirî Memodesurênewe, ke bas le qaremaniyetî Memo dekat çuyte şer le dijî mesîhyekan diway ewey hefteyeke hawsergîrî kirduwe, belam eme nebuwe ber best le çûnî bo şer. cige le culanewey palewan û karekiterekan hîçîtir le jiyanyan nazanîn teniya eger nuser be huneryewe amajey pêkirdbêt. çavreş dayikî Memoye wek jnêkî azaw becerg derdekewêt le deqî şanoy Mamê Alan da razî bû bewey Memobçête şer, belku hawkariyekî başî kird bo ewey serî eayîn û wilat beriz bêtewe derdekewêt jnêkî xanedan û be birwa bêt, Memokatêk dawa le dayikî dekat şîrî xoy lê helal bika, wata gerdenî aza bka ewîş delê "kurê min, dî rêya dînê

[316] Hesen, Yasîn Reşîd, *Nawerok Û Tekinîkî Diramay Kurdî 1997-2002*, namey master, zankoy Slêmanî, kolêjî ziman, 2004, r.122.

xiwe û d rêya welatê xiwe da eger ez  te helal nekim, xudê jî min helal naket”[317] hoy kuşitnî Memoî kurî le nenasînewey bû paşanîş nûser neyuystuwe xiwêner rqî lew karekitere bibêtewe way pîşan dawe, ke wîstûyetî şerefî xêzanekey be pakî rabigirêt ew boşaye pir bikatewe le encamî nebûnî piyaw dirusit debêt le mal.

Xezal ekiterêke jnayetî xoy be pakî dekat, dawa le Memodekat neçête xeza, ewîş le gel xoy bibat bo ewe niye bibête ber best le ser rêgay hawserekey, belku nûser way pîşan dawe kewa zorî Memoxoşuystuwe û bukî hefteyeke pêy başe le gelî bçête ceng, çunke pêy waye lem şere demirêt renge neyêtewe diwatir çî bikat le diway mirdinî Memo “wekî tû çuy, paş te ez dê çi bikim!ma mumkune jîna min !wekî tu çuy, ruhê min jî diçit. min dgel xiwe bibe”[318] ta hatnewey  Memole şer diway salêk îdî her çawerêy kird û pakyetî xoy nedorandr.

Lewend hevalî Memoye karekiterî lawekye kem derdekewêt le ser şano teniya le meclîsî duwem  le perdey yekem derdekewêt emeş le çaw ekiterekiterekanî tir zor kem tîşkî dexrête ser le meclîsî duwem le derga dedaw zaniyarî heye le ser xo amadekirdinî Memo bo xwa hafîzî le dayik û xêzanî ewîş xoy amade kirduwe yawerî Memodekat zaniyarî nizîk bûnewey wadey derçûnî kurdanî hekarî û serhed bo çeng dijî felan/mesîhyekan lewend delêt “îroke mirovek ji başgalan hatye go mîr heta colemêrgê çûye lazime di vê hefteyê da em li colemêrgê berhev bibîn”[319].

Nûser mebestî serekî le pîşandanî heluystî karekiterekan bem şêweye deyewê bware derûnî û komelayetî takî kurd pîşan bidat û bîru bawerî kurd beramber be pêşhatekan, ke renge ewe kip kirabêt yan qisey le ser nekrabêt le mêjûda, ke kurd beşdarî pênekrabêt le berigrî kirdin le ayinî îslam tenha serkirdeyek derkewtuwe be nawî selaheddînî eîwbî weku kurd xoy nenasanduwe, belku weku îslam xoy nasanduwe.

### 2.10.3. Berawird Kirdinî Tuxmî Karekiter Le Dastanî Mem û Zîn û Şanoy Mamî  Alan Da

1- Le dastanî Mem û Zînda da leber ewey fre rûdawe 18 karekiterî mirovî têdaye le gel 3 perî xuda, le şanoy Mamê Alanda teniya 4 ekiterî têdaye.

---

[317] E.  R.  Hekarî,  s. p,  j. 15, r.22.
[318] E.  R.  Hekarî,  s. p,  j.  p, r.24.
[319] E.  R.  Hekarî,  s. p,  j.  p, r.24.

2- Nawîkarekiterekan zorbeyan yan nawêkî erebye wekuzêndîn, ueyselqerenî, melekreyhan, birahîm padşa, Bekrîan morkî turkî pêweye qeretajdîn yan kurdyeestî, le şano da tewawî nawî karekiterekan kurdîn “Memo, rewend, çavreş, Xezal.
3- Le dastaneke da le seretay jiyanî basî Mem û Zînî palewan dekrêt ta demirêt, le şanoy Mamê Alanda basî jiyanî palewan nekirawe.
4- Karekiterî dastanî Mem û Zîn be diway çendîn karn çige lewey karekiterekan her yekew be norey xoy guzarişit le komelêk çîn û twêj dekat le komelga, hemû tîşkekan bo palewann, ke çon deculêtewe û hengawekanî berew kame araste derwat û tiwanay cesteyî û eqlî pîşan dedat beramber be pêşhatekanî ke tûşî bbû le encamî geran be diway zîn û dozînewey û hewldan begeyşitin be xoşewîstekey, le şanoMamê Alanda hewlî palewan bo eweye ser beriz bêt bediway arezuy xoy nakewêt, belku be xoşewîstekey geyşituwe ewey deyewê encamî bidat xezaye le dijî bîru bawerêk dijî ayinekey xoyetî ber yek kewtinekan le ruy Aydiyayeweye nek arezû.

## Beşî Sêyem

### 3. Hunerekanî Gêranewe Le Dastan û Şano Da

Giringî Hunerekanî Gêranewe hîçî le hunerekanî tir kemtir niye, çunke bebê bûnî huner le gêranewey beserhatekan hest dekrêt kelênêkî gewire feramoş kirawe natewaw dyar debê natwanrêt dîmenekanî rûdaweke bihênrête ber çawî xiwêneran û xiwêner bxeyte jêr keşî beserhatekan.

### 3.1. Hunerî Wesif Le Ruy Tiyoriyewe

Şa’îr /nuser mafî xoyetî ewey le gerdûn heye bitwanê wesifyan bikat û wênayan bikêşê, ke taçend karîgeryan le ser heye, çunke ewey hestî pê dekat le jiyanî be pênc hestekane guzarişitî lêwe dekat. bem şêweyeş xelikî asayî natwann wesifî manayek le manakanî ciwanî biken, şa’îr tenha be wesifî ciwanî nawestêt, belku le zor riwangewe wesif dekat. her şa’îrew be corêk le kel û pel û şitekanî dewruberî dedwê û garîgerî le ser şa’îr heye ewîş be zimanî şî'ryet guzarişityan lêwe dekat renge şa’îrêkî tir be hestêkî tir le kel û pelekan bdwê. hendê carîş şa’îr ziyad le pêwîst wesif dekat lerastî şiteke dur dekewêtewe bergêkî tirî çge lebergî xoy leber dekat. dr. Nebhan Hesun le barey wesifewe delêt “resenî wesif aşikirakirdin û bedyar xistne”[320] pê waye şa’îr wêneyekî madî le cîhanî derewe degorêt bo wêneyekî edebî be hoy ziman û ciwanî û dirusit kirdinî şêwaz bo derbirîn “wesif rengêke le rengekanî wênakirdin be şêweyekî darişitin kel û pele hest pêkirawekan pêşkeş dekat”[321] wesif beşêke le mentqî mirov, reber ewey derûn pêwîstî beweye aşikira bikrêt le naxewe nemînête derîbrêt be aşikira kirdinî şite peng xwarduwekan le derûnî şa’îr be wesif dekrêt, emeş nakirêt tenha berolî rasteqîne nebêt.

Zor zehmete parçeyek le deqî gêranewe bibînînewe xalî bêt le wesif, bûnî wesif legêraneweda karîgeryekî rastewxoy heye bo binyatî kesayetî, herweha karîgerî narastexoş dekat le berewpêş birdnî rûdaw. ew peywendye be hêzeş le nêwanî wesif û gêraneweda heye bo ew îş û karane degerêtewe ke herdukyan encamî deden le naw

---

[320] Allibdî, Hibe Ibirahîm Mensur, *Alwesif Fî Alş'r Alandelusî Yusif Althalith*, r.isale macstîr, cami’e alnecah alweteniye, kuliye dirasat al'uliya, filestîn, 2012, r.10.
[321] Alse’dun, Nebhan Hesun, Alwesif Fî Alriwaye Ala'sar Û Almejne L'mad Aldîn Xlîl, mucele dirasat Almusilye, al’ded(13), 2006, r.106.

çîrokekeda, wek kar kirdin le ser ragirtnî zemenî gêranewey çîrok û helpesardnî rêrewekanî çîrok bo maweyek paşan derçûnî bew manayeî ke zemen karî xoy bikat le gêranewey çîrokda bebê wesif. bem manaye bê wesif debête “yarmetî derî gêranewe nek şiwên girewe û îş û karî gêranewe bikat, belku sûd bexşe bo gêranewe û berew pêş birdnî rûdaw”[322]. le peywendî hebûnî wesif be gêranewe zorbey caran peywendyeke dirusit le nêwanyan da heye ew peywendyeş hest pênekirawe yan niye le katêk ke xiwêner be xêray çaw bxşênê be dêrekan û wişekan û derbazî bbêt. hemû gêraneweyek le deqe çîrok amêzekanda kirdaru rûdawî têdaye, ke gêranewey lêwe dirusit debêt. lelayekî tirewe nimayş yaxud pîşandanî kel û pel û kesayetyekan berêgay wesif dekrêt. dekrêt deqêk bdozînewe ke tenha wesifêke mebestî pîşandanî kel û pel le snurî şiwênêk bikrêt bê ewey hîç peywendî be rûdawewe hebêt, dabrabêt le zemen, belam gêranewe bebê wesif zehmete bdozrêtewe. dekrêt bilêyin wesifêk bebê gêranewe asantire le gêraneweyekî bê wesif.

Gêranewe pêwîstî be wesife wesifîş le jêr rikêfî gêranewe daye, boye wesif sûdî zorî bo gêranewe heye, wesif razandinewey deqî çîroke tewawkerî bineretî berhem hatnî qonaxekanî gêraneweye, betaybet le hîkayete tirsnakekan û dastane mezinekan. ke rûberêkî zorî wesifeke dadepoşê. wesif deqe nûsrawekan be cule dexat leber çaw.

Wesif karekiter û şiwênî rûdawekan û kel û pelî peywestdar be palewan derdexa û karîgerî her yekeyan le ser rewtî gêranewe debêt, hendê carîş bo ciwankarî deq bekardênêt, ke razandinewey ristekan û destewajekan û hendê carîş dûbare bûneweyan awazêkî xoş be deq debexşêt.

Hendêk carîş wesifî palewan dekat lew haletekî ke êsta tûşî buwe le gel rabirduwekey ke le çi jiyanêk dabuwe lêreda debête wesifêkî berawirdkarî bo helwêstî palewan le nêwan dû dîmen- da. wêney dû dîmen kêşan le dû rûdaw da yan le dû helwêstda ciyawazî le nêwan wesif û lêkçûn da bedyar dexat wesif guncawtire le gel lêkçwandin, ... , ciyawazî nêwan wesif û lêkçwandin eweye wesif hewalêk le barey heqîqetî şitêk dedat, rêkçwandin mecazî û rol bînîne[323] em lêkçûney nêwan dû dîmen dekrêt seretaytirîn wesife, ke şa’îran wesifî dewru beryan pê deken, şêweyekî tirî wesif wesifî Aydiyaye yan bware deruniyekey ke pêyda têdeperê yan ew sozey

[322] Alse’dun, Alwesif Fî Alriwaye Ala'sar Û Almejne L'mad Aldîn Xlîl, s. p, r.106.
[323] Allibdî, s. p, r.11.

ke heyetî, rêreda şa'îr pena nabat bo wesifî berawird, belku pêy delên wesifî madî. Cîfrî Lîç corekanî wesif dabeş dekate ser "wesifî madî û tecrîdî û, wesifî xudî û babetî"[324].

Şêwazêkî tirî wesif ke le layen şa'îranewe peyrew dekrêt wesifî wîjdaniye, ke beberçawtirîn qonaxî wesif hejmar dekrêt, ew dyarde hest pêkirawaney dewruberî degwazêtewe bo naxî wîjdanî, rem bareyewe babetêkî niwêye lê dirusit dekat, ke em şêwazeyan karîgerî behêzî le ser demareşanekanî şa'îr dirusit debêt. şa'îr hestyarî beramber dyardekanî siruşit dirusit dekat yan le mewday cûlanewey da. bemeş pirsyar le kêşew dyardekan dekat ew pirsaney, ke le gerdûn û jiyan dekrêt. emeş wa le şa'îr dekat hendê car pêbikenê û carubarîş bigirî, wek eweye wesifî xudî xoy dekat lew şitaney ke basyan dekat.

Wesif kirdinî dyardew kelu pelekan be dû şêweye beşêweyekî gişitî "1- wesifî westaw 2- wesifî culaw"[325] bemeş dû erkî giringî wesifman bo derdexat ewîş wesif kirdinî kelu pelekan û şiwên û qed û qafyew ciwanî palewan û karekiterekanî naw deqe, ewy dîkeyan dirusit kirdinî awazî gêraneweye û be têperînî beser tuxmekanî kat û culanewe le şiwêne ciyawazekanda.

dr. Amîne Yusif karî wesif kirdin le deqda be 3 erk basyan dekat:

1- Erkî ciwankarî û razandinewey deqe be hoy belaxet û ke emey be erkî konî şa'îran danawe le gêranewe.
2- Erkî şîkirdinewe debînêt ke ravey rehendekanî derunî û reftarekanî karekiter dekat.
3- Wesif erkî rakêşanî xeyalî xiwêner debînêt. [326]

Mebestî rasteqîne le wesif kirdinda "çespandinî ew dîmenaneye le bîr û hoşî xiwênerda, ke bayexyan le çîrokda heye, wek wesif kirdinî ew şiwêney debête şanoy karesat û rûdawekanî çîroke ke. ya dîmenêkî ewto ke karêkî gewire bikate ser encamekey"[327]. le wesif kirdinî şiwênda şa'îr wişe dirusit dekat le deqda be hoy

---

[324] Hacî, *Binyatî Gêranewe Le Dastanî (Mem Û Zîn)Î Ahmedî Xanî Û Romanî Şarî Mosîqare Sipyekanî Bextyar Alî Da*, s. p, r.146.
[325] Sabîr, Ardelan şukir, *Tekinîkî Gêranewe Le Romaneşî'ryekanî Şêrko Bêkesda*, namey master, zankoy Selaheddîn, kolêjî ziman, 2009, r.102.
[326] Yosuf, Amine, *Teqnyat Alserd Fî Alnedheriye Waltetbîq*. Metbi'a almuasese al'erebiye lldirasat û alneşir, altabi' althaniye, beîrut, 2015, r.143-144.
[327] Sabîr, *s. p*, r.100.

xeyal, eger wêney şiwêneke dahênerane bêt hunerî tir- bêt, ew wêneye nizîkitire le wergirtnî zhnî, wata hest pêkirdinî hestye, kewate ew şiwêney gêrerewe/şa'îr dirusitîkirduwe berêgay ziman ciyawaze lew şiwêne ryalîstyeî ke heye.

şiwên lay Aristo talîs debête 2 cor:

1- "**Giştî**: ew şiwêneye ke tenî lêbêt.
2- **Taybet**: ew şiwêneye ke teniya lay to heye, le tenêk ziyatirî têdaniye le yek katda"[328] wrdtir qise le ser wesif dekat deykat be 2 cor:
1- **Wesifî babetî**:em core wesifeye peywendî be gêranewe rastî babetekewe heye, ke gêranewey le ser binyadnirawe, yarmetî dedat bo nasînewey şiwênekan û nasînî çînî komelayetî û kesayetyekanî naw çîrokeke.
2- **Wesifî derûnî**: emeyan peywendî be tewjmî hoşewe heye betaybetî, ke karîgerî le ser naxî kesayetyekan û rehendî derûnî û reftarekanî hebêt. [329]

Nûseran gelêk le barey wesifewe dwaûn bestûyanetewe be zorbey tuxmekanî tirî gêranewe detwanîn bilêyin, ke gêranewey babetî wesifî derewey şitekan dekat, keçî wesif dîwî nawewey şitekan dekat. DR. Hemîd lihmidanî pêy waye ew yasayeî, ke gêranewe deçête jêr balî ciyawaze lewey wesif, boye zehmete le ruy pirakitîkyewe be wrdî qisey le ser bikrêt dû nimuneycîrar cînêt dehênêtewe le peywendî wesif û gêraneweda "1- xanûyekî spî seqfêkî pir le tablo, û glopî sewz 2- pyawêk berew mêzeke hat û çeqokey helgirt"[330] le nimuney yekemda wesifêke bê diyarî kirdinî zemen û bê culeye, renimuney duwem sereray dû kirdar ke hat û helgirtneemeş culey têdaye, belam mêz û çeqo morkî wesifyan helgirtuwe çunke cêgayan diyarî dekat. lêreda detwanîn şitêk bilêyin ke berçawtirîn şit le wesif û gêraneweda ew şitaneye dekrêt bebê cule û kirdar- bin, belam cule bebê kel û pel û şit nabêt. "gêranewe ber le her şitêk le gel rûdaw geşe dekat rûdawîş pişt debestêt be kirdar, kirdarîş berewpêş naçêt bebê awazî wesif, ke rûnakî berdem gêrereweye"[331]

---

[328] xidhir, Xalide Hesen, Almekan Fî Alriwaye Alşemayîe Llriwaî Abdalstar Nasir, cami'e bexdad, mucele kuliye aladab, al'ded102, 2002, r.116.
[329] Yosuf, s. p, r.144..
[330] Lihmedanî, *s. p*, r.79.
[331] Alşimalî, Nidhal Muhemmed Fethî, Alwesif Fî Alxîtab Alriwaî Weabadhi Altqniyeziyade Qasim Anmudheca, mucele dirasat al'lum AlInsaniye û alactmaîe, almuceled33, al'ded1, 2006, r.6.

### 3.1.1. Hunerî Wesif Le Dastan Da

Wesif le dastan da asantirînî ew core wesifaneye ke şa'îr peyrewî dekat, reber ewey dastan be zimanêkî sade denûsrêtewe û bo gişit denusê ew guzarişite û peyivaney ke bekarîş dêt zorbey xelik lêy têdegen. şa'îr xoy be dûr degrêt le wesif kirdinî babetî û be hoyewe şîkarî palewan û hewlwêstekanî bikat, ke le ruy watayewe çend rehendî ciyawazî heye. şa'îr wesif bo ewe le dastan nakat, ke wesifî quris û mêşk mandû deken, belku wêneyekî rûdaw kesayetîke be hoy wesifewe be asanî dênête ber çaw le katî xwêndineweda Ebu Hîlal Eskerî delêt "zortirîn mana bo wesifkiraw dedozêtewe, taweku way lêdêt wesif kiraw be çawanî xot bibînî"[332] şa'îr Le Dastan Da yekcar zor wesif bekar dênêt ta ew wêneyeî ew serdem û şarezabûn le deselat û jiyanî serdemî palewan be dyar bixat û adet û xorewşitî komelayetî bedyar bixat "wesif peywendî be wîjdanewe debêt katêk, ke wesifî siruşitî hêmin û dîmene ciyawazekan dekat"[333] wesifkirdinî textew plew payeî padşayetî û rez û baxat/wesif kirdinî dîmene madîyekanî ew serdem, wesif kirdinî kel û pelî jûrewe nîşaney bekar hênanî ew şitaneye lew serdeme, belam eme ewe nageynê mebestekanî xoy weku şa'îr bixate naw dastan, çunke bîrman neçêt dastan mulkî mîllete nek şa'îr.

Hemû wesifekan bo bedyar xstnî kelu pelekan û palewanekane nek lêkdaneweyekî şîkarî derûnî şa'îr û karîgerî rûdawekan le serî. detwanrêt le çiwar çêwey bîru bawerî gişitî da wesif bikat, şa'îr zor car wesifekan dûbare dekatewe Le Dastan Da bo ciwanî derxstn û ciwanî nîşandanî deqekeye, le gel eweşda wesif deyewê wênay hendê şit bikat wêney cîhanî derewey le tabloyekî dirusitkiraw le wişe pêşkeş bikat, belam "le tablo da wêne yek car pîşanî bîner dedrêt, belam ledeqda wênekan yek le diway yek pîşan dedat leber çawî xiwêner be dirêjayî ew rêgayeî ke gêrerewe wênay kirduwe"[334]

Şa'îr le wesif kirdinî şiwên û kesayetyekanî naw dastanda wesifkirdinêkî rastî yan nizîk le rastî hebêt eme ewe nageynê ke şa'îr netwanê wesifî kese xrapekan û çakekan bikat yan wêney siruşitî ciwan û Berawird kirdinî le gel dyarde naşîrnekan, belku le gel her wesifêkî şiwên û kesayetî wêney na meeluf yan dur lerastî rûnedanî

---

[332] Allibdî, s. p, r.12.
[333] Nurbabincî, Leîle Salim Muhemmed, *Alwesif Fî Ş'r Ebdulle Bin Alm'tez Alaebasî*, risale macstîr, cami'e um alqure, kuliye alluxe al'erebiye, 1989, r.7.
[334] alse'dun, Alwesif Fî Alriwaye Ala'sar Û Almejne L'mad Aldîn Xlîl, s. p, r.107.

le cîhanî heqîqî beşêweyekî hetmî, çunke be bûnî em core şitane be xrap beser şa'îr û xudî dastanekeş deşkêtewe le encamda berhemî neteweyek dekewête ber twanc û rexne boye şa'îr debê be wryayewe mamele le gel wesifî palewan û şiwênekan bikat lêkçwandinekanyan dekrêt hebin le cîhanî mirovayetî.

### 3.1.2. Hunerî Wesif Le Şano Da

Wesif giringyekî gewire le deqî gêrdirawe da debînêt. bedyar xstnî şiwên le naw deqî şano û bigre le ser textey şanoş tenha be wesif kirdinî şiwên û dirusit kirdinî feza debêt, ke wêneyek leber çawî xiwêner dirusit dekat bo ewey rûdaweke berceste bbêt yaxud dur bikewêtewe le xeyal, wek zanîman lebeşî yekem, ke şano ziyatir le ryalîzm nizîke boye wesif kirdinekanîş pêwîste nizîk bin le rastî. mstefa sadq elrafî delêt "çakitire wesif rastgoyane bêt"[335] wesif kirdinî karekiterekanîş lew diyalog û monologane ziyatir berçeste dekewin, ke le nêwan dû kes yan xudî kesêk dewrujênrêt.

Le wesifî şiwênda nûser bewe serkewtû debêt, ke xudî xoy xelikî ew şiwêne bêt yaxud şarezayî hebêt, le xûrewşit û jiyan û adet û teqalîdî xelike ke cl û bergî karekiterekan û wesifî jûrî danîşitn û nustn. xanû bew manaye dêt wesif û guzarişit le xawenekey dekat, hemû dîwarekan, hemû parçekanî kel û pel le xanû ewa cêgrewey karekitere, ke lew xanuweda dejî[336].

Wesifî kel û pel û şiwên be dû şêwe derwane wesif yekemyan:karî ciwankarî wek lewhe, peyker, ... htd, emeş wa lewesif dekat bo karî hunerî bekar nehênrêt, duwemyan:lerêgay wişewe şiwênî xeyalî dirusit deken, be palnerî taybet paz beser wênekêşanî awêneyî dehawêjêt [337] wesifî şiwên bo ciwankarî ziyatir lelayen lasaykerewekan bekar dehênrêt, belam berêgay wişewe wesifî şiwên kirdin lelayen waqî'îekanewe begiringî derwane boçûnekanî xoyan, ke mebestyan niye wesifî rastî biken, belku rastyek dirusit biken weku rastî bêt, wesif başitirîn core bo nasandinî şiwên, kar dekat bo pêşkeş kirdinî şiwên way lêdekat amadegî hebê be qulî. şiwênî betal niye le şano giringî karî wesifîş ew şiwêneye kel û pelî têdaye, peywendî be

[335] Nurbabincî, *s. p*, r.7.
[336] 'Izam, Muhemmed, *Ş'riye Alxîtab Alserdî*(dirase), minşurat itihad alkitab al'rb, dimeşiq, 2005, r.71.
[337] *s. p*, r. p.

karekiterî çîrokekewe heye. culanewey karekiterekan lew fezayeda karî wesife hengawî palewan û karekiterekan le gel kel û pelekanî bguncênêt. boye feza giringtire le şiwên, çunke şiwênekan Le Şano da kemin, belam lerêgay karekiterekanewe nawî şiwênekan dehênrêt yaxud nûser le deqî şanoyda amajey pê dekat keçî dîmekanî ew şiwêne bgwazêtewe tenha bas kirdiniyetî nek amadebûn lew şiwêne boye “feza giringtire le şiwên, reber ewey amajey dûr û qultir dekatewe le dest nîşan kirdinî cugrafî şiwên”[338].

ziyaderoyî le wesifkirdinda le deqî şanoyî da karêkî nerêniye, çunke debête hoy xaw kirdinewey rewtî gêranewe, le Şano da nûser naçare le ber kemî kat û puxt kirdinewey kare edebiyekey pena bo dirêj dadrî nebat wata ziyad le pêwîst wesif nekat û peyameke bigeynêt be xiwêner, egîna nûser naçare be wesif kirdinî zor culanewey karekiterekan ziyatir bikat û katêkî ziyatirî pêwîste.

### 3.1.3. Berawird kirdinî Hunerî Wesif Le Dastan û Şano Da

1- Le dastan da wesifêkî zorî dyardekanî siruşit û palewan debînrêt, ke rolyan heye le ser xaw kirdinewew dirêj kirdinewey gêranewe, le gel eweşda şa’îr debêt xoy be dur bigirêt le manay qul û lêçuy dûr dekrêt sadetir mamele le gel wesifda bikat bo ewey tewawî takekanî mîllet bîxwênnewe le manakanî bgen. leŞano da wesifekan kemtirin bew manayeî, çunke gêraneweke be xêrayî berew pêşewe derwat wesifî xawkirdinewe kemtir debînrêt nûser be lêhatuyî xoy wa dekat xêra rûdawekan hengaw binên.

2- Le dastan da lasayî kirdinewey karekiterekan nizîk le reftaru helsukewt û guftarî bêt hendê carîş ziyaderoyî le sitayş debînrêt. Le Şano da lasayî kirdinewekan rastîn û palewanekan reftaru culanewew helsukewt û guftaryan le mirovî asayî dekat, ke le jiyanî asayî hamuşo deken.

3- Goşe nîgay gêranewe Le Dastan Da be ranawî ew  dekrêt, naçar gêrerewe debêt zor car wesif bo tewawî şitekan bikat, çunke rêgrî kemtire le gêranewew wesifkirdinda. goşe nîgay gêranewe Le Şano da le ser nawî qiseker şitekan wesif deken, çunke zorbey gifit û gokan diyalogn û

338 Nsîre, Zuzu, Işkaliye Fedha Û Almekan Fî Alxitab Alneqdî Alarebî Almaasir,  mucele kuliye aladab al'lum Alinsaniye û alictimaîe, camî’e Muhemmed xidhîr-alcezaer, al’ded alsadis, 2010, r.16.

hendîkcarîş monolog hendê carîş be amajey biçûk nûser wesifî şitekan dekat le xiwêner degeynêt kewa karekiter le çibaru doxêk daye ew kat xudî nûser debête gêrerewe.

4- Wesif Le Dastan Da kemtir wesifî babetî debînrêt ziyatir razandinewe berçaw dekewêt, çunke xiwênerî sade natwanêt lêkdanewey qul bo rûdawekan bikat, besadeyî beser dêrekan têper debêt. Le Şano da wesifekan le syaqî demeteqêyekan dedozrênewe û sereray wesif kirdinî nûser bo ew şiwêney rûdawekey lêwe rûdedat le gel eweşda wesifekan dûbare nabinewew kemêk le wesifî dastan aloztirin, ke wataw mexzay qultir deden wata le pişt deqekan xwêndinewe heldegrêt, emeş bo ewe degerêtewe dirêj dadrî le wesif kirdin da le şano nakirêt, boye puxt û pir peyame wesifekan ziyatir babetîn.

5- Le dastan da karî wesif le dewirî palewan û şiwên desurêtewe sereray wesifî katîş bibînrêt, belam dîsan le xizmet palewan û şiwêneke daye. Le Şano da mexzake wesife sereray hendêk wesif, ke beheman şêwe le xizmet palewan û şiwên daye.

6- Wesifekanî naw dastan wa le xiwêner dekat eme rastye dekrêt le ruy ciwanî û qaremanî û merdayetî û piyawetî... em core qaremane hebin xiwêner be berzî seyrî dekat. leşanoşda beheman şêwe xiwêner bawer be wesifekan dehênn, ke rastye le jiyanda hawşêwey dekrêt hebît.

## 3.2. Hunerî Wesif Le Ruy Pirakitîkewe

### 3.2.1. Hunerî Wesif Le Dastanî Mem û Zîn Da

Leber ewey zimanî dastanî Mem û Zîn şî'rî folkilorye û asane û sadeye, ke wesifî karekiter û şiwênekan û şitekan pêdekat be asanî wênekeman berçaw dekewêt, ke çon bûne. Rehman Bekir, ke gêrerewey gêranewekey dastanî Mem û Zîne le wesifî Mem da be zimanêkî sade û be hunerekanî rewanbêjî dêrekan delêtewe. hunerî lêkçwandin le wesifda bezorî debînrêt be taybet Le Dastan Da, çunke lêkçwandinî asan be asanî wêneke degate xiwêner betaybet Le Dastan Da Mem be zîndelê:

“Xatûnê!çawî tom gelêk zerîftirin le çawî seqeran
ddanî tû gelêk zerîftirin le danan de gewheran”[339]

[339] O.Mann, *s. p*, r.150.

Gêrerewe xoy sitayşî ciwanî Mem dekat deyçwênî be mang û roj be sadeyî wênekeman pîşan dedat:

“Pêy derkêfî espî bore dena, le zînî mureseî xoy dewte sere
maşalla!hendêk deyangut:ewe şemse hendêk deyangut qemere”[340]

Em wesife asane bo eweye, çunke xudî dastan be zimanî asanî û sade binusrêtewe taku hemû takêkî em mîllete pey be peyivekan berêt û têgeyşitinî hebêt le ser tewawî bejn û balaw ciwanî û guftar û reftarekanî karekiterekan û palewanekan eme bawtirîn wesife le gêranewe deqe çîrok amêze konekan bedî dekrêt le gel eweşda le nîwe beytî yekemda be wesifêkî culaw dadenirêt leber ewey culey palewanî lê bedî dekrêt. wesifêkî tir wesifî berawirdkariye, ke berawird y êsta dekat lew doxey tûşî buwe le gel rabirduwekey, ke renge le baru doxêkî başitir dabêt bemeş wesifêkî herdûk jiyanman bo dekat. lem nimûneye Mem delêt:

“Rêy dwanze mang û bîst û çiwar rojan padşayetî yemenê
becê bêle beqise jnan helste were êrekane
êsta delê: lawe!eger hacetî awêt heye, destniwêjî xot helgre û
biro xelq şmr û şeytane”[341].

Honer yan şa’îr dêt zortirîn mana bo wesif bo kiraw dedozêtewe ta way lêdêt xiwêner wêney wesif bokiraw le ber çawanî dirusit debêt em wêneye Le Dastan Da ziyatir berew xeyalî deçît, zîn le wesifî koşikekey ewende wesif dekat leber çawt le xanwekanî şahaney efsunawî deçn wesifî westawîşe, çunke culanewey lê bedî nakirêt teniya wesifî koşikî xoy dekat bo Mem:

“Mîr Mem, koşikî min bilinde ser le hewit tebeqey asmanê
westay bo hatûn le hîndê, mî'marî le buxaraye,
gêçî bo hatuwe le tarîkstanê
koşikî min xşitêkî zêre, yekî gewherî karxanê
her çendî berdî weqîmete, xewasan deryan hênawe
le deryaî nîl û omanî”[342]

Nimuneyekî tir kewa Memewende wesifî rûmetî zîn dekat be çendîn şitî deşubihênê û corêkîşe le xozge xwastn, ke le çendîn cêga wişey bryaî bekar hênawe:

---

340 O.Mann, *s. p*, r.164
341 O.Mann, *s. p*, r.196
342 O.Mann, *s. p*, r.153

“Rojim lê helat, geywete nîweroye,
rûmetî yayezînê gelêk zerîftirin le gulî lîmoye
birya dest û cam bam, eger yayezîn be destî mubarekî
deyawêtme ser ruy coye
rojm lê helat, geye feslî êwarê
rûmetê yayezîn tatesiwarê gelêk zerîftirin le denkî dehenarê
birya ew tas û tebeq bam, eger yayezîn bepencey mubarekî
deyawêtme ser tatesiwarê
rojim lê helat geye mehlî niwêjî şêwan
rûmetî yayezînê gelêk zerîftirin legulî de mêwan
birya ew dest û cam bam, eger yayezîn be destî
mubarekî deyawêtme ser qembelî delêwan
rebî xulaye !etû rehmberî, degel yayezînê çîdî nenbî nêwan
rojm lê helat geywetewe niwêjî xewtnê
rûmetî yayezînê gelêk zerîftirin le gulî de swêsnê”[343]

Bemeş honer wesifêkî duru dirêjî rûmetî zîn dekat hewl sê erk be amanc bgeynê:

1- Ciwanî zîn pîşan bidat ke leber çawî Mem çone
2- Deyewê wesifî derûnî Mem bikat beramber be xoşewîstekey, ke emeş yekêke le erkekanî wesif kirdin
3- Xaw kirdinewey rewtî gêraneweye, çunke em core wesif kirdine culey têda niye teniya dîdgay palewane beramber ciwanî xoşewîstekey rewtî gêranewe dirêj dekat
4- Deyewê zortirîn mana bo wesif bo kiraw bdozêtewe.

Wesif hendêk car bekar dêt bo şîkirdinewey naxî palewanekan Le Dastan Da be şêweyek dergay hendê şîkarî derûnî bixate ser pişt û têrwanînî xiwêner ziyatir debêt le ser palewan bo nimûne lem dêrey xwarewe boman rûn debêtewe le nîwe dêrî yekem kewa zîn hem hêzî cerge, ke hemû xwên benaw ew daderwat û bînay çawîşe eger ew nebêt bînay nabêt, sereray eweş Mem xoy be gewiretir dezanêt le mîr zêndînî diwatir ewe pîşanî zîn dedat kewa text tac û plew payekey cê hêşituwe leber xatirî ew hatote cizîre le gel eweş dîsan mîrî cizîrî benokerî xoy nazanê:

---

343 O.Mann, *s. p*, r.197.

“yayezîn, hêzî cergm, çray çawanm!
êsta emin xerîbî hemû şaranm
leweş bê tîp û spatir bm, hêşita mîrî bray xot
be meyter û nokerî xom nazanm
xerîbey şaran, reber xatirî tû zor bê mekanim”[344]

Le wesif kirdinî corî kesayetî karekiterekan le ruy qaremaniyetî û azayetî û pyawetî yekêkî tire lew erkey be wesif debexşrê lem nimûneye 'irfo kure padşayeke wesifî xoy û çeko û Mem dekat ke amaden berigrî le Membiken beher şêweyek bêt beramber mîr zêndîn weku bra le pişt brabin û delê:

“Eme sê bira hebûn esp ale
hersêk sahêbî guriz û kemend û şîr û metale”[345]

### 3.2.2. Hunerî Wesif Le Şanoy Mamê Alan Da

Zor car wesifekan, ke le şano dekrên le ser zarî karekiterekan xoyann, belam nûser xoy le deqî nûsrawî şano da be hendêk amaje em wesifeman be şêweyekî narastewxo pîşan dedat, ke wesifî culanewey karekiterekan bêt yaxud dîmenî şiwêneke bêt.

Le wesif kirdinî culey kesekan nûser culanewey karekiterekanman bo dest nîşan dekat helwêstekanî be şêwey cule pîşan dedat kewa xembare yan dil xoşe yan hewalêkî pêye yan lêkdaneweyekî heye le naw naxî da, rem nimûneye da Memo diway ewey zor bîr dekatewe ke Xezalî xêzanî becê bêlê ke bûkî hefteyeke yan na diwatir seyr dekat ewe Xezal beru jûrewe dêt wesifeke wesifêkî culawe wa derdekewêt kewa Memodeyewêt dilî Xezal bidatewe, ke cêy dehêlê le gel eweşda nûser way pîşan dawe Xezalîş nayewê dilî Memoî hawserî tund bikat zû çawî xoy desrêt be destêk destekey tirî Memodeygrêt û daydenîşênê:

“pîçek mulaheze diket. wê wextê Xezal ji der da têt. d destekî desmal, çavê xiwe paqij diket. Memo dest digrît. rû dinîte xwarê”.[346]

[344] O.Mann, *s. p*, r.198.
[345] O.Mann, *s. p*, r.195.
[346] E. R. Hekarî, s. p, j.15, r.24.

Wesif kirdinî şiwên yan mal yan siruşit deçête naw babetî hunerî wesifkirdin lem nimûneyeda wesifî jûrî danîşitne wesifeke wesifêkî westawe nûser teniya kel û pelekanî jûreweman bo degwazîtewe ke çî têdaye ke wesifêkî waqîaney jûrî danîşitndîwexan man bo dekat:

"odekî kurmancî xemlandî, b ber û mafuran raxstî. dîwarê wê, çekêt Memo pêve helawstîne. çar terefê dîwar doşek, balxî ne"[347]

Lem wesifî şiwêne da zor şit bo xiwêner aşikira debêt ewîş:

1- Boman rûn debîtewe ke malêkî xanedan bûne
2- Kurdane jyaun weku adet û guzeran
3- Memo çekdar buwe zor car le dîwexanî axakan debînîn ke çekî kon be dîwarekan helwasrawn.
4- Piyawêkî ciwamêre û berigrîkare le şeref û ayin û wilatekey.

Wesif kirdinî şano pêwîste kurt bêt nûser wesifî dirêj naxate naw deqî şanokanî, çunke rewtî gêranewey rûdawekan xaw dekat mawey şanoş kurte bo ewey xêra bikrêt debêt wesifêkî pir manaw kurt amaje pê bikat:

"poşiya xiwe bi devê xiwe digirt derê vediket"[348]

lem wesif kirdiney serewe çend şitêk dekrêk lêkdanewey bo bikeyin ewîş:

1- 'Adetî kurdî xoman pîşan dedat kewa her jnêkî kurd qise le gel kesêkî bêgane bikat piyawyş bêt ewa em core rewşite deniwênin
2- Beşeref bûnî jnî kurd pîşan dedat.

Le nimûneyekî tirîş Xezalî xêzanî Memoheman reftarî rewşit berizaney pîşan dedat:

"Tasek dew tînit, destê xiwe didte sînga xwe, keremke"[349]

lem nimuney serewe 3 peyamî giring dedate xiwênerî şanoy Mamê Alan ewîş:

1- Bexêr hênanî mîwan lelayen kurdewe le konewe ta êstaşî le gel dabêt le zorbey mîlletan gerimtire

---

347 E. R. Hekarî, s. p, j. p, r.21 .
348 E. R. Hekarî, s. p, j.16, r.15.
349 E. R. Hekarî, s. p, j. p, r.16 .

2- Sîng şardnewey Xezal beramber piyawy bêgane lekatî bexşînî tase doyeke nîşaney şerminî jnî kurde beramber be piyawy bêgane
3- Xerîk bûnî xelikî ew serdem be bexêw kirdinî meru malat.

katêk Memodezanêt Xezal naynasêt û diway geranewey le serî xaç perstan xoy bo aşikira dekat û dest xoşî lê dekat şanazî pêwe dekat Xezal ke dezanê Memoye le xoşyan agay le xoy namênê emeş be wesifêkî culaw dadenirêt, çunke baweş leyekitir deden û le ser doşek ra dekşên:

"Ah herdu xiwe li stûyê yek didin, ser doşekê dikevin, nahişyar dibin"[350]

Le nimûneyekî tirda katêk çavreş bukî xoy debînêt le gel pyawêke nazanêt Memoî kuryetî le ser hatîtewe şîrêk le sînî kurekey dedat nûser dêt wesifî Xezal dekat ke debînêt Memobe destî dayikî pêkirawe weku adetî jnî kurd le xoyan deden Xezalîş beheman şêwe wa dekat:

"li nav serê xiwe didit"[351]

### 3.2.3. Berawird Kirdinî Hunerî Wesif Le Dastan û Şano Da

1- Zorbey wesifekanî Mem û Zîn bewesifî dirêj û sadeye xiwêner be asanî detwanêt lemana û lêkçiuwekanî bgat, le şanoy Mamê Alan da wesifekat be zimanêkî sade û kurt kirawan, belam helgrî komelêk mexzay quln xiwêner be asanî pey be mebestekanî nabat.
2- Wesifekanî dastanî Mem û Zîn le ser palewan û şiwênî nîşitecê bûn û şan û balî karekiterekan kirawe, le şanoy Mamê Alan da wesifekan le ser şiwên û adetî kurdewarî û layene cwamêrî û ayinî û exlaqî palewanekan kirawe.
3- Sitayş û pyaheldanî deselatî palewan û karekiterekan û hêz û bazûyan le dastanî Mem û Zînda da be şêweyekî ber firawan debînrêt, le şano da sitayş û pyaheldan be şêweyekî na rastewxo kirawe, eger ravey deqekan nekey dernakewêt, ewey bedyar kewtuwe le ser zarî Memo, ke corêk le şanazî be xowe kirdin heye ke delêt ez Mamê Alanim  ez kurmancimez kurdim emane şanazî kirdine bexudî xoy.

---

[350] E. R. Hekarî, s. p, j. p, r.16.
[351] E. R. Hekarî, s. p, j. p, r.17 .

4- Wesifî ciwanî palewanekan le dastanî Mem û Zînda kirawe û lêkçwandinyan be şitî siruşitî wekmang, roj, gul herweha lêkçwandinî çaw be çawî baz, le şanoy Mamê Alanda em core wesifane bo palewanekan nekirawe.

## 3.3. Hunerî Diyalog Le Dastan û Şano da

### 3.3.1. Hunerî Diyalog Le Ruy Tiyoriyewe

Qisekirdin le nêwan karekiterekan û boçûn derbirîn le katî gifit û go kirdin le gel kesanî tirda pêy delên diyalog, reber ewey qisey karekiterekan weku awêneyek waye hemû ew rastyaney le nawewe nadiyare be dyar dekewêt. “diyalogêkî kurt le nêwan dû kes, ... , cêgay deyan laperey raportî degrêtewe bo rûnkirdinewe û guzarişit kirdin”[352] “qise gorînewe le nêwan karekiterekan beçendîn şêweye weku peywendî û gifit û go û rû berû û diyalogî şanoye”[353] be alu gorkirdinî boçûnekan giwastinewey bîrurakan û xwast û arezuwekanîş le ser babeteke derdebrêt, bem hoyeşewe karekiterekan boçûnekanyan beşaraweyî nahêlnewe bêguman le ciyawazî boçûnekanîş nasname û derûnî karekiterekan cya dekatewe, çunke le gel giwastinewey qisekan le rêgey cestey karekiterekanewe xudî peyam û mexza û têrwanînî karekiterîş degwazrêtewe.

Coric Wotsin delêt “xiwêner le myaney diyalogî karekiterekanewe têdegen nawerokî kêşekan çiye, bê ewey hemuy bixwênêtewe”[354] eme cige lewey diyalog pere be rûdawekan dedat, ew parçaneş le rûdawekan bas dekrêt, ke bzr bbûn. “gelêk car rûdaw pêwîstî be diyaloge bo geyandinî û rûnkirdinewey”[355], çunke zor şit be hoy diyalogewe rûn debêtewe û têgeyşitin le kêşekan û rabirduy karekiter û serçawey rûdaweke bedyar dekewêt “carî wa heye le rêy diyalogewe bo zemenî rabirdû degerêynewe û komelê zaniyarîman le barey jiyanî rabirduy karekiterekanewe dest dekewêt”[356], çunke karekiterekan be zimanî xoyan dedwên û lexoşyan dedwên û çarenûsî xoyan diyarî deken. boye xiwêner le katî culew gifit û goy karekiterekan û encamdanî kirdar tuşî hepesan nabêt be helwêstekanî karekiterekan, reber ewey aşinayetî peydakirduwe le gel xesletekan û reftarî karekiterekan le rêgey diyalogewe.

---

[352] Fetah, Alî Abdulrehman, s. p, r.58.
[353] Alqadhî, s. p, r.123.
[354] Alamrî, *s. p*, r.71.
[355] Ebdulqadir, *s. p*, r.144.
[356] Alwenî, *Lêkolînewey Rexneyî Şîkarî Lebarey Romanî Kurdyewe,* s. p, r.38.

Le hebûnî peywendî diyalogewe be gêranewe, ewa peywendiyekî pitew heye DR. necim elwenî delêt “zimanî gêranewe zimanî nûsere, keçî zimanî diyalog, zimanî karekiterekane”[357] bemeş nûser hemû kat derfetî ewey niye be zimanî xoy bdwê dît le ser zimanî ewan hewal û rûnkirdinewe dedat be hoy karekiterekanewe, “karî diyalog eweye eger şitêk netwanrêt beşêweyekî rêk le rêgay gêranewewe derbibrêt ewa diyalog bekar bênêt”[358] boye diyalog erkêkî qurisî le ser şane le hunerekanî gêranewe, çunke şa’îr/nûser xoy bedû bigirêt û bîhewê şiwên pencey le gêranewey rûdawekan derneçêt, ewa erkeke beşêkî zorî dekewête ser diyalogî karekiterekan û meydaniyan bo çol dekat.

Erkêkî tirî ser şanî diyalog ke deygêrê, ewîş hawsengî ragirtnî katî hîkayet û katî gêraneweye, “kat lesatî diyalogda ke zemenî deqe yeksane be katî rûdanî rûdawekey derewey deq”[359] bê ewey satêk le yekitir xêratir bêt, reber ewey diyalog derxerî kate be tewawî satekan. em derxerye sate waqî’îeke bo behêzkirdinî rastî deqe çîrok amêzekane, bo em mebesteş berheme çîrok amêzekan mebestyane bawer pêkirawtir bin lelayen xiwênerekanyanda.

Corekanî diyalog le naw deqî edebîda erkî coraw corî heyew beçend şêweyek degwazrêtewe cîrar cînêt 3 erkî bo diyalog diyarî kirduwe:

1- Diyalogî rastewxo:qisey karekiterekan degwazêtewe dûr le beşdarî hîkayetxiwan, wata erkî hîkayetxiwan wirde wirde qewarey biçuk debêtewe.
2- Diyalogî gêrawe, ke qisey karekiterew hîkayetxiwan wek rûdawêk le rûdawekan deygêrêtewe.
3- Diyalogî narastewxo: hîkayetxiwan le ser zarî karekiterekan rûdawekanman bo bas dekat. [360] le diyalogî rastewxoda karekiter min, elêm bekar dênê, ke cênawî kesî yekemî take karekiter le cyatî hîkayetxiwan roleke degêrêt. le diyalogî narastewxodautyan, utî, delê, ... lem core bekar dêt, ke cênawî kesî sêyemî tak û koye.

---

[357] Xidir, *Tekinîkî Gêranewe Le Romanekanî (Ebdulla Serac) Da*, s. p, r.158.
[358] Hacî, *Binyatî Gêranewe Le Dastanî (Mem Û Zîn)Î Ahmedî Xanî Û Romanî Şarî Mosîqare Sipyekanî Bextyar Alî Da*, s.p, r.162.
[359] Alamrî, *s. p*, r.71.
[360] Hacî, *Binyatî Gêranewe Le Dastanî (Mem Û Zîn)Î Ahmedî Xanî Û Romanî Şarî Mosîqare Sipyekanî Bextyar Alî Da*, s. p, r.163.

### 3.3.2. Hunerî Diyalog Le Dastan Da

Diyalog yekêke le hunerekanî gêranewe, erkêkî giran û zehmetî le ser şane, çunke Le Dastan Da diyalogekanî palewanekan be zeqî beder dexrê le nêw xudî diyalogda berzî û cwamêrî palewan pîşan dedrêt. berew pêş çûnî rewtî gêranewe erke quriseke le ser şanî ew gifit û goyaneye ke le nêwan palewanekan dekrêt. "DR. îzeddîn mstefa resul le giringî hunerî diyalogda delêt "dastan dû rêga degrêt:diyalog û wesif kirdin"[361] be hoy em dû hunerewe gêrerewe yan şa'îr palewan û kêşekanman bo rûn dekatewe eme cige lewey wesif karî razandinewew çêj bexşîne û paşanîş erkî şîkirdineweş debînê, geçî wesif detwanêt le rêgay diyalogewe bêt yaxud pyaheldan le nêwan dû palewan yan karekiterewe bêt. kewabê mebestî û zor erkî qurisî le ser şane bo gelêg mebest bekar dehênrêt lewane:

1- Derxstnî palewanekan û têgeyşitin le nêwanyan nasandinyan be xiwêner.
2- Tund bûnî milmilanêy palewan û karekiterekanî tir le ser dû cemserî çake û xrape, çunke diyalog ew peyame dedate xiwêner û boşî rûndekatewe kame karekiter çake kame xrape be amancî dirusit kirdinî têrwanînêkî diyarî kiraw lay wergr.
3- Diyalog kar dekat bo"berew pêş birdnî rûdaw le gêraneweda her weha pêşkeş kirdinî balnerîşe bo palnan be arastey aloz kirdin û çareser "[362].
4- Diyalogî nêwan kesekan diyalogî asayî rojane niye, belku hunerî berize le dastan, çunke dastan gewiretirîn berhemî gişitgîrî mîllete palewanekanîş nimuney xanedan û paye berizn boye diyalogekanîşyan hunerîtire le gifit û goy asayî.
5- Diyalog kurtire le qisekirdinî asayî, çunke diyalog hunerîtire û herçî qisey ziyade û peywendî be rûdaweke niye derdehênrêt le diyalogda.
6- Zaniyarî bexşîne be xiwêner.

Le peywendî diyalog be katewe cîrar cînêt delêt hendêk car diyalog xêraye hendêk carîş le serxoye yan karekiter bêdeng debêt yan dubare dekatewe bepêy ew barey ledewru berî karekiterekan daye bemeş waman lêdekat parêzgarî le

[361] s. p, r.164.
[362] Slîman, Besam Xelef, Alhiwar Fî Alriwaye Ala'sar Almuadhine L'mad Aldîn Xlîl, mucele kuliye al'lum alnsaniye, camî'e Almusil, al'ded 13, muceled alsab', 2013, r.4.

ciyawazyekanî gêranewe bikeyin[363] dekrêt diyalogekan bîkeyn be dû şêweye yekemyan:rewtî gêranewe berew pêşewe debat bew manayeî zaniyarî debexşêt û nihênî aşikira debêt le encamî gifit û goy kesekan lem coreyan asaye gêrerewe penay bo bibat, rem haleteşda katî gêranewew katî hîkayet yeksane, em hunere le dastan zor bekar dêt bo ewey ziyatir le efisaneyî bedur bikewêtewe.

Kewabêt le dîmen da zemenî çîrok yeksane û hendê carîş gewiretire le gel zemenî ryalîstî, çunke katî gêranewe dirêjdekatewe le çîrokda, xudî diyalog rewtî gêranewe xaw dekatewe û le nêw xudî diyalogekanewe wesif debînrêt wesifîş yarmetî diyalog dedat bo ewey dîmenêk le encamî gifit û gokanewe pîşanî xiwêner bidat. duwem şêwe: le diyalogda pyaheldane qiseker medhî koşik û pilew payew qedru qîmetî xoy yan karekiterêk medhî palewan dekat renge wlam nedrêtewe hendêk car, belku tenha bo zaniyarî geyandine lêreda katî gêranewe xaw debêtewe yan dewestêt bemeş katî gêranewe gewiretir debêt le katî hîkayet. ew pyaheldane zor car palewan deykat bo nizim pîşandanî beramberekey û derxstnî tiwanay xoy emeş wa le beramber dekat biryarêk bidat le dijî bwestêt yan le gelî bêt, boye nakirêt erkî pyaheldan le diyalogekan da nadîde bigîrêt renge bibête hoy zyan geyandin yan bexîlî ya hesudî hênan be palewan. erkêkî tirî ew pyaheldaney gêrerewe deykat bo palewanekan beriz pîşandaniyane beramber karekiterekanî tir.

Ew goşe nîgayeî bo gêranewe bekar dêt le Le Dastan Da ranawî ewe em coreyan hîkayetxiwan lebirî ewan delêt filan witî emeş hîkayetxiwan debête nêwendgîr le nêwan karekiter û xiwêner.

### 3.3.3. Hunerî Diyalog Le Şano Da

Diyalog le nêwan karekiterekan beşî zorî deqî edebî betaybetî deqî şanoyî pêk dehênn ewey demênêtewe amajew dîmenekanî ber le diyalog û perawêz û çiwarçêwey deqekeye. mirov lekatî gifit û go kirdin le gel kesanî tir boçûnekanî derdebrêt, reber ewey qisekirdin weku awêneyek waye hemû ew şitaney le nawewe nadiyare bedyardekewêt hendêk car nûser bo ewey xiwêner ziyatir aşina bikat be karekiterekan pena bo hunerî diyalog û monolog û filaş bag debat û bekaryan

[363] Lihmedanî, *s. p*, r.78.

dehênê, bo ewey nax û bîrkirdinewey rasteqîneyan bzann, ke karekiter çihelwêstêk pîşan bidat xiwêner tuşî hepesan nebêt, bilêt em kirdare lem karekitere nedeweşayewe, eger way lêhat narastgoyî karekiter pîşan dedat xiwêner tûşî pşî siwarî debêt “karekiterî şanoyî aşikirabûnêkî berdewamî heye, diyalog biryar dedat rêjey rûnî karekitir le gel xudî xoy û karekiterekanî tir”[364]. boye nûser hemû tekitîk û tuxmêk bekar dehênêt bo ewey karekiter aşina bikat be xiwêner û bo ewey karekiter le ruy fsyolojî û derunî aşikira bikat.”geyşitinî rûdawekan le rêy diyalogewe nûser naçar dekat wryaîî berdewam nimayş kirdinewey deqekey bêt, diyalog debête guzarişitêkî bawu û têneper rê be xiwêner nadat bgerênewe bo ewey têperî, boye beberdewam be hoşyarî radegrê”[365]. diyalog pêwîstyeke bo pêşkeş kirdinî rûdawî şano wênay ew milmilanêye dekat, ke le nêwanî dû wîst da heye, ke her yekêkyan deyewê ewey tir bşkênêt. “diyalog ew sîhreye weku gulêkî xunçe kiraweye hemû tuxmekanî tirî şano le nawîdan”[366].

Ew deme teqêyeî karekiter deyken beberdewam giringî heye, serincî xiwêner bo lay xoy radekêşê, kareke berew pîş debat û karekiterekanîş bedyar dexat. “diyalogî şanoyî betewawî deçête naw cîhanî huner, natwanîn helîbsengênîn be pêwerî qisekirdinêkî siruşitî ke rojane bekar dehênîn”[367] sîfetî şanoyî nabît eger peyame serekyeke nepêkêt. Ahmmed Salar delêt “bo nasînewey her karekiterêkî şanoyî debê le ziman û axawtniyewe boy biçîn”[368], çunke diyalogî şanoyî dû şit pêk dêt ewîş hizir û zimane be hoy ew zimaneye xiwêner aşina dekat be bîrkirdinewew hengawekanî karekiterekan, gwitarî şanoyî le encamî ew diyaloge pêk dêt ke le nêwanî karekiterekan encam dedrêt ewîş beçendîn şêwe riste derdebrin:

1- Ristey hewal ke karî geyandinyan pê spêrdirawe.
2- Ristey pirsyar kirdin pirsyar kirdin û wlam danewe.
3- Ristey helçûn sersurman, azar çeşitn, nuzanewe, ... htd.

---

[364] Muhemmed, Qeyîs Omer, Albiniye Alhiwariye Fî Alnes Almesrehî, Nahidh Alremedhanî Animudheca, metbe'a dar xîdau llneşir û altuzî', tabi’ alûle, 'man, 2012, r.145.

[365] Hesen, *s. p*, r.107.

[366] Alebadî, 'Isa Quydr, Inmat Alhiwar Fî Şi'r Mehmmud Derwyş, mucele dirasat al'lum AlInsaniyew alactmaîe, almuceled41, al’ded1, alurdun, , 2004, r.23.

[367] Altaî, s. p, r.200.

[368] Ebdulqadir, *s. p*, r.200.

4- Qisey natewaw lemanada natewaw- lew katey qisekerêk yekêkî dî le qisekirdin debrê û bepêçewaneşewe.
5- Riste dubatkirdinewe [369].

Pêwîste nûserî şanoyî zor agadarî rezm û mosîqay diyalogekan bêt taradeyek çakitire gwêyekî mosîqayî hebêt boye debînîn zor le deqe şanoye nawbangekanî cîhan şa’îran nûsîwyane debê nuser agadarî ewebêt “beşêweyek bizanê le kwêda xêrayî û le çi haletêkda rawestan û çon diyalogî kurt û dirêj dadenê”[370] zimanî şano hemîşe le gel zimanî axawtnî rojanew zimanî nusîn cyaye, belam emeş ewe nageynê ew peyiv û rstaney le rojaneda bekardêt nûser bekarî nehênêt.

Le nêw diyalog da detwanîn le peyam û mebestî nûser karekiterekan bgeyn bewey mebestyan lew derbirînane çiye deyanewê çman pê bilên “diyalogî şanoyî giringtirîn binyat û karîgertirîn û zîndutirîne, ke binyatî şanoyî le ser dirusit dekrêt, berêgay diyalog detwanîn nawerok pêşkeş bikeyin”[371] gêrerewe leŞano da hunerekanî tirî gêranewe waz dênê û pena bo diyalog debat taku xiwêner şarezayî peyda bikat le ser karekiterekan boye ziyatir dedwên û qise deken bew manayeî na, ke tenha demeteqê bêt, belku manay ew guftaraneye ke rabirduy karekiterekan pîşan dedat û hengaw berew dahatû denêt. “gêrerewe dîmenî gêranewe waz dênê rêga bo diyalog xoş dekat lew rêgaye karekiterekan karu xemekanyan derdebrin”[372].

Diyalogî şanoyî peywendiyekî ptewî le gel kat heye bewey katî diyalogî karekiterekan yeksane le gel katî asayî “yekêk le fakitere here rîşeyî û bineretyekanî serkewtinî şanogerî eweye ke bitwanêt hawterîb bêt le gel kat”[373] pêwîste hunerî zor bekar bêt le encamî diyalogekanda, çunke şano hîç seretayekî niye bo nasandinî rabirduy karekiterekan naçar nûser bo nasandinî rabirdû û bîrkirdinewey karekiterekan beçend amajeyekî renge risteyek yan kemtir ew rabirduweman pê binasênê, ke hizir û perwerde û adat û teqalîdî karekiter çon buwe lebîrman neçêt hîç destewajeyek le nûsînî Şano da bebê kar cêgay nabêtewe ew zaniyaryeî xiwêner destî dekewêt le deqî şanoyda le encamî ew geranewey karekiterekane bo zemenî rabirdû

---

[369] Simo, *s. p*, r.96.
[370] Hesen, *s. p*, r.108.
[371] Raxib, Nebîl, *Alneqid Alfenî*, dar misir lltib'e, alsne ?, r.41.
[372] Alqadhî, s. p, r.133.
[373] Ebdulqadir, *s. p*, r.164.

Le diyalogekanyanda. erkî dyalok Le Şano da yekcar zore û deçête naw tuxmekanî tirîş ew erkaney ke deykat"geşekirdinî çnîn, derxstnî bîrkirdinewey karekiterekan û guzarişit kirdin le hest û sozu siruşite binçîneyekan, runkirdinewey kat û şiwên û rûdaw"[374].

Yekêk le taybetmendyekanî diyalogî şanoyî le tiwanay daheye le zor rehendewe leyek katda qise le ser babet û karekiterekan bikat. herweha hewl dedat rabirdû be êsta bbestêtewe be hoy filaş bagewe, ke le naw diyalogekan debînrêt.

ew goşe nîgayeî ke Le Şano da bekar dît eger nimayş bikrêt ranawî min bekar dêt, çunke rastewxo karekiterekan qise deken bebê nêwangîrî, belam deqî şanoyî nûsrawda ranawî ewbekar dêt.

### 3.3.4. Berawird Kirdinî Hunerî Diyalog Le Dastan û Şano Da

1- Diyalog le herdû regez da debête hoy nasandinî rabirduy karekiteru jiyan û corî perwerdekirdinyan ta bûnyan bepalewan, reherdukyan da diyalog zaniyarî debexşne xiwêner le barey culew hengawî dahatûyanda, belam Le Şano da nasandinî karekiterekan mebestdartire û pir manatire.
2- Diyalog Le Dastan û Şano da pere be rûdaw deden rûdaw berew pêşewe deben.
3- Le dastan da ziyatir pyaheldan debînrêt, le Şano da kemtire
4- Zimanî palewanekanî dastan zimanêkî gişitgîre çunke bo hemû take kanî netewe denûsrêt, le şano da bezimanêk le nêwanî zimanî asayî û beriz denusrêt.
5- Diyalog katî gêranewey le herdukyanda erkî hawsengî debînêt le nêwan katî gêranewew katî hîkayet herdû regez ziyatir le zemenî ryalîstî nizîk debinewe.
6- Ew goşe nîgayeî dastan nûs bekarî dehênê ranawî kesî sêyemî take ew, le şanoy nûsrawîşda heman goşe nîga bekardêt.
7- Diyalogî dastan dirêjtire le diyalogî şanoyî, her boyeşe dekrêt parçeyek diyalog le dastan helbigirîn yan bîgwazînewe, belam Le Şano da zehemete.

[374] Hesen, s. p, r.104.

8- Le dastan da ew diyaloganey rûdawekan degêrinewe dekrêt beşêk le rûdawekan beşêweyekî tir bgêrdrêtewe, belam Le Şano da leber ewey hemuy yan beşî zorî diyaloge nakirêt bgordrêt.
9- Diyalog Le Dastan Da cige lewey le nêwanî dû kes yan ziyatir debêt dekrêt bo wesifî siruşit û culanî kesayetyekan û bixrête xizmet ew jîngeyeî ke rûdawekey lêwe rûdeden, çunke dastan beazadyekî firawan wesifî kesayetyekan dekat, le Şano da diyalog ew azadye firawaney dastanî niye bo wesif kirdin.

### 3.4. Hunerî Diyalog Le Ruy Pirakitîkewe

#### 3.4.1. Hunerî Diyalog Le Dastanî Mem û Zîn Da

Le dastan da şa’îr yan honer dastanekan degêrêtewe, boye şêwey gêranewe narastewxoye şa’îr debêt be nêwendgîr le nêwan êmey xiwêner û karekiterekan bemeş ranaw ewî goşe nîgay hemû şitzan bekardênêt. Rehman Bekirî gêrerewe diyalogekanî le ser zarî karekiterekan bebekarhênanî gutî, delê degêrêtewe boman. Rehman Bekir ew diyalogey nêwan Mem û zînman bo degêrêtewe, ke Mem çl roje le zîndane:

mîr Mem delê:

“Yayezîn, giyane !
çil şewe, beqisey Bekirî cêgam zîndane,
şam û neharm buwe be cemî segane

yayezîn delê:

Hey le xom rûreş û baban wêranê
taqe kurekey birahîm padşay yemenê bête şarî cizîrê
beqisey minî ser betal û bê xudanê”[375]

Core diyalogek heye qiseker yan karekiterêk deykat arastey yek kes nakat be teniya, belku çendîn kes guêy bo radegrêt, renge pêwîstî be wlam danewe nebêt belam gwêgr heye, şêwey diyalogekanyan weku witare bo bas kirdinî tiwanay

[375] O.Mann, *s. p*, r.214.

cesteyî û pişt û penaw pyawetî... htd. debête diyalog bo ewey beramberyetî yan guêy bo radegrn. katêk ke ‘irfo, çeko, qeretajdîn bewe dezann Mem zîndanî kirawe ewanîş helwêstî tûnd wer degrn:

‘irfo delê:

“Emin ‘irfome,
beranêkî be esrome,
mîrî brat le şananra degrome”[376]

Qeretajdînîş beheman şêweyek le tiwanay xoy pîşan dedat le diway ‘irfodilsozî xoy derdebrê bo Mem qise le gel zîn dekat eger be nawî felan gutîş nebêt diyare peyameke bo zîn û gişite:

“Emin qeretajdînim
le pilngekanî çeng be xwênim
eger nemirim, mîrî brat le şananra derdênim

çeko delê:

Emin çekoyekm benawe
leswê mîrMamî kwêrim debû hertik çawe
xuşikê yayezîn, gleyanim lê meke, kwêrim buwe hetik çawe
êsta debê şarî cizîrê text û tarac bikem. bîkem bilawe”[377]

Çekoş be heman şêwe qise bo yayezîndekat û dilsozî xoy bo Mem derderê bew manayeî ke hemûman le pişt toyn, ke her karêkit bwê ême encamî dedeyn û xawen hêzu bazuy xomanîn.

le diyalogî nêwan Mem û Zîn pyaheldan û sitayş kirdin debîstirê leyekem dîdarî nêwanyan katêk sê xuşike peryeke zînyan helgirtbû bo Memyan hêna zîn sitayşî xoy dekat û delêt:

“Tu xula !mîr Mem lêm megre manê lêm helmeke piştê
emin hewrêk bûm le hewrekanî de beheşitê
xulawendî alemyan eminî le bo tû hawîşite pêdeşitê”[378]

Diyalog zaniyarî bexşe bew manayekî le encamî gifit û goy karekiterekan hewal degen be xiwêneran. lem nimûneyeda kwêxa derk kwêxay qeretajdîne bemeş

[376] O.Mann, *s. p*, r.215.
[377] O.Mann, *s. p*, r.216.
[378] O.Mann, *s. p*, r.154.

boman derdekewêt ke qeretajdînîş axaye stî deynêrêt be diway qeretajdîn le dîwanî mîr bêtewe be nihênî hewalî hatnî mîwanekanî pê bilêt:

"Le pilekanan dehate xwarê eawrêkî we kwêxa derkî dawe
deîgut:çi xebere, çî qewmawe?
deîgut: elhemdulla hîç niye
dû mîwanman hatûn le nêwerastî şarîye"[379]

Diyalog erkêkî tirî heye ewîş bedyar xstnî çakew xrapeye le encamî qisey karekiterekan beder dekewêt bo ewey milmilanêyekan berdewam bin Le Dastan Da ruy xrapew çake beder bixat berdewam milmilanêyekan le encamî qisey xrap û kirdarî xrap beder dexat, rem nimûneyeda ruwe şarawekey Bekir bederdexat ke qîne şerangêzyekey beramber beMem heyetî bê ewey hêşita bînîbyetî be xelikî şarî cizîre delêt parew qendtan dedemê bilên be 3 rojan xatû zînyan derkird le cizîrê teniya bo ewey bû ke Mem û Zîn bo yek nebin beyanî dahat Mem xelikî le ser suçî kolanekan dît destyan begiryan kirdbû deyangut:

"Le xoman mil be kwên û hejarî,
rêy guzeranman bira beyekcarî
ewro sê roje yayezîn gul buwe,
ker û têryan dawetê deryan kirdwe le şarî"[380]

Diyalog katekey yeksan dekat le gel katî diyalogî qisekirdinî rojane yan zor nizîk dekat le gel katekey lem nimûneyeda eweman bo derdekewêt ke diyalogeke le gel gifit û goy rojane nizîke wate heman derbirîn derdebrên yan be bekarnehênanî hunerekanî qisekirdin, çunke hunerî diyalog kateke kurt dekat wek:

"Ka Bekir bom bigêrewe bizanim, çi buwe çi suhbetêk kirawe
Bekir delî:
çi bikem biray tu şêt û natewawe,
emin nazanm, çibkim biray tû nazanê rêy guzeranê
hîzbabêkî xwêrî hatuwe kes be menzilî nazanê,
ew şew kakî tû sê carî etû pêşkêş kird, qibulî nekird le dîwanê"[381]

---

[379] O.Mann, *s. p*, r.178.
[380] O.Mann, *s. p*, r.191.
[381] O.Mann, *s. p*, r.193.

Lêrewe boman derdekewêt bekarhênanî hunerî beriz le diyalog da bêguman diyalogeke kurt debête wata le ronanî serewe derdekewêt le ronanî xwarewe dernakewêt, eger em nimûneye werbigirîn debînîn eger hunerî têda bekar neyet ewa katekey yeksan debêt le gel katî asayî, belam bebekarhênanî hunerî qisekirdin betaybet le şî'rda ewa katî kemtir dewêt wata yeksan nabêt le gel katî asayî:

Mem delê:

"Çi bikem le cebarî
bila, Bekire mergewerî bikujim beyekcarî

zîn delê:

Lexom bê selaye
çi bikem, ewro kareke bede, kuşitnî Bekirî bom pêk naye"[382]

Wişey cebar bo xuday gewirey hênawetewe le ronanî serewe derkewtuwe le diyalogî asayî dekrêt weha bêt be zimanî mukirî çi bikem ewe karî xulaye, bila her debê Bekire mergewerî. bikujim beyekcarî neyhêlm le ser dunyayê boye dekrêt ewe bilêyin diyalog kurttire le qisey asayî

Diyalog debête hoy berew pêş birdnî rûdaw le encamî gifit û goy karekiterekan rûdaw hengaw berew pêşewe denêt be hoy diyalogewe dezanîn îdî rûdawêk agr kewtinewe ruy dawe bengîn xeber dedate mîr delêt:

"Mîr, eawrêk de male qeretajdînî berbû. çi eawrêkî bê amane!
eger helnestî, êsta şarî cizîrê desûtê"[383]

### 3.4.2. Hunerî Diyalog Le Şanoy Mamê Alan Da

Le şanoy nûsrawîMamê Alan da yek deng heye ewîş goşe nîgay ewe, çunke nûser buyte pirdêk le nêwanî xiwêneru karekiterekan, eger ew pirde nebayeême nemandezanî kame karekitere qise dekat. bexoy nehatote ser şano pêman bilê rûdawekan con berew pêş deçn yaxud taku goşe nîgay g◌ٚêranewe bibête min. ew sûdey ke le ranawî min û to wergîrawe le diyalogekanda ewa qisey karekiterekane le

---

382 O.Mann, *s. p*, r.211
383 O.Mann, *s. p*, r.209

encamî gifit û goyekan bekaryan hênawe emeş asaye le diyalogda lem nimûneye boman derdekewê, ke diyalogekan narastewxon.

çavreş delê:

"Kurê min, xudê xêr ket ! te çi bihîstye tu weha pir hîdetî, çavê te weha sor bûne?

Memo delê:

"Dayê, şîrê xiwe li min helal bike!dijminan ser li me rakirye. hatîne qudisê ji îslamê bistînin. mîr emir kirye, xezaye, dê biçîn xezayê. madem ez kurdm û ez ji alanim, bab û bapîrêt min dvê rêda çûn, divêt ez jî d ve rêda biçim. te şîrê sipî daye min. şîrê xiwe li min helal bike"[384]

Le encamî em diyalogey serewe çendîn zaniyarî giringman bedest dekewê bêguman diyalogî şanoyî rabirduy karekiter û hengawî dahatuy karekiteru rûdawî datûman bo aşikira dekat le gel bare derûniyekey nûser emane puxt dekatewe le çend dêrêkî kemda be xiwênerî dedat le ser zimanî karekiterekanî betaybetî palewanî dastan, ke zortirîn diyalog dekat yan zortirîn tîşkekan û hengawekanî xulqandinî rûdaw lelayen palewanî şano we dekrêt. le ristey kurê min, xudê xêr ket! te çi bhîstye tu weha pir hîdetî, çavê te weha sor bûne? derdexat kewa Memole ruy deruniyewe helçûnî pêwe diyare û tureye le hêrşî mesîhyekan bo ser qudis, nek leber ewey Xezalî xêzanî cê dehêlê eme le wlamî Memowe boman rûn debêtewe, paşan le wilamî Memoda le ser zarî xoy rabirduy xoy boman aşikira dekat ke kurde le alanekane bab û bapîrî le xo bext kirdin şehîd bûne ewîş deyhewê berdewam bêt le ser ew rêgaye, dayikîşî be riziq rozî şerî bexêwî kirdye beşîrî spî bê firu fêl, boye deyewê ew erke becê bigeynê ewîş berizamendî dayikî, çunke dayik mafyan beser kurewe heye le ruy ayinî îslam, herweha boman rûn debêtewe, ke dayik le naw kurda pêgeyekî yekcar berzî heye molet xwastn le dayik rûyekî ciwan pîşanî xiwêneran dedat. detwanîn le encamî gifit û goy çavreş û Memo"boman der bikewê kewa bawkî Memo lerêy xo bext kirdin bo wilat koçî kirduwe û êsta le jiyan nemawe.

Le nimûneyekî tir boman rûn debêtewe kewa nûser wîstîtî adetî kurdî bzr nebêt le slaw kirdin û ehwal pirsînî mal û mindal rêz girtnî mîwan û gewirew biçukî behend werbigîrêt:

[384] E. R. Hekarî, s. p, j15, r.21.

“Lawend: eselam û eleykim !diçit milê çavreşê. çavreş:eleykm û selam, kerem ke rune xwarê lawend rûndt ser serê min hatî, ser çavan. tu qunckî, xweşî, mal, biçuk çewann?lawend:xudê j te razî bit, mal, biçuk destê te radmûsn”[385] em hewal pirsîne gerime renge bilên giring niye leber ewey rûdaw berew pêşewe nabêt, belam E. R. Hekarî amancî teniya bas kirdinî rûdaweke niye beqed ewey mebestî pîşandanî cwamêrî û adet û teqalîdî kurdî û çoniyetî jiyaniyetî rûdawekan hengawyan nawe bexêra le diyalogî yekemda ewey demênêtewe serinc bideyn eweye, ke nûser mebestî zorî le şanokeda heşardawe lewane êstaş le gel dabêt pyawêk yan jnêkî pîr lemal û mindalî takêkîême bpirsêt le wlamda pêy delêyn destt maç deken eme rêz girtne le mirovî gewire.

Le diyalogî nêwanî Memo, ke xoy be mîwan nasandbû le gel Xezal şitêkî giringman bo derdekewêt ewîş qedr girtnî mîwane lay komelgay kurdewarî katêkîş ke dêne malêk xawen mal be hemû şêweyek xizmetî dekat bo ewey mîwan hest be kem û kurî nekat ta denêrne kesêkî gewire eger teniya afret le mal bû eger piyawyş bû xoy dadenîşê heman şit lem diyalogeda derxerî ewe degeynêt, ke rêz û qedr girtn le komelgay kurdîda lew perî berzî daye nûser şanazî bem klture dekat:

“mîvan- zehmetê nekêşe vê gavê ez westame, ez neşêm çi bixom. Xezal:mêvan mêvanê xudêne. çewan emir bikin em mecburîn emirê wan bicî bînîn.”[386]

### 3.4.3. Berawird Kirdinî Dastanî Mem û Zîn û Şanoy Mamê Alan

1- Le dastanî Mem û Zîn û şanoy Mamê Alanda gêranewey narastewxo le diyalogekan be kar hatuwe be bekar hênanî nimûneMem delê, zîn gûtî Le Dastan Da, le Şano da nawî karekiter dehênrêt û paşan gifit û gokan berdewam debêt.

2- Le dastanî Mem û Zînda palewan zaniyarî le ser xoy dedate xiwêner û gêrereweş zaniyarî dedate xiwêner le ser kirdewey dahatû û jiyan û plew payeyan, le şanoy Mamê Alanda şano nûs le ser zarî palewan zaniyarî le ser jiyanî dedate xiwêner.

[385] E. R. Hekarî, s. p, j15, r.23.
[386] E. R. Hekarî, s. p, j16, r.16.

3- Le dastanî Mem û Zînda diyalogekanî be dirêjî kirduwe û herweha diyalogekan le nêwan çendîn karekiter debêt leyek katda, le Dastan Da diyalogî kurt û pir manan û le nêwan dû ekiter dekrên.
4- Diyalogî dastanî Mem û Zîn teniya le nêwan mirovekan narkêt, belku le nêwan peryekanîş kirawe, le şanoy Mamê Alanda cige le diyalogî mirovekan hîçîtir nabînrêt.
5- Le diyalogekanî nêwan karekiterekan le dastanî Mem û Zînda basî niwêj û paranewe û şukiranekirdin û tirs le xuda zor le demî palewan û karekiteru peryekan debîstirêt, le Şano da xobexit kirdin le pênaw eayîn û wilat wişey ayinî û şeref le palewan û ekiterekan debîstirê kewate herdukyan bergêkî ayinyan pêwe diyare.
6- Le dastan û şano da nîşaney pirsyar ? y têdaye ke le karekiterekanî deken û ewanîş wlamyan dedenewe
7- Le dastanî Mem û Zîn da karekiter, ke qise dekat nîşaney: bo danirawe, le şanoy Mamê Alan da şano nûs nîşaney - bo dest pêkirdinî qisey karekiterekan danawe.
8- Diyalog le nêwanî 18 karekiterî mirov û 3 perî dabû, le şano da le nêwanî 5 karekiter dabû keçî lebergî yekemî peysda nawî 4 karekiterî şano nûsrawe, belam xulamêk le perdey duwem qise le gel çavreş dekat “xulamek- xalete çavreş, xanmamin gut bila heta lêre kerem biket”[387]
9- Le dastan û şano da gifit û goy karekiterekan be şî'r û be pexşan kir

## 3.5. Hunerî Monolog Le Dastan û Şano Da

### 3.5.1. Hunerî Monolog Le Ruy Tiyoriyewe

Monolog brîtiye le awat xwastin le bîrkirdineweyekî bebê deng, bemebestî rawêj kirdin le gel xudu rawêj kirdin û geran be diway wlamêkî dirusit bo xoy, monolog le ferhengî erebî mu'cem alma'anî alcami' da bew manaye dêt “witarêke karekiterêkî şanoyî deydat be tenha bo xoy yan bo bîneranî danîşitû, be aşikira kirdinî ewey le derûnî da heye be nyaze encamî bidat, yan ravey wîstêk bikat”[388],

[387] E. R. Hekarî, s. p, j16, r.15.
[388] www. almaany. com/ar/dict/ar_en(5/10/2016)

emeş gifit û goyekî zhniye em awat xwastne yan be şêweyekî nerm debêt yan dwacar helçûnêkî tundî bedwawe deêt. herweha dekrêt bilêyin ke monolog tenha le şano daniye, belku le regezekanî tirîş da heye weku dastan, çîrok, romanbeherdû corî nûsînî be şî'r û pexşanewe. karekiter ke qise dekat hendêk car kese nizîkekanîşî gwêyan lê nabêt. “le monolog da fîkru barudoxî karekiter û xwast û arezuwe şarawekanî wederdekewin”[389] boye dekrêt bilêyin regezêkî giringî gêraneweye, ke dîwî nawewey naxî mirov pîşan dedat, bemeş xiwêner aşinayî ziyatir dekat be bîrkirdinewey karekiter, ke le dahatû çi karêk encam dedat. zor car şa’îr/nûser ewe dekat bo ewey be wergr bilêt karekiterekan xoyan dedwên ew destkarî nekirdûn, emeş ewe nîşan dedat ke monolog rastirîn sate, ke karekiter le gel xoy dedwê.

Monolog ew kate ziyatir pêwîste, ke naxî karekiter aloz bêt û nayhewêt derî bibrêt, karekiter deyhewê carek be nihênî bmênêtewe ta ew katey xoy yeklayî dekatewe û biryarî kotayî dedat, yan ew katey nhêniyekan kesêkî tir deydirikênê. le monolog da zaniyaryeke kp dekrêt û fezayekî bê deng dirusit dekrêt, ke em denge negate xelikanî tir her bo xoy lêyan bdwêt be qise kirdinî karekiter le gel xud betenha ziyatir hest be asûdeyî dekat. pirsyar lêre eweye aya eger monolog le gel xud qise kirdine bo weku diyalog derdebirdrêt? dekrêt bilêyin hunerêke le gel xoy dedwê êmey xiwêner yan wergr bo ewey bgeyne naxî karekiter û zanînî amajey hengawekanî dahatuy karekitere, herweha tenha ême deybîstîn karekiterekanî tir naybîstn weku ewey le diyalog da debîstirêt, take karekiterêk hem qisekere û hem giwêgir.

Tizfîtan Todorf delêt “monolog şîkirdinewey hoşî karekitere”[390] monolog ew tekinîkeye ke gêrerewe bekarî dehênêt bo ewey nawerokî derûnî û kirdare derûniyekan pêşkeş bikat bebê ewey qise le ser hemû biware derûniyekey bikat. karekiter katêk le gel xoy dedwê xoy heldesengênê, ke zincîreyek le yadgaryekanî le mêşkdaye peleqajeyetî bo ewey xoy rêk bixatewe taku biryarêk bidat yaxud arastey boçûnekanî bigorî, çunke hendê hokar le berdemî da heye boye milmilanê le nêwan berjewendî û hestî da heye, eger helwêstî niwand ewe diyare biryarêkî dawe berbestekanî şikandûn.

---

[389] Hesen, *s. p*, r.103.
[390] Hacî, *Felsefey Şî'r Û Şî'rî Felsefî Le Edebî Hawçerxî Kurdî Da,* s. p, r.179.

Monolog û ziman peywendiyekî tokmeyan heye, çunke bîrkirdinewekanî karekiter le rêgay zimanewe dêne derewe û aşikira dekrên “monolog em bîrane be çend risteyekî kurtî rêzimanî derdebrêt”[391] boye pêwîste yekangîr bêt le gel pêgew cêgay karekiter û astî roşinbîrî û sadeyî û standeryekey, çunke yekangîr nebûnî zimanî monolog le gel karekiterî qiseker xiwêner hest dekat ewe dengêkî tire dedwê nek xudî karekiterekemonolog peywendyeke le çîrokda degêrdrêtewe be şêwe qiseker[392]. çend mericêk heye nûser le monolog da peyrewî bikat emanen:

1- “Monolog be zimanêk binûsrêt guncaw bêt le gel xudî karekiter ke deylêt.
2- Zimanî monolog debêt le zimanî qisekirdinî asayî nizîk bêt.
3- Nabêt dirêj dadrî le monolog da bikrêt.
4- Pêwîste monolog zaniyarî bexş bêt ew doxane aşikira bikat ke pêşitir şarawe bûn”[393].

Corekanî monolog be çendîn şêwe debêt robret himfrî beser dû cor dabeşî dekat “1- Monologî rastewxo 2- monologî narastewxo”[394] le monologî rastewxoda: “Karekiter le gel xoy dedwê bê ewey kes pirsyarî araste bikat û bîdwênê û bê bûnî hîç gwêgrêk nûser ranawî min bekar dênê, le rastîda nûser û xiwêner heye, belam hest be bûnî ewan nakirêt le katî xwêndinewe û gêraneweda. monologî narastewxo: ranawî to, ew bekardêt nûser agadarî karekitere”[395] le monologî rastewxoda gêrerewe /nûser nabînrêt û xiwêner hest bewe nakat, ke kesêk qise dekat cige le karekiter, belam le monologî narastewxoda hest bewe dekrêt kesêk karekitereke deculênêt û qisey pê dekat bemeş “gêrerewe xoy guzarişit le boçûnekan dekat, ke le naw hoşî karekiterekan daye rêga nadat karekiterekan bîrkirdinewey xoyan guzarişit biken bebê geranewe bo gêrerewe”[396] wênew dengî karekiter pîşan dedrêt wa pîşan dedrêt, ke ewe naw tewjmî hoşî karekitere geçî gêrerewe destkarî kirduwe dubare xoy dayderêjêtewe.

---

[391] Xidir, *Tekinîkî Gêranewe Le Romanekanî Ebdulla Serac Da*, Hawlêr s. p, r.108.
[392] altwatî, Mistefa, *Dirase Fî Alriwayet Tecîb Almehfudh Aldhihniye Allis Walkilab Altrîq Alşhahadh*, metbi’a aldar alfarabî, tabi’ 3, r.ubinan, 2008, r.160.
[393] Hesen, s. p, r.107.
[394] Xidir, *Tekinîkî Gêranewe Le Romanekanî Ebdulla Serac Da*, s. p, r.109.
[395] s. p, r.110.
[396] Afzelî, Zehra& Mîrzaî, Meframeriz& c’ferZada, C’fer, Asalîb Istihdhar Alafkar Fî Alriwaye Alterîq Linecîb Almhfudh, mucele alcemîe al'lmiye alaIraniye, al’ded37, 2016, r.10.

Wek zanirawe tewjmî hoş le hunerî deqe çîrok amêzekan, giringyekî zor be cîhanî nawewey karekiter dedat tirs û dilerawkê û hest û sozekan aşikira dekat. ew dû dilyeî ber le aşikira kirdinî hestekanî karekiter dirusit bûn, ke cîhanî nawewey karekiter le gel cîhanî derewey yekangîr nabêt yan pêy şerme yan nakirêt bgutirêt. em core hunere bekar dêt bo ewey halete derûniyeke pêşkeş bikat le katêkda be diyalog natwanrêt guzarişit le naxî nûser û karekiter bikat em hunere le dayik debêt. dekrêt lem zaniyaryaney serewe peywendî diyalog û monolog û îş û karekanyan kurt bikeyinewe bo çend xalêk:

1- Diyalog zaniyarî debexşêt, monologîş beheman şêwe.
2- Diyalog guftarekanî aşkiran, monolog be nihênîn û karekiterkanî tir agadar nîn.
3- Diyalog le nêwanî dû kese, belam monolog le xudî yek karekiter daye.
4- Ristekanî diyalog le deqda ziyatire wek pantayî laperekanî deq, monolog kemtire
5- Be zimanî şî'r û pexşan denusrêt, monolog zorbey kat be pexşane.

Core monologêkîş heye xudiye le pal corekanî tirî monologekan “monologî xudî qisekirdinêkî kesêkî diyarî kirawe, mebest lêy rastewxo bçîte jiyanî nawewey karekiter bebê ewey daner çibe şîkirdinewe yan komêntî hebêt le serî”[397] karekiter naxî xoy be arezuy xoy lem bareyewe dekrêt bilêyin lemir boçûnî rexnegiranewe sê cor monolog heye:

### 3.5.2. Hunerî Monolog Le Dastan Da

Hunerî monolog tekinîkêkî zor kone le şî'r û dastane seretayekan bekar hatuwe, le dastane konekanda em hunere bo ewe bekar dehat taku ziyatir palewan derbxen, çunke dastanekan zêdetir benawî palewanekan dekiran bo ewey xiwêner aşinayetî le gel palewan peyda bikat û dûre perêz nebêt bew manayeî kewa mirovî balaye îdî kes boy niye şarezayî le ser palewan peyda bikat eme çakitirîn şit bû kewa xiwêner be naxî palewan aşina bêt. DR. Fatih ebdulselam delêt “ême natwanîn ewe diyarî

[397] Alse’dun, Nebhan Hesun& Slîman, Yusif, Alhiwar Alqise Alquraniye Qise Musîalîh Selam Anmudhej, mucele alabhadh, kuliye alterbiye alasasye, cami’e Almusil, almuceled7, al’ded4, 2008, r. 127.

bikeyin aya homîros ew tekinîkey bekar hênawe yan ber le ew weku amrazêkî ser zarekî gêranewe bekar hatuwe”[398] guman lewe niye ke palewan nebêt monolog nabêt, çunke bo derxstnî şite şarawekanî dilî palewan dastan nûs pêwîstî be hunerî monologe bo ewey xiwêner pêy aşina bibêt.

Monolog le zor huner be dyar dekewêt “şî'r monologe le resenda, parçekanî monolog le xizmet ew hêze qûley zimandaye”[399] her şa’îrew corêk le şêwazî taybet bexoy le nûsînewey şî'rî dastanî  bekar dênê “hendêk le nûserekan lehcey kon bekar dênn û hendêkîşyan zimanêkî dirusit, ke le gel mebestî deqe edebiyeke bêtewe bekar dênn, hemûyan bo eweye, ke zêdetir tiwanayan bekar bênin ziman helkolin”[400].

Le gêranewey dastanda rêga dedrêt be hîkayetxiwan be bekar hênanî ranawî ewî hemû şitzan bekar bêt, azadî bo karekiterekane bo ewey çon awat dexwazn û çon le gel xoyan dedwên berşeqyan firawan bêt, belam gêranewe tenha be ranawî qisekerminbêt  ewa azadî tenha bo gêrereweye lew halete zehmete bigeyne zeynî karekiterekan. mîsal butur delêt eger çîrok be ranawî qiseker bû, ewa gêrerewe tenha qise le ser xoy dekat û ewey deyzanê le ser karekitereke, belam le monolog da lem haleteda berew tesk bûnewe deçêt, natwanêt qise le ser karekiter bikat tenha le ser xoy nebêt, bem haleş ême leberdem ranawêkî daxraw dayn[401]  lêreda dekrêt bilêyin kewa le dastan da pêwîstî be corî monologî rastewxo niye tenha monologî narastewxo û xo diwandin bekar dêt. be bûnî ranawî min y qiseker şa’îr natwanêt bçîte naw naxî palewan.

Hendêk nihênî xudî karekiterekan hen natwanîn byanasîn tenha be danpêdananî xoyan nebêt siruşitî mirov waye nayewêt nihênî bikewête destî kesanî tir. ew perçekirdaraney karekiter deykat le katî zanînî hewalêk yan bûnî kêşeyek wapêwîst dekat bîr bikatewe be wrdî diwatir wlam bidatewe, eger çî le diyalogda berperçdaneweke xêratire, boye le monolog da karekiter çakitirîn wlam dedozêtewe. beşêweyekî bîrkirdinewey karekiter le dewirî em core monolog da bem şêweye debêt:

---

[398] Hacî, *Binyatî Gêranewe Le Dastanî (Mem Û Zîn)Î Ahmedî Xanî Û Romanî Şarî Mosîqare Sipyekanî Bextyar Alî Da*, s. p, r.183.

[399] Alşîyab, *s. p*, r. 136.

[400] Hilal, Muhemmed Xinîmî, *Alneqid Aladebî Althalith*, metbi’a aldar althaqafe, beîrut, 1973, r.658.

[401] Alqesrawî, Meha Hesen, *Alzemen Fî Alriwaye Al’erebiye*, almetbi’a almuasese al’erebiye lldirasat walneşir, tabi’ alûle, beîrut, 2004, r. 245.

1- Hendêk bîrkirdinewey pûç, ke dête naw mêşkî karekiter natwanêt bîxate derewe û bîkate deng. yan leber dewrû berî, yan leber şerminî doxeke wa dexwazêt bêdeng bêt
2- Hendêk boçûnî erênî le hizirî karekitereke da hen be pêwîstî nazanêt rûn bikatewe, şêwey biryardaneke aşikira nakat wata le qonaxî bêdengî demênêtewe ta degate biryarî kotayî
3- Hendêk bîrkirdinewe heye lome kirdinî xudî xoyetî, ke nedebwaye em helwêste biniwênê yan bem şêweye mamele le gel beramberekey bkirdaye
4- Hendêk monolog şukirane kirdine bo xuda lew barû doxey têydaye.

### 3.5.3. Hunerî Monolog Le Şano Da

Monolog be zor mana dêt, mana bineretyekey degerêtewe bo gifit û go kirdinêkî betenha, ke take kesêk pêy heldestêt le amadebûn û amade nebûnî gwêgr, ke bo şîwenekanî diway mrdû û qesîdey goranî û paranewe wek xo zelîl pîşandan emeş le edebî mîllî û folkilorî em coreman hen. hunerî monolog dû denge dengêkyan bo dereweye be şêweyekî giştî denêrdrêt bo xiwêner dengî duwemyan taybete kes guêy lênabêt tenha xudî xoy nebêt. palewan le monolog da her xoy pirsyar dekat her xoşî wlam dedatewe yan pirsyar dekat pêwîstî be wlamdanewe niye em coreş sîfetî bo geraneweyî heye wata bo xoy degerêtewe. “le monolog da dû deng bedî dekrên le karekiterêkda, yekêkyan bo dereweye giştî ye, dengî duwemyan bo xudî xoyetî her xoy guêy lêdebêt bîrkirdinewew hestekanî pêwe serqal dekat”[402].

Monolog le gelêk şiwênî deqî şanoyî be dyar dekewêt “monolog nawkî le dayik bûnî şanoye, le waqî'da formêkî dramye ziyatir lewey formêkî gêranewe bêt, zor car be tomar kirawe le rêy rîkordewe pêşkeş dekrêt”[403] le deqî şanoyda monolog amajey pê dekrêt wata dezanrêt eme monologe.

Şêwazekanî pêşkeş kirdinî monolog beçend şêweyeke bo ewey bîrkirdinewekan bgwazêtewe bo xiwêner, le şano da diyarîtirînyan şêwazî rastewxoye, ke rolî nûser bo pêşkeş kirdinî Aydiyaî karekiter be amaje dane bewey ke bîrkirdinewey karekiter bem şêweyeye “ew amajedane be şêwazî qisekirdinî rastewxo dêt weku amajekanî

---

402 Alşîyab, *s. p*, r. 136.
403 Hesen, s. p, r. 103.

gutî, hawarî kird em amaje pêkirdine pêş derbirînî boçûn dêt diwatir yekser boçûnekan dest pê deken"[404] lem haleteda zor car amajekanî: denûsrêt ber le dest pêkirdinî monolog.

Monolog û filaş bag herdukyan bîrkirdinewene û awat dexwazn, filaş bag taybete berabirdû bê ewey ziyatir rûnkirdinewe bidat, belam monolog le her sê zemenî rabirdû, îsta, dahatû qise dekat. monolog nabestirêtewe be zemen û katî diyarî kirawu. keçî le diyalogda gutman nizîke yan weku zemenî ryalîstye. karî monolog detwanîn bem şêweye le ruy katewe kurt bikeyinewe:

1- "Qisekirdin le cîhanî nawewey karekiter le sat û zemenî diyarî kiraw. monolog zemenî derewe dewestênêt bo ewey cîhanî nawewe bênête serewey gêranewey êstayî.
2- Kar kirdin bo xaw kirdinewey zemenî gêranewe le encamî bwarî awat xwastnî derûnî, firawankirdinî zemenî witar"[405] boye le monolog da zemenî çîrok dewestêt zemenî witar firawan debêt.

Monolog hunerêke bekar dêt le deqî şanoyîda bo ewey xiwêner nawerokî derûnî karekiter û bware derûniyekey ke heyetî bixate rû, xiwêner rastewxo deçête jiyanî taybetî karekiter, bebê ewey nûser boman şî bikatewe. lem halete da rûdawî derekî dewestêt, çunke tîşkeke dekewête ser bîrkirdinewey karekiter. her boyeşe monolog dêrekanî kurtn Le Şano da, bo ewey rûdawe serekyeke lebîr nekrêt, boye nûser zor car monologeke dexate xizmet rûdawe serekyeke.

nûser wapîşan dedat le monolog da mirov herdem le milmilanê daye le nêwan dirusit bûn û wêran bûn, mirdin û jîn, unbûn û dozînewe, emaneş hemuy be rêgey zimaniyewe nûser encamî dedat.

çiwar cor monolog Le Şano da hen bem şêweye dabeş dekrêt:

1- Monodirama: karekiterêke tenha le ser şanoye.
2- Witardanî karekiter bo bîner:komelêk karekiter hen, belam karekiterêk rû le bîner dekat û qise dekat boyan emeş ziyatir bo şanoy pêkenînawî dêt.
3- Xo diwandin soliloquy: witarêkî helçûne karekiter betenha deykat bebê ewey kes bîbrêt weku munacatekanî hamlêt ke deygût debê yan nabê.

---

404 Afzelî, Zehra& Mîrzaî, Meframeriz& c'ferZada, C'fer, s. p, r.13.
405 Alqesrawî, s. p, r.245.

4- Mologî dramî: şa’îr xudî xoy qise dekat yan pena debate ber karekiterêkî xeyalî [406] munacat le zor deqe şanokanda heye nûser mebestyetî lesatî tirajîdî û dile rawkêy karekiterekanda em şêwe monologe bekarbênêt, ke atîfeyan degate pleyekî bilind, hendêk carîş degate lêwarî qise kirdin û wrênekirdin dest deken be qisekirdin û derd û janî dilî xoyan bas deken û hendêk carîş lomey jiyan deken.

Keçî monologî şanoyî birîtiye le diyalogêkî şanoyî xudî karekitereke betenhabêt le nêwanî dû deng leyek karekiter da. yekêkyan denge dereweye gişitye, ewytiryan taybete kes guêy lênabêt xiwêner degate bîrkirdinewe peng xwarduwekey karekiter[407] pena birdnî nûser le monologî şanoyî bo karekiterî xeyalî, ke le ser zimanî karekitereke qise dekat le riwangey xoyewe derwanête rûdawekan nek resenî rûdaweke lem haleteşda brêk le Aydiyake pêşkeş dekat nek hemû, bo ewey rêga xoş bikat beramber tewjmî waqî zîndû bo geyşitin be pêşbîniyekî niwê.

Monolog le peywendî be hest û agayewe ziyatir le bê agayewe nizîke “ew hizireye, ke heye nizîkitire le bê agayî, belam layene rûhyekey ewa axawtnêkî pêş wexteye deçête naw sîstemî mentîq, reber ewey sereta bebîr hênanewe alxatirtêdeperêt katêk deçête zeyn qonaxî yekem, le formîşda deçête jêr balî rêzimanî”[408] hizirekan be hoy zimanewe pêşkeş dekat, çunke xudî karî nûserîş karêkî edebiye.

Goşe nîgay gêranewe le şano da ranawî ew e, çunke monologî şanoyî gêrerewe le ser zarî qisekerekan qise dekat rolî gêrerewe le goşe nîgay gêranewe dewestêt şa’îr/ nûser beşdar nabêt, belku xiwêner têkel debêt le gel rewşitî karekiterî qiseker. tenha ewe nebêt eger xudî gêrerewe basî rûdawêkî tirajîdî gewire bikat xoy beşdar bêt le ser şano ew kate debêt be ranawî minî rastewxo egîna şêwekanî tir hemû narastewxoye.

---

[406] Ferihat, Osame, *Almunuluc Beyîne Aldirama Û Alş'r*, metbi’a alhîe almisriye alame llktab, 1997, r.28.

[407] Ferihat, Osame, *s. p*, r. 20.

[408] Hesun, Nebhan & Slîman, Yusif, s. p, r.127.

### 3.5.4. Berawird kirdinî monolog Le Dastan û Şano da

1- le Dastan da monolog bekar dehêndrêt bo geyşitin be naxî karekiter, reşano da beheman şêweye.
2- Be berawird be şano monolog Le Dastan Da ziyatire.
3- Goşe nîgay gêranewe Le Dastan û Şano da ranawî ewe le monolog da.
4- Le dastan û şano da munacat û xo be zelîl zanîn û şerm kirdin bedî dekrêt
5- Zimanî bekar hatû le monolog da le dastan û şano da yekangîre le gel zimanî karekiterekan.
6- Le dastan û şano da monolog rol debînêt le berew pêşbirdnî rûdaw beşêweyek milmilanê le naw xudî palewan dirusit dekat û diway bîrkirdinewe dwacar palewan biryar dedat û em biryareş dahatû diyarî dekat.
7- Le dastan û şano da monolog şîkirdinewey jiyanî palewanekan dekat çoniyetî perwerdekirdinyan pîşan dedat.
8- Monolog Le Dastan û Şano da le bê agayewe nizîkitire û le herdukyan derdî dilî xoyan bo xudî xoyan deken.
9- Le tekinîkî monologî dastan û şano zemenî çîrok xaw debêtewe, yan zemen le derewe dewestênêt, çunke her dukyan wesifî nawewey karekiter deken bwar bo firawankirdinî witar deden ke qise le ser derunî karekiter bikat.
10- Le dastan da amajey be bûnî monolog nakrê. le deqî şano da le layen nûserewe amaje dekrêt ke eme monologe.

## 3.6. Hunerî Monolog Le Ruy Pirakitîkewe

### 3.6.1. Hunerî Monolog Le Dastanî Mem û Zîn Da

Hunerî monolog le dastanî folkilorî Mem û Zîn bekar hatuwe ke bo serdemêkî dûrî mêjuyî degerêtewe em dastane le edebiyatî kurdî da mameley le gel kirawe le nêw têkste edebiyekan bekar hatuwe hawşan dastanî kurdîş weku dastane cîhaniyekan sûdî lem hunere wergirtuwe bigre le rêgay em hunereşewe bîru hoşî palewan bo xiwêneran aşikira dekat ke le rêgay honer yan şa’îr naxî karekiterekanman bo şîdekatewe.

Gêrerewe ke Rehman Bekire le ser zarî karekiterekan xoyan û derûnî ewan be ême degeyinê bew manayeî ewî hemû şit zan bekar dênê bo aşikira kirdinî derûnî palewanekan

mîr Mem delê:

“Xulaye çilon xanem buwe wêrane
hezar nehlet lebabî xom dwamîn lebabî hemû pyawane
rêy dwanze mang û bîst û çiwar rojan padşayetî becê
bêle be qisey jnan jinan helste were êrekane”[409]

Le gel xud qise kirdinî palewan û gleyî kirdin le xoy, ke beqisey jnan ew rêgaye dûrey brîwwe helwêstî zînîş wek pêwîst nebû, padşayetî yemenê le ewm cêhêşituwe hatîme şarî cizîre ewîş bem coreye, reber ewey zîn leber bare komelayetyekey şarî cizîre nakirêt be aşikira kçêk bçête jwan le gel pyawan bew çawnetirsye, belam Mem ew bîre nakatewe wa dezanê hest be mandûbûnî ew nakat. emeş pêy delên monologî narastewxo, diwatir le dastanî Mem wzînî tuhfey muzeferye zînî palewanî serekîş em core qise le gel xo kirdiney heye:

Yayezîn gutî “xulaye !ewe ewa hat qisey xoy kird, emin dilm şkand, kelamî xulay ewy nagrê, emin degrê, beciwanî demirm, bekafrî demirm, bla bankî kem, bigerêtewe, deşqem dû qsanî degel bikem”[410]

Lem monologey zîn da wa dyar dekat peşîman buytewe lewey ke dilî Memî şikanduwe deyewê bangî bikatewe dubare bo ewey nerwat, çunke swêndî xwarduwe, ke dest leyekitir helnegrin diwatir eger bangî Mem nekatewe renge birwat û neyêtewe.

Corêkî tir le şêwey monolog heye ewîş niza kirdin yaxud şukirane kirdine, em core monologe bo eweye karekiter deyewêt doxeke wek xoy bmênêtewe yaxud berew başitir birwat lem nimûneye da boman derdekewêt kewa xatû stî dilî xoşe bewey kewa babetî pêdanî zînî xuşikî bo Mem le dîwanî mîr kirawe û delêt:

“Rebî xulaye, zor şukirane!
be mexsûd bgen ew newciwane”[411]

---

409 O.Mann, *s. p*, r. 196.
410 O.Mann, *s. p*, r. 196.
411 O.Mann, *s. p*, r.190.

Katêk Mem û bengîn degen be şarî cizîre zîn leber xoyda qise dekat û pêy başe neçne malî mîrî bray ke mîrî botane:

Hawar weber ew xulaye!
eger bê şerîke taq û tenhaye
bo xoy layezane
ew cute siwarekey be qisey ml bekuynê, hatûnete êrekane
rebî le male mîrî, kakî min nebin mîwane"[412]

Diwatir berdewam debêt le xodiwandinekanî le ser ewey heznakat cige le malî qeretajdînî zaway biçne malî hîç kes leber ewey nhêniyeke aşikira debêt û qeretajdîn behelwêste, sexye şermezarî nakat:

"Ya xula! neçne male kaBekirî, biçne male xuşikî xom,
qeretajdîn pyawêkî
reşîde, sexîye, nan bideye, ew zor çakyan bexêr dênî"[413]

Zîn lome le bexte reşekey xoy dekat katêk xeber bgatewe yemen ke Memimrduwe le cizîrê dêt hemû xzm û kesekanî ewîş dekujêt le xemî kurekeyan:

"Çibikem le xom rûsiyayê qelenderê
bo dayik û babî mîrMamî degeyne yemenê xeberê
daxulay, şarî cizîrê degel top û topxaney yemenê çî beserê
çi bikem, le çengim derçû, emin mil be kiwênê
şarî cizîrêm lê xira deken kesim le ewladî namênê"[414]

Diway mirdinî Mem xatû zîn deparêtewe leber xuday bo ewey bîmrênî bo ewey çîtir bexemewe jiyan beser nebat le tenîşit kêlî qebrî Mem giyanî derbikat:

"Xulaye, bexeyrez etû kes niye bmênî
emin çîdîkem bo mecûzatan nejênî
emin be kêlî kake Memyewe bimrênî
xulaye etû kerîmî etû qadirî"[415]

---

[412] O.Mann, *s. p*, r.183.
[413] O.Mann, *s. p*, r. 183.
[414] O.Mann, *s. p*, r.218.
[415] O.Mann, *s. p*, r.196.

### 3.6.2. Hunerî Monolog Le Şanoy Mamê Alan Da

Şanoy Mamê Alan monologî zorî têdaye, ke guzarişit lederbirînî naxî palewanekan dekat bigre şano nûsîş mebestyetî boçûne fikiryekanî le rêgay karekiterekanewe bigeynête xiwêneran le rêgay ewanewe têdegeyn kewa takî kurd çon bîrdekatewe û helwêstî beramber be pêşhatekan çonew hestî neteweyî û helwêstî cwamîrî û bergryekanî takî kurd le şeref, netewe, kltur, adet, eayîn pîşan dedat, goşenîgay gêranewey ewî hemû şit zan bekar hatuwe, nûser le ser zimanî karekiterekan hewal û pêşhatekan û helwêstekanî palewanekanman bo derdexat wata xoy nêwendgîrî dekat le nêwan karekiter û xiwêner le rêgey nûser zaniyarîman dest dekewêt, reŞano da ew zaniyarye hendêk car be amajey nûserewe dekrêt egîna xiwêner nazanêt. le naw deqî nûsrawî şanoy Mamê Alanda eger nûser pêman nelê ewe "xulamek ji der da têt"[416] nazanîn kêye dêt, çunke ber le ew karekitereke nadiyar bû teniya nûsrabû dengek le derewe dêt. diwatir xoy pêmanî gût xulamek le derewe hat, bemeş hewalekan le nûserewe be ême degat.

Memomonologî dirêj û kurt encam dedat monologekanîş zorin, çunke E. R. Hekarî wîstûyetî zortirîn mana bidat ew bîrkirdinewane, herweha wîstûyetî naxî palewanî şano be ême binasênêt, monologekanî şanoy nûsraw zorbey car be asanî denasrênewe, çunke amajey pêkirawe nûsrawe tenê wata be tenhaye karekitereke qise dekat Memodelêt

"Belê... îroke mîr emir kirye, xezaye. neyaran serhed girtine. zaryê kurdan, meazela dê diber dest û pyên dijminan biçît"[417]

Monolog le şano da zor car dirêj debête E. R. Hekarî le perdey yekem û meclîsî yekem be monolog destî pêkirduwe ke palewanî şano Memole gel xoy dedwê dirêjtire le diyalogekan emeş ewe degeynê nûser zor mebestyetî naxî palewanman pê binasênê, çunke Mamê Alan le deqekanî tirî folkilorî û dastanî nûsrawu da bîrî kurdayetî nebuwe têne koşawe bo ser xstnî eayîn û netewe, belku bediway arezuy xoy kewtuwe. renge ewe palnerêk bêt bo E. R. Hekarî ta em core qalbe bîrkirdinewe bidate palewanî şano û ciyawaztir le berheme folkilorî û edebiyekanî tir derbikewêt le ser Mamê Alan.

[416] E. R. Hekarî, s. p, j16, r.15.
[417] E. R. Hekarî, s. p, j15, r22.

E. R. Hekarî le şanokeyda huneryekî tirî bo monolog kirduwe ewîş palewan ke qise le gel xoy dekat û pirsyar dekat her bo xoşî wlamekey dedatewe her le monologe ke dirêj debêtewe palewan amadeye xo bext bikat bo îslam û delêt:

"Ciwab ji mîrê hekaryan hatye, em dê biçîne harîkarya wî. îslam hemî lwê berhev bune. ji bo çi?elbet ji bo xezayê mala hekaryan hemî çekêt xiwe bestine. ji bo çi? elbet ji bo xezayê "[418]

Memokarekiterêke karîgere be ayinî îslam û nahêlî ayinekey bikewêt le cengda, belam lelayekî tirda le monolegekeda boman rûn debêtewe kewa hefteyeke jnî hênawe benyaze bçêt hewalî çûne xeza be xêzanekey bilêt, rêreda bo xiwêner rûn debêtewe kewa hengawî dahatuy palewan çiye ewîş çûne lay Xezale, xiwêner pê bepê hoşî lay hengawekanî palewane nûser lem ruwewe başî pêkawe:

"Ez wê diçim ba Xezalê. . buke hefteyekê ye. ew bihêlm dcî da ma
însafe ?belê, însafe lewra evîna wilatî ji hemî evînan mestire. ew ji pê razye
ez biçim xazî bibînim"[419]

Le monolog da meric niye karekiter teniya le dilî xoy lêkdanewe bikat û pirsyar bikat û xoy wlam bidatewe renge karekiterêk qise bikat, belam teniya xoy wlam bidatewe yan awat bxwazê xozge wabêt yaxud be pêçewane pêy naxoş bêt meric niye derî bibrêt ewîş leber şerm kirdin yaxud berbestêk leber demî bo wilam nedanewe lem nimûneyeda çavreş hewalêk dedate Xezal ke leşkirî îslam serkewtuwe hewalî lay Memopêye ke selamete bem rojane degerêtewe Xezalîş zor xoşhal debêt le dilî xoy delêt:

"xudê goh dengê te bî"[420]

belku afretekanîş heman boçûnyan heye û heman destwekeryan heye bo em core meselane. çavreş nazanê kurekey hatote malewe ke seyr dekat kesêk le gel Xezalî bûkî pal kewtûn zor tûre debêt em xyanetey pê qbul nakirêt ke pyawêkî bêgane le gel bûkekey bxewêt û lem xo diwandine delêt:

"Lazime ez bibrim, yan bikujm! qed çu kurd namusa xiwe weha
bibînt, nawestt!belê, ew namusa min û emanete mine"[421]

---

418 E. R. Hekarî, s. p, j15, r.23-24.
419 s. p, j16, r.15.
420 E. R. Hekarî, s. p, j16, r.17.
421 E. R. Hekarî, s. p, j. p.

dîsan çavreş lem bîrkirdinewe berdewam debêt diwatir biryarî kuşitn dedat û delêt:

"Belê, belê... kuşitn... ji xeyrê wê çu dîtir nîne. . xudê jî min napirst.
çunkî li ser namûsêye"[422]

### 3.6.3. berawird kirdinî Tuxmî hunerî monolog le dastanî Mem û Zîn û şanoy Mamê Alan da

1- Le dastanî Mem û Zînda palewan le ser zarî xoy basî xoy dekat, le şanoyMamê Alan da palewan le seretay dest pêkirdinî şanokeda, ke be monolog destî pêkirduwe xoy denasênê
2- Le dastanî Mem û Zîndapalewanekanda paranewe leber xuda û munacat û xo diwandin û pirsyar le xud kirdin û wlamdanewey xud deken, le şanoy Mamê Alan da be heman şêwe em core monologe be dî dekrêt
3- Le dastan da monolog heye, belam le şano da rûberêkî firawanî dagîr kirduwe tenanet E. R. Hekarîgiringî zorî pêdawe le seretay dest pêkirdinî perdey yekem be monolog destî pêkirduwe.
4- Gêrerewe be şêweyekî narastewxo le dastanî Mem û Zîn û şanoy Mamê Alanda zaniyaryekan debexşne xiwêner.
5- Deqekanî monolog le dastanî Mem û Zîn da be manayekî asan nûsrawn emeş degerêtewe bo ewey ke xudî dastaneke folkilorye le ser zarî xelik wergîrawn pêwîst be helgirtnî manay ciyawaz nakat mebestekey depêkî, le şanoy Mamê Alanda şano nûs deqekanî monolog kurtîş bin gerçî manay ciyawaz heldegrî deyewê le dêrêkda çendîn amanc bipêkêt.

[422] E. R. Hekarî, s. P, r.17.

## Encam

Diway wrdbûnewew lêkolînewew Berawird kirdinî dastan û şano, geyşitîne komelêk encam, ke giringtirînyan emaney xwarewen:

1- Dastan mêjûyekî zor konî heye serdemekey degerêtewe bo qonaxî qeyranî bûn, ke bîrubawerî efisane le boçûnekan be zeqî debînrêt, emeş degerêtewe bo serdemî pêş mêjû. dastanî Mem û Zînî folkilorî kurdî hengawêk diway ew serde degerêtewe ke guzarişit le qeyranî komelayetî têda zale, serdemî nûsînewey dastan degerêtewe bo 113-115 sal pêş êsta, şano mêjûyekî zor konî heye le cîhanda belam le naw kurda mêjûyekî ewtoy niye weku deq leber destman bêt teniya deqî şanoy Mamê Alan yekem deqî şanoy kurdye le salê 1919 le govarî jîn le îstenbul bilawkraytewe. ewey tir, ke heye le çalakî qutabxanekan û yarî mindalan ewe Tuxmî şanoyan têdabuwe.

2- Dastanekanî cîhan be şî'r denûsrêt, dastanî Mem û Zînî folkilorî be pexşan û şî'rî mosîqadaru, ke şêweyek le bende core qalbêkî ciyawazî wergirtuwe nûsrawetewe, şano çend sedeyek destemlanîî şî'r buwe diwatir geşey kirduwe buwe be pexşan, şanoy Mamê Alan be şî'r û pexşan nûsrawetewe.

3- Le dastan da wesifî bwarî derûnî û jiyan û wesifî şiwên û kat û bware komelayetyekanî palewan kirawe be şî'r û pexşan, le Şano da wesifî jûrî palewan û biwarî derûnî kirawe, emeş degerêtewe bo ewey be pexşan ziyatir deqekan nûsrawn û herweha le dû perde pêk hatuwe derfetî ew wesif kirdiney kemtire.

4- Le şêwazî gêranewey dastan hîkayetxiwan hemû şitzane bew manayeî le karekiterekan zaniyarî ziyatiryan laye ranawî serbexoy ewbekar dênê bo gêranewe, le şano da gêrerewe hemû şitzane sûdî le heman ranawî serbexoy ew wergirtuwe zor carîş hemû şitzanekeşî lay xiwêner şaraweyevminîye.

5- Be hoy ranawî serbexoy ew, ke Le Dastan Da bekar hatuwe dastaneke buwete yek deng wata teniya dengî gêrerewe debîstirêt hîç dengêgî tir niye, le şanoşda beheman şêwe yek deng debîstirêt meger xudî gêrerewe xoy bête ser şano yaxud karekiterêk rûdawekan bgêrêtewe, belam le şanoy Mamê Alan teniya dengî nûser ke gêrereweye debîstirêt.

6- Dastanî Mem û Zîn be şêwezarî mukryanî pêşkeş kirawe hemû karekiterekan bem şêweye qise deken, belam le şanoy Mamê Alan be şêwezarî hekarî pêşkeş kirawe hemû karekiterekan bem şêweye qise deken.
7- Ladanî zimanî le beytekanî Mem û Zîn bekarhatuwe, belam be şêweyekî asan eweş degerêtewe bo ziman asanî le nûsînewey dastan, le şano da ladanî kemî bekar hatuwe, çunke zimanî bekar hatû zimanî gunde nek şar.
8- Le dastanî Mem û Zîn şiwênî rûdanî rûdawekan nawçey cizîreye şiwênî nîşitecêy palewan wilatî yemene, le şanoy Mamê Alan şiwênî rûdawekan û nîşitecêy palewan deverî hekariye.
9- Le dastanî Mem û Zîn xeyal û fantazya le nêw deqekan be aşikira bedî dekirît, le şanoy Mamê Alan bergî waqî'î beser koy rûdaw û helsukewtî palewan bedî dekrêt.
10- Le dastanî Mem û Zîn da karekiterêkî zor beşdaryan kirduwe le gêranewey beserhateke emeş le zorbey dastane cîhaniyekan debînrêt 3palewanî serekîn ewanîtir lawekîn, le Şano da jimareyekî kem karekiter beşdaryan kirduwe le gêranewey beserhateke 1 karekiterî heye ewîşMemoye.
11- Le dastanî Mem û Zîn da hemû diyalogekan narastewxon lerêgay gêrerewe zaniyarî karekiterekan degen be ême, le şanoy Mamê Alan be heman şêwe diyalogekan narastewxon.
12- Diyalog le nêwan karekiterekan le dastanî Mem û Zîn şanoy Mamê Alanda katî gêranewe nizîke le gel katî hîkayet.
13- Ew monologaney bekar hatûn le dastanî Mem û Zîn monologî asayîn şîkirdinewey zor helnagrêt bew manay be asanî detwanî le derûnî karekitereke têbgeyn, le şanoy "Mamê Alan da monolog hîçî kemtir niye le deqekanî diyalog rûberêkî firawanî deqî girtuwe qul bûnewey zor heldegrêt zorbey peyamekanî nûser ke arastey xiwênerî dekat le rêgey monolokewe encamî dawe.
14- Le dastanî Mem û Zîn da nîşanekanî pirsyar û sersurman û xal danirawe peyrewî rêbazî xalbendî kirduwe her eweşe way kirduwe bzanîn beyte şî'ryekan le kwê westan û xêra kirdin le xwêndinewey da bikrêt egîna beyt û nîwe beytekan le ruy dabeş kirdinî cugrafyaî nûsîn be azadî honirawetewe, le

şanoy Mamê Alan da beşêweyekî westayane peyrewî binemakanî xalbendî kirduwe bigre le pexşan û beyte şî'ryekanîş bekarî hênawe.

15- Wesif le dastanî Mem û Zîn da ziyatir wesifî palewan û şiwên dekat le xizmetî ew dû tuxme daye wesifekan gişitîn honer wesifî xudî nekirduwe emeş degerêtewe bo ew şêwazey gêranewe, ke honer peyrewî kirduwe, le şanoy Mamê Alan da wesifî palewan û helsukewt û şiwênî nîşitecêy palewan dekat hemû ew wesifaney, ke nûser deykat mebestî babetgelêkî ciyawazî le pişte.

16- Le dastanî Mem û Zîn da yekêtî rûdaw heye rûdaweke be hatnî sê peryeke û helgirtnî zîn le cizîrewe bo yemen bo lay Mem çûnî Mem be diway naw nîşanî zîn bo şarî cizîre le kotayşda Mem her lewê demirêt, le şanoy Mamê Alan da le dû perde pêk dêt rûdawî pêş rûdanî rûdawekan pas nekirawe yekser basî çûnî Memobo şer û hatnewey le ser û kuşitnî be hele be destî dayikî, çunke şano rûdawî pêş û paş rûdawekan feramoş dekat.

17- Şiwênî mirdinî palewan le dastanî Mem û Zînda le nawçey cizîreye le dûrî xanewandekeyetî, şiwênî mirdinî Memole şanoy Mamê Alan da le naw malî xoyetî.

**SERÇAWEKAN**

ser çawe kurdîyekan:

**A-Dastan Û Şano**

1-Oskar Mann, tuhfey muzeferîye, pêşekî û saxkirdinewe û hênane ser rênûsî kurdî hêmin mukryanî, dezgay çap û bilawkirdinewey aras, çapî sêyem, hewlêr, 2011.

2-Ebdulrehîm rehmî, piyesa kurdî Mamê Alan, govarî jîn, jimare 15, 16, Istenbol, 1919.

**B-Kitêbekan**

Caf, fazil, şanoy hawçerxî suyd, çend bîru boçûnêkî rexne amêz, w:dilêr mîrza, çapxaney elend, çapî yekem, 1999.

Camî, Nîhad, piley sifrî şano, çapxaney rojhelat, le bilawkirawekanî vîstîvalî şanoy nêw dewletî, berêweberayetî hunerî şano, hewlêr, 2012.

Ebdulqadir, Keyfî Ahmmed, riyalîzim le şanoy kurdî da, rêkolînewey rexneyîî, çapxaney roşinbîrî, hewlêr, 2013.

Elwenî, Necim Xalîd, binyatî kat le sê nimuney romanî kurdî da janî gel, şar, raz, dezgay çap û pexşî serdem, slêmanî, 2004.

Elwenî, Necim, rêkolînewey rexneyîî şîkarî le barey romanî kurdyewe, çapxaney aras, çapî yekem, hewlêr, 2011.

Hacî, Senger Qadr şêx Muhemimed, binyatî gêranewe le dastanî Mem û Zînî Ahmmedî xanî û romanî şarî mosîqa sipyekenî bextyar elî da, çapxaney xanî, çapî yekem, dihok, 2009.

Hesen, Muhemimed ferîq, kokirdinewe û twêjînewe, Memleketî masî 37 hîkayetî folkilorî, dezgay çap û bilawkirdinewey aras, çapî sêyem, 2010.

Ismaîl, Sebah, çemk û îstatîkay şiwên le edebda, rêkolînewe, dezgay çap û bilawkirdinewey aras, hewlêr, 2009.

Jûf, Vensan, botîqay roman, wergêranî dkitor Muhemimed rehîm Ahmmedî, dezgay aras, çapî yekem, 2012.

Reşîd, Sabîr, çîrokî kurdî rexnew lêkolînewe, çapî duwem, nawendî awêr bo çap û bilawkirdinewe, 2016.

Resul, şukirye, edebî kurdî û hunerekanî edeb, çapxaney xwêndinî bala, hewlêr, 1989.

Rewf, ruqman, rehendekanî şiwênkat le deqe walakanî şêrko bêkesda, çapxaney kemal, slêmanî, 2012.

Roj Beyanî, Zahîr, çîrokî hunerî kurdî, şêwew şêwaz û bunyad, çapxaney berêweberayetî gişitî roşinbîrî û huner, hewlêr, 1997.

Salar, Ahmmed, derwazey dirama, çapxaney çiwar çira, çapî duwem, hewlêr, 2007.

Salar, Ahmmed, huner û jiyan, dezgay çap û pexşî serdem, çapî yekem, slêmanî, 2005.

Salar, Ahmmed, kursî û beha diramyekan, rêkolînewey çame walakanî kursî y şêrko bêkes, dezgay çap û pexşî serdem, çapî yekem, slêmanî, 2009.

salih, Selîm Reşîd, şêwaz le kurte çîrokî kurdî da, çapxaney wezaretî roşinbîrî, hewlêr, 2005.

Simo, Ibirahîm Ahmmed, şanoy kurdî le nêwan deqî xomalî û byanîda, çapxaney tîşk, slêmanî, 2007.

Komek Nuser, tiyorî roman, w:bo farisî hesen paynde, u:bo kurdî muhemimed kerîm, çapî serdem, slêmanî, 2003.

Xidir, Rêzan Rehman, binyatî corekanî rûdaw le romanî kurdî başurî kurdstan da 1985-1990, hewlêr, 2010.

Xidir, Rêzan Rehman, tekinîkî gêranewe le romanekanî Ebdulla Serac da, çapxaney rojhelat, çapî yekem, hewlêr, 2012.

ye'qubî, Abdalxaliq, dengî blurînî deq, rexnew lêkolînewe, çapxaney raz, 2005.

### c- Govarekan

Ebdulla, Abdulmutelîb, binyatî gêranewe le nêwan deq û xiwêner da, govarî raman, , çapxaney xanî, jimare 190, dihok, 2013.

Muhemimed, Irfan Ahmmed, derwazeyek bo zemen le dirama, govarî raman, jimare 70, 2002.

Rehman, Ebdulla, tekinîk le romanî dwanameî dêwereyek, govarî raman, j: 146, çapxaney xanê, dihok, 2009.

Serac, Ebdulla, roman û ciwaniyekanî gêranewe, govarî henar, jimare 77, 2012.

Yaqub, Alî Osman, şano û hunerî gêranewe, govarî şano, j: 21, salî çiwarem, çapxaney karo, 2011.

**Serçawe Erebyekan:**

**A-Kitêbekan:**

Abadî, Mehbube Muhemimedî Muhemimed, cemalyat almekan fî qises si'd huraniye, metbi' wizare althaqafe, dimeşiq, 2011.

Al'id, Yumne, teqeniyat alserd alriwaî fî widhu alminhec albinîyewî, dar alfarabî, tabi' 3, beîrut –Lubnan, 2010.

Al'iluy, Muhemimed bin Ahmmed bin tebaba, 'eyar alş'r, şrrih û tehqîq, Abas Abdalsatir, murac'e ne'îm zirzur, minşurat dar alkitab al'lmiye, altabi' alpaniye, beîrut-Lubnan, 2005.

Alqadhî, Ebdulmun'im Zekeriya, albiniye alserdye fî alriwaye, metbi'a 'eîn llidirasat û albhuth Alinsaniye û alictimaîe, altabi' alûle, 2009.

Alqesrawî, Meha Hesen, alzemen fî alriwaye al'erebiye, almetbi'a almuasese al'erebiye lldirasat walneşir, tabi' alûle, beîrut, 2004.

Altaî, Beyda Abdulsahib, albiniye aldramye fî ş'r nizar alqebanî, metabi' dar dhifaf lltab'e û alneşir û altuzî', tabi' alûle, 2012.

Altwatî, Mistefa, dirase fî alriwayet necîb almehfudh aldhihniye allis walkilabaltrîq alşhahadh, metbi'a aldar alfarabî, tabi' 3, rubinan, 2008.

Başlar, Gastun, cemalyat almekan, tircume xalib helisa, almuasese alcami'e lldirasat û alneşir û altuzî', altabi' althaniye, beîrut, 1984.

Baxtîn, Mîxaîl, alxitab alriwayî, tircume:Ahmmed berade, metbi'a aldar alfikir lldirasat walneşir û altewzî', altabi' alûle, qahire, 1987.

Belxin, Cenat, alserd altarîxî 'inde bul rîkur, minşurat ilaxtlaf, tabi' alûle, 2013.

birtiş, Dîfîd, ruxe aldirama, tercume: rebî' miftah, metbi'e almclis ala'la lltheqafe, tabi' alûle, alqahire, 2005.

Ferihat, Osame, almunuluc beyîne aldirama û alş'r, metbi'a alhîe almisriye alame llkitab, 1997.

Hemade, Ibirahîm, m'cem almustelehat aldiramiye û almesrehiye, metbi'a aldar almaarif, tabi' 3, alqahire, 1994.

Hilal, Muhemimed Xinîmî, alneqid aladebî althalith, metbi'a  aldar althaqafe, beîrut, 1973.

Ibirahîm, Muhemimed hemdî, nedheriye aldirama alaxrîqiye, metbi'a alşerike almisrî alalmye llneşir –luncman, tabi' alûle, 1994.

'izam, Muhemimed, ş'riye alxîtab alserdîdirase, minşurat itihad alkitab al'rb, dimeşiq, 2005.

Lihmedanî, Hemîd, biniye alnes alserdî fî almendhur alneqid aladbî, metabei' almerkez altheqafî alArebî llitabi' alneşir û altuzî', tabi' alûle, 1991.

Muhemimed, Qeyîs Omer, albiniye alhiwariye fî alnes almesrehî, nahidh alremedhanî animudheca, metbe'a dar Xeydau llneşir û altuzî', tabi' alûle, 'man, 2012.

Raxib, Nebîl, alneqid alfenî, dar misir lltib'e, alsne ?.

Rîkor, Pul, alwicwd walzeman walserd felsefe, tercume walteqdîm:se'd alxanimî, almerkez althaqafe alArebî, tabi' alûle, 1999.

Ruşdî, Rşad, fen alkitabe almesrehiye, alheîe almisiriye al'ame likitab, 1998.

Xembar, Kemal, Ahmd Salar raeda û moesesa llmesreh alahtfalî alkirdî almasr, altabi' alpaniye, metbi'a rojhelat, arbîl, 2014.

Xerîb, Coric, alş'r almelhemî tarîxihw wa'lameh, Ibin kelthum _Ibin hemze_Ibin şedad, metabi' dar alseqafe, beîrut_lubinan, alsene ?.

Yosuf, Amine, teqnyat alserd fî alnedheriye waltetbîq. Metbi’a almuasese al’erebiye lldirasat û alneşir, altabi’ althaniye, beîrut, 2015.

**B-Govarekan:**

Abu Hîf, Ebdulleh, cemalyat almekan fî alneqid aladbî almuasir, mucele cami’e tişrîn lldirasat û albhuth al'lmiye –silsile aladab wal'lum AlInsaniye, almuceled27, al’ded1, 2000.

Afzelî, Zehra & Mîrzaî, Meframeriz, c’frZada, Ce’fer, asalîb istihdhar alafkar fî alriwaye alterîq linecîb almhfudh, mucele alcemîe al'lmiye alaIraniye, al’ded37, 2016.

alAbadî, 'Isa Quyder, inmat alhiwar fî şi'r mehmimud derwyş, mucele dirasat al'lum AlInsaniyew alactmaîe, almuceled41, al’ded1, alurdun, , 2004.

Als'dun, Nebhan hesun, als'dun, m. dr. yusif slîman, alhiwar  alqise alquraniye qise musîAlîh slamanmudhej mucele alabhadh, kuliye alterbiye alasasye, cami’e Almusil, almuceled7, al’ded4, 2008.

Als'dun, Nebhan Hesun, alwesif fî alriwaye ala'sar û almejne l'mad aldîn xlîl, mucele dirasat Almusilye, al’ded13, 2006.

Alsedam, Wicdan Sadiq&Yasîn, M'tir Qusey, mestwyat bina alzemen fî ş'r beşar bin berd, mucele dirasat albsre, alsne altase, al’ded 17, 2014.

Alşmalî, Nidhal Muhemimed Fethî, alwesif fî alxîtab alriwaî weabadhi altqniyeziyade qasimanmutheca, mucele dirasat al'lum AlInsaniye û alactmaîe, almuceled33, al’ded1, 2006.

Cum'e, Necwe Muhemimed, binau alhadedh fî ş'r nazik almlaeke almqarbe alnesiye, mucele kuliye aladb albsre, al’ded44, 2007.

Ebdulle, Ebdulle Abid Alhelîm, bina lluxe alş'r fî dîwan fî ma'bed alkelimat lis'd deruyş, mucele mexber, cami’e Muhemimed xîdh-biskere alczaer, al’ded alsab', 2011.

Fetah, Alî AbdulRehman, teqeniyat bina alşexsiye fî riwaye dherdhere fewqe alnîl, cami’e bexdad, mucele kuliye aladab, al’ded102, 2002.

'mrîn, Ebdalkirîm, alşexsiye nimudheciye fî aladeb almesrehî, mucele alhyat almesrehiye, al’ded68, suriya, 2009.

Nesîre, Zuzu, aşkaliye fedha û almekan fî alxitab alneqdî alArebî almaasir, mucele kuliye aladab al'lum Alinsaniye û alictimaîe, cami’e Muhemimed xidhîr-alcezaer, al’ded alsadis, 2010.

Piruynî, Xelîl & Ruşinfikir, Kubre & Redha, Alî, bina şexsiye fî riwaye necime axstis lisin' alleh Ibirahîm, mucele fesîle îdhaat alneqdiye, alsene 4, al’ded14, 2014.

Silah, Ebdulle zeîd, cemalyat almekan fî ş'r hesen alşerfî, mucele dirasat, al’ded 8, 2009.

Silaş, Xeydaa Ahmmed, almekan walmstelehat almuqarbe lehu, mucele abhath kuliye alterbiye AlInsaniye, almuceled1, al’ded2, 2012.

Slîman, Besam xlef, alhiwar fî alriwaye ala'sar almuadhine l'mad aldîn xlîl, mucele kuliye al'lum alnsaniye, cami’e Almusil, al’ded 13, mceled alsab', 2013.

xidhir, Xalide hesen, almekan fî alriwaye alşemayîe llriwaî Abdalstar nasir, cami’e bexdad, mucele kuliye aladab, al’ded102, 2002.

**Kitêbe Farsiyekan:**

kube, Ebull husîn zrîn, du qerin sikut, çapî bîstem, untşarat suxen, 1384.

Mudirsî, Fatime, ferheng tusîfî neqid û nedherîye hay adebî, çap awil, 1390.

Murgan, Fustir Adward, cinbe hay roman, mutircim: Ibirahîm yunsî, tehran, nigah, 1369.

Sadqî, Cemal mîr, 'enasir dastan, çap şeşim, tehran, suxen, 1388.

Şîmsa, Sirws, anwa' edebî, neşir mîtra, çap poncem, Tehran, 1393.

Yunsî, Ibirahîm, huner dastan nuysî, çapxane arşk, mosse antşarat nigah, çap nuhem, 1386.

**Gofarekan:**

Xîrandîş, seîd mehdî, necime durî, saxtar dastan pirdazî der semik 'eyar, behis namey adebiyat û ziban şinasî, sal awil, şmarey awil, 2011.

**Name Ekadîmyekan:**

**A-Be Kurdî:**

Ahmmed, Edile Cemîl, rolî Ebdulrehîm Rehmî Hekarî d niwêkrna hozana kurdîda, namey master, zankoy dihok, kolêjî perwerde, 2003.

Ebdulla, Ebdulselam Necmedîn, şîkirdinewey deqî şî'rî le ruy zimanewaniyewe, namey master, zankoy selaheddîn, kolêjî ziman, 2007.

Hacî, Senger Qadir Şêx Muhemimed, binyatî gêranewe le dastanî Mem û Zînî Ahmmedî xanî û romanî şarî mosîqare sipyeken y bextyar elî da, namey master, zankoy selaheddîn, kolêjî ziman, 2007.

Hacî, Senger Qadir şêx Muhemimed, felsefey şî'r û şî'rî felsefî le edebî hawçerxî kurdî da, namey dikitora, zankoy selaheddîn, kolêjî ziman, 2011.

Hesen, Yasîn Reşîd, nawerok û tekinîkî diramay kurdî 1997-2002, namey master, zankoy slêmanî, kolêjî ziman, 2004.

Husên, Tahîr Bekir, tuxmekanî dirama le şanogeriyakanî Amînî mîrza kerîm, nameî master, zankoî, slêmanî, 2011.

Ibirahîm, Semîr Ahmmed, Hunerekanî Gêranewe le romanekanî Xusrew Caf da, namey master, zankoy selaheddîn, kolêjî ziman, 2015.

Muftî, Perî Salih Hemîd, gêranewe le çîrokekanî Ahmmed Muhemimed îsmaîl, rêkolînewey rexneyîî şîkarî, namey dikitora, zankoy selahedîn, kolîjî ziman, 2011.

Muhemimed, Hêmin Casim, Hunerekanî Gêranewe le romanekanîxusrew cafda, namey master, zankoy selaheddîn, kolêjî zimam, 2015.

Sabîr, Ardelan şukir, tekinîkî gêranewe le romaneşî'ryekanî şêrko bêkesda, namey master, zankoy selaheddîn, kolêjî ziman, 2009.

Salih, Tanya Es'ed Muhemimed, bînay şiwên le dû nimuney romanî kurdî da, namey dkitora, zankoy selaheddîn, kolîjî ziman, hewlêr, 2006.

Şêxanî, Cewher Muhemimed Mewlud, binyatî karekiter le romanekanî hsên arf da, namey master, zankoy selaheddîn, kolêjî ziman, 2013.

Xald, Emad Weysî, Berawird kirdinî dastanî şêxî senanî ettar nîşapûrî û feqê teyran, namey dikitora, zankoy Selaheddîn, kolêjî ziman, 2008.

Xidir, Peruyn Ebdulle, regezekanî dirama le şî'rî lîrîkî kurdîda krmancî xwarû 1980 raperîn, namey master, zankoy koye, kolêjî perwerde, 2006.

Xidir, Rêzan Rehman, Tekinîkî Gêranewe le Romanekanî Ebdulla Seracda, namey master, zankoy selaheddîn, kolêjî perwerde bo zaniste mirovayetyekan, 2007.

**B-Arebî:**

Alamrî, Meyade Abdalkirîm, albiniye alserdye kitab alaxanî liabî alferc alasbehanî, risale macstîr, cami'e dhîqar, kuliye altrbiye, 2011.

Alhitarî, Amine Muhemimed Muhemimed, teqeniyat alihwar fî alriwaye alîminiye 2004-1971, cami'e snau, kuliye fetat, 2008.

Alhuyşî, Fadya Redha, cemalyat almekan fî şi'r dhî alrime, risale macstir, cami'e albe'th, kuliye aladab, suriya 2010.

Allibdî, Hibe Ibirahîm Mensur, alwesif fî alş'r alandelusî Yusif althalith, risale macstîr, cami'e alnecah alweteniye, kuliye dirasat al'uliya, filestîn, 2012.

Alminaî, Beşîr, Elluxe Alşhi'riye 'inde alşinferî, risale macistîr, cami'e alcezaer bin Yusif bin xede, kuliye aladab walluxat, 2005 –2006.

Alşiyab, Sedam 'elawî Slîman, binau alserdî û aldramî fî alş'r memduh 'dwanî, risale macstir, cami'e mone, 2007.

Balxrbî, Abid Alqadr, albiniye alzeminiye fî alriwaye buh alrecul alqadm min aldhelam, risale macstir, cami'e alcezaer, kuliye aladab walluxat, 2006-2005.

Celawcî, 'Izaldîn, biniye almesrehiye alş'rye fî aladeb almxaribî almasir, risale macstir, 2009-2008.

Nurbabincî, reîle Salim Muhemimed, alwesif fî ş'r Ebdulle bin alm'tez alaebasî, risale macstîr, cami’e um alqure, kuliye alluxe al’erebiye, 1989.

Sekran, Riyadh Musa, bina alserdî weldiramî fî  alş'r memduh 'idwanî, risale macistîr, cami'e mune, 2007.

Tawegozî, Salar Ebdulle Ahmmed, biniye almekan dirase muqarene beyne riwaye alchîm almqds librhan şawî, hîlane  lihusîn arif, risale macstir, cami’e slah aldîn, kuliye allxat, 2012.

Yehîye, Muhemimed Hamid Muhemimed, al'enasir  aldramye fî alserdyat Ibirahîm ishaq, risale dikitora, cami’e alsudan, kuliye almusîq waldirama, 2015.

**Sayte Elîkitironiyekan:**

www. almaany. com/ar/dict/ar_en

www. alkafeel. net/Islamic

http://www. basnews. com/index. php/so/opinion

**Çaw Pêkewtin:**

1-çaw pêkewtin le gel Ahmmed Salar şanokarî kurdr.


تحفەی مظفریە
بە زمانی کوردیی موکری
گرداری: ئۆسکارمان
پێشەکی و ساخکردنەوە و هێنانەسەر ڕێنووسی کوردی
هێمن موکریانی

دل بێبێب عاشق ذولفقاره تیغ برانم . . .
کمند زلف خاوت چونکه بازوبند بازومه . . .
چه‌حاجت واعظ سرزل بافسون بستی دستانم ؟ . !
ملا متبس بکن چون من غریب وخانه ویرانم .
طلسم گنج حسن‌تو ؛ معمای عالم کونه ! . .
له‌حل وی بسرچو عمرم وهیشته کر جدانم . . .
که‌زمین یاوەش تو ابیشکه بوقلبا مجروحم .
به‌لنجه لی کری ساتی ! . . هه‌وادا طفل گریانم .
بلی شوقی‌که کرده چاونجوینه قط هه‌دا ندا ! . ؟
به‌خوین چاوه کانم سور بوه جاته گریبانم .

قاضی زاده ٢٣ کانون اول ٣٣٣

م . شوقی

---

کوردجه پیه‌س

# ممی آلان

تیاترو کردان فضیلتا کردان نوشی ددەت

## دو پرده پیه‌س

اثرا ع . رحمی

اشخاص

ممی آلانه
لونه – هوالی ممو فلامی میر
دایکا ممو — چاورشه
ژنا ممو — غزال

پرده‌وه‌بو

« اوده‌کی گرمانجی خلاندی به برو مانوران رایی خسق دیواروه جه‌گیت ممو بیوه ملاوبستیه چار طرفی دیوار دوشك بالکینه »

کۆماری تورکیا/  زانکۆی بینگۆل
ئەنستیتویا  زمانی زیندوو لە تورکیا
بەشی زمان و چاندی کوردی

# بنیادی گێڕانەوە لە داستانی مەم و زینی ئۆسکارمان و شانۆی مەمێ ئالانی عەبدولرەحیم رەحمی هەکاری

## لێکۆڵینەوەیەکی بەراوردکارییە

ئەم نامەیە  پێشکەش بە  زانکۆی بینگۆل – ئەنستیتویا زمانی زیندوو
لە تورکیا- بەشی زمان و ئەدەبی کوردی بەشێکە لە  پێداویستیەکانی
بەدەستهێنانی پلەی ماستەر لە زمان و ئەدەبی کوردیدا

لە لایەن قوتابی

**هاوکار جەمیل محەمەد**

**بە سەرپەرشتی**

**Alk. Doç. Dr. Zahir ERTEKIN**

**بینگۆل، 2017**

**ڕاپۆرتی لێژنەی گفتوگۆکردن:**

**ئێمە ئەندامانی لێژنەی تاوتوێکردن و هەڵسەنگاندن ئەم نامەیەمان خوێندەوە, کە بە ناونیشانی (گێڕانەوە لە مەم و زینی ئۆسکارمان و بەراورد لەگەڵ شانۆی عەبدولڕەحیم رەحمی هەکاری)یە, قوتابی (هاوکار جەمیل محەمەد)مان تاقیکردەوە و گفتوگۆمان لەگەڵیدا کرد لە بارەی ناوەڕۆك و لایەنەکانی تری نامەکە بڕیارماندا, کە شایانی ئەوەیە بە پلەی (                ) بڕوانامەی ماجستێری لە ئەدەبی کوردیدا بدرێتێ.**

**ئیمزا:**
**ناو:**
**سەرۆك:**
**بەروار:  /  /  201**

**ئیمزا:**
**ناو:**
**ئەندام:**
**بەروار:  /  /  201**

**ئیمزا:**
**ناو :**
**سەرپەرشت و ئەندام:**
**بەروار:  /  /  201**

**ئەم نامەیە لە لای بەڕێوەبەری ئەنستیتوت زمانی زیندوو لە تورکیا پەسەندکرا.**

**ئیمزا:**
**ناو :**
**سەرۆکی ئەنستیتویا زمانی زیندوو لە تورکیا**

## کورتە

مێژووی داستانی مەمی ئالانی فۆلکلۆری زۆر کۆنە بەراورد بە نووسینەوەی داستانەکە کەچی دوای نووسینەوە ی قاڵبی تایبەت وەردەگریت تایبەت دەبێت بە داستان نووس،ئەو گۆڕانکاریەی روویان داوە لە رووداوەکە و شێوەی گێڕانەوەکەی هەر ئەوە بووە هۆی شێوەی جیاواز وەرگرێت و دەمام و دەم و پشتاوپشت گێردراوەتەوە.ئەم لێکۆلینەوەش بەناونیشانی بنیادی گێڕانەوە لە داستانی مەم و زینی ئۆسکار مان و شانۆی عەبدولرەحیم رەحمی هەکاریە لێکۆلینەوەیەکی بەراوردکاریە بۆ دەرخستنی پەیوەندیەکانی هەردوو رەگەزی داستان و شانۆیە.

ئۆسکارمان نێردەی ئیمبراتۆری ئەلمانیا بۆ لێکۆڵینەوە لە ئەدەبی رۆژهەلاتی لە ساڵی ١٩٠١-١٩٠٣ زۆربەی داستانە کوردیەکانی کۆ کردنەوە بە زمانی کوردی شێوەی موکریانی .شانۆ نووسین بەراورد بە داستان نووسین لە رووی مێژوویەوە نێوانیان زۆرە ،چونکە دەقی شانۆیی لە ناو کورد دا لە ساڵی ١٩١٩ لە گۆڤاری (ژین) لە لایەن عەبدولرەحیم رەحمی هەکاری یەکەم دەقی شانۆ بووە نووسراوەتەوە نووسەر ناوی ناوە ( پیەس) لە رووی (مێژوو،نووسین) تازەترە بەراورد بە داستان ،بەلأم رەخنەی کوردی بۆ هەردوکیان زۆر درەنگ قەلەمیان بزواند .ئەوەی ئەم دوو رەگەزە ئەدەبیە بەیەکەوە دەبەستێتەوە داستانێکی کۆنی کوردە لە رووی توخم و هونەرەوە چەند جیاوازی و لێکچوونیان هەیە و جۆری گێڕانەوەی هەریەکێکیان جیاوازە.

بەراوردکردنی ئەم دوو رەگەزە ئەدەبیە لە رووی ئەکادیمی شتێکی نوێیە و دەروازەیەکی باش دەبێت بۆ لێکۆڵینەوەی زیاتر لە داهاتوودا ،چونکە توخمی زۆر گرنگی ماوە لەم رەگەزە ئەدەبیانە قسەی لەسەر بکرێت .


**کلیلی وشە : گێڕانەوە ،بەراوردکاری،داستان ،شانۆ**

## ABSTRACT

The history of glorious Mami Alan is very old, if we compare it with the re-writing time of that tale, but after re-tolding it. Narrative structure in the saga Mam and Zin Oscar Mann's theatrical and Rahim Rahmi Hakkari search assay, It took another shape related to the writers own emotions and feelings, the changes that been happened in that adventure remained till now a days from generation to another – later that folklore tale been retold by Oskar Mann a german empire sender to find about the culture of eastern countries betwee ١٩٠١-١٩٠٣ during that time he collected most of the kurdish tales and stories in kurdish language "Mokryan dialect "–and comparing plays with tales there is a long distance between them playwriting first appeared in ١٩١٩ in zheen magazine by abdulareem rahmi and he named it peas in written and history aspects – it is more newly and recently appeared – but kurdish criticize towards them appeared too late—what connects these two elements is an old kurdish tale which has many similarity and differences in both artistic and elementary aspects that are differ in being retold.

Comparing these two Artistic elements in Academical style is something quite newly appeared and it will be a good paving the way to further detecting in future – because there will be too many elements left to talk about

**Key Word**: Retolding, Comparing, Tales, Plays

## مختصر البحث

تأريخ ملحمة ( ممى الان )الشعبي قديمة جداً مقارنة بالكتابة الملحمة ولكن بعدَ كتابةً يأخذ قالباً خاصاً ينتسب الى الكاتب الملحمة.الاختلافات التي حدث في الاحداث الملحمة و نوعية السردةِ هو الذي اخذ قالب خاص و يتحول من جيل الى جيل الاخر ويسردونهُ .وعنوان بحثنا البنية السردية في الملحمة مم و زين اوسكار مان و المسرحي ممى آلان عبدالرحيم رحمي الهكاري لإظهار علاقة بين هذين عنصرين ومدى صلتهما مع البعض.

( اوسكارمان ) مبعوث امبراطور المان لبحث في الادب الشرقي في السنوات ١٩٠١-١٩٠٣ و تجول في كثير من مناطق كوردية وجمع كثير من ملحمات كوردية باللهجة موكريانية.كتابة النص المسرحي مقارنة بالكتابة الملحمة في جهة تأريخ كتابة مدى زمني بعيد .لأن نص مسرحي عند كرد اول ظهورهِ سنة ١٩١٩ في مجلة (ژين) وكاتبهُ ( عبدالرحيم رحمى هكاري ) و سماهُ ( پيهس ) و هو احدث من ملحمة .ولكن نقد الادب الكردي بالنسبة ( الملحمة و المسرح ) تأخرت بنقدهما .ونقطة التحاق هذين نوعين هو ملحمة القديم كوردى ولديهما نقاط المشتركة و مختلفة عن بعضهما وكل منها يختلف في نوعية السردهِ ،ومقارنة نوعين من عناصر الادبي من جهة اكاديمية شئْ جديد ويفتح طريق للتحقيق اكثر في المستقبل ،لأن يحتوي على عناصر مهمة ولم تحدثتها من عناصر ادبي.

مفتاح كلمة : السرد ،المقارنة،الملحمة،المسرح

## نیشانەی لۆجیك و واتاییەكان

| نیشانەی لۆجیکی | واتاکەی |
|---|---|
| ... | بەردەوام بوون |
| ،......، | بەردەوام بوون هەیە  پێویست بەباسكردن ناكات |
| هتد | هەتا دوایی |
| ع.ر. | عەبدولڕەحیم |
| ← | خستنە ڕوو |
| * | روونكردنەوە |
| ژ | ژمارە |
| ل | لا پەڕە |
| ه.ژ | هەمان ژمارە |

**لیستی روونکردنەوەی هێڵکاریەکان**


| ل | ژمارەی هێڵکاری و روونکردنەوەکان | ژ |
|---|---|---|
| ٦٢ | روونکردنەوەی کاتی چیرۆك و کاتی گێڕانەوە | ١ |
| ٦٤ | کاتی جولاو و کاتی وەستاو | ٢ |
| ٩٨ | وەسفی دیمەن و رۆڵی لەسەر رووداوەکان | ٣ |

## ناوەرۆك


كورتەی تێز .......................................................... I
ABSTRACT .......................................................... II
كورتەی تێز بە عەرەبی .......................................................... III
كورتكراوەكان .......................................................... IV
خشتەی هێڵكاری و روونكردنەوەكان .......................................................... V
ناوەڕۆك .......................................................... IX-VI
پێشەكی .......................................................... ١-٣

- بەشی یەكەم : بنیاتی گێرانەوە لە داستان و شانۆدا

تەوەری یەكەم: چەمك و پێناسە

أ/ چەمك و پێناسەی داستان .......................................................... ٤-١١

ب/ چەمك و پێناسەی شانۆ .......................................................... ١١-١٦

تەوەری دووەم :

أ/ گێرانەوە لە رووی تیۆریەوە :

١- گێرانەوە لە داستاندا .......................................................... ١٦-٢١

٢- گێرانەوە لە شانۆدا .......................................................... ٢٢-٢٧

٣- بەراوردكردنی شێوازی گێرانەوە لەداستان و شانۆدا .......................................................... ٢٨-٢٩

ب/شێوازی گێرانەوە لە رووی پراكتیكەوە :

١- شێوازی گێرانەوە لە داستانی مەم و زیندا .......................................................... ٢٩-٣٢

٢- شێوازی گێرانەوە لە شانۆی مەمی ئالاندا .......................................................... ٣٢-٣٦

٣- بەراوردكردنی شێوازی گێرانەوە لە داستانی مەم وزین و شانۆی مەمی ئالاندا .......................................................... ٣٧

بەشی دووەم: توخمەكانی گێرانەوە لە داستان و شانۆدا

تەوەری یەكەم :

- توخمی زمان لە رووی تیۆریەوە .......................................................... ٣٨-٤١

١- توخمی زمان لە داستاندا .......................................................... ٤١-٤٣

٢- توخمی زمان لە شانۆدا .......................................................... ٤٣-٤٨

٣- بەراوردکردنی توخمی زمان لە داستان و شانۆدا ........................................ ٤٩-٥٠
- تەوەری دووەم :توخمی زمان لە رووی پراکتیکەوە :
١- توخمی زمان لە داستانی مەم و زیندا ........................................ ٥١-٥٤
٢- توخمی زمان لەشانۆی مەمی ئالاندا ........................................ ٥٥-٥٦
٣- بەراوردکردنی توخمی زمان لەداستانی مەم و زین و شانۆی مەمی ئالاندا ........................ ٥٦-٥٧
- تەوەری دووەم : توخمی کات لە داستان و شانۆدا
أ / توخمی کات لە رووی تیۆریەوە ........................................ ٥٨-٦١
١- توخمی کات لە داستاندا ........................................ ٦١-٦٤
٢- توخمی کات لە شانۆدا ........................................ ٦٥-٦٧
٣- بەراوردکردنی توخمی کات لە داستان و شانۆدا ........................................ ٦٧-٦٨
ب / توخمی کات لە رووی پراکتیکەوە
١- توخمی کات لە داستانی مەم و زیندا ........................................ ٦٨-٧٢
٢- توخمی کات لە شانۆی مەمی ئالاندا ........................................ ٧٢-٧٤
٣- بەراوردکردنی توخمی کات لە داستانی مەم و زین و شانۆی مەمی ئالاندا ........................ ٧٤-٧٥
- تەوەری سێیەم : توخمی شوێن لە داستان و شانۆدا
أ / توخمی شوێن لە رووی تیۆریەوە ........................................ ٧٥-٨٠
١- توخمی شوێن لە داستاندا ........................................ ٨١-٨٢
٢- توخمی شوێن لە شانۆدا ........................................ ٨٢-٨٦
٣- بەراوردکردنی توخمی شوێن لە داستان و شانۆدا ........................................ ٨٦-٨٧
ب/ توخمی شوێن لە رووی پراکتیکەوە
١- توخمی شوێن لە داستان دا ........................................ ٨٨-٩٣
٢- توخمی شوێن لە شانۆدا ........................................ ٩٣-٩٤
٣- بەراوردکردنی توخمی شوێن لە داستانی مەم و زین و شانۆی مەمی ئالاندا ........................ ٩٤-٩٥
- تەوەری چوارەم : توخمی رووداو لە داستان و شانۆدا
أ / توخمی رووداو لە رووی تیۆریەوە ........................................ ٩٥-٩٧
١- توخمی رووداو لە داستاندا ........................................ ٩٧-١٠٠
٢- توخمی رووداو لە شانۆدا ........................................ ١٠٠-١٠٢

**٣- بەراورد کردنی توخمی رووداو لە داستان و شانۆدا ................................................ ١٠٣**

**ب/ توخمی رووداو لە رووی پراکتیکەوە**

**١- توخمی رووداو لە داستانی مەم و زیندا ................................................ ١٠٣-١١١**

**٢- توخمی رووداو لە شانۆی مەمی ئالاندا ................................................ ١١١-١١٣**

**٣- بەراوردکردنی توخمی رووداو لە داستانی مەم و زین و شانۆی مەمی ئالاندا ..................... ١١٣-١١٤**

**- تەوەری پێنجەم : توخمی کارەکتەر لە داستان و شانۆدا**

**أ / توخمی کارەکتەر لە رووی تیۆریەوە ................................................ ١١٤-١١٩**

**١- توخمی کارەکتەر لە داستاندا ................................................ ١١٩-١٢١**

**٢- توخمی کارەکتەر لە شانۆدا ................................................ ١٢١-١٢٣**

**٣- بەراوردکردنی توخمی کارەکتەر لە داستان و شانۆدا ................................................ ١٢٣-١٢٥**

**ب/ توخمی کارەکتەر لە رووی پراکتیکەوە**

**١- توخمی کارەکتەر لەداستانی مەم و زیندا ................................................ ١٢٥-١٣٠**

**٢- توخمی کارەکتەر لە شانۆی مەمی ئالاندا ................................................ ١٣٠-١٣٢**

**٣- بەراوردکردنی توخمی کارەکتەر لە داستانی مەم و زین و شانۆی مەمی ئالاندا ..................... ١٣٢**

**بەشی سێیەم :هونەرەکانی گێرانەوە لە داستان و شانۆدا**

**- تەوەری یەکەم :**

**أ / هونەری وەسف لە رووی تیۆریەوە ................................................ ١٣٣-١٣٧**

**١- هونەری وەسف لە داستاندا ................................................ ١٣٧-١٣٨**

**٢- هونەری وەسف لە شانۆدا ................................................ ١٣٨-١٣٩**

**٣- بەراوردکردنی هونەری وەسف لە داستان و شانۆدا ................................................ ١٣٩-١٤٠**

**ب/ هونەری وەسف لە رووی پراکتیکەوە**

**١- هونەری وەسف لە داستانی مەم و زیندا ................................................ ١٤٠-١٤٣**

**٢- هونەری وەسف لە شانۆی مەمی ئالاندا ................................................ ١٤٤-١٤٦**

**٣- بەراوردکردنی هونەری وەسف لە داستانی مەم و زین و شانۆی مەمی ئالاندا ..................... ١٤٦**

**- تەوەری دووەم : هونەری دیالۆگ لە داستان و شانۆدا**

**أ / هونەری دایەلۆگ لە رووی تیۆریەوە ................................................ ١٤٧-١٤٨**

١- هونەری دیالۆگ لە داستاندا ........................................................ ١٤٩-١٥٠
٢- هونەری دیالۆگ لە شانۆدا ........................................................ ١٥٠-١٥٣
٣- بەراوردکردنی هونەری دیالۆگ لە داستان و شانۆدا ........................................................ ١٥٣-١٥٤

ب / هونەری دیالۆگ لە رووی پراکتیکەوە
١- هونەری دیالۆگ لە داستانی مەم و زیندا ........................................................ ١٥٤-١٥٨
٢- هونەری دیالۆگ لە شانۆی مەمی ئالاندا ........................................................ ١٥٨-١٦٠
٣- بەراوردکردنی هونەری دیالۆگ لە داستانی مەم و زین و شانۆی مەمی ئالاندا ........................................................ ١٦٠-١٦١
- تەوەری سێیەم : هونەری مۆنۆلۆگ لە داستان و شانۆدا
أ/ هونەری مۆنۆلۆگ لە رووی تیۆریەوە ........................................................ ١٦١-١٦٤
١- هونەری مۆنۆگ لە داستاندا ........................................................ ١٦٤-١٦٥
٢- هونەری مۆنۆلۆگ لە شانۆدا ........................................................ ١٦٥-١٦٨
٣- بەراوردکردنی هونەری مۆنۆلۆگ لە داستان و شانۆدا ........................................................ ١٦٨

ب/ هونەری مۆنۆلۆگ لە رووی پراکتیکەوە
١- هونەری مۆنۆلۆگ لە داستانی مەم و زیندا ........................................................ ١٦٩-١٧١
٢- هونەری مۆنۆلۆگ لە شانۆی مەمی ئالاندا ........................................................ ١٧١-١٧٤
٣- بەراوردکردنی هونەری مۆنۆلۆگ لە داستانی مەم و زین و شانۆی مەمی ئالاندا ........................................................ ١٧٤

ئە نجام ........................................................ ١٧٥-١٧٧
سەرچاوە ........................................................ ١٧٨-١٨٦
پاشکۆ ........................................................ ١٨٧-١٨٨

## پێشەکی

کورد خاوەن کەرەستەیەکی دەوڵەمەندی فۆلکلۆرییە، خاوەنی چەندین بەسەر هات و ڕووداو داستانی پڕ بەهایە، کە زۆر لەو داستان و ڕووداوانە نووسراون و هەندێکیشیان نەنووسراون، لەسەدەی رابردوو هەوڵی زۆر دراوە کە ئەم بەرهەمانە لە لەناوچوون بپارێزرێن بە نووسینەوە و کۆکردنەوەیان سامانێکی گەورەی نەتەوایەتی دەپارێزن ئینجا ئەگەر دارشتنەوەی بەرهەمە ئەدەبیەکە بە رەگەزێکی جیاوازیش بێ.

کۆمەڵێك داستانی بەنرخ و بەرزی کوردی هەن لەوانە داستانی ( مەمی ئالان ) فۆلکلۆری، کە داستانێکی کۆنی کوردە دەیان خەسلەتی کۆنی کوردەواری تێدایە پێویستە چەندین لێکۆڵینەوەی لەسەر بکرێت بۆ ئەوەی لە هەموو لایەکەوە بخرێتە ژێر رووناکی شیکاریەوە. دارشتنەوەی ئەم بەرهەمە فۆلکلۆریە بە رەگەزێکی تر خزمەتێکی تری ئەدەبی کوردی کردووە، شانۆی ( مەمی ئالان ) سەرەتای مێژوی شانۆیە لە نێو شانۆ کوردییەکان کە بە شێوەی دەقی نووسراو بەرهەم هێنرابێت، پێمان وایە بەراوردکردنی ئەم دوو رەگەزە ئەدەبیە خزمەتێکی ترە بە بەرهەمە خۆماڵیەکان.

ناونیشانی ئەم لێکۆڵینەوەم بریتیە لە (گێڕانەوە لە مەم و زینی ئۆسکارمان* و مەمی ئالانی عەبدولرەحیم رەحمی هەکاری* ) هۆکاری هەڵبژاردنی ئەم ناونیشانە دەگەڕێتەوە بۆ دوو هۆکار یەکەمیان بۆ گرنگی گێڕانەوە دەگەڕێتەوە کە خۆی دەخزێنێتە زۆربەی بەرهەمە ئەدەبیەکان، کە توخمەکان و هونەرەکانی گێڕانەوە ئامادەگیان لە ناودا هەیە، دووەمیان دەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی نامەی ئەکادیمی لەسەر مەم و زینی ئۆسکارمان و لێکۆڵینەوە لەسەر گێڕانەوە لەسەر شانۆی ( مەمی ئالان ). لێکۆڵینەوەکەمان لە سێ بەش پێك دێت کە هەر یەکەیان لە چەند تەوەرێك لە خۆ دەگرێت، بەشی یەکەم ( بنیادی گێڕانەوە لە داستان و شانۆدا )، کە چەمك و پێناسەی داستان و شانۆ کراوە

---

*ئۆسکار مان نێردەی ئیمبراتۆری ئەلمانیا بوو بۆ لێکۆلینەوە لە زاراوە کوردیەکان و بابەتە ئەدەبیەکان لە ناوچەی موکریان، لە ماوەی سالآنی ١٩٠١-١٩٠٣ هاتووە داستانە کوردیەکانی کۆکردۆتەوە دواتر گەڕاوەتەوە ئەلمانیا ناوی لە پەرتووکەکەی ناوە ( توحفەی موزەفەرییە ) ئۆسکار مان لە ساڵی ١٨٦٧ لە دایك بووە لە ساڵی ١٩١٧ کۆچی دوایی کردووە .

* ع.ر.هەکاری نووسەر و شاعیری کورد خەلکی ناوچەی هەکاری باکوری کوردستانە لە ساڵی ١٨٩٠ لە ناوچەی ئەلباکیٚ سەر بە پارێزگای وان لە دایك بووە لە ساڵی ١٩٥٨ کۆچی دوایی کردووە خاوەنی ١٨ پەرتوکی چاپکراو و ١١ دەست نوسی چاپ نەکراوی بە زمانی تورکی هەیە لە ساڵی ١٩١٩ لە رۆژنامەی ژین دەقێکی شانۆیی بلاو کردەوە، کە لە دوو ژمارەی ( ١٥،١٦ )دا بلآو کردەوە.

لەگەڵ گێڕانەوە لە لایەنی تیۆری و پراکتیکی لە هەردوو رەگەزەکە دا کراوە لەگەڵ بەراورد کردنی هەردوو لایەنەکە، بەشی دووەم ( توخمەکانی گێڕانەوە لە داستان و شانۆدا ) بەهەمان شێوەی بەشی یەکەم لایەنی تیۆری و پراکتیکی لە توخمەکان باس کراوە دواتر بەراورد کراوە، ( هونەرەکانی گێڕانەوە لە داستان و شانۆدا ) ناونیشانی بەشی سێیەمی لێکۆڵینەوەکەیە، کە لە سێ تەوەردا باس لە هونەرەکانی (وەسف، دیالۆگ، مۆنۆلۆگ )کراوە بەهەمان سیستەمی بەشی یەکەم و دووەم. ئەم لێکۆڵینەوەیە بە کۆمەلێك ئەنجام و ئاماژەکردن بە سەرچاوەکان کۆتایی هاتووە.

کێشەیەك لە رووی تیۆری هاتبێتە بەردەمم لە کاتی لێکۆڵینەوەکەمان نەبوونی سەرچاوەی پێویست بوو لە رووی تیۆریەوە لەسەر داستان و هەروەها دەقی شانۆیی لە زمانی کوردی دا، ئەگەر راشکاوانەتربم سەرچاوەی زانستیم نەدۆزیەوە لێکۆڵینەوەی کردبێت لە سەر داستانی (مەم و زین )ی توحفەی موزەفەرییە ، بەڵام کۆڵم نەدا ناچار هەڵسام سوودم لە زۆر سەرچاوەیی بیانی عەرەبی و فارسی وەرگرت لە رووی تیۆریەوە ئەوەی دڵم پێ خۆش بوو چەند لێکۆلینەوەیەکی کوردی بوو لە رووی ئەکادیمی لەسەر گێڕانەوە کرابوو ئەوانم کردن بە بناغە بۆ باسەکەم. دیسان بۆ مەسەلەی دەقی شانۆیی سوودم لە چەند بەرهەمێك وەرگرت لەگەڵ ئەو زانیاریەی هەمان بوو ئاوێتەمان کرد تاوەکو ئەم باسەی لێوە بەرهەم بهێنم.

ئەم لێکۆڵینەوەکەمان بە گوێرەی میتۆدی (شیکاری، پرکتیکی، بەراوردکاری) ئەنجام دراوە، کە بنەما سەرەکییەکانی ئەم میتۆدەش لە رووی تیۆریەوە شرۆڤە دەکرێت و بنەماکانی روون دەکرێتەوە دواتر بەرهەمی بەرامبەر بە هەمان میتۆد باس دەکرێت و خاڵە هاوبەش و جیاوازەکان دەست نیشان دەکەین بەخاڵ، بەهەمان شێوەی سەرەوە شێوازەکە دووبارە دەکرێتەوە لە رووی پراکتیکیەوە دواتر گرنگترین خاڵە هاوبەش و جیاوازەکان دەست نیشان دەکەین و دەیخەینە بەر چاو.

ئامانجمان لەم بەراوردکاریە ئەوەیە نێوانی جیاوازی و وێکچوونی هەریەك لە داستان و شانۆ بخەینە روو، هەندێك خاڵی تایبەت بە داستان هەیە لە شانۆدا نییە و بە پێچەوانەشەوە

لەم لێکۆڵینەوەیەدا سوپاسێکی بێ پایان ئاراستەی سەرپەرشتیاری باسەکەم ( پ. ی. د محەمەد زاهیر ) دەکەم بەسەرنجەکانی رێگای چۆنییەتی لێکۆلینەوەی باس لەسەر شێوازی تورکی فێرکردم. هەر وەها سوپاسێکی گەرم ئاراستەی سەرپەرشتیاری دووەم (پ. ی. د سەنگەر حاجی ) دەکەم، کە بەداخەوە ئەو قوتابیانەی سەرپەرشتیاری

**دووەمیان هەبوو ناویان نەنووسرا لەسەر لاپەڕەی باسەکەم، کە تا ماووم قەرزباری ئەم و خۆی و کتێبخانە و کاتە بە نرخەکەی ماوەی ساڵێك خزتە ئەو تێزەی ئە نجامم دا.  سوپاس بۆ ئامۆژگاری مامۆستایانی ئەکادیمی و شارەزایان مامۆستای قەدر گران ئەحمەد سالار تێبینییەکانی ئەوم لەبەر چاو گرتبوو و م. زرار سەرتاش و خێزانەکەشم، کە هەمیشە پاڵپشتی مەعنەوی من بووە بە درێژایی خوێندنم لە وڵاتی تورکیا.**

**هاوکار جەمیل محەمەد**

**تورکیا –بینگۆل ٢٠١٧**

**بەشی یەکەم/بنیاتی گێڕانەوە لە داستان و شانۆدا**

**أ/ چەمك و پێناسەی داستان :**

**دەکرێ بڵێین لێکۆڵینەوە لە هەر رەگەزێکی ئەدەبی روو چوونە بەناو تایبە تمەندیەکانی ئەو رەگەزە بۆ ئەوەی زیاتر بیناسین و لەرەگەزە کانی تری ئەدەب جیای بکەینەوە وەکو رەگەزێکی ئەدەبی سەربەخۆ مامەڵەی لەگەڵ بکەین. بۆ ئەوەی بتوانین مامەڵەیەکی دروستر بکەین پێویستە قوڵتر ئەو رەگەزە ئەدەبییە بناسێنرێت خاڵە هاوبەش و جیاکانی لە گەڵ رەگەزەکانی تر زەق بکرێتەوە و وردتر لێی بدوێین.**

**وشەی داستان لە فەرهەنگدا بەئینگلیزی ( epic ) هاتووە بە مانای ((داستان، کە زنجیرەیەك ڕووداو یان کۆمەڵێك ئەفسانە یان لاسایی کردنەوەی لە مێژینە بە مەرجێك ببێتە بابەتی داستانی، ئازایەتی داستانی درێژ))[1]، لە زمانی عەرەبیدا (ملحمة )ی پێ دەگوترێت کەچی لە زمانی فارسیدا هەندێ کەس هەر بە داستان ناوی دەهێنێ، بەڵام مانا دروستەکەی( حماسە )ی پێ دەگوترێت کە د. (زەبیحوللاهی سەفا ) بەمانای ((شوێنی سەخت و دژوار بۆ پاراستنی ئایین و دلێری لەشەر دا))[2] ناوی هێناوە هەروەها د. فاطمە مدرسی دەڵێت ((داستان epic بە واتای بوێری و دلاوەری یە. جۆرە شێوازێکی ئەدەبی و گێڕانەوەیەکی رێك و پێکی دەکات لەبوارەکانی قارەمانی کە لە سەر ڕووداوەکانی ئەوپەری ئاسایی و کردارەکانی شەری پاڵەوانەکان قسە دەکات. داستان جۆرێك لە شیعرەکانی وەسف هەیە، کە وەسفی کردارەکانی پاڵەوانی و جوامێری و شانازیەکانی نەتەوەیەك یا کەسێك دەکات ))[3] کەچی لە ناو کوردا بەقارەمانەتیەك دەگوترێت داستان کە بەخت کردنی گیانی تێدابێت نواندنی ئازایەتیەك بێت لەلایەن تاکێکی میللەتەوە زۆربەی داستانە کوردیەکانی خۆشەویستیە ،کە زۆر جار بەرگری کردنەکە بە تیاچوونی خۆی کۆتایی پێدێت.**

**داستان خۆی کارێکی گێڕانەوەی بەسەر هاتێکە بە شیعرێکی درێژ و بەکێش یان بە مۆسیقای تایبەت دەنووسرێتەوە، ئەگەر بگەرێینەوە بۆ سەرەتای مێژووی ئەدەبی میللەتان ئەوەمان بۆ روون دەبێتەوە کە ئەدەب بەگشتی و داستان بەتایبەتی هۆنەر، کە دەیهۆنێتەوە بە پێی فیکری پیاوانی ئاینی و پاشاکان بجولابانەوە لە**

---

[1] Epic سەرچاوە ئەنترنێت (www. almaany. com/ar/dict/ar_en)

[2] سەنگەر قادر شێخ محمدحاجی، بنیاتی گێڕانەوە لەداستانی مەم و زینی ئەحمەدی خانی ورۆمانی شاری مۆسیقارە سپیەکانی بەختیار عەلی دا، چاپخانەی خانی، چاپی یەکەم، دهۆك، ٢٠٠٩. ل٧

[3] د. فاطمە مدرسی، فرهنگ توصیفی نقد و نظریە های ادبی، چاپ اول، ١٣٩٠، ل١٤٠

باوەری ئاینی ئەو سەردەم لایان نەداباو باسی مێرخاسی و ئازایەتی پادشاکانیان دەکرد کە ئەوان توانای زیاتریان هەیە لە خەڵکی ئاسایی. دەتوانین مێژووی نوسینەوەی شیعری داستانی بۆ سێ قۆناغ دابەش بکەین :

١- ((قۆناغی گوزارشت لە قەیرانی بوون بە تێکەڵەیەك لە روحانییەت و مادیەت، بیروباوەرەو خورافیات، راستی و خەیاڵ

٢- قۆناغی گوزارشت لە قەیرانی کۆمەڵایەتی

٣- قۆناغی گوزارشت لە قەیرانی نەتەوەیی))[٤]

داستانی (مەم و زین) لە ئۆسکارماندا دەکەوێتە قۆناغی دووەم کە گوزارشت لە کێشەی کۆمەڵگا دەکات. داستان خۆی لە خۆی بەسەرهاتێکی مێژووییە بەشیعر باس لە پاڵەوان و شەڕە ئەفسانەییەکانلە ناو میللەتان دەکات، کۆمەڵگای سەرەتایی لە ژینگەیەکی سیحرئامێز ژیاون، هەڵبەت داستان دەنگی مێژووی میللەتە. کۆنترین جۆری شیعرە کە بە نووسراو کراوە لە قالبێك دارژاوە. ( یەکەم بەرهەمی هونەری شیعری لە ئەنجامی ئایدیای ئەغریقیەکانەوە گەیشتبێتە ئێمە بە داستان دەناسرێت، داستانیش رەگەزێکی ئەدەبیە بنیاتەکانی گێڕانەوەی لەناوەرۆکدا گونجێندراوە)[٥]، بەهای شیعری داستانی پیشاندانی مێژووە لەبەرهەمی ئەدەبی فۆلکلۆری دا، لە رێگای ئەو ئایدیایەی کە شاعیر دەری دەبرێ سەبارەت بە بەسەرهاتە مێژووییەکان، ئەو جولاندنەی شاعیر دەیکات پەندو ئامۆژگاری لەگەڵ شیعرەکە ئەرکدار دەکات بۆ ئەوەی ئەو ئەرکە گەورەیە بگرێتە ئەستۆ رابردوو و داهاتوو لەیەك گرێ بدات.

ئەگەر شێوازی داستان وەربگرین شێوازێکی داهێنەرانەیە خەیاڵی فراوانی تێدایە بە مۆسیقایەك گوزارشت دەکات کە وشەکان و گوزارشتەکان توند و جەرگ بڕن. شیعری داستانی بە سروشتی خۆی شیعرێکی دەستە جەمعیە وەك ئاوێنە رابردوو پیشان دەدات. شیعری داستانی لە زەمەنێك پەیدا بووە پێیان دەگووت (چاخی پاڵەوانەکان ) کە زۆر میللەت بەو قۆناغە گوزەریان کردووە بۆ بەرگری کردن بەرامبەر مەترسییەکان، کە بێگومان سەرکەوتن یان هەنگاو هاوێشتن بۆ قۆناغێکی تر کەسایەتیەك یان چەند کەسایەتییەك ئەو شانازییەیان بەردەکەوێت یاخود لەسەر دەستی ئەوان دەبێت. ئەو زنجیرە قۆناغەی کە داستانی لێوە لە دایك بوو کاری لە کۆمەڵگا کرد لەسەر دەستی

---

[٤] جورج غريب، الشعر الملحمي تاريخه و اعلامه (ابن كلثوم-ابن حمزة-ابن شداد)، دار الثقافة، بيروت-لبنان، بدون تاريخ، ل٧

[٥] الدكتور محمد حمدى ابراهيم، نظرية الدراماالدراما الاغريقية، مطبعة الشركة المصري العالمية للنشر -لونجمان، طبعة الاولى، ١٩٩٤، ل٦١

پاڵەوانی داستانەکان لە دەمارگیری هۆز بۆ کۆمەڵگایەکی حەقیقی، لە ژینگەیەکی داخراو بۆ نەتەوە، لەشانازی پاڵەوانی ناوەخۆ بۆ چارەنووس و شارستانی.

کارێکی هەرە گرنگی شیعری داستانی لە (چاخی پاڵەوانەکان ) ئەوەبوو کە هانی شەرکەران بدات بەروحی شەرکردن لە پێناو وولات، ئەم شیعرانەش لە سەر دەستی ناودارانی ئەو سەردەم دەنوسران و تۆمار دەکران وەکو مێژوو، هەموو قەسیدەیەکی شیعری چیرۆکێك دەگێڕێتەوە ئامانجی ئاشکرای حیکایەتە، ئەوەش پێی دەڵێن شیعری چیرۆکی، بەڵام ئەگەر قەصیدەیەك باس لە پیاوە بەناوبانگەکان و کردارە بەناوبانگەکان لە مێژوو بکات ئەوە داستانە بۆیە داستان تایبەتمەندیەکی هەیە ڕەنگە جۆرەکانی تری رەگەزی ئەدەبی کەمتر یان جیاوازتر لە داستان بن داستان زۆر جار واقیع تێکەل بەئەفسانە دەکرێت، فریشتەکانیش بە جنۆکە، خوداوەند بە مرۆڤ، بیرو باوەر بە خورافات.

گەلێك نووسەر و لێکۆڵەر وا بۆی دەچن کەوا داستان تەژی بێت لە خەیاڵ و ئەفسانە، کە داستانی لەسەر بنیات نراوە د. سیروس شیمسا لە پەرتوکی جۆرەکانی ئەدەبدا لە باسی داستاندا دەڵێ (( وەکو خوازە مانای ئەفسانە دەدات ))[6] ئەفسانە پشت دەبەشتێت بەکاتی رابردوو، چونکە پشت بەبیرهێنانەوە دەبەستێت، راڤەکردنی شتەکان مەنتیقی نییە لەبەر ئەوەی ناچێتە ژێر باڵی یاساکانی عەقڵ و مەنتیق، بۆیە داستانە سەرەتاییەکان زۆربەیان نامەنتقین و ئەفسانەن، شاعیر لە گێڕانەوەی بابەتە ئەفسانەییەکە واقع ناگوازێتەوە، بەڵکو گۆڕان و لادانەکەی دەگوازێتەوە. (فێلمان) لە پێناسەی داستاندا دەڵێت ((داستان دەبێ پڕترین بەرهەمی نەتەوە بێ لە رووی خەیاڵ و لە رووی بیرو باوەڕیشەوە. . . لە هەمان کاتدا دەبێ ئەینسکلۆپیدیایەکیش بێ چ بۆ ئەو چەرخەی کە تیایدا بەرهەم هێنراوە، چ بۆ ئەو نەتەوەیەشی کە بەرهەمی هێناوە ))[7].

داستان بۆ ئەوە روودەدات و ناوبانگ دەردەکات کە بەرگری لەعادات، ئاین، خۆشەویستی، بەهاکان دەکات هەر بۆیەش بەرگری کردن مرۆڤێکی ئازاو دلێری دەوێت تا کارەکە ئەنجام بدات ئەگەر هەندێك سیفەتیشی ناکامل بێت تەژی دەکرێت لە خەیاڵ بۆ ئەوەی ئازایەتی ئەو میللەتە نیشان بدات کە خاوەنی ئەم جۆرە تاکانەیە، لەزۆربەی داستانەکانی میللەتان دا کەسێکیان بەرز دەکردەوە و پێیان هەڵدەدا بۆ ئەوە بووە ببێتە رەمزی میللەت یان شانازی نەتەوەیەك پیشان بدەن داستانی (مەمی ئالان)یش لەسەردەمی خێلەکی دەرکەوتووە میللەت باوەری تەواوی پێ

[6] سەنگەر حاجی، سەرچاوەی پێشوو، ٢٠٠٧. ل ٢

[7] زاهیر رۆژبەیانی، چیرۆکی هونەری کوردی، شێوەو شێواز و بونیاد، چاپخانەی بەرێوەبەرایەتی گشتی رۆشنبیری و هونەر، هەولێر، ١٩٩٧، ل٢٢٥

**هەبووە، هەموو میللەتانی جیهان لەگێڕانەوەی داستاندا بنیاتەکانیان نزیکن لەیەکتر با جۆری ڕووداوەکان جیاوازیش بیت، بەڵام هەموویان زادەی خەیالی مرۆڤن (( مرۆڤ هەر جارێك داستان دەگێرێتەوە، لەهەندێك نموونەی یەکسان وێکچوو کەلك وەردەگرێ، ئەوەش پاڵمان پێوە دەنێ بلێین کە ئەم نمونانە، کە جیهانین و گشتین، پێکهێنەری خەیاڵی مرۆڤن ))[٨] دەکرێ بلێین مەرج نییە دەقەکان هەموویان بەرێژەیەك راستبن کە ئیدی بلێین کە ئەمە دەقێکی کۆنکرێتیە و لە ڕووداوی راستەقینە وەرگیراوە، بەڵکو ئەوەی ئێمە بۆی چوو بین ئەوەیە، کە هەر میللەتێك دەقەکانی خۆی لە فۆلکلۆرەوە وەرگرتووە واتە سەر زارەکی بووە دواتر پاشاکان یان خانەدانەکان زوو چەسپاندیتیان نەیانهێڵاوە شێوەی دەقی جیاواز وەربگرێت وەك ئەوەی لەشانامەی فیردەوسیدا هاتووە، بەڵام لە ناو کورد شێوەی جیاواز دەبینرێت و بە رەگەزی جیاواز گێڕانەوەی بۆ دەکرێت بگرە بیانییەکانیش هەڵساون بە کۆکردنەوەی داستانی مەم و زین لەسەر زاری خەڵکیەوە ،کە ڕەنگە بۆ سەروەری و سەربەرزی خاوەنی داستانەکە نەیکردبێ کە میللەتە بەڵکو مەغزای جیاواز خۆی حەشار دابێ لە پەنای گێڕانەوەی داستاندا. ڕەنگە بابەتێکی وەکو داستان بەو هەموو گەورەییەی خۆی، کە بنیات گەلێکی زۆر هەڵدەگرێت لەسەر زارەکیەوە نەوە دوای نەوە بێگومان گۆران بەسەر ریالیستی و تاییەتمەندیەکانی داهاتووە، چونکە بەر لە مێژوو ڕوویان داوە بەرەبەیانی مێژووی میللەتانیش بە گێڕانەوەی داستان بەسەردەمی سەرەتایی مێژووی میللەت هەژمار دەکرێت، چونکە شیعری داستانی یەکەم داهێنانی مرۆڤەکان بوو یان خۆرسك بوو لەسەرەتای پێشکەوتنی مێژووی مرۆڤەکان دروست بوو.**

**سیستەمی کۆمەلگا ئەو فەراهەمیەی دروست کرد لەبەر ئەوەی تاك بەشێکە لە خێزان و عەشیرەت و میللەت، لەگەڵ یەکترن لە خۆشی و ناخۆشی تاك وابەستەی هەموو سیستەمێکی کۆمەلگایە، داستان لە بیرو باوەر و روحی خەڵك دروست بوو. بەرهەمی داستان زۆر جار بۆ ئەوە تەژی دەکرێت لە خەیاڵ بۆ ئەوەی نەوەکانی داهاتوو بە نەمریەوە بروانن قارەمانەکان زۆر جاریش پاڵەوانەکان خواوەند و هەندێ جاریش پیاوی ئاسایی، بەڵام لە توانادا هێزیان لە ئاسمانەکان وەرگرتووە.**

**بۆ مەسەلەی نووسینی داستان دیسان ڕووبەرووی رای جیاواز دەبینەوە لەسەردەمە جیاوازەکان گۆرانکاری بە روخسار و ناوەرۆکی داستان دا هاتووە سەرەتا داستان بە شیعر هۆنراوەتەوە (د. زەبیحوللاهی سەفا) دەلێت (( جۆرێکە لەشیعری وەسفی کە لەسەر وەسفکردنی کرداری پاڵەوانان و پیاوەتی و شانازی کردن و گەورەییەکانی**

[٨] ڤەنسان ژووف، بۆتیقای رۆمان، وەرگێڕانی دکتۆر محەمەد رەحیم ئەحمەدی، دەزگای ئاراس، چاپی یەکەم، ٢٠١٢، ل ٩٩.

میللەت  یا تاکێك بنیات نراوە بەشێوەیەك تەواوی دیاردە جیاوازەکانی ژیانی ئەمانە لە خۆ بگریٚ))[٩]، بۆیە زۆر جار دەڵێن داستان مێژووە، چونکە باس لە لایەنەکانی ژیان دەکات کە میللەتێك تیایدا گوزەری کردووە لایەك لە خەبات و تێکۆشان نیشان دەدات کە بەشانازیەوە سەرکەوتنەکان نیشان بدرێت و شکستەکانیش بەقەدەری میللەت دابنرێت، لەکۆی ئەمانەدا دیمەنی ئەو رۆژانەمان پیشان دەدات کە ڕووداوەکانی تێدا رووی داوە.  لەداستانە کۆنەکاندا کەسایەتیەکان نیوە خواوەند و نیوە مرۆڤ یان پەریەکان بەشداربوون لە یارمەتی دانی پاڵەوان لە کاتی تەنگانەدا و هەروەها ناروونییەك دەبینرا لەئامانجی داستاندا ڕووداوە لاوەکیەکان پەیوەندیەکی ئەوتۆیان نەبوو بە بەڕووداوە سەرەکیەکە، بەڵام لەدوای شارستانی بوونی میللەتان داستانیش مرۆڤی ئاسایی بوون ئاشت بوونەوە لەگەڵ زەوی پاڵەوانەکان ئاسایی بوون تەنیا ئەوە نەبێت دەرفەتی چاکتریان بۆ رەخساوە لە خەڵکانی تر و کاملترن، ڕووداوەکانیش پەیوەندیەکی توندو تۆلیان بە ڕووداوە سەرەکیەکەوە دروست کرد.  ئەگەر سەیری رابردووی شارستانییەتی میللەتان بکەین دەبینین هەموویان خاوەنی کۆمەڵێك داستانی بەناوبانگی خۆیانن کە هەموو تاکەکانیان سەرلەبەری ڕووداوەکان لە دەفی سینەیاندا هەڵگرتووە بەو پەری شانازیەوە باسی ئەفسانەی خۆیان دەکەن وەکو داستانەکانی (گەلگامێشی سۆمەرییەکان، ئەلیازەی هۆمیرۆسی ئەغریقیەکان، ئەنیادەی فێرجلی رۆمانی، شاە نامە فارسی).

داستان ڕەنگە تەنیا نوسەر بەشدار نەبێت لە نوسینەوەی بەڵکو میللەت بەشداری بکات کە لە زۆربەی داستانەکان دەبینین لە فۆلکلۆرەوە وەرگیراون نووسەر خۆی ناخاتە بەر رەخنە یان ئەگەر رەخنەشی لیٚ گیرا ئاراستەی تەواوی کۆمەڵگا دەکرێت.  دەکرێت بڵێین داستان قەسیدەیەکی درێژە، بابەتەکەشی پاڵەوانییە، گێڕانەوە لەبارەی پاڵەوانەوە دەکریٚ خەیاڵی بێت یا راستی ئەمەش ڕووداوێکی مێژوویی تایبەتە هەندیٚ جار داستان لەگەڵ حیکایەتی میللی تێکەڵ دەکرێت ئەوەی جیای دەکاتەوە کە مۆرکی میللی پێوە دیارە لەبەر ئەوەی میللەت خۆی دانەرەو چێژ وەرگرەو لەهامان کاتدا گێرەرەوەیە وە حیکایەتی میللی باسی کێشەکانی کۆمەڵگا دەکات و خاڵیە لە ئالۆزییەکانی فەلسەفە،((حیکایەتی میللی لە خۆ تێخزان و رۆچوونە نێو مێژوویەکی ئاشکرا و ڕوونی ڕووداوەکان خۆی دەپارێزێت و لەرابردوویەکی ئەفسووناویدا دەسوورێتەوە، بۆیە ناتوانریٚ مێژووی دیاری بکریٚ))[١٠] تەواوی ڕووداوەکان و مێژوویەکەی لەکەش و هەوای تەم و مژاووی بەرێوەدەچێت بیٚ دەست نیشان کردنی کات و شوێن.

---

[٩] سەنگەر حاجی،   سەرچاوەی پێشوو، ٢٠٠٧. ل ٦

[١٠] محمد فریق حەسەن کۆکردنەوە و توێژینەوە،  مەملەکەتی ماسی ٣٧ حیکایەتی فۆلکلۆری،  دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، چاپی سێیەم، ٢٠١٠، ل٢١

داستان جێگایەکی بەرزی لەناو میللەت هەیە پاڵەوانەکەشی پایە بەرزە و سنوری داستان فراوانە ڕەنگە زۆر مەملەکەت ببڕێ پاڵەوانەکانی سەرەرای یارمەتی ئاسمانەکان هەر خۆشی کەمەر شکێنە زاڵ بوون بەسەر کێشەکان، پاڵەوانی داستان زۆر جاران گەشت دەکات بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی نەیارەکانی چەند مەملەکەت دەبڕێت جا تیا دەچێت یان دەگەڕێتەوە بۆ وڵاتەکەی لەهاتنەوەشی ڕەنگە شتەکان وەك خۆیان نەمابن یان زەمەن بەسەر چووبێت نەتوانێ تواناکانی بەکار بێنێ بۆیە تووشی بێ ئومێدی دەبێت یان بە مەرگی پاڵەوان کۆتایی پێدێت، بۆیە داستان لە حیکایەتی میللی جیاوازترە، چونکە لە نووسینی داستاندا شاعیر بەیتەکان دەنووسێتەوە و ئەوەمان پیشان دەدات کە ڕووداوەکانی داستان ئاسایی نین و خەڵکانی ئاسایی ناتوانن ئەو کارانە ئەنجام بدەن، جیاوازیەکی تری نێوان داستان و چیرۆکی میللی ئەوەیە، یەکەمیان بە شیعر دەهۆنرێتەوە و دووەمیان بە پەخشان دەگێردرێتەوە، شاعیر هەڵدەستێ بە گەورەکردنی کارەساتەکان وا پاڵەوان پیشان دەدات کە بەربەرەکانی ژیان و سروشت دەکات لەو قەدەرانەی کە مرۆڤی ئاسایی ملکەچی بوون.

ئەگەر سەیری داستانە بەناوبانگەکانی میللەتان بکەین دەبینین بە شیعر هۆنراونەتەوە، وەسفی ڕووداو و پاڵەوان و تەکنیکەکانی گێڕانەوە بەشێوەیەکی وەستایانە ئەنجام دراوە، لەداستانی مەم و زینی ئۆسکارمانیش ئەم جۆرە وەستاییە بەدی دەکرێ لەرووی تەکنیکەوە سەرەڕای بوونی کەم کوریش لەوەسف کردنی پاڵەوان و تواناکانی کە قەناعەت بە خوێنەر بێنێ کە پاڵەوان بەربەستی رادەبەدەر قورسی لە بەردەم بوو، بۆیە مەرەخەسی واقع بوو، بەربەستەکەش پلانی نەیارانی بوو فرسەتیان لە تەنیایی ( مەم )وەرگرت کە هاورێیەکانی چووبوونە ڕاو.

بیگومان بەیتەکانی داستان مۆسیقادارن و داستانەکانی وولاتانی ئیسلامیش زۆربەیان عەروزین داستانی هەر میللەتێك بەجۆرێك هۆنراوەتەوە بە پێی باوی سەردەمی شیعر لەکاتی نوسینەوەیدا، لەناو کوردیشدا نوسینەوەی داستان زمانی نوسینەکەی کلاسیکیە تێکەڵە لەگەل زمانەکانی فارسی و کوردی و ئەدەبی عەرەبی و تورکی ئەوەی ئۆسکار مان لە زاری خەڵکیەوە کۆیکردیتەوە فۆلکلۆریە و مۆسیقادارە لەسەر شێوەی ( بڕگەی درێژ و بڕگەی کوت )هۆنراوەتەوە. زمانی نوسینی داستان زمانێکی شیعریە دروست کراو نییە بۆیە داستان دوورە لە روحی پەخشان، لێرە دەکرێت بڵێین کە پێش پەخشانیش شیعر هەبووە.

داستان گوزارشت لە نیگای گشتگیر دەکات بۆیە داستان لە شیعر نزیکترە ، شعریش لە فەلسەفە نزیکترە، کەچی پەخشان لە مێژوو و زانست و ریالیزم نزیکە. مرۆڤ بەر لەوەی بگاتە قۆناغی دروستکردنی شتە گشتیەکان،

لەناخیدا شتی خەیاڵاوی دروست دەکرد واتا بەر لەوەی قسە بکات گۆرانی دەگوت، کە گۆرانی سادە زۆربەی هەرە زۆری تەنیا ئاواز و لاواندنەوە بووە.

داستان بەوە لەئاستی خۆی دادەبەزێنێ کە واز لە ڕووداوە گەورەکان بهێنێ و خۆی لەبازنەیەکی بچوک وەکو باسەکانی (ژیانی ماڵ، بازاری کارکردن، ژیانی تایبەتی،. . . هتد) ببینتەوە، ئەمە کاری داستانی نەتەوەیی نییە، بەڵکو باس کردن و گەورەکردنی تاکە بەسەر گشتگیری، بۆیە گشتگیری یەکێکە لە کارەکانی داستان، لەگەڵ ئەوەشدا نابێت ڕووداوەکانی تاکە کەسی لەداستاندا باس نەکرێت یان ئاما نجیان بخنکێندرێت لەناو گشتگیری دا، بەڵکو هەموو ڕووداوە بچوك و گەورەکان بۆ مێژووی نەتەوەیەك دەگێردرێتەوە کە دەکرێ وەکو بابەتی کۆمەلناسی لێکۆلینەوە لەسەر بارودۆخی کۆمەلگای ئەو سەردەم بکرێت و سوودی لێوەرگیرێت، ((ئەدەبی داستانی دەگەرێتەوە بۆ ئەو دەورەیەی کە مرۆڤ لە ژیانێکی هۆز و گروپ دەژیان لەداستاندا دژایەتی لە نێوان تاك و کۆمەلگا نییە تەنیا گوتنی هەستەکانی هەردوو لایەنە هیچ دژایەتیەکی تێدا نابینرێ))[11] بۆیە دەکرێ بڵێین کە داستان نزیك کردنەوەیەکە لە نێوان گشتگیری ژیان و ئەخلاق و یاساکانی وولات و ئاین لەگەڵ تاییە تمەندی تاك لەلایەکی ترەوە کە پێویست دەکات لەبەر چاو بگیرێت بەڵام ئەو پابەند بوونە لە دوای هۆمیرۆسەوە پشت گوێ خرا کاریان لەسەر نمایش کردنی تەواوی ڕووداوەکان دەکرد لەسەرەتا تا کۆتایی، بەڵام هۆمیرۆس لەناوەراستەوە ڕووداوەکانی دەگێرایەوە. هەر وەها لە تێروانینی نەتەوەیی بەرەو تێروانینی تاك گەرانەوە ئەو هاوسەنگیەیان نە پاراست لەنێوان پیشاندانی تێروانین تاك و تێروانینی نەتەوە بەگشتی.

ململانێ لەداستاندا دوو جۆری هەیە جۆری یەکەمیان ململانێی میللی بەهێز و گەورە لە نێوانی دوو شارستانییەت. جۆری دووەم ململانێ لەگەڵ قەدەر و خواوەند کە لە بنەرەتدا داستان لەوەوە دروست بووە کە ئیرادەی پاڵەوان و ئاما نجەکانی بەرامبەر ئیرادەیی خواوەند کە قابلی بەرپەرچ دانەوە نییە. بۆیە لەداستان بیری قەدەر زاڵە کە ڕووداوەکان لێدەخورێ بەلایەکدا. یەکێکی تر لە فەلسەفانەی لەداستان هەیە ئەویش ئەوەیە ئاماژەی چەند جارێك بۆ عادەت و تەقالیدی ئەو نەتەوەیە دەدرێت چەند پاتی دەکاتەوە بۆ ئەوەیە کە پێویستە دەست بە عادەت و تەقالیدی نەتەوە بگیرێت دەست بەرداری نەبن. زمانیش لە داستاندا باس لە کۆمەلێك کێشە دەکات کە بەهاوسەنگی بەرزیان هەیە نەك شتی لاوەکی و کاری رۆژانە، بە زمانی شیعری دەنوسرێ کە لەسەرەوە ئاماژەمان پێدا، بەڵام

[11] دکتر سیروس شیمسا، انواع ادبی، نشر میترا، چاپ بینجم، تهران، ۱۳۹۳، ل ۱۹۳.

شیعری گۆرانی نییە، شاعیر بەشێوەیەکی رۆمانسی گوزارست لە ڕووداوەکان دەکات تەنانەت کەسایەتی ناو داستان بە زمانێك قسە دەکەن کە خەڵکی ئاسایی لە کاری رۆژانەیاندا بەو جۆرە قسەیان نەکردووە.

### ب/ چەمك و پێناسەی شانۆ:

چەمك و زاراوەی شانۆ یان دراما مێژوویەکی دوور و درێژی هەیە، ئەگەر بگەرێینەوە بۆ مێژووی سەرهەڵدانی، ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە شانۆ بە شیعر هۆنراوەتەوە بە زمانێکی بەرز هۆنراوەتەوە ناوەرۆکەکەشی رەخنەگرتن لەسیاسەت و کۆمەڵگا بوو، هەر یەك لە پیرەمێردی شاعیر و نازم حسێن (نواندن)یان بەکارهێناوە لەو وتارانەی کە لە رۆژنامەی ژیان بەرامبەر بە شانۆ. دکتۆر ئیسماعیل ئیبراهیم سەعید دەلێت((ووشەی شانۆ وەرگیراوە لە ووشەی ئینگلیزی-فەرەنسی :seenc، بۆ یەکەمین جار لەلایەن عەبدولا گۆرانی شاعیر لە قەصیدەی (جلێوەی شانۆ)بەکارهێنراوە))[12] (ع. ر. هەکاری) وشەی (piyes)* بەکار هێناوە، کە یەکەم دەقی شانۆیە بە زمانی کوردی_کرمانجیە. دەتوانین بلێین کە شیعر پەیوەندیەکی توندو تۆڵی لەگەڵ شانۆدا هەبووە ((ئەگەر لە گۆشە نیگای مێژووی شانۆ بروانین، بۆمان دەرئەکەوێت، بەدرێژایی چواردە سەدە، نەك هەر شیعر دەستەملانیی شانۆ بووە، بەڵکو خۆی جۆرە شانۆییەك بووە))[13] شیعری شانۆیی گوزارشت لە خودی خۆی ناکات، بەڵکو لە خەڵکی تر دەکات لە رێگەی کارەکتەرەکان، کە وەکیلی شاعیرن گوزارشت لە بۆچوونەکانی شاعیر دەکەن، ((شیعری شانۆیی شوێنێکی بەرز لە نێو رەگەزەکانی تری شیعردا داگیر دەکات، لەبەر ئەوەی کامڵترە یان شیعرێکە هەردووك جیهانی نهێنی و ئاشکرا کۆ دەکاتەوە، چونکە (مێژووە، سروشتە، دەروونە)))[14]، شیعری شانۆیی لە پێشکەوتنی کۆمەڵگاو سەربەخۆ بوونی شاعیر لە ویست و ئارەزوو ئەو کات شیعری شانۆ/درامی لە دایك بوو دەکرێت بلێین لە ناو رەحمی شیعری داستانی و شیعری گۆرانی لە دایك بوو میراتگری ئەوانە، لەشیعری شانۆیی دا کاریگەری بنیاتەکانی شیعری داستانی لەسەر بوو تەنانەت لە بوارەکانی وەسف و گێڕانەوەکەشی بەڵام هەرچی شیعری داستان لە شیعری شانۆیی درێژترە و

---

[12] الدكتۆر كمال غمبار، احمد سالار رائداً ومؤسساً للمسرح الاحتفالي الكردى المعاصر، الطبعة الثانية، مطبعة رۆژهەلات، اربيل، ٢٠١٤، ل ٥٠

* ع.ر. هەکاری بۆ یەکەمینجار لە ناو کوردا وشەی پیەسی بەکار هێناوە پێ دەچێت ئەویش لە وڵاتانی تری وەرگرتووە بەهۆی شارەزابوونی لە ئەدەبیاتی ئەوروپیدا کە لەرێگای وڵاتی تورکیاوە دەهاتە کوردستان وەری گرتبێت.

[16] ئەحمەد سالار، کورسی و بەها درامیەکان، لێکۆڵینەوەی چامە واڵایەکانی (کورسی) ی شێرکۆ بێکەس، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، چاپی یەکەم، سلێمانی، ٢٠٠٩. ل ٣٤

[14] بیداء عبدالصاحب الطائي، البنية الدرامية في شعر نزار القباني، مطبعة دار ضفاف للطباعة و النشر و التوزيع، طبعة الاولى، ٢٠١٢. ل١٨.

**لە رووی کات و دیمەن و وەسفی ڕووداوەکان بەشێوەیەکی فراوانتر لێی دەدوێ، کەسایەتی، کە دیالۆگ دەکەن لە داستاندا ئەوا لە شانۆدا جەوهەرەکەیەتی، drama لە فەرهەنگی oxford بەم مانایە دێت:**

١- ((**دراما بەشێوازی نووسین دەنووسرێت، بۆ نواندن بەکاردێت.**

٢- **وروژاندن، لەژیانی هەر تاکێکدا درامایەکە بۆخۆی.**

٣- **نواندنێکە لەسەر تەختەی شانۆ نمایش دەکرێت، یان درامایەکی کاتیە وەك رادیۆ، تەلەفزیۆن کە پێی دەوترێت درامای هاوچەرخ))**[١٥]. **ئەحمەد سالار لە پەرتووکی دەروازەی دراما دا دەڵێت ((ئەگەر سەرنجی داستانەکان بدەین بۆمان دەردەکەوێ کە چۆن لە سێ شتی سەرەکی دەدوێ لەو سێیانە خول دەخوات کە بریتین لە مرۆڤ و سروشت و خواوەند –کەواتە ئەمەش لایەنێکی تر بوو بۆ پەروەردەکردنی دراما))**[١٦] **هەروەها هاوبەشیەکی تریشی لە گەڵ شیعری گۆرانی دا هەیە ئەویش دەنگی تاك لە شیعری گۆرانی هاوشانە لەگەڵ مۆنۆلۆگی تراژیدیا.**

**((کاتێ تاك ئازاد دەبێت لە کۆمەڵگایەکی یەکگرتوو و خەڵك بەگشتی لە رووی بارو گوزەرانیان و شێوازی بیرکردنەوە و هەستەکان و داهاتوویان، کاتێك مرۆڤ دابەشی هەست و ویست دەبن(شعور والارادة) ئەوا شیعری گۆرانی و دراما لە جێگای شیعری داستانی دەگەنە قۆناغی ڕسکان))**[١٧] **وەکو پێشتر گوتمان کە شیعری داستانی بەرهەمی کۆمەڵگایە لەیەکتر جیا نابنەوە بەڵام شیعری شانۆیی بەرهەمی قۆناغی پێگەیشتووی کۆمەڵگایە. وڵ دیورانت دەڵێت((کۆبوونەوەی فەلسەفەو شیعر و هێنانی ڕووداوەکان و بەشداربوونی مۆسیقا و گۆرانی و سەما، بوونە هۆی پەیدابوونی شانۆی یۆنانییە کۆنەکان لە مێژووی ئەدەبدا))**[١٨] **(ویل دیورانت) پێی وایە شیعر مۆسیقاو گۆرانییە کە فەلسەفە دەست پێدەکات شیعر دەکاتە زمانی شیعر دەنا لەسەرەتادا هەست و هەڵوێست و بیرکردنەوەیە، بۆیەشە پێی وایە ئەرکی شیعر زۆرە و پەیامی سەردەمی خۆیەتی کە دەتوانن داهێنانی بەردەوامی تێدا بکەن، بەڵام رایەکی جیاواز هەیە پێی وایە ((هونەری گێڕانەوە خەسلەتێکی تایبەت بە هونەری پەخشانە، چونکە دەقە درامیەکان**

---

[١٥] **پەروین عبداللە خدر، رەگەزەکانی دراما لە شیعری لیریکی کوردیدا کرمانجی خواروو ١٩٨٠ را پەڕین، نامەی ماستەر، زانکۆی کۆیە، کۆلێژی پەروەردە، ٢٠٠٦، ل٢**

[١٦] **ئەحمەد سالار، دەروازەی دراما، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، چاپی یەکەم، سلێمانی، ٢٠٠٧، ل٤٨**

[١٧] **محمد حامد محمد يحيى، العانصر الدرامية في سرديات ابراهيم اسحق، رسالة دكتورا، جامعة السودان،للعلوم و التكنلوجيا، كلية الموسيق والدراما، ٢٠١٥، ل؟،** http://repository.sustech.edu/handle/١٢٣٤٥٦٧٨٩/١٠٩٣٦

[١٨] **ئەحمەد سالار،** سەرچاوەی پێشوو، ٢٠٠٧، ل٥١

لەسەرەتا دا بەشیعر دەنووسران حیکایە تخوانیان تێدا نەبووە وەك لە چیرۆك و رۆمان هەبووە )) [19] لەبەر ئەوەی شانۆکان سەرەتا بەشیعر دەنوسران شاعیران ئەو پیشەیان ئە نجام دەدا حیکایە تخوان ئەم کارەی نەدەکرد لەبەر ئەوەیە ناکرێت سەربووردە و چیرۆکە کۆنەکان بدەینە پاڵ شاعیر و شانۆکان.

کەلتوری یۆنانی و ئەغریقیەکان یەکەمینی ئەوانە بوون کە هونەری شانۆیان دیتەوە هەندێکیش لەو باوەرەن کە میسریە کۆنەکان یەکەمینەکان بوون، شانۆ تا شانۆیەکی تر جیاوازی هەیە، هەیانە لە دەق یا دیالۆگەوە پێك هاتووە، هەشیانە بەرێگای کارەکتەرەکانیان بەشێوەی بێدەنگ ( پانتۆمیم )ە، هەشیانە بەشێوەی گۆرانییە (الغنائي)، خەندە دەخەنە سەر لێوی بینەرو خوێنەران. بابەتەکانی شانۆ لەسەرەتادا لە چوار چێوەی ئایندا بوو کەسانی ئاست بەرز ئەکتەربوون فرانك گواینج دەڵێت ((شانۆ لای یۆنانییەکان لە چوار چێوە و زادەی بارودۆخە ئاینەکە دابوو، کەسانی پایەبەرزی کۆمەلایەتی و ئاینی و رۆشنبیری شانۆکار بوون، بەڵام لای رۆمانییەکان مەبەست و شێوەیەکی دی هەبوو، بۆ خۆشی و رابواردن و تاییەت بوو بۆ چینەکان سەرەوەی دەسەلات )) [20]، بۆیە چەندین یاسا بۆ شانۆ نووسان دادەنران کە نابێت شانۆ گوزارشت لە تاك بکات مەسەلە کەسیەکان تێکەڵ بە شانۆ بکات محمد غنیمی هلال دەڵێت ((نابێت نوسەری شیعری درامی بەدوای هەستی خودیەتی خۆی بکەوێ، راڤە خودیەکانی خۆی بۆ مەدح و ئامۆژگاری راستەوخۆ بکات، ئەگەر وابوو جەوهەری تەکنیکی درامی لەدەست دەدات، دەبێتە کۆمەڵە حیکایەتێکی گۆرانی )) [21] تا هاتنی رێبازی نوێ و گۆرانکاری بەسەر روخسار و ناوەرۆکی شیعر هێنا ئاراستەی جیا جیای وەرگرتووە کە زۆر نوسەران لە دەقە نوسراوەکانی شانۆ رای جیاوازی لەسەرە کە تا ئیستاش لە ناو کوردا بۆ نمایش کردن دەقە شانۆ کۆنەکان بە کار دێنن چونکە وەك بێرگمان پێی وایە کە ((دەقە کلاسیکیەکان بابەتی دەولەمەند و نەمریان تێدایە و زیاتر لەشانۆگەرییە هاوچەرخەکان، گوزارشت لە کێشەکان و گرفتەکانی مرۆڤی هاوچەرخ دەکەن )) [22] شێوازی کۆن و نوێی شانۆ جیاوازی یەکجار زۆریان هەیە ( پۆژینیۆ بارپا ) یەکێکە لە قوتابی هاوکارەکانی گرۆتۆفسکی شۆرشێکی نوێی لە شانۆدا دەست پێکرد ناوی نا شانۆی سێیەم کە((کێشە کۆمەلایەتیەکان بۆ خستنەرووی گرفتە کۆمەلایەتیەکان نەبوو، بەڵکو گەرانەوە بوویە بۆ کۆمەڵناسی )) [23] ئەو شۆرشانەی کە دەکران لە شانۆدا بۆ ئەوە بوو شانۆ لە گەڵ گرفتە کۆمەلایەتیەکان یەکانگیر بێت.

---

[19] عەلی عوسمان یاقوب، شانۆ و هونەری گێرانەوە، گۆڤاری شانۆ، ژ : (٢١)، ساڵی چوارەم، چاپخانەی کارۆ، ٢٠١١، ل٣٢

[20] د. ئیبراهیم ئەحمەد سمۆ، شانۆی کوردی لە نێوان دەقی خۆماڵی و بیانیدا، چاپخانەی تیشك، سلێمانی، ٢٠٠٧، ل١٨

[21] عزالدین جلاوجي، بنية المسرحية الشعرية في الادب المغاربي المعاصر، رسالة ماجستر، ٢٠٠٩، ل١٣

[22] د. فازڵ جاف، شانۆی هاوچەرخی سوید، چەند بیرو بۆچوونێکی رەخنە ئامێز، و:دلێر میرزا، چاپخانەی ئەلەند، چاپی یەکەم، ١٩٩٩، ل٢٨

[23] نیهاد جامی، پلەی سفری شانۆ، چاپخانەی رۆژهەڵات، لە بڵاوکراوەکانی ڤیستیڤاڵی شانۆی نێو دەولەتی، بەرێوەبەرایەتی هونەری شانۆ، هەولێر، ٢٠١٢، ل٥٠

لەسەدەکانی ناوەراست سروتی ئاینی یاد کردنەوەی حەزرەتی مەسیح نمایشی شانۆیی دەکرا، هەر بوونی شانۆش لەسەرەتا بۆ سروتە ئاینییەکان دەگەرێتەوە بوونی کۆمیدیاش نیشاندانی لایەکی ژیانی مرۆڤەکانە وێنەی توانای مرۆڤ پیشان دەدات و سەرکەوتنی بەسەر خەم و ناخۆشیەکان و سروشت سەرەرای لە ژینگەیەکی ئاینی بوو ئاین لە شانۆدا جگە لە گوزارشتێکی هونەری دەرناچێت، (هۆگۆ) دەڵێت ((ئەدەب داهێنەری ژیانە، ژیان بریتیە لە گریان و پێکەنین بۆیە تراژیدیا و کۆمیدیا تێکەڵ کران)) [24]، شانۆ هونەرێکی پێشکەوتووە قبوڵی بەربەست و کۆت ناکات، لەهەمان کاتیشدا ناکرێت جەوهەرەکەی رەت بکرێتەوە بە مەبەستی پێشکەوتن، پاشان گۆرا بۆ شانۆی میللی، هەموو ئەمانە گۆرانکاری بوون ئەو شۆرشانەی لەسەرەتادا دەکران گەرانەوە بوو بۆ سروتی میللی لە شانۆکاندا، کە دەیانویست لە رێگەی ئەم سرووتە مللییانەوە شانۆ ئازاد بکەن، گەیشتنە ئەو بروایەی، کە سیاسەت بۆ ئەوان هیچ شتێکی پێ نییە مەبەستی هەرە سەرەکیشیان ئەوە بوو خەونی تاك نەکوژرێ لەلایەن کۆمەڵەوە.

ئەگەر لە لێکۆلینەوە لە شانۆی کوردی عەبدولرەحیم رەحمی هەکاری بکەین مەبەستی نوسەری شانۆیمان بۆ دەردەکەوێت بە ئاشکرا چەند تێروانینێکی لە پشتەوەیە دەیەوێ لە پشت شانۆنامەکەیدا داستانێکی گەورەی کوردی بەرەگەزێکی تر پیشان بدات تەکانێك بدات بەو داستانە بەشێوەی شانۆ دەیەوێ هەندێك چەوتی راست بکاتە کە بەسەر مێژوو و ژیانی کورد هێنراوە چونکە ژیان خۆی نواندنە نەك کت و مت ژیان، هەوڵی داوە ژیانی تاکی کورد نیشان بدات بەهوشیاریەوە ئەمەی کردووە دوای ئەوەی بیری نەتەوایەتی و ئازادیخوازی لەناو کوردا پەرەی سەند ئەدەبی کوردیش رووی لە دەقێکی نوێ کرد ئەویش شانۆ بوو، کە نیشتیمان پەروەرەکان پیاوانی ناسیۆنالیزم دەورەیان دابوو بەتایبەت دوای هەرەس هێنانی دەولەتی عوسمانی لە رێگەی نوسەرانی ئێمە کە لە تورکیا بوون ئەم ئەدەبە بە ئێمە گەیشت بەتایبەتی (عەبدولرەحیم و پیرەمێرد. . . هتد) ((خۆ بوژاندنەوەو نەشونمای شانۆ پابەندی خۆگرتن و گەشەکردنی دیموکراتیەت بوو)) [25] لەگەڵ پیشڤەچوونی رەگەزەکانی تری ئەدەب شانۆ لە زۆربەی رەگەزەکانی تر زیاتر بەر شەپۆلی نوێ بوونەوە کەوت، (پیتەر بروك) لەبارەی پەیوەندی شانۆ بە ژیانی خەڵکەوە دەلێت ((بەبۆچوونی خۆم شانۆ بەهەر شێوەیەك لە شێوەکان ناتوانرێت لە ژیان دابرێت، بەڵکو بەشێکە لە ژیان، لەبەر ئەوەی لەرێگای شانۆوە فێر دەبین کە چۆن بژین و رەفتار بکەین)) [26]. (مارتن ئەلسن )لەبارەی پێناسەی شانۆدا دەڵێت((شانۆ دروست دەکرێت لە پەخشان و شیعر ئامادە دەکرێت بۆ نمایش کردنی لەسەر شانۆ، چیرۆکەکە بە

---

[24] تاهیر بەکر حسین، توخمەکانی دراما لە شانۆگەرییەکانی(ئەمینی میرزا کەریم)، نامەی ماستەر، زانکۆی سلیمانی، ٢٠٠١، ل٢.

[25] د. ئیبراهیم ئەحمەد سمۆ، سەرچاوەی پێشوو، ل٤٩

[26] الدكتۆر كمال غمبار، سەرچاوەی پێشوو، ل٥٠

**دیالۆگ و کردار( الفعل ) دەکرێت، پاشان نمایش دەکرێت لە ڕێگای جولە و جل و بەرگ و بینەران، وەك ئەوەی لە ژیانی واقیعی هەیە، لە شانۆدا پێویستیە جەوهەریەکانی مرۆڤایەتی دەبینرێت ))[27] .**

**لەسەرەوە باسی ئەوەمان کرد کە سەرەتا شانۆ بەشیعر دەنوسرا بەڵام بەهاتنی ڕێبازی ریالیستی ئیدی شیعری شانۆیش بەر ئەو شە پۆلە کەوت کە شیعر ناتوانێ لەو ململانە چینایەتیەو زۆرانبازیە کە لە کۆمەڵگای شارستانی ڕوویاندا بەرگە بگرێ بۆیە پەخشان زاڵ بوو خەڵکیش پشتگیریان لێکردن کە زمانی پەخشان بۆ شانۆ پەسندترە زیاتر سەرنج ڕاکێشترە و هەستیان بۆ دەچێت لە قالبە کلاسیکیەکە وەرز بوون وەك چۆن گۆرانکاری بەسەر کێش و سەروا داهات لە شیعر خەڵك حەزیان بە پەخشان زیاتر بوو، دەتوانین بلێین کۆنترین دەقی ئەدەبی دەقی شانۆیە کەواتە شارەزابوون لە مێژوو و رابردووی دەق ئەوا شارەزابوونە لە مێژووی شانۆگەریدا، کەوابێ داستانەکان وەکو بنچینەیەك بۆ دەقی ئەدەبی شانۆیی دابنێین. ع. ر. هەکاری پیاوێکی شاعیر و نوسەرێکی قەلەم پەرشی بوارەکانی ئەدەب بووە گومان لەوە نییە کە مێژووی شانۆی بیانییەکانی خوێندۆتەوە بەحوکمی ئەوەی لەسەردەمی ئەو بابەتی نوسەرانی ئەوروپا وەردەگێردرانە سەر زمانی تورکی ،ئەویش زمانی تورکی عەرەبی و کوردی زۆر چاك دەزانی ئەزموونی نوسەرانی شانۆی جیهانی وەرگرتبوو بۆیەشە داستانی مەمی ئالانی بەشێوەی شانۆیی نوسیەوە لەتواناشی دا هەبوو کە بەشێوەی قالبی شیعری شانۆکەی بنوسیتەوە کە خۆی شاعیرێکی بە ئەزموونی شیعری بوو لە رۆژنامەکانی ژینی بلاو دەکردەوە لەسالی ۱۹۱۹ دا. ( نزیکترین شوێن لە ئەوروپا تورکیا بوو بەبەراورد لەگەڵ ولاّتانی ئیقلیمی ئەمە بووە هۆیە کە تورکیا لە ولاّتانی تری ناوچەکەدا تێکەلاّوی ئەورپا بن و کاریگەری ئەم ژانرە نوێیەی ( دراما )یان لێ دەربکەوێ )[28] ( د. فەرهاد پیربالّ ) ( ۳ ) قۆناغ بۆ شانۆی کوردی دیاری دەکات :**

**(( قۆناغی یەکەم : قۆناغی شانۆی میللیەکانمان وەك( میرمیرین، پاشا پاشایەتی، دیاری و گەمە میللیەکان وەك بوکە بەبارانە و شوان و گورگ.**

**قۆناغی دووەم : لە بلاّو کردنەوەی یەکەم تێکستی شانۆی نووسراو دەست پێ دەکات لە ساڵی ۱۹۱۹ لە ئەستەمبول لە لایەن عەبدولرەحیم رەحمی هەکاریەوە تا دەگاتە ساڵی ۱۹۵۷.**

---

[27] **سەرچاوەی پێشوو، ل۱۲۷**

[28] **تاهیر بەکر حسین، سەرچاوەی پێشوو، ل۷**

قۆناغی سێیەم: بۆ یەکەمینجار لە مێژوو کۆمەڵەی هونەرە جوانەکان. . . لە سلێمانی، هەولێر، هەڵەبجە دادەمەزرێن ))[29]

**گێڕانەوە لە داستان و شانۆدا:**

**أ- گێڕانەوە لە رووی تیۆریەوە:**

**١- گێڕانەوە لە داستاندا:**

داستان حیکایەتێکی پاڵەوانییە هەواڵی جوولەی کۆمەڵ و جوولەی خەڵك و عەشیرەت و زۆر جار گێڕانەوە لەو ڕووداوانە دەکات، کە لە سەرەتای مێژووی میللەت ڕوویانداوە. ((گێڕانەوە درێژی کات و بێ سنوری شوێن لە داستاندا ئاسایی دەکاو، جگە لەوەش بواری باسکردنی کاری ناماقوڵ و نەکردنی و لەرادەبەدەر خۆش دەکات. هەر وەها رێگەی تێکەڵ کردنی چەند بەسەر هاتێکیش لەداستانێکدا ئاسایی دەکا))[30] لە پاڵ ڕووداوە سەرەکیەکە کە پاڵەوان رۆلی سەرەکی تیادا دەبینی ڕووداوی تریش دەتوانرێ هەبێت لە شوێنێکی تر ئەمەش بۆ دوو هۆ دەگەرێتەوە یەکەمیان: بۆ پیشاندانی تەواوی ژیانی خەڵك لەو سەردەمەدا و دووەمیان: بۆ فراوانی ئەو رەگەزە ئەدەبیە کە داستانە. گێڕانەوە لە داستاندا گێرەرەوە یان داستان نووس دەستێکی بالآی هەیە لە نوسینەوەی دا کە بەو جۆرە گێرەرەوانە دەلێن هەموو شت زان کەواتە هەواڵەکەمان لە خودی گێرەرەوە پێ دەگات ((گێرەرەوەی هەموو شت زان لەم شێوازەی گێڕانەوەیەدا گرنگی بەلایەنێك لە لایەنەکانی کەسایەتیەکە دەدا، وەکو دەمامکی (داستان نووس) دەردەکەوێت، واتە رووناکیەکان دەخاتە سەر بایەخە دیاریکراوەکان لەلایەن کەسایەتیەوە))[31] بۆیە گێڕانەوە لە داستاندا زۆر تیشك دەخاتە سەر کەسایەتی پاڵەوان بۆ ئەوەی زیاتر دەربکەوێت وەکو رەمزی نەتەوە یا پایەی بەرز بکاتەوە.

---

[29] عەدلە جەمیل ئەحمەد، رۆڵی عەبدولرەحیم رەحمی هەکاری د نوێکرنا هۆزانا کوردیدا، نامەی ماستەر، زانکۆی دهۆك، کۆلێژی پەروەردە، ٢٠٠٣، ل٣٤

[30] زاهیر رۆژبەیانی، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٢٤

[31] رێزان رەحمان خدر، تەکنیکی گێڕانەوە لە رۆمانەکانی (عەبدوڵلا سەراج) دا، چاپخانەی رۆژهەلآت، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠١٢، ل٦٤

((داستان گێڕانەوەیەکی شیعریە، کە چیرۆکێك لە هەناویدا خۆی حەشارداوە خاوەن گوتارێکی بالآیە، ئەگەر چی خاوەنی نادیارە، بەڵام رەگ و ریشەی هەر پەیوەندی بە مێژووی سەرەتای مرۆڤایەتیە))[32] ئەو داستانەی، کە گێڕانەوەی بۆ دەکرێت لە مێژوویەکی کۆنی میللەتێکی دیاری کراو شێوەی رابردووی بۆ بەکار دێت ((گێڕانەوەی مێژوویی بەوە جیادەکرێتەوە، کە شێوەی رابردووی بەسەری دا زاڵە و گێڕانەوەی ڕووداوەکان شتێکە لە رابردوو روویانداوە))[33] گێرەرەوە دێت دوبارە گێڕانەوە(اعادة السردي) بۆ بابەتێکی مێژوویی دەکات جنات بلخن دەڵێت ((دوبارە گێڕانەوە گەرانەوەی ڕووداوی رابردوو لە قالبێکی نوێی گێڕانەوەیە))[34] واتا ڕووداوەکە دوبارە (التکرار)دەکرێت لێرەدا دوبارە گێڕانەوەو مێژوو تێگەیشتنێکن سنورەکانیان دەچێتە ناو یەك جیا ناکرێتەوە بە ئاسانی دەکرێت بلێین دوبارە گێڕانەوە بنیاتێکی جەوهەری مێژووە. ((جیاوازی نێوان مێژوونووس و شاعیر لەوە دانییە کە یەکێکیان بە پەخشان دەنووسی ئەوەی تر بەشیعر، لەبەر ئەوەیە کە شیعر لەفەلسەفە بەختیار ترە و لە مێژوو نووسیش بڵندتر، لەبەر ئەوەی شیعر گشت بەسەر دەکاتەوە، بەڵام مێژوو کەمایەتی))[35]، ناوادارترین جۆری گێڕانەوە ئەوەیە تا کۆتایی داستانەکە لە گێڕانەوە بەردەوام بێت.

گێرەرەوە هەواڵی (خَبَر) ڕووداوەکانمان پێ رادەگەینی (مەحەمەد قازی) وەها پێناسەی خەبەرمان بۆ دەکات دەڵێت (( چیرۆکێکە مۆرکی یا رەنگی مێژوویی هەڵگرتووە ))[36]. لە گێڕانەوەی داستاندا دەکرێت میتۆلۆژیا بەکاربردرێت کە میللەت لەسەر ئەم بیرو باوەرەیە یان لە چەرخێکدا لەسەر ئەم بیرو باوەرە بووە لە داستان ڕەنگ بداتەوە، چونکە دواجار ئەم ئەدەبە هەڵقووڵاوی نەتەوە و میللەتە، شاتۆ بریاند دەڵێت ((کۆمەڵ دەبێ ئەدەبێك بخاتەوە کە لەگەڵ بیرو باوەرو رێبازی بیرکردنەوەی خۆیدا بگونجێ))[37] .

لەداستانی (مەم و زین)دا ئەفسانەناسی ئاینی ئیسلامی پێوە دیارە کە خەڵك پێوەی پابەندن وەکو نوێژ کردنی پاڵەوان و پارانەوە لە خودا و هانا بردن بۆپێغەمبەری ئیسلام وەکو ئەوشتە باوانەی لە پێشان لەناو میللەتانی ئیسلام دا هەبوو بەتایبەتی لە ناو میللەتی کورد .

---

[32] هێمن جاسم محمد، هونەرەکانی گێڕانەوە لە رۆمانەکانی (خوسرەو جاف) دا، نامەی ماستەر، زانکۆی سەلاحەددین، کۆلێژی زمان، ٢٠١٥، ل٤٣

[33] جەوهەر مەحەمەد مەولود شێخانی، بنیاتی کارەکتەر لە رۆمانەکانی حسێن عارف دا، نامەی ماستەر، زانکۆی سەلاحەددین، کۆلێژی زمان، ٢٠١٣، ل٨٥

[34] جنات بلخن، السرد التاريخي عند بول ريكور، منشورات الاختلاف، طبعة الاولى، ٢٠١٣، ل٥٧

[35] ئەحمەد سالار، هونەر و ژیان، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، چاپی یەکەم، سلێمانی، ٢٠٠٥، ل١١٨

[36] ميادة عبدالكريم العامري، البنية السردية كتاب الاغاني لأبي الفرج الاصبهاني، رسالة ماجستير، جامعة ذي قار، كلية التربية، ٢٠١١، ل١٧

[37] زاهیر رۆژبەیانی، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٢٦

داستان به شیعر دەنوسرێت لەبەر ئەوەی شێوازەکەی جیایە لە ڕەگەزە کانی تر، بێگومان شیعریش کۆمەڵێك یاسا و ڕێسای هەیە بۆ ئەوەی بتوانی داستانی پێ بنوسیەوە، کێشەکان قالبێکی دیاری کراویان نییە کە تەنیا دەبێ بەم شێوەیە بنوسرێتەوە تەنیا ئەوە نەبێت پێویستە ئاسان بێت لەرووی ریز کردن و ئەزبەر کردن و موسیقای شیعری و ڕەنگە هەندێك دێر درێژ بێت هەندێکیش کورت، بەڵام جۆری هاتنە سەر دەمە بەپێی رستەکە گرنگترین شت لەرووی ریز کردن گونجان هەبێت لە رستەکان و ئاوازێکی خۆش ببەخشێت لەکاتی خوێندنەوە. زۆری دێرە شیعریەکانی داستان کە ڕەنگە چەند هەزار دێرێك بن بۆ ئەوەیە ڕووداو و کەسایەتی و باس کردنی مێژووی نەتەوە ئەوە هەڵدەگرێت بە تاقەت و حەوسەلەی گەورەوە باس بکرێت لەلایەن شاعیرەوە، دەنا ناکاملی لە نوسینەوەی داستانەکەدا بەدیار دەکەوێت.

باس کردنی مێژوو گواستنەوەیان بۆ ناو داستان ئەوە نییە کە شاعیر کاری مێژوو نووس بکات لەداستاندا، بەڵام مێژووی میللەتێك دەنوسێتەوە بە زمانی دایك بەشیعر لەداستانێکدا کە بەو ئاسانییە نییە هەموو تاکێك بتوانی داستانی نەتەوەیی خۆی بخوێنێتەوە مەگەر خودی شاعیر شێوازێکی سادە بەکار بهێنێ کە بەئاسانی هەرسی ڕووداوەکان بکرێت. هەر بۆیەشە (ریکۆر) دژی روتکردنەوەی گێڕانەوەیە لە زەمەن ئەو کردەیە دووبارە دەکاتەوە کە مێژوو کردی ئەوەش راستە کە دەڵێن گێڕانەوەی ژیان لە دەقێکی ئەدەبی دوبارە کردنەوەی فۆتۆگرافی ژیانە، بەڵام گێڕانەوە داهێنانی تێدا دەکرێت، ((خوێنەر چێژ لە بەسەرهاتەکە نابینێت)) [٣٨].

ئەمە ئەوە ناگەینێت لە گێڕانەوەی داستاندا شاعیر هونەری گێڕانەوەی بەهێز نەبێت واتا بنیادەکانی گێڕانەوەی رەچاوی بەیەك پەستنەوەی ڕووداوەکان نەکات و جولاندنەوەی کەسایەتیەکان لە خزمەت ڕووداوە گەورەکە نەبێت بەو واتایەی کەباسی ڕووداوە لاوەکیەکە جیابێت یان خۆی بە گێڕانەوەی شتی لاوەکی خەریك بکات ئامانجە گەورەکە لەیاد بکات، چونکە گێڕانەوەی داستان تەنیا بۆ خۆشی نییە وەکو هەندێك ڕەگەز بەڵکو پیشاندانی مێژووی نەتەوەیەکە بۆیە بەسەلیقەو بە ووردی دەبێت گێڕانەوەی بۆ بکرێت. (تۆدۆرۆف )باس لە دوو جۆر گێڕانەوە دەکات ((گێڕانەوەیەك کە تەنیا شایەتە، ڕووداوەکانمان بۆ دەگێرێتەوە و باسی کەسەکان دەکات، گێڕانەوەی دووەم گێرەرەوە لەپشت کەسەکان خۆی حەشار داوە، ڕووداوەکان لەبەر چاومان دێن و دەچن، کەسایەتیەکان بەزمانی خۆیان قسە دەکەن)) [٣٩] تۆدۆرۆف وەکو کلاسیکیەکان گێرەرەوە دەکات بە دوو بەشەوە. بەڵام

---

[٣٨] سەنگەر حاجی، سەرچاوەی پێشوو، ٢٠٠٧، ل٣٤

[٣٩] د. يمنى العيد، تقنيات السرد الروائي في وضوء المنهج البنيوى، دار الفارابي، طبعة الثالثة، بيروت –لبنان، ٢٠١٠، ل٢٥٦

**((گێڕانەوەی بابەتی بەسەربەخۆیی گێڕەرەوە جیا دەکرێتەوە لە هەڵوێست و ڕووداوە گێردراوەکان ))[40] بەشداری ناکات خۆی کەسێکی نامۆیە لە ڕووداوەکانی داستاندا.**

**چیرۆك ئامێزەکان سەردەمی نوێ پەیرەو دەکرێت کەنووسەر خولقێنەرە بەڵام بزرە دەڵێت ((نوسەر دەکرێت لە (لە دەقەچیرۆك ئامێز)ەکەیدا، وەك خوا لە جیهاندا، لەهەموو شوێنێك بێت، بەڵام لەهیچ شوێنێك نەبێ))[41] ئەو گێرەرەوانەی بزرن ئەوان گێڕەرەوەی بابەتین بەگشتی (( گێرەرەوەی نادیار خاوەنی سیفەتی بابەتیانە هەوڵی ئەوە دەدات رەنگدەرەوەی کارو ڕووداوەکان بێت، کە کارەکتەرەکان ئەنجامی دەدەن، نەك گێرەرەوە دروستی کردبێت))[42] گێڕەرەوە زۆر جار لە گێڕانەوەی داستان و حکایەتەکاندا لەباس کردنی خودی بە دوور نین یان هەر نەبێت ئەو دێرانە دەهۆنەوە کە زادەی باس کردنی خودن یان کەمێك دورن لە بابەتی ڕووداوەکە بۆیە هەوڵ دەدەن لە پشت بەرهەمەکانیان خۆیان بشارنەوە ئەمەش بەتاییەتی لە هۆنینەوەی شیعر روودەدات، دەتوانین بڵێین خۆ سە پاندنێك بەدی دەکرێت ڕەنگە لە ژانرەکانی تر جگە لە شیعر کەمتر بەدی بکرێت .**

**شاعیر لە باس کردنی ڕووداوەکان لە شیعری داستانیدا بە هەڵچوونەوە دەگێڕێتەوە راستە ڕووداوەکان لە مێژوودا روویان داوە بەڵام تێئاخنی خەیاڵ ریالستی داستانەکەی ونکردووە ئەمەش شاعیر ئەرکی گێرەرەوە دەبینێت لە رووانگەی خۆیەوە دەروانێتە ڕووداوەکان نەك ئەوەی کە رووی داوە ڕەنگە شاعیر پاڵەوان ئەوەندە پاك و بێگەرد نیشان بدات واش نەبێت لە رەسەندا.**

**شاعیران کە داستانی میللەتان دەگێڕنەوە بێگومان کلتور و فەرهەنگەکەشی دەگوازنەوە ڕەنگە نوسینەوەی داستان بەسەر کەسێك دانەبڕێت کە داستان دەنوسێتەوە یان گێڕابێتەوە، بەڵکو میللەت خاوەنییەتی ڕەنگە گێرەرەوە هەر بزربێت کە زۆربەی شیعرە داستانییەکانی میللەتانیش ئاوان دواتر هەر شاعیرێك لە روانگەی خۆیەوە دەروانێتە داستانی میللەتەکەی بەلایەنێکی کاریگەر دەبێت دەیخاتە قالبێکی شیعری وەك (مەم و زین)ی ئەحمەدی خانی. لەشیعری داستانی فۆلکلۆری دا شاعیر دور دەکەوێتەوە لە هەستەکانی خۆی بەڵکو گەورەیی کارەساتەکە بە دیار دەخات ئەم جۆرە داستانە خۆ کردن واتا شاعیر دروستی نەکردوون، بەڵکو روویان داوە لە رابردوویەکی زوو کە شەقڵێکی مێژووی ئەو میللەتەکەی دەرکردووە جۆری ڕووداوەکان و ململانێی پاڵەوانەکان لەگەڵ ژیان تاییە تمەندی**

---

[40] پەری سالح حەمید موفتی، گێڕانەوە لە چیرۆکەکانی (ئەحمەد محمد ئیسماعیل)، لێکۆڵینەوەی رەخنەیی شیکاری، نامەی دکتۆرا، زانکۆی سەلاحەدین، کۆلێژی زمان، ٢٠١١، ل١١

[41] عبدالخالق یەعقوبی، دەنگی بلورینی دەق، رەخنەو لێکۆڵینەوە، چاپخانەی راز، ٢٠٠٥، ل ٨٠

[42] پەری سالح، سەرچاوەی پێشوو، ل١٦

سەردەمی ئەو میللەتەکە دەردەخات ئەمەش ئەوە ناگەیەنێ کە شیعری داستانی فۆلکلۆری خالیە لە هەست چونکە یەکێك لە خاڵە جەوهەریەکانی شیعر هەستە، بەڵام باسی خودی خۆی ناکات. لێرەدا دەبێت ئەوەمان بۆ روون بێت کە ڕەنگە جۆرە داستانێك هەبن دروستکراوو بن شاعیر دروستی کردبن کە کەسانێك دەکاتە پاڵەوانی ئەم جیهانە کە تەنیا لای ئەو داستانەکە بوونی هەیە لە رەسەندا هیچ سەرچاوەیەکی مێژوویی و فۆلکلۆری بەرچاو ناکەوێت، عەلائەدین سوجادی دەڵێت ((کورد لە چیرۆك و ئەفسانەی کۆندا زۆر دەوڵەمەندە، بەڵام کۆنەکراوەتەوە و نەنوسراوە هەر شتێك هەبووە هەر دەماو دەم گێردراوەتەوە))[43]، هەروەها لە داستاندا پیشاندانی پاڵەوانی سەرەکی بەشێوەیەك لەگەڵ راستی ڕووداوەکە بگونجێ و هەروەها پەیرەوی گێڕانەوەی سەرەتاو ناوەراست و کۆتایی بکات، (والاس مارتن) دەڵێت گێڕانەوە((بەدوای یەك داهاتنی ڕووداوەکانە)) [44] بەڵام کۆتایەکی روون بەبێ تەم و مژی یان کەمترین تەم و مژی، لابۆف دەڵێت ((ئەگەر وا دەبنێین گێڕانەوە پێکدێت لە کۆمەڵێك وولام بۆ پرسیاری دیاری کراو، کەواتە داشکان یاخود ئەنجام ئەو توخمانەن کە وولامی ئەو پرسیارانە دەدەنەوە (چی روویدا لە کۆتایی)؟!))[45] ئەگەر داستان کۆتای هات ئەم کۆتایی هاتنەش دور بێت لە خودی ڕووداوەکانی ناوەرۆکی داستانەکە ئەوا کۆتاییەکی لاواز دەبێت بەهای هونەری کەم دەکاتەوە.

لە پەیوەندی گێڕانەوەی داستان بە مێژووەوە پەیوەندیەکی یەکجار بەهێزیان هەیە، چونکە داستان خۆی ڕووداوێکی مێژووییە ((هەر چەندە پەیوەندی مێژوو و گێڕانەوە بەهێز بێت، ئەمە ئەوە ناگەیەنێ کە مێژوو گێڕانەوەیە یان گێڕانەوە مێژووە، هەر چەند پەیوەندیان توند و تۆل بێت نابێتە هۆی ئەوە پەیوەندی ناسنامەو یەکانگیریان بەتەواوی یەکسان بێت، بەڵکو پەیوەندیەکە چوونە ناو یەك و گۆرینەوەی بابەتیە))[46] لەدێر زەمانەوە مرۆڤ پەیوەست بووە بە گێڕانەوە، کە جەدەلی لەگەڵ سروشت و پرسیار لە بوون. . . هتد، وا دەکات گێڕانەوە فەزایەك بێت بۆ پرسیارە گەرمەکان و ڕووداوە مێژووییەکان، (عەبدولمەلیك مورتاز )دەڵێت ((هەر ئەدەبێك بە بێ گێڕانەوە ئەدەبێکی ناتەواوە لەهەر زەمانێك لە زەمانەکان دابێت))[47] گێرەرەوە زۆری دەکەوێتە ئەستۆ لە کاتی گێڕانەوەی بەسەرهات لە داستاندا پێویست بەوە دەکات بەئاگاییەوە مامەڵە بکات، بۆیە شاعیری داستان نووس خۆی

[43] هێمن جاسم محمد، هونەرەکانی گێڕانەوە لە رۆمانەکانی (خوسرەو جاف) دا، نامەی ماستەر، زانکۆی سەلاحەددین، کۆلێژی زمان، ٢٠١٥، ل٣٠

[44] عبدالمنعم زكريا القاضي، البنية السردية في الرواية، مطبعة عين للدراسات و البحوث الانسانية و الاجتماعية، الطبعة الاولى، ٢٠٠٩، ل٢٧

[45] ڕێزان عوسمان مستەفا، بنیاتی جۆرەکانی ڕووداو لە رۆمانی کوردی باشوری کوردستان دا (١٩٨٥-١٩٩٠)، هەولێر، ٢٠١٠، ل٣٢

[46] جنات بلخن، سەرچاوەی پێشوو،ل٧٩

[47] ميادة عبدالكريم العامري، سەرچاوەی پێشوو، ل١٨

گێرەرەوەیە باسی بەشداری خۆی ناکات لە دروست کردنی ڕووداوەکان و کەسایەتیەکان، بۆیەشە جیاوازی لە نێوان شیعری داستانی و شیعری گۆرانی لەوەیە کە شاعیر لە شیعری داستانی گێرەرەوەیە خۆی نایەتە مەیدان بەڵکو مەیدانەکە بۆ ڕووداوەکان و کەسایەتیەکان بە جێدەهێڵێ کەمتر دەردەکەوێ، بەڵام شاعیر لە شیعری گۆرانی دا خۆی سواری مەیدانە ئەوەتا ئۆسکار مان لەزاری خەڵکەوە شعرەکانی وەرگرتووە کە شیعرەکانی فۆلکلۆرین خۆی ناکات بە خاوەنی گێڕانەوەکە دێت هەموو خەڵك بەشداری پێدەکات لە پرۆسەی گێڕانەوەی داستانی مەم و زین دا، (بیرنشتاین) پێی وایە کە دەبێ کۆمەڵ بەشدار بێت لە گێڕانەوەدا ((شێوەکانی گێڕانەوە پێویستی بەکەرەستەی کۆمەڵ هەیە بۆ ئەوەی کامڵ بێت))[48].

لەهیچ داستانێکی میللەتان نییە کە زیادەڕۆیی یان درێژ دادری یان پیاهەڵدانی زیادی تێدا نەبێت بەڵام گێرەرەوە هەیە کەمتر هەست و سۆزی خۆی تێدا کردووە یان ڕاستگۆ بووە لەگەڵ خودی بابەتی داستانەکە، ڕاستگۆیی گێرەرەوە بەوانە دەگوترێت کە ((تا چەند ڕاستگۆیە لە گێڕانەوەی ڕووداوەکان، چۆن کۆمێنت و حوکمەکان پێشکەش دەکات))[49] ئەگەر خوێنەر هەستی کرد کە بەئەمانەتەوە وێنە خەیالیەکان وەسف دەکرێت ئەوا شاعیری گێرەرەوە سیقەدار دەبێت، بە پێچەوانەشەوە خوێنەر شکی لێ دروست دەکات. گێرەرەوە بەگشتی لە سەر دوو شتی بنەرەتی گێڕانەوە دەکات :

١- (چیرۆکێك، کەچەند ڕووداوێکی دیاری کراوی لە خۆ گرتووە.

٢- ڕێگایەك دیاری دەکات، کە چیرۆکەکە دەگێڕێتەوە، ئەمەش پێی دەڵێن گێڕانەوە، بۆیە دەکرێ چیرۆکێك بە چەند ڕێگایەك بگێردرێتەوە)[50]

ب/ گێڕانەوە لە شانۆ دا:

ناکرێت گومان لە بوونی گێڕانەوە بکەین لە شانۆ دا، لەبەر ئەوەی شانۆ دوبارە ڕووداوەکان لە شێوەی حیکایەت دەگێڕێتەوە. (تزفیتان تۆدۆرۆف) پێی وایە کە سێ شتی بنەرەتی لە گێڕانەوە بێتە دی ئەویش (گێرەرەوە،

---

[48] جنات بلخن، سەرچاوەی پێشوو، ل٥٨

[49] عبدالمنعم زکریا القاضي، سەرچاوەی پێشوو، ل١٦١

[50] د. حمید لحمدانی، بنیة النص السردي في المنظور النقد الادبي، مطبعة المرکز الثقافي العربي للطباعة النشر و التوزیع، طبعة الاولی،بیروت، ١٩٩١، ل٤٥

گێڕدراوە، ئەوەی بۆی دەگێڕدرێتەوە)،[51] ئەمە سەرەرای ئەوەی کە هەر یەکەیان پێویستی بەویتر هەیە. گێڕەرەوە دەقە چیرۆك ئامێزەکان دروست دەکات، دەقێکی چیرۆك ئامێز نابینرێتەوە بەبێ گێڕەرەوە ئەو گرنگیەش لە گێڕانەوەی ڕووداوەکان و پێشکەش کردنی کەسایەتی و وێنە کێشانی وێنەی چوارچێوەی کات و شوێن کە ڕووداوەکان بەدیار دەکەون و دەخایەنێ دیسان گێڕەرەوە هەموو ئەو شتانەی ڕوویانداوە پێشکەش دەکات بە زارەکی یان بە نووسین. هەر وەها لە شانۆدا باسی رەفتارەکانی مرۆڤ دەکات بۆیە خاڵی نییە لە گێڕانەوە بەشێك لە ڕووداوەکان روویان داوە بەر لەوەی شانۆ دەست پێ بکات. ((دراما پێویستە دەست بە ئێستا پێبکات و ئاماژە بەرابردوو بدات لە چوار چێوەی ئێستا دا، لەبەر ئەوەی دراما یان لە حاڵەتێکی نالەباردایە یان باشترین حالەت دایە، بۆیە شانۆ هەر شتێکی بەکەوێتە پاش و پێشی ئەم حاڵەتە فەرامۆش دەکرێت))[52] ئاماژە بە ڕووداوەکان دەکرێت لە کاتی دیالۆگی کارەکتەرەکان کە نمایش دەکرێت (ئێستا)ی بێت. شانۆ کار لەسەر حاڵەتی ئێستا دەکات ناگەرێتەوە حاڵەتەکانی هەڵوێستی بەر لە ئێستا و هەڵوێستەکانی داهاتوو، چونکە شانۆ باس لەو بارە دەکات ئێستا دەگوزەرێ، ئەگەر بۆ نووسەر روون بویەوە کە حالەتەکە قەیران یان نالەباری دروست ناکات پێویستە فەرامۆشی بکات هەر بۆیە مەرجە لە شانۆ نالەباری هەبێت.

ئەو ڕووداوانەی روو دەدەن مەرج نییە لەیەك شوێن بێت هەموو کات، بەڵکو چەند شوێنێك هەڵدەبژێرێت بۆ هەر ڕووداوێك کە لە (ئێستا) روو دەدات، بینینی ڕووداوەکە، کە روو دەدات دوای (ئێستا) دەبێتە ئێستا، لەو حالەتەدا هەست بە گێڕانەوە دەکرێت، کەواتە ڕووداوەکان لە کات و شوێن دا بەدوای یەکدا دێن لەبەر ئەوەیە ڕووداو هەیە رووی داوە هەندێکیش روو دەدەن و هەندێکیشیان چاوەڕێی ڕوودانیان دەکەین. لێرەدا خوێنەر دەبێ خۆی دیمەنەکان و ڕووداوەکانی سەرەتاو کۆتایی رێك بکات لە مێشکی دا بەمەش خوێنەر هەست بە گێڕانەوەی دیمەنی ڕووداوەکان دەکات لە زەینیدا و هەر وەها هەر یەکەو بە ویستی خۆی شرۆڤە بۆ ڕووداوەکان دەکات کە تاك مەجالی ئەوەی پێدراوە بیربکاتەوە و هاموشۆی ڕووداوەکان لە مێشکی بکات.

((لێکۆڵەرەکان بۆ دیاری کردنی ناسنامەی کەسی گێڕەرەوە پشت دەبەستن بە خوێنەر، لەبەر ئەوەی هەر خوێنەرە لە کاتی خوێندنەوەدا وێنەیەکی لا دروست دەبێت بۆ سەرچاوەی هەواڵ زانین ئەویش بە (٣) سەرچاوە دەست دەکەوێت :

[51] میادة عبدالكريم العامري، سەرچاوەی پێشوو، ل ١١٩

[52] د. رشاد رشدی، فن الكتابة المسرحية، الهيئة المصرية العامة لكتاب، ١٩٩٨، ل٤٣

- لەلایەن گێڕەرەوە

- لەلایەن کارەکتەرەکان کە لەناو چیرۆکەکەوەن

- خوێنەر ئەو هەوالأنەی، کە لە ڕێگای رەفتاری کارەکتەرەکان دەستی دەکەوێت ))[53].

گێڕەرەوە ناوی ریالستی شوێنەکان بەکار دەهێنێ کە ڕووداوەکەی لێوە رووی داوە یان لەو شوێنەوە جولە بەڕووداوەکان کراوە کە بەراستی لەسەر زەوی هەبێت مەبەستی گێڕەرەوە/نوسەر بۆ ئەوەیە خوێنەر باوەر بەگێڕانەوەکەی بکات و ڕووداوەکان بەراست وەربگرێت، لە پرۆسەی گێڕانەوەی دەقدا گێڕەرەوە/نوسەر بەشێوەیەکی هێمن بەتەکنیکی جۆراو جۆر دەچێتە ناو ڕووداوەکە ئەوا خوێنەری شانۆیی لەوە دەربازیان دەبێت باس لە رابردوو بکرێت کە پاڵەوانی ڕووداو چۆن ژیانی بەسەر بردووە یاخود چۆن پەروەردە کراوە. رەگ و ریشەی دراما دەگەرێتەوە بۆ ئەو ئاهەنگە سروتە ئاینیانەی کە سالانە بۆ خودای (دیونیسیوس)دەکرا، لەوەرزی بەهار و پایزدا مەراسیمیان ئەنجام دەدا، کە ڕووداوی ناخۆشی تێدابوو هەمیش خۆش. بەڵام تراژیدیا وەك دەقێکی ئەدەبی مەبەستمانە بنیاتەکان و سەرنجەکانی دەگەرێتەوە بۆ داستانەکانی هۆمیرۆس وەك (ئەحمەد عوسمان) دەلێت ئەسخیلۆس گوتوویەتی (( تراژیدیەکانی من ئافرەتێکن لە خوانەکانی هۆمیرۆسی مەزن ))[54] مەبەستی ئەسخیلۆس ئەوەیە هونەری شانۆ لە هۆمیرۆسەوە فێر بووە. جاران شانۆ بەشیعر دەنوسرا یان بەشێك لە شانۆ نامەکەدا شیعر هەیە جیا لەو دیالۆگەی کە شانۆی لەسەر بنیاد نراوە زور جاریش پرسیار و وولامەکانی ئەویش هەر بەشیعر دەهۆنرێتەوە.

لە شانۆدا نوسەر/شاعیر ناکرێت بە دوای هەستی خۆی بکەوێت کە شاعیر هەستەکانی خۆی راستەوخۆ تێدا نمایش بکات یان دەربخات، چونکە شیعری شانۆیی دەبێ لە ریالیستی نزیك بێت نەك وەکو حیکایەتەکانی بەر ئاگردان گێڕانەوە بکات و خەیاڵی تەژی بکات، بەڵکو دەبێ چارەسەرێك بۆ ئەو کێشەیە دابنێت کە شیعری بۆ هۆنراوەتەوە هەر لەبەر ئەوەشە دەلێن شانۆ پەیامەکەی بۆ گشتە نەك تاك. لە هەموو ئەوانەی باس کران مێژوو خۆی دەخزێنێتە ناو زۆربەی بابەتە ئەدەبیەکان لەسەرووی هەموویانەوە پەیوەندیەکی چوونە ناو یەکی لەگەڵ گێڕانەوەی بابەتە ئەدەبیەکاندا هەیە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا گێڕانەوە یەکسان نییە بەمێژوو ((گرنگترین شت کە مێژوو لەدەقە چیرۆك ئامێزەکان جیا دەکاتەوە ئەوا پێشینەیە لە هەردوکیان، نمونە ئەگەر چیرۆك ئامێزەکە

[53] د. حمید لحمدانی، سەرچاوەی پێشوو، ل٥١
[54] محمد حامد محمد یحیی، سەرچاوەی پێشوو، ل١٣

خەیاڵی بوو، ئەوا مێژوو واقیع وەکو نمونە بەڵگە نامەکان و شوێنەوارەکان و هەموو ئەو شایەتانەی ڕووداوەکان دەگێڕنەوە کە ڕووداوەکە بەڵێ روویداوە لە رابردوو))[٥٥]، بەڵام (دێڤید کاڕ) زەقتر لە جنات بلخن باسی گێڕانەوە دەکات لە ریالیستی بەدووری دەخاتەوە دەلێت ((گێڕانەوە بەتەواوی لە جیهانی واقیع نامۆیە، نەدوو نە نزیك هاوشێوەی واقع نییە)) [٥٦] ڕەنگە ئەم قسەیە قورس بێت بۆ هەموو گێڕانەوەیەکی ئەدەبی کە هیچ گوزارشت لە ریالیستی ناکەن، چونکە بەشێکی زۆری ئەو ڕووداوانەی لە دەقە ئەدەبییەکان جێگایان دەکرێتەوە، ئەگەر رێك وەکو خۆشیان روویان نەدابێ، هاوشێوەی ئەو ڕووداوانەن کە لە ژیانی رۆژانەدا روو دەدەن.

گێڕانەوە گۆرانکاری بەسەر داهاتووە بەتاییەتی بابەتی گێڕانەوەکان، چونکە مرۆڤایەتی بە قۆناغی راو شکار و کشتوکاڵی و پیشەسازی تێپەریووە هەر جۆرە گێڕانەوەیەك گوزارشت لەسەردەمەکەی خۆی دەکات هەم لە رووی روخساریش کارەکتەرەکان چیتر خوداوەند نەماون بەڵکو مرۆڤی ئاسایین، هەروەها لە مەبەستیش کۆرانکاری بەسەر داهاتووە جاران بۆ پێکەنین و ترسان و سەرنج راکێشان بوو دواتر گۆرا بۆ ئامۆژگاری و فەلسەفی و پەروەردە کردنی گەورەو بچوك بەتاییەتی لە شانۆ رۆڵی گێرەرەوە بە لاواز دەرکەوت بەوەی کارەکتەر رۆڵیان پێدراوە بۆ نواندن و گێڕانەوە لەسەر زمانی ئەوان شت دەبیستین ئەمەش رێك وەك ئەو رایەی ئەرستۆیە کە لەرێگەی نواندنەوە گێڕانەوە پێشکەش بکرێت نەك حیکایەت خوان، گۆرانیش رۆڵێکی گرنگ دەگێرێت لە رووی چێژ بەخشین بە خوێنەر/بینەر دەبەخشێت ئەرستۆ وەسفی گۆرانی دەکات بەوەی کە (گۆرانی توانایەکی باشی هەیە لەرووی کاریگەری. . . ، توخمێکی زۆر کاریگەرە لە شانۆ راکێشانی هەیە بە پێی تێگەیشتنی ئەغریقی کۆن)[٥٧]ئەفلاتۆنیش گرنگی بەو جۆرە شیعرانە داوە کە جۆرە مۆسیقایەکی گۆرانی تێدایە ((شیعری ویژدانی/غنائي دەربڕینێکی هەستی و دەروونی بووە لە خۆشترین ئاوازدا))[٥٨] ئەفلاتۆن گرنگی بە شیعری گۆرانی داوە نەك شیعری داستانی و شانۆیی چونکە کۆنترین جۆرەکانی شیعر بووە، ((گرنگترین خاسیەت و تاییەتمەندیەکانی شیعری گۆرانی ئەوە بوو بەو کێشە تاییەتیانە هۆنراوەتەوە، کە بە مەبەستی گۆرانی گوتن بەهاوکاری ئامێرە مۆسیقاییەکان بوو گۆرانییەکانیش یان بە تاك دەگوترا یان بە کۆمەڵ))[٥٩]، سۆز و ئاواز بەشێکی سەرەکی ئەم جۆرە شیعرەیە کە باسەکانی (خۆشەویستی نیشتیمان، دڵداری، ترس و باوەر، چاك و خراپ و. . . دەسورێتەوە).

---

[٥٥] جنات بلخن، سەرچاوەی پێشوو، ل٨٠

[٥٦] عەبدولموتەلیب عەبدوللا، بنیاتی گێڕانەوە لە نێوان دەق و خوێنەر دا، گۆڤاری رامان، ، چاپخانەی خانی، ژمارە (١٩٠)، دهۆك، ٢٠١٣، ل٧١

[٥٧] محمد حمدی ابراهیم، نظریة الدراما الاغریقیة، مطبعة الشرکة المصري العالمیة للنشر –لونجمان، طبعة الاولی، ١٩٩٤، ل٣٤

[٥٨] شوکریە رسول، ئەدەبی کوردی و هونەرەکانی ئەدەب، چاپخانەی خوێندنی باڵا، هەولێر، ١٩٨٩، ل١٥

[٥٩] ئەحمەد سالار، هونەر و ژیان، سەرچاوەی پێشوو، ٢٠٠٥، ل٦٣

پێویستە شیعر قورس نەبێت بۆ ئەوەی خەڵك بتوانێت دووبارە بکاتەوە بۆیە داریۆش اشوری پێی وایە ((زمانی شیعر ڕەنگین و مۆسیقادار و گەرم بێت))[٦٠] ئەمانە هەموو ئەوە دەگەیەنن کە مەرج نییە تەنها داستان بەشیعر بنوسرێت و گۆرانی تێدابێت بەڵکو شانۆش هەبوونی شیعر بەتایبەتی شیعری گۆرانی پێویستیەکە بە هەبوونی لە شانۆدا چێژێکی تری پێ دەبەخشێت، گێرەرەوە بەسێ جۆر دەردەکەوێ یان خۆی نیشان دەدات کە خوێنەر لە خوێندنەوەی دەقەکاندا هەستی پێ دەکات گێرەرەوەیەك کە زیاتر دەزانی لە کەسایەتیەکان بێگومان راناوی (ئەو) بۆ گێرەرەوەی هەموو شت زان بەکار دێت، گێرەرەوەیەك وەکو کەسایەتیەکان زانیاری هەیە هیچ ئاماژەیەك نادرکێنێ واتا ئەگەر کەسەکە زانیاری لەلا هەبوو گێرەرەوە زیادی ناکات راناوی (ئەو)بۆ گێرەرەوەی هەمان شت زان بەکار دێت.

گێرەرەوەیەکیش هەیە کەمتر لە کەسایەتیەکان دەزانێت واتا کەسەکان زانیاری دەدرکێنن گێرەرەوە کەمتر دەردەکەوێت، کە ئەمەش زیاتر لە شانۆ بەکار دێت. ئەگەر رابردووی پاڵەوان پێویست بوو بناسرێت بۆ زیاتر خۆشویستنی، هەندێك راستی پەردەی لەسەر هەڵدەماڵدرێ، چونکە ئەگەر باس نەکرێت ئەوا ڕەنگە داهاتووی دەشێوێ، لەو حاڵەتەدا نوسەر/شاعیر هەڵدەستێ بە بەکارهێنانی فلاش باگ بۆ ئەوەی خوێنەر زیاتر ئاشنای رابردووی پاڵەوان بێ بە شێوەیەکی خێرا چونکە زیاد باس کردنی پاڵەوان ئەوا شانۆ لە ئێستایی دا دەست پێناکات هەر وەکو رەگەزەکانی تری لێدێت وەکو رەگەزی داستان. خالێکی تریش هەیە لە شانۆ نووسەر/شاعیر ناچارە گێڕانەوەی بۆ بکات ئەگەر ئەو بابەتەی کە هەڵی دەبژێری داستانی بێ یاخود ئەفسانەیی، ڕووداوەکانیش گرنگن خوێنەریش گرنگی پێ دەدات لە هەمان کاتدا زۆر زەحمەت بەرجەستە دەکرێن بۆیە ناچارە گێڕانەوە بەکار بێنێ بۆ ئەوەی گرنگی شانۆییەکە زیاتر دەرکەوێ.

خوێنەر چاودێری هەنگاو بەهەنگاو دەکات بۆ ئەوەی بزانێ چی ڕوویداوە هایدن وایت دەڵێت ((هەموو چیرۆکێك گێرەرەوەیەکی هەیە، هەموو دەنگێکی گێڕانەوە دەنگێکی دەسەلاتدارە، دەتوانین بلێین گێرەرەوە چیرۆکەکە دەزانێ، ئێمەی خوێنەر و گوێگر بۆ یەکە مجار ئاشنانین گێرەرەوە خۆی دەزانێ لە کوێ کۆتایی دێت ئێمە دەبێ چاوەرێ بکەین))[٦١] بۆیە خوێنەر کۆیلەن تا کۆتایی دێت بەردەوام چاودێری هەنگاوەکان دەکەن خۆیان دەخەنە ژێر رکێفی گێرەرەوە، چونکە ئەو دەسەلاتدارە. ((گێرەرەوە بەسەرهاتەکەمان پێشکەش ناکات بە زنجیرەی رێك وەك ئەوەی

[٦٠] سەنگەر قادر شێخ محەمەد حاجی، فەلسەفەی شیعر و شیعری فەلسەفی لە ئەدەبی هاوچەرخی کوردی دا، نامەی دکتۆرا، زانکۆی سەلاحەددین، کۆلێژی زمان، ٢٠١١، ل ١٥

[٦١] بول ريكور، الوجود والزمان والسرد فلسفة، ترجمة والتقديم :سعد الغا نمي، المركز الثقافة العربي، طبعة الاولى، ١٩٩٩، ل٢١٩-٢٢٠

روویداوه، بەڵکو ڕووداوەکان وا ڕێکخستنی بۆ دەکات بۆ جوان نیشاندانی)) [62] بۆ ئەوەی بەهای هونەری سەرنج ڕاکێشی هەبێت، بۆیە چەندین جۆر تەکنیك و شێواز ی گێڕانەوە بەکاردێنێ لە نیشاندانی کات و شوێن و ڕووداوەکان و پاڵەوان بۆ ئەوەی کارە ئەدەبیەکەی بەجوانی دەرکەوێ هەر بۆیەشە لەکاری شانۆ/دراما دا چڕ کردنەوەی تەکنیکی گێڕانەوە زیاتر دەبینرێ لەچاو ڕەگەزە ئەدەبیەکانی تر.

لویس مینك( L. Mink )وەکو (ڕۆلان بارت) هەمان بۆچوونی هەیە کە دەلێت (( چیرۆکەکان ناژین، بەڵکو دەگێردرێنەوە. ژیان سەرەتاو ناوەراست و کۆتایی نییە))[63] جنات بلخن کە گێڕانەوەی مێژوویی لای پۆل ریکۆر پێشکەش دەکات وەها باسی تەکنیکی گێڕانەوە دەکات لە کارە دەقە چیرۆك ئامێزەکان دەلێت ((ئەو قۆناغەی کەسایەتی پێدا دەروات لە گۆڕانی حالەتەکە لەئەرێنییەوە بۆ نەرێنی و بە پێچەوانەشەوە گێڕانەوە هەر چۆرێك بێت بەوە لەیەك جیادەکرێنەوە کە تەکنیکی گۆران لە چاودێری پێشڤەچوونی ڕووداوەکان لەسەرەتای ڕووداوەکان تا دەگاتە کۆتایی بە ئالۆزی تێپەردەبێت )) [64] شانۆ خۆی کاتی کەم دەخایێنێت بۆیە ناکرێت ڕووداوەکان خاو بوونەوەی زۆر بەخۆوە ببینێ وەکو ئەوەی لەداستاندا هەیە ئەگەر خاوو بونەوەش هەبێت نوسەر بەتەکنیکی برین یان لادان بە شێوەیەکی هونەری بەکار دێنێ کە ڕەنگە سالێك یان چەند مانگێك بە دێرێك ئاماژە پێبکات. لەم حاڵەتەدا خوێنەر ڕووداوەکانی ناو شانۆ بەگەرمی دەبینێ هەر بۆیەشە لە شانۆدا وەسف لە چاو لادان و بڕین کەمتر دەبینرێ ئەمەش ئەوە ناگەینێ کە وەسف نییە بەڵکو لە شانۆدا زۆر جار نوسەر بەرلەوەی دەست بەهەڵدانەوەی پەردەی یەکەم کە ڕووداوەکان جولە پێبکات وەسفی شوێنی ڕووداوەکان دەکات وەك چۆن ع. ر. هەکاری بەر لە هەڵدانەوەی پەردە وەسفی ژووری مەمی ئالانی کرد کە چۆن خەملێندراوە بە دۆشەك و هەڵواسینی چاکەتی مەمۆ بەدیواری ژوورەکەیدا کە ئامادەکاریەکە بۆ ئەوەی دوای پەردە کردنەوە ئیدی دیالۆگ و مۆنۆلۆگەکانی شانۆ چ بە شیعر یان بەشێوەی پەخشانی دەست پێدەکەن، کە بەهەردوو جۆر شانۆی مەمی ئالانی لەسەر نوسراوە کە هەر جارەو نۆبەی جۆرێکیانە کە ئەمەش تەکنیکێکی ترە نووسەر/شاعیر شانۆکەی پێ نووسیوەتەوە، هەروەها کۆتایەکەشی بەشێوەیەکی تراژیدیایی کۆتایی بە مەرگی پاڵەوان هێناوە بەڵام ئەوەندە هەیە کە جێی ئاماژە پێکردنە کە ع. ر. هەکاری پاڵەوانی شانۆی لەرێی قەدەرەوە یان سەرووی دەسەلاتی پاڵەوان بووە هۆی مردنی نەك بەشێوەیەکی لە ئە نجامی راکردنی پاڵەوان لە مەرگ ئەمەش نەمری بە پاڵەوان دەبەخشێ نەك شکاندنی بەڵکو خۆشەویست کردنی لای تاکی کۆمەڵگا.

---

[62] صدام علاوی سلیمان الشباب، سەرچاوەی پێشوو، ل١٠

[63] بول ریکور، سەرچاوەی پێشوو، ل٢١٤

[64] جنات بلخن، سەرچاوەی پێشوو، ل٦٢

ڕەنگە ع. ر. هەکاری بۆ ئەوەی شانۆکەی ببێتە مۆرکی مێژووی ڕەسەن ئەم کارەی کردبێ کە چەند ڕاستیەك بۆ مێژوو ڕاست بکاتەوە ئەو گۆڕانکاریەی کە کردوویەتی لە خزمەت درامای داستانی دابووە، ئەو سیفەتە تایبەتەکانی شانۆی نەشکاندووە بەڵکو داستان و شانۆی لەیەك نزیك کردینەوە بە گێڕانەوەی بەسەرهاتەکان و پیشاندانی ئایدۆلۆجیای تاکەکانی نەتەوە کە من پێم وایە ئەوە لە ئامانجە سەرەکیەکانی بووە، وەك کێشەیەکی کۆمەلایەتی و مرۆڤانە سەیری شانۆکەی کردووە، ڕووداو و بەسەرهات و کارەکتەرەکان و کێشەکان هی میللەتن کە ئەمەش ڕەسەنی شانۆ دەردەخات بۆ کۆ دەنوسرێت نەك تاك. هەندێك پەیڤ یان ڕستە ڕونکردنەوە یان شیکردنەوە یان لێکدانەوە بۆ دیوی ناوەوەی کارەکتەرەکان بەدیار دێخن لە دەقە شانۆییەکاندا کە دایەلۆك نین ڕەخنە گران دەیخەنە خانەی گێڕانەوە، چونکە ڕوونکردنەوەی زیاتر دەداتە خوێنەر لەسەر کارەکتەرەکان وەك (دەستەکانی دەقرتاندنەوە، مشەوەش بوو، خێرا بەرو دەرگاکە ڕۆیشت ) ئەمانە و شتی تریش بە دەنگی گێڕەرەوە/نوسەر دادەنێن بۆیەش ئەم ڕوونکردنەوانە لە دەقە شانۆییەکان دەبیرنرێت، چونکە هەمان ئەو شتانەش لە زۆربەی بەرهەمەکانی (یۆربیدس، سۆفۆکلیس، ئەسخیلۆس) یان ئاخاوتنەکانی کۆرس، کە زۆر ڕوونکردنەوەیان دەربارەی شانۆکە دەدا.

شانۆی کوردیش ئەم جۆرە ڕونکردنەوانەی تێدایە کە ڕەگ و ڕیشەکەی دەگەڕێتەوە بۆ هەمان ئەو سەردەمانەی ئەو نوسەرە گەورە شانۆیانەی کە لەسەرەوە ئاماژەم پێدا. ئەو دەقانە دایەلۆك نین بەڵکو ڕوونکردنەوەن، بەڵام ئەگەر شانۆ نووس زیاد لە پێویست ڕوونکردنەوە بدات ئەوا وەکو ڕۆمانی لێدێت، چونکە لە ڕۆماندا دەنگێك هەیە ڕوونکردنەوە دەدات جیا لە دایەاۆگەکان. ئەم جۆرە ڕوونکردنەوەش ڕووداوی چیرۆکەکە بەرادەیەکی زۆر کەم بەرەو پێش دەبات. هەرچی لە شانۆدا دەبێت هەموو شتەکان بۆ بەرەو پێش بردنی ڕووداوەکان بێت، چونکە ماوەکەی زۆر کەمە پاشانیش ناکرێت ڕووداوەکان خاو بکرێنەوە. لەڕووی بوونی شیعر هاوشان لە گەڵ دەقە پەخشانییەکاندا لە ناو دەقێکی شانۆییدا خوێنەر/بینەر سوود سود لە دەقە شیعریەکان وەربگرێت کە گێڕانەوە خۆی تێدا حەشار داوە و وەسفی کارەکتەرەکەی پێ دەکات بەهۆی ئەمەوە بزانن بۆ وای لێهاتووە یان بۆ ئەم ڕووداوە ڕووی داوە ڕەنگە بە نواندن نەکرێت.

### ٣- بەراوردکردنی شێوازی گێڕانەوە لە داستان و شانۆ دا:

لە دەستپێکی داستاندا گێڕەرەوە بەناوی خوای گەورە دەست پێدەکان وەك زۆربەی داستانەکانی میللەتانی تر کە ئەوانیش بەناوی خواوەندی خۆیان دەست پێدەکەن، شاعیر/گێڕەرەوە زۆر جار لە نێو دەقەکانیاندا وێلن بە دوای باس

کردنی رابردوو ساتی یاری کردن و خۆشەویستی دایك و باوك بۆ منداڵەکەی کە پاڵەوانەکەیە. . . هتد. شاعیر /گێرەرەوە بۆ ئەوە بە جوانی پیشان دانی زەمەنی منداڵی دەکات، چونکە سەردەمی بەرائەتە و هەندێ جاریش بۆ ئەوە باس دەکات کە بەراووردی رابردوو و نارەحەتی ئێستای پاڵەوان بکات، لە کۆتایشدا گێرەرەوە سوپاسی پیاوێك دەکات کە بە چوار رۆژ بەندەکانی لە شێوەی گۆرانییە بۆ کۆکردینەتەوە و تەواوی کردوون و دوعای خێریش بۆ گێرەرەوە دەکات کە بەسەلامەتی گەیشتیتەوە وولاتی خۆی دوای تەواوکردنی لە کۆکردنەوەی بەندەکانی مەم و زین، داستانەکە رووی داوە گێرەرەوە لەزاری خەڵکەوە ڕووداوەکان دەگێرتەوە ئەو تەنیا کۆکەرەوەی ڕووداوە فۆلکلۆریەکەیە. زۆربەی گێڕانەوەکەی لەسەر دیالۆگ و مەنۆلۆگی کەسەکان دەکات.

لەشانۆدا راستەوخۆ دەچێتە ناوەندی ڕووداوەکان هیچ دەستپێکێکی نییە تەنیا وەسفی کەلو پەلی ژوورەکان دەکات وەك ئامادەکاری ڕووداوەکە، ناگەرێتەوە سەرەتای سەرهەڵدانی ڕووداوەکە واتا رابردووی پاڵەوان باس ناکات و باسی ئەوە ناکات چۆن ژیانی بەسەر بردووە تەنیا ئەوە نەبێت خوێنەر لەنێو دەقەکاندا دەزانێ رابردووی پاڵەوان چۆن بووە چۆنیش پەردوەردە کراوە، کارەکتەرەکانی شانۆ یەکسەر دوای کردنەوەی پەردە دەجولێنەوە (دایانا داوت فایەر) دەلێت((وا لە چیرۆکەکەت بکە هەر لە سەرەتاوە بجولێتەوە. . . )) [٦٥] بەڵام بۆچوونی ئەحمەد سالار بە پێچەوانەی رایەکەی (دایانا داوت فایەر)ە دەڵێ پێویستە هەر چیرۆکێك بە تایبەتی لە شانۆدا وردە وردە زانیاری بدەیە خوێنەر و بینەر دانەخۆرەیان بکەی نەك بەیەکجار هەواڵەکەت پێدان دواتر لە ناوەراست و کۆتاییدا چۆن وابکەین جەماوەر رازی بکەین کە لێمان رانەکەن یان کوێمان بۆ بگرن. *نوسەر لەسەر زاری کارەکتەرەکان گێڕانەوە دەکات خۆی بەدوور دەگرێ لە گێڕانەوەی راستەوخۆ. کۆتایش بە گەرم و گوری و بە شێوازی کراوە کۆتایی بەشانۆ دەهێنێ هەر بۆ ئەوەیە خوێنەر دوای تەواو بوونی شانۆکە هەر یەکەو بە شێوازێك لێکدانەوەی بۆ بکات دوای مردنی پاڵەوان کارەکتەرەکانی تر چیان بەسەر دێت، واتا سەرەتاو کۆتایی شانۆ جولانەوە بەدی دەکرێت.

لەرووی بابەتەوە جیاوازی لە نێوان داستان و دراما بەرای جۆرج لۆکاش ئەوەیە ((بابەتی هەموو شیعرێکی داستانی جگە لە ژیان هیچی تر نییە، بەڵام دراما بە تایبەتی تراژیدیا بابەتەکەی هەست کردنە داستانیش تاقیکردنەوەیە)) [٦٦] شانۆ کردەوەکان بە کردەوە پیشان دەدات، بەڵام داستان کردەوەکان بە گێڕانەوە دەبێت بەرێگای چیرۆك.

---

[٦٥] ریزان عوسمان مستەفا، سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٠

*چاو پێکەوتن لەگەڵ هونەرمەند ئەحمەد سالار، رۆژی ٦/٢/، هەولێر٢٠١٦

[٦٦] میخائیل باختین، الخطاب الروائي، ترجمة :احمد برادة، مطبعة الدار الفكر للدراسات والنشر و التوزيع، الطبعة الاولى، قاهرة، ١٩٨٧، ل٩

هەمەکی بوون /گشتگیری  یەکێکی ترە لە سیماکانی داستان، لەبەر ئەوەی تا رادەیەك بۆچوونی تاکی تێدا دەتوێتەوە و بۆچوونی گشت پیشان دەدرێت، لەشانۆدا تایبە تمەندی خالێکە لە سیماکانی شانۆ. لەداستاندا داهێنانی تایبەت لە شیعردا ناکرێت، کە شاعیر شێوازی خۆی تێدا زالْ بکات لەسەر شێوازە گشتیەکە لەگەڵ ئەوەشدا تاك نابێت بخنکێنرێت. لەشانۆدا ئازادی لە شێوازی نوسیندا زیاترە. لە داستاندا سروشتی کەسایەتی مرۆڤایەتیەکی قووڵ تێر لە رۆحی نەتەوەیی و مرۆڤایەتیە، کە ئەمەش کاریگەری لەسەر کەسایەتیەکە دەبێت. زمانی داستان زمانێکی شیعریە دورە لە دروستکراو داستانیش روحی شیعرە، شانۆ روحی پەخشانی و شیعریە و تێکەڵەشە لە هەردوکیان. شیعری داستانی نزیکە لە فەلسەفە بۆیە بۆچوونێکی گشتی یە، شانۆ نزیکترە لە پەخشان بۆیە نزیکە لە مێژوو و زانست و راستی.

**ب- شێوازی گێڕانەوە لە رووی پراکتیکەوە:**

**١- شێوازی گێڕانەوە لە داستانی ( مەم و زین )ی ئۆسکار مان دا :**

**دەستپێکی داستانی ( مەم و زین ) بەم چەند دێرەشیعرێك دەست پێدەکات:**

**(( خالەق ! هەر ئەتووی لەسەر هەمووانە**

**دێنە ڕووی زەمینێ سێ پەریی دە تەڕ لانە**

**لەسەر کۆشکێ کاکە مەمی، کوڕی براهیم پادشای یەمەنێ دەیاندا سەیرانە**

**خالەق، هەر ئەتووی بەتەنێ ))** [٦٧]

داستانی (مەم و زین) دا باسی گەورەیی خودا دەکات کە لە هەموو شتێك گەورەترە ئەمەش وەکو زۆربەی داستانەکانی وولاتانی ئیسلامی لە دەستپێکی داستانەکانیاندا ئەمە دەبینرێ، بەڵام لەم داستانەدا داوای ئەوە ناکات خودا یارمەتی بدات بۆ تەواو کردنی بەیتەکانی داستانەکەی تەنیا ئەوە نیشان دەدات کە خودای گەورە لەسەرووی هەموو شتێکە و رەقیبە لەسەر هەموومان بۆ ئەوەیە کە کارەکەی وەك خۆی لەسەر زاری خەڵکی وەرگرتووە بەراست و دروستی بگێرێتەوە. هەر لەسەرەتاوە ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت، کە لە مەم و زیندا بەیتە شیعرەکانی

---

[٦٧] ئۆسکار مان، سەرچاوەی پێشوو، ، ل١٤٥

بەشێوەی ئاهەنگ و پشووی درێژی و کورتی جۆری جیاواز لە درێژی و کورتی بەیتەکان بەدی دەکرێ لەسەر شێوەی گۆرانی فۆلکلۆری دایڕشتووە ئەم پەیڕەو کردنە نارێکە لە جوگرافیای بەیتەکاندا دیارە تا کۆتایی داستانەکە بەردەوام دەبێت.

گێرەرەوە لە کۆتایی داستانەکەیدا سوپاسی (ڕەحمان بەکر) ی دەکات کە بە چوار رۆژان ئەم بەندانەی بۆ کۆکردۆتەوە واتا (ڕەحمان بەکر) ئەم داستانەی گێڕایتەوە هەر خۆشی باسی خۆی دەکات، نەهاتووە وەکو داستانەکانی ولآتانی ئیسلامی سوپاس و ستایشی خودا بکات لە کۆتایدا ئەمەش بۆ ئەوە دەگەرێتەوە کە بەهیچ جۆرێك کۆکەرەوە(ئۆسکارمان) دەستی نەبووە لە نوسینەوەی بەیتەکان، بەڵکو کۆ کرایتەوە بەیارمەتی خەڵکانی دڵسۆزی خۆی دەلێت:

((یا ڕەببی!(رەحمان بەکر نەمری)بە چوار رۆژان ئەو بەندەی بۆ ساحێبی ئەڵمانی کرد تەواوە،

ئیسای روحوڵلا لەسەر ساحێبی ئەڵمانی راوەستاوە،

ئاغای ساحب بەساق و سەلامەتی لە هەموو دەریایان پەڕیوە لە دایك و خوشکی خۆت بکە سەلآوە))[٦٨]. ئەو کۆتایی هێنانەی داستانی (مەم و زین) ناوی حەزرەتی مەسیح (د. خ) دێنێ سوێند بە ئەو دەخوات کە روحەکەی لەسەر سەری ئۆسکارمان راوەستاوە، بە ساغ و سەلامەتی گەیشتەوە شوێنی خۆی ئەمەش نیشاندان ستایشی ئۆسکارمانە، لەبەر ئەوەی لە زۆربەی گێڕانەوەکانی داستانە کوردیەکانی، کە نێو توحفەی موزەفەرییەوە هاتووە ناوی (ڕەحمان بەکر) هاتووە. هەندێك جاریش رەحمەت بۆ باوکی خۆی دەنێرێ. بۆ گێڕانەوەی داستانی (مەم و زین ) ناوی کەسەکان دەهێنی کەسەکان دەکات کە راناوی (ئەو) بۆ کەسی ئامادەنەبوو ئاماژەی ( : ) بۆ کەسەکان دادەنێ لەسەر زاری ئەوانەوە ڕووداوەکەمان بۆ دەگێڕێتەوە نموونە:

براهیم پادشا دەڵێ:

((ڕۆڵە! شارەکەی جزیرێم بە بەرات دا هەتا مردنێ بە قەرەتاژدینی

[٦٨] ئۆسکار مان، سەرچاوەی پیشوو، ل ٢٢٢

ئینجا ئەمن کاکە مەمم چوو، هۆم کەوتۆتە بەنگینی ))[٦٩]

هەروەها یایەزین دەڵێ:

(( خولایە، بەغەیرەز ئەتوو کەس نییە بمێنی

ئەمن چیدیکەم بۆ مەجووزاتان نەژێنی

ئەمن بە کێلی کاکە مەمیەوە بمرێنی

خولایە، ئەتوو کەریمی، قادری ))[٧٠]

لێرەدا ئەوەی بەدی دەکرێت لە داستانەکەدا فرەدەنگە گێرەرەوە دەنگی خۆی نابیسترێ بەڵکو دەنگی کەسایەتیەکانن قسە دەکەن ئەمەش بۆ واقعی بەخشینە بەداستانەکە بۆیە رۆڵی گێرەرەوە لێرەدا گواستنەوەو گێڕانەوەی رووداوەکانە.

ماڵ و حاڵی بنەماڵەی مەم ولاتی یەمەنە شوێنی نیشتەجێبوونی قەوم قیلی (مەم) کە( ١٢ مانگ و ٢٤ رۆژە) دەخایەنێت بۆ دوری نێوانی ولاتی یەمەن و جەزیرەی بۆتان (مەم) دەڵێت:

(( رێی دوازدە مانگ و بیست و چوار ڕۆژان پادشایەتی یەمەنێ بەجێ بێڵە بە قسەی ژنان هەڵستە وەرە ئێرەکانە ))[٧١]

لای خوێنەر بێ متمانەیی دروست دەکات لە وەسف کردنی دوریەکەو شوێنی نیشتەجێی بنەماڵەی مەم و پاشانیش مەم وانیشان دەدات کە عەرەبە کەچی تەواوی هامشۆی لەگەڵ خەڵك دەکرد لەرێگای گەیشتن بە جەزیرەی بۆتان و ئاماژەی لەهیچ بەد حالی بوون نەکردووە لە پرۆسەی تێگەیشتنی زمانی خەڵکی رەش و رووت لەگەڵ (مەم). ئێمە ئەگەر سەیری مێژووی یەمەن بکەین یان کیشوەری ئاسیا بەگشتی دەبینین بنەماڵەی هەمەوەندیەکانیان راگوازران بۆ یەمەن دوای چەندین دەیە بێ ئەوەی شارەزای رێگاکە بن گەرانەوە بۆ کوردستان و چەندین ئەسپی ئەوانیشیان لەگەڵ خۆیان هێنایەوە *لەلایەکی ترەوە ئەو سەردەم ئەوە باو بوو لەشیعرو ئەدەبیاتدا کە جوانی و ئازایەتی پیاو دەشوبهاند بە پیاوانی وولاتی یەمەن دا، وەك چۆن لە شیعری شاعیران وولاتی کشمیر بە سروشتی

---

[٦٩] ئۆسکار مان، سەرچاوەی پیشوو، ل٢٢٠

[٧٠] سەرچاوەی پێشوو، ل٢٢٠

[٧١] سەرچاوەی پێشوو، ٢٠١١، ل١٩٦

جوانی ناوبانگی دەرکردبوو لەرووی ئازایەتی و شارستانییەت وولاتی یەمەنیش بەهەمان شێوە، دوو سەدە بێدەنگی پەرتووکی د. عبدالحسین زرین کوبە لەباسی یەمەندا وەها دەلێت(( سەر زەوی یەمەن کە بەختەوەرترین و پر پیترین ناوچەی عەرەبستان هەژمار دەکرا. لەداستانە پالەوانییەکانی ئێران بەناوی دەشتی (هاماوەران)ناویان دەهێنا ))[٧٢]دیارە لەداستانەکانی فارسدا بۆ ئەوەی داستانەکانیان فراوان بکەن چەند وولاتێك ناویان دەهات کە پالەوانەکان بە ناویاندا گوزەریان دەکرد یەکێك لەو ولاتانەش وولاتی یەمەن بوو. شاعیرانی وولاتی موسولمانان( عەرەب، کورد، تورك، فارس )لە دەستپێکدا داوا لە خوای گەورە دەکەن کە یارمەتیان بدە بۆ ئەوەی داستانەکە بنوسنەوە وەك چۆن یۆنانییە کۆنەکان داوایان لە خواوەند دەکرد کە ئیلهامیان بۆ بنێرێت و یارمەتیان بدات.

## ٢- شێوازی گێڕانەوە لە پیەسی* مەمی ئالانی ع.ر.هەکاری:

لەشانۆدا، ڕووداوەکان بەدوای یەك دادێن پەردە دوای پەردە یاخود مەجلیس دوای مەجلیس ڕووداوەکان دەست بە روودان دەکەن بە زنجیرەی نەپچڕاو بە تەکنیکێکی ڕێك و پێك گێڕانەوەمان بۆ دەکات هەندێك جاریش لە ناوەراستی دیالۆگەکانی کارەکتەرەکان پێویستی بە ئاماژە پێکردنی رابردووە ناچار نوسەر/شاعیر تەکنیکی فلاش باك یان ئاماژە بەکاردێنی بۆ ناسینی کارەکتەر یان حالی بوون لە هۆی ئەنجام دانی کردارێك، پاشان هەر بەخێرایی دەگەڕێتەوە سەر زنجیرەی دەمەتەقێ و دیالۆگی کارەکتەرەکان. شانۆی عەبدولرەحیم رەحمی هەکاری لە دوو پەردە پێك هاتووە پەردەی یەکەم :خۆ ئامادەکردنی (مەمۆ)یە بۆ چوونە شەر دیالۆگی نێوان مەمۆ و دایکی (چاورەش) و خێزانەکەی (غەزال) تۆمار کراوە، لە پەردەی دووەمدا :گەرانەوەی (مەمۆ) لەشەر باس دەکات، کاتێك (غەزال )بەتەنیا لە مالە (چاورەش) لە مالْ نییە، (مەمۆ) دێتەوە لەشەر دوای سالێك ئینجا بەیەکەوە دەمەتەقێ دەکەن و لەسەر جێگا پالْ دەکەون. (چاورەش )کاتێك دێتەوە بووکەکەی لە گەلْ کەسێکدا لە ژێر جێگان تەنیا

*چاو پێکەوتن لەگەلْ ئەحمەد سالار لە رێکەوتی ٢٠١٦/٢/١٦

[٧٢] عبد الحسین زرین کوبە، دو قرن سکوت، چاپی بیستم، انتشارات سخن، سال ١٣٨٤، ل٣٦

* لە لاپەڕەی یەکەمی پەردەی شانۆیی مەمی ئالانی (ع. ر. هەکاری)، کە لە گۆڤاری ژین بلاوکرایەوە لە سالی ١٩١٩ دا نووسراوە (پیەس) واتە ئەو ناوی شانۆی نەهێناوە بەلکو بە پییەس ناوی هێناوە.

قاچی دیاره خه نجەرێکی لێ دەدات و دەیکوژێت دواتر دەردەچێت کە (مەمۆ) ی کوریەتی لە شەڕ هاتووەتەوە دواتر مەمۆ دەمرێت.

(ع. ر. هەکاری)گفت و گۆکانی دەست لێك بەردانی(مەمۆ) لەگەڵ دایکی بە پەخشان بوو، بەڵام دەست لێك بەردانی لە نێوان (مەمۆ) و (غەزال) بە شیعر بوو، چونکە نووسەر ویستوویەتی هەستەکانی نێوان دوو خۆشەویست بە شیعر بێت کاریگەری زیاترە لەسەر خوێنەر ویستوویەتی مۆسیقایەك بداتە دیالۆگەکە بۆ ئەوەی سۆزەکە زیاتر بێت لای خوێنەر کە لە نێوان دوو خۆشەویست هەواڵی دەست لێك بەردانی کاتی دەکەن کە کاتەکەی کەمیش بێت هەر زۆرە بۆیان ڕەنگە دیالۆگەکەی( مەمۆ) و دایکی ئەوەندە کاریگەر نەبێت بەقەد هەواڵی دەست بەردانی دوو خۆشەویست و چوونی بۆ شەر (مەمۆ) وەها بۆ لای غەزال دێت دڵی پڕە دەڵێت:

| | |
|---|---|
| ((ئیرۆ هەفتە داوەت کری | ٨ بڕگە |
| غەزالێ (غەزایی) ئەز ژ تە کری | ١١ بڕگە |
| ئەز دچمە بەر کافری | ٨ بڕگە |
| غەزالا من, دەلالا من, بەس بگری )) [٧٣] | ١٢ بڕگە |

غەزال کاتێك دەبیستێ (مەمۆ ) دەبێتە عەسکەر دەگری بەم جۆرە وڵامی دەداتەوە:

| | |
|---|---|
| ((مەمۆ ئیرۆ بوو عەسکەرە | ٨ بڕگە |
| ئەوینیامە بوو کەسەرە | ٨ بڕگە |
| تو من ببە دگەل خوە، هەرە | ٩ بڕگە |
| یان بکوژە، یان بکوژ پاشی هەرە )) [٧٤] | ١١ بڕگە |

(مەمۆ) هەر بە هەمان ئاواز و ئاهەنگ نزیك لەیەکتر وڵامی دەداتەوە دەڵێت:

---

[٧٣] ع. ر. هەکاری، سەرچاوەی پێشوو، ١٩١٩، ژ(١٥)،ل٢٤

[٧٤] سەرچاوەی پیشوو،هـ.ل

| | |
|---|---|
| (( تو بەس روهنكان ببارينە | ٨ برِگە |
| ئیرۆ دوژمن ل مە كینە | ٨ برِگە |
| وەستانا من لائق نینە | ٨برِگە |
| غەزالا من، دەلالا من، بەس بگری ))[٧٥] | ١١ برِگە |

لەم دێرە شیعرانەی سەرەوە بۆمان دەردەكەوێت كە دیالۆگە كە بەشیعرە مۆسیقاداره برِگەكان نزیكن لەیەكتر دێری یەكەم لەگەڵ دێری دووەم لە برِگەدا جیاوازن بەڵام جیاوازیەكی كەم لەرووی برِگەوە كە رەنگە بۆ زمانی كرمانجی كەمتر هەست پێ بكرێت ئەگەر نەنوسرێتەوە تەنیا گوێبیستی بیت.

گێرەرەوە زۆر جار لەسەر زاری كارەكتەرەكان واتا قسەكەر(ئەو) گفت و گۆ و گێرانەوەی رووداوەكان دەكات (مەمۆ) دەلێت ((ئەز ژ كێ كیمترم! ما ئەز كورمانج نینم! ماناموسا هەر كوردەكی ناموسا من نینە؛ ئەلبەت  ئەلبەت ئەزێ بچم))[٧٦]. لە زۆربەی خۆ دواندنەكاندا كارەكتەرەكان راناوی (من) بە كارهاتووە (مەمۆ) لەلایەكی تر دەلێت ((ئەی خالقی من، تە چی لوتفەك مەزن بە مرا كریە))[٧٧]، بەڵام لە كاتی دیالۆگە راستەوخۆكاندا زۆر جار راناوی (تۆ)بەكار هاتووە بەرامبەر بە (من) كە ئەوەش ئاساییە، چونكە دەمەتەقێ لە نێوان دوو كەسە وەك (مەمۆ) دیالۆگ لەگەڵ غەزال دەكات دەڵێت ((ژ بر چونا من مالازمە تو بگری؟))[٧٨] غزال دەلێت((وەكی توو چوی پاش تە ئەز دی چ بكم ما ممكنە ژینا من..وەكی تو روجا مژی دچت من دكل خوە ببە؟..))[٧٩]ئەمەش ئەوە دەگەینێ گێرەرەوە هەواڵەكان لەسەر زمانی كارەكتەرەكان بە ئێمە دەدات خۆشی وەك ئێمەیە چاوەرێی كارەكتەرەكانە بدوێن وەك زانراوە هەواڵ زانین لە زۆربەی شانۆكاندا لە زاری گێرەرەوە كەمتر دەبیسترێ لەبەر ئەوەی دەنگی گێرەرەوە شاراوەیە (ظمني)یە هەستی پێ ناكرێت شانۆ دەیەوێت واقعی تر بێت لە رەگەزەكانی تر بەرامبەر بە ژیان، گێرەرەوە دەیەوێ ئایدۆلۆجیاو شیكردنەوەی دەرونی كەسەكانمان پیشان بدات كە لەو سەردەمە ژیاون و جۆری بیركردنەوەیان لێرە گێرەرەوە هەیە، بەڵام خۆی بزر كردوە لە پشتی ئەو جولاندنانەی پاڵەوان و كارەكتەرەكان دەیكەن.

---

[٧٥] ع. ر. هەكاری، سەرچاوەی پیشوو، ل ٢٤

[٧٦] سەرچاوەی پیشوو،ل٢٢

[٧٧] سەرچاوەی پیشوو،ل٢٢

[٧٨] ، سەرچاوەی پیشوو،ل٢٤

[٧٩] سەرچاوەی پیشوو،ل ٢٤

زۆرێك لە شیعرەكان كرداری شانۆیان پێوە دیارە كە ئاراستەی یەكێك دەكرێت و خوێنەر چاوەڕێی وەڵامیشە لە كارەكتەری بەرامبەر كە بەهەمان ئاهەنگ وولأمی بداتەوە. (( شیعری درامی لەسەر دوو ئاست بنیات دەنرێت، ئاستی هونەر و ئاستی خودی ژیان، ئێمە سەیری قەسیدەیەك ناكەین كە تەنها ڕێچكەی درامی هەبێت سەیری شاعیر بكەین لە توانای كرداری شیعری و هونەری تەنها، بەڵكو سەیری بەهای بابەتی كارەكە دەكەین، كە چەند توانای هەیە بۆ بەشداری كردن لە دروست كردنی تەشكیلەی ژیان ))[80] گێڕەرەوە/شاعیر وا دەردەكەوێت كە وەستایانە ویستوویەتی باسی ئاستەنگەكانی ژیان بكات و راستگۆیی و مەردایەتی ژن و پیاوی كورد پیشان بدات لە پاڵ جێ بە جێ كردنی ئەركە خێزانییەكەی ئەركە نەتەوەیی و ئاینییەكەش جێ بە جێ دەكات.

لەكاری شانۆی ( مەمی ئالان )دا شاعیر نەهاتووە خۆی بخاتە ناو دەمەتەقێیەكان و دەردی دڵی خۆی هەڵڕێژێ، بەڵكو ڕووداوەكانی بەرەوپێش بردووە لە دەمەتەقێكان دا خزمەتی شانۆی كردووە. ئەمەش بەوە دەردەكەوێت بەلابردنی هەندێك دێر هیچ لەمەسەلەكە نەگۆڕێ ئەوە نەكردنی باشترە. مەرج نییە وەك چۆن ڕووداوەكان لە مێژوودا گێردراونەتەوە ع. ر. هەكاری بەهەمان شێوە باس بكات، لەمە سەركەوتوو بووە وەك داهێنانێكی ئەدەبی دیوی ناوەوە چاك كردووە، كە ڕەنگە بەسەر هاتەكە ئەوها بێت، ئەمەش جیاوازی لە نێوان گێڕانەوەی مێژوویی چیرۆك ئامێزەكان و گێڕانەوەی ئەدەبی چیرۆك ئامێزەكان دەردەخا، كە دەقی شانۆیی ڕەگەزێكی ئەدەبییە. كەسایەتی شاعیر تواناكانی لە نێو شیعردا بەدیار دەكەوێت، كە ناتوانێت ئەو جۆرە شیعرە دابنێت یاخود ئەگەر فۆلكلۆریش بێت بخاتە ناو شانۆكەی مەگەر خۆی ئارەزوو و قەناعەتی پێ نەبێت لە شانۆدا.

لەشانۆی مەمی ئالأندا بیری كوردایەتی لە دەستپێكی مەجلیسی یەكەم دەبینرێت، كە گێڕەرەوە دەیەوێ هەر زوو عادەت و تەقالیدە جوانەكانی كورد پیشان بدە كە گیانی بەرگری كردنی هەیە چ لە ڕووی ئاینی چ لە ڕووی نیشتیمان پەروەری وەك :ما ئەز كورمانج نینم!، ما ناموسا هەر كوردەكی نامووسا من نینە!، گێڕەرەوە لە پەنای ئەو مۆنۆلۆگانەی كە لەسەر زاری پاڵەوان مەغزای فەلسەفی و بۆچوونەكانی بۆمان دەردەخات، هەر بەهۆی ئەم خۆ دواندنە دەتوانین پەیوەندی گێڕەرەوە بەكۆمەڵگاوە بەدیار بخەین، كە ع. ر. هەكاری پەیوەندیەكی توندو تۆلی هەبووە بە كۆمەڵگاوە كە پەیامی تەنیا بۆ تاك نییە بەڵكو بۆ كۆیە، پەیامی بۆ تاكەكانیشە كە بەشێوەیەكی( مەمۆ )سەرزەنیشتی خۆی دەكات دەڵێت ئەز ژ كی كێمترم!. . . ما ئەز ژ وان نازدارترم!ما خێرا غەزایی هەر ژ بۆ وان بت!. بە نیشانەی سەرسورمانەوە پەیامی خۆی ئاراستەی خوێنەر دەكات، كە ئەوانەی بەرگری لە وولأتی خۆیان

[80] بیداء عبدالصاحب الطائي، سەرچاوەی پێشوو، ل١٨

ناکەن زۆر بە پلە نزمی کۆمەڵایەتی ناویان دەبات هەر بۆیەش زۆربەی پەیامەکانی، کە ئاماژەی پێداوە بیرکردنەوەی تاکی کوردە، ئەمەش بە ناراستەوخۆ دەرونی و هزر و مەبەستی گێڕەرەوە ئاشکرا دەبێت.

گێڕانەوەی ڕووداوەکان زنجیرەییە پێك هاتووە لە دوو پەردە پەردەی یەکەم خۆ ئامادەکردنە بۆ خەزا پەردەی دووەم گەڕانەوەیە لە خەزا لەگەڵ هەبوونی تەکنیکەکانی گێڕانەوە لە ناویاندا کە بۆ ئەوەی خوێنەر بە جۆری کەسایەتی و ڕووداوەکانی رابردوو ئاشنا بێت کە بەشێوەیەکی گشتی کاتەکە رانەبردووە نموونە(( ممۆ( تنی ) ایروکە میر امر کریە، غەزایە. . . )) (( ایر خوە بەرهڤ بکەن، سبێ زوو جا ئەم رێ بجن ))[81] ڕووداوەکان ئێستاین.

ئەو روونکردنەوانەی کە ع. ر. هەکاری داویەتی بۆ بۆ دیارخستنی دیوی ناوەوەی کارەکتەرەکانە، کە رەخنەگران بە دەنگی نووسەری دادەنێن، بەڵام زۆر کەمن ئەمەش ئەوە دەگەیێنێ کە شانۆ نووس شارەزایی دەقە بیانییەکان بەتایبەتی دەقە سەرەتاییەکان بووە، پەیڕەوی هەمان ئەو رێبازەی کردووە کە ئەوان لەسەری رۆیشتوون یان بەکاریان هێناوە وەك:

(( پی چك مولاحظە دکت. وی وختی

غەزال ژ دەر داتێت دستکی دا دستمال، چاوی خوە

پاقژ دکەت. ممو دستی دگریت. رونتە خاری )) [82]

لە کردنەوەی پەردەی دووەم هەمان ئەم ئاماژانە دەبینین بۆ نموونە :

(( پەرد وە دبت. دیسا رایی خستنا بەرێ. غەزال بتونی سر

دۆشەکەکێ روونشتە، مولاحەظان دکت ایك جار )) [83]

ئەمە ئەو ئاماژەیە، کە گێڕەرەوە (ع. ر. هەکاری ) دەیداتە خوێنەر بە ئاشکرا دەبینرێت، کە دەنگی نووسەر هەیە لە نووسینەکانی شانۆ بەهۆی ئەم ئاماژانە، کە لە سەر زاری هیچ کارەکتەرێك ناگوترێت، بەڵکو خودی نووسەرەکە نەبێت.

**٣ – بەراوردکردنی گێڕانەوە لە داستانی ( مەم و زین ) و شانۆی ( مەمی ئالان ) دا :**

[81] ع.ر.هەکاری، سەرچاوەی پێشوو، ژمارە ( ١٥ )، ل٢٢

[82] سەرچاوەی پیشوو، ژ( ١٥ )،ل٢٢

[83] سەرچاوەی پیشوو، ژ( ١٦ )،ل١٤

١- گێڕەرەوە لە داستاندا ( ڕەحمان بەکر )ە، لە شانۆ دا ( ع. ر. هەکاری )یە

٢- لە داستاندا گێڕەرەوە ئاماژەی بەوە کردووە بە چوار ڕۆژ بەندەکانی بۆ ( ئۆسکارمان ) گێڕاوەتەوە، لە شانۆ دا نووسەر ئاماژەی بە کاتی خایاندنی نووسینەوەی ( مەمی ئالان ) نەکردووە.

٣- لە داستانی ( مەم و زین ) دا گێڕەرەوە بە ستایشی خودا دەستی پێکردووە، لە شانۆی ( مەمی ئالان ) دا ئەم ستایشە نە لە سەرەتا نە لە کۆتایی بەرهەمەکە نابینرێت

٤- لە داستانی ( مەم و زین ) دا پەیڕەوی گێڕانەوەی ڕووداوەکانی کردووە، کە بە زنجیرە یەك لە دوای یەك ڕووداوەکان دەست پێ بکەن و ئامادەکردنی پاڵەوان بۆ هەر ئەگەرێك بێتە پێشی بتوانێت دەرچێت، لە شانۆی ( مەمی ئالان ) دا ڕووداوەکان لە پڕ ڕوویان داوە و ڕووداوی کوشتنی پاڵەوانیش هیچ پلانێکی بۆ دارێژراوی بۆ نەکرابوو وەکو ئەوەی داستان. شێوازی گێڕانەوە لەشانۆ دا خوێنەر و کارەکتەرەکانیش وەك یەك زانیاریان هەبوو لەسەر ڕووداوی کوشتنی ( مەمۆ )

٥- لە داستانی ( مەم و زین ) و شانۆی ( مەمی ئالان )دا ناوی کارەکتەرەکان هێنراوە دواتر دەستیان بە گفت و گۆ کردووە لەسەر زاری ئەوانەوە گێڕەرەوە قسەکانی کارەکتەرەکا نمان بۆ دەگێرێتەوە

٦- لە داستانی ( مەم و زین ) دا تاك دەنگ دەبیسترێت لە گێڕانەوەی داستانەکە، لە شانۆی ( مەمی ئالان )دا، بە هەمان شێوە تاك دەنگە و کاری گێڕەرەوە هەم گێڕانەوەیە و هەم گواستنەوەیە.

## بەشی دووەم :توخمەکانی گێڕانەوە لە داستان و شانۆ دا

## توخمی زمان له داستان و شانۆدا :

أ- توخمی زمان له رووی تیۆرییەوه :

زمان کەرستەیەکی خاوه که داهێنەر کاره هونەرییەکانی لەسەر بنیاد دەنێت، ئینجا چ شاعیر بێت یان نووسەر، که ماددەکانی له وشه وەردەگرێت بناغەیەك بۆ رێساکانی زمان ( رێزمانی، وشەسازی، واتاسازی، کێشناسی )دادەنێت، ئەدیب و نوسەرەکا نمان له نووسینەوەی بەرهەمه به پێز و نەمرەکانیان گرنگیەکی تایبەتیان به زمانی شیعر داوه، کردوویانه بەبڕبڕەی پشتی گوتاری شیعری، زمان توخمێکی سەرەکی دروست بوونی دەقی ئەدەبیه ، چونکه به هۆی زمانەوه دەتوانرێت توخمەکانی تر دەربببڕدرێن، ئەمه ئەوه ناگەیەنێ توخمەکانی تر بایەخی ئەوتۆیان نییه، بەڵام رەنگه بەبێ زمان کارێکی ئەدەبی نەنووسرێتەوه یان دروست نەبێت. سەنگەر حاجی له نامەی دکتۆراکەیدا دەڵێت (( زمان تەواوی ژانره ئەدەبیەکانی دیکه له خۆ دەگرێت بەدەر له زمان هیچ بوونێکیان نییه ))[٨٤] زمان ئەرکێکی گرانتری له توخمەکانی تری ئەدەب هەیه ، ئەویش دروست بوونی هەر توخمێکه له ئەدەب بۆ ئەوەی بنوسرێتەوه یاخود دروست بن، هەر بۆیه له ئەدەبدا زۆر بەهەستیاری مامەڵه لەگەڵ زمان دەکرێت تاوەکو هەم توخمەکانی تر بەئامانج بگەینی هەم ئەرکی خۆشی وەکو زمانەکەی به جوانترین شێوه ئاراسته بکات.

ئەگەر دوو دەق خاوەنی یەك ناوەرۆك بن باس لەیەك رووداو بکەن ئەوەی لەیەکیان جیا دەکاتەوه گەمەی زمانییه ، چونکه له ئه نجامی بەراورد کردنی دوو دەقەکه دا له هەموو لایەنێکەوه له چۆنییەتی دەربڕین و لادانی شیعری و دەربڕینی ئەدەبی ... هتد، بالأ دەستی زاڵ بوونی بەرهەمێك بەسەر بەرهەمێکی تر به ئاشکرا دەبینرێ ئەمەش دەگەڕێتەوه بۆ زمانی نووسەر/گێڕەرەوه، که تا چەند ئاستی زمانی به هێزه له نووسینەوەی بەرهەمەکەی (( رۆشنبیری واتا زمان و پێچەوانەشی هەر دروسته بەڵامەوه زمانێکی پەتی و پاراو رۆشنبیریەکی رەسەن دەگەینێ ))[٨٥]. راسته چالاکی عەقلی و رۆشنبیری رۆڵی هەیه ، بەڵام له پراکتیزه کردندا دوا جار دەردەبڕێت و له ئایدیا دا قەتیس نابێت.

مەرج نییه بەرهەمی ئەدەبی ریالیستی بێت بۆیه زمانی دەربڕینەکەی وشك و قوڕسه ، بەڵکو شاعیر یان نووسەر بەوه زمانی نووسینی ئەدەبیتر دەبێت که وێنەیەکی دیکه نیشان بدات چەندین ئاسۆی تازه بکاتەوه و بێ ئەوەی رەسەنی بەرهەمه ئەدەبیەکه له جیهانی خۆی بشێوێ، زمانی ئەدەبی دەیەوێ جارێکی تر خوێنەر به ژیان ئاشنا

---

[٨٤] سەنگەر قادر شێخ محەمەد حاجی، فەلسەفەی شیعر و شیعری فەلسەفی له ئەدەبی هاوچەرخی کوردی دا، ٢٠١١، ل١٠٥

[٨٥] عەبدوڵلا سەراج، رۆمان و جوانیەکانی گێڕانەوه، گۆڤاری هەنار، ژماره ( ٧٧ )، ٢٠١٢، ل٧

بكاتەوە جیا لەو وێنەیەی کە پێشتر پێی ئاشنا ببوو. ئەگەر شاعیر نەیتوانی بیرو هزری نوێمان پێشکەش بکات، ئەوا پێویستە یاریەکی جوانی زمانیمان پێشکەش بکات، دکتۆر عەبدوڵڵا سەراج دەڵێت (( زمان ڕێکخراوی بنیاتێکە ( stracture ) سەر بەمەرجەکانی دیاری کراو و تەنیا دەسترۆیی و مۆرکی جڤاکی بەسەر رووبەرێکی بەرینی هزردا هەیە و بەس، بگرە شێوازێکی ( style )دەداتێ. کەواتە ڕێساکەی بەسەر مانا بەخشییەکانییەوە دەسرۆیی هەیە و هەرگیز هزرێك لە دەرەوەی زماندا نییە. زمان هەڵگری مەعریفەتەکانە ))[86] کەواتا زمان هەڵگری بیرو هزری میللەتە، هەر هزرێك بتەهەوێ بیخەیتە سەر کاغەز بەدەر نییە لە زانیاری خودی نووسەر ئەوەمان بۆ دەر دەکەوێ، کە دەبێت زانیاری هەبێت ئینجا دەکرێ بنووسرێتەوە و دەری ببردرێ هەتاکو دەرنەبڕدرێت لایەنی وەرگر ئاشنا نییە بەو زانیاریەی کە دەتهەوێ بیگەینیتە لایەنی بەرامبەر. زمان هەڵگری پەیامێکە و هەواڵێکە کەزمان گەیێنەرە کاری گواستنەوە زانیاریەکان دەکات.

ئەو زانیاریانەی کە دەری دەبڕێت بێگومان ئاڵۆزە و دەکرێت گەمەی زمانی زۆری تیا بکرێت، بۆیە کێشەی هەرە زۆر یەخەی نووسەران و شاعیران دەگرێت لەبارەی سەرکەوتن یان سەرنەکەوتنی بەرهەمی ئەدەبی عەبدوڵڵا سەراج دەڵێت(( من لەگەڵ ئەوەم کە زمانی دەق خۆی هەم بڕیاردەرە و هەم یەکلاییکەرەوەیە. زمانی دەق کێشەیەکە لە کێشەکانی زمانی ئەدەبی بەراوردکاری ))[87]، ڕەگەزە ئەدەبیەکان مەرج نییە بەیەك شێوە مامەڵە لەگەڵ زمان بکەن، ئەمەش بە پێی جۆری ژانرە ئەدەبیەکەو ڕەگەزە ئەدەبیەکە کە شوێنی کارکردنیان ڕەنگە جیاواز بێت. بۆ نموونە مامەلەکردنی زمان لە گەڵ شیعر جیاوازە لەگەڵ پەخشان. طباطبا العلوي کە خاوەنی پەرتووکی ( عیار الشعر )ە کەئەرکی شاعیر دیاری دەکات لە هونەری دەقی نووسراودا دەڵێت(( شاعیر هەمان ڕێچکەی نامە نووسەکانن لە بواری ڕەوانبێژی هەمان هەڵسوکەوت لەنووسینەکانیان دەکەن، شیعر بەشێکە لەبەشەکانی نامە، شاعیر پێویستی بەوەیە کە قسەکانی بگەینێت بە هونەرێکی ناسك، لەداماویەوە بۆ ستایش کردن، لەستایشەوە بۆ سکالا، لەسکالاوە بۆ لێبوردن، لەوەسف کردنی وار و شوێنەوار بۆ وەسفکردنی کۆچەری و ئەسپ و ولاخەکانی ))[88] ئەو ئەرکانەی کە نووسەر یان شاعیر بۆیان دیاری کراوە یاخود بۆ نووسینەوەی بەرهەمێکی ئەدەبی پێویستە لە پاڵ گەیاندنی پەیامێك ئەرکی جوانکاری و ڕەوانی بابەتی ئەدەبی کە هونەرێکی ناسك بەکار بینێت و جوانکاری تێدا بکرێت بۆ ئەوەی بە زمانێکی ئەدەبی زەق بنوسرێتەوە. هەر چەند ئاشکرایە کە سنوورێك لە نێوانی زمانی ئاسایی و زمانی زەفکردنەوەدا نییە

---

[86] عەبدوڵڵا سەراج، سەرچاوەی پێشوو، ٢٠١٢، ل٧

[87] سەرچاوەی پێشوو، ل٩

[88] محمد بن احمد بن طباطبا العَلوی، عیار الشعر، شرح و تحقیق، عباس عبدالساتر، مراجعة نعیم زرزور، منشورات دار الکتب العلمیة، الطبعة الثانیة، بیروت- لبنان، ٢٠٠٥، ل١٢

بۆیە کەس نەیتوانیوە سنوورێك دەست نیشان بکات بۆ جیا کردنەوەیان یان بە ورد و درشتی باسی لێکچوون و جیاوازیەکان بکات، کە کامە پەیڤ زمانی ئاسایی پێ دەڵێن کامەش هەڵگری شیعریەتە، ئەمە ئاستەمە تەنیا ئەوە نەبێت، کە لادان رووبدات چ لە شیعر بێت یان پەخشان ئەوە لادانە لە زمانی ئاسایی.

لایەنی جوانی دەق سەودای لەگەڵ هەستەکانە بەو مانایەی کاتێك کە خوێنەر/گوێگر بەر چاو و گوێیان دەکەوێ، بەڵام مامەلەی بابەتیانەی خوێنەر لەگەڵ دەقدا مامەڵەیەکی عەقڵیە هەر بۆیەشە شاعیران و نووسەران هەر یەکەیان جیاوازە لە مامەڵە کردن لەگەڵ زمانی دەقدا. ت. س ئەلیۆت دەڵێت ((شیعر بریتییە لە دووبارە کۆکردنەوە و لێکدانی هەڵچونەکانی شاعیر لە کاتێکدا هەستی پێ کردووە، پاشان قۆناغی هێور بوونەوە دەرفەت دەداتە هەستەکانی کە بتوانێ رێکیان بخات لە قالبێکی هونەری و هەموو ئەوانەش فرێ دەدات کە پەیوەندی بە جەستەی قەسیدەکەوە نییە تاکو نەبێتە نەخۆشی لەسەر لاشەکەی ))[89] بەبۆچوونی ئەم رەخنەگرە هونەر بەرگەی بوونی نەخۆشی و لاری ناگرێ، چونکە زیندویەتی و کارایی هونەرەکە لەدەست دەدات و دەیەوێ خوێنەر رۆڵی ئیجابی و ئەکتیڤتر ببینێ، دور بکەوێتەوە لە لێکدانەوەی رووکەشی شیعر هەر وەها مکوڕە لەسەر ئەوەی دەبێت ئەو شتە لابەلایانە لابدەن کە شیعری پێ دەوڵەمەند دەکەن تەنیا ئەوە نەبێت کە ئەرکی پێ سپێردراوە لە ناو دەقدا، بۆیە پێی وایە دەبێت شیعر و هونەر ئەرك جێبەجێ بکەن و پەیامی بابەتیان پێبێت بۆ ئەوەی کارە هونەریەکە زیندوو دەرکەوێت، بەڵام ولیەم وۆردز وۆرس دەڵێت ((شیعر هەڵچونێکی لە خۆوەیە، ئەگەر لەهەمان کاتدا نەنووسرێتەوە لەبیر دەکرێت، لەو کاتەشدا مکوڕی (جدیتها )و یەکگرتوویی و زیندویەتی لەدەست دەدات ))[90] ئەم نووسەرە لەسەر بیردۆزی رۆمانسیەکان دەرۆیشت کە بیرکردنەوەی رەخنەگرانیان وابوو کە هەستەکانی کەسی شاعیر لە شیعرەکەدا دەربهێنن بێ ئەوەی سەیری بابەتی قەصیدەکە بکەن.

زۆر لە نووسەران لەسەر ئەو رایەن، کە کاتێك شاعیر تاقیکردنەوەی مرۆڤایەتی خۆی دەکاتە شیعر ناتوانێت لایەنی ئایدیایی لابدات و تەنها لایەنی هەڵچونی خۆی تۆمار بکات بە تەنیا، بۆیە شاعیر لایەنی ئایدیایی و هەڵچوونەکانی لێك دەدات لەیەك جەستەی هونەریدا. شلۆفسکی دەڵێت ((شیعر هەستانە سەر پێی ووشەکانە، لەناو زمانی رۆژانەدا ووشەکان مردوون و سەرنج راکێش نین، بەڵام لەشیعردا زیندون و سەرنج راکێشن، ووشەکانی

---

[89] د. نبيل راغب، النقد الفني، دار مصر للطباعة، السنة ؟، ل١٩

[90] سەرچاوەی پێشوو، ل٢٠

دەوروبەریشیان زیندوو دەکەنەوە ))[91] بەرای نووسەر ووشە کە لە رۆژانە بەکار دێن شیعریەتیان نییە لەبەر ئەوەی نە (تەوزیف) کراون نە لادانیان پێ کراوە بۆیە مردوون کە دەچنە ناو دەقی ئەدەبی زیندوو دەبنەوە، ووشەکان هەموویان لادانیان پێ ناکرێت لە شیعردا تاکو بەهەموو ووشەکان بڵێن ووشەی زیندوو. بە گشتی ئەو ئەرکانەی زمان دەیبینێ لە ناو قەصیدەیەکی شیعری بەم شێوەیە یە :

١- ئامانجەکە دەگەیەنێ کە کۆمەڵێك پەیام ئاراستە دەکات.

٢- کاریگەری ئیستاتیکا و دەرونی بە ئامانج دەگەیەنێ لە لایەن نێرەر/شاعیر

ڕەنگە بوونی پەخشان و شیعر هەریەکەیان دەرەقەتی جۆرێك لە ئەدەب ببەن کە سەرکەوتنی ئەو رەگەزە ئەدەبیە پێویستی بە شیعرە یان بە پەخشان، کە جاران زیاتر شیعر سواری ئەو مەیدانە بوو زمانێکی بەرزیان تیادا بەکار دەهێنا دواتر کە بابەتەکانی ئەدەب ریالیستی بوون زمانی شیعر دەرەقەتی بەشێکیان نەهات بووە زمانی پەخشان دەکرێت بڵێین لە هەردووکیاندا رازاندنەوەو جوانکاری و شیعریەت دەبینرێت هاوشان لەگەڵ یەکتر هەر یەکەیان بەشێك لە بوارەکانی ئەدەب و ژیان پڕ دەکەنەوە.

١- **توخمی زمان لە داستاندا:**

داستان بەزمانی شیعر هۆنراوەتەوە، چونکە شیعر زمانی سۆزە، هەستە، راکێشانی سەرنجی خوێنەرە پاشانیش دروست کردنی وێنەیەکی جوانی ڕووداوەکانی ناو (( ئەو خەیاڵ پلاوی و فرین و شاخ و باڵ بۆ کردنەوە و حەپەسان و مایەی واق ورمانەی لە ئەفسانەو داستاندا هەبوون، زمانی پەخشان دەرەقەتی نەدەهات تەنها زمانێ کە شایستە و لەباری بێت زمانی شیعر بوو ))[92] بێگومان ئەگەر شیعرێك بۆ داستان بەکاربێت دەبێت بێگومان زمانێکی بەرز و روحێکی بە جەستەی شیعرەکەکە ببەخشێ بۆ ئەوەی دەرەقەتی گەورەیی بابەتە داستانییەکە بێت دور بێت لە زمانی ئاسایی، گاستۆن باشلار دەڵێت (( شیعری مەزن، کاریگەری گەورەی دەبێت لەسەر روحی زمان ))[93] شاعیر هەندێ ووشەی لێکدراو و دەستکاری کراو بەکاردێنێ بۆ ئەوەی زیاتر شیعرەکە زەق بێتەوە، هەندێك جاریش بۆ ئەوەی خوێنەر کێشە

---

[91] عەبدولسەلام نەجمەدین عەبدوڵڵا، شیکردنەوەی دەقی شیعری لە رووی زمانەوانیەوە، نامەی ماستەر، زانکۆی سەلاحەددین، کۆلێژی زمان، ٢٠٠٧، ل٣٤

[92] ئەحمەد سالار، کورسی و بەها درامیەکان، سەرچاوەی پێشوو، ٢٠٠٩، ل١٣

[93] غاستون باشلار، جماليات المكان، ترجمة غالب هلسا، المؤسسة الجامعة للدراسات و النشر و التوزيع، الطبعة الثانية، بيروت، ١٩٨٤، ل٢٥

باسکراوەکە بە شیعر بە گەورە وەربگرێت بە دەرنەکەوتنی تایبە تمەندی زەفکردنەوە کێشەکە زۆر سادە دەبێتەوە کە شیاوی باس کردن نییە، مۆکارۆفسکی دەڵێت (( زمانی شیعر، خاوەنی ئەو پەری تایبە تمەندی زەفکردنەوەیە ))[٩٤] ئەدەب بەگشتی شیعر بەتایبەتی هەڵسوکەوتێکی نالۆژیکیە، چونکە مامەڵە لەگەڵ سۆز و عاتیفە دەکات، مەرج نییە لەگەڵ ریالیستی کاری رۆژانەدا بگونجێت صلاح فضل دەڵێت (( زمانی شیعر شێوەی هەرە بەرزی زمانی سۆزە ))[٩٥] دەتوانین بڵێین کە جەوهەری شیعر و نهێنییەکانی لە ناو زمان خۆیان حەشارداوە، هەر بۆیەشە لوتکەی کاری ئەدەبی بەهۆی زمانەوە بنیاتی جوانی شیعر ئاشکرا دەبێت، بە پێی ئەرکەکانی ووشەش لە ناو دێرەکاندا و شوێنی هاتنیان لە شیعردا جوانی و نەشازیان دەردەکەوێت.

زۆر جار ئەو یاساو کوت و بەندانەی توشی شاعیری داستان نووس دەبێتەوە ئەوەیە کە ناتوانێت هەموو خەیاڵەکان و سۆزەکانی هەیتی بیکات بە شیعر بە دەرچوون لێی دەرچوونە لەو رێسایانەی کە بۆی دانراوون، بەڵام ناشتوانین بڵێین کە زمانی داستان قورسە یاخود خوێنەر پەی بە ماناکەی نابات، بەڵکو ئەوە ئەرکی شاعیرە بە زمانی خەڵك بنوسێت، چونکە دواجار ئەم بەرهەمە بەهەمی هەموو میللەتە و بۆ ئەوانیش دەنوسرێتەوە. بەکار هێنانی هێمای ئاڵۆز کە تاکی ئەم نەتەوەیە نەتوانێ پەی بە ماناکەی ببات ئەوا زمانی نووسی ئەم داستانە سەرکەوتنی کەمترە لە چاو داستانەکانی تر، لە زمانی ئاساییدا بەکارهێنانی هێماو زمانێکی قورس و پر بەلاغەت ڕەنگە ئاسایی بێت، چونکە ئەوانە بۆ کۆمەڵێك دەنووسن کە حەز بەم جۆرە بابەتە تەلیسم ئامێزانە دەکەن لە شیعردا کە دەستە بژێرن( النخبة ) ڕەنگە شاعیر نەکەوێتە بەر رەخنە جونکە وەرگر گشت نییە بەڵکو کۆمەڵێکن یان دەستەیەکن، بەڵام داستان بۆیە دەنووسرێت تا لە ناو میللەت بمێنێتەوە فەلسەفەی پشت نووسینی داستانیش گشتگەراییە.

گومان لەوە نییە شیعری داستانی شیعرێکە خاڵی نییە لە هەست و سۆز کەوابێ دەنگی گێرەرەوە/شاعیر دەبیسترێ، کە رۆڵی هەیە لە گێڕانەوەی سەربردەو ڕووداوەکان، بەتایبەتی شیعری فۆلکلۆری سۆز و هەستەکە سۆزی گشتیە سۆزو ئازاری میللەتە شاعیر کوێی لێبووە دواتر دەیگێرێتەوە. ڕەنگە کەم جار هەبێت شاعیر سەربردەی خۆی تێکەڵ بە ڕووداوەکان بکات، چونکە ڕووداو لە داستاندا زنجیرەییە دەرفەت بە شاعیر نادرێت هەستی خۆی تێکەلاو بکات ڕەنگە بەر بەستێکی تر لەم رووەوە ئەوە بێت کە میللەت لە مەسەلەی ڕووداوەکانی داستانی نەتەوەیی هوشیار بێت و گوێ بیست ببێت لە کۆڕێکدا یاخود وەکو چیرۆکی منداڵی بۆی گێردرابێتەوە، گێڕەرەوە لە ( مەم و زین ) دا ڕووداوی لاوەکی تێکەڵ بە ڕووداوی داستانی نەکردووە، کە ڕەنگە شاعیر لە نووسینەوەی داستانەکانی تردا ڕووداوی

---

[٩٤] سەنگەر حاجی، فەلسەفەی شیعر و شیعری فەلسەفی لە ئەدەبی هاوچەرخی کوردی دا، سەرچاوەی پێشوو، ٢٠١١، ل١١٤

[٩٥] عەبدولسەلام نەجمەدین عەبدوللا، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٣

لاوەکی یاخود ستایشی خۆی بکات ئەم دەرفەتە لە کۆ کردنەوەی بەرهەمی فۆلکلۆری کـەمترە. لـە بـواری وەصـف کردندا زێدەتر لەو داستانانەی کە بەشیعری کێش دار و لە قالب دراو دەتوانێ وەسف بکات ئەمەش بە هـۆی ئـەوەی نابەسترێتەوە بەهەندێ کۆت و بەند، چونکە خەیاڵ زیاترە لە داستانی نەزمدار بۆ وەسفکردنی پاڵەوان و کۆشـك و تەلار و هێز و بازوو بەو پێیەی شیعری فۆلکلۆری کۆنترە لە شیعرەکانی کێشدار و رێکخراو. هەنـدێ جـار ئەگـەر ورد بیەوە لە شیعری فۆلکلۆری ڕەنگە ئەوەت بۆ روون ببێتەوە، کە زمانی قسەکەرەکان سەر بەکامە دیـالێکتن یـان لـە چ شوێنێك ڕووداوەکە رووی داوە(( تایبە تمەندی شاعیرو نوسەر لەهەڵبژاردنی ووشەیە ))[96] هەندێك جـاریش ووشـەکان مۆرکی ناوچەیی وەردەگرن ، بێگومان زمانە گرێی هەموو ئەو تێبینیانە دەکاتەوە کە بتوانن لێکۆلەران و رەخنـەگران بە دوای ئەو پەیڤ و رستانە بچن کە ژینگەیین بۆ زانینی سەردەم و بنچینەی ڕووداوەکە.

٢- **توخمی زمان لە شانۆدا:**

ئەو زمانەی کە شانۆی پێ دەنووسرێت بە پێی سەردەم و دەق دەگۆردرێـت، سـەردەمانێك وەك لـە لاپـەرەکانی پێشوتر ئاماژەم پێداوە نەك هەر لەگەڵ شانۆدا شیعر سەودای هەبووە، بەڵکو دەستەملانێی شانۆ بووە. زمان دەسـتی هەیە لە دروستکردنی تەواوی ژانرە ئەدەبیەکان ڕەنگە بنیاتەکانی تر ئـەو دەسـەلاتەیان نـەبێت وەکـو زمـان کـە بپەرنەوە سەر هەموو بنیاتەکان و بگرە لە ناو هەموو رەگەزەکانیشدا هەژمورنی خـۆی تیـادا زەق کاتـەوە. ئـەوەی دەکرێ پێی لەسەر دابگرین وەك بەستنەوەیەك شانۆ پەیوەست کرابوو بەشیعر، بەڵام گۆڕانکاریەکان نـەك هـەر لـە خودی شیعر رووی دا بەڵکو لە زمان و نووسینەوەی شانۆشدا رووی دا ئەویش زمانی پەخشـان بـوو. فلیـپ سـدنی کـە رەخنەکرێکی سەدەی شازدەهەمە لەبارەی شیعر و سروشتی شیعر دەڵێت (( شیعر بـەکورتی وێنـادنـە جـا ئەگـەر وەك هۆنراوە (نظم) نووسرابێ یان وەکو پەخشان ))[97] شاعیران و رەخنـەگران و فەیلەسـوفان تـا کۆتـاییـەکانی سـەدەی هەژدەم لاسایی کردنەوەی سروشت و ئیلهام لای خواوەندیان بەکار دەهێنا. لە پاشان شاعیران شیعریان بـە هەسـت و سۆز و خەیاڵ پێناسە دەکرد د. سەنگەر حاجی لە تێزی دکتۆراکەیدا پێی وایە (( لە پەخشـاندا زمـان هـەم دەربـڕی توخم و رەگەزەکانی دیکەیە و هەم جەوهەرە، بەڵام لەشیعردا زمان تەنیا جەوهەرە ))[98] کەواتە زمان لە نووسینەوەی دەقی شانۆیدا بە شێوەی پەخشان ئامادەیی زێدەتری هەیە وەك لە شیعر، شیعر لە هەر قۆناغێك و ڕێبازێك دابێـت یاخود فەرامۆشی هەر رەگەزێك کرابێت ئەو پێکهاتەی وەك خۆی مابێتەوە کە دەربرینەکەیـەتی زمانـە. شـاعیرێکی

---

[96] پەروین عبداللە خدر، سەرچاوەی پێشوو، ل٣١

[97] دکتۆرە شوکریە رسول، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٠

[98] سەنگەر حاجی، فەلسەفەی شیعر و شیعری فەلسەفی لە ئەدەبی هاوچەرخی کوردی دا، سەرچاوەی پێشوو، ٢٠١١، ل١٠٥

سروشت ناسکی ئەڵمانی (کونراد) لەبارەی زمانی شیعرەوە دەڵێت (( شیعر جیهانێکە بۆ خۆی وەرگێردراوە بۆ سەر زمان )) [99] هەر نووسەر و شاعیرێك بە جۆرێك گێڕانەوەی بابەتێك دەکات لە روانگەی بینینی خۆی بە شێوە و کەرستەی جیاواز و بە زمانی جیاواز لە ڕووداوێك دەدوێن بۆیە گێڕانەوەکانیان جیاوازیان هەیە ڕەنگە جۆری ڕووداوەکانیش جیاوازبن یان وەکو یەك بن.

شاعیر ئەو بەربەستەی کێش و سەروا دەشکێنێ کە ڕەنگە بۆ گێڕانەوەی بابەتەکە شیعر تێری نەکات بۆیە پەنا بۆ رەگەزێکی تر دەبردرێت کە پەخشانە، جان میشال غوفار لە پەرتووکی شیکاری شیعری دا دەڵێت (( زمان تاکە مادەیە شاعیر هەیەتی )) [100] بۆمان روون دەبێتەوە کە بنیادی زمانی مادەیەکە شاعیر ناتوانێت دەستبەرداریان بێت رەگەزەکانی تر وەکو جوانکاری شیعری بەکاریان دەبات دەتوانێت دەست بەرداریان بێت. پۆل ریکۆر دەڵێت (( شیعر زمانە لە خزمەتی زمانە )) [101] لەو ووتەیە ریکۆردا بۆمان دەردەکەوێت، کە لە گەڵ بۆ چوونەکەی جان میشال نزیکە کە زمان جەوهەری شیعرە، بەڵام ئەوەی ریکۆر زیاتر فراوانی دەکات کە خزمەتی زمانی ئاسایی دەکات ئەمەش ڕەنگە زمانی خەڵکی ئاسایی خالی نەبێت لە دەربڕینی شیعری واتا کاریگەری زمانی شیعری بەسەر زمانی خەڵکەوە دەبێت.
لە شانۆدا بەو پێیەی بە چەندین قۆناغدا گوزەری کردووە بە پێی قۆناغەکانیش تێروانین لەسەر زمانی دەقی شانۆیدا یاخود زمانی پێشکەش کردنی دەقەکانی شانۆ بۆ خوێنەرو بینەران گۆرانکاری بەسەر داهاتووە، بۆیە ئەگەر سەیری تێروانینی رەخنەگران و بیرمەندانی شانۆیی بکەین لە رابردوودا جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە شانۆ پێویستە بە زمانێکی بالا بنوسرێتەوە خوێنەران و بینەرانیش دەبێ لە چینی سەرەوە بن ئەم تێروانینە بە تێروانینی کلاسیکی لەقەڵەم دەدرێت کە بۆ ماوەیەکی دورو درێژ بەردەوامی هەبوو.

لەسەردەمی گۆڕان بۆ رۆمانسیزم لە ئەدەب شانۆش بەر ئەم شە پۆڵە کەوت کە گۆڕانکاری نەتەنیا لە ناوەرۆك و بابەتدا کرد، بەڵکو لایەنی دەرەوەش بەر ئەم گۆڕانکاریە کەوت کە بە پەخشان یان بە پەخشان و شیعر دیالۆگەکان دەگوتران زمانەکەشی زمانێکی سادەیە بەکارهێنان و تێگەیشتنی ئاسانە بەبەراورد لەگەڵ زمانی شیعر، هەروەها بۆیە بابك ئەحمەدی دەڵێت (( لەشیعردا واتای ووشەکان بەدەنگ راست دەکرێنەوە و لە پەخشاندا دەنگەکان بە واتا راست دەکرێنەوە )) [102] بەکەم زیاد کردنی دەنگ لە شیعردا مانا و پەیامی دەگۆرێت، بەڵام لە

[99] صدام علاوي شیاب، سەرچاوەی پێشوو، ل٨
[100] سەنگەر حاجی، سەرچاوەی پێشوو، ٢٠١١، ل١٠٦
[101] سەرچاوەی پێشوو، ل١٠٨
[102] عەبدولسەلام نەجمەدین عەبدوڵڵا، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٨

پەخشاندا ئەوە گرنگ نییە بەڵکو تەنیا بتوانێت بە باشترین شێوە پەیامەکە بگەیەنێت کە ئەوەش ئاما نجی شانۆیە. گێڕانەوەی ڕووداوەکان بە شێوازێکی ڕەوانبێژی، کە گرنگیەکەی ئەوەیە جوانی بخاتە روو کە وەسفێکی جـوانی بـە ڕووداوەکان بدات، لای کلاسیەکیەکان پەیرەو دەکرا، کەچی گێڕانەوە بە زمـانی سـادە و دارشـتنی روون بـە زمـانی پەخشان لای ریالیستیەکان بەرە بەرە لە تیۆری ئەدەبی رەنگی دایەوە بۆیە هەندێ خەیاڵیش بەهۆی ناریالیستی لە وەسفکردنا رەت کرانەوە ئەوە بوو ئاراستەی بیرکردنەوەکانی گۆری لە بەکارهێنانی زمان لـە نوسـینەوەی داسـتان و شانۆ و چیرۆك. . . هتد. ئەمە ئەوە ناگەیەنێ کەوا خەیاڵ وەسف لە شانۆ خاڵی بێت، بـەڵکو خـەیاڵ و وەسـف لـە خزمەتی ڕووداو کەسەکان بێت مەغزاو ئەندێشەی نووسەر هەنگاو بە هەنگاو ئامانج بپێکێت. غەریب نییە بڵێین کـە شانۆ لە گەڵ بوونی شیعر لەدایك بووە، بەو زمانەوە ئەغریقیەکان شانۆ نەمرەکانیان پێ هۆنیوەتـەوە، هـەر وەهـا شیعر توانی لە نێو شانۆی ئەغریقیەکان گوزارشت لە گەورەیی (تراژیدیا) بکات، لەهەمان کاتدا توانی داستانیش دروست بکات، گۆرانیش بنووسێتەوە، هەروەها توانی بە کێشی شیعرەکان زانیاریە کشـتوکاڵیەکان و پزیشـکیەکان و گەردونییەکان بنوسێتەوە.

ئەگەر کات و سەردەم وای کرد کە زمانی پەخشان دەست بەسـەر لایـەنی عـەقڵ و مـەنتیق دابگرێـت، بـەڵام بەکارهێنانی شیعر لە جیهانی خەیاڵیدا سەرکەوت. شانۆ پەیوەندیەکی توند و تۆڵی لەگەڵ شیعردا هەیە بۆیـە بـە زەحمەت دەبینین لەسەردەمەکانی ناوەند و ڕێنسانس و سەرەتای رۆمانسیەتی ئەوروپی شانۆ بە شیعر نەنووسرابێت. ئەگەر سەرەتای چەرخی نوێ بە زۆربوونی پەخشانی شانۆیی ناسـراوبێت کـە بابـەت و مـاددە خامـەکانی عـەقڵ و ریالیستی بوون، بە حوکمی ئەوەی شانۆ لە جیهانی خواوەند و پاڵەوانـەکان دابـەزی بـۆ مرۆڤـی ئاسـایی، لەگـەڵ ئەوەشدا دەبینین روحی شیعر لە شانۆ جیهانییەکان بەکاردێت هەتاکو ئێستاشی لەگەڵدابێت، ئەو حەقیقەتە پێمان دەڵێت کە شیعر جەوهەری شانۆیە، شانۆش روحەکەیەتی. ئەگەر چاو بە سەد سـاڵی رابـردووەوە بخشـێنینەوە ئـەو کارانە دەبینین کە نووسەران دەقی نووسراوی شانۆیان هەیە هەر یەك لە (ئەپسـن و چـیخۆف و ئۆنێـل و ئـەلیۆت و برێخت. . . هتد)* دەبینین بە شیعر و پەخشان شانۆیان نووسیوەتەوە دەکرێت بەراوردێکی لە رووی زمانییەوە بۆ ئەم دوو جۆرە بکەین:

- ((کێش) تەنیا لە شیعردایە نەك پەخشان
- شێوازی دەربڕینی شیعریەت :واتا بەکارهێنانی ووشەی بزوێن و کەرەسە ووردەکاریەکانی هونـەری شیعری زیاتر لە شیعردایە بەراورد بە پەخشاندا.

- ناوەرۆکی شعیریانە : لەگەڵ ئەو کار تێکردنە دەرونیانەی لێوەی دەکەوێتــەوە لــە شــیعر خوێنــەر هەست بە هەمان هەست دەکاتەوە ئەو هەمەرەنگی و سۆزەی شیعر هەیەتی لە هونــەری پەخشــاندا نییە )[103]

ئەرستۆ پێی وایە زمان بەدیار ناکەوێت یاخود دروست نابێت هەتاکو سێ خاڵ یان هۆکار نەبێت :

١- (( ئەو ئایدیایەی کە دەتهەوێ لێوەی بدوێی، کە مانا هۆکارێکە بۆ دروست بوونی زمان.

٢- سروشتی کەسایەتی کە زمانەکە بەکاردێنێ.

٣- ئەو ووشانەی کە کاریگەری پێشبینی کراو دروست دەکەن ))[104].

کەواتە ئایدیا و کەسایەتی و مەغزا پێکهاتەی زمانین، ئەگەر یەکێکیان بزر بوو ئەوا زمانیش بەدیار ناکەوێت. بەهۆی بەکارهێنانی هونەری زمانی دەکرێت ئایدیاکە بە زەحمەت یان بەئاسانی بتوانێت شیکار بکرێت لە لایەن خوێنەر /بینەر، کە دەکرێت بڵێین لە دەسەڵاتی زمانیدایە. دەتوانین بڵێین کە گوتاری شیعری جیاوازە لەگەڵ گوتاری پەخشانی، ئەگەر پەخشان نووس زمان بەکار بهێنێ وەکو شاعیر ئەوا طاهر مکی دەڵێت (( ئەوا ئایدیا جیاوازیەکی جەوهەریــە لــە بەکارهێنانی زمان لەلای شاعیر و پەخشان نووس، یان لە نێوان زمانی شیعرو پەخشان، بۆیە زمــانی شــیعری زمــانێکی تایبەتە ))[105] بۆمان دەردەکەوێ کە شیعر زمانەکەی بەردەوامە، توانای وروژاندن و زیندویەتی و رارا خستنەوەی هەیــە، تەنیا گوزارشت یان هەڵقولاوی کێشەکانی رۆژانە ناکات، بەڵکو لە ویژدانی قوڵ هەڵدەقولێت کە گوزارشتێکی هەســت و سۆزە هەندێك پەیڤ بەرهەم دەهێنێت گوزارشتێکی دەرونی و هەستی تایبەتە توانای ئەوەی هەیە وێنەیەکی جــوان لــە هەستەکانی شاعیرمان پیشان بدات، جیاوازیەکی تری زمانی شیعر و پەخشان دەڵێن زمانی شیعر زمــانی هەســتەکانە، زمانی پەخشان زمانی عەقلە مەبەستی پەخشان گەیاندنی ئایدیای قسەکەر یان نوســەرە ئــەو رســتانەی کــە بــەکاری دەهێنێ را پۆرتیە بەتەواو بوونی مەبەستەکەشی تەواو دەبێت، کێشەکانیشی بنیاتە لەسەر هزر، بەڵام شاعیر دەیــەوێ بەزمانی وێنە قسە بکات لە ووشەو رستەکان لە ناو زمانەکەشدا وێنەو خەیاڵ پەخش دەکات هەندێك دەربڕین هەیە بۆ شیعر گونجاوە و دەربڕینێکی جوانە ڕەنگە بۆ پەخشان بەکار نەهێت بە حــوکمی لێکچــواندن و وەســف و شــوێن گــۆڕینی

*چاو پێکەوتن لەگەڵ ئەحمەد شالار کە ڕەنگە لە زۆر جێگادا ئاماژەی بەم چەند دێڕە دابێت

[103] ئەحمەد سالار، هونەر و ژیان، سەرچاوەی پێشوو، ٢٠٠٥، ل١٧٨

[104] محمد حامد محمد یحیی، سەرچاوەی پێشوو، ل٥٠

[105] عبدالله عبد الحلیم عبدالله، بناء للغة الشعر في دیوان (في معبد الكلمات) لسعد درویش، مجلة مخبر، جامعة محمد خیض-بسكرة الجزائر، العدد السابع، ٢٠١١، ل٨٥

ووشەکان وەك بەرەبەیان و خۆشەویستی و هیلاکی و مانگ و کانی و. . . هتد. ئەم پەیڤانە گوزارشت لە ژیان دەکەن بە خێرو شەرەوە بەجوانی و ناشیرینییەوە، ئەو پەیڤە لێکچوونانە و جوانانەی شاعیر دەوەستێت کاتێك گوزارشت کردن لە هەستی خۆی تەواو دەبێت پاشان دەست دەکات بە تێکەڵ کردنی لەگەڵ پەیڤەکانی تری دیکە گونجان دروست دەکات لەگەڵ باسەکە دا.

دەکرێت بڵێین زمان تەجروبەیەکی رووحیە جەوهەرێکی راست و دروستی هونەری شیعرە، بۆیە ئەم جەوهەرە تەنها لە وەزن و قافیەدا نابینرێتەوە وەك ئەوەی لە رووخساری شیعرەکاندا بەدیار دەکەوێت، بەڵکو لە رووحی شاعیرەوە ئەم زمانە هەڵدەقوڵێ بێگومان روحیش پاکترین شوێنە کە بکرێتە زمانی راستگۆ.

(زمان بەخۆی تەنها کۆمەڵێك ووشەیە بەڵام ئەم ووشانە مەرج نییە ووشەی شیعری بن، ئەگەر بڵێین زمانی شیعری ووشەی دروستکراو و هەماهەنگ و ئەرکدارن، بۆیە زمانی شیعری تەنها لە ناوەرۆکدا لە زمان جیاواز نییە، بەڵکو بنیاتەکەشی جیاوازە)[106] ئەوەش شوێنی بەرزی زمان دەگرێت داتاشراوە لە زمانی رەسەنی خۆی، گرایام رەخنەگرێکی ئەدەبیە پێی وایە کە رەخنەی ئەدەبی شانۆی لە ژێر دەسەلاتی چۆتەدەر پێی وایە ((بەهای شانۆیی لە ئەدەب دایە نەوەك نمایش بە پێچەوانەی گروتوفسکی لە پەرتوکی (بەرەو شانۆی هەژار) پێی وایە دەبێت نمایش بکرێت، بەڵام گرایام پێی وایە زمانی ئەدەبی بەرز لەلای جەماوەر بێ بایەخ دەکرێت بەهای کەمی بۆ دادەنرێت بۆیە دەڵێت شانۆی جدی لەبەرامبەر شانۆی پوچ لەگەرانەوە دایە لەقالبێکی ئەدەبی بۆ قالبێکی ئاماژە و قسەی ناردن و دیالۆگێکی بەردەوام تێنەگەیشتوو لەخۆوە))[107] لەوەوە لەم نووسەرە دەگەین کە زمانێکی ووشك و ئالۆز سامانی ئەدەب و رەخنەی ئەدەبیە.

رەخنەگران لەسەر ئەوە کۆکن، کە شانۆ بەشێك نییە لە ژیان، بەڵکو بەشێکی گەورەو زۆری ژیانە هەموو ماناکانی مرۆڤایەتی و مەنتیقی و هونەری جوان دەدات ئەوەی شیعر و شانۆ بەیەکەوە دەبەستێتەوە تەنیا کیش و سەروا و ئاواز و مۆسیقا نییە، بەڵکو رەخنەی نویێ دەڵێن شیعر و شانۆ بەهەموو کارێکی هونەری ئەدەبی لێك دەبەستێتەوە. هەندێکیان وای بۆ دەچن کە کارێکی ئەدەبی روحی شیعر و شانۆی تێدانەبوو ئەو کارە ئەدەبی نییە. بۆیە بنیاتی شانۆیی (درامی) بریتیە لە هەڵێنجانی جوانییەك لە ئەنجامی کارلێکردن و جولانی بەشەکان و ناوەرۆك و زیندویەتی

---

[106] عبدالله عبد الحليم عبدالله، سەرچاوەی پێشوو، ل٨٧

[107] دیڤید برتش، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٢

خانەکانییەتی، هەر کاتێك ئایدیا گرێدراو بوو بەهێڵی سەرەکی کە ڕۆڵی بڕبڕەی پشت و لاشەی کاری ئەدەبیە، ئەوە هێڵەکانی تر وەکو ڕۆڵی دەمار و لولەو خانەکان دەگێڕن و ئاراستەی هێڵە سەرەکیەکە دەکرێن.

زمان کاریگەری و ڕۆڵی گەورە دەگێڕێ لەناو شانۆدا نەك تەنیا لە ناو دەقی شانۆدا بۆ دانان و دارشتنی ووشەو رستەکان خوێدنەوەیان لەلایەن خوێنەر، بەڵکو کاریگەری زۆریشی لەسەر بینەریش دەبێت بۆ نمونە کاتێك هەندێك دێری تراژیدی یان کاریگەر دەچرپێنی بە گوێی جەماوەردا لەکاتی نمایش ئەوانیش هاوار دەکەن (دوبارە دوبارە). یان و بەرینی شانۆی ئەغریقی و ژمارەی جەماوەر دەوریان هەبووە لەوەی ووشەکان بەدیلی وێنەی بینراون، چونکە جەماوەر هەیە لە پەیژەکانی دواوە دادەنیشێت نەیدەتوانی هەموو پەیژەکان ببینێ ئەوەی لەشانۆ روودەدات بۆیە پێویست بەوە دەکات زۆر جار ووشەو پەیڤەکان بە زمانی بۆ نێردراو و جەماوەرەکەی بێت کاریگەری لەسەریان بەجێبێلێت. شانۆ هەردەم بۆ نمایشە ئەو مەرجەش هەردەم لە زەینی دانەرەکەیەتی بۆیە شانۆ گوزارشتێکی ریالیستیە، لەبەر ئەوەی بەهەمان ئەو شێواز و زمانە قسەدەکات کە کارە ئۆرژینالەکە/رەسەن هەیە. دەتوانین بڵێین کە شانۆ گوزارشتێکی هونەری بەکۆمەڵە لەبەر ئەوەی دانەرو مۆسیقا و ئەکتەر و سەماکەر و گۆرانی بێژ. . . هتد بەشدارن لە پرۆسەکەدا تا بەبەرهەم دەگات. (بلوتار خوس) دەڵێت ((وەنەبێ مۆسیقا تەنها پاڵپشتیەکی لاوەکی دەقێکی شانۆیی بێت، بەڵکو بزوێنەرو جولێنەریەتی))[١٠٨]

٣ - بەراورکردنی توخمی زمان لە داستان و شانۆدا :

١- داستان بە شیعر دەنوسرێتەوە ئەوا شانۆ لە باوەشی شیعر لە دایك بووە.

٢- ئەگەر گۆڕانکاری لە رووی کیش و مۆسیقاوە بەسەر داستان هاتبێ کە هەندێکیان لەلایەن شاعیرانەوە ووشەکان رێکخراون تێروانینی ئەوانیش زاڵە لە گێڕانەوەی ڕووداوەکان کە بە زمانێکی بەرز دەهۆنرایەوە هەندێك داستانیش لە شیعری گۆرانی میللی دەنوسران و دەگوترانەوە پشتاو پشت شیعری گۆرانی، کە شێوەی سادەو ساکاری فۆلکلۆری میللی پیشان دەدات باس و خواستەکانیشی هەر بەزم و رەزمی رابواردن و ئەڤینداری شێوە ساکارەکەی نەتەوە پیشان دەدات زمانەکەشی هەمان ئەو سادەیەیە بەتاکیش دەگوترێت، بەڵام جۆرێکی تریش هەبوو لەو گۆرانییە میلیانە کە بە تاکە کەسێك نەدەگوتران پێشکەوتووتر بوو کە زمانێکی بەرزتری هەبوو لە

[١٠٨] ئەحمەد سالار، هونەر و ژیان، سەرچاوەی پێشوو، ٢٠٠٥، ل٧٤

جۆری یەکەم، ئەوا شانۆش لەزمانی شیعریەوە پەریەوە زمانی پەخشانی بۆیە رەگەز و تەکنیك لەو دوو رەگـەزە ئەدەبیە تـا رادەیەکی زۆر لێکچوون لە نێوانیان دا هەیە، ((لەو رۆژانەدا، کە شانۆ بە زمانی شیعر زبــانی بــڕا، کۆمەڵە یاریدەدەرێك لە ئارا دابوون، بەر لە گشتیان بۆ کەرەستە خاوەکەی دەگەرێتەوە، کە داستان بوو))[109]

٣- لە گێڕانەوەی ڕووداوەکانی داستاندا لەبەر ئەوەی بۆ نەتەوە دەنوسرێت، چونکە موڵکی تاك نییـە بۆیـە دەبـێ کەمترین شێوازی جوانکاری بەلاغی بەکار بهێنرێت بەو واتـایەی کەمترین لادان و زەفکردنەوە لـەزمانی ئاسـایی بکرێت بۆ ئەوەی هەموو تاکەکانی میللەت بتوانن ڕووداوەکانی داستان لەناو دەفی سینەیاندا هەڵبگرن، ئەمە بۆ شانۆ راسترە و گونجاوترە لەداستان ئەگەر شێوازێکی بەلاغیش بەکار بهێنێ بۆ جوانکاری، بـەڵام زمـانی شـانۆ زمانێکی ئاساییە خوێنەر/بینەر تێکرا هەنگاو بەهەنگاو لەگەڵ ڕووداوەکان دەڕۆن.

٤- لە داستاندا زمانی شیعر بەهۆی بوونی کێش و سەروا و بڕگە هەستەکانی شاعیر لە ناو خودی شیعرەکاندا بەدیار دەکەوێت ئەمەش بەهۆی ئەو هونەرانەیە کە شاعیر بۆ دەربڕینی هەستەکانی پەنای بۆ دەبات، بەڵام لە شانۆدا هەلچون لە ڕێگەی دیالۆگ و مۆنۆلۆگەکانی زمانی کەسایەتیەکانەوە دەردەبڕێت بۆ ئەوەی ئاما نجەکەی بپێکێت.

٥- لە داستاندا شێوە زمانی شاعیر یاخود ستاندەر بەکار دەهێنرێـت بـۆ گێڕانـەوەی ڕووداوەکـان و دەربڕینەکانـدا بەڵام لە شانۆدا شێوەزار و زمانی کارەکتـەرەکان بـەکار دەهێنرێـت کـە ڕەنگـە هـەموو کارەکتـەرەکان زمـانی ئاخاوتنیان وەکو یەك نییە، لەبەر ئەوەی هەر یەکەیان لە ژینگەیەکی جیاواز و رۆشەنبیریەکی جیاوازی هەیە، ئەمە بۆ ئەو داستانانەش راست دەردەچێت کـە مـیللین بــە دیالێکتێـك نووسـراینەوە یـان بـە شـێوەی گـۆرانی دەربڕدراون.

٦- زمان لە شیعردا لە دوو رەهەندەوە بەدیار دەکەوێت، کە هەواڵ گەیاندن و سیمبولە بۆیە هەر یەکەیان ناکرێـت جیابکرێنەوە. بەبێ هەواڵ و پەیام گەیاندن شیعر دەبێتە کۆدێکی نـەکراوە یـاخود ئـاڵۆز کـەمترین خزمـەت دەکات وەك ئەوە وایە بۆ خۆت نووسیبێ سوودەکەشی هەر خودی شاعیر بێت. هەر وەها بەبێ سیمبول و نهێنی کە لە نێو دێرو ووشەکان حەشار دراوە دەقی ئەدەبی شیعریەت لە دەست دەدات و دەبێتە قسەیەکی رۆژانەی ئاسایی. بۆیە پێویستە شاعیر بۆ دروستکردنی قەسیدەیەکی شیعری ئەو پەیڤانە بهێنێتە ناو شیعرەکانی کە کاریگەری و مانای سوود بەخش دروست دەکەن ئەرکیان هەیە لە کۆی دێرەکانی شیعردا ئەگەر ئەرکدار نەبێت ئـەوا نـەبوونی چاکترە. بۆیەشە دەڵێن دەبێت شاعیر زمانەکەی فـراوان بێـت و شـارەزایی چـاکی هـەبێت و دور بکەوێتـەوە لـە بەکارهێنانی مانای کرچ و کاڵ و لێکچوونی درۆینە و سیمبولی نادیار، کە پەی بە ماناکەی نەبردرێت و وەسـفی

[109] ئەحمەد سالار، کورسی و بەها درامیەکان، سەرچاوەی پێشوو، ٢٠٠٩، ل١٣

دور و گوزارشتی نارێك، بۆ ئەوەی هەم پەیام و ئیستاتیکایەکەی، کە دوو ڕەهەند یان دوو ئاستی بینینی شیعر بە ئامانج بگەینێ.

( ئیبن تەبابا ) لە پەرتوکی ( عیار الشعر ) مەرج بۆ ئەو شاعیرانە دادەنێ کە بیانهەوێ قەسیدەیەك بنیاد بنێن پێویستە (( ماناکەی خاوێن بێت و روون بێت بگونجێت لەگەڵ مەغزاکەی، ئەو پەیڤانەش کە هەڵدەبژێرێ دەبێت یەکانگیربێت پێویستە پەیڤەکانی شەرموون و تێکەڵاو و دژیەك نەبن ))[110] لە شانۆدا دارشتنەوەی ووشەکان جا چ بە شیعر بێت یان پەخشان دروست کردنی گوفتار بۆ دەربڕینی ئایدیایەکان، ئایدیا ناوەرۆکی واتاکەیە زمانیش ئەو شکلەیە یاخود ئەو قالبەیە کە ناوەرۆکی واتاکە لە خۆ دەگرێت، (( زمان دارشتنەوەی گوفتارە بۆ ئایدیا ))[111] بۆیە دەبێت پەیامەکەی روون بێت خوێنەران و بینەران هەست بە ناروونی پەیامەکە نەکەن، چونکە لە شانۆدا زیاتر بەهۆی زمانەوە ئایدیاو پەیامەکە دەگات نەوەك کردەوەکانی کارەکتەرەکان.

**ب-توخمی زمان لە رووی پراکتیکەوە:**

**١- توخمی زمان لە داستانی ( مەم و زین ) دا :**

زمانی ( مەم و زین )ی ڕەحمان بەکری گێڕەرەوە زمانێکی کوردی –موکریانە وەك هێمنی شاعیر دەڵێت(( من لە مێژە بیر لەوە دەکەمەوە چۆنە زۆر بەیتی کۆنی کوردیی وەك مەم و زین، فەرخ و ستی، خەج و سیامەند، سەیدەوان، زەمبیل فرۆش و شێخی سەنعان بە هەردوو شێوەی موکریانی و بۆتانی هەن ))[112] راستە ( خانی ) توانی شاکارێکی گەورە دروست بکات بە زمانی شیعری تایبەت بە خۆی، بەڵام نەیتوانی بەیتە کۆنەکە لەبیر خەڵك ببتاتەوە، کە هەندێکیان لە سەر زاری خەڵك هەر ماونەتەوە. ئەم وشانەی، کە بەکار هاتوون پڕن لە وشەی ر کوردی و سادە و ساکارن زۆربەی وشەکانیش لە نەژادەوە کوردین بەو پێیەی داستانەکە لەسەر زاری خەڵکەوە وەرگیراوە و کۆ کراوەتەوە . *

---

[110] بشير المناعي آللغة الشعرية عند الشنفري، رسالة ماجستير، جامعة الجزائر بن يوسف بن خدة، كلية الاداب واللغات، ٢٠٠٦، ل١٦

[111] محمد حامد محمد یحیی، سەرچاوەی پێشوو، ل٥٠

[112] ئۆسکار مان، سەرچاوەی پێشوو، ل٤٩

*سوودم وەرگرتووە لە پەتوکی توحفەی موزەفەرییە ،کە لەسەرەتادا چەند باسێك دەربارەی داستانە کوردییەکان دەکات.ل٥٠

هۆنەر لە دارشتنەوەی بەیتە شیعرەکانی نەهاتووە هەموو وشەکان تایبەت بکات و دابڕێنێ لە دیالێکتەکانی تر، بگرە وشەی دیالێکتەکانی تریشی بەکارهێناوە:

((دەنگی لەشکریان دا لە شاری جزیرێ

سوار سوار دەبن، قۆشەن ڕاستەی لێ دەگیرێ

میر هات و ڕۆنیشت لە دیوانێ

دەڵێ بێنن قەتارێ بارکەن لە گەنج خانێ

بچن ئەو وڵاتەم بۆ بەرهەق بکەن، جا دێنم شاد و ئیمانێ))[113]

وشەی (رۆنیشت) لەدیالێکتی کرمانجی بەکاردێت لە موکریان بەکارنایەت بەکاردێت، لە جیاتی وشەی (کۆگا) وشەی (گەنج خانێ)ی بەکار هێناوە و زۆر باشی پێکاوە، کەخانووی گە نجینەیە، پاشان وشەی (قۆشەن)یشی بۆ سوپا/لەشکر بەکار هێناوە، ڕەنگە مەبەستی بێت هاوواتا بۆ مانای سوپا زیاد بکات. کەواتا مەبەستمە زمانی داستانەکە بووە بە کۆکەرەوەی وشەی فەرهەنگی کوردی و سادەو پاراون.

گێڕەرەوە یاری بە وشە کوردی و فارسیەکان دەکات جارێکیان کوردیەکە بەکار دێنێت جارێکیش فارسیەکە کاتێك (زین) لۆمەی خۆی دەکات واتە هەمان کارەکتەر کە سەرزەنشتی خۆی دەکات وشە کوردیەکە دەکاتە وشەی بێگانە:

یایەزین دەڵێ:

(( هەی لە خۆم <u>ڕووڕەش</u> و بابان وێرانێ

تاقە کورەکەی برایم پادشای یەمەنێ بێتە شاری جزیرێ بە قسەی منی سەر بەتاڵ و بێ خودانێ))[114]

یایەزین دەڵێ:

((<u>ڕووسیا</u> بووم، بابانم وێرانە

---

[113] ئۆسکار مان، سەرچاوەی پێشوو، ل٢١٢

[114] ئۆسکار مان، سەرچاوەی پێشوو، ، ل٢١٤

ئەمن لە کنم وابوو، ئەتوو سەرکردەی لە شکری، چووی بەرحەق بکەی ئەو عێلانە ))[115]

هۆنەر بۆ دەرخستنی جوانی (مەم و بەنگین) خواستراوی بۆ بەکار هێناوە، کە رۆژ و مانگە ئەمەش لە هونەرەکانی ڕەوانبێژیە لەهۆنینەوەی شیعرەکان زۆر بەدی دەکرێن ئەم جۆرەی لێکچواندن پێی دەگوترێ (لەف و نەشر)لە جۆری (لەف و نەشر)یشدا، ئەمە لەف و نەشری مورەتەببە، چونکە ڕیزبەندی لێچوو و لەوچووەکان پارێزراوە :

((لەو ئاغاو نۆکەرەی موحتەبەرە

ماشاڵڵا یەکیان دەڵێی شەمسە، یەکیان دەڵێی قەمبەرە))[116]

لە بەیتێکی تردا گێڕەرەوە بۆ دەرخستنی ئەو ئازارەی لە دڵی (مەم) دایە بۆ ئێمەی ئاشکرا دەکات لەسەر زاری (مەم) کە بۆ بەنگینی نۆکەرو هاوڕێیەکەی باس دەکات بە کورەی ئاگری دەچوێنێت، کە وەستانی نییە و گلپە دەسێنێ بەو مانایەی، کە بە گوڕە وەستانی نییە لێدەدات بۆ مەعشوقەکەی ئەو لادانە شیعریەی لە شیعرەکە ئەنجام دراوە زۆر سەرکەوتوو بووە لە رستەی ئاسایی لایداوە، بەڵام لادانەکەی زۆر زەق نییە :

بەنگین پێی دەڵێ :

((بە قوربانت بم کوێت ئێشاوە

دەیگوت بەنگینە!مەترسە، ژوانم دەگەڵ یایەزینێ ڕۆناوە

دڵم دەڵێی کورەی وەستایانە، گەلێك لە جۆشە))[117]

دێڕەکانی کە بۆ گێڕانەوەی داستانی (مەم و زین) بەکار هاتووە لە شێوەی بەندن و مۆسیقای کورت و درێژی بە گوێرەی پەیامەکەیە، ڕەنگە دیرێك کورت بێت واتە وشەکانی کەمتر بن لە چاو دێڕی دواتر هەندێ جاریش بە (٣) بەیت ماناکەی تەواو دەبێت :

(( بەنگین، مەگریە، بەبێ کاکە مەمی لێم حەرام بێ ئەو ڕاوە

---

[115] سەرچاوەی پێشوو، ل٢٠٤

[116] ئۆسکار مان، سەرچاوەی پێشوو، ل١٧٨

[117] ئۆسکار مان، سەرچاوەی پێشوو، ، ل٢٠٤

بەنگین، هەڵسە، برۆ، رامەمێنە

دەغیلت بم، ڕاوی سبحەینێ خۆشە، خەبەریکی میر مەمم لە بۆ بێنە ))[118]

وشەی ( مەگریە )بەرامبەر وشەی ( هەڵسە )ی بەکار هێناوە بۆ ئەوەی گونجان دروست بکات ئەگینا دەبوایە پیتی ( ە ) دانەنێت بۆ وشەی ( مەگریە )، دەبوو ( مەگری )بەکار هێنابایە. هەندێك جاریش خوێنەر هەست بەوە دەکات جۆرە رێکخستنێك لە ریز کردنی وشەکان دا هەیە، بەڵام ریز نەکراون یان ئەوەتا لە چاپ کردن گوێ بەم جۆرە ریز کردنانە نەدراوە، یان هۆنەر وای هۆنیوەتەوە دواتر نووسراوەو وەریان گێڕاوەتە سەر رێنووسی ئەلف بێی عەرەبی و زەینیان نەداوەتێ.

هۆنەر هەوڵی داوە هەندێ جار تەواوی دێڕەکان کەمترین هەڵەی ئاوازی هەبێت لەگەڵ نیوە دێڕی دواتر، بەڵام دیسان بەبێ خەوش نەماوەتەوە :

(( کێ بوو لە بەنگینی گوڵبارە

دەهات بە گریان و بە هەشتاوە

هەتا دەگەییە میر مەمی، دەیگوت بە قوربانت بم کوێت ئێشاوە؟ ))[119]

لە چەند دێڕێکدا بۆمان دەردەکەوێت هۆنەر دەستی هەبووە لە داڕشتنەوەی بەیتەکانی داستانی ( مەم و زین ) و گونجاندنی لە گەڵ نیوە دێڕەکانی تردا، بەو مانایەی زۆری لە خۆ کردووە بۆ دەربڕینی بەیتەکان.

میر دەڵێ:

(( هۆی بەنگینە،

دەبلا تەدارەکی بگرن، ئەسپی من بکەنەوە زینە

ئینشاڵلاَ بەسەلامەتی کاکەمەمی بۆ ماڵە قەرەتاژدینی بچینە ))[120]

---

[118] ئۆسکار مان، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٠٤

[119] سەرچاوەی پێشوو، ل٢٠٤

[120] سەرچاوەی پێشوو، ل٢٠٥

وشەی ( بچینە ) لە جیاتی ( ببەوە ) بەکار هێناوە هەمان ئەرکی داوەتێ بەمەش سەرکەوتوو نەبووە لە ئەرك بەخشینە بە وشەی ( ببەوە )، ئەنگی دروست کردووەو هۆنەر تەنیا بۆ ئەوەی سەرواکەی لەگەڵ وشەی ( زینە )بێتەوە ئەم کارەی کردووە.

هۆنەر جوگرافیای ریز کردنی وشەکانی بە ناڕێکی کردووە ئەگەر بەهۆی نیشانەی وێرگول ( ، ) نەبێت، خوێنەر لە کاتی خوێندنەوەیدا ئاوازێکی رێکی بەر گوێ ناکەوێت کە بڵێین ئەم شیعرە مۆسیقادارە یان لە شێوەی بەند گوتراوە، لەم دێڕە بەیتە دا خاتوو ئەستی بانگی بەنگین دەکات و پێی دەڵێ:

(( بەنگینە!تەنگانی شل بکێشە ئەوبەر ئەوبەرە

ئەگەر بەنگین ئەسپی میر مەمی دەهێنا، پێی دە رکێفێ نا، بکەوێتە سەرە

هەرچی کردی، هێزی نەبوو قەلەندەرە ))[121]

٢- توخمی زمان لە شانۆی ( مەمی ئالان ) دا :

ئەگەر چی ع. ر. هەکاری شانۆکەی بە پەخشان دارشتووە، بەڵام چەند دێڕێکی شیعریشی تێکەل کردووە لەرووی زمانەوە سەیری شانۆی ع. ر. هەکاری بکەین دەبینین هەوڵی داوە رەوانترین زمانی نوسینی لە وشە فەرهەنگیەکان بەکار بێنێ کە کوردی کرما نجی ئەو سەردەم هەژموونی وشەی تورکی و فارسی زۆری لەسەر بوو، لەگەڵ ئەوەشدا ئەوەی سەلماندووە کە رێسا جیهانییەکانی زمانی شانۆ دەبێت رەوان و پاراو بێت بە زمانی خەڵکی بنوسرێتەوە، هەکاری ئەمەشی کرد. رەنگە پرسیاری ئەوە بکرێت کە بۆ بەشانۆ باسی داستانێك دەکات، بەڵام هەکاری هەوڵی داوە بە رەگەزێکی جیاواز کە شانۆیە پەردە لەسەر پاڵەوانی مەمی ئالان هەڵداتەوە ئەویش نیشاندانی جوامێری ( مەمۆ )یە کە ئامادەبوو بووکی یەك هەفتە جێ بهێلێ بچێتە بەرەی جەنگ دوای ساڵێك بگەرێتەوە، ( المسرح الملحمی ) شانۆی داستانی تەنیا نیشاندانی مێژوو نییە، بەڵکو چاکترین رێگایە بۆ ئاشکرا کردنی راستیەکان. شك لەوەنییە کە زانست و عەقل و راستی لەبەها بەرزەکانن، بۆیە رەهەندی راستی نامۆ نییە لەئەدەب.

هەڵبژاردنی ناوی کوردی بۆ کارەکتەرەکانی ناو شانۆی ( مەمی ئالان ) نیشانەی پەرۆشی نووسەرە بۆ زمانی کوردی، هەڵبژاردنی ناوی ( چاورەش، غەزال، لەوەند ) ناوێکن تا ئێستاش لە ناو کرمانج دا بەکار دەهێنرێن. ( kiliç

[121] سەرچاوەی پێشوو، ل٢٠٦

Hazia ) سەبارەت بە زمانی شانۆی ع. ر. هەکاری دەڵێت (( د پیەسێ دا زمانەکی پر سادە و خوە رووهاتی بکار ئینان مرۆڤ دکارە ب هێسانی بێژە کو بەیس تام ل گوندێن کوردستانێ ل هێلا هەکاری دا پەیڤن وسا هاتیە نڤیسین، پیەس ب سەرێ خوە ئەسەرەکە بێژەیی یا هێژایە، لێ رووموەتاوێ، بهن سترانێن گوتی دا گرتنی نە زێدە کردبە ))[122] ئەو زمانەی کە بۆ دیالۆگی شانۆیی بەکار هاتووە زمانی دەڤەری هەکاری ناوچەی جۆلەمێرگە لەبەر ئەوەی نووسەر ( ع. ر. هەکاری )خەڵکی ئەو ناوچەیەش بووە، خۆشی شاعیرێکی قەلەم رەنگین پاراو بووە گرنگی بە خاوێنی دیالێکتی کرمانجیەکەی داوە بەوەی لە زمانی بێگانە بە دوور بێت. سەرەڕای ئەوەی هەندێك وشەی بەکار هێناوە وشەکان لە بنەڕەتدا تورکی نین، بەڵکو عەرەبین نووسەر ویستوویەتی خۆی لێ بەدوور بگرێت، بەڵام هەندێکیان هاوشێوەی نەبووە لە کرمانجی یاخود لەدیالێکتەکانی تر وهەندێکیش لەو سەردەمەدا هەر ئەو وشانە بەکار دەهاتن وەکو وشەکانی ( سەلام و عەلەیکم، دەستور، ئەمر، حەلال، خەزا، لازم، یارەب، ئەمانەت، ئینساف، وجدان، خێر، شەر، ممکن، عەسکەر، لائق، جەواب، ئیفتیخار، ئینکار، ئەجایب، مەئازەللە ) کەمترین وشەی تورکی بەکار هێناوە لە شانۆنامەکەیدا لێرەدا نووسەر ویستوویەتی کوردایەتی و ئاین لە شانۆی ( مەمی ئالان ) رەنگ بداتەوە وەکو ئەوەی لە ناوەرۆکدا ئەنجامی داوە. ع. ر. هەکاری بەشێکی شانۆکەی بە شیعر نووسیووە، کە لە شیعرەکانیدا ئاواز و مۆسیقایەکی شیعری زۆر خۆشی داوەتە بەیتە شیعریەکان، کە خۆی شاعیرێکی بە توانایە لە نووسینی شیعر لە کۆتایی دەقی شانۆکەیدا( غەزال ) و ( چاورەش ) بەیەکەوە بە یەك ئاهەنگ ئەو شیعرە دەڵێنەوە کاتێك بە نەزانیووە دایکی خەنجەری لە کوڕەکەی دەدات و دەڵێن :

| | |
|---|---|
| (( هەری ممو، مم عەباسی، عەباسی ! | ١٢ بڕگەیە |
| بریندار ممو، دای کورە بت، نەنیاسی ! ))[123] | ١٢بڕگەیە |

سەروای دوو نیوە دێڕە شیعرەکە ( عەباسی / نەناسی )یە پیتی سەرواکەش ( س ) وشەی دوبارە کردنەوەی ( عەباسی ) جەخت کردنەوەیە لە دوو لایەنەوە، یەکەمیان تا ریتمی شیعرەکە خۆش بکات و دووەمیشیان تا پێمان بڵێ مەم( عەباسی )یە* ، لەو پارچە شیعرانەی هەکاری بلاْوی کردۆتەوە کەمترین لادانی ئە نجام داووە واتا شیعرەکانی سادەو ئاسانن لە چوار چێوەی پڕەنسیپی شانۆ دەرنەچووە، کە زمانێکی ئاسان بەکار بێنێت. ( ع. ر. هەکاری ) لە

[122] عەدلە جەمیل ئەحمەد، سەرچاوەی پێشوو، ل٤٢

[123] ع.ر.هەکاری،سەرچاوەی پێشوو،ژ ١٦،ل١٧

* رەنگە ع.ر.هەکاری خۆی عەباسی بێت بۆیە مەمۆی پاڵەوانی کردووە بە عەباسی ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ،کە شانۆ نووس لە پشت کارەکتەرەکان خۆی حەشارداوە.

دەقی شانۆکەیدا وەك شاعیرێك پەیڕەوی سەروا و دوا سەرواى شیعرەکانی کردووە، گونجاندنێکی چاکی کردووە لە نێوان وشەکان و هەروەها لە شیعرەکانیدا گونجانی لە نێوان ئایدیای شانۆکەو بەیتە شیعریەکان کردووە کە لەم رووەوە زۆر سەرکەوتوو بووە پەیامەکەی بەشیعر گەیاندۆتە خوێنەر. نووسەر پەیڕەوی نیشانەکانی خاڵبەندی کردووە لە شیعرەکانی بگرە لەو دەقە گفت و گۆیانەی، کە لە نێوان کارەکتەرەکانیش ئەنجامی داوە وەك بە کار هێنانی نیشانەی ( ؟، !،. ، وێرگول،(( ))، ...هتد ) جیاگای بەکارهێنانەکانی لەجێی خۆی بووە، ئەگەرچی لە هەندێك شوێن نەکراوە من بۆم داناوە.

**٣ – بەراوردکردنی توخمی زمان لە داستانی ( مەم و زین ) و شانۆی ( مەمی ئالان ) دا :**

١- زمانی نووسینی داستانی ( مەم و زین ) بە زمانی کوردی موکری نووسراوە، دەقی شانۆی ( مەمی ئالان ) بە زمانی کوردی کرمانجی هێڵی هەکاری نووسراوە.

٢- زمانی گێڕانەوەی داستانی ( مەم و زین ) سادەیە پەیڕەوی یاساکانی شیعری نەکردووە لە رووی کورتی و درێژی و سەروا و دوا سەروا و خاڵبەندی دانان لە شوێنی گونجاو هەروەها دورە لە زمانی ئاڵۆز، لە شانۆی ( مەمی ئالان ) دا لە زمانی ئاسایی بەرزترە، پەیرەوی تەواوی یاساکانی شیعری کردووە هەروەها پەیڕەوی وەستان و نیشانەی خاڵبەندیشی کردووە.

٣- لە داستانی ( مەم و زین )دا درێژ دادڕی لە گێڕانەوەی چیرۆکە کراوە و پەیامەکە زۆر بە خاوی دەگاتە خوێنەر لەگەڵ ئەوەشدا هەڵەی تێدا کراوە وەك خاتوو ( ستی ) دەڵێ ( میوانی منە پادشای ئێرانێ )[١٢٤] تەنیا بۆ ئەوی بووە لە گەڵ دێڕی سەرەوەی بگونجێنێ ( مەم و بەنگین و خاتوون ئەستی رۆنیشتن شان بە شانێ ) ( مەم ) ی کردووە بە پادشای ئێرانی و پاشان دەیکاتەوە پادشای یەمەنێ بۆیە بوونی هەڵە لە داستانی میللەتێك خەوشێکی گەورەیە، لە شانۆی ( مەمی ئالان )دا کورت بڕی زۆر کراوە پەیامی خێراو کورتی تێدایە ئایدیاکان بە وشەی کورت و پڕ مانا نووسراوە کەمترین هەڵەی زمانی دەبینییەوە.

٤- لە داستانی ( مەم و زین )دا فەرهەنگی وشەکان لەبەیتە شیعریەکان زۆربەیان فۆلکلۆرین و سادەن لە نەژادەوە کوردین هەر لە سەر زاری ئەو خەڵکەوە کۆکراونەتەوە بە دەستکاریەکی کەمەوە لەلایەن گێڕەرەوە، لە دەقی شانۆی ( مەمی ئالان )دا دارشتنی وشەکان و گونجانیان لەگەڵ یەکتر کوردین، بەڵام وشەی زۆری عەرەبی – ئیسلامی خستۆتە ناو دەقەکە.

---

[١٢٤] ئۆسکار مان، سەرچاوەی پێشوو، ل١٨٦

٥- لە داستانی ( مەم و زین )دا جوگرافیای شیعرەکە گێڕەرەوە بە ئارەزووی خۆی دێرێکی درێژ کردووە دێرێکی کورت کردووە تەنیا مەبەستی گێڕەرەوە ئەوە بووە پەیامەکە بگەینێت بە پێی هەناسە سواری و جوانی ووشەکان، شیعرەکانی ناو دەقی شانۆی ( مەمی ئالان )دا جوگرافیای نیوە بەیتی یەکەم لەگەڵ نیوە بەیتی دووەم وەکو یەکە، ئەگەر نیوەی یەکەم چەند برگە بێت ئەوەی دووەم بەهەمان شێوەیە سەرەڕای بوونی زۆر کەم نارێکی لە ژمارەی برگە کاندا.

٦- لە داستانی ( مەم و زین )دا گێڕەرەوە هەر جارەو بە پێی ئارەزووی خۆی هەندێك جاریش بە پێی گونجانی لەگەڵ مۆسیقای بەندە شیعریەکە هاوواتای وشە بەکار دێنیت وەك بەکارهێنانی ( سوپا، لەشکر ) یان وشەی بێگانەی بەکار هێناوە جارێکیش وشەی کوردی ( روو سیا و روو رەش )، بەڵام لە دەقی شانۆ ئەم جۆرە هاو واتا و وشەی بێگانە بەرامبەر بە وشەی کوردی بەکار نەهێناوە و بە هەستیاری مامەڵەی لەگەڵ وشەکان کردووە و تا وشەیەکی کوردی هەبووبێ وشەی بێگانەی بەکار نەهێناوە.

٧- مەم و زینی موکری نەخوێندەوارێك گێڕایتەوە ،بەڵام دەقی شانۆی هەکاری نووسەرێك نووسیویەتەوە.

### تەوەری دووەم: توخمی کات لە داستان و شانۆ دا :

#### أ- توخمی کات لە رووی تیۆریەوە :

پەیوەندی کات ( الزمان )بە مرۆڤ زۆر کۆنە زۆرێك قسەو توێژینەوەی جیاجیای لەسەر کراوە کە زۆربەیان ناتوانن لە مێژووی مرۆڤایەتی بدوێن بەبێ کات. مرۆڤ لەسەر پشتی زەوی دەژی لەگەڵ بوونەوەرەکانی تر وەکو ئاژەڵ، کە زانایان بەوە جیاوازی دەکەنەوە دەڵێن مرۆڤ روح لەبەرێکی قسەکەرە، هەندێکیش دەڵێن خووڕەوشتێکی کۆمەلایەتیە، هەندێکیش دەڵێن خووڕەوشتێکی ئەخلاقی هەیە، بەڵام جنان بلخن دەڵێ ( مرۆڤ بوونەورێکی میژوویی زەمانییە )[١٢٥]. پۆل ریکۆر وەها لە بۆچوونەکانی دەدوێ بەستنەوەی کات بە مەرجێکی بنەرەتی دادەنێ بۆ مەبەستی گێڕانەوە (( کات پەیوەست دەبێت بە مرۆڤ بەقەدە ئەوەی گوزارشت دەکات بە رێگای گێڕانەوە ئەو کاتە گێڕانەوە مانای دروست دەبێت کە بوونی کات ببێتە مەرج ))[١٢٦].

ئەوەی خەڵك هەستی پێدەکات لەکاری رۆژانەدا کاتێکی ئاسایی هەیە دەڕوات هەندێکیان بەخۆشی تێدەپەرێت هەندێکیش بەناخۆشی یاخود بە ئاسایی، بەڵام لەوە تێدەگەن کە کاتی ( رابردوو، ئێستا،

---

[١٢٥] جنات بلخن، سەرچاوەی پێشوو، ل٩٥

[١٢٦] عبدالمنعم زكريا القاضي، سەرچاوەی پێشوو، ل٢١

داهاتوو)هەیە کە مرۆڤ ئەو توانایەی پیٚ بەخشراوە لە کاتی رابردوو و ئیٚستاو داهاتوو بدویٚت و ئەو چەمکەی کە زمانناسان داویانەتە پالٚ مرۆڤ( لادانی شویٚن کات) هەر تەنیا لە توانای مرۆڤ دایە لە بوونەوەرەکانی تری سەر زەوی دانییە قسە لەسەر هەموو ئەو شتانە بکا ڕەنگە روویان دابیٚت یان روو بدەن لە داهاتوو یان قسە لەسەر غەیبیاتیٚك بکەن (بەهەشت، جەهەنەم، جنۆکە، فریشتە، دەجال،. . . هتد) ئەو بەشە بەمرۆڤ دراوە قسە لەسەر بکات بیٚگومان کاتەکانیش هەست پیٚکراوە د.محمد توفیق الضوی دەلٚیٚت ((کات هەیە و بوونیٚکی واقعی هەیە، بەشیٚوەیەك دەتوانین بە ئاگابین لیٚی و لە تەواوی دیاردەو ڕووداوە واقیعیەکاندا درکی پیٚبکەین )) [127] ئەو بە ئاگاییەی مرۆڤ لە کات نیشانەی ئەو توانایەیە کە خودای گەورە پیٚی داوە، دەتوانین بلیٚین بە ئاگایی مرۆڤ لە کاتەکاندا بۆ ئەوە دەگەریٚتەوە کە مرۆڤ دەیەویٚ لە ریٚگەی کاتەوە کارەکانی ئەنجام بدات و ریٚکخستنی بۆ بکات و سودی لیٚوەر بگریت راستکردنەوەی بۆ بکات ئەوەی لە رابردوو روویانداوە و لە داهاتووشدا رەورەوەکە بە ئاقاری راست بڕوات بە کەمترین شکەست دەربازی بیٚت.

لە میٚژوودا زۆر ڕووداوی میٚژوویی گەورە روویانداوە بۆ ئەوەی لە هۆی ڕوودانەکەی بگەین و ژینگەی ڕوودانەکەی بزانین پیٚویستمان بەوەیە بگەریٚینەوە ئەو سەردەم لەویٚشدا پیٚویستمان بە کاتە، ئەرستۆ دەلٚیٚت ((زەمەن حاکمترینی حاکمەکانە بەوەی توانای دۆزینەوەو هەلٚمالٚینی هەموو شتیٚکی هەیە)) [128] بۆ دەرخستنی حەقیقەت بیٚگومان گەرانەوەیە بۆ رابردوو، کات دەتوانیٚ گۆرانکاری دروست بکات لەوەی لە دەورو بەرمانە گۆڕان بەسەر ژینگەی دەورو بەرمان بیٚنیٚ بەسەر تەمەن و سروشت و ژیانمان بیٚنیٚ، لەگەلٚ ئەو رایە نین، کە دەلیٚت ئەگەر مرۆڤ لەناو چوو کاتیش نامینیٚ، بەهەبوونی مرۆڤ کات هەیە بە نەبوونی کات نییە. بەوە وولاٚم دەدەینەوە بەر لەوەی مرۆڤ دروست بیٚت بیٚگومان ئەم جیهانە هەبووە کە مرۆڤ لەسەری دەژی بە هەبوونی شەو رۆژ رۆیشتنی کاتەکان تا ئەو کاتەی کە ئادەم هاتە سەر زەوی بەکات دانانریٚت! بە بۆچوونی زۆر لە فەیلەسوفانی ئاینی و فیزیایی وەك( ئیمام غەزالی ،ئەنیشتاین)، کە جولە دروست بوو ئیدی کات لە دایك بوو واتا ئەو کاتەی کە ئادەم پیٚی نا سەر زەوی ئەو کاتە کات دروست بیٚت ئەمە راست نییە، تەنها ئەوە نەبیٚت مرۆڤ توانای هەژمارکردنی کاتی هەیە، بەلاٚم بەر لەبوونی مرۆڤ لەسەر زەوی کات دەرۆیشت بۆیە کات لەبەر لەدروست بوونی مرۆڤ هەبووە هەر لەگەلٚ دروست بوونی گەردوون کات هەیە. کات کاریگەریەکی چالاکی هەیە لەسەر ژیانی مرۆڤەکان، لەبەر ئەوەی بنیاتیٚکە توانای ئەوەی گۆڕانی هەیە لە ژینگە.

---

[127] سەنگەر حاجی، سەرچاوەی پیٚشوو، ٢٠٠٧، ل٧٦

[128] عیرفان ئەحمەد محەمەد، دەروازەیەك بۆ زەمەن لە دراما، گۆڤاری رامان ژ، ژمارە (٧٠)، ٢٠٠٢، ل١٩

وەك ئاماژەم پێدا لەسەرەوە کە کات لە جولە دایە و بەردەوامە ئەو جولە بەردەوامەش وا دەکات ژیان بەبەردەوامی لە کارو جولە دابێت ئیمامی غەزالی لەبارەی کاتەوە گۆڕان جولانەوەی کردووە بە بناغەی بوونی کات ((کات پەیوەندی بە جولانەوەو گۆڕانەوە هەیە، ئەگەر ئەمانە هەبن دەبێت ئەویش هەبێ بە پێچەوانەشەوە))[١٢٩]. لە رووی پەیوەندیە کات پەیوەندیەکی بەتینی بە مرۆڤەوە هەیە ئەو تەمەنەی تیایتی و ئەو رابردووەی گوێی لێ بووە و ئەو داهاتووەش وێنای بۆ دەکێشێت کە ئەمانە هەموویان پەیوەندیان بەیەکەوە هەیە پول ریکۆر دەڵێت ((کات مادام رێك دەخرێت کە چووە ناو گێڕانەوە دەبێتە کاتێکی ئینسانی، گێڕانەوەش ئەو مانایە دەدات، چونکە وێنەی سیمای ئەزموونی کات دەکێشێ)) [١٣٠]، بێگومان ئەگەر کات بروات جولە کەم بێت کەمتر هەستی پێ دەکەین، بەڵام خێرا بوو زیاتر هەستی پێدەکەین، کە ئەمەش مرۆڤ لە قۆناغێك دەباتە قۆناغێکی تر بار و گوزەران و هەروەها گۆڕان لەزەمەن گۆڕان لە هەستەکان بەدی دەکرێت هەر بۆیەشە سەردەم ڕۆڵی هەیە لەوەی کە ڕەنگە چارەسەر بۆ بابەتەکان لە خودی شاعیرێك جیاواز بێت لە سەردەمێك بۆ سەردەمێکی تر، ((کاتی زیندووش هەیە، کە ئەوە نییە بە کاتژمێر و سوڕانەوەی گۆی زەوی تۆماری دەکەین بگرە کاتەکە تێکەڵ و. . . گرژ و. . . خاو و پاش و پێشەکی ناخی مرۆڤە))[١٣١] گرنگ نییە لە گێڕانەوە دا رۆیشتنی کات کت و مت وەکو کاتی چیرۆکەکە بێت لەبەر گرنگی پارچەی دیمەنی ڕووداوەکە دەکرێ خاو بکرێت و خێرا بکرێت بە پێی گرنگی خۆشی و ناخۆشی ڕووداوەکە، چونکە ژینگەی بیرکردنەوە و هەستەکانی بە جولان و گەڕان دەگۆڕێت ((کات رۆلی نێوەندگیری دەگێرێت لە ئەدەب وەکو چۆن لە ژیان ئەو رۆڵەی هەیە و دەبینێت)) [١٣٢]، ئەگەر کات دووبارە نەبێتەوە بەو مانایەی کە هەر چرکەیەك رۆیشت ئیدی دەبیتە رابردوو ئەوا مرۆڤەکان ناتوانن بگەرێنەوە هەمان کاتی ریالیستی/واقعی رابردوو تەنها لە مێشکی مرۆڤ بە خەیاڵ دەگەڕێتەوە بۆ رابردوو یان نوسەر و شاعیر رابردوو بەبیر خوێنەرانیان دەهێننەوە بەدەم ساتی ڕووداوەکان ئەگەر وانەکەن چۆن دەتوانن هزری خوێنەرانیان بکێشنە ئەو دەمانەی کە رابردوو روویان داوە بە تێکشکاندنی کاتی ریالیستی/حەقیقی و تێکەڵ کردنی بەخەیاڵ وێنای ئەو رۆژانەمان بۆ دەکەن، بۆیە کات بنیاتێکی سەرەکی رەگەزە ئەدەبیەکانە هەموویان تەکنیکی جیاواز بەکار دەهێنن بۆ ئەوەی خوێنەرانیان بگەرێنەوە هەمان ئەو سەردەم یان نزیك لەسەردەمی ڕووداوەکان. لە رووی پەیوەندی کات بە شوێنەوە زۆر لە نوسەران و بیرمەندان گرنگی دەرکەوتنی کات پێویستی بە شوێنێك هەیە تاکو دەربکەوێت وەکو چۆن (ئەنشتاین) باسی

---

[١٢٩] د. نەجم خالید ئەلوەنی، بنیاتی کات لە سێ نمونەی رۆمانی کوردی دا (ژانی گەل، شار، راز)، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٤، ل٣٨

[١٣٠] جنات بلخن، سەرچاوەی پێشوو، ل٩٦

[١٣١] سەباح ئیسماعیل، چەمك و ئیستاتیکای شوێن لە ئەدەبدا، لێکۆڵینەوە، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٩، ل١٨

[١٣٢] (وجدان صادق الصدام، معتز قصي ياسين)، مستويات بناء الزمن في شعر بشار بن برد، مجلة دراسات البصرة، السنة التاسعة، العدد (١٧)، ٢٠١٤،ل٢٦

ڕەهەندی چوارەم دەکات لە دوای ( پانی و بەرزی و درێژی )ئەویش شوێنە لە دوای ئەویش چەند نوسەر و ئەدیبێك گرنگیەکەیان زیاتر دەرخست کە کات و شوێنیان بەیەکەوە گرێداوە کە کات لە رووبەری شوێن دەردەکەوێت ساموێل ئەلیسکەندەر دەڵێت (( ئەو کاتانە لە شوێندا یەك دەگرنەوە، چونکە سەرچاوەی پێکەوە بەستنیان لە شوێن دایە ))[١٣٣] گاستۆن باشلار دەڵێت (( کات بە چڕی لە شوێندا دەردەکەوێت )) [١٣٤].

دەتوانین بڵێین کە کات پەیوەندی بەکەسەکانەوە هەیە ڕەنگە کات لای کرێکارێك لە کاتی کار دایە چاوەڕێیە کارەکەی زوو تەواو بێت جیاوازە لەو کاتەی کە دوو خۆشەویشت بەیەکتر دەگەن کە نایانهەوێت کات زوو بروات یان لە گەشتە دەیەوێت زوو بگات بەو شوێنەی کە مەبەستیەتی یان کاتەکان لە کاتی ناخۆشیدا زۆر درێژ دەبنەوە هەر ناروات جیاوازە لەو کاتەی لە کاتی خۆشیدا کە زوو دەروات، بۆیە لەناو کاری ئەدەبیشدا کاتەکان بە پێی گرنگی ڕووداوەکە درێژ و کورت دەکرێنەوە کە ڕەنگە لە رۆژێکدا زۆربەی ڕووداوەکان بەسەر یەکەوە رووبدەن یان زۆر خێرا بکرێن لە دەقەکاندا خوێنەر لەکاتی خوێندنەوەیدا وڵامێکی دەبێت لە زەینی خۆیدا.

## ١- توخمی کات لە داستاندا :

لە داستاندا کات هەردەم رابردووە، بەکارهێنانی کاری رابردوو لە گێڕانەوەی داستانەکاندا پێی دەڵێن رابردووی داستانی (سیزا قاسم) دەڵێت (( چونکە رابردوو دەبێتە ئێستا بۆ خوێنەر و بۆ ئەو کارەکتەرانەش کە دەجولێن لە گێڕانەوەکەدا )) [١٣٥]. بەڵام لە بۆچوونی نوێدا بەرامبەر بەکات بەساتێکی ئێستایی سەیری ئەو رابردووە دەکەن، کە نەرێکخراوە نە رێك و پێك کراوە، چونکە ڕووداوەکە مێژووییەکی کەڤنارە، کە لە زوودا روویانداوە زۆر کۆنن، دەکرێ شاعیر کار لەسەر کاتی رابردوو بکات بە فراوانی، لەبەر ئەوەی داستانیش ڕووداوێکی کۆنی مێژووییە دەکرێ کاتەکە فراوان بکرێت باس لە چەندین ڕووداو بکات یان چەند نەوەیەك بکات و سەردەمانێك وێنا بکات بە پێی بۆچوون و ئەزموونی شاعیر ڕەنگە شاعیر ڕووداوەکە بگەڕێنێتەوە سەردەمانێك ڕەنگە نووسەرێکی تر بیگەڕێنێتەوە سەردەمانێکی تر.

دەتوانین بڵێین کە شاعیر ڕووداوێکی مێژوویی دەگێڕێتەوە ڕەنگە چەندین شتی تر لەپاڵ باس کردنی ڕووداوەسەرەکیەکە باس بکات ئەمەش بۆ وێنا کردن و نیشاندانی ژیان و بارو گوزەرانی خەڵکە لەو سەردەمە، بۆیە


---

[١٣٣] د. نەجم خالید ئەلوەنی، بنیاتی کات لە سێ نمونەی رۆمانی کوردی دا، سەرچاوەی پێشوو، ٢٠٠٤، ل٣٨

[١٣٤] سەرچاوەی پێشوو، ل٣٢

[١٣٥] محمد حامد محمد یحیی، سەرچاوەی پێشوو، ل١١٦

کات لەداستاندا دەسەلاتێکی فراوانی هەیە و گرنگیەکی زۆری پێ دەدرێت (عەبدولمەلیك مورتاز) لەبارەی کاتەوە دەڵێت ((کات گۆشتی ڕووداوە، خوێنی گێڕانەوەیە))[136] کات لە داستاندا و گەراندنەوەی بۆ سەردەمێکی مێژوویی دیاریکراو ڕەنگە نەکرێت یاخود شاعیر ئەوە نەکات، چونکە ئەو کات شاعیر رۆلی مێژوو نوس دەگێرێت و بەربەست لەباس کردن و وەسف کردن و درێژ کردن و لێك کێشانەوەی کاتەکانی بۆ دروست دەبێت، داستان بەهۆی هونەری نووسینەوەو گێڕانەوەیدا هەندێك کاتی بۆ دروست دەبێت بەمەرجێك، ئەگەر شاعیر لە نوسینەوەی داستانەکەی تەواو بوو مێژووەکەی باس بکات یاخود کاتی دەست پێکردنەکەی ئەمەش بەو مانایە دێت کاتێکی تر پەیدا دەبێت ئەویش کاتی ئێستایە ئێمە لەسەرەوە ئاماژەمان پێدا کەوا کاتی داستان رابردووە، بەلام بەهۆی هونەری گێڕانەوە کات دەبن بە (٣) کات (١- کاتی حیکایەت ٢- کاتی گێڕانەوە و نووسین ٣- کاتی خوێندنەوە) کاتی حیکایەت و کاتی گێڕانەوە رابردوون بەلام کاتی خوێندنەوە ئێستایە)[137]. د. نەجم ئەلوەنی دەڵێت ((کاتی گێڕانەوە لە کاتی حیکایەت سەرچاوەی گرتووە))[138] بەلام کاتە جیاوازەکان هەمان کات نین لەگەل یەکتر بەلکو جیاوازن بڕوانە وێنەی (١) بۆ زیاتر ڕوون کردنەوە.




کات دەڕوات ناگەرێتەوە هەمان شوێنی خۆی، چونکە گۆرانکاری بەسەر هەردووکیان دادێت، بۆ گەرانەوەیان بۆ هەمان شوێن و کاتیان وەك ئەوەی یەکەم نییە، ئەوەی کە دەیبینی و هەستی پێ دەکەی ئەوا تەنیا رێژەی بینینی مرۆڤە بیریان لێ دەکاتەوە. لێکۆڵینەوەکان بەگشتی جیاوازی لە نێوان دوو کات لە گێڕانەوە دەکەن (کاتی ڕوودانی چیرۆکەکە و کاتی گێڕانەوەی چیرۆکەکە،

کاتی چیرۆك : کاتەکەی سروشتیە کە لەگەل کاتی سەر زەوی دەڕوات وەك چۆن ڕووداوەکە روویداوە.

---

[136] میادة عبدالکریم العامري، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٢٧

[137] سەنگەر حاجی، سەرچاوەی پێشوو، ٢٠٠٧، ٧٩

[138] د. نەجم خالید ئەلوەنی، بنیاتی کات لە سێ نمونەی رۆمانی کوردی دا، سەرچاوەی پێشوو، ٢٠٠٤، ل٥٦

کاتی گێڕانەوە : کاتێکی درۆزنە هەوڵ دەدات جێگای کاتی راستیەکە بێت، ئەو کاتە کۆنترۆڵ لە ژێر دەستی نووسەر /گێڕەرەوە دەبێت ڕووداوەکان لێ دەخورێت بەویستی خۆی ) [139] لەم جۆرە کاتەدا گێرەرەوە یاری بەکاتەکان دەکات بە پێی ئەو ئاراستەیەی نەخشە ڕێگای خۆی دایدەرێژێ دەتوانین ناوی بنێین لاستیکی ( مطاطي ) بۆمان روون دەبێتەوە کە هەمیشە کاتی راستی ڕووداوەکان و کاتی گواستنەوەیان جیاوازن بەو مانایەی کە هەمیشە نووسەر و شاعیران کاتێکی تایبەت بەخۆیان هەیە بەدید و بۆچوونی خۆیان گوزارشت لە ڕووداوە راستیەکە دەکەن ئەمەش بۆ یاسای جوانکاری دەگەرێتەوە، هەروەها کاتێك و شوێنێکی دروست هەبێت یان دیکۆمێنت کراوو بێت زیاتر راستی و دروستی ڕووداوەکە روون دەبێتەوە بۆیە نەبوونی کات و شوێنی دروست لە داستاندا ڕووداوەکان ناروون و زیاتر بەلاریّ دەبرێت وەك گوتمان هەر نووسەرەو بەئارەزووی خۆی یاری بەکاتەکە دەکات و زۆر جار دەیگەرێنێتەوە بۆ بەرەبەیانی مێژووی میللەتان یان سەردەمی کشتوکاڵی یان چەند سەد ساڵێك بەر لە نووسینەوەی بەرهەمەکەی، ئەو تەکنیکانەی کە لە داستاندا بەکار دەهێنرێن زۆرن ڕەنگە هەر بەرهەمەو تایبە تمەندی خۆی هەبێت بەجۆرێك تەکنیك بەکار بهێنێت یان هەر رەگەزێکی ئەدەبی جیاوازیەکی هەیە لە بەکارهێنان و گەمە کردن لەگەڵ کاتدا، کات لەسەر ئاستی گێڕانەوە دا کۆکردنەوەی کاتی نووسین و کاتی رووداني ڕووداوەکەیە لە رابردوو، گێرەرەوە یاری بە سیستەمی کاتی بەسەرهاتەکە دەکات، کاتی دەق مەرج نییە رێز لە زنجیرەی کات بگرێت، ئەم یاری کردنە بەکات سنورێکی دیاری کراوی نییە، هەندێك گێڕانەوەکە یەکانگیرە لەگەڵ کاتی رووداني ڕووداوەکە بۆ ئەوەی خوێنەر ئاشنا بێت بە کاتی ڕووداوەکە ئەمەش جۆرە تەکنیکێکە پەیرەو دەکرێت لێرەدا گێڕانەوە دەپسێ و دەوەستێ، وەك زانیمان گێڕانەوەی ئەدەبی لە کاتی نووسینی باس لە رابردوو دەکات ئەگەر سەرنجی خوێنەری بردەوە دۆخی یان ساتی رووداني ڕووداوەکە گێڕانەوە دەچەقێ، دەبێ نووسەری بەتوانا بەسەلیقەو تەکنیکە بەردەوامەکانی بگەرێتەوە دۆخی گێڕانەوەی خۆی دەنا رێرەوی گێڕانەوە لە هەنگاوی داهاتوو دەوەستێ، زۆرترین بەکارهێنانی تەکنیکی کات لە بەرهەمەکانی گێڕانەوەدا دەکرێت وەها لێوەیان بدوێین :

١- فلاش باك flash back : گەرانەوەیە بۆ رابردوو کە ڕەنگە هەندێك شت پێویست دەکات شی بکاتەوە ئەم گەرانەوەیە بۆ رابردوو گوزارشتێکی جوانی بنیاتی گێڕانەوەیە بۆ ئەوەی خوێنەر بەراوردی رابردوو بە ئێستا بکات هەروەها رابردوو ببینێ و سەیری ئاسۆی داهاتوو بکات بە شێوەیەکی تازەتر. سعید علوش دەڵێت (( وەستانی زنجیرەی کاتی مەنتیقی بۆ کارێکی ئەدەبی مەبەستیشی گەرانەوەیە بۆ ڕووداوی رابردوو )) [140]

---

[139] م. وجدان صادق الصدام، معتز قصي ياسين )، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٦٨

[140] بيداء عبدالصاحب الطائي، سەرچاوەی پێشوو، ل٥٢

٢- **برین ( قطع ) ellipse : هەندێك نووسەر پێی دەڵێن سڕینەوە یان پازدان یان خستن ( الاسقاط ) زێدەترینی ئەو تەكنیكانەیە كە كاتی ڕەسەنی ڕوودانی چیرۆكە دەبڕێت ( پازدان بەسەر هەندێك قۆناغ لە دەقە چیرۆك ئامێزەكاندا بەبێ ئەوەی هیچ ئاماژەی پێ بكات، تەنها دەڵێت :ساڵێك تێپەری یان ماوەیەك تێپەری یان ماوەیەك مایەوە پاشان پاڵەوان گەڕایەوە لە غەریبی )[141] ئەم بڕینە گوێ ناداتە كاتی ڕوودانی ڕووداوە ریالیستیەكان بەڵكو نووسەر بەچەند ئاماژەیەك خوێنەر ئاگادار دەكاتەوە لە بزر بوونی یان مانەوە یان دیار نەمانی پاڵەوان. لە دەقە چیرۆك ئامێزەكان بەتایبەتی لە داستاندا (( هەندێ جار پێویستە و دەبێ كە چیرۆكەكە چەند جیاكەرەوەیەكی ( فواصل ) زەمەنی كورت یان درێژ تێبپەڕێنێت، بەڵام نابێت كە پچڕان و دابڕانی دیارو زەقی تێدابێت ڕێرەوی چیرۆكەكە دەبێت یەك لە دوای یەك بێت و بەردەوامی هەبێ بەهێڵێكی بێ پچڕان بەرەو پێش بڕوات ))[142] واتە شاعیر /نووسەر دەبێت ئەم هونەرە بە وەستایانە بەكار بێنێت، چونكە داستانی میلەتێكە بۆیە دەبێت كەمترین هەڵە بكرێت لە بەكار هێنانی ئەم تەكنیكە**

٣- **ناوبڕpause : یان وەستان بە پێچەوانەی لادان و بڕینە، كە نوسەر دێت وەسفی شتێك دەكات گوێ بە كات نادات دەبی كات چاوەڕێی بكات تاكو لە وەسف تەواو دەبێت ئەم وەسفە زیاد نییە، بەڵكو ئامانجی گێڕانەوە دەپێكێ ڕووناكی دەكاتەوە وای لێدەكات زیاتر بەرو پێشەوە بڕوات. د. نەجم ئەلوەنی پێی وایە لە دەقدا لە كاتی وەسف كردن دا كات دەوەستێ، واتا ئەگەر جولانەوە ڕوونەدات واتا تەنیا وەسفی دیمەنەكانی كردبوو ئەوا كات دەبێت بە ( سفر ) ئەم بڕوایەی لەسەر بۆچوونی ئەرستۆ ئاراستە گرتووە كە كاتی بەستووە بە جولانەوە كە گۆڕانی بەدی دەكرێت دەڵێت (( ئەگەر هەست بە گۆڕان نەكەین، وەك لە نوستن، یان ئەو كاتانەی كە نەفس تێدا هەست بە گۆڕان ناكات، ئێمەش لەو بارانەدا هەست بەكات ناكەین ))[143]، بەڵام لەكاتی وەسف كردنی جولانەوەی پاڵەواندا یان پیشاندانی ڕاكردن و ئاماژەكانی لە جەنگداو هەڵسان و دانیشتن ئەوا وەسف ناوەستێت بەڵكو كات دەڕوات دەكرێت بڵێین زەمەنی گێڕانەوە ناوەستێت بەڵكو بەرەو پێشی دەبات بۆیەد. نەجم ئەلوەنی ناوی لەم جۆرە وەسفانە ناوە (( وەسفی وەستاو و وەسفی جولاو ))[144] بۆ زیاتر ڕوونكردنەوە سەیری ئەم ڕوونكردنەوەی ژمارە ( ٢ )بكەن :**

---

[141] **محمد حامد محمد یحیی**، سەرچاوەی پێشوو، ل١١٨

[142] **ابراهیم یونسی، هنر داستان نویسی، چا پخانە ارشك، مؤسسە انتشارات نگاه، چاپ نهم، ١٣٨٦، ل٤٦**

[143] **د. نەجم خالید ئەلوەنی، بنیاتی كات لە سێ نمونەی ڕۆمانی كوردی دا، سەرچاوەی پێشوو، ٢٠٠٤، ل٣٦**

[144] **نەجم ئەلوەنی، لێكۆڵینەوەی ڕەخنەیی شیكاری لەبارەی سێ ڕۆمانی كوردیەوە، چا پخانەی ئاراس، چا پی یەكەم، هەولێر، ٢٠١١، ل٩٨**

کات          جولانەوە ← کاتی ئاسایی

کات          چەقیو ← ∅

٤- لادان : ((بریتیە لە باس نەکردنی ماوەیەکی درێژی داستان لەلایەن گێڕەرەوە ))[١٤٥] گێڕەرەوە کاتێکی یەکجار کەم تەرخان دەکات بۆ گێڕانەوەی ڕووداوەکانی ناو داستان کە دەکرێ ماوەیەکی دوورو درێژی کات بخاینێت لە کاتی ئاسایی.

## ٢- توخمی کات لە شانۆدا:

نووسەر مامەڵەیەکی ورد دەکات لە گەڵ کات لە دەقی شانۆ دا بە شێوەیەك کاتەکان زیندووبن یاخود ئێستایی بن، ئەگەر هەر کاتێك دەقەکە نمایش بکرێت ئامادەیی تێدا بێت لە ڕووی کاتەوە د. سمیر سرحان لەبارەی کات لە شانۆ دا دەڵێت ((توخمی کات لە درامادا ئەوە لە نووسەری شانۆ دەخوازێ کە چارەسەری رابردوو، داهاتوو بەرێگای تایبەتی بکات، وا لەو کاتە بکات کە هەموویان بێنەوە سەر کاتی ئێستا، ئەمەش بەبەرجەستەکردنی لە رەوشتی کارەکتەرەکان لەکاتی نمایش دا ))[١٤٦] واتا کەسایەتیەکان ئێستایی نمایش بکەن لە گوفتارەکانیان ئەگەر ڕووداوەکە مێژوویش بێت یان رابردووش رویدابێت دەبێت بیبەستنەوە بە کێشەکان و سەردەمی ئێستا.

((کات جوانی بەهاکەی دەرناکەوێ مەگەر چووە حالەتی پراکتیکی کە دەقی شانۆیە بەیارمەتی ئەکتەرەکان ))[١٤٧] کارەکتەرەکان/ئەکتەرەکان ناتوانن جگە لە شێوازی ئێستایی بدوێن لەسەر تەختەی شانۆ، بەڵام چەند شێوازێك بەکار دەهێنن بۆ تێکەڵ کردنی کاتەکانی رابردوو لەگەڵ داهاتوو دیاری ترینیان فلاش باکە کە شێوازێکی بەر بڵاوە کە دووری نێوانی کاتەکان بەچەند ئاماژەیەك نزیك دەکاتەوە. ئەمە ئەوە ناگەینێ ئیدی ڕووداوەکان تێکەڵ بکرێن، بەڵکو ڕووداوەکان سەرەتاو ناوەراست و کۆتایی هەیە بەو مانایەی ڕووداوی ناوەراست

---

[١٤٥] ڤەنسان ژووف، سەرچاوەی پێشوو، ل٨١

[١٤٦] کەیفی ئەحمەد عەبدولقادر، ریالیزم لە شانۆی کوردی دا، لێکۆڵینەوەی رەخنەیی، چاپخانەی رۆشنبیری، هەولێر، ٢٠١٣، ل١٦٣

[١٤٧] د. ریاض موسی سکران، سەرچاوەی پێشوو، ٢٠٠٧، ل٥٠

دەست پێ ناكات تاكو ڕووداوی سەرەتا كۆتایی پێ بێنێت، هەروەها ڕووداوی كۆتایی دەست پێ ناكات هەتاكو ڕووداوی ناوەراست كۆتایی پێنێت، لە كۆنەوە یۆنانییەكان گرنگیان بەكات داوە لە گێڕانەوەی بەسەرهاتەكان و لاسایی كردنەوەی دیمەنە تراژیدی و كۆمیدیاكان كە وەك زانراوە ئەرستۆ دەڵێت دەبێت ڕووداوەكان لە ماوەی ٢٤ كاتژمێر تێپەر نەكات، چونكە فراوانكردنی كات لەوە زیاتر دەبووە هۆی بێزاری لای تەماشاكەران كە هەندێك نووسەر بۆ مەبەستی درێژ دادڕی یان بۆ وەسف كردنی پاڵەوانەكانی ناو شانۆ ئەو كارەیان دەكرد جەختیان لەوە كردەوە كە ڕووداوەكان زوو ڕووبدەن بۆ ئەوەی گەرمتر دەربكەوێت بۆیە ئەم بنەمایە پەیرەو كرا بووە بنەمایەك و ڕێسایەك دواتر ڕۆشنگەرەكان ئەم یاسایەیان گۆڕانكاری تێكرد وەكو چۆن گۆڕانكاری لە زۆربەی توخمەكانی شانۆش كرا چونكە نەدەكرا شانۆیەكی مێژووی كە باس لە رابردوو دەكات هیچ لە رابردوو نەدوێ یان ئەگەر لێوەی دوابان دەبوایە كاتەكە بشكێ، لە ئەدەبیاتی كۆن و سەدەكانی ناوەراست یان چاكتر بڵێین لە كلاسیزم و سەردەمی ڕۆمانسیزم كات جیاواز بیری لێكراوەتەوە ((سنوردارکردنی ڕووداوە تراژیدیاكان لە بیست و كاتژمێر دا، لەراستی دا رەتكردنەوەی رەهەندی كاتە لە ژیانی مرۆڤدا)) [148] بەپێی بۆچوونی كۆن سەبارەت بەكات ئاشكرا كردنی حەقیقەت بەتایبەتی تراژیدیا لە چوارچێوەی ڕووداوەكان پێویستی بەكات نییە ئەوەش وامان لێدەكات لە زەیندا ئێمە ئامادەیی مەرگ بین ئەمە بۆچوونی كۆن بوو بەكات كە جیایە لەگەڵ بیركردنەوەی ئێستا، بەڵام لە بۆچوونی نوێدا ئامادەیی دەكرێت هەنگاو بەهەنگاو سات تێدەپەرێت تا مەرگی كارەكتەر نەبێتە شۆك بۆ خوێنەران/بینەران، بەمەش دەبوایە تەكنیك بەكار هاتبا، بۆیە ڕۆشنگەرەكان گرنگیان بەگەمە كردن لەكاتدا كاتەكانیان تێك دەشكاند. دەتوانین پێناسەیەك بۆ ماوە (مُدة) بكەین، كە ڕێكخستنی پەیوەندی كاتی لە نێوان كاتی حیكایەت كە پێوەر دەكرێت بە چركەو خولەك و كاتژمێر و ڕۆژ و مانگ و ساڵ لەگەڵ درێژی دەقی چیرۆك كە پێوەر دەكرێت بە دێر و لاپەرەو برگە و رستە. ئەو پەیوەندیەی كە لە نێوان ئەم كاتانە چوار جولەی گێڕانەوە دەست نیشان دەكەین ئەو دووانە كە گێڕانەوە خێراتر دەكەن (لابردن و پوختە و كورتكردنەوە)یە. دوو لەو گێڕانەوەش كە دەبنە هۆی خاوی و لەسەرخۆیی گێڕانەوە كە (دیالۆگ و وەسف)ە ئەو تەكنیكانەی كە گێڕانەوە خێرا دەكەن ئەمانەن :

أ- پوختە (خُلاصة) :گێڕانەوەیەك بەچەند دێرێك یان لاپەرەیەك بۆ چەندین ڕۆژ و مانگ و ساڵ تەرخان دەكات بێ ئەوەی ڕوونكردنەوەی زیاتر بدات بۆیە دەكرێت بڵێین كاتی ڕووداوی چیرۆك/ریالیستی زۆر زیاترە لە كاتی ڕووداوی گێڕانەوەی چیرۆك، لەبەر ئەوەی كورت دەكرێتەوە سەر نووسینی دەق. ئەمەش جۆرە تەكنیكێكە كە

[148] كۆمەڵێ نووسەری بیانی، تیۆری رۆمان، و:بۆ فارسی حسن پاینده، و:بۆ كوردی محەمەد كەریم، چاپی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٣، ل٣١

گێڕەرەوە/نووسەر دەیەوێ ئەو ڕووداوانەی مەبەستی نییە بەچەند دێڕێك جێ بهێڵێ هەنگاو بەرەو دیمەنەکانی تر بنێت کە مەبەستدارن. . (کورتکردنەوەی کات مەوداکان چڕ و پوختر دەکات خوێنەر و گوێگر لە وەرس بوون و بێزاری دور دەخاتەوە)[149]

ب - لادان: بڕینی ڕووداوەکان هەندێك جار نووسەر ڕووداو لادەبات یان دەبڕێت کە مادە خامەکەی دەقە لە کاتێکی تر پێشکەش دەکات بێ ئەوەی پێمان بلێ بۆ بردمە کاتێکی تر. ئەم لادانە هەندێك جار ئاشکرایە وەکو نمونە گێرەرەوە دەڵێت (چەند رۆژێك تێپەری )نایەت کاتەکانی ئەم رۆژانەمان بۆ باس بکات یان( ساڵێك چاوەرێی کرد) هیچ باسی رۆژ و مانگەکانی ساڵی چاوەرێی کردنەکە ناکات کە چۆن چۆنی ماوەی ئەمساڵە گوزەرا. لادانێکیش هەیە بەئاشکرا دەرناکەوێت زۆر جار لە دەقدا، بەڵام خوێنەر بە زنجیرە کاتەکانی گێرەرەوە ئەم لادانە هەست پێ دەکات، نمونە (وەستاو سەیری چاوانی کرد. . . )(دەمێك لەباوەشی گرت). دەمەکە (کات) دیار نییە چەندە کە باوەشی بەر نەداوە. شێوازی کورتکردنەوەش دەچێتە خانەکانی لادان، چونکە شێوازێکە نووسەر بەکاری دەهێنێ بۆ ئەوەیە خۆی لە قەرەی هەندێك ڕووداو نەدات بەسەریان دەرباز بێت ((نووسەر بۆی هەیە ڕووداوی چەند ساڵ و مانگ و هەفتەیەك لە یەك رستەدا کۆبکاتەوە))[150].

## ٣- بەراوردکردنی توخمی کات لە داستان و شانۆدا:

کات لە کاری ئەدەبی گرنگیەکی ئەوتۆی هەیە کە د. محمد الجبار دەڵێت ((کات چوار چێوەیەکی گشتیە، کە لەناویدا هەموو بنیاتەکان دەجولێن))[151] کات لە شانۆدا جیاوازە لەگەڵ کاتی داستان ئەوەتا ئەرستۆ جیاوازیەکمان پێ دەڵێت ((کاتی تراژیدیا، یەك خولی هەتاوی دەخایەنێت، کەچی کاتی داستان دیاری کراوو نییە))[152]کە لە داستاندا ڕووداو و کات و شوێن وەکو شانۆ نییە، چونکە لە داستاندا دەکرێت ڕووداو لە چەند شوێن و کاتی جیاواز روو بدەن و جولەی بەردەوامیشیان هەیە.

پەیوەندیەکی توندو تۆڵ لە نێوان کات و شوێن هەیە هەندێك لەیەکی جیا ناکەنەوە هەندێکی تریش بەجیاوازی دادەنێن ((زانیاری مرۆڤ لەسەر شوێن و درك پێ کردنی جیاوازیان هەیە لە گەڵ زانیاری و درك پێ

---

[149] سەلیم رەشید سالح، شێواز لە کورتە چیرۆکی کوردی دا، چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری، هەولێر، ٢٠٠٥، ل١٥١

[150] نەجم ئەلوەنی، لێکۆڵینەوەی رەخنەیی شیکاری لەبارەی سێ رۆمانی کوردیەوە، سەرچاوەی پێشوو، ٢٠١١، ل٤٠

[151] محمد حامد محمد یحیی، سەرچاوەی پێشوو، ٢٠١٥، ١١٤

[152] د. نەجم خالید ئەلوەنی، بنیاتی کات لە سێ نمونەی رۆمانی کوردی دا، سەرچاوەی پێشوو، ٢٠٠٤، ل٣٧

**کردنی کات، هەست کردن بەکات هەستێکی نا راستەوخۆیە لەکاتی کار کردندا، بەڵام لە شوێن راستەوخۆ هەست پێ دەکەی، مرۆڤ زانیاری لەسەر لاشەی هەیە، ئەو لاشەیەش شوێنە ))[153] ئەو بەریەککەوتنەی مرۆڤ لەگەڵ شوێن دروست دەبێت لە گەڵ کاتدا دروست نابێت، کات هێزێکە لەسەرووی دەسەلاتی مرۆڤ دایە مرۆڤ ناتوانێ جولەی رابگرێت. لەگەڵ ئەوەشدا کاتێك هەست بە بەسەرچوونی کات دەکەی کە شوێنەکە گۆرانکاری بەسەر داهاتووە یان لە گەشتێکی دور دەگەرێیتەوە یان دەگەرێیتەوە شوێنی منداڵی دەبینی شوێنەکە گۆڕانکاری بەسەر داهاتووە ئەمەش بەهۆی بەسەر چوونی زەمەن کەواتە چەند زەمەن گۆڕانی بەسەر دابێت و بڕوات ئەوەندە شوێنیش دەگۆڕێت باشلار دەڵێت ((کات بە زۆری لە شوێن دەردەکەوێت ))[154]. دەکرێ جیاوازیەکان پوختر بکەینەوە بۆ ئەوەی روونتر دەربکەوێت لە جیاوازی کات لە نێوانی داستان و شانۆدا :**

1- **شوێنکات لەشانۆدا جیاوازتر دەردەکەوێت بەوەی لەشانۆدا شوێن کات و ڕووداو لەیەك کاتدا روو دەدەن، بەڵام لە داستاندا لە شوێن و کاتی جیاواز روو دەدەن بە ڕووداوی جیاواز کە باس لە ژیان و ڕووداوی جیاواز لە ڕووداوە سەرەکیەکە دەکەن.**
2- **داستاندا جولەکان فراوانن، بەڵام لە شانۆدا چوار چێوەی دیاری کراوە.**
3- **ئەو کاتەی لە داستاندا هەیە هەمووی رابردووە بەو مانایەی ئیدی ڕووداوەکە روویداوە ئاماژەیەکی راست و دروست بە مێژووەکەی ناکات لەبەر ئەوەی زۆر کۆنە. لە شانۆدا ئاماژەیەکمان پێ دەدات کە ڕووداوەکە کەی روویداوە یان ساڵەکەمان بۆ دەستنیشان دەکات بۆ سەردەمەکەو دەگەرێنێتەوە سەردەمی پادشایەك یان سەرکردەیەکی مێژوویی بۆ ئەوەی ڕووداوەکە لە راستی نزیك بکاتەوە، کاتی شانۆیی کاتی ئێستاییە رابردوو و داهاتوو کۆ دەکاتەوە لە ئێستادا بەشێوازە تایبەتە هونەریەکانی خۆی.**
4- **لە دەقی داستان و شانۆدا سێ کات هەیە، کە کاتی حیکایەت و کاتی گێڕانەوە و کاتی نووسینە.**
5- **ئەو هونەرە تەکنیکیانەی کە لە داستاندا بەکارهاتوون هەمان ئەو هونەرانەن کە لە شانۆدا بەکاردین بەڵام کەمتر، چونکە قەبارەی نووسین و باس کردنی ڕووداوەکان و قسەکردنی کەسایەتیەکان و باس کردنی ژیاننامەیان داستان زیاتر و مەزنترە بەراوورد بە شانۆدا واتا بە فراوانتر لێی دەدوێت.**

### ب-توخمی کات لە رووی پراکتیکەوە :

[153] **میادة عبدالکریم العامري،** سەرچاوەی پێشوو، ٢٠١١، ل٢٣

[154] **د. نەجم خالید ئەلوەنی، ، سەرچاوەی پێشوو، ٢٠٠٤، ل٣٢**

**١- توخمی کات لە داستانی ( مەم و زین ) دا :**

( مەم و زین ) ی ( ئۆسکارمان ) کە مێژووەکەی نادیارە لەسەردەمێکی زۆر کۆندا رووی داوە کە سەرزارەکی جۆری روودانەکە گێردراوەتەوە دەماو دەم لەسەر زاری خەڵکی وەرگرتووە یاخود یارمەتیان داوە بۆ کۆکردنەوەی کەخۆی لە دێرەکانی کۆتایدا هۆنەر کە ( ڕەحمان بەکر )ە ئاماژەی پێکردووە کە بە چوار رۆژ ئەو بەندە شیعریانەی بۆ ئۆسکارمان تەواو کرد نوسەر هەر خۆشی بروای وایە کە گۆڕانکاری بەسەر داهاتووە چیرۆکەکە چونکە مێژووی ڕووداوەکە دیار نییە :

یا ڕەببی!( رەحمان بەکر نەمری )بەچوار رۆژان ئەو بەندەی بۆ ساحبی ئاڵمانی کرد تەواوە

ئیسای روحوڵلا لەسەر ساحبی ئاڵمانی راوەستاوە )[١٥٥]

( رەحمان بەکر خەڵکی حاجی حەسەن بوو لەگەڵ میرزا جەواد ئەم چیرۆك و بەیت و وردە مەقامانەیان بۆ گوتووە )[١٥٦] کەواتا ئۆسکارمان گوێی لەو کەسە گرتووە و پاشان دەستی بە نووسینەوە کردووە.

کاتی روودانەکەی دیار نییە بەڵام کاتی نوسینەوەی ئەو وردە بەندانە دیارە خۆی ئاماژە پیٚ دەکات لە دیباچەی توحفەی موزەفەریە کە (( لە ساڵی ١٩٠١-١٩٠٣ لەسەر فەرمانی خاوەن شکۆ ئیمبراتۆری دەولەتی ئەڵمان. . . . بۆ لێکۆلینەوە لەسەر ئەو زمانانەی کە ئێستا مەلبەندی ایران قسەی پێدەکەن سەفەر بکەم ))[١٥٧] کاتی خوێندنەوەش کاتی ئێستاییە.

هیچ دێرێك لەو بەندە شیعریانەی کە ئۆسکارمان کۆیکردونەتەوە رێکەوتێکی ئاماژە پێنەداوە ئەمەش شتێکی ئاساییە لە زۆربەی داستانەکاندا هەیە وەك ئاشکرایە کە داستانەکان بەر لە مێژوو روویانداوە یان بە سەرەتای مێژووی ئەو میللەتە دەخوێندرێتەوە دوای قۆناغیماڵداری و کشتوکاڵی دێت، کە کۆمەڵگا وابەستەی چەند عورف و عادەتێك بووە، پێدەچێت سەردەمی دەرکەوتنی دەسەلاتی خێلەکی و عەشایەری و دەرەبەگایەتی بێت و دەسەلات لە دەوری ئەوان کۆ ببێتەوە، کە بنەماڵەی ( مەم ) لە یەمەن کوڕی پادشای یەمەنە و ( زین )یش خوشکی میری بۆتانە لەشاری جزیرە سەردەمەکە بۆ ئەو کاتە دەگەرێتەوە کە ئەو دوو بنەماڵەیە لەو شوێنانە حوکمیان کردووە :

(( براهیم پادشا ساحێبی یەمەنییە، گەورەی هەر چوار پادشایانە )) [١٥٨]

لە نموونەیەکی تردا بە ئاشکرا ئەوە دەردەخات کەوا سەردەمی ڕووداوەکە ڕابردووە :

---

[١٥٥] ئۆسکارمان، سەرچاوەی پێشوو، ، ل٢٢٢

[١٥٦] سەرچاوەی پێشوو، ل١٥

[١٥٧] سەرچاوەی پێشوو، ل١٧

[١٥٨] سەرچاوەی پێشوو، ل١٤٣

(( ئەویٚ ڕۆژیٚ دوو بە دوو دەیانئاژوا هەتا مەحەلی ڕۆژئاوایە،

جا قۆشەن نەگەییە ئاوەدانیان، کەوت لە چۆل و سەحرایە ))[159]

لە داستاندا لەبەر ئەوەی فراوانە ڕووداوەکان گەورەن بێگومان زۆر جار لە گێڕانەوەدا جۆرەها تەکنیك شاعیر/گێرەرەوە بەکاری دەهێنیٚ بۆ ئەوەی تەواوی ڕووداوەکە بە خوێنەران ئاشنا بکات.

یەکێك لەو هونەرانەی کە لە داستانی (مەم و زین) ی توحفەی موزەفەرییە بەکار هاتوون لابردن (بڕین)ە، کە ڕووداوەکان ئەوەندە گرنگ نین تا باسیان بکات بۆ نموونە گەورە بوونی مەم لە فەقێیەتی بوون بە قازی، کە ئەم باسە لە هیچ شوێنێك ئاماژەی پیٚ نەکراوە لەبەر گرنگ نەبوونی و هەروەها دورکەوتنەوە لە ڕەسەنی ڕووداوەکە :

میر مەم دەڵیٚ:

(( بابە منداڵ بووم، بووم بە فەقیٚ

لە فەقێیەتی رابردم بووم بە مەلا

لە مەلایەتی رابردم بووم بە قازی

بابەگیان ئەلعان و بیلفەرس دەبیٚ ژنم بۆ بخوازی ))[160]

چەند نموونەیەکی تر لەسەر لابردن و بڕینی کات، کە خزمەت بە ڕووداوە گەورەکە ناکات:

(( بابە نێوی کۆشکی من چیە؟ پادشا فەرمووی بورجی بەلەك

تێیدا ڕۆنیشت کاکەمەم، هەتا ساڵە وەختێکی هیچ خەبەر نەبوو ))[161]

(( وای ملم بە کوینەو بابانم وێرانیٚ

ڕۆلە میرمەم!نۆ مانگان، نۆ ڕۆژان، نۆ سەعاتان، نۆ دەقیقان، بە بەروپشت

هەڵم دەگرتی بە غەیرەز برك و ژانیٚ ))[162]

یەکێکی تر لەو هونەرانەی لە کات دەکرێت لە ناو گێڕانەوە بەکار دێت هونەری ( پچران )ە، دوای ئەوەی برایم پادشا خەریکی تەدارەك و خافلاندنی میر مەم بوو یەکسەر پچران بە ئاشکرایی روو دا لە کاتی گێڕانەوەدا یەکسەر دێتە سەر باسی خاتوو (زین):

[159] ئۆسکار مان، سەرچاوەی پێشوو، ل١٧٥

[160] سەرچاوەی پێشوو، ، ل١٥٨

[161] سەرچاوەی پێشوو، ل١٤٥

[162] سەرچاوەی پێشوو، ل١٦١

((بلا بچینه سەر بەحسی یایەزینیٚ))

یەکێکی تر لەو هونەرانەی، کە بۆ کات بەکار دێت هونەری (فلاش باك)ە واتا باسی ڕابردوو دەکات وەك بیر هێنانەوە ئەمەش جۆرێکی تر لە خاو کردنەوەی گێڕانەوە لەم نموونەیەدا گێڕەرەوە باسی گەورە بوونی منداڵی(مەم ) دەکات :

دایکی میر مەم دەڵێ:

((لە خەزێنەی ڕزگار بووی، کەوتیە چەنگ مامانی

لە مامانیٚ خەلاس بووی کەوتیە چەنگ دایانیٚ

ڕۆڵە میرمەم!لە دایانیٚ خەلاس بووی، کەوتیە چنگ لەلەی، دەیانبردیە دیوانیٚ)) [١٦٣]

یەکێکی تر لە هونەرانەی بۆ گێڕانەوەی داستانی (مەم و زین) بەکار هاتوون هونەری( ناوبڕە) کە پەیوەندی بەکاتەوە هەیە بۆیە دەکرێ لێوەی بدوێین، لەکاتی گێڕانەوەدا لە هەندێك بەیتدا هەست دەکەین، کە کات دەوەستێت و خێرا دەکەوێتەوە کار ئەویش بەهۆی ئەو وەسفەیە کە بۆ پاڵەوان دەکرێت بۆ نموونە :

(( کیٚ دەبوو لە میر مەمی موحتەبەرە

لە پلەکان دەهاتە خوار قۆلیان دەگرت ئەوبەر ئەوبەرە

پیٚی دەرکێفی ئەسپی بۆرە دەنا، لە زینی مورەسەعی خۆی دەکەوتە سەرە

ماشالڵا! هێندێك دەیانگوت ئەوە شەمسە هێندێك دەیانگوت ئەوە قەمبەرە

ڕەبی، نەزەر بیس لیٚی نەکەنەوە نەزەرە

بەقەد دوو هەزار کەسی ڕاوەستان ئەوبەر ئەوبەرە))[١٦٤]

لەم شەش نیوە دێڕەی سەرەوە دا دوو شت بەدەردەکەوێت کە پەیوەندیان هەیە بەکات ئەویش وەستانی کاتە لە گێڕانەوە دا و بەردەوامی جوولەیە، کە ئەمەش بەردەوامی گێڕانەوە دەگەیێنێت لە بەیتی ( پلەکان دەهاتە خوار قۆلیان دەگرت ئەوبەر ئەوبەرە، پیٚی دەرکێفی ئەسپی بۆرە دەنا، لە زینی مورەسەعی خۆی دەکەوتە سەرە) لە کات دەڕوات، چونکە جوولەی پاڵەوان هەیە، بەڵام لەبەیتی (ڕەبی، نەزەر بیس لیٚی نەکەنەوە نەزەرە، بەقەد دوو هەزار کەسی ڕاوەستان ئەوبەر ئەوبەرە) جوولەی پاڵەوان نییە و تەنها ناوبڕێکی کاتی داوەتیٚ.

---

[١٦٣] ئۆسکار مان، سەرچاوەی پێشوو، ل١٦٥

[١٦٤] سەرچاوەی پێشوو، ، ل١٦٤

كۆمەڵێك وشە و دەستەواژە هەن، كە گوزارشت لە كات دەكەن لە داستانی (مەم و زین) ئاماژەیان پێكراوە و زۆرن ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ كە هۆنەر بۆ گێڕانەوەی ڕووداوەكە وویستوویەتی واقیعیەك بە گێڕانەوەی ڕووداوەكە پیشان بدات بۆ نموونە:

(( بۆ خاتری وی ئەوە حەوتوویێكی دیكە ڕاوەستاوم ))[١٦٥]

(( ئەمن جارێكی دەگەڵ پەریان چوومە ڕاوی چل شەو چل ڕۆژانە

لە پەریان هەڵدەبڕام لەمنی كرد كرێوەو بۆرانە )) [١٦٦]

(( ڕۆڵە! ڕۆژی جومعەی دەبی وارید ببی بە كۆشك و باڵەخانەی خۆت ))[١٦٧]

(( بیبەینەوە شاری جزیرێ، سبحەینێ خەجاڵەت نەبی ئەو بەستە زمانە

جا لە كاكەمەمی چ بكەین، دەمینێ بێ جێومەكانە؟ )) [١٦٨]

(( ئەوێ شەوێ ویستراحەت كرا تەواوە

سبحەینێ كە بەیانی داوە

جاڕیان ڕاكێشا، بەیداغ راكێشاوە

بۆ شاری جزیرێ دەڕۆن، یەمەن بەجێ ماوە

هەتا ئێوارێ ئاژواوە

دیسان مەنزڵیان گرت، قۆشەن هەڵی داوە ))[١٦٩]

(( ڕۆژم لێ هەلات، گەیوەتە نیوەڕۆیە

رووممەتی یایەزینێ گەلێك زەریفترن لە گوڵی لیمۆیە ))[١٧٠]

(( سبحەینێ یایەزین لە خەو هەڵسا، جنێوی دایە مەلەكرەیحانێ، گوتی ئەمنت بۆ هەڵنەستان، نوێژم چوو. مەلەكرێحان گووتی :ئەمن چ بكەم چوویە شەو گەردییە، درەنگ هەڵستاوی )) [١٧١]

---

[١٦٥] ئۆسكار مان، سەرچاوەی پێشوو، ل١٤٤

[١٦٦] سەرچاوەی پێشوو، ل ١٤٥

[١٦٧] سەرچاوەی پێشوو، ل١٤٥

[١٦٨] سەرچاوەی پێشوو، ل١٥٥

[١٦٩] سەرچاوەی پێشوو، ل١٧١

[١٧٠] سەرچاوەی پێشوو، ل١٩٧

[١٧١] سەرچاوەی پێشوو، ل١٦١

**٢- توخمی كات له شانۆی ( مەمی ئالان ) دا:**

له شانۆی مەمی ئالان دا كاتەكان له نێو دەقە كە دا هەندێكیان به شێوەیەكی ئاشكرا هەن هەندێكیشیان پێویستی به سەلیقەی زیاتره بۆ ئەوەی بزانین كەی بووه. لەشانۆی ( مەمی ئالان )دا مێژووی ڕووداوەكه ئاشكرایه دەزانرێت كەی ڕوویداوه نووسەر دەریخستووه ئەو ساڵەیه كەوا سلاحەدینی ئەیوبی قدسی رزگار كرد له دەستی خاچ پەرستان كەوا بێ مێژووەكەی دەگەرێتەوه بۆ ساڵی ( ١١٨٧ ) زایینی نووسەر رووداوەكەی گەڕاندۆتەوه هەمان مێژوو. ئەمەش له دەقه شانۆییەكان ئاساییه، چونكه شانۆ گوزارشت له حەقیقەتی ژیان دەكات ناكرێت مێژووەكەی به نادیاری بهێڵێتەوه وەك ئەوەی له ڕەگەزەكانی تر دا هەیه ( مەمۆ ) دەڵێت:

(( میری هكاریان امر كریه هەم سولتان سەلاحەالدین شیرێ خوه كیشایه لپیش تمامی دنیایی وستایه، ( قدسا شریف ) موحافظه دكت، عمومێ فلان بەرهو بونه كو اوی ژ اسلام بستینن... ))[١٧٢]

كاتەكانی به شێوەی جیاواز بەكار هێناوه زۆربەی كاتەكان ئێستاین هەنگاو بەرو داهاتوو دەنێن، شانۆش بەهەمان شێوەی ڕەگەزەكانی تر سێ كاتی هەیه ئەویش كاتی حكایەت و كاتی گێڕانەوه و كاتی نوسینه بۆیه كاتی حكایەتەكه بۆ سەردەمی شەری خاچ پەرستان دەگەڕێتەوه و كاتی گێڕانەوه و كاتی نوسینیش له دەقی شانۆی ( مەمی ئالان ) ساڵی بلاو كردنەوەی ( پیەس )ەكەیه ساڵی ١٩١٩. كاتی خوێندنەوەش هەموو كات ئێستاییه كه خوێنەر چاو به دێڕەكان دەخشێنێت.

شانۆ بەرابردوو قسه لەسەر بابەتی ڕووداوەكان ناكات بەڵكو شێوەی ئێستایی باس دەكات( مەمۆ ) دەڵێ:

(( ئێرۆكه خۆ بەرهەڤ بكن، سبێ زوو جا ئەم رێ بچین ))[١٧٣]

غەزال دەڵێت (( ئەز شەو و رۆژ خەدامی ژ دایكاته بكم ئەز ژێ عاجز نابم ))[١٧٤]

بۆ شیكردنەوەی هەندێك زانیاری نووسەر پێویستی بەوەیه بگەڕێتەوه بۆ رابردوو بۆ ئەوەی خوێنەر زانیاری لەسەر پاڵەوان پەیدا بكات به بەكار هێنانی هونەرەكانی كات له گێڕانەوه دا لەم پارچه شیعرەی ( مەمۆ ) بۆ( غەزال ) دەڵێت بەخشینی زانیاریه، هەروەها بڕینی كاتیشه ئەم بڕینه بۆ ئەوەیه هەندێك كات هەیه گرنگ نییه باس بكرێت واتا مەبەستی ڕووداوه سەرەكیه نا پێكن بۆیه نووسەر ناچار دەبێ كورتی بكاتەوه:

---

[١٧٢] ع.ر.هەكاری ، سەرچاوەی پێشوو، ژ( ١٥ )،ل ٢٢

[١٧٣] سەرچاوەی پێشوو، ژ( ١٥ )،ل٢٣

[١٧٤] سەرچاوەی پێشوو، ه،ژ،ل٢٤

(( ایرو هفته داوەت کری

غەزایی از ژ ته کری

از دیچمه بر کافری

غەزالا من، دەلالا من، بس بگری ))[175]

لە پەردەی دووەم دیسان هونەری کورت بڕی بە کار هێناوە نووسەر نەهاتووە باسی یەك ساڵ شەری (مەمۆ) بکات لەگەڵ دوژمن و نەهاتووە باسی گوزەران چۆنییەتی بەرێکردنی ئەوکاتە ناخۆشە بکات، کە (غەزال) پێدا تێپەر دەبێت تەنیا بە چەند دێرێك باس لەم ساڵە دەکات غەزال دەڵێت :

((ئاه. . . یا رەببی، ئەڤە بوو سالەك چو جەواب ژ مەمی نەهات. جارەك دیتر من مەمی دیتبا، بلا مەلەکێ مەوتێ هاتبا، ئەمانەتێ خوە ژ من ورگرتبا ! (رادبت پێیان) ئاه. . . ئاه ئەوە چ ژین ما مرۆڤ ژ بۆ دەردو ئەلەمان هاتیە دنیا )) [176] پوخت کردنەوەی کاتەکان یەکێکە لەو ئەرکانی نووسەری شانۆ ئە نجامی دەدەن بۆ ئەوەی دەقەکە کات زۆر نەخایێنێت زۆربەی جولەکان بە خێرای تێدە پەڕن ساڵێك مانەوە لە شەری قودس و سەرکەوتنی ئیسلام لەو شەڕەدا زۆری خایاند، بەڵام نووسەر پوختی کردیتەوە.

هەندێك کات هەیە ناتوانرێت پێوەر بکرێت کەوا چەندی خایاندووە کاتێك (مەمۆ) دێتەوە لەشەر باوەش لە (غەزال) دەدات و ناهوشیار دەبن بەیەکەوە نازانرێ چەند زەمەن دەخایێنێت تاکو چاورەش دێتەوە:

(( هەر دو خوە لستوهی یك ددن، سر دوشەکی دکن، نا هوشیار دبن ))[177] .

پاشان دیسان کاتەکەی دیار نییە چەندی خایاندووە، کە چاورەش لە دەرگا دەدات دواتر کەس نییە دەرگا بکاتەوە ناچار دەرگا دەشکێنێ و دێتە ژوورێ: ((چاورش دری دقوتت، کس دری ناوکت، دەری دشکینیت، ژ دەر دا تێت، بوکا خوە دوی حالدا دبینت، تماشا دکت نانیاست ))[178]

چاورەش ئەوە بیر (مەمۆ)ی کوڕی دەهێنێتەوە کە بۆ مەسەلەی بەرزکردنەوەی ناوی کوردایەتی و کورمانجەتیێ بە خێوی کردووە ئەمەش هونەری فلاش باکە، کە بەم شێوەیە پەروەردە کراوە لە منداڵیەوە :

((من تو ژ ب رۆژکی وها خدان کری... )) [179]

---

[175] ع.ر.هەکاری ،سەرچاوەی پێشوو، ه،ژ،ل ٢٤

[176] سەرچاوەی پێشوو، ژ ١٦، ل١٥

[177] سەرچاوەی پێشوو، ژ( ١٦ )ل ١٦

[178] سەرچاوەی پێشوو،ژ ١٦،ل١٦

[179] سەرچاوەی پێشوو، ژ ١٥،ل٢٢

**٣ – بەراوردکردنی توخمی کات لە داستانی ( مەم و زین ) و شانۆی ( مەمی ئالان ) دا :**

**١- کاتی چیرۆك لە هەردوکیان رابردووە**

**٢- لە داستاندا هونەرەکانی ڕەوانبیژی زۆری بەکار هێنراوە، لەشانۆ دا کورت کردنەوە و فلاش باگ بەکار هاتووە بۆ مەبەستی پوخت کردنەوە**

**٣- لە داستاندا میژووی ڕوودانی بەسەر هاتەکان دیار نییە، لە شانۆدا کاتەکەی دەست نیشان کراوە**

**٤- لە داستاندا کاتی مندالی پالەوان باس کراوە سەرتا لای داینەی بووە دواتر بویتە فەقێ پاشان چویتە ( بورج بەلەك ) پاشان ڕووداوی خەونەکە دەستی پێکردووە ، لە شانۆدا باسی مندالی پالەوان نەکراوە تەنیا ئاماژەیەکی کورت بە جۆری پەروەردەکردنەکە کراوە**

**٥- کاتی گێڕانەوە زۆر دەخایەنێت ڕەنگە چەند رۆژێکی ویستووە لە داستانەکە گێرەرەوە دەلێت چوار رۆژی پێچووە تاکو( ڕەحمان بەکر ) بەندەکەی تەواو کردووە، گێڕانەوە لەشانۆی ( مەمی ئالان ) دا ڕەنگە کەمتر لە کاتژمێرێکی پێویست بێت بۆ گێڕانەوەی تەواوی ڕوواوەکە.**

**٦- کاتی نووسینی داستانی ( مەم و زین ) ( لە نێوانی ١٩٠١-١٩٠٣ کاتێك دەولەتی ئەلمانی فەرمان دەکات ( ئۆسکارمان ) دەست بە کۆکردنەوەی بەرهەمە کوردیەکان دەکات و ئەم داستانە دەنوسێتەوە لەسەر دەمی موزەفەرەدین شای قاجار ) [١٨٠] بوو، کاتی نووسینی شانۆی ( مەمی ئالان ) دیار نییە، بەلام کاتی خوێندنەوە لەسالی ١٩١٩ دابوو لە ژمارە ( ١٥، ١٦ ) پەردەی یەکەم و دووەمی بلاو کردەوە.**

## تەوەری سێیەم :توخمی شوێن لە داستان و شانۆدا :

**أ – توخمی شوێن لە رووی تیۆریەوە :**

**شوێن توخمێکی لە توخمەکانی گێڕانەوە دا، کە بە توخمێکی گرنگ دادەنرێت بەهۆی پێگە و گرنگی و پەیوەندی لەگەلْ توخمەکانی تردا لە زمانی ئینگلیزیدا ( setting ) کە بە مانای شوێنکات دێت، ( place ) پێ دەگوترێت بەمانای هەموو جۆرە شوێنەکان دێت، فەرنسیەکان ( lieu ) پێ دەلێن واتا پێگە ( الموقع )، بەلام ( Espace )یان لە جێگای بۆشایی ( الفراغ ) بەکارهێناوە، بەلام رەخنەگرە ئینگلیزەکان رازی نابن ( place ) لە جێگای ( space )بۆشایی بەکار بهێنن هەلسان بە بەکارهێنانی ووشەی ( location )( پنت )، کە گوزارشت لە**

---

[١٨٠] ئۆسکار مان، سەرچاوەی پێشوو، ، ل١٧

**شوێنێکی دیاری کراو دەکات لە ڕوودانی ڕووداوەکان، کاتێکیش لە گێڕانەوەدا ڕووداو هەبێت و زەمەنێك هەبێت بۆ ئەوەی کارەکتەریش جولە بکات لە ناو دەقی ئەدەبیدا بەتایبەتی لە گێڕانەوەدا، بێگومان شوێن پێویستیەکی حەتمیە بۆ ئەوەی هەموو توخمەکانی تر لەو پانتایە بەگەڕ بخرێن. (تائیع ئەلحەدادی) دەڵێت ((شوێن گرنگی دەرناکەوێت تاکو ڕووداوێکی لێ روونەدات))[181] ((شوێن لە میلەتێکەوە بۆ میلەتێکی تر جیاوازە و تەوزیفکردن و بەکارهێنانیشی جیاوازە))[182]. لەبەر ئەوەی شوێنی ڕوودانی ڕووداوەکان بە پێی دیمۆگرافیای شوێنەکەو جولانەوەی پاڵەوانەکان لەم شوێنە دەگۆڕێ گرنگی شوێن لە دەقێکەوە بۆ دەقێکی تر جیاوازە.**

**ئەو بەهایە بەرزەشی لەسەرەتای دروست بوونی مرۆڤ تا کۆتایی پێ دێت لەگەڵ شوێن هەڵ دەکات، شوێن گرنگیە یەکجار زۆری هەیە بەتایبەت لە گێڕانەوەدا، نەك لەبەر ئەوەی یەکێکە لە بنیاتە هونەریەکان، یان لەبەر ئەوەی ڕووداوەکانی لێوە روو دەدەن و کەسایەتیەکان لەسەریدا دەجولێن بەتەنها، بەڵکو فەزایەك دەخولقێنێ کە هونەرەکانی گێڕانەوە لێوەی رووبدات بە ڕووداو و کەسایەتی و پەیوەندیەکانیش کە دروست دەبن، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە شوێن بۆ تابلۆ بریتی نییە لە پارچەیەك قوماش، بەڵکو فەزایەکە تابلۆ دروست دەکات. غالب هەڵسا دەڵێت ((کارێکی ئەدەبی کاتێك شوێن لە دەست دەدات ئەوا تایبەتمەندی و پاشانیش رەسەنایەتی لەدەست دەدات))[183] هەر بەرهەمێکیش تایبەتمەندی و رەسەنایەتی لەدەست بدات کەواتە نا تەواو و گرنگی بەرهەمەکە لە دەست دەدات. شوێن و مەبەستی فراوان دەبەخشێ وەك کەوتنە بەندیخانە و دیتنی چوار دیوار و نەدیتنی ئاسمان و ئەستێرە جیاوازە لە دیتنی فەزای هاتنەوە بۆ ماڵ و لە باوەش گرتنی خاو خێزان، بۆیە شوێنەکان شێوازی هەڵچوون و لەسەر خۆبوون دەگۆڕێ بە پێی جۆری کاریگەری لەسەر ناخی کەسەکان. دەکرێت بڵێین کە نابێت ڕووداوەکان رووت بکرێنەوە لە شوێن و بایەخی پێ نەدەن، بەڵام دەکرێت کەرەستە ماددیەکان وەکو (ئاو، شاخ، گۆرەپانی شەر، بەفر، گژو گیا، شار، . . . هتد) جیاوازی هەبێت لە گرنگی و بەهای بەرهەمێکی ئەدەبی تا یەکێکی تر. ((شوێن رۆڵێکی گەورە دەگێڕێ لەلایەنی جەستەیی و دەروونی و ئایدۆلۆژی و زمانی و رۆشنبیری و سیاسی و بەشداری کردن لە دروست کردنی خووەکانی مرۆڤ، بۆیە دەبینین مرۆڤی شوێنە ساردەکان جیاوازن لە مرۆڤی شوێنە گەرمەکان، هەروەها مرۆڤی چیاکان و مرۆڤی دەشتەکان. . . ))[184] شوێن و کات دوو چوار چێوەی کۆمەڵایەتین بۆ هەڵگری یادگاریە**

---

[181] **میادة عبدالکریم العامري**، سەرچاوەی پێشوو، ٢٠١١. ص٩٢

[182] **سابیر رەشید، چیرۆکی کوردی رەخنەو لێکۆڵینەوە، چاپی دووەم، ناوەندی ئاوێر بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، ٢٠١٦، ل٤٦**

[183] **غاستون باشلار، جمالیات المکان**، سەرچاوەی پێشوو، ١٩٨٤، ل٥-٦

[184] **سالار عبدالله احمد تاوەگۆزی** ، سەرچاوەی پێشوو، ل٧٣

**کۆمەڵایەتیەکان، هەر بۆیەشە دەگوترێت مرۆڤ کوڕی ژینگەیە هەموو کلتور و رۆشنبیری و شارستانییەتی کۆمەڵگا هەڵدەگرن.**

**( چۆن برین ) لەبارەی شوێنەوە دەڵێت (( ئەگەر لەسەر شوێنەوە بنووسیت، ئەوا لەسەر خەڵکیش دەنووسیت )) [١٨٥]، پێچەوانەی ئەمەش راستەو ( شوێن بە عادات و تەقالید و جۆری بیرکردنەوە زیاتر دەردەکەوێت نەك تەنها بینینی شوێنەکە هەر ئەمەشە هەڵسوکەوتی کەسایەتیەکان جیاواز دەردەخات ) [١٨٦] ئەوەش مانای وایە جۆری بیرکردنەوە وادەکات تێڕوانینمان بۆ شوێنەکان جیاواز بێ، شوێنی جیاوازیش هەڵسوکەوتی کارەکتەرەکان جیاواز دەکا.**

**لە پەیوەندی شوێن لەگەڵ کاتدا وەك لەبابەتی توخمی کات ئاماژەمان پێدا زۆر جار لەگەڵ یەك ناویان دێت ( شوێنکات ) ( لە گێڕانەوەدا کات و شوێن یەکەیەکی سەربەخۆن و تەنهان ناچنە ناو یەك، کاتیك جولە بەدوای دادێت، بۆ ئەوەی ئەم یەکەیە تەواو بکا، ژیانی پێ ببەخشێ، شوێن بەبێ جولە نابێتە شوێن، بەڵکو زەویەکی فەزاییە، ئەوەی ژیان بەشوێن دەدات جولەیە )[١٨٧] ئەمەش ئەوە دەگەینێ شوێن بەر لەوەی بکەوێتە بەر جولە یەکەیەکی سەربەخۆیە جیایە لەکات کاتێك جولەی مرۆڤی بەسەر داهات ئەوا ژیانی پێ دەبەخشێت لە هەمان کاتدا لەگەڵ کاتیش بەیەکەوە دەبەسترێتەوە بۆمان دەردەکەوێت کە شوێن لاشەیەکە و کاتیش روحەکەیەتی هەردوکیان بەیەکەوە دەتوانن رۆڵ ببینن. زەوی مانایەك نادات گەر جولەی مرۆڤی تێدا نەبێت. دەکرێت بڵێین کە مرۆڤ پەیوەندی لە گەڵ کات و شوێندا سێگۆشەیەکی زیندووی چوونە ناویەکی کاریگەرە کە مرۆڤ پێوەی پابەندە، زۆر جار بۆ پێوانەی کاتیش شوێن بەکار دەبەین وەك چەند( شەقام، کۆلان، گوند، شار)ت بڕی تا گەیشتیە ماڵی فلان، وە بە پێچەوانەشەوە. ئەنشتاین دەڵێت (( لەم راستیە ئاسانتر نییە، کە بڵێین لە ژیانێکی پەیوەندیدار بە شوێنکاتی خاوەن چوار رەهەند دا دەژین، کە رەهەندە شوێنە سیانییەکان ( درێژی، پانی، بەرزی ) یە لەگەڵ رەهەندی کاتی ))[١٨٨].**

---

[١٨٥] **جەوهەر مەحەمەد مەولود شێخانی،** سەرچاوەی پێشوو، ٢٠١٣، ل١٠٢

[١٨٦] **محبوبة محمدي محمد ابادی، جماليات المكان في قصص سعد حورانية، مطبعة وزارة الثقافة، دمشق، ٢٠١١، ل١٤**

[١٨٧] **عبدالله ابو هيف، جماليات المكان في النقد الادبي المعاصر، مجلة جامعة تشرين للدراسات و البحوث العلمية –سلسلة الاداب والعلوم الانسانية، المجلد( ٢٧ )، العدد( ١ )، ٢٠٠٠، ل١٢٨**

[١٨٨] **لقمان رەئوف، رەهەندەکانی شوێنکات لە دەقە واڵاکانی شێرکۆ بێکەسدا، چاپخانەی کەمال، سلێمانی، ٢٠١٢، ل٢٩**

**کات لە نێو شیعردا بەکار دەبردرێت وەکو جوانکاری و لادان، بەڵام غالب هەڵسا لە لێکۆڵینەوەیەکی لە ساڵی ١٩٨٩ لە دیمەشق بڵاو کردەوە بەناوی (شوێن لە گێڕانەوەی لای عەرەب ) دا ((کە بڕبڕەی پشتە هەموو بنیاتەکانی تری پێکەوە دەبەستێتەوە))[189] کە شوێن لای ئەو سەربەخۆیە.**

**جۆرەکانی شوێن زۆرن، رەخنەگران و نووسەران و لێکۆڵەران هەر یەکەیان بەجۆرێك باسی جۆرەکانی شوێن دەکەن. تانیا ئەسعەد لە نامەی دکتۆرایەکەیدا بەم شێوەیە جۆرەکانی شوێن دابەش دەکات:**

**١- لە روانگەی هەبوونی شوێنەوە: (شوێنی واقعی و شوێنی خەیاڵی).**

**٢- لە روانگەی چەمکیەوە :(شوێنی هۆگر و شوێنی نا هۆگر ).**

**٣- لە روانگەی بەکار هێنانی شوێنەوە : (شوێنی کراوە و شوێنی داخراو )[190].**

**بۆ زیاتر ورد بوونەوە لەبارەی شوێن لە رووی هەبوونەوە شوێنی واقعیی واتا ریالیستی بوونی ئەو شوێنەی کە ناوی هاتووە لەلایەن نووسەر/شاعیرەوە هەبوونی دەسەلمێنرێت بەر هەستی مرۆڤ دەکەوێت ئەمە زیاتر بۆ ئەو ڕووداوانە زەق دەکرێنەوە کە مێژوویین یاخود بەسەر هاتەکە سەلمێنراوە، شوێنی خەیاڵیش لەسەر خەیاڵی نووسەر/شاعیر بنیات نراوە، هەندێك جار ئەم شوێنە بوونی هەیە، بەڵام خەیاڵی زۆر تێکراوە لە وەسف کردنی دا هەندێکیشیان تەواو فانتازین لە واقیعدا بوونی هەر نییە، جاستۆن باشلار دەڵێت وەسفی پنت ((ئەو شوێنەیە کە نەك بە تێدابوون، بەڵکو بە خەیاڵیش تێدا بژی))[191] کاتێك گێڕەرەوە وەسفی شوێن دەکات یان ناوی دەهێنێ، نایهەوێ وێنای دەرەوەی شوێنەکە بکات، بەڵکو دەیەوێ وێنەیەکی تایبەتی خۆی بکێشێ هەر بەراوردێك لە نێوانی ئەم دوو شوێنە بکرێت ئەوا بەراوردێکی نا دروستە، چونکە گێڕەرەوە نەهاتووە ناو لە شوێنەکە بنێت یان وەسفی بکات دەقا و دەق، بەڵکو بۆ وروژاندنی خەیاڵ ئەم کارە دەکات.**

**لە رووی چەمکیەوە شوێنی هۆگر/ئاشنا (شوجاع ئەلموسلم ئەلعانی) دەڵێت ((مەبەست لە شوێنی ئاشنا هەموو ئەو شوێنانەیە کە تێیدا ژیاوین و هەستمان بە پاراستن و گەرمی کردووە بەشێوەیەك، کە ئەم شوێنە بووەتە مادەی یادەوەریەکانمان، ماڵی نەخوزە لە ماڵی منداڵی لا بە تینترە شوێنی ئاشنایە))[192] هەست کردن بە ئازادی (جولە و**

---

[189] **عبدالله ابو هیف**، سەرچاوەی پێشوو، ٢٠٠١، ل١٢٦

[190] **تانیا ئەسعەد محەمەد سالح، بینای شوێن لە دوو نمونەی رۆمانی کوردی دا، نامەی دکتۆرا، زانکۆی سەلاحەددین، کۆلیژی زمان، هەولێر، ٢٠٠٦، ل٦٧**

[191] **لقمان رەئوف**، سەرچاوەی پێشوو، ٢٠١٢، ل ٣٥

[192] **سەباح ئیسماعیل، سەرچاوەی پێشوو، ٢٠٠٩، ل٤٣**

دەروون و قسە ) کە کەمترین چاودێری لەسەر بێت منداڵیە بۆ یاری کردن و دەنگ هەڵبرین و هاورێیەتی چاکترین تەمەن منداڵیە.

شوێنی ناهۆگر هەندێك پێی دەڵێن نا ئاشنا واتا پاڵەوان یان کەسایەتی لێی نەژیاوە لەگەڵ یادگاریەکانی ئاشنا نییە حەزی بەم شوێنە نییە وەکو حەوانەوە یان ئەوەتا ناچار کراوە لێی بژی بە زۆرە ملێ یان کارێکی هەیە لەو شوێنە تا تەواوی دەکات، رەنگە ئەگەر فرسەتێکی بۆ بێتە پێش لێوەی بروات. لە رووی بەکارهێنانی شوێنەکان لە لایەن مرۆڤەوە شوێنی کراوە ئەو شوێنەیە بەرووی هەموو کەس کراوەتەوە واتا تایبەت نییە تەنیا بەکەسێك هەموو کەشێك سەردانی دەکات وەکو بازار و مۆڵەکان و فەرمانگە حکومیەکان و نەخۆشخانە. . . هتد. بۆ هەموویان وەکو یەکە، شوێنی داخراو شوێنێکی تاکە کەسیە یان تایبەتە بە چینێکی دیاری کراو وەکو ماڵ و ژووری نووستن. . . هتد. هەڵسا ( ٣ ) جۆر شوێن دیاری دەکات لە پەرتوکی ( شوێن لە گێرانەوە لای عەرەب ) :

١- (شوێنی مەجازی: کە رووداوەکانی لێوە روو دەدەن رۆلی روونکردنەوە دەبینێ گوزارشت لە کارلێکردنی کەسایەتی و رووداو ناکات.

٢- شوێنی ئەندازەیی :بەشێوەیەکی بێ لایەن وێنا دەکرێت، رەهەندەکانی بینین دەگوازێتەوە، بەشێك دەگوازێتەوە بێ ئەوەی لەگەڵی بژی واتا ورد و درشتی باس ناکات.

٣- شوێنی مەنفا و غەریبی کە ئەمەیان مۆرکی قەدەری تێدایە کە ( دۆران و دەردەسەریە ). )[١٩٣]. سابیر رەشید بە شێوەیەکی تر باسی جۆرەکانی شوێن لە دەقە ئەدەبیەکان بە گشتی دەکات دەیکاتە شوێنی سادە و نا سادە دەڵێت (( شوێنی سادە هەموو هەموو ئەم شوێنانەن کە دیار دەکەون و لەبەر چاون وەك ناوی شار و گوند و شەقام و شیو و دۆڵ و مزگەوت و شوێنی ناسادەش، دەلالەتی مێژوویی و رەمزی هەڵدەگرێت ))[١٩٤] مەبەستی نووسەر لە شوێنی مێژوویی و رەمزی ئەو شوێنانەن کە ناوبانگیان هەیە لە میژووی نەتەوەیەك یاخود رووداوێکی گەورەی لێوە روویداوە بووەتە رەمزی نەتەوە یاخود مرۆڤایەتی، ( شوێن لە چیرۆك و شیعردا دەبێتە ناسنامەی مێژوویی و نیشتیمانی، هەموو حەز و ئارەزووە رۆشنبیریەکانی نووسەر هەڵدەگرێت، وایلێدەکا لە تاقیکردنەوەیەکی رۆشنبیری دابێت لەگەڵ سەردەمەکەی )[١٩٥] نووسەر پەیوەندی زۆر قوڵی لەگەڵ شوێن دەبێت هەستی زیاتری بۆ دەجولێت وێنەیەکی جوانی لا دروست دەبێت،

[١٩٣] عبدالله ابو هیف، سەرچاوەی پێشوو، ٢٠٠٠، ل١٢٦

[١٩٤] سابیر رەشید، سەرچاوەی پێشوو، ٢٠١٦، ل٥٦

[١٩٥] د. غیداء احمد سعدون شلاش، المكان و المصطلحات مقاربة له، مجلة ابحاث كلية التربية الاساسية، المجلد(١١)، العدد (٢)، ٢٠١٢، ل ٢٤٨

**چونکه نێرەر لە پێشکەش کردنی بەرهەمە ئەدەبیەکەی ناتوانێت بێ شوێن، یان شوێن لە هەستەکانی وەدەر بنێت، چونکە لێوەی بووە و هەر لەوێش دەمرێت، بۆیە شوێن بەشێکە لە نووسەر ئەوانەی لە رابردوو لە دەستی داون و ئەوانەی ئێستا لەگەڵی دەژین هەموو لەبەردەمی نووسەر دا چەق دەوەستن لە دیمەنێکی جوان و ناوازەدا دەریان دەبڕێ و داهێنانی تیادا دەکات.**

**دەکرێت بڵێن نە ڕووداو نە کەسایەتی بوونیان نابێت بەبێ شوێن، بۆیە ناکرێت پاڵەوانێك بهێنیتە بەر چاو بەبێ شوێن، ئێمە ئەگەر لە رووی زانستیشەوە باسی ماددە (تەن) بکەین دەڵێین مادە قەبارەیەکە لە هەبوون، یاخود پانتایەك داگیر دەکات جا چ بچوك بێت یان گەورە ئەو پانتایە شوێنە بۆیە ناکرێت ماددە لە دەرەوەی شوێن بوونی هەبێت. ئەو گۆڕانکاریانەی کە بەسەر شوێن دادێن بە دوو شێوەن ((گۆڕانی سروشتی و گۆڕانی لە ناکاو))[196] ئەوەی یەکەمیان کات دەور دەبینێ دیاردەکانی گەردوون رۆڵیان هەیە کە گۆڕان بخەنە سەر شوێن، ئەوەی دووەمیان مرۆڤ ڕۆڵ دەبینێ وەك شەڕ و شۆڕ، ئاوەدانی. . . هتد، چونکە مرۆڤ حەزی زۆرە هەردەم حەزی بە گۆڕانکاری هەیە لە ژیانی نایەوێت هەردەم لە یەك دۆخی چەق بەستوو بمێنێتەوە.**

**گرنگی شوێن ئەو کاتە دەردەکەوێت کە بکەوێتە بەر جولەی مرۆڤەکان واتا لەسەری بڕۆن، بجولێنەوە، شەر بکەن، بحەسێنەوە... هتد وەك پێشتریش ئاماژەمان پێداوە لە توخمی کات کە جولە یەکسانە بە دروست بوونی کات واتا کات لە ئەنجامی جولە دروست دەبێت. ((شوێن بە شێوەیەکی سەرەکی دەبەسترێتەوە بە درك کردنی هەستی، بەبەراورد لەگەڵ کات دەبەسترێتەوە بەدرك کردنی دەرونی))[197]، سیزا قاسم دەڵێت((ئەگەر کات هێڵێك بێت ڕووداوەکان لەسەری بڕۆن ئەوا شوێن لەسەر ئەو هێڵە دەردەکەوێت و یاوەری دەکات و لەباوەشی دەگرێ))[198]. لە داستان و بەتایبەت لە شانۆدا نووسەر /شاعیر پیشاندانی شوێنەکان دەکات پیشاندانێکی فۆتۆگرافی نییە، بەڵکو لەناو مێشکی خوێنەر کۆمەڵێك بەرپەچ دانەوەمان دەبێت، کە چۆن ژیاون !نەدەکرا ئەو ڕێگایە دورە نەبڕێت!گوزەرانی میللەتەکە چۆن بووە؟ ئەمەو دەیان پرسیاری تر لەسەر دۆخ و بیر کردنەوەی ئەو سەردەم دێتە بەر دەممان.**

[196] **سالار عبداللە احمد تاوەگۆزی**، سەرچاوەی پێشوو، ٢٠١٢، ل٨٠

[197] **فادیا رضا الحوشی، جمالیات المکان في شعر ذي الرمة، رسالة ماجستر، جامعة البعث، کلیة الاداب، سوریا ٢٠١٠، ل١**

[198] **فادیا رضا الحوشی**، سەرچاوەی پێشوو،٢٠١٠، ل٥

**١-  توخمی شوێن لە داستاندا:**

لە داستاندا شوێن پانتایەك لە گێڕانەوە داگیر دەكات، چونكە كەسایەتیەكان زۆرن و تەنیا ڕووداوی سەرەكیش نییە لە داستان، بەڵكو ڕووداوی لاوەكیش هەیە، بێگومان ئەمەش پێویستی بە پیشاندانی دیمەنی زۆری شوێنە بۆ ئەوەی ڕووداوەكان هەنگاو بە هەنگاو بەرەو پێشەوە بچن. هەر بەو هۆیەشەوە داستان بەرهەمێكی گەورەیە گشتگیرە ڕەنگە نەپرژێتە سەر وورد و درشت باسكردنی شوێنەكان، چونكە ئامانجی داستان لە بنەرتدا باس كردنی شوێن نییە بەقەد ئەوەی باس كردنی پاڵەوان و ڕووداوەكانە كە لە كۆندا روویان داوە بە بڕوای (ژۆنێت) ((شوێن بەشێكە لە ناوەرۆك یا باشترە بڵێین لە داستان)) [199]، بەڵام هەمووی نییە، چونكە لە داستاندا توخمی شوێن هەنگاوێك لە دواوەترە، زۆر جار شوێنەكان نادیارن بوونەتە شوێنی مێژوویی، ئەگەر شاعیر لێوەی بدوێ ناتوانێت بە ووردی شوێنەكانمان بۆ وێنا بكا وەك ئەوەی لە مەو پێش هەبووە، شاعیر/نوسەر وەسفێكی جوانی شوێن دەكات بۆ مەبەستی ڕازاندنەوە ئەگەر نا بچیتە هەمان شوێنی ڕووداوەكان ڕەنگە وەسفەكە زۆر جیاواز بێت ئەمەش ئەوە دەگەینێ كە شاعیر لە روانگەی خۆیەوە دەروانێتە شوێن و ڕووداوەكان و لێكدانەوەیان بۆ دەكات، بۆیە وەسف كردنی شوێن بەرجەستە كردنی خەیاڵیە وێنا دەكێشێ بەیارمەتی وشە.

گێڕانەوە ڕووداوەكان لە ناو كاتدا دەگێڕێتەوە، وەسفیش وێنای كەرەستەكانی دەكات لە شوێن، ئەمەش مەبەستی سەرەكی نییە، بەڵكو بۆ ئەوەی فەزا دروست بكات ئەمەش وێنا كردنی بابەتی نییە بەڵكو وێنا كردنی هونەریە. جوان نیشاندانی شوێن بەهایەكی ئیستاتیكی دەبەخشێتە دەقی ئەدەبی هەر جۆرێك بێت، چونكە خوێنەر زۆر جار دور لە ئایدۆلۆژیا و بیركردنەوە ئەو باكگراوندەی نووسەر حەشاری داوە لە ناو دەقی شیعری داستانی خوێنەر نایانبینێ و دەیانخوێنێتەوە و چێژی لێ وەردەگرێت، لەبەر ئەوەی لە بیرمان نەچێت داستان بۆ گشت دەنووسرێت پێویستە هەموو تاكێك لێی تێبگات لەگەڵ ئەوەشدا داستانەكە مەرجی ئیستاتیكی و پەیامێكی هەڵگرتووە. تەنیا وەسفكردنی شوێنیش یارمەتی دەر نییە بۆ دروست كردنی فەزای گێڕانەوە، بەڵكو لە گۆشەیەك پێشكەش بكرێت، كەخزمەت بە چوار چێوەی بەسەر هاتەكە بكات بۆ ئەوەی شوێن خودی خۆی ببێتە فاكتەرێكی كاریگەر و شیعریەت دروست بكات ( ئیعتیدال عوسمان) دەڵێت ((شیعریەت لە شوێندا تەنها لە سەر زماندا ناوەستێت، بەڵكو خەیاڵ حوكم دەكات بۆ دروستكردنی شوێن بە یارمەتی زمان بە ئاراستەیەك پاز بەسەر بەرگی راستی بدات لەگەڵ راستی

[199] ڤەنسان ژووف، سەرچاوەی پێشوو، ٢٠١٢، ل٧٤

شوێنەکە یەك نەگرنەوە ))[200] ئەمەش بەتەواوی ئەوە ناگەینێ، کە ئەوەی لە داستاندا باسی شوێن دەکرێت خەیاڵی بێت، بەڵام لەبەر کۆنی ڕووداوەکە و نەمانی کەرستەکانی وەك خۆیان نەماون هەر شاعیرێك بەجۆرێك لێوەی بدوێ نەك هەر وەسفەکەی بەڵکو زۆر جار شوێنی ڕووداوەکانیش ناوەکانیان دەگۆڕدرێن لە شاعیرێکەوە بۆ یەکێکی تر. (د. سیروس شمیسا) دەڵێت ((لەسەرەتا وا هەست دەکرا هەر بەرهەمێك کە لە پێش زاینیدا نووسرابێت شوێنەکانیان شوێنی ئەفسانەیی و خورافین لە راستی دا بوونیان نییە، بەڵام زانستی شوێنەوارناسی توانیویەتی زۆربەی ئەو شوێنانە بدۆزێتەوە کە لە داستانەکاندا باسیان کراوە، بۆ نموونە شارەکانی وەکو (مەدائین، تیزانیر، کنوسس) کە لە ئەلیازە دا باسیان کراوە میژوو سەلماندویەتی کە ئەمانە شار بوونە ))[201] زۆر جار بەهۆی دیار نەبوونی شوێنەکانی داستان بۆتە هۆی ئەوەی، کە داستانە کۆنەکانی جیهان لەیەك بچن چەند میلەتێك بەهی خۆیان بزانن. لە داستاندا زۆر شوێن باس دەکرێت بە هۆی پانتای فراوانی رووبەری داستان، کە لەیەك شوێن خول ناخوات ڕەنگە چەند ولاتێك ببڕێ، ((شوێن لە ئەدەبدا درێژی و پانی سنورداری ناکات ))[202] گێڕەرەوە/شاعیر لە ناو دەقەکاندا بەدوای گەلێك شوێن دەگەرێ هەموو لایەنەکانیان دەر بخات بۆ ئەوەی ئەو شوێنەی کە ڕووداوەکانی تیادا روودەدەن گرنگیان دەربخات و کاریگەریان بەسەر رەفتاری کەسایەتیەکان پیشان بدات.

لە زۆر داستانی میللەتاندا شاعیر هەندێك شوێنی خەیاڵی ئاشکرا پیشان دەدات شتێك ناهێلیتەوە لەبەردەم خوێنەران، کە ئەمە راستی بێت وەك خەون دیتنی پاڵەوان و فڕینی پاڵەوان و سەفەر کردن لە خەودا بۆ مەملەکەتێکی تر، یان شەر کردن لەگەڵ دوژمن لەخەودا کە ڕەنگە ئەم گەشت کردن و شەر کردنە راستەقینە بوایە زەمەنێکی زۆری دەویست، بۆیە کات دەشکێنرێت بۆ پیشاندانی شوێنی خەیاڵی بەهەمان شێوە بەربەستەکانی بەرامبەر پەڕینەوەی پاڵەوان دەشکێنرێت، ئەمەش شاعیر کار لەسەر نەستەکان دەکات، کە ڕەنگە مەبەستی لەهاتنی ڕووداوێکی لە پڕدا بێتە بەردەم پاڵەوان خوێنەر توشی سەرسورمان نەبێت بەرامبەر ئەم ڕووداوە ئەمەش ووردە سەرنجێ شاعیر دەیداتە خوێنەر ئامادەی دەکات بۆ ڕووداوی داهاتوو کە بەسەر پاڵەوان دادێت.

### ٢- توخمی شوێن لە شانۆدا:

---

[200] اعتدال عثمان ،اضاءة النص ،دار الحداثة ،بيروت،١٩٨٨،ل ٥

[201] سەنگەر قادر شێخ محەمەد حاجی، سەرچاوەی پێشوو، ٢٠٠٧، ل٩٦

[202] لقمان رەئوف، سەرچاوەی پێشوو، ٢٠١٢، ل٤٠

تێگەیشتنی ئەغریقیەکان بۆ شوێن هاوشانە لە گەڵ کردارەکان لە سەر شانۆ، بێ شوێن کردار بە پراکتیکی ئەنجام نادرێت. یۆنانییەکان شوێنی شانۆیان فراوان بوو شاعیرەکان دیکۆری گەورەیان دادەنا، هەروەها کارەکتەرەکانیان گەورە دەکرد بە پێڵاوەکانیان. شوێن ناکرێت بشاردرێتەوە مرۆڤیش بەبێ شوێن ناتوانێت بژی مرۆڤ پەیوەندی بە کەل و پەلەکانی شوێن هەیە.

سروشتی مرۆڤ وایە خۆی هان دەدات بۆ ئەوەی شتە هەبووەکان ببینێ لەو نێوەندە دا دەیەوێ پەیوەندی لەگەڵ سیستەمی گەردون و هەبوونەکان دروست بکات، راستیەك هەیە هەست کردنی مرۆڤ بە شوێن لەوە نەهاتووە کە زانیاری پێش وەختەی هەبێت لەسەری، بەڵکو ژینگە و دەور و کاریگەری لەسەر مرۆڤ دروست دەکات، وای لێ دەکات بەدوای شوێن وێڵ بێت. شوێن خۆی دەست نیشانی ژینگەی ناوەوەی دەکات نموونە ماڵێك وا وەسف دەکرێت کە شوێنی نیشتەجێ بوونە کەواتە شوێنی خەوتن و هەڵسان و خەونەکانە، ئەمەش یارمەتی دەرە بۆ ئەوەی بوونی خۆی و خەونەکانی لە تابلۆی دیوارەکانی دا رەنگ بداتەوە بە پێی حەز و ئارەزووەکانی بیرازێنێتەوە، هەر بۆیەشە شوێن لای باشلار رەهەندێکی دەروونی هەیە. ماڵ یەکێکە لەو کاریگەریانەی کە دەکاتە سەر بیری مرۆڤ و خەون و یادگاریەکان، بنەرەتی ئەو گاریگەریانەش زیندەخەونەکانن، کە مرۆڤ لە بەئاگایەوە خەون بە هەندێك حەز و ئارەزووەکانی دەبینێت. ((شوێن دەبێتە کۆگایەکی راستەقینەی هزر و هەستەکان، کاتێ پەیوەندی مرۆڤ و شوێن دەبێتە پەیوەندیەکی گۆڕاو لە نێوان هەردوکیان و کار لەیەك دەکەن))[203] هەر شوێنێك لەدەقی شانۆییدا هەبێت ئاماژەی پێکرابێت ڕووداوی تێدا روو دەدات واتا شوێنەکان وا بەئاسانی ئاماژەیان پێناکرێت لە شانۆدا، چونکە دەقی شانۆیی گوزارشت لە ڕووداوی سەرەکی دەکات ڕووداوی لاوەکی وەلا دەنێت بۆیە شوێنەکان کەمتر دەر دەکەون. هەندێك شوێنیش ئاماژە پێ دەدرێت، بەڵام پیشان نادرێت پێی دەڵێن فەزای شانۆیی نەبینراو، کە ڕووداوەکانی لێوە روو دەدەن، بەڵام بەچاو نابینرێن، گەرچی لە دەقی شانۆیدا باس دەکرێن یان لەسەر تەختەی شانۆشدا ڕووداوەکانی دەگێردرێنەوە بەهاو گرنگی کەمتر نییە لەو فەزایەی کە راستیە ڕووداوەکانی دەبینرێن یاخود کردەو جولە شانۆیەکەی لێ ئەنجام دەدرێت جیاوازیەکەش لەو مەودایە دایە (جێمس میردوند) دەڵێت (جیاوازیەکە لەوەیە کە هەستی پێ دەکرێت و لە وەش کە دەبینرێت )[204].

---

[203] جەوهەر مەحەمەد مەولود شێخانی، بنیاتی کارەکتەر لە رۆمانەکانی حسێن عارف دا، نامەی ماستەر، زانکۆی سەلاحەددین، کۆلێژی زمان، ٢٠١٣، ل١٠٣

[204] سەمیر ئەحمەد ئیبراهیم، هونەرەکانی گێرانەوە لە رۆمانەکانی (خوسرەو جاف) دا، نامەی ماستەر، زانکۆی سەلاحەددین، کۆلێژی زمان، ٢٠١٥، ل٣٠٠

زۆر جار له شانۆ، كه شوێن پێناسه دەكرا پەیوەست دەكرا بەكات وەك له رووی سایكۆلۆژی هەمان شت كه بۆ كات وێنا دەكرا بۆ شوێنیش دەكرا. زۆر لێك جیا نەدەكرانەوە وەك چۆن له تراژیدیا كات كەم و نادیار بوو وەك جۆنسۆن دەڵێت ((شكسپیر زۆر گوێی به كات و شوێن نەدەدا ))[205] بۆ شوێنیش ئەو بنەما زەق و گرنگه نەبوو، گەرچی وورده وورده گرنگیان پێدرا شوێنەكان مەبەستدار كران لەگەڵ ڕووداوەكان هەنگاویان دەنا بۆ ئەوەی شوێنەكان نیشان بدەن كه یاریدەدەرێكی بەهێز بن بۆ خولقاندنی كاریگەری لەسەر گێڕانەوەی ڕووداوەكان.

هەر ڕووداوێك دەبێ له شوێنێك ڕووبدات. شوێن هەندێ جار پانتایەكی فراوانی جوگرافی دەگرێتەوە و هەندێ جاریش دەبێتە ژوورێكی بچكۆلانه. له شانۆ دا ناكرێت شوێنێك هەڵبژێردرێ له خۆوە، بەڵكو مەرجی ئەوەیه ڕووداوەكان بەرەو پێش بەرێت و دەولەمەندی بكات د. رشاد رشدی دەڵێت (( پێویسته نووسەر شوێنێك هەڵبژێرێت كه دەكرێ ڕووداوەكانی لێوە ڕووبدات بەشێوەیەكی سروشتی وامان لێ بكات هەست به نامۆیی نەكەین به بوونی كارەكتەر لەو شوێنه له چوون بۆ ئەو شوێنه یان دەرچوونی ))[206] ئەمه ئەوە دەگەینێ چاكتر وایه له هەڵبژاردنی ناوی شوێنەكان لەشانۆدا راستی بن یان نزیك بن له راستی لەسەر هەمان بۆچوون د. حمید لحمدانی دەڵێت (هنری متران نموونەی بەلزاك دێنێتەوە كاتی وەسفی شەقامێك دەكات یەكسەر خوێنەر دەچێته ناو ڕووداوەكان، لەبەر ئەوەی شەقامەكان راستین، هەموو ڕووداوەكان كه گێرەرەوە باسی دەكات و دروستی دەكات شێوەیەك له فەزای راستی وەردەگرێت)[207]. شانۆ خۆی چالاكیەكی داهێنەرانەیه زۆر رووی هەیه مرۆڤ سەودای لەگەڵ بكات بۆ ئەوەی جارێكی تر ژیان دروست بكاتەوە به چەندین رێگا به شێوەو شێوازی جیاواز كه نیشاندەری تێگەیشتنی كۆمەلایەتی و چالاكی مرۆڤیه.

شوجاع ئەلمسلیم دەڵێت ((هەندێك جار چیرۆك یان رۆمان قالبی شانۆنامه له خۆ دەگرێت، بەوەی شێوەی گفتو گۆی كەسەكان و جولەیان ناچار به پابەند بوون به بنەمای شانۆ دەكرێن بۆیه بەم جۆره چیرۆكانه دەگوترێت چیرۆكی درامی)) [208](فەزای شانۆیی/درامی بەهۆی زمانەوە دروست كراوە ئینجا له رێگای دیالۆگ بێت یان كارەكتەرەكان یان ئەو ئامۆژگاریانەی نووسراوە له دەقی شانۆیدا، فەزایەكی خەیاڵیه، بنیاتی لەسەر خەیاڵه، بردنی هۆشی خوێنەره له شوێنێك بۆ شوێنێكی تر، دیمەنێك له ڕووداو پیشانی خوێنەر دەدات باشی شوێنێكی

---

[205] كۆمەڵێ نووسەر، تیۆری رۆمان، و:بۆ فارسی حسن پاینده، و:بۆ كوردی محەمەد كەریم، چاپی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٣، ل٤٩

[206] د. رشاد رشدي، فن الكتابة المسرحية، الهيئة المصرية العامة لكتاب، ١٩٩٨، ل٣٧

[207] د. حمید لحمدانی، سەرچاوەی پێشوو، ١٩٩١، ل٦٥

[208] سەباح ئیسماعیل، سەرچاوەی پێشوو، ٢٠٠٩، ل٤١

**جیاواز دەکات کە ناتوانرێت بەرجەستە بکرێت، بەڵکو دەهێنرێتە بەر چاو کە ڕووداوەکە لەوێ ڕوویداوە یان جولەی پێ دەکرێت یان بەشێکە لە جولاندنی کارەکتەرەکان لە شوێنێکی نا مادی. فەزای شانۆیی لەگەڵ زەمەن/کات کە بەکار دێت کاتێك چاوەکان دەخرێتە سەر فەزا ناتوانرێت ئەو فەزایە دروست ببێت مەگەر بە زنجیرەی زەمەنی نەبێت، ئەو فەزایەش درێژکراوەی فەزای شوێنە، هەروەها درێژکراوی زنجیرەی زەمەنی گێڕانەوەیە، کاتێك زەمەنی نواندن/خوێندنەوە تەواو دەبێت ئەوا فەزای کاتیش تەواو دەبێت. بۆ نموونە کاتێك نمایشێك لە ناوەندی شار، بازار، مۆلێك دەکرێت فەزایەکی تایبەتی دروست دەکەن بۆ تەماشاکەران، بەڵام بە ڕۆیشتنی کارەکتەرەکان ئیدی ئەو فەزایەش کە دروست ببوو دەگەڕێتەوە دۆخی پێش دروست بوونی فەزا.**

**فەزای زەمانی/کاتی ڕۆلێکی یەکجار گرنگی هەیە بۆ دارشتنی فەزای شوێنی. لە چوار چێوەی چەمکێك دسورێتەوە کە (ڕەنگە ڕووداوەکە ڕوویدات)، مرۆڤ بەقەد ئەوەی تێکەڵ دەبێت لەگەڵ کات /زەمەن بەهەمان شێوەش تێکەڵ دەبێت لەگەڵ فەزا دەشتوانین بلێین (مێژووی مرڤایەتی بریتیە لە مێژووی تێکەلاو بوون بە شێوەیەکی بنەرەتی لەگەڵ فەزادا)[209] پابەند بوونی مرۆڤ بە فەزاوە پابەند بوونێکی توند و بەهێزە، لە ئەزەلەوە مرۆڤ بە گۆی زەوی بەند کراوە. شوێن و کات لای کۆمەڵناسان دوو مەرجی زۆر پێویست و گرنگن بۆ پاراستنی کلتور و ڕۆشنبیری و شارستانییەت بۆ کۆمەڵگای مرۆڤایەتی. پوختەی باسی فەزای شانۆیی دەتوانم بلێم کە تەنها فەزا لەنێو دەقی شانۆیی دانییە، بەڵکو لە ڕەگەزەکانی تریش وەکو چیرۆك و قەسیدەی شیعریش دایە. (فەزا) بریتی یە لە کات، شوێن، کارەکتەر و هەموو کەرەستەیەك، کەکات و شوێنێکی دیاریکراو ئامادەیی هەبێ، بۆیە ناکرێ بلێین لە چیرۆك و قەسیدە دا فەزا تەنیا شوێنە. لە فەرهەنگی شانۆدا فەزا لە هونەری شانۆیی (دەق ) دەکاتە چەند فەزایەك :**

- **فەزای درامی/شانۆیی (Lespace dramatique):ئەو فەزایەیە قسە لەسەر دەق دەکات و فەزایەکی هەست پێ کراوە، کە مرۆڤ دەخاتە سەر ڕێگایەکی خەیاڵی.**

- **فەزای دەق (Lespace textuel):بریتیە لەو فەزایەی کە بە مادەی خام نووسراوە بە قسە یان بە (بەلاغە) کە دیالۆگ و ئامۆژگاری تێدایە کە نووسەر لە دەق ئاماژەی پێ کردووە، بۆ ئەوەی دەرهێنەر و ئەکتەرەکان پابەند بن پێی. ئەمەش بریتیە لە فەزای شوێن، بەڵام ئەمەیان تەنها پەیوەندی بەو شوێنەیە کە نووسین لە گێڕانەوەکانی داگیر دەکات، ڕوبەرێکی لە کاغەز لە سێ ڕەهەندی نووسین پڕ دەکاتەوە.**

[209] أ. م. زوزو نصيرة، اشكالية فضاء و المكان في الخطاب النقدي العربي المعاصر، مجلة كلية الاداب العلوم الانسانية و الاجتماعية، جامعة محمد خضير-الجزائر، العدد السادس، ٢٠١٠، http://fll.univ-biskra.dz/images/pdf_revue/pdf_revue_٠٦/zouzou٪٢٠nacira.pdf

- **فەزای ناوەخۆ ( Lespace interieur ) : وێناکردنێکی خەیاڵیە نووسەر دەچێتە ناو خەون و بە ئاگا بوون.**

**هەموو ئەم فەزایانەی سەرەوە ئاماژەیان پێکراوە کەشێك دروست دەکەن بۆ خوێنەر/بینەر تاکو خەیاڵیان بۆ شوێنێك یان چەمکێك بڕوات بۆ ئەوەی وێنەیەکیان بێتە بەرچاو بەهۆی ئەو کەشەیە شانۆ دەتوانێت ئامانجەکانی بپێکێت خوێنەر /بینەران هەر یەك لە شوێنی خۆی تێروانینی بۆ ئەم فەزایە دەبێت کەم یان زۆر لەیەکتر جیاواز بێت.**

- **فەزای ئاوێنەیی( کمنظور ): ڕێگایەکە نووسەری گێرەرەوە وا لە حیکایەتەکە دەکات پاڵەوانەکان بجولێنەوە لەبەر چاوی خوێنەر وەك ئەوەیە لەبەر چاویان لەسەر تەختەی شانۆ بجولێنەوە *[210].**

## ٣- بەراوردکردنی توخمی شوێن لە داستان و شانۆ دا :

**١- لە داستاندا شوێن پێگەی خۆی هەیە، پێویستە ئەم پێگەیەی خۆی بپارێزێ. پاڵەوان بەردەوام دەردەکەوێت، چونکە روناکیەکان لە داستاندا لەسەر جولانەوەی پاڵەوانن، بۆیە بەجولانەوەی ئەویش کات و شوێن روداوەکانیش دەجولێن ئەو پانتایەش، کە پاڵەوان بەسەری دادەڕوات بۆ دەرخستنی شوێنی پاڵەوانە. لەشانۆدا شوێنی کەمترە بەبەراود لەگەڵ داستاندا ئەویش بۆ کەمی مادەی مادده خامەکە دەگەڕێتەوە کە دەقی شانۆیە، جگە لە شوێن ناوێکی تریش بۆ شوێن بەکار دەبەن ئەویش فەزایە، چونکە شانۆ زیاتر پیشاندانی ڕووداوو کارەکتەرەکانە نەك پیشاندانی شوێن هەرچی هەیە لەشانۆدا وەسفە یان باس کردنی فەزای شوێنە زۆربەیان ئاماژەنە بە ناوی شوێن نەك ژیانی پاڵەوان لە شوێنی جیاواز، کە چەندین شوێن ببڕێت وەکو ئەوەی لە داستاندا هەیە، ئەمەش ئەوە ناگەینێ لە شیعر و قەسیدەکاندا فەزا نییە لە شانۆدا کاتێك نواندن/ نمایشی کارێکتەرەکان تەواو بوو ئەوا کاتی فەزاش تەواو دەبێت هەموویان دەگەڕێنەوە دۆخی بەر لە ڕوودانی یان بەر لە دەست پێ کردنی شانۆکە بەڕۆیشتنی کارەکتەرەکان فەزای شانۆیی لەو شوێنە کۆتایی پێدێت.**

---

[210] سوودم وەرگرتووە لە پەرتووکی( د.حمید لحمیدانی ،بنیة النص السردي في النظور النقد الادبي )د. حمید لحمدانی یەکێکە لەو کەسە ئەکادیمیانەی وڵاتانی عەرەبی، کە زۆربەی بۆچوونەکانی لە نێو باس و خواستە ئەدەبیەکان بوونەتە سەرچاوەی باسەکان لەم خاڵەی ( کمنظور )ی بەکار هێناوە وشەی شیاوترم نەدۆزیەوە پڕ بەماناکەی بێت لە کوردیدا، د. حمید بەو مانایەی بەکارهێناوە وەکو ئاوێنەیەك لەبەرچاوی بینەران و خوێنەران کارەکتەرەکان دەجولێن.

٣- ئەو شوێنانەی لە داستاندا باس کراون مەرج نییە راست نەبن یان نەتوانین بگەرێینەوە بۆ شوێنی ڕووداوەکە، بەڵام لەبەر ئەوەی کۆنن ناتوانین شوێنی ئەندازەیی ڕووداوەکە دیاری بکەین واتا ناخرێتە بەر چاو، ئەوەی لە داستاندا دەبینرێت زیادەرۆیی زۆر تێدایە بەتایبەتی وەسفی ماڵی پاڵەوان و شوێنی حەوانەوەی، لەشانۆدا بەهەمان شێوەی داستان ناوی شوێنەکان راستن، بەڵام شوێنی حەوانەوەی پاڵەوان لە رووی شوێنی ئەندازەیی راستەقینە ناکەوێتە بەرچاو هەرچی شانۆیە وەسفەکانی مال و حەوانەوەی پاڵەوان راستەقینەترە لە شوێنی حەوانەوەی پاڵەوانی داستان.

٤- شاعیر لە داستاندا هێڵە سەرەکیەکانی شوێن باس دەکات وردەکاری شوێنە گشتیەکان ناکات تەنیا بۆ مەبەستی وەسف دەخزێتە هەندێك شوێن چونکە مەبەستی داستان شوێن نییە بەڵکو پیشاندانی پاڵەوان و ڕووداوەکەیە، لە شانۆدا بەهەمان شێوە دەرخستنی شوێنەکە مەبەست نییە بەقەد ئەوەی پاڵەوان ڕووداوەکە دەردەخرێت.

٥- شوێن لە داستاندا بەهەمان شێوەی شانۆ رەهەندێکی دەروونی هەیە حەز و خولیاکان لەم چوار چێوەیە رەنگ دەداتەوە. لەداستاندا گەلێك شوێن باس دەکرێت ڕەنگە هەندێکیان خزمەت بە ڕووداوی لاوەکی ناو داستان بکات و شوێنە بەرچاوەکانیش، کە پاڵەوان جولەی تێدا دەکات خزمەت بە ڕووداوە سەرەکیەکە بکات، لە شانۆدا هەموو ناوهێنانێکی شوێن مەبەستدارە هەتا وەسفەکانیشی مەبەستی ئاشکراو شاراوەی لە پشتەوەیە ڕووداوە سەرەکیەکە بەرەو پێشەوە دەبات.

٦- وەسفی شوێن لە داستان و شانۆ دا تەنها یارمەتی دەر نییە بۆ دروستکردنی فەزای گێڕانەوە، بەڵکو دەبێت ئەم وەسفە ببێتە هۆی ئەوەی زنجیرەی ڕووداوەکان بەراستە هێلێکی راست ببات نەبێتە گەرانەوە بۆ دواوە سەرەرای کاری پیشاندانی پاڵەوان و کارەکتەرەکانە وەسف خودی خۆی دەچێتە ناو خانەی ئیستاتیکا. شوێنەکان هەر جۆرێك بێت لە داستان یان لە شانۆ بە پێی رۆلەکەی کە دەیگێرێت گرنگی دەبێت، شوێن هەیە دەبێتە ئەزموون و بەخت کەرەوەی پاڵەوان جولەی زیاتری تێدا دەکات کە دەسەلاتی بەسەریان دەشکێت لە ژێر هەژموونی خۆی دایە لە قۆناغێکدا بۆی دەبێت بە تراژیدیا ڕەنگە بە مەرگی پاڵەوان کۆتایی پێ بێت، ئەمەش ئەم واتایە هەڵدەگرێت شوێنەکان لە رووی مەعنەویەوە وەك خۆیان نامینێنەوە دەبن بە شوێنی (سەرکەوتن و دۆڕان).

٧- کات و شوێن لە داستان و شانۆدابەیەکەوە دەردەکەون ئەگەر شوێن دەرکەوت بێگومان کاتیش ئامادەیی هەیە.

**ب- توخمی شوێن له ڕووی پڕاکتیکەوە:**

**١- توخمی شوێن له داستانی (مەم و زین) دا:**

یەکێك لەو تایبه تمەندیانەی داستانی (مەم و زین) هەیەتی شوێنی ڕوودانی ڕووداوەکەیە، کە ناوچەیەکی کوردیە مۆرکی هیچ ناوچەیەکی تری پێوە دیار نییە. زۆر له داستانه جیهانییەکان چەند میللەتێك خۆیان دەکەنە خاوەنی یان ئەوەتا ئاسەواری بوون بە خاوەنی داستان دادەنێن لە نێوان چەند میللەتێك بزر بووە، بەڵام (مەم و زین) ئەو تایبه تمەندیەی پاراستووە. ڕەنگە پرسیار بکرێت ئەی وولاتی یەمەن چی لە داستانی مەم و زیندا مانای چیە؟دەکرێ بڵێین، کە شوێنی ڕوودانی ڕووداوەکە گرنگە نەك شوێنی لێوە هاتنی پاڵەوانەکە.

(جزیرە) شارێکی کوردیە لە باکوری کوردستان ناوەندی ڕووداوەکانی داستانە بگرە زۆربەی کێشەو چەقی ململانێیەکانی نێوان کارەکتەرەکانە کە بەسەرهاتی بەیەك گەیشتن و دەست لێك بەردانی (مەم و زین)ە :

((خوشکی چکۆڵە گوتی بە خوشکانە

خوشکێ!ئەز و ببم بە قوربانە

بەلاَ ئەمە کاکەمەمی هەڵگرین ببیەینە جزیر و بۆتانە))[211]

شوێن مەبەست و مەغزای فراوان دەدات بە دەستەوە بە حوکمی پێگەی شوێنەکەو گەورەیی و سادەیەکەی و هەروەها جولانەوەی پاڵەوان و تیا ژیانی. کاتێك (مەم) لەسەر زاری خۆیەوە باسی دەسەلات و پلەو پایەی بنەماڵەکەی دەکات بۆ خاتوو (زین) بێگومان شوێنی حەوانەوەی خۆی بۆ باس دەکات، کە شوێنەکان خەیاڵین لە واقیعدا بوونیان نییە بونێکی فانتازیان هەیە بەو مانایەی ،کە تا ئێستا خاونی وا دروست نەکراوە:

(( خاتوونێ، کۆشکی من بڵندە سەر لە حەو تەبەقەی ئاسمانێ

خشتێکی زێڕە یەکێکی زیوە، وەستا داینـاوە لە کارخانێ

دەنگی مەلایەکەتان دەیگاتێ لە حەوت تەبەقەی هاسمانێ

---

[211] ئۆسکار مان، سەرچاوەی پێشوو، ، ل١٤٦

**کۆشکی من کۆشکێکی گەلێك گەورەو گرانە ))[212]**

**لە داستانی ( مەم و زین )ی ئۆسکارماندا شوێنی مەم و بنەماڵەکەی برایم پادشای باوکی ولأتی یەمەنە، ناوی خانووی شوێنی حەوانەوەی ( مەم ) باس دەکات دیارە ناوبانگی هەبووە، بەڵام هیچ ئاسەوارێکی بەجێ نەماوە بۆ ئەوەی دڵنیا ببینەوە لە راستی ئەم شوێنە :**

**(( ئەگەر کافریش ببێ ئیشاڵلاّ ساحێب ئیمانە**

**ئەگەر کاکەمەمان نەگەیاندەوە یەمەنی گەورەو گرانە**

**ئەگەر بابی دەگەڵ سەلامی نوێژی نەبینێ هەموو سبحەینانە**

**لەکن دایکی سۆراخ نەکا، لەبورجی بەلەك نەکا بەیانە )) [213]**

**ناو هێنانی هەندێك شوێن بۆ ئەوەیە، کە ژێرخانی رۆشنبیری پاڵەوان چیە، هەروەها جۆری پەروەردەکردنی چۆن بووە، لەسەرەتای باس کردنی داستانەکە بە باسکردنێکی پێش وەختەی خێرا بەچەند دێرێك لە پەروەردەکردنی ( مەم ) باس دەکات دوای حەفت ساڵی لە کوێ بووە :**

**(( ئەوجار هێنایانن بردیاننە مەدرەسەی لە خزمەت مامۆستا دانیشتن. حەو ساڵان دە ژێر خانی دابوون. ))[214]**

**لە شوێنێکی تر دا گێڕەرەوە باسی ناوماڵی ( مەم )مان بۆ دەکات بۆ زیاتر ئاشنا بوون بە پەروەردەکردنی پاڵەوان، کە کەسێکی لە خوا ترس بووە شوێنێکی تایبەتی هەبووە بۆ نوێژکردن لە تەنیش شوێنی نوستنی خۆی :**

**(( دەستیان دەستۆی یەك دەکرد، دەهاتنەوە، لەسەر فەرشان، جا نمازان، قالیچانە**

**جا پێکەوە ڕۆنیشتن، دەیانبژاردەوە شوکرانە ))[215]**

**لە داستانی ( مەم و زین ) دا ڕووداوەکە لە نێوانی دوو بنەماڵەی خانەدان دابووە هەردوکیان خاوەنی کۆشك و تەلاری خۆیان بوون ( زین )یش بە هەمان شێوەی مەم باسی پلەو پایەی خۆیان کۆشکەکەیان دەکات و لێکچواندنی بە**

---

[212] ئۆسکار مان، سەرچاوەی پێشوو، ل١٥٢

[213] سەرچاوەی پێشوو، ٢٠١١، ل١٤٦

[214] سەرچاوەی پێشوو، ل١٤٣

[215] سەرچاوەی پێشوو، ل١٥٤

بەهەشت کە هاوشێوەی نییە لەسەر زەوی بێگومان لە شوێنی خەیاڵیش تێدە پەرێنێت و گەلێك شوێن ناویان هاتووە وەکو فەزا ئامادەبییان هەیە و باسی کردوون و دەڵێت :

(( میر مەم، کۆشکی من بڵندە سەر لە شاخی

ئاوی سپی لە حەوزی کەوسەرێ دێ هەڵدەرژێتە سەر بەردی مەرمەڕ پەخش و پەرێشان دەبی لە نێو چوار باغی

شەهێن و شالوور و شمقاڕ لە وێدا بوون یاغی

یایەزین دەلێ:

میر مەم، کۆشکی من بڵندە سەر لەحەوت تەبەقەی ئاسمانێ

وەستای بۆ هاتوون لە هیندێ، میعماری لە بوخارایە، گێچی بۆ هاتووە لە تاریکستانێ

کۆشکی من خشتێکی زێڕە، یەکی گەوهەری کارخانێ

هەر چەند بەردی وەقیمەتە، غەواسان دەریان هێناوە لە دەریای نیل و عومانێ )) [216]

شوێنەکان یەکجار زۆرن لە داستاندا، چونکە داستان فراوانە ڕەنگە چەندین شار و مەملەکەت بڕێ و هەندێ جاریش بۆ پیشاندانی سوار چاکی پاڵەوان باسی ڕاو شکاری پاڵەوان دەکرێت کە خەریکی ئەو کارانە بوونە، ئەمەش لەبەر ئەوەیە زیاتر کەوا پاڵەوان توانای بەدەنی و عەقلی کامڵە (مەم) لە گەڵ نۆکەرو هاوڕێیەکەی (بەنگین) دەچنە ڕاو تا دەگەڕێنەوە (برایم پادشا) ژن و کچی یەمەنێ لەسەر ڕێگای دادەنێ بەس هەتاوەکو نەچێتە شاری جزیرێ (بەنگین) بە( مەم )ی گووت:

(( میر مەم بڵا بچینەوە بۆ ماڵێ ڕاویان بەتاڵ کرد روویان دەماڵێ کرد، ئەگەر هاتن گەینە قەراخی شاری تەماشایان کرد داوەت بوو. لۆتی و ڕەقاس بوو شێرو ورچ بوو )) [217]

گێڕەرەوە باسی ئەو نێوانەی وولاتی( یەمەن ) و شاری ( جزیرە )مان بۆ دەکات کە چۆل و سەحرایە کە ڕێگای ١٢ مانگ و بیست و چوار رۆژانە خۆی و لەشکرەکەی، کە باوکی بۆ ئامادە کردبوو ( مەم و بەنگین )کەوتنە ڕێگا :

---

[216] ئۆسکار مان، سەرچاوەی پێشوو، ، ل١٥٣

[217] سەرچاوەی پێشوو، ل١٦٠

(( ئەویٚ رۆژیٚ دوو بە دوو دەیانئاژوا هەتا مەحەلی رۆژئاوایە،

جا قۆشەن نەگەییبە ئاوەدانیان، کەوت لە چۆل و سەحرایە، )) [218]

دوای ئەوەی ئەو هەموو ریٚگایەیان بری ( مەم و بەنگین ) بەتەنها مانەوە ئەوەی هەبوو گەڕایەوە دواوە دوای ریٚگا پیشاندانیان لەلایەن وەیس و لقەرەنی ( ماهی دەشتیٚ ) گەیشت بە دەروازەی شاری جزیریٚ وەها باسی دەکات، کە سەرەتا چەمە واتا ئاوی زۆرە لە دەروازەی گەیشت بە شاری ( جزیر )ە ئاماژەیەکیشی بە نەهامەتی شارەکە کردووە پیٚش ئەوەی رووداوی مردنی ( مە وزین )ی تیٚدا روو بدات ئەمەش ئەوە دەگەینیٚ کە گیٚڕەرەوە دەستی هەیە لە ناساندنی پالەوان و شویٚنەکەی لە دەقە چیرۆك ئامیٚزەکاندا :

(( ئەوە دەهاتنە خواریٚ جووتە سوارەکەی فەقیریٚ

دەهاتن و دەگەیشتنەوە سەر چۆمەکەی کاولە جزیریٚ )) [219]

گیٚڕەرەوە باسی ئەوەشمان بۆ دەکات کە شاری ( جزیرە ) کۆلاٚن و مالی تیٚدابووە واتا ئاوەدان بووە ئەو سەردەم :

(( کە مەم و بەنگین گەینە کۆلاٚنیٚ

جحیٚل بە پیریانەوە چوون، دەستیان کرد بە خەلاٚت بەخشانیٚ ))[220]

گیٚڕەرەوە وەسفی مالی ( قەرەتاژدین )ی میٚردی خاتوو ( ئەستی )ی خوشکی ( زین )مان بۆ دەکات، کە مالەکەی چۆنە هەروەها بە شیٚوەیەکیش پیٚمان دەلیٚت کەوا ( قەرەتاژدین )یش هاوشانی میر پلەو پایەی مالٚ و حالی هەیە لەو کاتەی خاتوو ( ئەستی ) بە( مەم ) دەلیٚ با بچینە مالی ئیٚمە میوان بین :

(( برالە!هەلٚستە بچینە وەتاغیٚ بالەخانیٚ

کیٚ بوو لە میر مەمی موحتەبەرە

لە پلیکانان دەکەوتە سەرە

پە نجەرەیان بۆ دەکردنەوە ئەوبەر ئەوبەرە ))[221]

---

[218] ئۆسکار مان، سەرچاوەی پیٚشوو، ل١٧٥

[219] سەرچاوەی پیٚشوو، ل١٧٩

[220] سەرچاوەی پیٚشوو، ، ل١٨٥

**بۆ جیاکردنەوەی شوێنی (هۆگر، نا هۆگر، خەیالی، واقیعی، کراوەو داخراو) ناوهێنانی شوێنەکان لەو گێڕانەوانەی گێڕەرەوە بۆی کردووین و تێی گەیاندوین بە شێوەیەك لە شێوەکان، کە بۆ هەریەکەکیان تایبە تمەندی خۆی هەیە بۆ نموونە ئەو شوێنانە بۆ (زین) هۆگرن:**

**(مالی ستی خوشکی، سەر کانی، کۆشکی زین).**

**ئەو شوێنانەی کە بۆ (زین) ناهۆگرن مالی (بەکر مەرگەوەڕی، مالی میر، ) چونکە حەزی نەدەکرد لەو شوێنانە (مەم)میوان بێت :**

**((یا خولایە نەچنە مالی کابەکری، بچنە مالە خوشکی خۆم. قەرتاژدین پیاوێکی رەشیدە، سەخییە، نان بدەیە، ئەو زۆر چاکیان بەخێر دێنی))[222]**

**ئەو شوێنانەی بۆ (مەم) هۆگرن جزیرە، مالی قەرتاژدین، کانی، بورجی بەلەك، دیوانی میر زێندین، کە ژوانی لەگەل زین بەستبوو، ڕاوکردن لە ولاتی یەمەن نەك ڕاو کردن لە شاری جزیری.**

**شوێنی ناهۆگر بۆ (مەم) : سەحرا، مالی بەکر مەرگەوەڕی، زیندان، قەبر، خانووی مندالی کە حەوت سالان لەنێو خانیداباوکی نەیهێلا بێتە دەر، کە ڕەنگە سەردەمێك ئەم خانوە هۆگر بێت بەلام بێزار بوو ویستی زوو بێتە دەرێ.**

**ئەو شوێنانەی کە ناویان هاتووە بەلام هیچ ڕووداوێکیان لێوە ڕوو نەداوە وەکو فەزا بەکار هاتوون جولانەوەی کارەکتەرەکانی لێوە روو نەداوە واتە پێدا تێپەر نەبوون بۆ نموونە :**

**(هیند، بوخارا، تاجیکستان، دەریای نیل، دەریای عومان، میسر، شام، مالی خودا(کەعبە)، بەغدا)**

**لە داستانی (مەم و زین)ی ئۆسکارماندا (ڕەحمان بەکری)گێڕەرەوە هەندێك ناوی بەکار هێناوە خەیالین بەچاو ناکەون یان دەستی مرۆڤی پێ نەگەیشتووە دێ باسیان دەکات لە گێڕانەوەی داستانەکەدا بۆ نموونە :**

**(حەوت تەبەقەی ئاسمانێ، خانوی زێرو گەوهەری، ئاوهاتنە خوار لە حەوزی کەوسەر بۆ مالی خاتوو (زین))**

---

[221] ئۆسکار مان، سەرچاوەی پێشوو، ل١٨٦

[222] سەرچاوەی پێشوو، هـ.ل

کەچی لە ناو داستانەکەدا شوێنی واقیعی دەبینرێت کە ئێستاش ماون دوای چەندین ساڵ لە ڕوودانیان لەوانە ( یەمەن، جزیرە، چەمی جزیرە، قەبری مەم و زین ) ئەمانە تا ئێستاش هەر ماون.

شوێنی کراوەش لە نێو داستانی ( مەم و زین )دا هەن وەکو ( کۆلان، سەر ڕێگای کانی، ڕاو کردن لە دەشت و کێو، سەحرا ) شوێنی داخراویش ئەو ماڵانەن کە تایبەتن بە کەسێك یان بنەماڵەیەك هەموو کەس ناتوانێت بچێتە ناوی یان تێیدا بژی تەنیا خاوەنەکانیان نەبن، هەروەها لەوەش تایبەتی تر ئەوەیە شوێنی نوستنە کە خودی یەك کەس یان خێزانەکەی دەتوانن لێی بخەون ئەجینا کەس بۆی نییە بچێتە ناو جێگای یەکێکی تر.

**٢ – توخمی شوێن لە شانۆی ( مەمی ئالان )دا :**

لە شانۆدا شوێنی کەم بەکار هاتووە، بەڵام ڕاستین یان نزیکن لە ڕاستی ناوی شوێنەکانیش، کە بەکار هاتوون وەکو فەزا ڕاستین، ئەوەی ع. ر. هەکاری بەکاری هێناوە ئەم شوێنانە تا ئێستاش لەگەڵ دابێت هەن ئەو فەزایانەش هەر بوونیان هەیە لە واقیعدا. توخمی شوێن لە شانۆی ( مەمی ئالان )دا بۆ دەرخستنی توخمەکانی تری گێڕانەوە مامەڵەی لەگەڵ کراوە، نووسەر لە باس کردنی ناوی شوێنەکان باوەڕی پێیان هەیە، چونکە بە خۆی لەو دەڤەرە ژیاوە، کە ناوی هێناون.

ناوی ئەو شوێنانەی ( ع. ر. هەکاری )بەکاری هێناون و ڕووداوەکانی لێوەی ڕووداوە ماڵی خۆیەتی لە دەڤەری هەکاریە لە پەردەی یەکەمدا نووسەر ئاماژە بە بەو ژووری ( مەمی ئالان )دەکات بەر لەوەی کارەکتەرەکان بجولێن ئەم وەسف کردنەی نووسەر بۆ ژووری پاڵەوان دەکات زۆر بەوردی وێنەیەکی ژووری ( کوردانە، خانەدان، چەکدار )مان پێ پیشان دەدات :

(( اودەکی کرما نجی خملاندی، بە بر و مافوران رایی خستی. دیوار وە، چەکیت ممو پیوە هلاویستینە. چار طەرەفی دیوار دوشك و بالگینە )). [٢٢٣]

لە دوو شوێندا نووسەر باسی میری هەکاری کردووە پێدەچێت ئەو ئەمری بە خەڵکی ئەو دەڤەرە کردبێت کەوا خەزا دەستی پێکردووە و هەروەها داوای لە خەڵکی ( جۆلەمێرگ ) کردووە بە بەدەم بانگەوازەکەیەوە بچن.

(( میری هەکاریان امر کریە... )) [٢٢٤] ( لاوەند ) هاوڕێی ( مەمۆ )یە هاتۆتە لای ( مەمۆ ) چەند زانیاریەکی دەداتێ

[٢٢٣] ع. ر. هەکاری، سەرچاوەی پێشوو، ٢٠١١، ژ( ١٥ )، ل٢١

[٢٢٤] ع. ر. هەکاری ، سەرچاوەی پێشوو، ه،ژ،ل٢٢

**لەسەر شوێنی میری هەكاریان ((ایروكە مرۆڤك ژ باشگالان هاتیە كو میر حتی جولەمرگی چویە لازمە دڤیٚ هەفتی یێ ام بەرهو ببنە جولەمرگی)) [225]**

**نووسەر هەندێك ناوی شوێنی بەكار هێناوە، بەڵام پیشان نادات تەنیا ناوی هێناون وەكو فەزا لە هۆشی خوێنەر وێنا دەكرێت ئەگینا ناكرێت شوێنی جیاواز بخرێتە سەر شانۆ، چونكە شانۆ لە چوار چێوەیەكی سنوردار دەتوانیٚ نمایشی شانۆیی بكات ئەوەی دەمێنێتەوە فەزایە :**

**((قودسا شریف موحافظە دكت)) [226] ((نەیاران سەرهدان گرتنە)) [227] كارەكتەرەكان ناوی شوێنەكان دەهێنن و باسی جولەی خەڵكانێك دەكەن، كە شەڕ تێدا ڕوداوە و یان خۆیان ئامادە دەكەن بۆ چوونە شەڕ. ئەو شوێنانەی بەكار هاتوون هیچیان فەنتازی نین.**

**شوێنی هۆگر لە شانۆی (مەمی ئالان) ماڵی خۆیانە بەتایبەت ژووری (مەمۆ و غەزال) دواتر بۆ (غەزال) دەگۆڕێ بۆ شوێنی ناهۆگر، چونكە (مەمۆ ) لەو ژوورە بەدەستی دایكی گیانی لەدەستدا.**

**٣-بەراورد كردنی توخمی شوێن لە داستانی (مەم و زین) و شانۆی (مەمی ئالان)دا :**

**١- لە داستانی( مەم و زین)ی توحفەی موزەفەرییە پاڵەوان گرنگترین توخمە، شوێن توخمێكە بۆ پیشاندان و جولانەوەی پاڵەوان و دەرخستنی توخمەكانی تر مامەڵەی لەگەڵ كراوە لە داستاندا باسی دوو شوێن كراوە كە پاڵەوان جولانەوەی تێدا كردووە ئەویش (یەمەن و جزیرە)یە، لە شانۆی (مەمی ئالان)دا شوێن گرنگی زۆری هەیە توخمێكە بۆ پیشاندانی شوێنی جولانەوەو ژیان و پەروەردەكردنی پاڵەوان و دەكەوتنی توخمەكانی تر ناو هێنانی (هەكاری، سەرحەد) شوێنی حەوانەی پاڵەوان لەم ناوچەیەدا.**

**٢- ناوهێنانی شوێنەكان لە داستاندا بۆ زیاتر رازاندنەوەی شوێنی پاڵەوانەكان و بەمەبەستی دەرخستنی پلەو پایە و پێگەی پاڵەوان لە چاو دەورو بەری، باسی خانووی (مەم و زین) كراوە كە شاهانەن و پڕە لە فەنتازیا، لە شانۆدا بۆ هەمان مەبەست ناوی هەندێك شوێن دەهێنرێت بە وەسفكردنێكی جوان بۆ ئەوەی خانەدانی پاڵەوان**

---

[225] سەرچاوەی پێشوو، ه،ژ،ل٢٣

[226] سەرچاوەی پێشوو، ه،ژ،ل٢٢

[227] سەرچاوەی پێشوو، ه،ژ،ل٢٢

زیاتر دەربکەوێت و شوێنەکان لە واقیع نزیکن، مەبەستی نووسەر بۆ ئەوەیە مالێکی کوردانە پیشان بدات و دور بکەوێتەوە لە فانتازیا.

٣- وەسف کردنی شوێنەکان هەندێکیان لە رادەبەدەر دورن لە واقیع وەك وەسف کردنی رێگای دوری نێوان یەمەن و شاری جزیرە بە دوانزە مانگ و بیست و چوار رۆژ بێ ئەوەی شارەزایی شوێنەکان بن بۆی رۆیشتن، بەڵام لەشانۆدا تەنیا وەسفی ژووری پاڵەوان دەکات و وەسفی دوری نێوان هەکاری و قودس ناکات تەنیا ئەوە دەڵێت کە دوای سالێگ گەڕاوەتەوە ماڵەوە دوای کۆتایی هاتنی شەڕەکە، کە ئەمەش واقیعیەتیك بە شانۆکە دەبەخشێت، چونکە شەری خاچ پەرستان ئەو ماوەیەی خایاند تا کۆتایی هات.

٤- ناوهێنانی شوێن لە داستاندا هەندێکیان خزمەت بە ڕووداوەکە دەکەن وەکو ( دیوانی میر زێندین، ماڵی قەرەتاژدین، کانی، زیندان ) هەندێك شوێنیش گرنگ نین تەنیا بۆ پیشاندانی ڕووداوی لاوەکین وەکو ( یەمەن چل دەروازەی هەیە، مزگەوتی میر، تەکیە، خانەقا )، بەڵام لە شانۆدا هەموو ناوهێنانەکانی مەبەستدارن وەك ( هەکاری، سەرحەد، ماڵی مەم، قودس ) هەموو ناوهێنانی شوێن بۆ بەرەو پێش بردنی ڕووداوەکان و خزمەت بە ڕووداوی سەرەکی دەکەن.

٥- شوێنی هۆگر لە داستانی ( مەم و زین ) بۆ ( مەم ) جزیرەیە و ماڵی قەرەتاژدین و سەر کانییە بۆ ( زین )یش بە هەمان شێوە، بەڵام شوێنی ناهۆگر بۆ زین شوێنی ناشتنی ( مەم )ە و شاری جزیرەیە دوای مردنی ( مەم )، شوێنی هۆگر لە شانۆدا ماڵە بەتایبەت ژووری تایبەتی ( مەمۆ و غەزال ) دوای مردنی ( مەمۆ ) دەبێتە شوێنێکی نا هۆگر بۆ ( زین )

### تەوەری چوارەم: توخمی ڕووداو لە داستان و شانۆ دا:

#### أ- توخمی ڕووداو لە رووی تیۆریەوە :

ڕووداو توخمێکی گرنگی گێڕانەوەیە، بگرە دەقە چیرۆك ئامێزەکان ڕووداوێك دەگێڕمەوە ئینجا لە راستی وەرگیرابێت یان خەیاڵ کە بەسەر پاڵەوان یان کۆمەڵێك خەڵك دادێت. ڕووداو کۆمەڵێك بەسەرهاتی ڕێکخراون لە زەمەنێك روویانداوە گرنگترین بنەمای گێڕانەوە ئەوەیە، کە نابێت داستانێك یان چیرۆکێك یان بەسەرهاتێك بەبێ ڕووداو لەبەر ئەوەی شێوەیەکە لە ململانێ و هەستەکان بەیەکەوە دەبەستێتەوە ڕووداوەکانی لێوە بەرهەم دێت، گێرەرەوە دێت بە شێوەیەکی ئەدەبی جوان بۆمان دووبارە ڕووداوەکان دەگێڕێتەوە.

به بەکارهێنانی هونەرەکانی گێڕانەوە بۆ دروست کردنی دەقی ئەدەبی، دەکرێت بلێین گێڕانەوە دروست نابێت ئەگەر توخمی ڕووداوی تێدانەبێت. بەبێ ڕووداو کارەکتەرەکان بێ کار دەمینینەوە دەقە چیرۆك ئامێزەکان دەبن بە قسەی زۆر سادەی بێ کردار، کارەکتەر ڕۆڵ نابینن، بە واتایەکی تر ئیتر گێڕانەوە دروست نابێت. ڕەنگە ڕووداوێکی دیاری کراو هەبێت، بەڵام بە چەندین شێوە گێردراوەتەوە ئەمەش بۆ هونەری گێڕانەوەی ڕووداوەکان دەگەڕێتەوە، کە کۆمەڵێك ڕووداو بەسەر هات دەگێرێتەوە کرژی و بەرزی و نزمی ململانێیەکان باس دەکات کە لە نێوان کارەکتەرەکان دا هەیە تا کێشەکە دەگاتە لوتکە هەندێك جار بەمەرگی پاڵەوان کۆتایی دێت هەندێ جاریش بەسەر کەوتنی، کەواتە ڕووداوەکان لە ئەنجامی ئەو گۆڕانکارییانە دێتە کایەوە، کە بەسەر کارەکتەرەکان دادێت ئەمەش لە ئەنجامی کێشمەکێشمی پێشهاتەکانە کە بەسەر کارەکتەرەکان دادێت ڕووداوی لێ دێتە کایەوە کەواتە ڕووداو کاردانەوەی کێشەکانە کە ڕوبەرووی کارەکتەر دەبێتەوە.

ئەگەر ڕووداوەکان لە دەوری کەسێك بوو ئەوا هەر خۆی سەرکێشی ڕووداوەکانە و گۆڕانکاری لە کەسایەتیەکەی لێوە ڕوو دەدات، بەڵام ئەگەر ڕووداوەکان گشتی بوون ئەوا میللەت هەمووی بەشداری تێدا دەکات، ((بەهاو گرنگی ڕووداو بە گوێرەی قێزەوەنی یاخود سادەیی و ئاڵۆزی ڕووداوەکە نییە، بەڵکو بە گوێرەی چۆنییەتی مامەڵەکردن و بەکار هێنانی هونەریانەی ڕووداوەکەو بەستنەوەی بە توخمە پێکهێنەرەکانی دیکە لەلایەن نووسەرەوە بەهاکەی دەخاتە روو، ئەم پەیوەندییەی لێوەی دروست دەبێت تەواوکاریە))[٢٢٨] ڕووداوەکان دەگۆڕێن لە خۆشی بۆ ناخۆشی یان بە پێچەوانەوە گرنگ ئەوەیە دۆخەکە بگۆڕێ لە سروشتی ئاسایی خۆی نەمێنێتەوە بەرەو پێشەوە بڕوات.

ڕووداوەکانیش دوو جۆرن یەکەمیان: ڕووداوی سەرەکی، کە هەموو باس و خواسەکان و گێڕانەوەکان لە دەوری ئەم ڕووداوە دەخولێنەوە کە مەبەستی سەرەکی داستان و شانۆ ئەم ڕووداوەیە دەری بخەن و مامەلەی لەگەڵ بکەن جۆری دووەمیان ڕووداوی لاوەکیە : لەم جۆرەیاندا نوسەر دەست کراوەترە لە جۆنییەتی باس کردنی ئەم ڕووداوانە بۆ پیشاندانی لایەنی سایکۆلۆژی خەڵك و بارو گوزەرانیان و جۆری بیرکردنەوەو لایەنەکانی تری ژیانیان. دەشکرێ ببەسترێتەوە بە ڕووداوی سەرەکی ببێتە ڕوویەکی تر، ڕووداوە سەرەکیەکە بەرەو پێشەوە ببات. ئەم جۆرەیان خوێنەر زیاتر ئاشنا دەکات بەو سەردەم و وێنەیەکی بۆ دروست دەبێت، کەحەزەکانی ئەو سەردەم چۆن بوونە. ڕووداوەکان سەرەتاو ناوەراست و کۆتاییان هەیە. سەرەتا بە کێشەی سەرەتایی دەست پێ دەکات، دواتر وورده وورده ئاڵۆز دەبێت، هەندێك جاریش بەخەونێك یان بە زانینێك ئاڵۆز دەبێت هەنگاو بەرەو ئەنجامی ڕووداوەکە

---

[٢٢٨] ڕێزان رەحمان خدر، تەکنیکی گێڕانەوە لە رۆمانەکانی (عەبدوڵلا سەراج) دا، چاپخانەی رۆژهەلات، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠١٢، ل١٥

رادەکێشیٚ.   هەروەها پەیوەندی ڕووداو لەگەڵ شوێن و کاتیشدا پەیوەندیەکی توندیان هەیە ئەبو عەلی مەرزووقی دەڵێت ( ڕووداوێك ڕوویدات ئەبێت لە زەمەن و شوێنێك دابێت ) [٢٢٩].

١- توخمی ڕووداو لە داستاندا :

کۆمەڵێك کردار و ڕووداو ڕێکخراون بەهۆکار، کە چوار دەوریان بە بابەتە گشتیەکان دەوردراوە، شاعیر لە نووسینەوەی داستاندا گرنگی بە دوو شت دەدات ئەویش (بکەر و کردار)ەکەیە، چونکە پوختەی ڕووداو ئەم دوو شتەیە. (دیڤید ورد ) لەبارەی گرنگی ڕووداودا دەڵێت (( ڕووداو شتێکی سەر پێیی نییە، بەڵکو زیاترە لەوەی تەنیا شتێك بێت و ڕوویدات، چونکە بەشداری لە پرۆسەی گێڕانەوە دا دەکات هەر وەك چۆن بەشداری دەکات لە سەرەتاو کۆتایدا )) [٢٣٠] ئەو دەسەڵاتەی ڕووداو کە لە داستان دا هەیەتی ئەرکی زیاترە و مەبەستدار ترە لای شاعیر بۆ ئەوەی پەیامی ڕووداوە مەزنەکە بگەیێنێت.  ڕووداوەکانی ناو داستان کۆنن بە چەندین شێوە گێڕانەوەیان بۆ دەکریٚ و گێردراوەتەوە لەسەر زاری خەڵك،  بۆیە ڕووداو کەسایەتیەکانی ناو داستان ئاشنان بە گوێی خەڵکی شاعیر ناتوانیٚ زۆر دەستکاری روداوەکەو کەسایەتیەکان بکات ئەوەی شاعیر دەتوانیٚ بیکات لە ڕووداوە لاوەکیەکانە بەشێوەیەکی کەم لەوێوە دەتوانرێت شاعیر بلیمەتی و چێژ و مەبەستەکانی تیٚ بئاخنێت، بەڵام ئیدی کە نووسرایەوە فۆرمی تایبەتی خۆی وەردەگرێت لەم کێشانە رزگاری دەبێت کە چەندین شێوە گێڕانەوەی هەبێت ئیدی خەڵك رادێت لەو فۆرمە لەگەڵ ئەوەشدا شاعیرێك یان نووسەرێك تا یەکێکی تر جیاوازیان هەر دەبێت لە هەندیٚ شوێن و ڕووداو دا گۆڕانی بەسەر داهاتووە.

پێویستە شاعیر باوەر بە خوێنەر بهێنێت کە کامڵترین ڕووداو دەگێڕێتەوە، چونکە ڕووداوەکان لە ژیانی ریالیستیدا دەستەبەر نەبوو ئەوا بە ناکاملی و ناتەواوی دەردەکەوێت ناچار شاعیر گێڕانەوەی داستان تەژی دەکات لە خەیاڵ بۆ ئەوەی لای خوێنەر بە کاملی دەربکەوێت.  مێژوو ڕووداوەکانمان بۆ دەگێڕێتەوە وەك خۆی کە چۆن ڕوویداوە هەر وەها ڕووداوی بچوکیشمان بۆ دەگێڕێتەوە، بەڵام ڕووداوی داستان ڕووداوێکی مەزنە هەموو مەبەستی سەرەکی داستان گێڕانەوەی ئەو ڕووداوە مەزنەیە کۆتایش بەهەمان ئەو ڕووداوە دەهێنیٚ لە یەك کاتدا.  کاتەکانی تریش یارمەتی دەری ئەو کاتەن کە ڕووداوەکە ئاڵۆزی دەگاتە لووتکە و دەتەقێتەوە، بەڵام ڕەنگە مێژوو کۆمەڵێك ڕووداوی جیا و لە کاتی جیا بگێڕێتەوە ئەمەش یەکێتی لە ڕووداو کات و شوێن دروست ناکەن. کەواتە کات ڕۆلی هەیە

[٢٢٩] نجوى محمد جمعة، بناء الحدث في شعر نازك الملائكة ( المقاربة النصية )، مجلة كلية الادب البصرة، العدد( ٤٤ )، ٢٠٠٧. ، ل٩٤

[٢٣٠] ڕێزان رەحمان خدر، سەرچاوەی پێشوو، ل١٦-١٧

لە باس کردنی ڕووداوەکان و زنجیرەی ڕووداوەکان لە ئان و ساتی جیاوازدا (( ڕووداو بەبێ کات تەرمێکی مردووە. . . ڕووداوی بێ شوێنیش وەك ڕێبوارێکی بێ ئاکنجیە، نیشتیمان و پێناسی ونە )) [231].

لە داستاندا ڕووداوەکان سەرەتایەکی پڕ لە وەسف و بیرۆکەیەکی بابەتەکە شاعیر ئاماژەی پێ دەکات، کە ئامادەکاریەکە و خستنە رووی هەندێك دیمەنە ئامادەکراوە بۆ پاڵەوانی سەرەکی داستان کە لە ئان و ساتی لە پڕ یان کەمێك هێواش ڕووداو ڕوودەدەن خوێنەر تووشی سەر سورمان نەبن، کە ئەمەش شێوازێکە تا ئێستا لە گێڕانەوەی داستانەکاندا پەیڕەو دەکرێت، وەسفی ڕووداوەکە زۆر بوو ئەوە نیشانەی ئەوەیە ڕووداوەکان ئامادەکرێن یاخود پەیوەندیان هەیە بەم دیمەنە وەسف کراوانە، بەڵام ئەگەر وەسفی ڕووداوەکان کورت بوون زوو تێپەڕین ئەوا ڕووداوە باس کراوەکە لاوەکیە بۆیە کورت بڕی لە باس کردنەکە دەکرێت.

وەسفی دیمەن ⟵ ڕووداوەکان سەرەکین و گرنگن

کورت کردنەوە ⟵ ڕووداوەکان لاوەکین و گرنگ نین

دواتر ڕووداوەکان هەڵدەکشێن و گەشە دەکەن لە ئە نجامی بوونی ململانێ و پەرەسەندنەکان هەندێك جاریش لە گێڕانەوەی ڕووداوەکان بە زانینی زانیاریەك یان خەونێك سەرتاپای ژیانی پاڵەوان دەگۆڕێت، ڕووداوی کت و پڕ سەرنجی خوێنەر رادەکێشن لای کلاسیکیەکان ئەوە پەسند بوو، بەڵام لای ریالیستیەکان دەبێ ڕووداو پەرە بسێنێ هەنگاو بە هەنگاو لە لوتکە نزیك ببێتەوە دواتر بتەقێتەوە. نەوەك خوێنەر پرسیاری ئەوە بکات نەدەبا روویدابا!هێشتا کێشەکە وا گەورە نەبوو تا بەخت کردنی تێدا بێت!بەڵام هەرچی لە داستاندا بە خەیاڵ شاعیر وا باوەر بەخوێنەرانی دەکات، کە توانای پاڵەوان رادەبەدەرە توانای ئەوەی دەبێت لەگەڵ ململانێیەکان خۆی رابگرێت و لەگەڵی بروات ئەو ململانێیەش لە ئە نجامی لێك حاڵی نەبوون یان بەریەککەوتن لە نێوان هیزی شەر و هێزی خێر بەگشتی و هێزی نەیارەکان بەتایبەتی لە داستاندا شەری خۆێناوی و بەر یەك کەوتن روو دەدات ڕووداوەکان ئاشکرا دەبن ماسکی داپۆشراوەکان هەڵدەماڵدرێن هەموو وێنە داپۆشراوەکان بە دیارخەری دەبینرێت ئەوەی تا ئەو کات داپۆشرابوو ئیدی والا دەکرێت ئە نجامی ڕووداوەکە جیاواز دەردەکەون، هەندێ داستان بە مەرگی پاڵەوانی سەرەکی کۆتایی پێدێت یان سەرکەوتنی پاڵەوانە بەسەر تەرازوی شەردا دوای ئەو هەموو کێشەو ململانێیەکانی ناو داستان ئیدی بەرەی خێر سەردەکەوێت.

---

[231] عیماد وەیسی خالد، بەراوردکردنی داستانی (شێخی سەنعان)ی عەتتار نیشاپووری و فەقێ تەیران، نامەی دکتۆرا، زانکۆی سەلاحەددین، کۆلێژی زمان، ٢٠٠٨، ل١٢٦

ڕێکخستنی روداو لەڕووی گێڕانەوەدا دەکرێ بەسەر دوو شێوەی بنچینەیی دابەش بکرێت :

١- ((ڕێکخستنی یەکەم : دەوەستێتە سەر ئاستی بەسەرهاتەکان، وەك ئەوەی دەگێردرێتەوە واقعێکی زەمەنی مێژوویی بێت و ڕووداوەکان بەدوای یەك دابێن ئەوسا حیکایە تخوان دێت ئەم ڕووداوانە بە گوێرەی ڕێکخستنێکی دیکە دەگێڕێتەوە.

٢-ڕێکخستنی دووەم: ڕێکخستنێکی هونەریە کە داهێنراوی حیکایە تخوانە لێرەدا حیکایە تخوان لە بنیاتی بەرهەمەکەی خۆیدا جێ گۆڕکێ بە ڕووداوە واقیعیە مێژووییەکان دەکات ))[232] حیکایەتە خورافیەکان لەسەر بنیاتی زنجیرەیی ڕووداوەکان دەڕوات واتا یەك بەدوای یەك ڕووداوەکان دێن و گەشە دەکەن ڕووداوەکان وەکو هێلێك بەستراوەن ئەگەر پچران روویدا ئەوا ڕووداوەکان دەبنە پارچەیەك لە وەسف هیچ پەیوەندیان بەیەکەوە نامینێت تەنیا پەیوەندییە شوێنییەکە دەمێنێتەوە. جۆرێکی تری گێڕانەوەی ڕووداو هەیە چونە ناویەکە، کە گوێ بە زنجیرەی کات نادات لەم جۆرەیاندا زنجیرەی ڕووداوەکان گرنگیان پێ نادرێت، بەڵکو بە پێی هەڵومەرجی تایبەت ڕوودەدەن بێ ئەوەی کاریگەری دروست بکات لەسەر رەسەنی یان جەوهەری ڕووداوەکە، بەڵکو جۆرێکی تری گێڕانەوەی ڕووداوەکانە خوێنەر بەر لەکۆتایی هاتنی یان تەواو بوونی لەناو زەینی خۆیدا سەرەداوەکانی هۆی سەرهەڵدانی دەدۆزێتەوە کە بوونە هۆی ئەم ئە نجامە.

بنیاتێکی ترمان هەیە لە گێڕانەوەی ڕووداوەکان ئەویش لە خالێك گێڕانەوە دەست پێ دەکات لە کۆتایدا دەگەرێتەوە هەمان شوێن کە دەستی پێکردووە دیسان ئەمەش ئەوە ناگەینێ کە بەڕووداوێك دەستی پێکردووە بەهەمان ڕووداو کۆتایی بێت، بەڵکو بەساتێکی دەروونی دەستی پێکردووە بەهەمان هەست و سات کۆتایی پێ دێت، وەکو پەنا بردنی شاعیر بۆ هەمان ئەو دێرە شیعریانەی کە لە سەرەتا دەیگوتەوە لە کۆتایشدا هەمان ئەو دێرە شیعریانەی دووبارە دەکردەوە، بەو مانایەی هەمان ناوەرۆکی ئەو فیکرەی کە لەسەرەتا دەستی پێکردووە بەمەش لە ئەدەب و هونەر دا جۆرێکە لە جوانکاری شیعری یان دیمەنی ((ولیەم فۆکنەر و هەروەها چوارینەکانی لورنس داریل هەمان ئەو شێوەیە دوبارە کردنەوەیان هەبوو))[233] ڕووداو ڕۆڵێکی گرنگ دەبینێ لە دروست کردنی پەیوەندی لەگەڵ توخمەکانی تردا لە داستاندا ((بنیاتنانی ڕووداو فاکتەری بەیەك بەستنی لەگەڵ توخمەکانی بەشەکانی تری ناوداستانە ))[234] مەنتقی حیکایەتەکە یان چیرۆکەکە لە ماوەی ڕوودانی ڕووداوەکان و بەسەرهاتەکان فۆڕم

---

[232] ڕێزان رەحمان خدر، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٥

[233] نجوی محمد جمعة، سەرچاوەی پێشوو ، ل١١١

[234] دکتر (سید مهدی خیراندیش، نجمه دری)، ساختار داستان پردازی در سمك عیار، پژوهش نامەی ادبیات و زبان شناسی،سال اول ،٢٠١١، ل١١٢

**وەردەگرێت، پەیوەندی هەیە بە کوالیتی و چۆنییەتی پاڵەوان، ئەو کەسانەش کە لە داستاندا ڕۆڵ دەگێرن، ئەگەر ڕووداوەکە مەنتقی و سروشتی بوو، ئەوا پاڵەوان و کەسایەتیەکان دەبی توانای سروشتیان هەبێت، بەڵام ئەگەر ڕووداوەکانی ناو داستان خەیاڵی و سەرووی سروشتەوە بوو بێگومان پاڵەوان و کەسایەتیەکان کرداری رادەبەدەر ئە نجام دەدەن. هەندێك جار خوداوەند ڕووداوەکە خێرا دەکەن و هەندێ جاریش دروست دەکەن لەبەر ئەوەی قەدەرە، قەدەریش ئەوە دەکات ڕەنگە لەسەر شێوەی پیاوێکی نوورانی یان پەریەك بەخەیاڵ خۆشەویستەکەی یان داهاتووەکەی بهێنێتە بەر چاوی پاڵەوان ئاراستەی ڕووەو ڕووداوەکە بکەن واتا خواوەند رێرەو بگۆڕێ ( لە هەندێك لە چیرۆکەکان دا پاڵەوانەکان خەون دەبینن کە بەپێی گوزارشتی ئەو خەونانە بە چارەنووسی خۆیان دەگەن )[٢٣٥]، هەمان شتیش لە داستانی مەم و زینی فۆلکلۆری دەبینرێ کە پاڵەوان ( مەم )ە بە هۆی خەونەکەی بە دوای ناونیشانی ( زین ) دەروات.**

**ڕووداوەکان دەروونی کەسایەتیەکان ئاشکرا دەکەن هەڵوێستیان چی دەبێت لەو ڕووداوانە هەنگاویان بە چ ئاراستەیەك دەبێت، هەروەها ڕووداو سیمای کەسایەتیەکان دیاری دەکات، کە هەر کەسایەتیەك بەجۆرێك ڕووداو کاری لێ دەکات بە پێی دووری و نزیکی لە ڕووداوەکە جۆری بەشداری کردنی لە توند بوون و هێوربوونەوەی (( ڕووداو ڕەهەندی دەروونی و هزری ( کەسایەتی ) ئاشکرا دەکات و ماوەی گەشەکردن و پێگەیشتنی بە دیار دەخات ))[٢٣٦]**

**٢- توخمی ڕووداو لە شانۆدا:**

**لەشانۆدا ڕووداو توخمی سەرەکی دەقە ئەرستۆ دەڵێت (( ڕووداو گرنگترین بەشە پێکهێنەری درامایە، چونکە دراما لاسایی کەسەکان ناکاتەوە، بەڵکو لاسایی ڕووداو و ژیانە ))[٢٣٧] ئەرستۆ پێی وایە _ ڕووداو ڕۆحی شانۆیە بە بنەمای سەرەکی دادەنێت لە شانۆدا ڕووداو دەکەوێتە پێش کارەکتەر ڕەنگە ناوی کارەکتەرەکان ئەوەندە گرنگی نەبێت بەقەد ئەوەی گەیاندنی ڕووداوەکەیە. (( ڕووداو ئەو هەناسەیەیە، کە گیان دەکات بەبەر هەموو توخمەکان بە گشتی و دەقی شانۆیی بەتایبەتی لە مردن رزگاری دەکات. دەقی شانۆیی بە شێوەیەکی گشتی لەسەر چۆنییەتی زیندوێتی**

---

[٢٣٥] **دکتر ( سید مهدی خیراندیش، نجمه دری )، سەرچاوەی پێشوو، ه.ل**

[٢٣٦] **جەوهەر مەحەمەد مەولود شێخانی، سەرچاوەی پێشوو، ل٩١**

[٢٣٧] **ڕێزان ڕەحمان خدر، سەرچاوەی پێشوو، ٢٠١٢، ل٢٦**

**ڕووداوەکان بنیات دەنرێت ))[238] کەوابێ لە شانۆدا ڕووداو گرنگترین توخمە کە بتوانرێ دەقی لەسەر بنیات بنرێت، ئامینە یوسف لەبارەی گرنگی ڕووداو دەڵێت (( ڕووداو بڕبڕەی پشتی توخمە هونەریەکانی دیکەی وەك کارەکتەر و کات و شوێنە )) [239] بەو مانایەی کە پەیوەندی زۆر پتەوی لەگەڵ ئەم سێ توخمە هەیە. ئەو ڕووداوانەی کە بەسەر کارەکتەر دادێن هەندێك جار سەرتاپای ژیانی دەگۆڕێت ڕەنگە لەو شوێنەش بڕوات بۆ شوێنێکی تر. (( دەبێت ڕووداوەکان لە شانۆ دا لە پەردەیەك بۆ پەردەیەك و لە بەشێك بۆ بەشێکی تر بەرەو پێشەوە بچین. . . ڕووداو پەرە ناسێنێ و پێش ناکەوێت لە بێ دەنگی و ساردی، بەڵکو لە توندی و کشاندنەکان و لە ژێر سێبەری ململانێ پێش دەکەوێت )) [240].**

**دەقە شانۆییەکان دەقی ئەدەبین ماددەی خامن هێشتا نەبراونەتە سەر تەختەی شانۆ ئەگەر ڕووداوەکان گەورەبن زۆربەی جار دەبن بە پەردە پەردە یان بە زنجیرە بۆ ئەوەی دیمەنەکان هەنگاو هەنگاو پیشان بدرێت، خوێنەر خۆی لێکدانەوە بۆ کاتی نێوان دوو پەردەکە دەکات هەندێك جاریش نووسەری دەقی شانۆیی خۆی ئاماژەی پێدەدات (( هەموو ڕووداوەکان و دیمەن و بەشەکان دەبنە قۆناغەکانی گەشەکردنی هێلی کارە بەردەوامیەکان )) [241] بۆیە پێویستە لە شانۆ هەر پەردەیەك بۆ پەردەیەکی تر پەرە پێبدرێت و جولەی پێبکرێت، گەشە بە ململانێیەکانی نێوان کارەکتەرەکان بدرێت، هەر کارو ڕەفتارێك کە پاڵەوان ئەنجامی دەدات بیانوویەکی باوەر پێکراوی لەبەر دەست بێت، بۆ نموونە ناکرێت پاڵەوان ئەهلی کەیف و سەفا بێت، بەڵام لە پەرچە کرداردا بەرگری لە نیشتیمان بکات. بۆیە بیانووی پەرچە کردار باوەرپێکراو بێت و گەشەی بکات و ئالۆز بێت (( ململانێی شانۆیی لەوە دروست دەبێت بە نەزانینی لایەنێك بەراستی لایەنی دژ ( بەرامبەر ) سەرەرای بەشداری هەردوکیان لە زانین لەو راستیە یە ))[242] ،کەواتە نەزانینی راستی لایەنە ناکۆکەکان دژ بەیەك دەکات ڕووداو پەرە دەکات ڕووداو پەرە دەسێنێ جیاوازی ڕاو بۆچوون دروست دەبێت، ئەنجامەکەشی عادەتەن بە زانین کۆتایی دێت.**

**(( ئەو ڕووداوە مێژوویانەی کە لە شانۆنامە دا هەن ئاماژەی پێدراوە و هۆکاری سیاسی لە پشتەوەیە وەك ڕووداوێکی سەرەکی مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێ ))[243] لە شانۆدا نواندنی ڕاستییە یان لاسایکردنەوەی ئەو ڕاستیانەیە کە**

---

[238] کەیفی ئەحمەد عەبدولقادر، سەرچاوەی پێشوو، ل١٤٧

[239] جەوهەر مەحەمەد مەولود شێخانی، سەرچاوەی پێشوو، ل٩٠

[240] د. رشاد رشدی، سەرچاوەی پێشوو، ل٥٠

[241] د. ئیبراهیم ئەحمەد سمۆ، سەرچاوەی پێشوو، ل٨٦

[242] د. رشاد رشدی، سەرچاوەی پێشوو، ل٣١

[243] جەوهەر مەحەمەد مەولود شێخانی، سەرچاوەی پێشوو، ل٨٥

له رابردوو رویانداوه له شته باو و نەشیاوەکان، که له ژیانی رۆژانەماندا هەن. سەرەتا رەخنەگران نووسەران گرنگیان به رۆلی کارەکتەر دەدا دەیانگوت کارەکتەر داینەمۆی ڕووداوەکانن. کارەکتەر ڕووداو دروست دەکەن له ئەنجامی ململانێ له نێوانیاندا، کەچی له سەدەی بیستەمدا نوسەران پشتیان بەزەین و هۆش دەبەست، که کاتی راستی جیاوازی هەیە لەگەڵ کاتی زەینی له پرۆسەی گێڕانەوەدا ڕووداوەکان له نێو هۆشی خوێنەر جیاوازە له پرۆسەی خوێندنەوەدا جارێکی تر دایدەرێژنەوە. بۆیە ڕووداو له شانۆ نوێکاندا شەپۆلی هۆش چۆتە ناو ناخی دەقەکان (مۆنۆلۆگ، دیالۆگ) دەرچەیەك دەکاتەوە بۆ لێکدانەوەی فەلسەفی که دێڕەکان تەژی بن له خوازەو لێکدانەوەی وورد، که نووسەر له نووسینەوەی دەقەکانی شانۆکەیدا پەنای بردۆتە بەر بوونی ناخی کارەکتەر له ڕوانگەی نەست دا لێردا دونیا بینین دەست نیشان دەکات، که ئەمەش جیاوازە له شێوە لاسایکردنەوەی شانۆی کۆندا.

ئەم تێڕوانینە بۆ شانۆ وەك خۆیان نەمانەوە، بەڵكو له خودیەوە پەرینەوە بۆ بابەتی و ریالیستی که لەگەڵ لۆژیك یەك بگرنەوە شتی ناماقول و توانا رادەبەدەرکان پێشکەش نەکرێت ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ دەبێ ڕووداو کەسایەتیەکان باوەر پێکراو بن لەلاسایی کردنەوەیاندا بۆ داهێنان بچن. هەر ڕووداوە سیمای کارەکتەرەکان پیشان دەدات، بۆیە له شانۆدا ناتوانین خوێندنەوە بۆ پاڵەوان بکەین تاوەکو ڕووداوەکان دەست نەکەن به جووله کردن دەشتوانین بلێین ئەگەر کارەکتەر جووله نەکات ڕووداوەکان روو نادەن. له شانۆدا ڕووداوێکی سەرەکی هەیە تەواوی دەقە شانۆکە بەدەوری دەسورێتەوە هەموو پەردەکانی ناو دەقی شانۆیی له خزمەتی بەرەو پێش بردنی ڕووداوی سەرەکین ڕووداوی لاوەکی نابینرێت، چونکە ماوەکەی کورتە خوێنەران و بینەران ناپرژێنە سەر لێکدانەوەی هەموو ڕووداوەکان تەنها گرنگی به ڕووداوە سەرەکیەکە دەدەن

**٣- بەراوردکرنی توخمی ڕووداو لە داستان و شانۆ دا:**

١- لە داستان و شانۆدا ڕووداو توخمێکی گرنگی گێڕانەوەی بەسەر هاتەکانە

٢- لە داستان دا یەکێتی ڕووداو هەیە شاعیر گرنگی بە پیشاندانی ڕووداوی سەرەکی دەدات لە دەوری پاڵەوانە مێژوویەکە دەسورێتەوە ئازایەتی و توانای ئەو پیشان دەدات کە لە پێناو مەبەستی گەورە کارەکەی کردووە، شاعیر ناتوانێت دەستکاری ڕووداوی سەرەکی بکات، چونکە خەڵك ئاشنان بە ڕووداوە داستانە فۆلکلۆریەکانیان هەر چەندە مەسەلەی فۆلکلۆر بە هۆی جیاوازی لە جۆری گێڕانەوەکەیدا جیاواز ڕووداوەکە پیشان دراوە، بەڵام مەبەستە سەرەکیەکە کە ئەم ڕووداوە مێژوویەی لەسەر دروست بووە نەگۆڕاوە. لەشانۆدا گۆڕان لە مەبەست و جۆری ڕووداوەکان ئاساییە، چونکە خودی شانۆ خوێندنەوەی دیوێکی ترە لەلای نووسەر، بەڵام ئەنجامەکان نزیك لەداستان بەمەرگی پاڵەوان یان مانەوە کۆتایی دێت، ئەگەر بابەتی داستان و شانۆکە هەمان شت بوو.

٣- لە داستاندا خەیاڵ بە شێوەیەکی بەرچاو دەبینرێت، چونکە پاڵەوان توانای رادەبەدەرە بەبەراورد لەگەڵ کەسی ئاسایی ناچار شاعیر ئەم کارە ئەنجام بدات بۆ ئەوەی باوەر بە خوێنەر بهێنێت تا وەکو بە تەواوی داستانەکە پیشان بدات، شانۆ کەمترین خەیاڵی تێدا دەبینرێت، چونکە شانۆ دەبێت نزیك بێت لە راستی بۆیە پاساو هێنانەوەی نووسەری دەقی شانۆیی بۆ کارەکتەر دەبێت راستی بێت.

٤- داستان و شانۆ ڕووداوی مێژوویین، بەڵام لە داستاندا مێژووەکەی بە دیار ناخات بە پاساوی زۆر کۆنی، بەڵام لە شانۆدا مێژووەکەی دەگەرێنێتەوە بۆ سەردەمێك و مێژوویەك کە بە ئاسانی لە مێژووی ڕوودانی ڕووداوەکە بگەی.

٥- لە داستاندا زۆربەی لایەنەکانی ڕووداوەکە پیشان دەدات تا خوێنەر لەسەردەم ژیانی خەڵك بگات خستنە سەر هەڵناگرێت، بەڵام شانۆ ئەو لایەنە پیشان دەدات کە مەبەستیەتی بیگەیێنێتە خوێنەر مەبەستی خۆی دەخاتە سەر.

**ب – توخمی ڕووداو لە رووی پراکتیکەوە:**

**١- توخمی ڕووداو لە( مەم و زین ) دا:**

ڕووداوەکانی (مەم و زین ) یان (مەمی ئالان )ی فۆلکلۆری وەکو زۆرینەی داستانەکانی تری جیهانی خەڵك پێیان ئاشنایە. دەقی ڕووداوەکەی (مەم و زین )ی (توحفەی موزەفەرییە ) دەقێکی کۆ کراوەیە بەم مانایەی نە

کۆکەرەوەکە کە (ئۆسکارمان)ە، نە گێڕەرەوەش کە (ڕەحمان بەکر) ە دەستیان هەبووە لە دروست کردنی ڕووداوەکان. سەرەتا بە ڕووداوی ئەفسانەیی ڕادەبەردەر دەست پێ دەکات، کە سێ خوشکی پەرین دەستیان هەیە یان دروستکەری ڕووداوەکەن کە (زین) دەبەن بۆ لای (مەم) هەڵیدەگرن بۆ ئەوەی یەکتر ببینن و بەیەك بگەن. سەرەتا سێ خوشکە پەریەکە (زین)یان هەڵگرت لە شاری جزیرێ بۆ وڵاتی یەمەن، کە ماڵ و حاڵی بنەماڵەی (مەم) لەوێ بوون:

((خوشکی چکۆڵە گوتی بە خوشکانە:

ئەمنو ببم بە قوربانە

ئەمە با یایەزینێ هەڵگرین بیبەینە یەمەنی گەورەو گرانە

بزانین کاکە مەم زەریفە یان یایەزین زێدە جوانە

خوشکی چکۆڵە ڕێی خەوێی لە یایەزینێ گرت

خوشکە نێوەنجی هەڵی ئەستان، بەرگی سەفایەی دەبەر کرد

ڕوومەتی ویی نەخشین کرد

بسکی ویی جوان کرد

وەسبەی برۆی ویی کێشا، زۆر تەمیز و مەحبووب کرد

توندیان دە لێفە و سەرینانەوە پێچا، ڕووحی ڕەوانیان گرت

هەڵیان گرت لە پەنجەرانیان هێنادەرێ، لەسەر باڵی خۆیان دانا))[٢٤٤]

بۆیە پەریەکان (زین)یان هەڵگرت بردیان بۆ کاکە (مەم)ی، چونکە پەریەکان دەڵێن عادەت نییە پیاو بچێتە لای ژنان، دەبێ هەر ژن بێتە لای پیاوان. پاشان پێیان وایە پەریەکان ئەگەر (مەم)یان برد بۆ شاری جزیرێ خودا ڕای لەسەر نەبوو بگەڕێتەوە یەمەنێ ئەوکات چی بە (مەم) دەڵێن یاخود چی دەکات لەوێ. لەم گفت و گۆی پەریانە ئەوە دەگەینێ کەوا ڕووداوەکە خودا ڕای لەسەر ئەم بۆچوونانەی پەریەکان بووە هەر بۆیەشە بەسەرەتایەکی ئەفسانەی دەستی بە داستانەکە کردووە گێڕەرەوە خۆی لێ لانەاوە:

---

[٢٤٤] ئۆسکار مان، سەرچاوەی پێشوو، ، ل١٤٧-١٤٨

(( خوشکی نێوە نجی گوتی بە خوشکانە

خوشکێ! بە قانوون و قاعیدانە

کەس نەیدیوە مێرد بچێ لە دووی ژنانە

هەر ژن هاتوونەوە لە بۆ مێردانە

ئەمە ئەوە کاکەمەمان هەڵگرت و بردمانە جزیر و بۆتانە،

تەقا خولاٚ ڕازیی لێ نەبوو، ئەمە کاکە مەممان نەگەیاندەوە ئێرەکانە

کاکە مەم دەبێتەوە بێ حورمەت و قەدر نەزانە

دەڵێن :ئەوە شوانە یا گاوانە )) [٢٤٥]

پاشان پەریەکان بۆ ئەوەی شەو گەردیەکەی بە ئامانج بگەینن کاتێك (زین) یان بردە سەر جێگای (مەم) لە تەنیشتیان دانا گوتیان دەبێ سەرەتا (زین) بە خەبەر بێنن، چونکە ئافرەتە و غەریبە نەوەك خەجالەت بێت، کە هەڵیان ستاند بینینی پیاوێك لە تەنیشتی پاڵ کەوتووە جلی خۆی داکەندووە و ئاگای لە هیچ نییە خەوی لێ کەوتووە (زین) کە ئەمە دەبینێ بانگی دەکات:

(( لاوە، وەرە لاوە!

ئەبلەی، شێتی، ئاقڵ ناتەواوە؟

ئەگەر دەهاتیە سەر جێی من بۆچی لەمنت نەگێڕاوە؟ )) [٢٤٦]

دواتر (مەم) هەڵدەستێ پێی سەیرە کە ئافرەتێك هاتیتە لایی پێی دەڵێ ئێرە ماڵی منە من نەهاتوومە سەر جێگای تۆ چ ئاگاشم لە تۆ نەبووە. کاتێك (زین) ئەمە دەبیستێ:

(( ئەگەر یایەزین ئەو قسەی لە میرمەمی دەبیست تەواوە

لە پێشەوە مستێکی لە دەمی کاکە مەمی داوە ))[٢٤٧]

---

[٢٤٥] ئۆسکار مان، سەرچاوەی پێشوو، ل١٤٦

[٢٤٦] سەرچاوەی پێشوو، ل١٤٩

دوای گۆڕینەوەی ناو نیشانی و پێگەی هەریەکەیان بۆ یەکتر و یەکتر ناسین و لە دەست کردنی گوستیلەی (زین) لە پە نجەی (مەم) و (مەم)یش دەسترو ئەنگوستیلەی خۆی پێدا، پاشان پەریەکان (زین) یان بردەوە شاری جزیریٚ بۆ ئەوەی زیاتر تووشی گوناح نەبن لەلای یەکتر خەویان لیکەوت بەم شێوەیە شەو گەردیەکەیان کۆتایی پیٚ هێنا دوای یەکتر ناسین گۆڕینەوەی ناویشانەکان هات :

((یایەزینیان توند توند لە بە دەستان دەپێچاوە

لە سەر باڵی خۆیان دادەناوە

هەتا هەڵیان گرت، بردیان لە حەوت تەبەقەی ئاسمانیٚ ڕاوەستاوە، وچانیان نەدا هەتا بردیان لە شاری جزیریٚ لە جێومەکانی خۆیان داناوە)) [٢٤٨]

پاشان ،کە لە خەو هەڵسا بانگی بەنگینی هاوریٚ و نۆکەری خۆی کرد، کە خەبەرێکی بداتە باوکی (برایم پاشا) بلیٚ کوڕت زۆر نەخۆشە دەردی گرانە پێویستە ژن بێنێت، بەڵام ناوی (زین)ە هەر دەبێت ئەو بێت مالی لە جزیرەی بۆتانە باوکی دوای هەموو فڕو فێلەك نەیتوانی (مەم) بوەستێنیٚ لە گەشت کردن بۆ جزیریٚ بۆیە تەدارەکی گرت و قافلەیەکی زۆری بۆ پێك هێنا بۆ ئەوەی یاوەری بکەن :

((تەدارەکی کاکە مەمی گیرا فوقەرە بە فوقەرە

لە شارەکەی یەمەنیٚ وەدەرکەوت دوازدە هەزار سواری بە دەفتەرە)) [٢٤٩]

دایکی (مەم) کە زۆر هۆگری کورەکەیەتی کە هەواڵەکەی پیٚ دەگات کە (مەم) بورجی بەلەکی چۆل کردووە بەرەو جزیریٚ بەریٚ دەکەویٚ بە شین و گریانەوە ڕا دەکاتە سەر ڕیگای مەم بۆ ئەوەی نەچێت و یەمەن بەجیٚ نەهێلیٚ:

((دایکی میر مەم ئەگەر وا دەزانیٚ

خۆی هەڵدەدێریٚ لە تالاریٚ هەتا دەگەیە باڵەخانیٚ

بەسەری ڕووتی بە پێخاوسی دەهاتە کۆلانیٚ

---

[٢٤٧] ئۆسکار مان، سەرچاوەی پێشوو، ل١٤٩

[٢٤٨] سەرچاوەی پێشوو، ل١٥٥

[٢٤٩] سەرچاوەی پێشوو، ل١٦٢

**به کووچەیدا دێ دەس دەکا بە گریانێ)) [250]**

**پاشان (مەم) و (بەنگین) تووشی پیاوێکی ریش سپی (وەیسەلقەرەنی)هاتن کە رێگایان پیشان بدە ئەویش رێگای شاری جزیرێی پێ نیشان دان:**

**(( وەیسلقەرەنی ماهیدەشتێ دەریکردن قوتارە**

**بۆ شاری جزیرێ دە چوونە خوارە)) [251]**

**پاشان گەیشتنە شاری جزیرێ خەڵك بۆ پێشوازیان وەستاوە لەبەر ئەوەی (زین) و خوشکەکەی کە ناوی (ستی)ە خێزانی (قەرەتاژدین)یە ئەم شتەیان رێك خستبوو:**

**((کێ بوو لە کاکەمەم و بەنگینی موحتەبەرە**

**خەڵقی جزیرێیان لێ ڕاوەستابوو ئەوبەر ئەوبەرە**

**کێ بوو لە کاکە مەم و بەنگینی گوڵباوە**

**بەهەرتك دەستانیان لە عالەمێ دەکرد سەلاوە)) [252]**

**ڕووداوێکی تری داستانەکەی مەم و زین، کە (مەم) چووە سەر رێگای (زین) بۆ ئەوەی قسەی لەگەڵ بکات و بیبینێت یەکەم یەکتر ناسین و چاو بەیەك کەوتنی (مەم و زین)ە لەسەر رێگای کانی، کە (مەم) داوای لێکرد بەدەست و بازنە جوانەکانی جامێك ئاوی بداتێ :**

**((جامی لە سەرینجاوەی کانییە، هەڵدێنجا، بەدەس کاکەمەمی داوە**

**کاکەمەم ئاوەکەی خواردەوە، بازن و ئەنگوستیلە و کرمەك و هەمووی دەباغەڵی خۆی ناوە)) [253]**

---

[250] ئۆسکار مان، سەرچاوەی پێشوو، ١٦٤-١٦٥

[251] سەرچاوەی پێشوو، ل١٧٧

[252] سەرچاوەی پێشوو، ل ١٨٣

[253] سەرچاوەی پێشوو، ل١٩٨-١٩٩

ڕووداوی سووتانی ماڵی قەرە تاژدین ڕاستە ڕووداوێکی ناسەرەکیە، بەڵام پەیوەندی زۆر بەهێزی لەگەڵ (مەم و زین) هەیە، چونکە قەرەتاژدین دەیەوێ (مەم) ئاشکرا نەبێت، کە لەدیوەخانی میرزێندینە لەلای میر ناچار نۆکەری بانگ کرد کە مالی خۆی بسووتێنن بۆ دەرباز بوونی (مەم و زین) لەو بارەی تێی کەوتوون:

قەرەتاژدین نۆکەری بانگ کرد و گووتی:

((بڕۆ، حەوت دەرکم هەیە، پووشی تێنیێ، ئاوەری بدە، بلاَ ماڵە من بسووتیێ.

ئاورێك هەڵسا لەسەری دنیێ

یەکی دی هەڵسا لەو سەری دنیێ

های لە ماڵە قەرەتاژدینی هەموو سووتا بە سووتنیێ))[254]

لە ڕووداوێکی دیکە دا (بەکرە مەرگەوەڕ) چاودێری (مەم) دەکات دوای سوتانەکە بۆ ئەوەی بەڵگەیەك بدۆزێتە بۆ میر ببات و تووشی گرفتێکی بکات بینی (مەم و زین) قسە دەکەن لەسەر سووتانەکەی ماڵی قەرەتاژدین دەسرۆگی (زین) دەبات و ڕا دەکات و دەیباتە بۆ لای میر بۆ ئەوەی سزای هەردوکیان بدات:

(( بەکر هەڕا دەکا، ڕانامێنیێ

دەستڕەی یایەزینیێ پڕ دەداتیێ دەیڕفێنیێ))[255]

ئەم ڕووداوە وا دەکات ڕووداوەکان بەرەو کۆتایی مل بنێن و پاشا دەزانێت بەڵگەی لەبەر دەستە کەوا (مەم) پەیوەندی لەگەڵ خوشکی هەیە بڕیار دەدات (قەرەتاژدین، چەکۆ، عرفۆ، بەنگین) بچنە کۆ کردنەوەی پارەو پوول لە خەڵکی ژێر دەسەلاتی میرزێندین (میر، بەکر، مەم ) بمێنەوە ئەمەش پلانێك بوو بۆئەوەی (مەم) بخەنە زیندان:

((لە پاشان میرزێندین و بەکر کاکەمەمیان خستە زیندانیێ

بەکرو میر پێکەوە چوونە دیوانیێ))[256]

---

[254] ئۆسکار مان، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٠٩

[255] سەرچاوەی پێشوو، ل٢١٠-٢١١

[256] سەرچاوەی پێشوو، ل٢١٣

لەم ڕووداوە دا چل ڕۆژ ( مەم ) کەوتە زیندان بێ ئەوەی کەس پێی بزانێ ئەوەی بووە هۆی ئەوەی کەوا ئاشکرا ببێت، کە( مەم ) لە زیندان دایە ( توتکە تاژییەکەی ( مەم )بوو بەجێ مابوو. خاتوو ( زین ) سەیری کرد کەوا لاواز بووە لەوەتەی ( مەم ) لە جزیرێ نییە، بۆیە چاودێری کرد بە دوای چوو تا گەیشتە زیندانێ نانی بۆ ( مەم )ی دەبرد:

(( نانیان ئاوێتە بەرێ، قەپی پێدا کرد، هەڵی گرت و بردی. یایەزین بۆ خۆی وەدووی کەوت. گووتی: بۆ کوێی دەبا ئەو نانەی ؟کوتیان :قوربان هەموو ڕۆژێ نانی دەدەینێ، دەیبا و دەڕوا. تووتك گەییە سەر زیندانێ بۆی بەرداوە. ئەگەر یایەزین چوو تەماشای کرد، پێی زانی، ئەوە زیندانە کاکەمەم دەوێدایە )) [٢٥٧]

دوای ئەوەی ( زین ) زانی ( مەم ) لە زیندان کراوە و هاوکاتە لەگەڵ هاتنەوەی ( چەکۆ و عرفۆ و بەنگین ) لە ڕاوکردن، کە ئەمە فێڵێکی تری ( بەکر مەرگەوەری ) بوو بۆ ئەوەی کەسە نزیکەکانی ( مەم ) لەوێ نەبن کە زیندانی دەکرێت هاتن لەگەڵ گریان و هاواری ( زین ) یارمەتیان دا ( مەم )یان لە زیندان دەرهێنا. ( زین )دەڵێت:

(( بە قوربانو بم، دامەمێنن،

جارێ کارێکی وا بکەن کاکە مەمم بۆ دەرێنن

ئینجا یایەزین کەزیی خۆی بە عاڵقە بە عاڵقە کرد ئاوێتیە زیندانێ

کاکە مەم ئاوێتیە ئەستۆ و بنەگڵی خۆی، دەستیان کرد بە هەڵکێشانێ )) [٢٥٨]

( مەم ) کە هاتە دەرەوە لە زیندان لەسەری بە کۆشی ( زین ) کرد و چاوی هیچی نەدەدی، کە ( بەنگین و چەکۆ و عرۆ ) ڕاوەستاون ( مەم ) بە ( زین )ی کوت پێیان بڵێ گەردەنم ئازا بکەن، ئەمەش ئەوە دەگەینێ ( مەم ) کۆتا ساتی لە دونیا دیتنی ڕوخساری ( زین ) بوو، کە مەبەستی سەرەکی پاڵەوان بوو بە خۆشەویستەکەی شاد بێت هەر بەهۆی ئەویشەوە ئەم ڕووداوەی بەسەر دا هات دواتر هەر لەوێ دەمرێت ئەوەی گرنگە ئاماژەی پێ بدەم ( مەم ) لەو زیندانەدا نە بە ژەهر نە بە هەناری ژەهراوی مرد وەك ئەوەی لە نێو هەندێ خەڵك زانراوە، بەڵکو لە دەقی ( توحفەی موزەفەرییە ) وا دەردەکەوێت لە برسان و لە خەمان هیلاك و برسی بوو کاکە مەم دەڵێت:

پێیان بڵێ گەردنم ئازاد بکەن، دەولەت زیاد و ماڵ ئاوا

لە توو دیدار ئاخیرت بووم، لە ئاهی دایك و بابم مەخسوودم نەبوو تەواوە

---

[٢٥٧] ئۆسکار مان، سەرچاوەی پێشوو، ل٢١٣

[٢٥٨] سەرچاوەی پێشوو، ل٢١٦

**یایەزین ئەگەر وا دەزانیٚ**

**دەست دەکا بە چەمبەر و گریانیٚ**

**بە ڕەحمەتی خوڵای میوان دەهاتنە سەر کاکە مەمی بۆ گیان کێشانیٚ**

**کیٚ بوو لە کاکە مەمی بەڵەك چاوە**

**چاوی خۆی لەڕووی یایەزینیٚ کرد بڵاوە ))[259] .**

**( زین ) دوای ئەوەی دەچێتە سەر قەبری ( مەم ) هاوار دەکات و دەپاڕێتەوە کە بیمرێنی لە تەنیشت کێلی قەبری( مەم ) دواتر رووحی دەردەچێت و دەمرێت :**

**(( خولایە بە غەیرەز ئەتوو کەس نییە بمێنی**

**ئەمن چیدیکەم بۆ مەجووزاتان نەژێنی**

**ئەمن بە کێلی کاکە مەمیەوە بمرێنی.**

**خولایە ئەتوو کەریمی، قادری**

**میوانی خولای دیٚ، ڕۆحی لە یایەزینیٚ وەردەگری ))[260]**

**دوای مردنی ( مەم ) بەنگین ئەمەی زانی گەڕایەوە یەمەنیٚ خەبەری دایە برایم پادشا کە ( مەم ) مردووەو لەشکری بۆ پێك هێنا گەڕایەوە بۆ جزیریٚ خۆی سەرکردایەتی لەشکرەکەی دەکرد تاکو بچن بۆ تۆڵە کردنەوەی ( مەم ):**

**(( ڕووی تۆپ و سەربازی دە شاری جزیریٚ کراوە**

**بەنگینە ئاغای چووە بۆ خۆی سەرکردەیەو زگی سووتاوە**

**ڕووی دەماڵە بەکری کرد، هەرچی گەبیە سەری بڕی، سینگی هەڵێناوە**

[259] **ئۆسکار مان، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢١٧**
[260] **سەرچاوەی پێشوو، ل٢٢٠**

رووی دە ماڵە میرزێندینی کرد، قەتی یەك خەلا نەبوو، یەکێ نەماوە هەتا بەجارێکی ئاساریان براوە ))[٢٦١].

دواتر لەشکری برایم پادشا گەڕایەوە بۆ یەمەنێ (قەرەتاژدین)ی کرد بە میر لە جزیرە بەنگینیشی لە جێگای کوڕی خۆی دانا لە یەمەنێ لە کۆتایی ڕووداوەکەدا بەرەی خێر سەرکەوتنی بەدەست هێنا، بەڵام بە تیا چوونی پاڵەوانی ڕووداوەکە ئەوە نەبێت دەسەلاَت بۆ بەری خێر گەڕایەوە.

ئەوەی پەیوەندی بە وەسف کردنی دیمەنی ڕووداوە سەرەکیەکە هەیە بە درێژی و بە پوختی باس کراوە، بەڵام ئەوەی کە ڕووداوەکە سەرەکی نییە گێڕەرەوە مەبەستی نییە بە درێژی باسی بکات ئەوە بەچەند دێرێك لە کۆڵ خۆی دەکاتەوە، ئەمەش بەهۆی گرنگ نەبوونی باس کردنی ئەم ڕوداوە نموونە کوشتنی (بەکر مەرگەوەری)، کە بووە هۆی نەگەیشتنی (مەم و زین) کوژرانیشی بەدەستی (میرزێندین) گێرەرەوە بەکورتی وەسفی ڕووداوی کوشتنەکە دەکات:

((میر گوتی: هەموو کارێکی پێ کردم، دەنجا بیکوژن بەکر خۆی ئاوێتە نێوانی قەبری کاکەمەم و یایەزینێ. خوێنی بەکری لە نێوانی قەبری کاکە مەم و یایەزینێ کەوت، ئینجا بوو بە زی لەوێ شین بوو کاری وان بوو تەواوە))[٢٦٢]

٢ – توخمی ڕووداو لە شانۆی (مەمی ئالان) دا :

شانۆ کەمێك ئازادترە بەراورد لەگەڵ ڕەگەزەکانی تردا بەتایبەتی داستان، چونکە نووسەر دەیەوێ دیوێکی تر و خوێندنەوەیەکی جیاوازتر بۆ ڕووداوەکان بکات لە ڕوانگەی خۆیەوە بۆ شتەکان بچێت. (ع. ر. هەکاری) ڕووداوی مردنی (مەمی ئالان) بە دەستی دایکی بوو دوای هاتنەوەی (مەمۆ) لەشەری خاچ پەرستان لە (قودس). (چاورەش) دوای دیتنی پیاوێك لە ژێر پێخەفی بووکەکەی نەیزانێ کەوا (مەمۆ)یە گەڕاوەتەوە ڕمێکی لەسینی داو (چاورەش) گووتی:

((هان بو تە! ضربا ناموسی، ئەی جانوری نامووسی))[٢٦٣].

---

[٢٦١] ئۆسکار مان، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٢١

[٢٦٢] سەرچاوەی پێشوو، ل٢٢٠-٢٢١

[٢٦٣] ع. ر. هەکاری، سەرچاوەی پێشوو، ١٩١٩، ژ(١٦)،ل١٧

شانۆی (مەمی ئالان) دوو پەردەیە پەردەی یەکەم ئامادەکاری (مەمۆ)یە بۆ چوونە چەنگ لە دژی خاچ پەرستان تەنیا خۆی ئامادە کردووە کە بچێت، کە پەردەی دووەم دەکرێتەوە خوێنەر دەزانێت لە ئەنجامی گفت و گۆکان ئیدی چاوەڕێی گەڕانەوەی (مەمۆ) بۆ ئەوەی بگەڕێتەوە، چونکە هەوالێك چاورەش دابوویە (غەزال). نووسەر نەیویستووە باسی شەڕی ئیسلام و قودس بکات و لە ڕەسەنی بابەتی ڕووداوی مردنی (مەمی ئالان) دور بکەوێتەوە کە بابەتێکی تراژیدی کوشتنە و دروستکردنی کەسەرە لە دڵی (غەزال)، کە لە ژێر جێگایە لە گەڵ (مەمۆ) بەو مانایەی کە هاوسەریەتی بەیەك گەیشتوون کاتێك بە خەبەر دێتەوە ڕم لە سینگی هاوسەرەکەیەتی :

(( (غەزال- (هەمان هشیار دبت)، رمێ د سینگی ممو دبینت، دبژتە خسیا خوە وای تە چاوی خوە کور ە کر ( د ناو سری خوە ددت ) )) [٢٦٤].

لە شانۆی(مەمی ئالان) دا (مەمۆ و غەزال) بەیەك شاد بووینە باسی هیچ لەوانە ناکات چۆن بەیەك گەیشتوون گرنگ لای ئەو پیشاندانی ڕووداوە سەرەکیەکەیە و هەروەها پیشاندانی جوامێری پاڵەوانی شانۆیە مردنیشی بەقەدەر پیشان دەدات لە دەسەڵاتی پاڵەوان دانییە. پاڵەوان کەمترین ململانێی هەیە لە شانۆکەدا واتا دژی نییە تەنیا دوژمنی نەبێت ئەویش دیار نییە سوپای خاچ پەرستانە، هەر بۆیەشە کەمترین جولە دەکات ئەمەش وا دەکات جولەکانی تەنیا بۆ گەیشتنە بە ڕووداوی مردنی پاڵەوانە.

لە پەردەی یەکەمدا نووسەر زانیاری ئەوەمان پێ دەدا کەوا (غەزال)زۆر دەگری دەڵێ بەجێم مەهێلە (مەمۆ)ش ناوەستێ و پێی دەڵێت نابێت بگری بۆ چوونە چەنگ، بەڵام ئەو زانیاریە دەدات کەوا بە ئەڤینی هاوسەر گیریان کردووە (غەزال) بە (مەمۆ) دەلێ ئەڤینی ئێمە دەبێتە کەسەر :

غەزال- (( ممو ایرو بو عسکرە

اوینیامە بو کسرە

تو من ببە دگل خوە، هرە

یان بکوژە، یان بکوژ، پاشی هەرە

مەمۆ- تو بس روهنکان ببارینە

[٢٦٤] ع.ر.هەکاری، سەرچاوەی پێشوو، ه.ژ.ل١٧

**ایرۆ دوژمن لە کینە**

**وستانامە لائق نینە**

**غزالا من، دلالا من، بس بگری ))** [٢٦٥]

**نووسەر دەیەوێ ئەو لایەنە پیشان بدات، کە مەبەستیەتی ڕووداوەکانیش بەم جۆرە دەگێڕێتەوە کە مەبەستیەتی باسیان لێوە بکات، هەروەها نەیویستووە ژیان و گەورەبوونی پاڵەوان بەدیار بخات و دەیەوێ خوێنەر لە ئە نجامی خوێندنەوەی هەڵوێستەکانی پاڵەوان بۆی دەربکەوێت چۆن پەروەردە بووە ئەوەی گرنگیش نەبێت لەلای ئەوا لایبردووە و باسی نەرکردووە بەهۆی ئەوەی( بیەس )ەکەی دوو بەردەیە ئەوا ڕووداوەکانیش کەمن و لێکدانەوەکانیش دەوەستێتە سەر مێشکی خوێنەر، کە بۆ خۆیان دوای ڕووداوەکە و پێش ڕووداوەکە وێنا کردنێك دروست بکەن بۆ داهاتووی پاڵەوانەکانی تر وەکو (غەزال) و (چاورەش). نووسەر دەیەوێ ئەوە پیشان خوێنەران بدات بە پیشاندانی کاتی ڕووداوەکە کە هاوکاتە لەگەڵ شەڕی خاچ پەرستان، کە ڕووداوەکە واقعیە و خەیاڵی نییە. (مەم) کە دەڵێت (وەستانا مە لائق نینە) بەو مانایەی پێویست ناکات بوەستم و پەشیمان ببمەوە، چونکە دوژمن لە ئیسلام دا بە رق و قینە بۆیە دەبێت بچم، بەمەش ڕووداوی چوونی پاڵەوان بۆ شەر بۆ بەرگری کردن بوو لە نیشتیمان و ئیسلام دا.**

**٣ – بەراورد کردنی ڕووداو داستانی (مەم و زین) و شانۆی (مەمی ئالان):**

**١- لە داستانی (مەم و زین) ئەم دوو خۆشەویستە بەیەك ناگەن، لە شانۆی (مەمی ئالان) بەیەك گەیشتوون و کێشەی بەیەك گەیشتنیان نییە**

**٢- لە داستان و شانۆ دا هەردوکیان یەکتریان خۆشدەوێت، لە داستاندا (مەم) ئامادەیە هەموو کەس و کاری جێ بهێڵێت بە دوای ئەڤینی (زین) بکەوێت، لەشانۆدا سەرەرای خۆش ویستنی (غەزال) بەڵام خێزانەکەی خۆی جێهێشت بۆ بەرگری کردن لە وڵات و ئیسلامەتی واتا ئەڤینی وڵاتی پێ گرنگتر بوو لە ئەڤینی (غەزال).**

---

[٢٦٥] ع.ر.هەکاری، سەرچاوەی پێشوو، ژ(١٥)،ل٢٤

٣- مردنی پاڵەوان لە داستان دا بە فەرمانی ( میر زێندین ) و بە قسەی( بەکر ) بوو لە زینداندا بە هۆی برسیەتی و بێ دەسەڵاتیەوە مرد، لەشانۆدا پاڵەوان بەسەر بەرزیەوە و لە ژێر پێخەف لە گەڵ خێزانەکەی بوو بە دەستی ( چاورەش )ی دایکیەوە بە هۆی ئەوەی نەیناسینەوە کوشتی.

٤- لە داستان و شانۆدا مردنی (مەم، مەمۆ ) پێش خۆشەویستەکانیان بوون دوای مردنیان زۆریان بۆ گریان، بەڵام ( زین ) دوای مردنی ( مەم ) مرد کەچی ( غەزال ) باسی مردنی نەکراوە.

٥- لە داستاندا دوای مردنی پاڵەوان ڕووداوی تر هەیە وەکو کوشتنی (بەکر ) بە دەستی (میر زیندین ) و سوتاندن و بڕینی( ماڵێ بەکرو میر زێندین ) لە لایەن( بەنگین )ی هاوڕێی (مەم ) و مردنی (زین ) و دانانی میر نوێ بۆ شاری جزیرە ئەویش (قەرەتاژدین ) کرا بە میر. لە شانۆدا بە مردنی (مەمۆ ) ئیدی ڕووداوەکان کۆتاییان پێدێت و پەردەی شانۆ دادەخرێت.

## تەوەری پێنجەم: توخمی کارەکتەر لە داستان ودەقی شانۆدا :

### أ- توخمی کارەکتەر لە رووی تیۆریەوە :

کارەکتەر یەکێك لە توخمە گرنگەکانی دەقی ئەدەبیە بە تایبەتی داستان و شانۆ هەموو توخمەکانی تر پێویستیان بە کارەکتەر هەیە بۆ ئەوەی بوونیان بسەلمێنرێت. واتا توخمەکانی تر پێویستیان بە کارەکتەرە بۆ ئەوەی بەدیارخەری مامەڵەیان لەگەڵ بکات و بناسێندرێن، ( محەمەد ئەمین )لە بارەی کارەکتەرەوە دەڵێت ((لە ئە نجامی سەرجەم گفت و گۆی کەسەکانەوە حیکایەتەکەمان بۆ دەردەکەوێت نەك تەنها لەلایەن کەسێکەوە بۆمان بگێڕێتەوە )) [٢٦٦]، لەبەر ئەوەی تیشکەکان زۆربەیان لەسەر کارەکتەرن چۆن دەجولێتەوە و چ رەفتار و گوفتارێك بەجێ دەگەینێ بەو مانایەی توخمەکانی تر جولە پێ دەکات و تەزوو دەگەینێتە هەموو توخمەکانی تر. د. محمد غنیمی هلال دەڵێت ((کارەکتەر لە چیرۆکدا خولگەی واتاکان و تەوەری هزر و بۆچوونەکانە ))[٢٦٧] کارەکتەر/کەسایەتی دەرخەری هەموو مەبەستە ئاشکراو شاراوەکانی دەقە چیرۆك ئامێزەکانن، نووسەر بەهۆی ئەوانەوە پەیام بە خوێنەر دەگەینێت جۆرەکانی دروست دەکات و قسەیان پێ دەکات تا کۆتایی، بەگوێرەی

---

[٢٦٦] ڕێزان رەحمان خدر، سەرچاوەی پێشوو، ٢٠١٢، ل١٦٩

[٢٦٧] سەنگەر حاجی، سەرچاوەی پێشوو، ٢٠٠٧، ل١٢٥

ڕووداوەکان ڕۆلیان پێ دەدرێت و دەجولێنەوە نەك هەموو توخمەکانی تر لە خزمەتی ئەو دابن. ئەرستۆ دەلێت ((تراژیدیا بۆ ئەوە پێشکەش ناکرێت لاسایی کەسێتی بکاتەوە، بەڵکو کەسێتی لە پێناو کردەوە دا بە گەڕ دەخرێ)) [٢٦٨] ڕووداو بەسەر هاتەکان حوکم لەسەر گەورەیی و بچوکی و ئازایەتی کارەکتەر دەدەن.

لە کۆندا شێوەی بیرکردنەوەیان بەرامبەر کارەکتەر/کەسایەتی جیاواز بوو لەوەی ئێستا لە پێدان و گەورەکردنی ڕۆڵی کارەکتەر ((نووسەران هەوڵی ئەوەیان دەدا ناوی مێژوویی یان ناوی نمونەیی typiycal بۆ کارەکتەرەکانیان هەڵبژێرن، بەکار هێنانی ناوی مێژوویی و نمونەیی دەبووە هۆی ئەوەی چاوەڕوانی شتی گەورە لە کارەکتەرەکانیان بکرێت کە بەشێوەیەکی سەرەکی لە ئەدەبیاتی ڕابردوو سەرچاوەی دەگرت)) [٢٦٩]، بەڵام ڕۆلان بارت بە گرنگیەوە سەیری کارەکتەری نەکردووە دەڵێت (( کارەکتەر بەرهەمی کارێکی نووسراوە ))[٢٧٠] بەم بیرکردنەوەش بێت کارەکتەر لە دەق هاتە دەرەوە کرنگی نامێنێت، ((کەسایەتی دەربڕی بیری نووسەرە و لە میانی دیالۆگەکانەوە گوزارشت لە ململانێ و هێزە بەیەکدا چووەکان دەکات)) [٢٧١].

د. محمد غنیمی هیلال لە سێ ڕوانگەوە سەیری کەسایەتی دەکات ((ڕەهەندی جەستەیی، ڕەهەندی دەروونی، ڕەهەندی کۆمەڵایەتی ))[٢٧٢] ئەم بەشداری کردنانە بە شێوەی ئەرێنی بێت یان نەرێنی دەچێتە نێو خانەی کارەکتەر بەڵام بەشدار نەبێت لە ناو ڕووداوەکان ئەوا دەبێتە بەشێك لە وەسف چونکە ڕۆڵی پێ نەدراوە هەر چەندە زۆر لە رەخنە گران دەڵێن هەر کارەکتەرێك ڕۆلی پێ نەدرێت چ پێویست دەکات بەشداربێت، بەڵام بۆچوونێکی تر هەیە پێی وایە بۆ وەسف کردن سوودی هەیە. (ئەحمەد امین) لە پەرتووکی رەخنەی ئەدەبیدا بە دوو ڕێگە کارەکتەر پێشکەش دەکات ئەوانیش ((ڕێگەی ڕاستەوخۆ یان شیکاری، ڕێگەی ناڕاستەوخۆ یان نواندن)) [٢٧٣] ڕاستەوخۆ دەرخەر و پیشاندەری هەڵسوکەوتی کارکتەرە بۆ خوێنەر، بەڵام ڕێگەی ناڕاستەوخۆ کارەکتەر خۆیان بەرەفتار و کردەوەکانیان گوزارشت لە خۆیان دەکەن ئەم جۆرەش لە شانۆدا زیاتر بەرچاو دەکەوێت کە کارەکتەر ناوێکی نموونەیی و ناسراوی نییە خوێنەر هەڵسوکەوتەکانیان هەڵسەنگاندنیان بۆ دەکەن.

کارەکتەر تاکێکی کۆمەڵگایە ناکرێت دابیرێنی لە کۆمەڵگا بەرگێکی دوور لە نەریتی کۆمەڵگا بەرگێك بەسەر کارەکتەر هەڵکێشی ئەگەر نووسەر کەوتە ئەم هەڵەیەوە ئەوا خوێنەری بەسەلیقە دەزانێت کارەکتەر دوور لە کۆمەڵگا

[٢٦٨] جەوهەر مەحەمەد مەولود شێخانی، سەرچاوەی پێشوو، ل٤

[٢٦٩] کۆمەڵێ نووسەری بیانی، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٣

[٢٧٠] جەوهەر مەحەمەد مەولود شێخانی، سەرچاوەی پێشوو، ل١٢

[٢٧١] کەیفی ئەحمەد عەبدولقادر، سەرچاوەی پێشوو، ل١١٥

[٢٧٢] عبدالمنعم زکریا القاضي، سەرچاوەی پێشوو، ل٦٨

[٢٧٣] ڕێزان ڕەحمان خدر، سەرچاوەی پێشوو، ٢٠١٢، ل١٠٦

ژیاوه لە هەڵسوکەوت و جولانەوەکانی دا لە گەڵ تاك یەك ناگرێتەوە ڕەنگە بۆ کۆمەڵگای پاشکەوتوو گونجاوتر بێت، بەڵام لە کۆمەڵگای ئێستادا نەشیاوە.

کارەکتەر توخمێکی نەرمە لە کۆمەڵگا کاریگەری کۆمەڵگای لەسەرە بەرێژەی خۆی کشان پەستانی کۆمەڵگا کاری تێدەکات، چونکە کۆمەڵگا چەسپیوو نییە بەردەوام لە گۆڕان دایە و پێش دەکەوێت و توشی گرفت دەبێت ئەمیش لەگەڵی هەڵدەکات بۆیە کارەکتەر لە چیرۆکە درێژەکاندا بەپێی بەشێك لە ڕەخنەگرانی ئەدەبی بوونی نییە، ئامادەبوونی کارەکتەر لە دەقە چیرۆك ئامێزە تەقلیدیەکاندا زۆر بەئاشکرا دەبینرێت بە هێزێکی زۆرەوە، بەڵام لە کارە نوێیەکاندا ئەو دەسەلاتەی نییە لەبەر چەندین هۆکار لەوانە لە کاری فەرەنسیەکان (ئالان روپ، میشال پوتور، کلود سیمۆن، نەتالی ساروت. . . هتد وایان دەبینی کە جیهان لەوە دەربازی بوو کە تاك بە پیرۆز بزانرێ، هەوڵیان دەدا سەربەست بێت)[٢٧٤] بەمەش سیماکانی لاشەی کارەکتەر دەشاردرایەوە وەسفی شان و باڵی پاڵەوان نەدەکرا بەڵکو ڕەفتارەکانیان شیدەکرانەوە.

جۆرەکانی کارەکتەر هەر نووسەرێك و ڕۆشنبیرێك لە ڕوانگەی خۆیەوە یاخود بەرهەمێکەوە دابەش دەکات (د. محمد غنیمی هلال) کارەکتەر دەکاتە دوو جۆر (سەرەکی و لاوەکی)[٢٧٥] کارەکتەری سەرەکی بەشداری کارایان هەیە لە هەڵسوراندنی ڕووداوەکان و کارەکان بزوێنەری ڕووداوەکانە کردار و ڕەشتەکانی جێگای تێڕامانن لەلایەن خوێنەر دەبێت هەڵسوکەوتیان بە هەستیاری ئەنجام بدات، چونکە چاوی لەسەرە دژیەکی نابێت هەبێت لە ڕەوشت و جولانەوەیدا ئەگینا دەبێتە جێگای ڕەخنەگران، کارەکتەری لاوەکی لە خزمەت کارەکتەری سەرەکی دایە کارەکانی ئەوان پەرە پێدەدەن بە پێی بەشداری خۆی خزمەتی گێڕانەوەی دەق دەکات.

(د. ڕەشاد رشدی) قسەیەکی هەندێك جیاوازتر دەکات لە نووسەرانی تر لەبارەی مەبەستی دروست بوونی کارەکتەری لاوەکی لە شانۆ دا دەڵێت (کارەکتەری لاوەکی لە شانۆ نوێیەکاندا، لە شانۆی شکسپیریشدا بەرەو پێش ناچێت پەرە ناسێنێ یان ناگۆڕێ بە هیچ شێوەیەك، بەڵام هیچ لە شانۆ بەناوبانگەکان نەیان وتووە گرنگ نییە یاخود ئەم کارەکتەرە زیادەیە یان دەبێ پەرە بسێنێ)[٢٧٦] ڕەنگە ئەم بۆچوونەی بۆ ئەوە بێت کە کارەکتەری لاوەکی کارێکی دیاری کراوی پێ بسپێردرێ تا کۆتایی هەر لەو کارەی بمێنێتەوە هەڵچوون و دابەزینی لە کردەوەکانی نەبێت، چونکە لە شانۆدا چاوەکان لەسەر کارەکتەری سەرەکین. نووسەر هەندێك جار بۆ دژایەتی کارەکتەر دروست

[٢٧٤] محمد حامد محمد یحیی، سەرچاوەی پێشوو، ٢٠١٥، ل٩٣

[٢٧٥] سەنگەر قادر شێخ محەمەد حاجی، بنیاتی گێڕانەوە لە داستانی (مەم و زین)ی ئەحمەدی خانی و ڕۆمانی (شاری مۆسیقا سپیەکان)ی بەختیار عەلی دا، چاپخانەی خانی، چاپی یەکەم، دهۆك، ٢٠٠٩، ل١٢٦

[٢٧٦] د. رشاد رشدی، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٤

دەكات هەندێك جاریش بۆ یارمەتی دانی بۆ ئەوەی ڕووداوەكەی بخولقێنێ و ململانێ دروست بێت. (ئەدوارد ئارنۆڵد) لەبارەی كارەكتەری سەرەكی دەڵێت ((دەبی " بەشێوەیەك دەربكەوێت كە بەلایەنی كەمەوە مامەڵە لەگەڵ لایەنە دژوارەكانیشدا بكات))[٢٧٧] كەسایەتی سەرەكی لە داستاندا تووشی حالەتە نەخوازراوەكانیش دەبنەوە، كە ڕەنگە كەسایەتیەكانی (لاوەكی، چەسپاو. . . هتد) بەرپەرچی دژەكان و هێزی دوژمن و لایەنە نەخوازراوەكان نەبنەوە بەقەد كەسایەتی سەرەكی، ((كەسایەتیەكان لە بواری تایبەتمەندی و ڕەوشتی و دەروونی دەبنە دوو بەش كەسایەتی سادە و گشتگیر هەندێ جاریش نووسەران ناوی دەنێن كەسایەتی ناسادە، كەسایەتی سادە بە پێی بیرۆكە یان كوالیتی تاك دروست دەكرێن، هەر كاتێك سەر هەڵدەدات بە ئاسانی دەناسرێتەوە لەلایەن خوێنەرەوە)) [٢٧٨]. كەسایەتی ناسادە وردە وردە نووسەر بە خوێنەری دەناسێنێت وەك ئەوەی سەرەتا دەرناكەوێت پاشان شتە شاراوەكانی ئەم كارەكتەرە بەدیار دەكەوێ خوێنەر مەزندەی ئەوەی لەو كەسایەتیە نەدەكرد، بۆیە پێی دەڵێن گشتگیر، چونكە گۆڕانێك لە كەسایەتیەكەی تا كۆتایی ڕووداوەكە كۆدەبێتەوە.

(جەمال میر صادقی) لە جۆری كەسایەتی باسی دوو جۆرمان بۆ دەكات لە كتێبی (عناصری داستان) بەم جۆرە باس دەكات (كەسایەتی جێگیر: ئەو كەسەیە كە لە چیرۆك گۆڕانكاری بەسەر دا نایەت یان زۆر بەكەمی نەبێت كەواتە ڕووداوەكانی ناو چیرۆك كاری لێ ناكات. كەسایەتی ناجێگیر :ئەم جۆرە كەسایەتیە لەماوەی چیرۆكەكەدا تووشی گۆڕانكاری لە بیرو بۆچوون و جیهانبینی تایبەتمەندی كەسی دەبێت ڕەنگە زۆر بێت یان كەم دەبێتە هۆی گەشە كردنی كەسایەتیەكەی یان تێكچوونی كەسایەتیەكەی )[٢٧٩] ڤلادیمێر پروب (٧) جۆر كەسایەتی دیاری كردووە لە حیكایەتدا :

١- ((**شەرانگێز** agresseurou mechant
٢- **بەخشەر** donateur
٣- **یاریدەدەر** auxiliaire
٤- (**شاژن**) princesse
٥- **زیندوكەرەوە** mandateur
٦- **پاڵەوان** heros

---

[٢٧٧] ڕێزان ڕەحمان خدر، سەرچاوەی پێشوو، ٢٠١٢، ل١٠٨

[٢٧٨] فوستر ادوارد مورگان، جنبه های رمان، مترجم: ابراهیم یونسی، تهران، نگاه، ١٣٦٩، ل٧٤-٧٥

[٢٧٩] د. جمال میر صادقی، عناصر داستان، چاپ ششم، تهران، سخن، ١٣٨٨، ل٩٥

**٧- پاڵەوانی قەڵپ** (( faux heros ))[٢٨٠] .

**دەتوانین بڵێین کارەکتەر هەموو ئەوانە دەگرتەوە کە بەشداری دەکەن لە گێڕانەوەی ڕووداوەکان بە ئەرێنی بێت یان نەرێنی واتا گرنك ئەرکێکیان پێ بسپێردرێت، بەڵام ئەوانەی بەشداری ناکەن لە ڕووداوەکان ناچنە خانەی کارەکتەر، بەڵکو دەبنە بەشێك لە وەسف. جۆرێکی تر لە کەسایەتی لای هەندێك نووسەران دەبێتە ((بازنەیی (بزێو-نامي/دینامیکي ) و روکەش-چەقیو ))[٢٨١] بازنەیی رۆلەکەی وا دەخوازێت جووله و گۆڕانکاری بکات لە بەشێك بۆ بەشێکی تر لە ڕووداوێك بۆ ڕووداوێکی تر واتا بزێو دەبێت کاریگەری لە ڕووداوەکان دروست دەکات بە هەمان شێوە ڕووداویش کاریگەری لەسەری هەیە.**

**روکەش کەسایەتیەکی دینامیکی نییە وەك ئەوەی بازنەیی هەیەتی، ئەوەی لە جیهانی دەروونی هەیە دەرناخات خوێنەر نایبینێ تەنها لەو ڕێگایە نەبێت، کە نووسەر بە دیارخەری پیشانی دەدات، وشەی ( personne ) بۆ رەگەزی بەشەر ( ئادەمیزاد ) بەکاردێت، کە لە جیهانی دیاری کراوی کاتی و شوێنی دەژی، هەندێك پێناسەی تر هەیە پێیان وایە کارەکتەری خەیاڵ ئامێز، کە رۆڵ دەبینێ لە پێشخستنی ڕووداوی چیرۆکەکە. لێرەدا دەتوانین جیاوازیەك بکەین لە نێوانی کارەکتەری گۆشت و خوێن و کارەکتەری خەیاڵی، کە کەسایەتی خەیاڵی شاعیر /نووسەر لە خەیاڵی خۆی دروستی دەکات.* ئەگەر نووسەر /شاعیر کارەکتەری راستەقینە پێشکەش بکات وەك ئەوەی لە راستی دا هەیە پێویستە چەند مەرجێك جێبەجێ بکات:**

**١- (( پێویستە ئەو کارەکتەرانە کردار و رەوشیان جێگیر بێت لە بارو دۆخە جیاوازەکاندا، پێویستە ئەگەر گۆڕانکاریەك لە کارەکتەرەکان رووبدات گۆڕانکاریەکی راستەقینە بێت.**

**٢- کارەکتەرەکان بۆ ئەو کارانەی کە دەیانهەوێت ئەنجامی بدەن هۆکارێکی پەسند کراویان هەبێت، ئەگەر هاتوو بەبێ هۆکار گۆڕانکاریەك لە کرداری کارەکتەر رووی دا لە ناو چیرۆکیش ئاماژەی پێ نەکرا پێویستە لە کۆتایی چیرۆك هۆکارەکەی دیاری بکرێت.**

---

[٢٨٠] د. حمید لحمدانی، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٥

[٢٨١] خلیل پروینی و دیگران:کبری روشنفکر، علی رضا، بناء شخصیة في روایة نجمة اغسطس لصنع الله ابراهیم، مجلة فصیلة اضاءات النقدیة، السنة الرابعة، العدد( ١٤ )، ٢٠١٤، ل٥٣

٣- كارەكتەرەكانی چیرۆك پێویستە پەسند كراوو و راستی بن و پێویست ناكات سەدا سەد باش بێت یان خراپ بەڵكو تێكەڵ بێت ))[٢٨٢]. دەتوانین شتێك زیاد بكەین بۆ ئەوەی كەسایەتی راستەقینە زیاتر شیكار بكەین ئەویش ئەوەیە، كە هەرگیز كارەكتەری راستەقینە بەو واتایەی هاوشێوەی سەدا سەدی لە واقیعدا هەبێ بوونی نییە و لە ناو دەقی ئەدەبیدا جێگای نابێتەوە، چونكە نووسەر كارەكتەر بە مەبەست و بۆ مەبەستێك دروست دەكا، دەكرێ كاری هەموو ئەو كارەكتەرانەی باسمان كرد پوخت تر ئاماژە پێ بدەین، كە كارەكتەری سەرەكی و لاوەكی ڕووداوەكان دەجولێنن و بەرەو پیش دەبەن یان سارد دەكەنەوە واتا كاریگەریەكەیان راستەوخۆ و ناراستەوخۆیە، لە كارەكتەری سادەو نا سادە رووی دەرەوەو ناوەوەی دەروونی دەردەخات بەوەی كە سادە بەئاسانی دەروونی ئاشكرایە و ناسادەش بە زەحمەت دەكرێتەوە بە رووی خوێنەر. كارەكتەری جیگر و ناجێگر دەگەرێتەوە سەر چەسپاندنی رۆلەكەی تا كۆتایی گۆڕانكاری بەسەر دادێت یاخود نا.

## ١- توخمی كارەكتەر لە داستاندا:

كارەكتەر لەداستانی نووسراودا بەگشتی و لە فۆلكلۆردا بەتایبەتی ڕووداو دروست دەكەن، دەبنە پاڵەوانی داستانەكە هەر بۆیە كارەكتەر لە داستاندا لە ڕووداو گەورەترە بە حوكمی ئەوەی ناونیشانی داستانەكە لە خزمەتی پاڵەوانەكە دایە. ئەو توانایەی كە لە پاڵەوان دایەو بۆی رەخساوە لە خەڵكی ئاسایی دانییە، بۆیە پاڵەوانی داستان تایبەتمەندی هەیە شاعیر وای نیشان دەدات كە ئیدی كامل و مرۆڤی بالأیە. ((داستان هیچ نییە جگە لە گێڕانەوەیەكی یەك بە دوای یەكی كردارەكانی پاڵەوانێك لە پاڵەوانەكان)) [٢٨٣] لە داستان دا شاعیر ڕووداوێك دەگێرێتەوە، بەڵام ئەم ڕووداوە باسی بەسەرهاتی پاڵەوانێكە كە لە سەردەمانێك بەسەری هاتووە بەو مانایەی دواجار ڕووداوەكانیش بۆ دەرخستنی پاڵەوانە، بۆیە نووسەر پێش وەختە لە دروست بوونی كەسایەتی زەمینەی كات و شوێن خۆش دەكات بۆ دەركەوتن و هاتنە مەیدانی ڕووداوەكان.

پاڵەوانی داستان لە رادەبەدەر بە توانایە لە رووی جەستەیی و هزری و روحی، كە لە مرۆڤی ئاساییدا نییە، بۆیە كامڵە و نموونەیە و بێ كەم و كوڕییە هەموو ئەو هەنگاوانەی كە دەیهاوێژێ هەنگاوی بوێرانەن و مل سڵ

---

*سوودم لە سەرچاوەی پێشووی خەلیل پەرویني و كبری روشنفكر و علی رضا وەرگرتووە داینامیكی كارەكتەرەكەمێك بە جولەترە لە كارەكتەرەكانی تری چەقیو.

[٢٨٢] د. جمال میر صادقی، سەرچاوەی پێشوو، ل٨٥-٨٦

[٢٨٣] سەنگەر حاجی، سەرچاوەی پێشوو، ٢٠٠٧، ل١٢٨

نەکردنەوەیە بۆ پێشهاتە چاوەڕوان و چاوەڕوان نەکراوەکان، بۆیە پاڵەوان ئامادەیی زیاترە لە مرۆڤی ئاسایی بۆ بەرەنگار بوونەوەی پێشهاتەکان.

پاڵەوان لە ئاکار و خووڕەوشتی و پیاوەتی تەژی کراوە بۆ ئەوەی لە پێشهاتەکان رۆڵی کەسی یەکەمی پێبدرێت وەك سەرمەشقی کارەکان لە داستاندا. کەچی کە کۆتایی بە رۆلی پاڵەوانی داستان هات کە قەدەر دیاری کردبێت، چونکە خۆی هەڵەی کەم دەکات ناکرێت پاڵەوان لێی رابکات هەر چەندە خوێنەر دەتاسێن و نارەحەت دەبن بە مەرگی پاڵەوان، بەڵام نووسەر وا لە خوێنەر دەکات کەپاڵەوان خۆی بەخت کردووە لە پێناو بابەتێکی شەرەف یان مرۆڤایەتی یان نەتەوەیی. . . هتد. ناکرێت خۆی لابدا، چونکە خۆ بەخت کردنی پاڵەوان ڕەنگە چەندین کەس رزگار بکات، یاخود دەرسێك پیشانی دوژمنەکەی بدات، کە بەرگری کردن پێویستی بە بەخشینە لای میللەتەکەشی بە نەمری دەمێنێتەوە بەمەردی باسی دەکرێت، لە سەردەمی ئایینە سەرتاییەکان هەتا وەکو لە ئاینی ئیسلامیشدا قەدەر نادەنە دەستی مرۆڤەکان بۆیە چارەنووسی پاڵەوان گوناهی هەڵەی پاڵەوان نییە بەقەد ئەوەی بەسەری سەپاوە و دیاری کراوە، مردنەکەشی هەڵەیەکی گەورەیە ئەگەر بۆ شتێکی سادەو ساکار بێت. پاڵەوان لەبەر ئەوەی تەنها لەسەر تەنیایی خۆی هەژمار ناکرێت، بەڵکو میللەت شانازی پێوە دەکات بە مولکی خۆی دەزانێت ناکرێت لەسەر بەد رەفتاری یان حەزی بچووك بمرێ، چونکە دواجار میللەت هەمووی مێژووەکەی دەخوێنێتەوە بۆ گشت تێنەکۆشابێ و نەمردبێ ناکرێتە سیمبول و بە نەمری راناگیرێت. ناکرێت تاکەکانی میللەت بەهەمان ئەو بیرکردنەوە بڕۆن و خۆیان بەخت بکەن لە پێناو شتی وا بچوك و کەسی. زۆرێك لە نووسەران سەرنجی زۆریان لەسەر کەسایەتی ناو داستانە شیعریەکان دا هەیە بەوەی لەسەر زاری کەسەکان مرۆڤ بەشەرانگێز پیشان دەدەن، کە کاریگەری خراپ لەسەر دەروونی خوێنەران دروست دەکات.

ناکرێت هەنگاوەکانی کارەکتەرەکانی تر جگە لە پاڵەوان فەرامۆش بکرێت چ ئەوانەی سەرەکین یان ئەوانەی لاوەکین، چونکە هەموویان روویەك لە رووەکانی ژیان پیشان دەدەن خراپ بێت یاخود باش بە گوێرەی مەودای گێڕانەوەکە هەر یەکەیان مەبەستێك دەپێکن. داستان ماوەکەیەکی زۆر دەیاخاێنێ بێگومان بەشداریەکی زۆری کەسایەتیەکان بەدی دەکرێت کە هەر یەکەیان رۆلی خۆیان دەگێڕن هەندێکیان بۆ بەرەو بێش بردنی ڕووداوەکان و هەندێکیشیان بۆ وەسف، ململانێیەکانی کەسەکان زۆرن بەو مانایەی بۆچوونی کەسەکان هەموویان وەکو یەك نین هەر ئەم دژیەکەیە وا دەکات دوو بەرە یان زیاتر دروست بێت ئینجا هەندێك رۆلی ئەرێنی دەبینن بۆ خزمەت کردنی پاڵەوان هەندێکیشیان رۆلی نەرێنیان هەیە دەبنە بەربەست لەبەر دەم پاڵەوان بۆ گەیشتن بە ئامانجەکەی. ئەمەش

ئەوە دەگەینێ پاڵەوان وەنەبێ لە ئەنجام دانی کردارەکانی تووشی گرفت نەبێت، بەڵکو ئەو بەربەستە ئالۆزانە پاڵەوان تووشی کۆسپی گەورە دەکەن.

**٢- توخمی کارەکتەر لە شانۆدا:**

کارەکتەر لە شانۆدا گرنگیەکی زۆری پێدەدرێت لەلایەن نووسەری شانۆ وە بەوەی کە نابێت کارەکتەر ناچالاك بێت، بەڵکو دەبێ زیندوو بێ، چونکە کارەکتەری ناچالاك کێشە لە گەڵ خوێنەر دروست دەکەن ئەویش ئەوەیە، کە ناتوانن لە ناوەوەو دەرەوەی ئەم کارەکتەرە بگەن ناسنامەکەی ناڕۆشن دەردەکەوێت، بۆیە پێویستە کارەکتەر لە دەقی شانۆیی دا تا کۆتایی لە جووڵە دابێت و هەڵچوون و پەرچەکرداری بەردەوامی هەبێت بۆ ئەوەی ڕووداوی بەسەردابێت، چونکە ڕووداو دروست نابێت تا کارەکتەرەکان هەنگاو نەهاوێژن، بۆیە ئاشنا کردنی کارەکتەر بە خوێنەر لە ڕێی گواستنەوەی ڕووداوەکان، کە بەسەری داێن و پەرچەکردارەکان و هەڵوێستەکانی کاریگەرترە لە ئاشناکردنی تەنیا بە وەسف کردنی کارەکتەر، چونکە ڕەخنەگرانی شانۆیی پێیان وایە وێنە ریالیستیەکە لای خوێنەر وا بڕوا پێهێنەرترە ئەویش بەهۆی کردەوەکانی کە لە ناو ڕووداوەکاندا ئەنجامی دەدات.
(هەموو کارەکتەرێك لە نێو شانۆدا پێویستە ڕاڤەی ڕەفتارەکانی مرۆڤ بکات. . . ، دروست بوونی کارەکتەری شانۆیی تەنها بەو وشانەی کە دەری دەبڕێت بنیاد دەنرێت)[٢٨٤] ئەرستۆ دەڵێت ((کارەکتەر یەکێکە لە ڕەگەزە هەر بنەرەتیەکانی دراما))[٢٨٥] ئەرستۆ پێی وایە ئەو کەسانەی لاسایی دەکەنەوە لەسەر شانۆ دەبێ نواندن وەکو مرۆڤی ئاسایی بکەن نەك لاسایی خواوەندەکان بکەنەوە مەبەستی ئەرستۆ ئەوەیە وەك مرۆڤێك پاڵەوان و کارەکتەر پیشان بدرێت. خوێنەر ئەوکاتە ئاشنا دەبێت بە سایکۆلۆژیەتی کارەکتەری شانۆیی، کە بە گوفتار و ڕەفتارەکانی ئاشنا بێت ئەگینا پەردەی شانۆ کە هەڵدرایەوە کارەکتەر دەست بە جولە دەکەن، گێرەرەوە نایەت بەر لە بوونەوەی پەردە باسێکی پوختی یەکەیەکەی کارەکتەرەکان بکات وەك خۆ ئامادەکردنی خوێنەر بۆ ناسینیان.

((یەکێك لەو حەقیقەتانەی لە هونەری نووسینی دراما‌دا جێگیرە، ئەوەیە کە زۆرینەی ئەو درامایانەی ناوبانگی زۆریان لە گشت سەردەمێکدا بە دەست هێناوە، ئەوانەن کە تایبەتن لە خولقاندنی کارەکتەری درامیدا بە شێوەیەکی جوان و سەرنج ڕاکێش، کە زیندوویەتی پڕۆسەی خولقاندن و نهێنی هێزو مەزنی و نەمری ئەو دەقانەیە

---

[٢٨٤] الدكتور محمد حمدي ابراهيم، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٨

[٢٨٥] کەیفی ئەحمەد عەبدولقادر، سەرچاوەی پێشوو، ل١١٤

))[٢٨٦] کارەکتەری شانۆیی وەك ناوەندگیریەك هەڵگری پەیامی نووسەرە لەو کێشانەی لەسەر شانیانە یان بۆیان نووسراوەتەوە لە دەقێکی شانۆییدا ((کارەکتەری شانۆیی پەیوەندیەکی چووە ناویەکی لە نێوان کارەکتەری شانۆیی و باقی بنیاتەکانی شانۆیی هەیە، کارەکتەر شانۆیی لە دەقدا ئاشکراتروو روونترە لە مرۆڤی ژیانی ئاسایی لەبەر ئەوەی بەشێکە لە واقیع ))[٢٨٧] ژمارەی کارەکتەرەکان کەمن کە بەشداری دەکەن لە گێڕانەوەی بەسەر هاتەکان و ئە نجام دانی کردەوەکان لەبەر چەند هۆکارێك :

١- تەنها لە دەوری یەك ڕووداو دەسوڕێتەوە .
٢- گرنگی تەنها بە ڕووداوی سەرەکی دەدات، چونکە مەودای کاتی شانۆ کەمە وەکو دەقە چیرۆك ئامێزەکانی تر نییە.
٣- چەند کارەکتەرێك دەتوانن بە کردەوەو گوفتارەکانیان ڕووداوەکان بگێڕنەوە.
٤- وەسفی کەمترە بەو مانای مەبەستی نووسەر بەرزکردنەوەی پاڵەوان نییە بەقەد ئەوەی ڕووداوەکان لە روانگەی خۆیەوە دەگێڕێتەوە،
٥- جولانەوەی کارەکتەرەکان لە شوێنی بچووك و تایبەتە، بۆیە کەم بوونی ژمارەی کارەکتەر دەرەفەتی گێڕانەوەی شانۆ دەبێت. بە زۆربوونی شوێن و کات و ڕووداو بێگومان پێویستە کارەکتەریش زیاد بکات.

کلاسیکیەکان زۆر گرنگیان بە کارەکتەر دەدا، بەڵام رۆمانسیەکان بەچاوی پیرۆز سەیریان دەکرد تەنها( جیاوازیەکانیان وا دەرخست کە نمونەی مرۆڤی نەمر دروست بکەن ، سەیر دەکەین زۆربەی شانۆکانیان ناونیشانی پاڵەوانەکانیان وەرگرتیە لەگەڵ ئەوەشدا کارەکتەرەکان بوون بە نمونەی مرۆڤەکان، وایان دانا کە هەبوونیان سەربەخۆیە، مێژوویيە نەك تەنها کارەکتەرێکی کارێکی ئەدەبی بێت کە وێنەی بۆ کێشرا. . . ، بەڵام رۆمانسیەکان بەچاوی شکۆمەندی و رێز سەیری پاڵەوانیان دەکرد ئەمەش هەندێك لە پایەی پاڵەوانی دابەزاند )[٢٨٨] دەکرێ بلێین کارەکتەری شانۆ لە هەموویان چالاکن، بەڵام پاڵەوان لە هەموویان چالاکترە، ئەگەر دژیەك نەبێت لە دەقە چیرۆك ئامێزەکاندا لە نێوان دوو کارەکتەر یان زیاتر ئەوا ڕووداوەکان بەرەو پێش ناچن بۆیە دروست بوونی کارەکتەر یان روونتر بلێین جیاوازی لە بوونیان پێگەیان دەبێتە هۆی ((ململانێ لە نێوان دوو کارەکتەر یان کارەکتەر و کۆمەڵگا کە لێی دەژی یان لە نێوان ئایدۆلۆژیا و ئایدۆلۆژیایەك، لە جیهانی دەرەوە یان

[٢٨٦] ئەحمەد سالار، کورسی و بەها درامیەکان، سەرچاوەی پێشوو، ٢٠٠٩، ل٦٠-٦١

[٢٨٧] قيس عمر محمد، البنية الحوارية في النص المسرحي، ناهض الرمضاني أنموذجاً، مطبعة دار غيداء للنشر و التوزيع، طبعة الاولى، عمان، ٢٠١٢، ل١٤٥

[٢٨٨] د. علي عبدالرحمن فتاح، تقنيات بناء الشخصية في رواية (ثرثرة فوق النيل)، جامعة بغداد، مجلة كلية الاداب، العدد(١٠٢)، ٢٠٠٢، ل٤٧

**له ناوەوەی دەروونی مرۆڤ ململانێ سەرهەڵدەدات، یان ململانێیەکە تێکەڵەیەکە لە جیهانی دەرەوە و ناوەوە. پێشڤەچوون و گۆڕان کارەکتەر دروست دەکات لە ئەنجامی بەشداری و بەرکەوتنی ململانێیەکە ))[289]. کارەکتەری شانۆ( ٣ )ڕەهەندی هەیە ئەوانیش:**

١- **(( ڕەهەندی فسیۆلۆجی ( مادی و جەستەیی )**
٢- **ڕەهەندی سیسۆلۆجی ( کۆمەلأیەتی )**
٣- **ڕەهەندی سایکۆلۆجی ( دەروونی ) ))[290]**

**ئەو ڕەهەندانە زۆر لە ئەنجامی بوونی کێشەو ململانێ و خۆشی و ناخۆشی دا زیاتر بەدەردەکەوێت هەندێك جار ئەو کارە تراژیدیایەی، کە لە شانۆ روو دەدات لە ئەنجامی بەریەککەوتنی تاکە لەگەڵ کۆمەڵگا. نووسەر زۆر جار دێت ئەو ڕەهەندانە بە کردەوەی کارەکتەرەکان پیشان دەدات بۆ ئەوەی خوێنەری شانۆ شارەزای لە حالەتەکانی ( ماددی و کۆمەڵایەتی و دەروونی ) کارەکتەر بن و بزانن لە چ بوارێکی دەروونی و پاڵە پەستۆی ئاینی و کۆمەلایەتی و عورف و عادەت دان.**

## ٣- بەراوردکردنی توخمی کارەکتەر لە داستان و شانۆدا :

**پاڵەوان لە داستاندا کەسێکی نمونەییە، شاعیر لە سەرەتای منداڵیەتیەوە بەشان و باڵی هەڵگوتووە قۆناغ بە قۆناغ گەشەی کردووە هەڵی ژیانی بۆ ڕەخساوە لەگەڵ یارمەتی دەورو بەر و خوداکان و فریشتەکان بۆ پاڵەوان بۆیە توانای ڕادەبەدەریان بۆ دروست کردووە، کەچی پاڵەوان لە شانۆدا بەبێ پێشەکی لە گەیشتن بە قۆناغی کاملی یاخود ئامادەیی پیشان دەدرێت تەنها ئەوەنەبێت بە چەند ئاماژەیەك بۆ رابردوو وا نیشان دەدات کە پاڵەوان بەم شێوەیە پەروەردە کراوە، بەڵام پاڵەوان پشتی بە خۆی قایمە داوای یارمەتی ناکات لە کەسانی تر و خوداکان و فریشتەکان. ئەو رۆڵەی بە پاڵەوانی داستان دەدرێت بە کارەکتەرەکانی تر نادرێت واتا هەموو رووداوەکان لە دەوری پاڵەوان دەسورێنەوە کەسایەتی لاوەکیش بۆ ئەوە دروست کراون تا ڕێگاکانی بەردەم پاڵەوان خۆش بکەن بۆ ئەنجام دانی کاری گەورە.**

[289] د. رشاد رشدی، سەرچاوەی پێشوو، ل٤٤

[290] ابراهيم حمادة، معجم المصطلحات الدرامية و المسرحية، مطبعة الدار المعارف، طبعة الثالثة، القاهرة، ١٩٩٤، ل١٥٦

له شانۆشدا بەهەمان شێوە پاڵەوان تیشکی چاوی خوێنەری لەسەرە کارەکتەری لاوەکیش فەرامۆش نەکراون، بەڵام رۆلیان کەمترە لە کارەکتەری سەرەکی ئەوەی دەبینریٚ کارەکتەرەکانی شانۆ بە ژمارە کەمترن ڕووداوەکان خێرا روو دەدەن و وەسفی پاڵەوانیش زۆر بەکەمی دەبینریٚ گێرەرەوە /نووسەر خوێندنەوە بۆ کارەکتەرەکان ناکات بۆ تێروانینی بەسەرهاتەکان بەڵکو مەبەست ئەوەیە خوێنەر خودی خۆی هەڵسەنگاندن بۆ کارەکانی کارەکتەرەکان بکات. جۆرج لۆکاش دەڵێت ((جیاوازیەکی جەوهەری هەیە لەشێوازی کۆن و نویٚ لە رووی وێنا کردن کە چ کارەکتەرێك نمونەییە لە وەسفی کەسایەتیەکان. . . ،دون کیشوت باشترین کەسایەتی نمونەییە ))[291] پاڵەوانی نمونەیی و مێژوویی لە داستان و شانۆدا هەیە، بەڵام لە شانۆدا نووسەران جەخت لەوە دەکەنەوە پێویستە کارەکتەری نمونەیی هەبێت. لە سەدەی ١٩ نووسەران بە پێویستیان زانی کەوا جۆرە کەسایەتیەکی تر هەبێت لە شانۆ ئەویش (نمطي)یە، کە توشی بەرزی و نزمی دەبێت واتا دەکرێت کۆمیدیش بێت، بەڵام پاڵەوان ناکرێت کۆمیدی بێت. دەکریٚ چەند جیاوازیەك لە نێوانی کەسایەتی لە داستان و کارەکتەر لە شانۆ بکەین بەم شێوەیە :

١- لە داستاندا کارەکتەرەکان زۆرن بۆیە ململانێیەکان لە نێوانی چەند کەسێك دایە، لە شانۆدا ململانیٚ لە نێوان دوو کەس یان چەند کارەکتەرێکی سەرەکی دەبێت، هەندیٚ جار لە نێوان ئایدیایەك و ئایدیایەکی جیاواز دەبێت.
٢- لە داستاندا نووسەر ناچار ناکرێت کارەکتەرەکان کەم بکات، دەتوانرێت هەموو کارەکتەرەکان رۆڵی خۆیان بگێرن، لە شانۆدا نووسەر ناچار دەکرێت کارەکتەر کەم بێت بۆیە رۆڵی زیاتر دەدات بە کارەکتەری سەرەکی و لاوەکی کارەکتەری بیٚ بایەخ و کەم ئیش بەکار ناهێنیٚ.
٣- کارەکتەری لاوەکی سەرەرای پەیوەندی بە کارەکتەری سەرەکی، بەڵام رۆڵی سەربەخۆیی خۆی دەگێریٚ لە جولانەوەو مامەلە کردن لە گەڵ ڕووداوەکان. کارەکتەری لاوەکی پەیوەندی بە هەڵوێستی کارەکتەری سەرەکی هەیە، رێگاکانی بەردەم پاڵەوانی سەرەکی خۆش دەکات وەکو دروستکەری تیمی فوتبۆڵ وایە ئەوەی دەمێنێتەوە پاڵەوانە یان کارەکتەری سەرەکی گۆڵێك بکات.
٤- لەداستاندا ڕووداوەکان لە ئە نجامی پێشینەیەك کە وورده وورده گەورە دەبن و پەرە دەسێنن تا دەگاتە چەقی ڕوودان، لە شانۆدا نووسەر تەنها ڕووداوی شانۆیی دەهێنێتە بەردەم کارەکتەرەکان بۆ ئەوەی وا

[291] عبدالکریم عمرین، الشخصیة نموذجیة في الادب المسرحي، مجلةالحیاة المسرحیة، العدد(٦٧-٦٨)، سوریا، ٢٠٠٩، ل٥٩

دەربكەوێت  راستەوخۆ و باوەربێكراوە، ڕووداوەكانیش پشت دەبەستێ بە شتی لە ناكاو و خێرا.  لە ئە نجامی گەیشتنی هەواڵێك سەرلەبەری هەڵوێستەكانی كارەكتەر پیشان دەدرێن.

٥- گفت و گۆی كارەكتەرەكان باسی هەموو لایەنەكانی ژیان دەكەن لە پاڵ مەبەستەكانی گەیشتن بە( پۆپ )، لە شانۆ گفت و گۆی كارەكتەرەكان چڕ دەكرێتەوە سەر بابەتی شانۆیی، كە شانۆییەكەی لەسەر دامەزراوە.   ئەگەر هەندێ جار دەرچونێكیش هەبێت بۆ ئەوەیە سیمای راستەقینەی ژیان وەرگرێت.

٦- زۆربەی جار پاڵەوانی داستان كەسایەتیەكی مێژووییە لە مێژوو وەردەگیرێن،  لە شانۆدا كارەكتەری سەرەكی  یان پاڵەوان دەكرێ  مێژوویی بن و دەشكرێ جۆرێكی دیكە بن لە جۆی كارەكتەرەكانی ( كۆمەلآیەتی، دەسەلاتدار، ئاینی. . . هتد ).

٧- لە داستاندا پاڵەوان لەسەرەتاوە باس دەكرێ، بەڵام لە شانۆدا لەو كاتەی دەست بە ڕووداوەكان دەكرێ.

**ب-توخمی كارەكتەر لە ڕووی پراكتیكەوە :**

**١-  توخمی كارەكتەر لە داستانی ( مەم و زین ) دا :**

لە داستانی ( مەم و زین )ی تـوحفەی موزەفەریە سێ كارەكتەری سەرەكی هەن یەكیان ( مەم )ە ئەویتر ( زین )ە لەگەڵ ( بەكر بەرگەوەری )، ڕووداوەكە بە یەكتر ناسینی ( مەم و زین ) دەست پێ دەكات و بە مردنی ئەوانیش كۆتایی پێدێت داستانەكەش هەر بەناوی ئەو دوو پاڵەوانە كراوە.  دەست پێكردنی بەیتەكان سەرەتا سێ فریشتە دێنە سەر ڕووی زەوی دێنە سەر كۆشكی ( مەم ) بەمەش سەرەتای دەست پێكردنەكەیە :

(( خالەق! هەر ئەتووی لەسەر هەمووانە

دێنە ڕووی زەمینێ سێ پەری دەتەڕلانە

لەسەر كۆشكی كاكەمەمی، كوڕی براهیم پادشای یەمەنێ دەیاندا سەیرانە ))[٢٩٢]

ئەوەی بۆمان دەردەكەوێ لە گێڕانەوەی داستانی ( مەم و زین )دا زێدەتر باسی ژیان و گەورە بوونی ( مەم ) كراوە نەك ( زین ) ژیان و گەورەبوون و بەخێو كردن و چوونە بەر خوێندن و تا خەون دیتنەكەی گەرچی ئەوە بۆ خاتوو ( زین ) نەكراوە، بەڵام باسی ( بەنگین )كراوە كە لەگەڵ ( مەم ) گەورە دەبێت و هاوتەمەنن.

[٢٩٢] ئۆسكار مان، سەرچاوەی پێشوو، ، ل١٤٥

(بەنگین) یەکێکە لە هاورێی منداڵی (مەم) و نۆکەریتی بەو مانایەی خزمەتکاریتی لە زۆربەی جێگاکان ناوی لەگەڵ ناوی (مەم) هاتووە مام هێمن دەڵێت ((بەنگین لە بەیتەکەدا هاودەمی منداڵی و نۆکەری بەئەمەکی مەمە و ڕۆڵێکی گەورە دەگێڕێ. لەمەم و زینی خانیدا ناوی نییە و گورگینی پیاوی میریش جێگای ئەو ناگریتەوە))[٢٩٣] کەواتە (بەنگین)کارەکتەرێکە یارمەتی (مەم) دەدات هەموو هەوڵەکانی بۆ ئەوەن کەوا پاڵەوان بەربەستەکان ببڕێت سەرەڕای ئەوەی (مەم) بەئەمەك نەبوو لەگەڵ (بەنگین) دایە (بەنگین) دوای ئەو هەموو دەردەسەریەی پشتی (مەم)ی بەرنەدا، بەڵام دیسان گێڕەرەوە وای پیشان نەداوە کەوا (بەنگین) رق هەڵگرێت، بەڵکو تێکۆشاوە بۆ سەرخستنی پاڵەوان و پشتی گرتووە.

پاڵەوان دەیەوێ بگاتە مەعشوقەکەی بەهەر نرخێك بێت باوکی چەند دەڵێ کچی پادشای (میسر، هیندستان، ڕۆژهەلات) گوتی تەنها (زین)م دەوێ دەڵێت :

((دەڵێ :بابە گیان نەمیسرم دەوێ نە شامە
بە کابەتوڵلایە کەم ماڵە خولایە بەیتوڵلامە
دڵی من وای لە یایەزینێ گرتووە مەقامە
لە پاش یایەزینێ حەلاڵی دنیایە لە من حەرامە))[٢٩٤]

کارەکتەرێکی تری لاوەکی هەیە ناوی (ستی)یە خوشکی خاتوو (زین)ە لەو گەورەترە هەمان ڕۆڵی (بەنگین)ی هاورێی( مەم) دەگێڕێت هەوموو هەولێکی بۆ ئەوەیە (زین) دڵی خۆش بیت خاتوو زین گووتی:

(( چارشێوم بۆ بێنن، دەچمە ماڵە قەرەتاژدینی، کن خاتوون ئەستی خوشکم))[٢٩٥]

(بەکر مەرگەوەڕی )کارەکتەرێکی شەرانگێزە ئەویش ئاغایە وەکو (قەرەتاژدین) ئەو ململانێیەی بۆیە لا دروست بوو لەگەڵ (مەم)، چونکە ساتی هاتنی (مەم و بەنگین) بۆ شاری جزیری بە نیازبوون بێنە ماڵی (بەکر)، بەڵام نەچوون وەك هێمنی شاعیر دەڵێت لە ساغکردنەوەی توحفەی موزەفەرییە دا دەڵێت(( بەکر ئەوەی بە سووکایەتی دەزانێ و دەیەوێ تۆڵەی لەمەم و قەرەتاژدین بکاتەوە)) [٢٩٦].

---

[٢٩٣] ئۆسکار مان، سەرچاوەی پێشوو، ل٥٥
[٢٩٤] سەرچاوەی پێشوو، ، ل١٥٨
[٢٩٥] سەرچاوەی پێشوو، ل١٦١
[٢٩٦] سەرچاوەی پێشوو، ل٥٦

مەم گووتی :

(( یایەزین! لەبەر بەکر شەیتانی لێکمان نەدی مراد و کاوە ))[297]

(( بەکر ئاغا دەڵێ:

بەحەقی ئەوەی ساحیب سەفایە

ئەوەی ئەوانە بۆی هاتوون لە ڕووی دنیایە،

نایەڵم هیچ مەقسوود و مرادیان حاسڵ بێ، بەحەقی ئەو خولایە ))[298]

ڕۆڵی کارەکتەر( عرفۆ )لەگەڵ کارەکتەر( چەکۆ ) لە داستانی (مەم وزین )ی تـوحفەی موزەفەریە یەك ڕۆڵ بوو هەردکیان کوڕە ئاغا بوون و هەردوکیان بۆ خوازبینی (زین ) هاتبوون دواتر هەردوکیان وازیان هێنا لە (زین ) بۆ (مەم ) بەهەردوکیان پشتگیری خۆیان ڕاگەیاند بۆیان. عرفۆ دەڵێ:

(( ئەمە سێ برا هەبوون ئەسپ ئاڵە

هەرسێك ساحبی گورز و کەمەند و شیر و مەتاڵە

لاوە! میرمەم هەڵستە بڕۆ یاری خۆت موبارەك بێ، دوامین حەلاڵە

کاکەمەم هەر ڕاوەستا پووشکەی دە عەرزی دەژنی، دەنگی نەکرد ))[299]

دایکی (مەم ) و دایکی (بەنگین ) هەمان ڕۆلیان هەبوو وەك کارەکتەرێکی لاوەکی، کە گێڕەرەوە هیچ ڕۆڵێکی ئەوتۆیان پێ نەدراوە، چونکە هیچ کاریگەریەکیان نەبوو تەنانەت نەیاتوانی کوڕەکانیان ڕابگرن لەو گەشتە دوورە و هەروەها دواهەمین کەسیش بوون هەواڵی ڕۆیشتنی کوڕەکانیان زانی.

(جوتێر )لەگەڵ (کوێخا دەرك ) هەمان ڕۆڵیان پێدراوە، کە کاری قاسید و پێشوازی کردنن لە میوانان.

(مەلەکڕیحان ) کچی (بەکر )ە قەرەواش( بەردەستی ) خاتوو (زینە ) ڕۆلی کارەکتەری ناسەرەکی دەگێڕێت لە داستانەکەدا، بەڵام کارەکتەرێکی چالاکە خۆی داناوە بۆ (بەنگین ) بۆیە خۆی نزیك دەکاتەوە، ئەگەر چی گێڕەرەوە

[297] ئۆسکار مان، سەرچاوەی پێشوو، ل٢١٠
[298] سەرچاوەی پێشوو، ل ١٨٨
[299] سەرچاوەی پێشوو، ، ل١٩٥

چەند ئاماژەیەکی پێداوە، کە کەسایەتیەکی ئاسادەی هەیە بە فرو فێڵە، کە دەڵێ برۆ مالی کا( بەکری ) ئەگەرچی (مەم و بەنگین) هەستیان کرد (بەکر)قەد میوانی رانەگرتینە بۆیە کارەکتەرێکی شەرانگێزو ناسادەیە هەڵوێستەکانی ناڕوونن (مەم) دەڵێت

((تەخسیری من نییە، تەکبیری هەردوکیانی لێکراوە

پیاوی غەریب وەك بازی چاو بەستراوە

گەلێك کەس بە قسەی ژنان تێ شکاوە

لەکنم ماڵە بەکر ئاغای چ میوانی ڕانەگرتووە نانی بەکەس نەداوە))[300]

زین دەڵێ :

(( مەلەك ڕیحان، ئەتوو هاتووی، بە قوماربازی دەگری

ئەتوو نازانی، چاك نابی، چونکە لە ئەولادی بەکری؟))[301]

کارەکتەرێکی تر (کۆنە وەزیر) ڕۆلێکی کەم دەگێڕێ، بەڵام زانیاری زۆرە لەسەر شاری جزیرێ چەند ساڵێکە بەند کراوە برایم پادشا دەیهەوێ بیخاتە قسە و زانیاری لێ وەرگرێ هەویش چەند زانیاریەکی کەم دەدات و ڕۆڵی نامینێت بەمەش (کۆنە وەزیر) ناوی ڕەسەنی نییە چونکە بەر لە ڕووداوەکە بەهۆیەکی نادیار دەستگیر کرابوو.

کارەکتەرێکی تر هەیە (برایم پادشا)ی یەمەنیێ، کە ڕۆڵی کارەکتەری لاوەکی دەگێڕێ و باوکی (مەم)ە خاوەنی دەسەڵاتێکی زۆرە حوکمی جزیریش دەکات واتا جزیر سەر بەیەمەنە، نەیتوانی شتێك بکات بۆ (مەم)، کە نەهێڵێت بڕوات بۆ جزیریو هەروەها نە توانی ڕۆڵی هەبێت لە بەیەك شاد کردنی (مەم و زین) تەنیا ئەوە نەبێت حوکمی زۆر بوو برایم پادشا فەرمان بە بەوەزیر و گەورە پیاوان دەکات و دەڵێت:

((وەکیل وەزیری موحتەبەرن

دەخیل و بم وەرن گەنج و خەزێنەی بۆ کوڕی من بەرن

وەکیل و وەزیر لەوێندەرێ ڕاوەستاوە

[300] ئۆسکار مان، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٨٣-١٨٤

[301] سەرچاوەی پێشوو، ل٢١٥

دەڵێن قوربانت بم برایم پداشای تەواوە))[٣٠٢] .

ڕۆڵی (ویسەلقەرەنی)/ماهی دەشتیٚ ڕۆڵی چاوساغ و پیاو چاك دەبینیٚ، کە ڕێگا پیشانی (مەم و بەنگین)دەدات تا بگەن بە شاری جزیری ڕۆڵەکەی تەنیا لەم نێوانی یەمەن و شاری جزیریٚ بەدەر دەکەویٚ دواتر تەواو دەبێت بەمەش دەبێتە هاوکارێکی پاڵەوانی داستان بۆ ڕایی کردنی ئیش و کارەکانی بۆ گەیشتن بە ڕووداوە گەورەکە هەر نەوەکەشی مانگی دەشتە بۆ ڕووناك کردنەوەی شەوی تاریك لێرەدا ناوەکەو ڕەفتارەکەی وەکو یەك بوون، بەڵام چ کاتێك بەیدا بوو دوای پاڕانەوەی (مەم و بەنگین) لە بەرخودای گەورە دواتر ویسەلقەرەنی پەیدابوو:

((ویسەلقەرەنی ماهیدەشتیٚ دەیکردن قوتارە

بۆ شاری جزیریٚ دەچوونە خوارە))[٣٠٣]

کارەکتەرێکی تر هەیە بە ناوی (ماموٚستا/مەلا)ی (مەم و بەنگین) لەگەڵ دەست پێکردنی ڕووداوەکە ناوبانگی نەما، لەبەر ئەوەی تەنیا بۆ ئەوە ئامادە کرابوو کەوا (مەم و بەنگین)مندال لای ماموٚستاکەیان دەخوێند داوایان لە ماموٚستا کرد ،کە بێنە دەرەوە لەم خانووە چەند ساڵە لە ژوورەوە نەهاتوونەتە دەر ماموٚستا پەروەردەی ئەوانی دەکا ماموٚستا دەلێت ((ڕۆلەینە! خەتای من نییە.حوکمی براهیم پادشایە.براهیم پادشای هەموو یەمەنێیە،گەورەی هەر چوار پادشایانە))[٣٠٤] خوێنەر بزانێت کەوا پاڵەوان خاوەنی مەعریفەیەکی زۆر بوو لەلایەنی ئاینی و زانستی ئەوەی تووشی بووە ڕووداوێکە نە دروست بوونی نە کۆتایی هاتنی بە دەستی پاڵەوان بوو، بەڵکو لەسەرووی توانای پاڵەوان بوو. ئەوەی ماوە ئاماژەی پیٚ بکەم ئەوەیە زۆر لە داستانەکانی میللەتان کارەکتەرەکان یان ئەوەتە سەردەکەون یان سەریان تێدا دەڕوات ئەوا خودا بڕیاری لیٚ دەدات و چارەنووسیان دیاری دەکات. پاڵەوانەکانیش سڵ ناکەنەوە لە پێشهاتەکان ئەوەی (مەم)یش کردی کۆڵ نەدان بوو بۆ گەیشتن بە خۆشەویستەکەی تەنانەت دەست بەرداری هەموو کەسێك و کار و تەنانەت هاورێیەکەشی بوو تەنیا بۆ ئەوەی بە مەعشووقەکەی بگا.

ڕۆڵی کارەکتەرەکان لە داستانی (مەم و زین)ی توحفەی موزەفەرییە هەندێکیان لەسەرەتاوە بەردەوام بوو تاکۆتایی وەك (مەم و بەنگین) هەندێکیشیان بە پێی پێشهاتەکان ڕۆڵیان پیشان دەدرێت دواتر بزر دەبن هەندێکیان

---

[٣٠٢] ئۆسکار مان، سەرچاوەی پێشوو، ، ل١٧٠

[٣٠٣] سەرچاوەی پێشوو، ل١٧٧

[٣٠٤] سەرچاوەی پێشوو، ل ١٤٣

نایەنەوە وەك( وەیسەلقەرەنی )، هەندێکیشیان ناوە ناوە دێنە ناو ڕووداوەکە دواتر ون دەبن وەك بڵێی سڕ دەکرێن نموونە (برایم پادشا ) لە دوای گەشتەکە بۆ شاری جزیرە سڕ کرا تا مردنی (مەم ) دواتر دیسان دەرکەوتەوە هەندێکیشیان لە کۆتایەکە دەرکەوتن، بەڵام لە هەڵوێست و جوامێری پیاوەتیان کەمی نەکرد وەکو ( چەکۆ، عرفۆ )، کەچی ( برایم پادشا )هەڵوێستی سەرەتا نادیار بوو وەك فێڵێن کاروانە سەربازیەکەی، کە یاوەری ( مەم و بەنگین )یان دەکرد گەڕاندەوە بۆ یەمەن نەیویست لەگەڵ( مەم ) بن، بەڵام دوای مردنی هاتە شاری جزیریٚ بۆ تۆڵە کردنەوە لە میرزێندین دیسان گێڕەرەوە وای پیشان نەداوە کەوا پادشا خراپەی کردووە نەچووە شاری ( جزیرە ) قەرەتاژدینی کردە میری جزیریٚ و سەرێکی لە قەبری ( مەم و زین ) دا. ( سیٚ خوشکە پەری )ەکە رۆڵی چەخماخەی هەڵگیرسانی ڕووداوەکە دەبینن بە هەڵگرتنی ( زین )لە جزیرە بۆ یەمەن بۆ لای ( مەم ) و دەست پێکردنی ڕووداوەکە، کەواتە ڕۆلیان تەواو دەبێت بەو کارەیان وەکو کارەکتەرەکانی تر.

ناونانی داستانەکە بەناوی کارەکتەرەکان ( مەم و زین )بنیاتنراوە، ئەمەش نیشانەی گرنگی دانە بە گەورەیی کارەکتەرەکە ( مەمی ئالان )یش وەك نموونەی ئەو دەقانەیە، کە ناوبانگی گەورەیان هەیە وەکو کارە بەناوبانگەکانی ( ولیەم شکسپیر ) وەك ( ماکبێس، و هاملێت، شاییر ) (( ئەو دەقە شانۆیانەی بایەخ بە ڕووداو و هەڵوێست دەدات زیاتر لە کارەکتەر کەمتر بە زیندوویی دەمێنەوە لە دوای سەردەمی نووسینەوە ))[٣٠٥] داستانی ( مەم و زین )ی توحفەی موزەفەرییە کەمتر گرنگی بە هەڵوێستی پاڵەوانەکان دەدات وەك لەسەرەوە ئاماژەم پێدا کە ( مەم )دەست بەرداری هاوڕێیەکەی بوو بۆ ( میر زێندین )، هەروەها ڕووداوی دروست بوونی داستانەکەش پڕاو پڕە لە خەیاڵ، ئەمەش ئەوە دەگەینیٚ کەوا داستانی ( مەم و زین )ی ئۆسکارمان زیندووە تەنیا ئەوە نەبێت چاکتر بوو داستانەکە بە ناوی ( مەمی ئالاَن )بوایە، چونکە فۆلکلۆریە دەقە فۆلکلۆریەکانیش هەر بەو ناوە هاتووە.

٢ – توخمی کارەکتەر لە شانۆی ( مەمی ئالان ) دا :

شانۆی ( مەمی ئالان ) لە چوار ئەکتەر پێکهاتووە ( مەمی ئالان، لەوەند هەڤاڵی مەمۆ، چاورەش دایکی مەمۆ، غەزال خێزانی مەمۆ ) پاڵەوانی سەرەکی شانۆ ( مەمۆ )یە، پاڵەوان جولانەوەی بەرفراوانە هەم لە ماڵی خۆی چالاَکی هەیەو جموجۆڵ دەکات و هەم دەڕواتە دەرەوە بۆ مەسەلەی خۆبەخت کردن لە پێناو ئاین و وڵات پەیوەندیەکی پتەوی هەیە لەگەڵ هەموو کارەکتەرەکانی تر. هەموو کارەکتەرەکان یەکتر دەناسن لە چوار چێوەی خێزانێك کۆدەبنەوە

[٣٠٥] یاسین ڕەشید حەسەن، ناوەڕۆك و تەکنیکی درامای کوردی ( ١٩٩٧-٢٠٠٢ )، نامەی ماستەر، زانکۆی سلێمانی، کۆلێژی زمان، ٢٠٠٤، ل١٢٢

بگره کارەکتەر (لەوەند) ی هاوڕێی (مەمۆ) زۆر لە ناو خێزانی (مەمۆ) دەبینرێت. ئەو کارەکتەرەی کە ناویشیان هاتووە، بەڵام ناخرێتە بەر چاو تەنیا ناوی دەهێنرێت و باسی دەکرێت، (میری هەکاری)یە.

تەواوی ڕووداوەکان لە دەوری (مەمۆ) دەسوڕێنەوە، کە باس لە قارەمانییەتی (مەمۆ) دەکات چویتە شەر لە دژی مەسیحیەکان دوای ئەوەی هەفتەیەکە هاوسەرگیری کردووە، بەڵام ئەمە نەبووە بەر بەست لە چوونی بۆ شەر. جگە لە جولانەوەی پاڵەوان و کارەکتەرەکان هیچیتر لە ژیانیان نازانین تەنیا ئەگەر نوسەر بە هونەریەوە ئاماژەی پێکردبێت. (چاورەش ) دایکی (مەمۆ)یە وەك ژنێکی ئازاو بەجەرگ دەردەکەوێت لە دەقی شانۆی (مەمی ئالان) دا رازی بوو بەوەی (مەمۆ) بچێتە شەر، بەڵکو هاوکاریەکی باشی کرد بۆ ئەوەی سەری ئایین و وڵات بەرز بێتەوە دەردەکەوێت ژنێکی خانەدان و بە بڕوا بێت، (مەمۆ) کاتێك داوا لە دایکی دەکات شیری خۆی لێ حەلال بکا، واتا گەردەنی ئازا بکا ئەویش دەلێ((کورمی!دەرییا دینی خو و دەرییا ولاتی خودا اکر ازنە حلال نەکم،خدی ژ من حلال ناکت اگر تو ئیرو نەچی سبی دژمن دبیتن،))[306] هۆی کوشتنی (مەمۆ)ی کوڕی لە نەناسینەوەی بوو پاشانیش نووسەر نەیویستووە خوێنەر رقی لەو کارەکتەرە ببێتەوە وای پیشان داوە، کە ویستوویەتی شەرەفی خێزانەکەی بە پاکی رابگرێت ئەو بۆشاییە پڕ بکاتەوە لە ئە نجامی نەبوونی پیاو دروست دەبێت لە ماڵ.

(غەزال) ئەکتەرێکە ژنایەتی خۆی بە پاکی دەکات، داوا لە (مەمۆ) دەکات نەچێتە خەزا، ئەویش لەگەڵ خۆی ببات بۆ ئەوە نییە ببێتە بەر بەست لەسەر ڕێگای هاوسەرەکەی، بەڵکو نووسەر وای پیشان داوە کەوا زۆری (مەمۆ) خۆشویستووە و بووکی هەفتەیەکە پێی باشە لەگەڵی بچێتە جەنگ، چونکە پێی وایە لەم شەڕە دەمرێت ڕەنگە نەیێتەوە دواتر چی بکات لە دوای مردنی (مەمۆ)

((وەکی تو چوی پاشتە از دی چبکم ما ممکنە ژنا من...وەکی

تو چووی، روحا مژی دچت من دگل خوە ببە؟..))[307] تا هاتنەوەی (مەمۆ) لە شەر دوای ساڵێك ئیدی هەر چاوەڕێی کرد و پاکیەتی خۆی نەدۆڕاند.

(لەوەند) هەڤاڵی (مەمۆ)یە کارەکتەری لاوەکیە کەم دەردەکەوێت لەسەر شانۆ تەنیا لە مەجلیسی دووەم لە پەردەی یەکەم دەردەکەوێت ئەمەش لە چاو ئەکتەرەکتەرەکانی تر زۆر کەم تیشکی دەخرێتە سەر لە مەجلیسی دووەم لە دەرگا دەداو زانیاری هەیە لەسەر خۆ ئامادەکردنی( مەمۆ) بۆ خوا حافیزی لە دایك و خێزانی ئەویش خۆی ئامادە

---

[306] ع. ر. هەکاری، سەرچاوەی پێشوو، ١٩١٩، ژ(١٥)،ل٢٢

[307] سەرچاوەی پێشوو، ه،ژ،ل٢٤

**کردووە یاوەری ( مەمۆ ) دەکات زانیاری نزیك بوونەوەی وادەی دەرچوونی کوردانی هەکاری و سەرحەد بۆ چەنگ دژی فەلان/مەسیحیەکان ( لەوەند ) دەڵێت (( ایروکە مروڤك ژ باشگالان هاتی یە کو میر حتی جولەمرگی چویە لازمە دوی هفتی یی ام برهو ببنە جولەمرگی ))[308].**

**نووسەر مەبەستی سەرەکی لە پیشاندانی هەڵویستی کارەکتەرەکان بەم شێوەیە دەیەوێ بوارە دەروونی و کۆمەلأیەتی تاکی کورد پیشان بدات و بیرو باوەری کورد بەرامبەر بە پێشهاتەکان، کە ڕەنگە ئەوە کپ کرابێت یان قسەی لەسەر نەکرابێت لە مێژوودا، کە کورد بەشداری پێنەکرابێت لە بەرگری کردن لە ئاینی ئیسلام تەنها سەرکردەیەك دەرکەوتووە بە ناوی ( سەلاحەددینی ئەیوبی ) وەکو کورد خۆی نەناساندووە، بەڵکو وەکو ئیسلام خۆی ناساندووە.**

**٣ – بەراوردکردنی توخمی کارەکتەر لە داستانی ( مەم و زین )و شانۆی ( مەمی ئالان ) دا:**

**١- لە داستان( مەم و زیندا ) دا لەبەر ئەوەی فرە ڕوداوە ( ١٨ ) کارەکتەری مرۆڤی تێدایە لەگەڵ ( ٣ ) پەری خودا، لە شانۆی ( مەمی ئالان )دا تەنیا ( ٤ ) ئەکتەری تێدایە**

**٢- ناویکارەکتەرەکان زۆربەیان یان ناوێکی عەرەبیە وەکو( زێندین، وەیسەلقەرەنی، مەلەکرەیحان، براهیم پادشا، بەکر ) یان مۆرکی تورکی پێوەیە ( قەرەتاژدین ) یان کوردیە ( ئەستی )، لە شانۆ دا تەواوی ناوی کارەکتەرەکان کوردین ( مەمۆ، لەوەند، چاورەش، غەزال )**

**٣- لە داستانەکە دا لەسەرەتای ژیانی باسی ( مەم و زین )ی پاڵەوان دەکرێت تا دەمرێت، لە شانۆی ( مەمی ئالان )دا باسی ژیانی پاڵەوان نەکراوە.**

**٤- کارەکتەری داستانی ( مەم و زین ) بە دوای چەندین کارن چگە لەوەی کارەکتەرەکان هەر یەکەو بە نۆرەی خۆی گوزارشت لە کۆمەڵێك چین و توێژ دەکات لە کۆمەڵگا، هەموو تیشکەکان بۆ پاڵەوانن، کە چۆن دەجولێتەوە و هەنگاوەکانی بەرەو کامە ئاراستە دەڕوات و توانای جەستەیی و عەقلی پیشان دەدات بەرامبەر بە پێشهاتەکانی، کە تووشی ببوو لە ئەنجامی گەڕان بە دوای ( زین ) و دۆزینەوەی و هەوڵدان بەگەیشتن بە خۆشەویستەکەی. لە شانۆ( مەمی ئالان )دا هەوڵی پاڵەوان بۆ ئەوەیە سەر بەرز بێت بەدوای ئارەزووی خۆی ناکەوێت، بەڵکو بە خۆشەویستەکەی گەیشتووە ئەوەی دەیەوێ ئەنجامی بدات ( خەزا )یە لە دژی بیرو باوەرێك دژی ئاینەکەی خۆیەتی بەر یەك کەوتنەکان لە رووی ئایدیایەوەیە نەك ئارەزوو.**

---

[308] ع. ر. هەکاری، سەرچاوەی پێشوو، ژ ١٥، ل٢٤

**بەشی سێیەم :هونەرەکانی گێڕانەوە لە داستان و شانۆدا :**

گرنگی هونەرەکانی گێڕانەوە هیچی لە هونەرەکانی تر کەمتر نییە، چونکە بەبێ بوونی هونەر لە گێڕانەوەی بەسەرهاتەکان هەست دەکرێت کەلێنێکی گەورە فەرامۆش کراوە ناتەواو دیار دەبێ ناتوانرێت دیمەنەکانی ڕووداوەکە بهێنرێتە بەر چاوی خوێنەران و خوێنەر بخەیتە ژێر کەشی بەسەرهاتەکان.

**تەوەری یەکەم: هونەری وەسف لە داستان و شانۆدا :**

أ- هونەری وەسف لە رووی تیۆریەوە :

شاعیر /نوسەر مافی خۆیەتی ئەوەی لە گەردوون هەیە بتوانێ وەسفیان بکات و وێنایان بکێشێ، کە تاچەند کاریگەریان لە سەر هەیە، چونکە ئەوەی هەستی پێ دەکات لە ژیانی بە پێنج هەستەکانە گوزارشتی لێوە دەکات. بەم شێوەیەش خەڵکی ئاسایی ناتوانن وەسفی مانایەك لە ماناکانی جوانی بکەن، شاعیر تەنها بە وەسفی جوانی ناوەستێت، بەڵکو لە زۆر روانگەوە وەسف دەکات. هەر شاعیرەو بە جۆرێك لە کەل و پەل و شتەکانی دەوروبەری دەدوێ و کاریگەری لەسەر شاعیر هەیە ئەویش بە زمانی شیعریەت گوزارشتیان لێوە دەکات ڕەنگە شاعیرێکی تر بە هەستێکی تر لە کەل و پەلەکان بدوێ. هەندێ جاریش شاعیر زیاد لە پێویست وەسف دەکات لەراستی شتەکە دور دەکەوێتەوە بەرگێکی تری چگە لەبەرگی خۆی لەبەر دەکات. (ئیبن رەشیق ئەلقیروانی) لەبارەی وەسفەوە دەلێت ((وەسف لە بنەرتدا بریتیە لە دەرخستن و ئاشکرا کردن))[٣٠٩] پێ وایە شاعیر وێنەیەکی مادی لە جیهانی دەرەوە دەگۆرێت بۆ وێنەیەکی ئەدەبی بەهۆی زمان و جوانی و دروست کردنی شێواز بۆ دەربڕین (( وەسف رەنگێگە لە ڕەنگەکانی وێناکردن بە شێوەیەکی دارشتن کەل و پەلە هەست پێکراوەکان پێشکەش دەکات))[٣١٠] وەسف بەشێکە لە مەنتقی مرۆڤ، لەبەر ئەوەی دەروون پێویستی بەوەیە ئاشکرا بکرێت لە ناخەوە نەمینێتە دەریبرێت بە ئاشکرا کردنی شتە ڕەنگ خواردووەکان لە دەروونی شاعیر بە وەسف دەکرێت، ئەمەش ناکرێت تەنها بەرۆڵی راستەقینە نەبێت.

زۆر زەحمەتە پارچەیەك لە دەقی گێڕانەوە ببینینەوە خاڵی بێت لە وەسف، بوونی وەسف لەگێڕانەوەدا کاریگەریەکی راستەوخۆی هەیە بۆ بنیاتی کەسایەتی، هەروەها کاریگەری ناراستەخۆش دەکات لە بەرەوپێش

[٣٠٩] هبة ابراهيم منصور اللبدى، الوصف في الشعر الملك الاندلسى يوسف الثالث، رسالة ماجستير، جامعة النجاح الوطنية، كلية الدراسات العليا، ٢٠١٢، ل١٠

[٣١٠] .د. نبهان حسون السعدون، د. يوسف سليمان )، الحوار القصة القرأنية قصة موسى( عليه سلام )أ نموذجاً مجلة الا بحاث، كلية التربية الاساسية، جامعة الموصل، المجلد( ٧ )، العدد( ٤ )،٢٠٠٨ ، ل١٠٦

بردنی ڕووداو. ئەو پەیوەندیە بە هێزەش لە نێوانی وەسف و گێڕانەوەدا هەیە بۆ ئەو ئیش و کارانە دەگەڕێتەوە کە هەردوکیان ئەنجامی دەدەن لە ناو چیرۆکەکەدا، وەك کار کردن لەسەر ڕاگرتنی زەمەنی گێڕانەوەی چیرۆك و هەڵپەساردنی ڕێرەوەکانی چیرۆك بۆ ماوەیەك پاشان دەرچوونی بەو مانایەی کە زەمەن کاری خۆی بکات لە گێڕانەوەی چیرۆکدا بەبێ وەسف. بەم مانایە بێ وەسف دەبێتە(( یارمەتی دەری گێڕانەوە نەك شوێن گرەوە و ئیش و کاری گێڕانەوە بکات، بەڵکو سوود بەخشە بۆ گێڕانەوە و بەرەو پێش بردنی ڕووداو))[311]. لە پەیوەندی هەبوونی وەسف بە گێڕانەوە زۆربەی جاران پەیوەندیەکە دروست لە نێوانیان دا هەیە ئەو پەیوەندیەش هەست پێنەکراوە یان نییە لە کاتێك کە خوێنەر بە خێرای چاو بخشێنێ بە دێرەکان و ووشەکان و دەربازی ببێت.

هەموو گێڕانەوەیەك لە دەقە چیرۆك ئامێزەکاندا کردارو ڕووداوی تێدایە، کە گێڕانەوەی لێوە دروست دەبێت. لەلایەکی ترەوە نمایش یاخود پیشاندانی کەل و پەل و کەسایەتیەکان بەرێگای وەسف دەکرێت. دەکرێت دەقێك بدۆزینەوە کە تەنها وەسفێکە مەبەستی پیشاندانی کەل و پەل لە سنوری شوێنێك بکرێت بێ ئەوەی هیچ پەیوەندی بە ڕووداوەوە هەبێت، دابرابێت لە زەمەن، بەڵام گێڕانەوە بەبێ وەسف زەحمەتە بدۆزرێتەوە. دەکرێت بڵێین وەسفێك بەبێ گێڕانەوە ئاسانترە لە گێڕانەوەیەکی بێ وەسف. گێڕانەوە پێویستی بە وەسفە وەسفیش لە ژێر ڕکێفی گێڕانەوە دایە، بۆیە وەسف سوودی زۆری بۆ گێڕانەوە هەیە، وەسف ڕازاندنەوەی دەقی چیرۆکە تەواوکەری بنەرەتی بەرهەم هاتنی قۆناغەکانی گێڕانەوەیە، بەتایبەت لە حیکایەتە ترسناکەکان و داستانە مەزنەکان. کە ڕووبەرێکی زۆری وەسفەکە دادەپۆشێ. وەسف دەقە نووسراوەکان بە جولە دەخات لەبەر چاو.

وەسف کارەکتەر و شوێنی ڕووداوەکان و کەل و پەلی پەیوەستدار بە پاڵەوان دەردەخا و کاریگەری هەر یەکەیان لەسەر ڕەوتی گێڕانەوە دەبێت، هەندێ جاریش بۆ جوانکاری دەق بەکاردێنێت، کە ڕازاندنەوەی ڕستەکان و دەستەواژەکان و هەندێ جاریش دووبارە بوونەوەیان ئاوازێکی خۆش بە دەق دەبەخشێت.

هەندێك جاریش وەسفی پاڵەوان دەکات لەو حالەتەکی کە ئێستا تووشی بووە لەگەڵ ڕابردووەکەی کە لە چ ژیانێك دابووە لێرەدا دەبێتە وەسفێکی بەراوردکاری بۆ هەڵوێستی پاڵەوان لە نێوان دوو دیمەن دا. وێنەی دوو دیمەن کێشان لە دوو ڕووداو دا یان لە دوو هەڵوێستدا جیاوازی لە نێوان وەسف و لێکچوون دا بەدیار دەخات (وەسف گونجاوترە لە گەڵ لێکچواندن، . . . ، جیاوازی نێوان وەسف و لێکچواندن ئەوەیە وەسف هەواڵێك لەبارەی حەقیقەتی شتێك دەدات، لێکچواندن مەجازی و ڕۆڵ بینینە)[312] ئەم لێکچوونەی نێوان دوو دیمەن دەکرێت

[311] د. نبهان حسون السعدون، سەرچاوەی پێشوو، ٢٠٠٦. ل١٠٦

[312] هبة ابراهیم منصور اللبدی، سەرچاوەی پێشوو، ٢٠١٢. ل١١

سەرەتـایترین وەسفە،  کە شاعیران وەسفی دەورو بەریان پیٚ دەکەن، شێوەیەکی تری وەسف وەسفی ئایدیایە یان بوارە دەرونییەکەی کە پێیدا تێدە پەڕیٚ یان ئەو سۆزەی کە هەیەتی، لێرەدا شاعیر پەنا نابات بۆ وەسفی بەراورد، بەڵکو پێی دەڵێن وەسفی مادی.  ( جیفری لیچ ) جۆرەکانی وەسف دابەش دەکاتە سەر (( وەسفی مادی و تەجریدی و، وەسفی خودی و بابەتی ))[٣١٣].

شێوازێکی تری وەسف کە لە لایەن شاعیرانەوە پەیڕەو دەکرێت وەسفی ویژدانییە، کە بەبەرچاوترین قۆناغی وەسف هەژمار دەکرێت، ئەو دیاردە هەست پێکراوانەی دەوروبەری دەگوازێتەوە بۆ ناخی ویژدانی، لەم بارەیەوە بابەتێکی نوێی لیٚ دروست دەکات، کە ئەم شێوازەیان کاریگەری بەهێزی لەسەر دەمارەشانەکانی شاعیر دروست دەبێت.    شاعیر هەستیاری بەرامبەر دیاردەکانی سروشت دروست دەکات یان لە مەودای جوولانەوەی دا. بەمەش پرسیار لە کێشەو دیاردەکان دەکات ئەو پرسانەی، کە لە گەردوون و ژیان دەکرێت.  ئەمەش وا لە شاعیر دەکات هەندیٚ جار پێبکەنیٚ و جاروباریش بگری، وەك ئەوەیە وەسفی خودی خۆی دەکات لەو شتانەی کە باسیان دەکات.

بەشێوەیەکی گشتی کردنی دیاردەو کەلو پەلەکان بە دوو شێوەیە وەسف ((١- وەسفی وەستاو ٢- وەسفی جولاو )[٣١٤] بەمەش دوو ئەرکی گرنگی وەسفمان بۆ دەردەخات ئەویش وەسف کردنی کەلو پەلەکان و شوێن و قەد و قافیەو جوانی پاڵەوان و کارەکتەرەکانی ناو دەقە، ئەوی دیکەیان دروست کردنی ئاوازی گێڕانەوەیە و بە تێپەرینی بەسەر توخمەکانی کات و جولانەوە لە شوێنە جیاوازەکاندا.

( د. ئامینە یوسف ) کاری وەسف کردن لە دەقدا بە ( ٣ ) ئەرك باسیان دەکات:

١ – ( ئەرکی جوانکاری و رازاندنەوەی دەقە بەهۆی بەلاغەت و کە ئەمەی بە ئەرکی کۆنی شاعیران داناوە لە گێڕانەوە.

٢- ئەرکی شیکردنەوە دەبینێت کە راڤەی رەهەندەکانی دەرونی و رەفتارەکانی کارەکتەر دەکات.

٣- وەسف ئەرکی راکێشانی خەیاڵی خوێنەر دەبینێت.  )[٣١٥]

مەبەستی راستەقینە لە وەسف کردندا ((چەسپاندنی ئەو دیمەنانەیە لە بیر و هۆشی خوێنەردا، کە بایەخیان لە چیرۆکدا هەیە، وەك وەسف کردنی ئەو شوێنەی دەبێتە شانۆی کارەسات و ڕووداوەکانی چیرۆکە کە. یا

[٣١٣] سەنگەر حاجی، سەرچاوەی پێشوو، ٢٠٠٧. ل١٤٦

[٣١٤] ئەردەلان شوکر سابیر، تەکنیکی گێڕانەوە لە رۆمانەشیعریەکانی (شێرکۆ بێکەس)دا، نامەی ماستەر، زانکۆی سەلاحەددین، کۆلێژی زمان، ٢٠٠٩. ل١٠٢

[٣١٥] د. امنة یوسف، تقنیات السرد في النظریة والتطبیق . مطبعة المؤسسة العربیة للدراسات و النشر، الطبعة الثانیة، بیروت، ٢٠١٥، ل١٤٣-١٤٤

دیمەنێکی ئەوتۆ کە کارێکی گەورە بکاتە سەر ئەنجامەکەی))[٣١٦]. لە وەسف کردنی شوێندا شاعیر ووشە دروست دەکات لە دەقدا بە هۆی خەیاڵ، ئەگەر وێنەی شوێنەکە داهێنەرانە بێت هونەری تر بێت، ئەو وێنەیە نزیکترە لە وەرگرتنی زهنی، واتا هەست پێکردنی هەستیە، کەواتە ئەو شوێنەی گێرەرەوە/شاعیر دروستیکردووە بەرێگای زمان جیاوازە لەو شوێنە ریالیستیەی کە هەیە.

شوێن لای ئەرستۆ تالیس دەبێتە (٢) جۆر :

١- ((گشتی : ئەو شوێنەیە کە هەموو تەنێکی لێبێت.

٢- تایبەت: ئەو شوێنەیە کە تەنیا لای تۆ هەیە، لە تەنێك زیاتری تێدانییە لە یەك کاتدا))[٣١٧]. (د. ئامینە یوسف) وردتر قسە لەسەر وەسف دەکات دەیکات بە (٢) جۆر:

١- (وەسفی بابەتی :ئەم جۆرە وەسفەیە پەیوەندی بە گێڕانەوە راستی بابەتەکەوە هەیە، کە گێڕانەوەی لەسەر بنیادنراوە، یارمەتی دەدات بۆ ناسینەوەی شوێنەکان و ناسینی چینی کۆمەڵایەتی و کەسایەتیەکانی ناو چیرۆکەکە.

٢ – وەسفی دەروونی : ئەمەیان پەیوەندی بە تەوژمی هۆشەوە هەیە بەتایبەتی، کە کاریگەری لەسەر ناخی کەسایەتیەکان و رەهەندی دەروونی و رەفتارەکانی هەبێت. )[٣١٨]

نووسەران گەلێك لە بارەی وەسفەوە دواوون بەستوویانەتەوە بە زۆربەی توخمەکانی تری گێڕانەوە دەتوانین بلێین، کە گێڕانەوەی بابەتی وەسفی دەرەوەی شتەکان دەکات، کەچی وەسف دیوی ناوەوەی شتەکان دەکات.

(د. حمید لحمدانی ) پێی وایە ئەو یاسایەی، کە گێڕانەوە دەچێتە ژێر باڵی جیاوازە لەوەی وەسف، بۆیە زەحمەتە لە رووی پراکتیکیەوە بە وردی قسەی لەسەر بکرێت دوو نمونەی (جیرار جینێت ) دەهێنێتەوە لە پەیوەندی وەسف و گێڕانەوەدا((١- خانوویەکی سپی سەقفێکی پر لە تابلۆ، ودوو گلۆپی سەوز ٢- پیاوێك بەرەو مێزەکە هات و چەقۆکەی هەڵگرت لە نمونەی یەکەمدا وەسفێکە بێ دیاری کردنی زەمەن و بێ جولەیە، لە نمونەی دووەم سەرەرای دوو کردار کە (هات و هەڵگرتنە )ئەمەش جولەی تێدایە، بەڵام مێز و چەقۆ مۆرکی وەسفیان هەڵگرتووە چونکە جێگایان دیاری دەکات))[٣١٩]. لێرەدا دەتوانین شتێك بلێین کە بەرچاوترین شت لە وەسف و گێڕانەوەدا ئەو شتانەیە دەکرێت بەبێ جولە و کردار بن، بەڵام جولە بەبێ کەل و پەل و شت نابێت. ((گێڕانەوە بەر لە

---

[٣١٦] ئەردەلان شوکر سابیر، سەرچاوەی پێشوو، ل١٠٠

[٣١٧] الدكتورة خالدة حسن خضر، المكان في الرواية الشماعية للروائي عبدالستار ناصر، جامعة بغداد، مجلة كلية الاداب، العدد(١٠٢)، ٢٠٠٢، ل١١٦

[٣١٨] د. امنة یوسف، سەرچاوەی پێشوو، ل١٤٤

[٣١٩] د. حمید لحمدانی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٧٨

هەر شتێك لەگەڵ ڕووداو گەشە دەكات ڕووداویش پشت دەبەستێت بە كردار، كرداریش بەرەو پێش ناچێت بەبێ ئاوازی وەسف، كە ڕووناكی بەردەم گێڕەرەوەیە ))[320]

**١- هونەری وەسف لە داستاندا :**

وەسف لە داستان ئاسانترینی ئەو جۆرە وەسفانەیە كە شاعیر پەیڕەوی دەكات، لەبەر ئەوەی داستان بە زمانێكی سادە دەنووسرێتەوە و بۆ گشت دەنوسێ ئەو گوزارشتە و پەیڤانەی كە بەكاریش دێت زۆربەی خەڵك لێی تێدەگەن. شاعیر خۆی بە دوور دەگرێت لە وەسف كردنی بابەتی و بەهۆیەوە شیكاری پاڵەوان و هەوڵوێستەكانی بكات، كە لە ڕووی واتایەوە چەند ڕەهەندی جیاوازی هەیە. شاعیر وەسف بۆ ئەوە لە داستان ناكات، كە وەسفی قورس و مێشك ماندوو دەكەن، بەڵكو وێنەیەكی ڕووداو كەسایەتیكە بەهۆی وەسفەوە بە ئاسانی دێنێتە بەر چاو لە كاتی خوێندنەوەدا (ئەبو هیلال عەسكەری) دەڵێت ((زۆرترین مانا بۆ وەسفكراو دەدۆزێتەوە، تاوەكو وای لێدێت وەسف كراو بە چاوانی خۆت ببینی))[321] .

شاعیر لە داستاندا یەكجار زۆر وەسف بەكار دێنێت تا ئەو وێنەیەی ئەو سەردەم و شارەزابوون لە دەسەڵات و ژیانی سەردەمی پاڵەوان بە دیار بخات و عادەت و خۆرەوشتی كۆمەلایەتی بەدیار بخات ((وەسف پەیوەندی بە ویژدانەوە دەبێت كاتێك، كە وەسفی سروشتی هێمن و دیمەنە جیاوازەكان دەكات))[322] وەسفكردنی تەختەو پلەو پایەی پادشایەتی و ڕەز و باخات/وەسف كردنی دیمەنە مادییەكانی ئەو سەردەم، وەسف كردنی كەل و پەلی ژوورەوە نیشانەی بەكار هێنانی ئەو شتانەیە لەو سەردەمە، بەڵام ئەمە ئەوە ناگەینێ مەبەستەكانی خۆی وەكو شاعیر بخاتە ناو داستان، چونكە بیرمان نەچێت داستان موڵكی میللەتە نەك شاعیر. هەموو وەسفەكان بۆ بەدیار خستنی كەلو پەلەكان و پاڵەوانەكانە نەك لێكدانەوەیەكی شیكاری دەروونی شاعیر و كاریگەری ڕووداوەكان لەسەری. دەتوانرێت لە چوار چێوەی بیرو باوەری گشتی دا وەسف بكات، شاعیر زۆر جار وەسفەكان دووبارە دەكاتەوە لە داستاندا بۆ جوانی دەرخستن و جوانی نیشاندانی دەقەكەیە، لەگەڵ ئەوەشدا وەسف دەیەوێ وێنای هەندێ شت بكات وێنەی جیهانی دەرەوەی لە تابلۆیەكی دروستكراو لە وشە پێشكەش بكات، بەڵام(( لە تابلۆ دا وێنە یەك جار

---

[320] نظال محمد فتحي الشمالي، الوصف في الخطاب الروائي وابعاده التقنية(زيادة قاسم)أنموذجاً، مجلة دراسات العلوم الانسانية و الاجتماعية، المجلد(٣٣)، العدد(١)، ٢٠٠٦، ل٢

[321] هبة ابراهيم منصور اللبدى، سەرچاوەی پێشوو، ل١٢

[322] ليلى سالم محمد نوربابنجى، الوصف في شعر عبدالله بن المعتز العباسى، رسالة ماجستير، جامعة ام القرى، كلية اللغة العربية، ١٩٨٩، ل٧

**پیشانی بینەر دەدرێت، بەڵام لەدەقدا وێنەکان یەك لە دوای یەك پیشان دەدات لەبەر چاوی خوێنەر بە درێژایی ئەو رێگایەی کە گێرەرەوە وێنای کردووە ))[323] .**

**شاعیر لە وەسف کردنی شوێن و کەسایەتیەکانی ناو داستاندا وەسفکردنێکی راستی یان نزیك لە راستی هەبێت ئەمە ئەوە ناگەینێ کە شاعیر نەتوانێ وەسفی کەسە خراپەکان و چاکەکان بکات یان وێنەی سروشتی جوان و بەراوردکردنی لە گەڵ دیاردە ناشیرنەکان، بەڵکو لەگەڵ هەر وەسفێکی شوێن و کەسایەتی وێنەی نا مەئلوف یان دور لەراستی روونەدانی لە جیهانی حەقیقی بەشێوەیەکی حەتمی، چونکە بە بوونی ئەم جۆرە شتانە بە خراپ بەسەر شاعیر و خودی داستانەکەش دەشکێتەوە لە ئەنجامدا بەرهەمی نەتەوەیەك دەکەوێتە بەر توانج و رەخنە بۆیە شاعیر دەبێ بە وریایەوە مامەلە لەگەڵ وەسفی پاڵەوان و شوێنەکان بکات لێکچواندنەکانیان دەکرێت هەبن لە جیهانی مرۆڤایەتی.**

**٢- هونەری وەسف لە شانۆدا :**

**وەسف گرنگیەکی گەورە لە دەقی گێردراوە دا دەبینێت. بەدیار خستنی شوێن لە ناو دەقی شانۆ و بگرە لەسەر تەختەی شانۆش تەنها بە وەسف کردنی شوێن و دروست کردنی فەزا دەبێت، کە وێنەیەك لەبەر چاوی خوێنەر دروست دەکات بۆ ئەوەی رووداوەکە بەرجەستە ببێت یاخود دور بکەوێتەوە لە خەیاڵ، وەك زانیمان لەبەشی یەکەم، کە شانۆ زیاتر لە ریالیزم نزیکە بۆیە وەسف کردنەکانیش پێویستە نزیك بن لە راستی. (مستەفا سادق ئەلرافعی) دەڵێت ((چاکترە وەسف راستگۆیانە بێت))[324] وەسف کردنی کارەکتەرەکانیش لەو دیالۆگ و مۆنۆلۆگانە زیاتر بەرچەستە دەکەون، کە لە نێوان دوو کەس یان خودی کەسێك دەوروژێنرێت.**

**لە وەسفی شوێندا نووسەر بەوە سەرکەوتوو دەبێت، کە خودی خۆی خەڵکی ئەو شوێنە بێت یاخود شارەزایی هەبێت، لە خوورەوشت و ژیان و عادەت و تەقالیدی خەڵکە کە جل و بەرگی کارەکتەرەکان و وەسفی ژووری دانیشتن و نوستن. (خانوو بەو مانایە دێت وەسف و گوزارشت لە خاوەنەکەی دەکات، هەموو دیوارەکان، هەموو پارچەکانی کەل و پەل لە خانوو ئەوا جێگرەوەی کارەکتەرە، کە لەو خانووەدا دەژی)[325].**

**وەسفی کەل و پەل و شوێن بە دوو شێوە دەروانە وەسف (یەکەمیان :کاری جوانکاری وەك لەوحە، پەیکەر، . . . هتد، ئەمەش وا لەوەسف دەکات بۆ کاری هونەری بەکار نەهێنرێت، دووەمیان :لەرێگای وشەوە شوێنی خەیاڵی دروست**

[323] **د. نبهان حسون السعدون**، سەرچاوەی پێشوو، ٢٠٠٦، ل١٠٧

[324] **لیلی سالم محمد نوربابنجی**، سەرچاوەی پێشوو، ل٧

[325] **محمد عزام**، سەرچاوەی پێشوو، ل٧١

دەکەن، بە پاڵنەری تایبەت پاز بەسەر وێنەکێشانی ئاوێنەیی دەهاوێژێت)[٣٢٦] وەسفی شوێن بۆ جوانکاری زیاتر لەلایەن لاسایکەرەوەکان بەکار دەهێنرێت، بەڵام بەرێگای وشەوە وەسفی شوێن کردن لەلایەن واقیعیەکانەوە بەگرنگی دەڕوانە بۆچوونەکانی خۆیان، کە مەبەستیان نییە وەسفی راستی بکەن، بەڵکو راستیەك دروست بکەن وەکو راستی بێت، وەسف باشترین جۆرە بۆ ناساندنی شوێن، کار دەکات بۆ پێشکەش کردنی شوێن وای لێدەکات ئامادەگی هەبێ بە قوڵی. شوێنی بەتاڵ نییە لە شانۆ گرنگی کاری وەسفیش ئەو شوێنەیە کەل و پەلی تێدایە، پەیوەندی بە کارەکتەری چیرۆکەکەوە هەیە. جولانەوەی کارەکتەرەکان لەو فەزایەدا کاری وەسفە هەنگاوی پاڵەوان و کارەکتەرەکان لەگەڵ کەل و پەلەکانی بگونجێنێت. بۆیە فەزا گرنگترە لە شوێن، چونکە شوێنەکان لە شانۆدا کەمن، بەڵام لەرێگای کارەکتەرەکانەوە ناوی شوێنەکان دەهێنرێت یاخود نووسەر لە دەقی شانۆیدا ئاماژەی پێ دەکات کەچی دیمەکانی ئەو شوێنە بگوازێتەوە تەنها باس کردنییەتی نەك ئامادەبوون لەو شوێنە بۆیە ((فەزا گرنگترە لە شوێن، لەبەر ئەوەی ئاماژەی دوور و قوڵتر دەکاتەوە لە دەست نیشان کردنی جوگرافی شوێن))[٣٢٧].

زیادەرۆیی لە وەسفکردندا لە دەقی شانۆیی دا کارێکی نەرێنییە، چونکە دەبێتە هۆی خاو کردنەوەی رەوتی گێڕانەوە، لە شانۆدا نووسەر ناچارە لە بەر کەمی کات و پوخت کردنەوەی کارە ئەدەبیەکەی پەنا بۆ درێژ دادڕی نەبات واتا زیاد لە پێویست وەسف نەکات و پەیامەکە بگەینێت بە خوێنەر، ئەگینا نووسەر ناچارە بە وەسف کردنی زۆر جولانەوەی کارەکتەرەکان زیاتر بکات و کاتێکی زیاتری پێویستە.

**٣- بەراوردکردنی هونەری وەسف لە داستان و شانۆدا :**

١- لە داستاندا وەسفێکی زۆری دیاردەکانی سروشت و پاڵەوان دەبینرێت، کە رۆلیان هەیە لەسەر خاو کردنەوەو درێژ کردنەوەی گێڕانەوە، لەگەڵ ئەوەشدا شاعیر دەبێت خۆی بە دور بگرێت لە مانای قوڵ و لێچووی دوور دەکرێت سادەتر مامەڵە لەگەڵ وەسفدا بکات بۆ ئەوەی تەواوی تاکەکانی میللەت بیخوێننەوە لە ماناکانی بگەن. لەشانۆدا وەسفەکان کەمترن بەو مانایەی، چونکە گێڕانەوەکە بە خێرایی بەرەو پێشەوە دەڕوات وەسفی خاوکردنەوە کەمتر دەبینرێت نووسەر بە لێهاتوویی خۆی وا دەکات خێرا ڕووداوەکان هەنگاو بنێن.

---

[٣٢٦] سەرچاوەی پێشوو، ل٧١

[٣٢٧] أ. م. **زوزو نصيرة**، سەرچاوەی پێشوو، ل١٦

٢- له داستاندا لاسایی کردنەوەی کارەکتەرەکان نزیك له رەفتارو هەڵسوکەوت و گوفتاری بێت هەندێ جاریش زیادەرۆیی له ستایش دەبینرێت. له شانۆدا لاسایی کردنەوەکان راستین و پاڵەوانەکان رەفتارو جولانەوەو هەڵسوکەوت و گوفتاریان له مرۆڤی ئاسایی دەکات، که له ژیانی ئاسایی هاموشۆ دەکەن.

٣- گۆشه نیگای گێڕانەوە له داستاندا به راناوی (ئەو ) دەکرێت، ناچار گێرەرەوە دەبێت زۆر جار وەسف بۆ تەواوی شتەکان بکات، چونکه رێگری کەمتره له گێڕانەوەو وەسفکردندا. گۆشه نیگای گێڕانەوە له شانۆدا لەسەر ناوی قسەکەر شتەکان وەسف دەکەن، چونکه زۆربەی گفت و گۆکان دیالۆگن و هەندیکجاریش مۆنۆلۆگ هەندێ جاریش به ئاماژەی بچووك نووسەر وەسفی شتەکان دەکات له خوێنەر دەگەیێنێت کەوا کارەکتەر له چ بارو دۆخێك دایه ئەو کات خودی نووسەر دەبێتە گێڕەرەوە.

٤- وەسف له داستاندا کەمتر وەسفی بابەتی دەبینرێت زیاتر رازاندنەوە بەرچاو دەکەوێت، چونکه خوێنەری ساده ناتوانێت لێکدانەوەی قوڵ بۆ ڕووداوەکان بکات، بەسادەیی بەسەر دێڕەکان تێپەر دەبێت. له شانۆدا وەسفەکان له سیاقی دەمەتەقێیەکان دەدۆزرێنەوە و سەرەرای وەسف کردنی نووسەر بۆ ئەو شوێنەی ڕووداوەکەی لێوە روودەدات لەگەڵ ئەوەشدا وەسفەکان دووبارە نابنەوەو کەمێك له وەسفی داستان ئاڵۆزترن، که واتاو مەغزای قوڵتر دەدەن واتا له پشت دەقەکان خوێندنەوە هەڵدەگرێت، ئەمەش بۆ ئەوە دەگەرێتەوە درێژ دادرێ له وەسف کردن دا له شانۆ ناکرێت، بۆیه پوخت و پڕ پەیامە وەسفەکان زیاتر بابەتین.

٥- له داستاندا کاری وەسف له دەوری پاڵەوان و شوێن دەسورێتەوە سەرەڕای وەسفی کاتیش ببینرێت، بەڵام دیسان له خزمەت پاڵەوان و شوێنەکە دایه. له شانۆدا مەغزاکه وەسفه سەرەڕای هەندێك وەسف، که بەهەمان شێوە له خزمەت پاڵەوان و شوێن دایه.

٦- وەسفەکانی ناو داستان وا له خوێنەر دەکات ئەمه راستیه دەکرێت له رووی (جوانی و قارەمانی و مەردایەتی و پیاوەتی. . . ) ئەم جۆرە قارەمانه هەبن خوێنەر به بەرزی سەیری دەکات. لەشانۆشدا بەهەمان شێوە خوێنەر باوەر به وەسفەکان دەهێنن، که راستیه له ژیاندا هاوشێوەی دەکرێت هەبیت.

**ب- هونەری وەسف له رووی پراکتیکەوە:**

**١- هونەری وەسف له داستانی (مەم و زین) دا :**

لەبەر ئەوەی زمانی داستانی (مەم و زین) شیعری فۆلکلۆریە و ئاسانە و سادەیه، که وەسفی کارەکتەر و شوێنەکان و شتەکان پێدەکات به ئاسانی وێنەکەمان بەرچاو دەکەوێت، که چۆن بوونه. (ڕەحمان بەکر)، که گێرەرەوەی گێڕانەوەکەی داستانی (مەم و زین)ه له وەسفی مەم دا به زمانێکی ساده و به هونەرەکانی رەوانبێژی

دێرەکان دەڵێتەوە. هونەری لێکچواندن لە وەسفدا بەزۆری دەبینرێت بە تایبەت لە داستاندا، چونکە لێکچواندنی ئاسان بە ئاسانی وێنەکە دەگاتە خوێنەر بەتایبەت لە داستاندا (مەم) بە (زین)دەلێ:

(( خاتوونێ! چاوی تۆم گەلێك زەریفترن لە چاوی سەقەران

ددانی توو گەلێك زەریفترن لە دانان دە گەوهەران ))[328]

گێڕەرەوە خۆی ستایشی جوانی (مەم )دەکات دەیچوێنی بە مانگ و رۆژ بە سادەیی وێنەکەمان پیشان دەدات :

(( پێی دەرکێفی ئەسپی بۆرە دەنا، لە زینی مورەسەعی خۆی دەوتە سەرە

ماشاڵڵا! هەندێك دەیانگوت :ئەوە شەمسە هەندێك دەیانگوت قەمبەرە ))[329] .

ئەم وەسفە ئاسانە بۆ ئەوەیە، چونکە خودی داستان بە زمانی ئاسانی و سادە بنوسرێتەوە تاکو هەموو تاکێکی ئەم میللەتە پەی بە پەیڤەکان بەرێت و تێگەیشتنی هەبێت لەسەر تەواوی بەژن و بالاو جوانی و گوفتار و رەفتارەکانی کارەکتەرەکان و پاڵەوانەکان ئەمە باوترین وەسفە لە گێڕانەوە دەقە چیرۆك ئامێزە کۆنەکان بەدی دەکرێت لەگەڵ ئەوەشدا لە نیوە بەیتی یەکەمدا بە وەسفێکی (جولاو) دادەنرێت لەبەر ئەوەی جولەی پاڵەوانی لێ بەدی دەکرێت.

وەسفێکی تر وەسفی بەراوردکاریە، کە بەراورد ی ئێستا دەکات لەو دۆخەی تووشی بووە لەگەڵ ڕابردووەکەی، کە ڕەنگە لە بارو دۆخێکی باشتر دابێت بەمەش وەسفێکی هەردووك ژیانمان بۆ دەکات. لەم نموونەیە مەم دەلێت :

(( ڕێی دوانزە مانگ و بیست و چوار ڕۆژان پادشایەتی یەمەنێ بەجێ بێڵە بەقسەی ژنان هەڵستە وەرە ئێرەکانە

ئێستا دەڵێ: لاوە!ئەگەر حاجەتی ئاوێت هەیە، دەستنوێژی خۆت هەڵگرە و بڕۆ خەڵق شەر و شەیتانە )) [330]

بەیت بێژ دێت زۆرترین مانا بۆ وەسف بۆ کراو دەدۆزێتەوە تا وای لێدێت خوێنەر وێنەی وەسف بۆکراو لە بەر چاوانی دروست دەبێت ئەم وێنەیە لە داستاندا زیاتر بەرەو خەیاڵی دەچیت، (زین) لە وەسفی کۆشکەکەی

---

[328] ئۆسکار مان، سەرچاوەی پێشوو،، ل١٥٠

[329] ئۆسکار مان، سەرچاوەی پێشوو، ل١٦٤

[330] سەرچاوەی پێشوو، ، ل١٩٦

ئەوەندە وەسف دەكات لەبەر چاوت لە خانوەكانی شاهانەی ئەفسوناوی دەچن وەسفی( وەستاو )یشە، چونكە جولانەوەی لیٚ بەدی ناكریٚت تەنیا وەسفی كۆشكی خۆی دەكات بۆ ( مەم ):

(( میر مەم، كۆشكی من بلندە سەر لە حەوت تەبەقەی ئاسمانیٚ

وەستای بۆ هاتوون لە هیندیٚ، میعماری لە بوخارایە، گێچی بۆ هاتووە لە تاریكستانیٚ

كۆشكی من خشتێكی زێرە، یەكی گەوهەری كارخانیٚ

هەر چەندی بەردی وەقیمەتە، غەواسان دەریان هێناوە لە دەریای نیل و عومانی ))[331]

نمونەیەكی تر كەوا ( مەم )ئەوەندە وەسفی ڕوومەتی ( زین ) دەكات بە چەندین شتی دەشوبهێنیٚ و جۆرێكیشە لە خۆزگە خواستن، كە لە چەندین جێگا وشەی ( بریا )ی بەكار هێناوە :

(( ڕۆژم لیٚ هەلاٚت، گەیوەتە نیوەڕۆیە،

ڕوومەتی یایەزینیٚ گەلێك زەریفترن لە گولی لیمۆیە

بریا دەست و جام بام، ئەگەر یایەزین بە دەستی مویارەكی دەیاوێتمە سەر رووی جۆیە

رۆژم لیٚ هەلاٚت، گەیە فەسلی ئێواریٚ

ڕوومەتیٚ یایەزینیٚ گەلێك زەریفترن لە دەنكی دەهەناریٚ

بریا ئەو تاس و تەبەق بام، ئەگەر یایەزین بە پە نجەی موبارەكی دەیاوێتمە سەر تاتەشواریٚ

رۆژم لی ٚ هەلاٚت گەییە مەحلی نوێژی شێوان

ڕوومەتی یایەزینیٚ گەلێك زەریفترن لەگولی دە مێوان

بریا ئەو دەست و جام بام، ئەگەر یایەزین بە دەستی موبارەكی دەیاوێتمە سەر قەمبەلی دەلێوان

ڕەبی خولاٚیە !ئەتوو رەحمبەری، دەگەلٚ یایەزینیٚ چیدی نەنبی نێوان

رۆژم لیٚ هەلاٚت گەیوەتەوە نوێژی خەوتنیٚ

ڕوومەتی یایەزینیٚ گەلێك زەریفترن لە گولی دە سوێسنیٚ ))[332]

بەمەش هۆنەر وەسفێكی دورو درێژی ڕوومەتی ( زین ) دەكات هەولٚ سیٚ ئەرك بە ئامانج بگەینیٚ:

١- جوانی ( زین ) پیشان بدات كە لەبەر چاوی ( مەم ) چۆنە

---

[331] ئۆسكار مان، سەرچاوە پێشوو، ل١٥٣

[332] سەرچاوەی پێشوو، ، ل١٩٧

٢- دەیەوێ وەسفی دەروونی ( مەم ) بکات بەرامبەر بە خۆشەویستەکەی، کە ئەمەش یەکێکە لە ئەرکەکانی وەسف کردن

٣- خاو کردنەوەی ڕەوتی گێڕانەوەیە، چونکە ئەم جۆرە وەسف کردنە جوڵەی تێدا نییە تەنیا دیدگای پاڵەوانە بەرامبەر جوانی خۆشەویستەکەی ڕەوتی گێڕانەوە درێژ دەکات

٤- دەیەوێ زۆرترین مانا بۆ وەسف بۆ کراو بدۆزێتەوە.

وەسف هەندێك جار بەکار دێت بۆ شیکردنەوەی ناخی پاڵەوانەکان لە داستاندا بە شێوەیەك دەرگای هەندێ شیکاری دەروونی بخاتە سەر پشت و تێڕوانینی خوێنەر زیاتر دەبێت لەسەر پاڵەوان بۆ نموونە لەم دێڕەی خوارەوە بۆمان روون دەبێتەوە لە نیوە دێڕی یەکەم کەوا (زین) هەم هێزی جەرگە، کە هەموو خوێن بەناو ئەو دادەڕوات و بینای چاویشە ئەگەر ئەو نەبێت بینای نابێت، سەرەڕای ئەوەش (مەم) خۆی بە گەورەتر دەزانێت لە میر زێندینی دواتر ئەوە پیشانی (زین) دەدات کەوا تەخت تاج و پلەو پایەکەی جێ هێشتووە لەبەر خاتری ئەو هاتۆتە جزیرە لەگەڵ ئەوەش دیسان میری جزیری بەنۆکەری خۆی نازانێ:

(( یایەزین، هێزی جگەرم، چرای چاوانم!
ئێستا ئەمن غەریبی هەموو شارانم
لەوەش بێ تیپ و سپاتر بم، هێشتا میری برای خۆت بە مەیتەر و نۆکەری خۆم نازانم
غەریبەی شاران، لەبەر خاتری توو زۆر بێ مەکانم ))[333]

لە وەسف کردنی جۆری کەسایەتی کارەکتەرەکان لە ڕووی قارەمانییەتی و ئازایەتی و پیاوەتی یەکێکی ترە لەو ئەرکەی بە وەسف دەبەخشرێ لەم نموونەیە ( عرفۆ) کورە پادشایەکە وەسفی خۆی و ( چەکۆ) و ( مەم ) دەکات کە ئامادەن بەرگری لە ( مەم )بکەن بەهەر شێوەیەك بێت بەرامبەر ( میر زێندین ) وەکو برا لە پشت برابن و دەڵێ:

(( ئەمە سێ برا هەبوون ئەسپ ئاڵە
هەرسێك ساحێبی گورز و کەمەند و شیر و مەتاڵە ))[334]

[333] ئۆسکار مان، سەرچاوەی پێشوو، ل١٩٨

[334] سەرچاوەی پێشوو، ل١٩٥

**٢- هونەری وەسف لە شانۆی ( مەمی ئالان ) دا :**

زۆر جار وەسفەکان، کە لە شانۆ دەکرێن لەسەر زاری کارەکتەرەکان خۆیانن، بەڵام نووسەر خۆی لە دەقی نووسراوی شانۆ دا بە هەندێك ئاماژە ئەم وەسفەمان بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ پیشان دەدات، کە وەسفی جولانەوەی کارەکتەرەکان بێت یاخود دیمەنی شوێنەکە بێت.

لە وەسف کردنی جولەی کەسەکان نووسەر جولانەوەی کارەکتەرەکانمان بۆ دەست نیشان دەکات هەڵوێستەکانی بە شێوەی جولە پیشان دەدات کەوا غەمبارە یان دڵ خۆشە یان هەواڵێکی پێیە یان لێکدانەوەیەکی هەیە لە ناو ناخی دا، لەم نموونەیە دا مەمۆ دوای ئەوەی زۆر بیر دەکاتەوە کە ( غەزال )ی خێزانی بەجێ بێڵێ کە بووکی هەفتەیەکە یان نا دواتر سەیر دەکات ئەوە ( غەزال ) بەرو ژوورەوە دێت وەسفەکە وەسفێکی جوڵاوە وا دەردەکەوێت کەوا ( مەمۆ ) دەیەوێت دڵی غەزال بداتەوە، کە جێی دەهێڵێ لەگەڵ ئەوەشدا نووسەر وای پیشان داوە ( غەزال )یش نایەوێ دڵی ( مەمۆ )ی هاوسەری توند بکات زوو چاوی خۆی دەسڕێت بە دەستێك دەستەکەی تری ( مەمۆ )دەیگرێت و دایدەنیشێنێ:

(( **پی چك ملاحظه دكت وی وختی غزال**

**ژدر دا تێت دستكی دا دستمال چاوی خوه**

**پاقژ دكت ممو دستی دكريت رونته خاری** ))[٣٣٥].

وەسف کردنی شوێن یان ماڵ یان سروشت دەچێتە ناو بابەتی هونەری وەسفکردن لەم نموونەیەدا وەسفی ژووری دانیشتنە وەسفەکە ( وەسفێکی وەستاو )ە نووسەر تەنیا کەل و پەلەکانی ژوورەوەمان بۆ دەگوازیتەوە کە چی تێدایە کە وەسفێکی واقعیانەی ژووری دانیشتن( دیوەخان ) مان بۆ دەکات :

(( **اودەكی كرمانجی خملاندی بە بر و مافوران رايی خستی ديوار وە ، چەكێت مم پێوە هلاويستينە چار طرفی ديوار دوشك بالگينە** ))[٣٣٦]

لەم وەسفی شوێنە دا زۆر شت بۆ خوێنەر ئاشکرا دەبێت ئەویش :

١- بۆمان روون دەبێتەوە کە ماڵێکی خانەدان بوونە .

٢- کوردانە ژیاون وەکو عادەت و گوزەران.

٣- مەمۆ چەکدار بووە زۆر جار لە دیوەخانی ئاغاکان دەبینین کە چەکی کۆن بە دیوارەکان هەڵواسراون.

---

[٣٣٥] ع. ر. هەکاری، سەرچاوەی پێشوو، ژ( ١٥ )،ل٢٤

[٣٣٦] سەرچاوەی پێشوو، ه.ژ،ل٢١

٤-  پیاوێکی جوامێره و بەرگریکاره لە شەرەف و ئاین و وڵاتەکەی.

وەسف کردنی شانۆ پێویستە کورت بێت نووسەر وەسفی درێژ ناخاتە ناو دەقی شانۆکانی، چونکە رەوتی گێڕانەوەی ڕووداوەکان خاو دەکات ماوەی شانۆش کورتە بۆ ئەوەی خێرا بکرێت دەبێت وەسفێکی پڕ ماناو کورت ئاماژە پێ بکات:

(( پوشیا خوه بدویخه دگریت دری ودکت ))[٣٣٧]

لەم وەسف کردنەی سەرەوە چەند شتێك دەکرێك لێکدانەوەی بۆ بکەین ئەویش :

١-  عادەتی کوردی خۆمان پیشان دەدات کەوا هەر ژنێکی کورد قسە لەگەڵ کەسێکی بێگانە بکات پیاویش بێت ئەوا ئەم جۆرە رەوشتە دەنوێنن

٢-  بەشەڕەف بوونی ژنی کورد پیشان دەدات.

لە نموونەیەکی تریش ( غەزال )ی خێزانی ( مەمۆ ) هەمان رەفتاری رەوشت بەرزانەی پیشان دەدات :

(( (تاسك (دو) تینت دەستی خوه ددەتە سینگی خو )کرمکە ))[٣٣٨]

لەم نمونەی سەرەوە ( ٣ ) پەیامی گرنگ دەداتە خوێنەری شانۆی ( مەمی ئالان ) ئەویش:

١-  بەخێر هێنانی میوان لەلایەن کوردەوە لە کۆنەوە تا ئێستاشی لەگەڵ دابێت لە زۆربەی میللەتان گەرمترە

٢-  سینگ شاردنەوەی غەزال بەرامبەر پیاوی بێگانە لەکاتی بەخشینی تاسە دۆیەکە نیشانەی شەرمنی ژنی کوردە بەرامبەر بە پیاوی بێگانە

٣-  خەریك بوونی خەڵکی ئەو سەردەم بە بەخێو کردنی مەڕو ماڵات.

کاتێك ( مەمۆ ) دەزانێت ( غەزال ) نایناسێت و دوای گەڕانەوەی لەشەری خاچ پەرستان خۆی بۆ ئاشکرا دەکات و دەست خۆشی لێ دەکات شانازی پێوە دەکات ( غەزال ) کە دەزانێ ( مەمۆ )یە لە خۆشیان ئاگای لە خۆی نامێنێ ئەمەش بە وەسفێکی جولاو دادەنرێت، چونکە باوەش لەیەکتر دەدەن و لەسەر دۆشەك را دەکشێن :

(( هردو خوه لستوهی یك ددن سر دوشەکی دکون نەهشیار دبن ))[٣٣٩]

لە نموونەیەکی تردا، کاتێك ( چاورەش )بوکی خۆی دەبینێت لەگەڵ پیاوێکە نازانێت ( مەمۆ )ی کوریەتی لەشەڕ هاتیتەوە شیرێك لە سینی کورەکەی دەدات، نووسەر دێت وەسفی ( غەزال ) دەکات کە دەبینێت ( مەمۆ ) بە دەستی دایکی پێکراوە وەکو عادەتی ژنی کورد لە خۆیان دەدەن غەزالیش بەهەمان شێوە وا دەکات:

---

[٣٣٧] ع. ر. هەکاری، سەرچاوەی پێشوو، ژمارە ( ١٦ )،ل١٥

[٣٣٨] سەرچاوەی پێشوو، ه،ژ ،ل١٦

[٣٣٩] سەرچاوەی پێشوو، ژمارە ( ١٦ )،ل١٦

**(( ل ناو سەری خوە ددت ))**[340]

**٣ – بەراوردكردنی هونەری وەسف لە داستان و شانۆدا :**

١- **زۆربەی وەسفەكانی ( مەم و زین ) بەوەسفی درێژ و سادەیە خوێنەر بە ئاسانی دەتوانێت لەمانا و لێكچووەكانی بگات، لە شانۆی ( مەمی ئالان ) دا وەسفەكات بە زمانێكی سادە و كورت كراوان، بەڵام هەڵگری كۆمەڵێك مەغزای قوڵن خوێنەر بە ئاسانی پەی بە مەبەستەكانی نابات.**

٢- **وەسفەكانی داستانی ( مەم و زین ) لەسەر پاڵەوان و شوێنی نیشتەجێ بوون و شان و باڵی كارەكتەرەكان كراوە، لە شانۆی ( مەمی ئالان ) دا وەسفەكان لەسەر شوێن و عادەتی كوردەواری و لایەنە جوامێری و ئاینی و ئەخلاقی پاڵەوانەكان كراوە.**

٣- **ستایش و پیاهەڵدانی دەسەلاتی پاڵەوان و كارەكتەرەكان و هێز و بازوویان لە داستانی ( مەم و زین )دا دا بە شێوەیەكی بەر فراوان دەبینرێت، لە شانۆ دا ستایش و پیاهەڵدان بە شێوەیەكی نا راستەوخۆ كراوە، ئەگەر راڤەی دەقەكان نەكەی دەرناكەوێت، ئەوەی بەدیار كەوتووە لەسەر زاری ( مەمۆ )، كە جۆرێك لە شانازی بە خۆوە كردن هەیە كە دەڵێت ( ئەز مەمی ئالانم ) ( ئەز كورما نجم )( ئەز كوردم ) ئەمانە شانازی كردنە بەخودی خۆی.**

٤- **وەسفی جوانی پاڵەوانەكان لە داستانی ( مەم و زین )دا كراوە و لێكچواندنیان بە شتی سروشتی وەك( مانگ، رۆژ، گوڵ ) هەروەها لێكچواندنی چاو بە چاوی ( باز )، لە شانۆی ( مەمی ئالان )دا ئەم جۆرە وەسفانە بۆ پاڵەوانەكان نەكراوە.**

---

[340] ع. ر. هەكاری، سەرچاوەی پێشوو، ژمارە ( ١٦ )،ل١٧

**تەوەری دووەم: هونەری دیالۆگ لە داستان و شانۆدا:**

**أ – هونەری دیالۆگ لە رووی تیۆریەوە :**

قسەکردن لە نێوان کارەکتەرەکان و بۆچوون دەربڕین لە کاتی گفت و گۆ کردن لەگەڵ کەسانی تردا پێی دەڵێن دیالۆگ، لەبەر ئەوەی قسەی کارەکتەرەکان وەکو ئاوێنەیەك وایە هەموو ئەو راستیانەی لە ناوەوە نادیارە بە دیار دەکەوێت. ((دیالۆگێکی کورت لە نێوان دوو کەس، . . . . ، جێگای دەیان لاپەرەی راپۆرتی دەگرێتەوە بۆ روونکردنەوە و گوزارشت کردن))[341] ((قسە گۆڕینەوە لە نێوان کارەکتەرەکان بەچەندین شێوەیە وەکو پەیوەندی و گفت و گۆ و روو بەروو و دیالۆگی شانۆییە))[342] بە ئاڵو گۆڕکردنی بۆچوونەکان گواستنەوەی بیروڕاکان و خواست و ئارەزووەکانیش لەسەر بابەتەکە دەردەبڕێت، بەم هۆیەشەوە کارەکتەرەکان بۆچوونەکانیان بەشاراوەیی ناهێڵنەوە بێگومان لە جیاوازی بۆچوونەکانیش ناسنامە و دەروونی کارەکتەرەکان جیا دەکاتەوە، چونکە لە گەڵ گواستنەوەی قسەکان لە رێگەی جەستەی کارەکتەرەکانەوە خودی پەیام و مەغزا و تێڕوانینی کارەکتەریش دەگوازرێتەوە. (جۆرج واتسن)دەڵێت ((خوێنەر لە میانەی دیالۆگی کارەکتەرەکانەوە تێدەگەن ناوەرۆکی کێشەکان چیە، بێ ئەوەی هەمووی بخوێنێتەوە))[343] ئەمە جگە لەوەی دیالۆگ پەرە بە ڕووداوەکان دەدات، ئەو پارچانەش لە ڕووداوەکان باس دەکرێت، کە بزر ببوون. ((گەلێك جار ڕووداو پێویستی بە دیالۆگە بۆ گەیاندنی و روونکردنەوەی))[344]، چونکە زۆر شت بەهۆی دیالۆگەوە روون دەبێتەوە و تێگەیشتن لە کێشەکان و رابردووی کارەکتەر و سەرچاوەی ڕووداوەکە بەدیار دەکەوێت ((جاری وا هەیە لە رێی دیالۆگەوە بۆ زەمەنی ڕابردوو دەگەرێینەوە و کۆمەڵێ زانیاریمان لەبارەی ژیانی رابردووی کارەکتەرەکانەوە دەست دەکەوێت))[345]، چونکە کارەکتەرەکان بە زمانی خۆیان دەدوێن و لەخۆشیان دەدوێن و چارەنووسی خۆیان دیاری دەکەن. بۆیە خوێنەر لە کاتی جولەو گفت و گۆی کارەکتەرەکان و ئەنجامدانی کردار تووشی حەپەسان نابێت بە هەڵوێستەکانی کارەکتەرەکان، لەبەر ئەوەی ئاشنایەتی پەیداکردووە لەگەڵ خەسلەتەکان و رەفتاری کارەکتەرەکان لە رێگەی دیالۆگەوە.

---

[341] د. علي عبدالرحمن فتاح، سەرچاوەی پێشوو، ل٥٨

[342] عبدالمنعم زکریا القاضي، سەرچاوەی پێشوو، ل١٢٣

[343] میادة عبدالکریم العامري، سەرچاوەی پێشوو، ل٧١

[344] کەیفی ئەحمەد عەبدولقادر، سەرچاوەی پێشوو، ل١٤٤

[345] نەجم ئەلوەنی، سەرچاوەی پێشوو، ٢٠١١، ل٣٨

لە هەبوونی پەیوەندی دیالۆگەوە بە گێڕانەوە، ئەوا پەیوەندیەکی پتەو هەیە د. نەجم ئەڵوەنی دەڵێت ((زمانی گێڕانەوە زمانی نووسەرە، کەچی زمانی دیالۆگ، زمانی کارەکتەرەکانە))[346] بەمەش نووسەر هەموو کات دەرفەتی ئەوەی نییە بە زمانی خۆی بدوێ دیتە لەسەر زمانی ئەوان هەواڵ و روونکردنەوە دەدات بەهۆی کارەکتەرەکانەوە، ((کاری دیالۆگ ئەوەیە ئەگەر شتێك نەتوانرێت بەشێوەیەکی رێك لە رێگای گێڕانەوەوە دەربڕێت ئەوا دیالۆگ بەکار بێنێت))[347] بۆیە دیالۆگ ئەرکێکی قورسی لەسەر شانە لە هونەرەکانی گێڕانەوە، چونکە شاعیر/نووسەر خۆی بەدوو بگرێت و بیهەوێ شوێن پە نجەی لە گێڕانەوەی ڕووداوەکان دەرنەچێت، ئەوا ئەرکەکە بەشێکی زۆری دەکەوێتە سەر دیالۆگی کارەکتەرەکان و مەیدانیان بۆ چۆل دەکات.

ئەرکێکی تری سەر شانی دیالۆگ کە دەیگێڕێ، ئەویش هاوسەنگی ڕاگرتنی کاتی حیکایەت و کاتی گێڕانەوەیە، ((کات لەساتی دیالۆگدا کە زەمەنی دەقە یەکسانە بە کاتی ڕوودانی ڕووداوەکەی دەرەوەی دەق)) [348] بێ ئەوەی ساتێك لە یەکتر خێراتر بێت، لەبەر ئەوەی دیالۆگ دەرخەری کاتە بە تەواوی ساتەکان. ئەم دەرخەریە ساتە واقیعیەکە بۆ بەهێزکردنی ڕاستی دەقە چیرۆك ئامێزەکانە، بۆ ئەم مەبەستەش بەرهەمە چیرۆك ئامێزەکان مەبەستیانە باوەر پێکراوتر بن لەلایەن خوێنەرەکانیاندا.

جۆرەکانی دیالۆگ لە ناو دەقی ئەدەبیدا ئەرکی جۆراو جۆری هەیەو بەچەند شێوەیەك دەگوازرێتەوە (جیرار جینێت) (٣) ئەرکی بۆ دیالۆگ دیاری کردووە :

١ –( دیالۆگی ڕاستەوخۆ :قسەی کارەکتەرەکان دەگوازێتەوە دوور لە بەشداری حیکایەتخوان. واتا ئەرکی حیکایەتخوان وردە وردە قەوارەی بچوك دەبێتەوە.

٢ – دیالۆگی گێڕاوە، کە قسەی کارەکتەرەو حیکایەتخوان وەك ڕووداوێك لە ڕووداوەکان دەیگێڕێتەوە.

٣ – دیالۆگی ناڕاستەوخۆ : حیکایەتخوان لەسەر زاری کارەکتەرەکان ڕووداوەکانمان بۆ باس دەکات. )[349] لە دیالۆگی ڕاستەوخۆدا کارەکتەر (من، ئەڵێم) بەکار دێنێ، کە جێناوی کەسی یەکەمی تاکە کارەکتەر لە جیاتی حیکایەتخوان ڕۆڵەکە دەگێڕێت. لە دیالۆگی ناڕاستەوخۆدا(وتیان، وتی، دەڵێ. . . ) لەم جۆرە بەکار دێت، کە جێناوی کەسی سێیەمی (تاك و کۆ)یە.

---

[346] ڕێزان ڕەحمان خدر، سەرچاوەی پێشوو، ٢٠١٢، ل١٥٨

[347] سەنگەر قادر شێخ محەمەد حاجی، سەرچاوەی پێشوو٢٠٠٧، ل ١٦٢

[348] میادة عبدالكريم العامري، سەرچاوەی پێشوو، ل٧١

[349] سەنگەر حاجی، سەرچاوەی پێشوو، ٢٠٠٧، ل١٦٣

### ١- هونەری دیالۆگ لە داستاندا:

دیالۆگ یەکێکە لە هونەرەکانی گێڕانەوە، ئەرکێکی گران و زەحمەتی لەسەر شانە، چونکە لە داستاندا دیالۆگەکانی پاڵەوانەکان بە زەقی بەدەر دەخرێ لە نێو خودی دیالۆگدا بەرزی و جوامێری پاڵەوان پیشان دەدرێت. بەرەو پێش چوونی ڕەوتی گێڕانەوە ئەرکە قورسەکە لەسەر شانی ئەو گفت و گۆیانەیە کە لە نێوان پاڵەوانەکان دەکرێت. ((د. عیزەددین مستەفا ڕەسوڵ) لە گرنگی هونەری دیالۆگدا دەڵێت ((داستان دوو ڕێگا دەگرێت :دیالۆگ و وەسف کردن))[350] بەهۆی ئەم دوو هونەرەوە گێرەرەوە یان شاعیر پاڵەوان و کێشەکانمان بۆ ڕوون دەکاتەوە ئەمە جگە لەوەی وەسف کاری ڕازاندنەوەو چێژ بەخشینە و پاشانیش ئەرکی شیکردنەوەش دەبینێ، گەچی وەسف دەتوانێت لە ڕێگای دیالۆگەوە بێت یاخود پیاهەڵدان لە نێوان دوو پاڵەوان یان کارەکتەرەوە بێت. کەوابێ مەبەستی و زۆر ئەرکی قورسی لەسەر شانە بۆ گەلێگ مەبەست بەکار دەهێنرێت لەوانە:

١- دەرخستنی پاڵەوانەکان و تێگەیشتن لە نێوانیان ناساندنیان بە خوێنەر.
٢- توند بوونی ململانێی پاڵەوان و کارەکتەرەکانی تر لەسەر دوو جەمسەری (چاکە و خراپە)، چونکە دیالۆگ ئەو پەیامە دەداتە خوێنەر و بۆشی ڕووندەکاتەوە کامە کارەکتەر چاکە کامە خراپە بە ئامانجی دروست کردنی تێڕوانینێکی دیاری کراو لای وەرگر.
٣- دیالۆگ کار دەکات بۆ(( بەرو پێش بردنی ڕووداو لە گێڕانەوەدا هەر وەها پێشکەش کردنی باڵنەریشە بۆ پاڵنان بە ئاراستەی ئاڵۆز کردن و چارەسەر))[351].
٤- دیالۆگی نێوان کەسەکان دیالۆگی ئاسایی ڕۆژانە نییە، بەڵکو هونەری بەرزە لە داستان، چونکە داستان گەورەترین بەرهەمی گشتگیری میللەتە پاڵەوانەکانیش نمونەی خانەدان و پایە بەرزن بۆیە دیالۆگەکانیشیان هونەریترە لە گفت و گۆی ئاسایی.
٥- دیالۆگ کورتترە لە قسەکردنی ئاسایی، چونکە دیالۆگ هونەریترە و هەرچی قسەی زیادە و پەیوەندی بە ڕووداوەکە نییە دەردەهێنرێت لە دیالۆگدا.
٦- زانیاری بەخشینە بە خوێنەر.

---

[350] سەنگەر قادر شێخ محەمەد حاجی، سەرچاوەی پێشوو، ٢٠٠٧، ل١٦٤

[351] بسام خلف سليمان، الحوار في الرواية الاعصار المئذنة لعماد الدين خليل، مجلة كلية العلوم النسانية، جامعة الموصل، العدد (١٣)، مجلد السابع، ٢٠١٣، ل٤

له پەیوەندی دیالۆگ بەکاتەوە جیرار جینێت دەڵێت ( هەندێك جار دیالۆگ خێرایە هەندێك جاریش لەسەرخۆیە یان کارەکتەر بێدەنگ دەبێت یان دوبارە دەکاتەوە بە پێی ئەو بارەی لەدەورو بەری کارەکتەرەکان دایە بەمەش وامان لێدەکات پارێزگاری لە جیاوازیەکانی گێڕانەوە بکەین )[352] دەکرێت دیالۆگەکان بیکەین بە دوو شێوەیە یەکەمیان :ڕەوتی گێڕانەوە بەرەو پێشەوە دەبات بەو مانایەی زانیاری دەبەخشێت و نهێنی ئاشکرا دەبێت لە ئە نجامی گفت و گۆی کەسەکان لەم جۆرەیان ئاسایە گێرەرەوە پەنای بۆ ببات، لەم حاڵەتەشدا کاتی گێڕانەوەو کاتی حیکایەت یەکسانە، ئەم هونەرە لە داستان زۆر بەکار دێت بۆ ئەوەی زیاتر لە ئەفسانەیی بەدور بکەوێتەوە.

کەوابێت لە دیمەندا زەمەنی چیرۆك یەکسانە و هەندێ جاریش گەورەترە لەگەڵ زەمەنی ریالیستی، چونکە کاتی گێڕانەوە درێژدەکاتەوە لە چیرۆکدا، خودی دیالۆگ ڕەوتی گێڕانەوە خاو دەکاتەوە و لە نێو خودی دیالۆگەکانەوە وەسف دەبینرێت وەسفیش یارمەتی دیالۆگ دەدات بۆ ئەوەی دیمەنێك لە ئە نجامی گفت و گۆکانەوە پیشانی خوێنەر بدات . دووەم شێوە :لە دیالۆگدا پیاهەڵدانە قسەکەر مەدحی کۆشك و پلەو پایەو قەدرو قیمەتی خۆی یان کارەکتەرێك مەدحی پاڵەوان دەکات ڕەنگە ولاّم نەدرێتەوە هەندێك جار، بەڵکو تەنها بۆ زانیاری گەیاندنە لێرەدا کاتی گێڕانەوە خاو دەبێتەوە یان دەوەستێت بەمەش کاتی گێڕانەوە گەورەتر دەبێت لە کاتی حیکایەت. ئەو پیاهەڵدانە زۆر جار پاڵەوان دەیکات بۆ نزم پیشاندانی بەرامبەرەکەی و دەرخستنی توانای خۆی ئەمەش وا لە بەرامبەر دەکات بڕیارێك بدات لە دژی بوەستێت یان لەگەڵی بێت، بۆیە ناکرێت ئەرکی پیاهەڵدان لە دیالۆگەکان دا نادیدە بگیرێت ڕەنگە ببێتە هۆی زیان گەیاندن یان بەخیلی یا ( حەسود )ی هێنان بە پاڵەوان. ئەرکێکی تری ئەو پیاهەڵدانەی گێرەرەوە دەیکات بۆ پاڵەوانەکان بەرز پیشاندانیانە بەرامبەر کارەکتەرەکانی تر.

ئەو گۆشە نیگایەی بۆ گێڕانەوە بەکار دێت لە لە داستاندا ڕاناوی ( ئەو )ە ئەم جۆرەیان حیکایە تخوان لەبڕی ئەوان دەڵێت ( فلان ووتی ) ئەمەش حیکایە تخوان دەبێتە نێوەندگیر لە نێوان کارەکتەر و خوێنەر.

## ٢- هونەری دیالۆگ لە شانۆدا :

دیالۆگ لە نێوان کارەکتەرەکان بەشی زۆری دەقی ئەدەبی بەتایبەتی دەقی شانۆیی پێك دەهێنن ئەوەی دەمێنێتەوە ئاماژەو دیمەنەکانی بەر لە دیالۆگ و پەراوێز و چوارچێوەی دەقەکەیە. مرۆڤ لەکاتی گفت و گۆ کردن لەگەڵ کەسانی تر بۆچوونەکانی دەردەبڕێت، لەبەر ئەوەی قسەکردن وەکو ئاوێنەیەك وایە هەموو ئەو شتانەی لە

[352] د. حمید لحمدانی، سەرچاوەی پێشوو، ل٧٨

ناوەوە نادیارە بەدیاردەکەوێت هەندێك جار نووسەر بۆ ئەوەی خوێنەر زیاتر ئاشنا بکات بە کارەکتەرەکان پەنا بۆ هونەری دیالۆگ و مۆنۆلۆگ و فلاش باگ دەبات و بەکاریان دەهێنێ، بۆ ئەوەی ناخ و بیرکردنەوەی راستەقینەیان بزانن، کە کارەکتەر چ هەڵوێستێك پیشان بدات خوێنەر توشی حە پەسان نەبێت، بڵێت ئەم کردارە لەم کارەکتەرە نەدەوەشایەوە، ئەگەر وای لێهات ناراستگۆیی کارەکتەر پیشان دەدات خوێنەر تووشی پشی سواری دەبێت .

پێویست دەکات نووسەر ناوە ناوە کارەکتەرەکانی ئاشکرا بکات بەو مانایەی زیاتر لەبارەیانەوە زانیاری بداتە خوێنەران ((کارەکتەری شانۆیی ئاشکرابوونێکی بەردەوامی هەیە، دیالۆگ بڕیار دەدات ریژەی ڕوونی کارەکتر لە گەڵ خودی خۆی و کارەکتەرەکانی تر))[٣٥٣]. بۆیە نووسەر هەموو تەکتیك و توخمێك بەکار دەهێنێت بۆ ئەوەی کارەکتەر ئاشنا بکات بە خوێنەر و بۆ ئەوەی کارەکتەر لە رووی فسیۆلۆژی و دەرونی ئاشکرا بکات.((گەیشتنی ڕووداوەکان لە ڕێی دیالۆگەوە نووسەر ناچار دەکات وریایی بەردەوام نمایش کردنەوەی دەقەکەی بێت، دیالۆگ دەبێتە گوزارشتێکی باوو و تێنە پەر ڕێ بە (خوێنەر) نادات بگەرێنەوە بۆ ئەوەی تێپەڕی، بۆیە بەبەردەوام بە هۆشیاری رادەگرێ))[٣٥٤].

دیالۆگ پێویستیەکە بۆ پێشکەش کردنی ڕووداوی شانۆ وێنای ئەو ململانێیە دەکات، کە لە نێوانی دوو ویست دا هەیە، کە هەر یەکێکیان دەیەوێ ئەوەی تر بشکێنێت. ((دیالۆگ ئەو سیحرەیە وەکو گوڵێکی خونچە کراوەیە هەموو توخمەکانی تری شانۆ لە ناویدان))[٣٥٥] .

ئەو دەمە تەقێیەی کارەکتەر دەیکەن بە بەردەوام گرنگی هەیە، سەرنجی خوێنەر بۆ لای خۆی رادەکێشێ، کارەکە بەرەو پیش دەبات و کارەکتەرەکانیش بەدیار دەخات. (دیالۆگی شانۆیی بەتەواوی دەچێتە ناو جیهانی هونەر، ناتوانین هەڵبیسەنگێنین بە پێوەری قسەکردنێکی سروشتی کە رۆژانە بەکار دەهێنین))[٣٥٦] سیفەتی شانۆیی نابیت ئەگەر پەیامە سەرەکیەکە نە پێکێت.

دیالۆگی شانۆیی دوو شت پێك دێت ئەویش (هزر و زمانە) بەهۆی ئەو زمانەیە خوێنەر ئاشنا دەکات بە بیرکردنەوەو هەنگاوەکانی کارەکتەرەکان، گوتاری شانۆیی لە ئە نجامی ئەو دیالۆگە پێك دێت کە لە نێوانی کارەکتەرەکان ئە نجام دەدرێت ئەویش بەچەندین شێوە رستە دەردەبڕن :

---

[٣٥٣] قيس عمر محمد، البنية الحوارية في النص المسرحي، ناهض الرمضاني أنموذجاً، مطبعة دار غيداء للنشر و التوزيع، طبعة الاولى، عمان، ٢٠١٢، ل١٤٥

[٣٥٤] یاسین رەشید حەسەن، سەرچاوەی پێشوو، ل١٠٧

[٣٥٥] عيسى قويدر العبادي، انماط الحوار في شعر محمود درويش، مجلة دراسات العلوم الانسانيةو الاجتماعية، المجلد(٤١)، العدد(١)، الاردن، ، ٢٠٠٤، ل٢٣

[٣٥٦] بيداء عبدالصاحب الطائي، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٠٠

١-  ( رستەی هەواڵ کە کاری گەیاندنیان پێ سپێردراوە.

٢-  رستەی پرسیار کردن ( پرسیار کردن و وڵام دانەوە ).

٣-  رستەی هەڵچوون ( سەرسەرمان، ئازار چەشتن، نوزانەوە، . . . هتد ).

٤-  قسەی ناتەواو لەمانادا ،ناتەواو- لەو کاتەی قسەکەرێك یەکێکی دی لە قسەکردن دەبڕێ و بە پێچەوانەشەوە.

٥-  رستە دوباتکردنەوە )[٣٥٧].

پێویستە نووسەری شانۆیی زۆر ئاگاداری رەزم و مۆسیقای دیالۆگەکان بێت تارادەیەك چاکترە گوێیەکی مۆسیقایی هەبێت بۆیە دەبینین زۆر لە دەقە شانۆیە ناوبانگەکانی جیهان شاعیران نووسیویانە دەبێ نوسەر ئاگاداری ئەوەبێت (( بەشێوەیەك بزانێ لە کوێدا خێرایی و لە چ حالەتێکدا راوەستان و چۆن دیالۆگی کورت و درێژ دادەنێ ))[٣٥٨] زمانی شانۆ هەمیشە لەگەڵ زمانی ئاخاوتنی رۆژانەو زمانی نوسین جیایە، بەڵام ئەمەش ئەوە ناگەینێ ئەو پەیڤ و رستانەی لە رۆژانەدا بەکاردێت نووسەر بەکاری نەهێنێت.

لە نێو دیالۆگ دا دەتوانین لە پەیام و مەبەستی نووسەر کارەکتەرەکان بگەین بەوەی مەبەستیان لەو دەربڕینانە چیە دەیانەوێ چمان پێ بڵێن (( دیالۆگی شانۆیی گرنگترین بنیات و کاریگەرترین و زیندوترینە، کە بنیاتی شانۆیی لەسەر دروست دەکرێت، بەرێگای دیالۆگ دەتوانین ناوەرۆك پێشکەش بکەین ))[٣٥٩] گێرەرەوە لەشانۆدا هونەرەکانی تری گێڕانەوە واز دێنێ و پەنا بۆ دیالۆگ دەبات تاکو خوێنەر شارەزایی پەیدا بکات لەسەر کارەکتەرەکان بۆیە زیاتر دەدوێن و قسە دەکەن بەو مانایەی نا، کە تەنها دەمەتەقێ بێت، بەڵکو مانای ئەو گوفتارانەیە کە رابردووی کارەکتەرەکان پیشان دەدات و هەنگاو بەرەو داهاتوو دەنێت.

دیالۆگی شانۆیی پەیوەندیەکی پتەوی لەگەل کات هەیە بەوەی کاتی دیالۆگی کارەکتەرەکان یەکسانە لەگەڵ کاتی ئاسایی (( یەکێك لە فاکتەرە هەرە ریشەیی و بنەڕەتیەکانی سەرکەوتنی شانۆگەری ئەوەیە کە بتوانێت هاوتەریب بێت لەگەڵ کات ))[٣٦٠] پێویستە هونەری زۆر بەکار بێت لە ئەنجامی دیالۆگەکاندا، چونکە شانۆ هیچ سەرەتایەکی نییە بۆ ناساندنی رابردووی کارەکتەرەکان ناچار نووسەر بۆ ناساندنی رابردوو و بیرکردنەوەی کارەکتەرەکان بەچەند ئاماژەیەکی ڕەنگە رستەیەك یان کەمتر ئەو رابردووەمان پێ بناسێنێ، کە هزر و پەروەردە و

---

[٣٥٧] د. ئیبراهیم ئەحمەد سمۆ، سەرچاوەی پێشوو، ل٩٦

[٣٥٨] یاسین رەشید حەسەن، سەرچاوەی پێشوو، ل١٠٨

[٣٥٩] د. نبیل راغب، النقد الفني، دار مصر للطباعة، السنة ؟، ل٤١

[٣٦٠] کەیفی ئەحمەد عەبدولقادر، سەرچاوەی پێشوو، ل١٦٤

عادات و تەقالیدی کارەکتەر چۆن بووە لەبیرمان نەچێت هیچ دەستەواژەیەك لە نووسینی شانۆدا بەبێ کار جێگای نابێتەوە ئەو زانیاریەی خوێنەر دەستی دەکەوێت لە دەقی شانۆیدا لە ئە نجامی ئەو گەڕانەوەی کارەکتەرەکانە بۆ زەمەنی رابردوو لە دیالۆگەکانیاندا. ئەرکی دیالۆك لە شانۆدا یەکجار زۆرە و دەچێتە ناو توخمەکانی تریش ئەو ئەرکانەی کە دەیکات(( گەشەکردنی چنین، دەرخستنی بیرکردنەوەی کارەکتەرەکان و گوزارشت کردن لە هەست و سۆزو سروشتە بنچینەیەکان، رونکردنەوەی کات و شوێن و ڕووداو ))[٣٦١].

یەکێك لە تایبە تمەندیەکانی دیالۆگی شانۆیی لە توانای داهەیە لە زۆر رەهەندەوە لەیەك کاتدا قسە لەسەر بابەت و کارەکتەرەکان بکات. هەروەها هەوڵ دەدات رابردوو بە ئێستا ببەستێتەوە بەهۆی ( فلاش باگ )ەوە، کە لە ناو دیالۆگەکان دەبینرێت.

ئەو گۆشە نیگایەی کە لە شانۆدا بەکار دیتٚ ئەگەر نمایش بکرێت راناوی ( من ) بەکار دێت، چونکە راستەوخۆ کارەکتەرەکان قسە دەکەن بەبێ نێوانگیری، بەڵام دەقی شانۆیی نووسراودا راناوی ( ئەو )بەکار دێت.

٣- بەراوردکردنی هونەری دیالۆگ لە داستان و شانۆدا :

١- دیالۆگ لە هەردوو رەگەز دا دەبێتە هۆی ناساندنی رابردووی کارەکتەرو ژیان و جۆری پەروەردەکردنیان تا بوونیان بە پاڵەوان، لەهەردوکیان دا دیالۆگ زانیاری دەبەخشنە خوێنەر لەبارەی جولەو هەنگاوی داهاتوویاندا، بەڵام لە شانۆدا ناساندنی کارەکتەرەکان مەبەستدارترە و پر ماناترە.

٢- دیالۆگ لە داستان و شانۆدا پەرە بە ڕووداو دەدەن ڕووداو بەرەو پێشەوە دەبەن.

٣- لە داستاندا زیاتر پیاهەڵدان دەبینرێت، لە شانۆدا کەمترە

٤- زمانی پاڵەوانەکانی داستان زمانێکی گشتگیرە چونکە بۆ هەموو تاکە کانی نەتەوە دەنووسرێت، بەزمانێك لە نێوانی زمانی ئاسایی و بەرز دەنوسرێت.

٥- دیالۆگ کاتی گێڕانەوەی لە هەردوکیاندا ئەرکی هاوسەنگی دەبینێت لە نێوان کاتی گێڕانەوەو کاتی حیکایەت هەردوو رەگەز زیاتر لە زەمەنی ریالیستی نزیك دەبنەوە.

---

[٣٦١] یاسین رەشید حەسەن، سەرچاوەی پێشوو، ل١٠٤

٦- ئەو گۆشە نیگایەی داستان نووس بەکاری دەهێنێ راناوی کەسی سێیەمی تاکە (ئەو)، لەشانۆی نووسراویشدا هەمان گۆشە نیگا بەکاردێت.

٧- دیالۆگی داستان درێژترە لە دیالۆگی شانۆیی، هەر بۆیەشە دەکرێت پارچەیەك دیالۆگ لە داستان هەڵبگرین یان بیگوازینەوە، بەڵام لە شانۆدا زەحمەتە.

٨- لە داستاندا ئەو دیالۆگانەی رووداوەکان دەگێرنەوە دەکرێت بەشێك لە رووداوەکان بەشێوەیەکی تر بگێردرێتەوە، بەڵام لە شانۆدا لەبەر ئەوەی هەمووی یان بەشی زۆری دیالۆگە ناکرێت بگۆردرێت.

٩- دیالۆگ لە داستاندا جگە لەوەی لە نێوانی دوو کەس یان زیاتر دەبێت دەکرێت بۆ وەسفی سروشت و جولانی کەسایەتیەکان و بخرێتە خزمەت ئەو ژینگەیەی کە رووداوەکەی لێوە روودەدەن، چونکە داستان بەئازادیەکی فراوان وەسفی کەسایەتیەکان دەکات، لە شانۆدا دیالۆگ ئەو ئازادیە فراوانەی داستانی نییە بۆ وەسف کردن.

**ب – هونەری دیالۆگ لە رووی پراکتیکەوە :**

**١- هونەری دیالۆگ لە داستانی (مەم و زین) دا :**

لە داستاندا شاعیر یان هۆنەر داستانەکان دەگێرێتەوە، بۆیە شێوەی گێرانەوە ناراستەوخۆیە شاعیر دەبێت بە نێوەندگیر لە نێوان ئێمەی خوێنەر و کارەکتەرەکان بەمەش راناو (ئەو)ی گۆشە نیگای هەموو شتزان بەکاردێنێت. (رەحمان بەکر)ی گێرەرەوە دیالۆگەکانی لەسەر زاری کارەکتەرەکان بەبەکارهێنانی (گوتی، دەڵێ) دەگێرێتەوە بۆمان. (رەحمان بەکر) ئەو دیالۆگەی نێوان (مەم) و (زین)مان بۆ دەگێرێتەوە، کە (مەم) چل رۆژە لە زیندانە :

میر مەم دەڵێ :

((یایەزین، گیانە !

چل شەوە، بەقسەی بەکری جێگام زیندانە،

شام و نەهارم بووە بە جەمی سەگانە

یایەزین دەڵێ:

هەی لە خۆم روورەش و بابان وێرانێ

تـاقه کوڕەکەی براهیم پادشای یەمەنیٚ بیٚتە شاری جزیریٚ بە قسەی منی سەر بەتـالٚ و بیٚ خودانیٚ)) [٣٦٢]

جۆره دیالۆگەك هەیە قسەكەر یان كارەكتەریٚك دەیكات ئاراستەی یەك كەس ناكات بە تەنیا، بەڵكو چەندین كەس گوێی بۆ ڕادەگریٚت، ڕەنگە پیٚویستی بە وڵام دانەوە نەبیٚت بەڵام گوێگر هەیە، شیٚوەی دیالۆگەكانیان وەكو وتارە بۆ باس كردنی توانای جەستەیی و پشت و پەناو پیاوەتی. . . هتد. دەبیٚتە دیالۆگ بۆ ئەوەی بەرامبەریەتی یان گوێی بۆ رادەگرن. كاتیٚك كە (عرفۆ، چەكۆ، قەرەتاژدین) بەوە دەزانن مەم زیندانی كراوە ئەوانیش هەڵویٚستی توونـد وەر دەگرن:

عرفۆ دەڵیٚ:

((ئەمن عرفۆمە،

بەرانیٚكی بە ئەسرۆمە،

میری برات لە شانانڕا دەگرۆمە)).[٣٦٣]

(قەرەتاژدین)یش بەهەمان شیٚوەیەك لە توانای خۆی پیشان دەدات لە دوای (عرفۆ)دڵسۆزی خۆی دەردەبڕیٚ بۆ (مەم) قسە لەگەڵ زین دەكات ئەگەر بە ناوی (فلان گوتی)ش نەبیٚت دیارە پەیامەكە بۆ (زین) و گشتە:

(( ئەمن قەرەتاژدینم

لە پڵنگەكانی چەنگ بە خوینم

ئەگەر نەمرم، میری برات لە شانانڕا دەردینم

چەكۆش دەڵیٚ:

ئەمن چەكۆیەكم بەناوە

لەسویٚ میرمەمی كویٚرم دەبوو هەرتك چاوە

خوشكیٚ یایەزین، گلەییانم لیٚ مەكە، كویٚرم بووە هەرتك چاوە

ئیٚستا دەبیٚ شاری جزیریٚ تەخت و تاراج بكەم، بیكەم بلاٚوە))[٣٦٤]

چەكۆش بە هەمان شیٚوە قسە بۆ (یایەزین)دەكات و دلسۆزی خۆی بۆ (مەم) دەردەبڕیٚ بەو مانایەی كە هەموومان لە پشت تۆین، كە هەر كاریٚكت بویٚ ئیٚمە ئە نجامی دەدەین و خاوەن هیٚزو بازووی خۆمانین.

---

[٣٦٢] ئۆسكار مان، سەرچاوەی پیٚشوو، ل٢١٤

[٣٦٣] سەرچاوەی پیٚشوو، ل٢١٥

[٣٦٤] سەرچاوەی پیٚشوو، ل٢١٦

له دیالۆگی نێوان ( مەم و زین ) پیاهەڵدان و ستایش کردن دەبیستریٚ لەیەکەم دیداری نێوانیان کاتێك سیٚ خوشکه پەریەکه ( زین )یان هەڵگرتبوو بۆ ( مەم )یان هێنا ( زین )ستایشی خۆی دەکات و دەڵێت:

(( تو خولا ! میر مەم لێم مەگره مانیٚ لێم هەڵمەکه پشتیٚ

ئەمن هەورێك بووم له هەورەکانی ده بەهەشتیٚ

خولاٚوەندی عالەمیان ئەمنی له بۆ توو هاویشته پێدەشتیٚ ))[٣٦٥]

دیالۆگ زانیاری بەخشه بەو مانایەکی له ئه نجامی گفت و گۆی کارەکتەرەکان هەواڵ دەگەن به خوێنەران، لەم نموونەیەدا ( کوێخا دەرك ) کوێخای ( قەرەتاژدین )ە، بەمەش بۆمان دەردەکەوێت که ( قەرەتاژدین )یش ئاغایه ( ستی ) دەینێرێت به دوای ( قەرەتاژدین ) له دیوانی میر بێتەوه به نهێنی هەواڵی هاتنی میوانەکانی پیٚ بڵێت:

(( له پلەکانان دەهاته خواریٚ ئاورێکی وه کوێخا دەرکی داوه

دیگوت: چ خەبەره، چی قەوماوه؟

دیگوت: ئەلحەمدوللا هیچ نییه

دوو میوا نمان هاتوون له نێوەڕاستی شارییه ))[٣٦٦]

دیالۆگ ئەرکێکی تری هەیه ئەویش بەدیار خستنی چاکەو خراپەیه له ئه نجامی قسەی کارەکتەرەکان بەدەر دەکەوێت بۆ ئەوەی ململانێیەکان بەردەوام بن له داستاندا رووی خراپەو چاکه بەدەر بخات بەردەوام ململانێیەکان له ئه نجامی قسەی خراپ و کرداری خراپ بەدەر دەخات، لەم نموونەیەدا رووه شاراوەکەی ( بەکر ) بەدەردەخات که قینه شەرانگێزیەکەی بەرامبەر بە( مەم ) هەیەتی بیٚ ئەوەی هێشتا بینیبیەتی به خەڵکی شاری جزیره دەڵێت پارەو قەندتان دەدەمیٚ بڵێن به ( ٣ ) رۆژان خاتوو ( زین )یان دەرکرد له جزیریٚ تەنیا بۆ ئەوەی بوو، که ( مەم و زین )بۆ یەك نەبن بەیانی داهات ( مەم ) خەڵکی لەسەر سوچی کۆلاٚنەکان دیت دەستیان بەگریان کردبوو دەیانگوت:

(( له خۆمان مل به کوێن و هەژاری،

رێی گوزەرا نمان برا بەیەکجاری

ئەورۆ سیٚ رۆژه یایەزین گول بووه، کەر و تێرپیان داوەتیٚ دەریان کردوه له شاری ))[٣٦٧]

دیالۆگ کاتەکەی یەکسان دەکات لەگەڵ کاتی دیالۆگی قسەکردنی رۆژانه یان زۆر نزیك دەکات لەگەڵ کاتەکەی لەم نموونەیەدا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت که دیالۆگەکه لەگەڵ گفت و گۆی رۆژانه نزیکه واته هەمان

---

[٣٦٥] ئۆسکار مان، سەرچاوەی پێشوو، ل١٥٤

[٣٦٦] سەرچاوەی پێشوو، ، ل١٨٧

[٣٦٧] سەرچاوەی پێشوو، ، ل١٩١

**دەربڕین دەردەبڕێن یان بە بەکارنەهێنانی هونەرەکانی قسەکردن، چونکە هونەری دیالۆگ کاتەکە کورت دەکات وەك یایەزین دەڵێ:**

**((کابەکر بۆم بگێڕەوە بزانم، چ بووە چ سوحبەتێك کراوە**

**بەکر دەلی:**

**چ بکەم برای توو شێت و ناتەواوە،**

**ئەمن نازانم، چبکەم برای توو نازانێ ڕێی گوزەرانێ**

**حیزبابێکی خوێری هاتووە کەس بە مەنزڵی نازانێ،**

**ئەو شەو کاکی توو سێ جاری ئەتوو پێشکێش کرد، قبوڵی نەکرد لە دیوانێ)).[٣٦٨]**

**لێرەوە بۆمان دەردەکەوێت بەکارهێنانی هونەری بەرز لە دیالۆگ دا بێگومان دیالۆگەکە کورت دەبێتە واتا لە رۆنانی سەرەوە دەردەکەوێت لە رۆنانی خوارەوە دەرناکەوێت، ئەگەر ئەم نموونەیە وەربگرین دەبینین ئەگەر هونەری تێدا بەکار نەیەت ئەوا کاتەکەی یەکسان دەبێت لەگەڵ کاتی ئاسایی، بەڵام بەبەکارهێنانی هونەری قسەکردن بەتایبەت لە شیعردا ئەوا کاتی کەمتر دەوێت واتا یەکسان نابێت لەگەڵ کاتی ئاسایی :**

**مەم دەڵێ:**

**((چ بکەم لە جەباری**

**بلا، بەکرە مەرگەوەڕی بکوژم بەیەکجاری**

**یایەزین دەڵێ:**

**لەخۆم بێ سەلایە**

**چ بکەم، ئەورۆ کارەکە بەدە، کوشتنی بەکری بۆم پێك نایە))[٣٦٩]**

**وشەی (جەبار) بۆ خودای گەورەی هێناوەتەوە لە رۆنانی سەرەوە دەرکەوتووە لە دیالۆگی ئاسایی دەکرێت وەها بێت بە زمانی موکری (چ بکەم ئەوە کاری خولایە، بلا هەر دەبێ بەکرە مەرگەوەڕی بکوژم بەیەکجاری نەیهێڵم لەسەر دونیایێ) بۆیە دەکرێت ئەوە بڵێین دیالۆگ کورتترە لە قسەی ئاسایی.**

**دیالۆگ دەبێتە هۆی بەرەو پێش بردنی ڕووداو لە ئەنجامی گفت و گۆی کارەکتەرەکان ڕووداو هەنگاو بەرەو پێشەوە دەنێت بەهۆی دیالۆگەوە دەزانین ئیدی ڕووداوێك ئاگر کەوتنەوە رووی داوە بەنگین خەبەر دەداتە میر دەڵێت:**

**((میر، ئاورێك دە ماڵە قەرەتاژدینی بەربوو. چ ئاورێکی بێ ئامانە!**

---

**[٣٦٨] ئۆسکار مان، سەرچاوەی پێشوو، ل١٩٣**

**[٣٦٩] سەرچاوەی پێشوو، ل٢١١**

ئەگەر هەڵنەستی، ئێستا شاری جزیرێ دەسووتێ ))[٣٧٠]

## ٢- هونەری دیالۆگ لە شانۆی (مەمی ئالان)دا:

لە شانۆی نووسراوی(مەمی ئالان) دا یەك دەنگ هەیە ئەویش گۆشە نیگای (ئەو)ە، چونكە نووسەر بویتە پردێك لە نێوانی خوێنەرو كارەكتەرەكان، ئەگەر ئەو پردە نەبایە ئێمە نەماندەزانی كامە كارەكتەرە قسە دەكات. بەخۆی نەهاتۆتە سەر شانۆ پێمان بلێ ڕووداوەكان جۆن بەرەو پێش دەچن یاخود تاكو گۆشە نیگای گێڕانەوە ببێتە (من). ئەو سوودەی كە لە راناوی( من) و (تۆ) وەرگیراوە لە دیالۆگەكاندا ئەوا قسەی كارەكتەرەكانە لە ئەنجامی گفت و گۆیەكان بەكاریان هێناوە ئەمەش ئاساییە لە دیالۆگدا لەم نموونەیە بۆمان دەردەكەوێ، كە دیالۆگەكان (ناراستەوخۆ)ن.

چاورەش دەلێ:

((كورێ من، خودێ خێر كەت ! تە چ بهیستیە تو وەها پر حیدەتی، چاوێ تە وەها سۆر بوونە؟

مەمۆ دەڵێ :

دایێ، شیرێ خوە ل من حەلال بكە!دژمنان سەر ل مە راكریە. هاتینە قودسێ ژ ئیسلامێ بستینن. ئو میر ئەمر كریە، خەزایە، دێ بچین غەزایێ. مادەم ئەز ژی كوردم و ئەز ئالانم، باب و باپیرێت من دڤێ رێدا چوون، دڤێت ئەز ژی د ڤێ رێدا بچم. تە شیرێ سپی دایە من. شیرێ خوە ل من حەلال بكە))[٣٧١]

لە ئەنجامی ئەم دیالۆگەی سەرەوە چەندین زانیاری گرنگمان بەدەست دەكەوێ بێگومان دیالۆگی شانۆیی رابردووی كارەكتەر و هەنگاوی داهاتووی كارەكتەرو ڕووداوی داتوومان بۆ ئاشكرا دەكات لەگەڵ بارە دەروونییەكەی نووسەر ئەمانە پوخت دەكاتەوە لە چەند دێرێكی كەمدا بە خوێنەری دەدات لەسەر زمانی كارەكتەرەكانی بەتایبەتی پاڵەوانی داستان، كە زۆرترین دیالۆگ دەكات یان زۆرترین تیشكەكان و هەنگاوەكانی خولقاندنی ڕووداو لەلایەن پاڵەوانی شانۆ وە دەكرێت. لە رستەی (كورێ من، خودێ خێر كەت ! تە چ بهیستیە تو وەها پر حیدەتی، چاوێ تە وەها سۆر بوونە؟) دەردەخات كەوا (مەمۆ) لە رووی دەرونییەوە هەڵچوونی پێوە دیارە و تورەیە لە هێرشی مەسیحیەكان بۆ سەر (قودس)، نەك لەبەر ئەوەی (غەزال)ی خێزانی جێ دەهێڵێ ئەمە لە وڵامی (مەمۆ)وە بۆمان روون دەبێتەوە، پاشان لە وڵامی (مەمۆ)دا لەسەر زاری خۆی رابردووی خۆی بۆمان ئاشكرا دەكات كە

---

[٣٧٠] ئۆسكار مان، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٠٩

[٣٧١] ع.ر.هەكاری، سەرچاوەی پێشوو، ژمارە(١٥)،ل ٢١

کوردە لە ئالانەکانە باب و باپیری لە خۆ بەخت کردن شەهید بوونە ئەویش دەیهەوێ بەردەوام بێت لەسەر ئەو ڕێگایە، دایکیشی بە رزق رۆزی شەرعی بەخێوی کردیە بە(شیری سپی ) بیّ فرو فێڵ بۆیە دەیەوێ ئەو ئەرکە بەجێ بگەینێ ئەویش بەرزامەندی دایکی، چونکە دایك مافیان بەسەر کوڕەوە هەیە لە رووی ئاینی ئیسلام، هەروەها بۆمان روون دەبێتەوە، کە دایك لە ناو کوردا پێگەیەکی یەکجار بەرزی هەیە مۆڵەت خواستن لە دایك روویەکی جوان پیشانی خوێنەران دەدات. دەتوانین لە ئە نجامی گفت و گۆی ( چاورەش و مەمۆ ) بۆمان دەر بکەوێ کەوا باوکی مەمۆ لەرێی خۆ بەخت کردن بۆ وڵات کۆچی کردووە و ئێستا لە ژیان نەماوە.

لە نموونەیەکی تر بۆمان روون دەبێتەوە کەوا نووسەر ویستیتی عادەتی کوردی بزر نەبێت لە سلاّو کردن و ئەحواڵ پرسینی ماڵ و منداڵ رێز گرتنی میوان و گەورەو بچوکی بەهەند وەربگیرێت :

(( لاوەند- السلام علیکم !( دیچیتە ملێ چاورەشی )

چاورەش :علیکم السلام کەرەمکە رونی خاری( لوەند رودنید ) سر سری

من هاتی سر چاوان. تو قونج کی خوەشی مال بچوك چاوانن.

لوەند- خودێ ژ تە راضی بت، مال بچوك دستی تە رادموسن ))[٣٧٢] .

ئەم هەواڵ پرسینە گەرمە ڕەنگە بلێن گرنگ نییە لەبەر ئەوەی ڕووداو بەرەو پێشەوە نابێت، بەڵام (ع. ر. هەکاری) ئامانجی تەنیا باس کردنی ڕووداوەکە نییە بەقەد ئەوەی مەبەستی پیشاندانی جوامێری و عادەت و نەریتی کوردی و چۆنییەتی ژیانییەتی ڕووداوەکان هەنگاویان ناوە بەخێرا لە دیالۆگی یەکەمدا ئەوەی دەمێنێتەوە سەرنج بدەین ئەوەیە، کە نووسەر مەبەستی زۆری لە شانۆکەدا حەشارداوە لەوانە ئێستاش لەگەڵ دابێت پیاوێك یان ژنێکی پیر لەماڵ و مندالی تاکێکی ئێمە بپرسێت لە وڵامدا پێی دەڵێین ( دەستت ماچ دەکەن ) ئەمە رێز گرتنە لە مرۆڤی گەورە.

لە دیالۆگی نێوانی (مەمۆ)، کە خۆی بە میوان ناساندبوو لەگەڵ ( غەزال ) شتێکی گرنگمان بۆ دەردەکەوێت ئەویش قەدر گرتنی میوانە لای کۆمەڵگای کوردەواری کاتێکیش کە دێنە ماڵێك خاوەن ماڵ بە هەموو شێوەیەك خزمەتی دەکات بۆ ئەوەی میوان هەست بە کەم و کوڕی نەکات تا دەنێرنە کەسێکی گەورە ئەگەر تەنیا ئافرەت لە ماڵ بوو ئەگەر پیاویش بوو خۆی دادەنیشێ هەمان شت لەم دیالۆگەدا دەرخەری ئەوە دەگەینێت، کە رێز و قەدر گرتن لە کۆمەڵگای کوردیدا لەو پەڕی بەرزی دایە نووسەر شانازی بەم کلتورە دەکات :

((مهوان-زحمتی نەکیشە ویکدی از وستامە از نەشیم چو بخو

---

[٣٧٢] ع. ر. هەکاری ، سەرچاوەی پێشوو،ژ(١٥)،ل٢٣

**غەزال- مهوان ..مهوانیت خدی نە چاوان امر بکن ام مجبورن**

**امری وان بجی بینن ))** [373]

**٣ – بەراوردکردنی داستانی (مەم و زین) و شانۆی (مەمی ئالاّن):**

١- له داستانی (مەم و زین ) و شانۆی (مەمی ئالان)دا گێڕانەوەی ناراستەوخۆ لە دیالۆگەکان بە کار هاتووە بە بەکار هێنانی نموونە(مەم دەڵێ ، زین گووتی) لە داستاندا، لە شانۆدا ناوی کارەکتەر دەهێنرێت و پاشان گفت و گۆکان بەردەوام دەبێت.

٢- لە داستانی (مەم و زین)دا پاڵەوان زانیاری لەسەر خۆی دەداتە خوێنەر و گێڕەرەوەش زانیاری دەداتە خوێنەر لەسەر کردەوەی داهاتوو و ژیان و پلەو پایەیان، لە شانۆی (مەمی ئالان)دا شانۆ نووس لەسەر زاری پاڵەوان زانیاری لەسەر ژیانی دەداتە خوێنەر.

٣- لە داستانی (مەم و زین)دا دیالۆگەکانی بە درێژی کردووە و هەروەها دیالۆگەکان لە نێوان چەندین کارەکتەر دەبێت لەیەك کاتدا، لە داستاندا دیالۆگی کورت و پڕ مانان و لە نێوان دوو ئەکتەر دەکرێن.

٤- دیالۆگی داستانی (مەم و زین) تەنیا لە نێوان مرۆڤەکان نارکێت، بەڵکو لە نێوان پەریەکانیش کراوە، لە شانۆی (مەمی ئالاّن)دا جگە لە دیالۆگی مرۆڤەکان هیچیتر نابینرێت.

٥- لە دیالۆگەکانی نێوان کارەکتەرەکان لە داستانی (مەم و زین)دا باسی (نوێژ و پاڕانەوە و شوکرانەکردن و ترس لە خودا) زۆر لە دەمی پاڵەوان و کارەکتەرو پەریەکان دەبیسترێت، لە شانۆدا (خۆبەخت کردن لە پێناو ئایین و وڵات وشەی ئاینی و شەرەف) لە پاڵەوان و ئەکتەرەکان دەبیسترێ کەواتە هەردوکیان بەرگێکی ئاینیان پێوە دیارە.

٦- لە داستان و شانۆ دا نیشانەی پرسیار (؟) ی تێدایە کە لە کارەکتەرەکانی دەکەن و ئەوانیش وڵامیان دەدەنەوە

٧- لە داستانی (مەم و زین) دا کارەکتەر، کە قسە دەکات نیشانەی (:) بۆ دانراوە، لە شانۆی (مەمی ئالان) دا شانۆ نووس نیشانەی (-) بۆ دەست پێکردنی قسەی کارەکتەرەکان داناوە.

٨- دیالۆگ لە نێوانی (١٨) کارەکتەری مرۆڤ و (٣) پەری دابوو، لە شانۆ دا لە نێوانی (٥) کارەکتەر دابوو کەچی لەبەرگی یەکەمی (پەیس)دا ناوی (٤) کارەکتەری شانۆ نووسراوە، بەڵام خولامێك لە پەردەی دووەم قسە لەگەڵ (چاورەش)دەکات ((غلام-خالتا چاورەش!خا نما من کویت بلا حتی لیر کرم بکت)) [374]

٩- لە داستان و شانۆدا گفت و گۆی کارەکتەرەکان بە شیعر و بە پەخشان کراوە.

---

[373] ع. ر. هەکاری، سەرچاوەی پێشوو، ژمارە(١٦)،ل١٦

[374] سەرچاوەی پێشوو، ژ(١٦)،ل١٥

**تەوەری سێیەم : هونەری مۆنۆلۆگ لە داستان و شانۆدا :**

**أ – هونەری مۆنۆلۆگ لە رووی تیۆریەوە :**

مۆنۆلۆگ بریتیە لە ئاوات خواستن لە بیرکردنەوەیەکی بەبێ دەنگ، بەمەبەستی راوێژ کردن لەگەڵ خودو ڕاوێژ کردن و گەڕان بە دوای وڵامێکی دروست بۆ خۆی، مۆنۆلۆگ لە فەرهەنگی عەرەبی ( معجم المعاني الجامع ) دا بەو مانایە دێت (( وتارێکە کارەکتەرێکی شانۆیی دەیدات بە تەنها بۆ خۆی یان بۆ بینەرانی دانیشتوو، بە ئاشکرا کردنی ئەوەی لە دەروونی دا هەیە بە نیازە ئەنجامی بدات، یان راڤەی ویستێك بکات ))[٣٧٥]. ئەمەش گفت و گۆیەکی زهنییە ئەم ئاوات خواستنە یان بە شێوەیەکی نەرم دەبێت یان دواجار هەڵچوونێکی توندی بەدواوە دێت. هەروەها دەکرێت بڵێین کە مۆنۆلۆگ تەنها لە شانۆ دانییە، بەڵکو لە رەگەزەکانی تریش دا هەیە وەکو ( داستان، چیرۆك، رۆمان )بەهەردوو جۆری نووسینی بە شیعر و پەخشانەوە. کارەکتەر کە قسە دەکات هەندێك جار کەسە نزیکەکانیشی گوێیان لێ نابێت. (( لە مۆنۆلۆگدا فیکرو بارودۆخی کارەکتەر و خواست و ئارەزووە شاراوەکانی وەدەردەکەون ))[٣٧٦] بۆیە دەکرێت بڵێین رەگەزێکی گرنگی گێڕانەوەیە، کە دیوی ناوەوەی ناخی مرۆڤ پیشان دەدات، بەمەش خوێنەر ئاشنایی زیاتر دەکات بە بیرکردنەوەی کارەکتەر، کە لە داهاتوو چ کارێك ئەنجام دەدات. زۆر جار شاعیر/نووسەر ئەوە دەکات بۆ ئەوەی بە وەرگر بڵێت کارەکتەرەکان خۆیان دەدوێن ئەو دەستکاری نەکردوون، ئەمەش ئەوە نیشان دەدات کە مۆنۆلۆگ راسترین ساتە، کە کارەکتەر لەگەڵ خۆی دەدوێ.

مۆنۆلۆگ ئەو کاتە زیاتر پێویستە، کە ناخی کارەکتەر ئاڵۆز بێت و نایەوێت دەری ببڕێت، کارەکتەر دەیەوێ جارەك بە نهێنی بمێنێتەوە تا ئەو کاتەی خۆی یەکلایی دەکاتەوە و بڕیاری کۆتایی دەدات، یان ئەو کاتەی نهێنییەکان کەسێکی تر دەیدرکێنێ. لە مۆنۆلۆگدا زانیاریەکە کپ دەکرێت و فەزایەکی بێ دەنگ دروست دەکرێت، کە ئەم دەنگە نەگاتە خەڵکانی تر هەر بۆ خۆی لێیان بدوێت بە قسە کردنی کارەکتەر لەگەڵ خود بەتەنها زیاتر هەست بە ئاسوودەیی دەکات. پرسیار لێرە ئەوەیە ئایا ئەگەر مۆنۆلۆگ لەگەڵ خود قسە کردنە بۆ وەکو دیالۆگ دەردەبڕدرێت؟ دەکرێت بڵێین هونەرێکە لەگەڵ خۆی دەدوێ ئێمەی خوێنەر یان وەرگر بۆ ئەوەی بگەینە ناخی کارەکتەر

---

[٣٧٥] www. almaany. com/ar/dict/ar_ar

[٣٧٦] یاسین رەشید حەسەن، سەرچاوەی پێشوو، ل١٠٣

و زانینی ئاماژەی هەنگاوەکانی داهاتووی کارەکتەرە، هەروەها تەنها ئێمە دەبیستین کارەکتەرەکانی تر نایبیستن وەکو ئەوەی لە دیالۆگ دا دەبیسترێت، تاکە کارەکتەرێك هەم قسەکەرە و هەم گوێگر.

مۆنۆلۆگ ئەو تەکنیکەیە کە گێرەرەوە بەکاری دەهێنێت بۆ ئەوەی ناوەرۆکی دەروونی و کردارە دەروونییەکان پێشکەش بکات بەبێ ئەوەی قسە لەسەر هەموو بوارە دەروونییەکەی بکات. کارەکتەر کاتێك لەگەڵ خۆی دەدوێ خۆی هەڵدەسەنگێنێ، کە زنجیرەیەك لە یادگاریەکانی لە مێشکدایە پەلەقاژەیەتی بۆ ئەوەی خۆی رێك بخاتەوە تاکو بڕیارێك بدات یاخود ئاراستەی بۆچوونەکانی بگۆڕی، چونکە هەندێ هۆکار لە بەردەمی دا هەیە بۆیە ململانێ لە نێوان بەرژەوەندی و هەستی دا هەیە، ئەگەر هەڵوێستی نواند ئەوە دیارە بڕیارێکی داوە بەربەستەکانی شکاندووون.

مۆنۆلۆگ و زمان پەیوەندیەکی تۆکمەیان هەیە، چونکە بیرکردنەوەکانی کارەکتەر لە رێگای زمانەوە دێنە دەرەوە و ئاشکرا دەکرێن (( مۆنۆلۆگ ئەم بیرانە بە چەند رستەیەکی کورتی رێزمانی دەردەبڕێت ))[377] بۆیە پێویستە یەکانگیر بێت لەگەڵ پێگەو جێگای کارەکتەر و ئاستی رۆشنبیری و سادەیی و ستاندەریەکەی، چونکە یەکانگیر نەبوونی زمانی مۆنۆلۆگ لەگەڵ کارەکتەری قسەکەر خوێنەر هەست دەکات ئەوە دەنگێکی ترە دەدوێ نەك خودی کارەکتەرەکە( مۆنۆلۆگ پەیوەندیەکە لە چیرۆکدا دەگێردرێتەوە بە شێوە قسەکەر)[378]. چەند مەرجێك هەیە نووسەر لە مۆنۆلۆگ دا پەیرەوی بکات ئەمانەن:

١- (( مۆنۆلۆگ بە زمانێك بنووسرێت گونجاو بێت لە گەڵ خودی کارەکتەر کە دەیڵێت.
٢- زمانی مۆنۆلۆگ دەبێت لە زمانی قسەکردنی ئاسایی( نزیك بێت ).
٣- نابێت درێژ دادڕی لە مۆنۆلۆگدا بکرێت.
٤- پێویستە مۆنۆلۆگ زانیاری بەخش بێت ئەو دۆخانە ئاشکرا بکات کە پێشتر شاراوە بوون ))[379].

جۆرەکانی مۆنۆلۆگ بە چەندین شێوە دەبێت ( رۆبرت همفری ) بەسەر دوو جۆر دابەشی دەکات (( ١- مۆنۆلۆگی راستەوخۆ ٢- مۆنۆلۆگی ناراستەوخۆ ))[380] لە مۆنۆلۆگی راستەوخۆدا : (( کارەکتەر لە گەڵ خۆی دەدوێ بێ ئەوەی کەس پرسیاری ئاراستە بکات و بیدوێنێ و بێ بوونی هیچ گوێگرێك نووسەر راناوی من بەکار دێنێ، لە راستیدا نووسەر و خوێنەر هەیە، بەڵام هەست بە بوونی ئەوان ناکرێت لە کاتی خوێندنەوە و گێڕانەوەدا. مۆنۆلۆگی ناراستەوخۆ :

[377] رێزان رەحمان خدر، سەرچاوەی پێشوو، ل١٠٨
[378] مصطفى التواتي، دراسة في الروايات نجيب المحفوظ الذهنية ( اللص و الكلاب )( الطريق ) ( الشحاذ )، مطبعة الدار الفارابي، طبعة الثالثة، لبنان، ٢٠٠٨، ل١٦٠
[379] یاسین رەشید حەسەن، سەرچاوەی پێشوو، ١٠٧
[380] رێزان رەحمان خدر، سەرچاوەی پێشوو، ل١٠٩

راناوی ( تۆ، ئەو ) بەکاردێت نووسەر ئاگاداری کارەکتەرە ) )[٣٨١] لە مۆنۆلۆگی راستەوخۆدا گێڕەرەوە /نووسەر نابینرێت و خوێنەر هەست بەوە ناکات، کە کەسێك قسە دەکات جگە لە کارەکتەر، بەڵام لە مۆنۆلۆگی ناراستەوخۆدا هەست بەوە دەکرێت کەسێك کارەکتەرەکە دەجولێنێت و قسەی پیێ دەکات بەمەش (( گێـڕەرەوە خـۆی گوزارشـت لـە بۆچـوونەکان دەکات، کە لە ناو هۆشی کارەکتەرەکان دایە رێگا نادات کارەکتەرەکان بیرکردنەوەی خۆیـان گوزارشـت بکـەن بـەبێ گەرانەوە بۆ گێڕەرەوە ) )[٣٨٢] وێنەو دەنگی کارەکتەر پیشان دەدرێت وا پیشان دەدرێت، کە ئـەوە نـاو تـەوژمی هۆشـی کارەکتەرە گەچی گێڕەرەوە دەستکاری کردووە دوبارە خۆی دایدەرێژێتەوە.

وەك زانراوە تەوژمی هۆش لە هونەری دەقە چیرۆك ئامێزەکان، گرنگیەکی زۆر بە جیهانی نـاوەوەی کارەکتـەر دەدات ترس و دڵەڕاوکێ و هەست و سۆزەکان ئاشکرا دەکات. ئەو دوو دڵیـەی بـەر لـە ئاشـکرا کردنـی هەسـتەکانی کارەکتەر دروست بوون، کە جیهانی ناوەوەی کارەکتەر لەگەڵ جیهانی دەرەوەی یەکانگیر نابێت یان پێی شـەرمە یـان ناکرێت بگوترێت. ئەم جۆرە هونەرە بەکار دێت بۆ ئەوەی حالەتە دەروونییەکـە پێشـکەش بکـات لـە کاتێکـدا بـە دیالۆگ ناتوانرێت گوزارشت لە ناخی نووسەر و کارەکتەر بکات ئەم هونەرە لە دایك دەبێت.

دەکرێت لەم زانیاریانەی سەرەوە پەیوەندی دیالۆگ و مۆنۆلۆگ و ئیش و کارەکانیان کورت بکەینەوە بۆ چەند خالێك:

١- دیالۆگ زانیاری دەبەخشێت، مۆنۆلۆگیش بەهەمان شێوە.

٢- دیالۆگ گوفتارەکانی ئاشکران، مۆنۆلۆگ بە نهێنین و کارەکتەرکانی تر ئاگادار نین.

٣- دیالۆگ لە نێوانی دوو کەسە، بەڵام مۆنۆلۆگ لە خودی یەك کارەکتەر دایە.

٤- رستەکانی دیالۆگ لە دەقدا زیاترە وەك پانتایی لا پەرەکانی دەق، مۆنۆلۆگ کەمترە

٥- بە زمانی شیعر و پەخشان دەنوسرێت، مۆنۆلۆگ زۆربەی کات بە پەخشانە.

جۆرە مۆنۆلۆگێکیش هەیە خودیە لە پاڵ جۆرەکـانی تـری مۆنۆلۆگـەکان (( مۆنۆلـۆگی خـودی قسـەکردنێکی کەسێکی دیاری کراوە، مەبەست لێی راستەوخۆ بچیتە ژیانی ناوەوەی کارەکتەر بەبێ ئەوەی دانەر چ بـە شـیکردنەوە یان سەرنجی هەبێت لەسەری ) )[٣٨٣] کارەکتەر ناخی خۆی بە ئارەزووی خۆی باس دەکات.

---

[٣٨١] سەرچاوەی پێشوو، ل١١٠

[٣٨٢] زهرا افضلي، دیگران :فرامرز میرزائي، جعفر جعفر زاده ) اساليب استخضار الافكار في الرواية الطريق لنجيب المحفوظ، ، مجلة الجمعية العلمية الايرانية، العدد( ٣٧ )، ٢٠١٦، ل١٠

[٣٨٣] نبهان حسون السعدون، يوسف سليمان )، الحوار القصة القرأنية قصة موسى( عليه سلام )أ نموذجاً مجلة الا بحاث، كلية التربية الاساسية، جامعة الموصل، المجلد( ٧ )، العدد( ٤ )، ٢٠٠٨، ل١٢٧

**١- هونەری مۆنۆلۆگ لە داستاندا :**

هونەری مۆنۆلۆگ تەکنیکێکی زۆر کۆنە لە شیعر و داستانە سەرەتاییەکان بەکار هاتووە، لە داستانە کۆنەکاندا ئەم هونەرە بۆ ئەوە بەکار دەهات تاکو زیاتر پاڵەوان دەربخەن، د. فاتح عەبدولسەلام دەڵێت (( ئێمە ناتوانین ئەوە دیاری بکەین ئایا هۆمیرۆس ئەو تەکنیکەی بەکار هێناوە یان بەر لە ئەو وەکو ئامرازێکی سەر زارەکی گێڕانەوە بەکار هاتووەگومان لەوە نییە کە پاڵەوان نەبێت مۆنۆلۆگ نابێت ))[٣٨٤] ، چونکە بۆ دەرخستنی شتە شاراوەکانی دڵی پاڵەوان داستان نووس پێویستی بە هونەری مۆنۆلۆگە بۆ ئەوەی خوێنەر پێی ئاشنا ببێت، داستانەکان زێدەتر بەناوی پاڵەوانەکان دەکران بۆ ئەوەی خوێنەر ئاشنایەتی لە گەڵ پاڵەوان پەیدا بکات و دوورە پەرێز نەبێت بەو مانایەی کەوا مرۆڤی بالآیە ئیدی کەس بۆی نییە شارەزایی لەسەر پاڵەوان پەیدا بکات.

مۆنۆلۆگ لە زۆر هونەر بە دیار دەکەوێت (( شیعر مۆنۆلۆگە لە رەسەندا، پارچەکانی مۆنۆلۆگ لە خزمەت ئەو هێزە قووڵەی زماندایە ))[٣٨٥] هەر شاعیرەو جۆرێك لە شێوازی تایبەت بەخۆی لە نووسینەوەی شیعری داستانی بەکار دێنێ (( هەندێك لە نووسەرەکان لەهجەی کۆن بەکار دێنن و هەندێکیشیان زمانێکی دروست، کە لەگەڵ مەبەستی دەقە ئەدەبییەکە بێتەوە بەکار دێنن، هەموویان بۆ ئەوەیە، کە زێدەتر توانایان بەکار بێنن زمان هەڵکۆڵن ))[٣٨٦].

لە گێڕانەوەی داستاندا رێگا دەدرێت بە حیکایە تخوان بە بەکار هێنانی راناوی ( ئەو )ی هەموو شتزان بەکار بێت، ئازادی بۆ کارەکتەرەکانە بۆ ئەوەی چۆن ئاوات دەخوازن و چۆن لەگەڵ خۆیان دەدوێن بەرشەقیان فراوان بێت، بەڵام گێڕانەوە تەنها بە راناوی قسەکەر( من )بێت ئەوا ئازادی تەنها بۆ گێڕەرەوەیە لەو حالەتە زەحمەتە بگەینە زەینی کارەکتەرەکان. میشال بوتور دەڵێت ( ئەگەر چیرۆك بە راناوی قسەکەر بوو، ئەوا گێڕەرەوە تەنها قسە لەسەر خۆی دەکات و ئەوەی دەیزانێ لەسەر کارەکتەرەکە، بەڵام لە مۆنۆلۆگدا لەم حاڵەتەدا بەرەو تەسك بوونەوە دەچێت، ناتوانێت قسە لەسەر کارەکتەر بکات تەنها لەسەر خۆی نەبێت، بەم حاڵەش ئێمە لەبەردەم راناوێکی داخراو داین )[٣٨٧] لێرەدا دەکرێت بڵێین کەوا لە داستاندا پێویستی بە جۆری مۆنۆلۆگی راستەوخۆ نییە تەنها مۆنۆلۆگی

---

[٣٨٤] سەنگەر قادر شێخ محەمەد حاجی، سەرچاوەی پێشوو، ٢٠٠٧، ل١٨٣

[٣٨٥] صدام علاوی سلیمان الشباب، سەرچاوەی پێشوو، ل١٣٦

[٣٨٦] د. محمد غنیمي هلال، النقد الادبي الحدیث، مطبعة الدار الثقافة، بیروت، ١٩٧٣، ل٦٥٨

[٣٨٧] دکتۆرة مها حسن القصراوي، الزمن في الروایة العربیة، المطبعة المؤسسة العربیة للدراسات والنشر، طبعة الاولی، بیروت، ٢٠٠٤، ل٢٤٥

( ناراستەوخۆ و خۆ دواندن ) بەکار دێت. بە بوونی راناوی ( من ) ی قسەکەر شاعیر ناتوانێت بچیتە ناو ناخی پاڵەوان.

هەندێك نهێنی خودی کارەکتەرەکان هەن ناتوانین بیاناسین تەنها بە دانپێدانانی خۆیان نەبێت سروشتی مرۆڤ وایە نایەوێت نهێنی بکەوێتە دەستی کەسانی تر. ئەو پەرچەکردارانەی کارەکتەر دەیکات لە کاتی زانینی هەواڵێك یان بوونی کێشەیەك وا پێویست دەکات بیر بکاتەوە بە وردی دواتر وڵام بداتەوە، ئەگەر چی لە دیالۆگدا بەرپەرچدانەوەکە خێراترە، بۆیە لە مۆنۆلۆگدا کارەکتەر چاکترین وڵام دەدۆزێتەوە. بەشێوەیەکی بیرکردنەوەی کارەکتەر لە دەوری ئەم جۆرە مۆنۆلۆگدا بەم شێوەیە دەبێت:

١- هەندێك بیرکردنەوەی پووچ، کە دێتە ناو مێشکی کارەکتەر ناتوانێت بیخاتە دەرەوە و بیکاتە دەنگ. یان لەبەر دەوروو بەری، یان لەبەر شەرمنی دۆخەکە وا دەخوازێت بێدەنگ بێت

٢- هەندێك بۆچوونی ئەرێنی لە هێزی کارەکتەرەکە دا هەن بە پێویستی نازانێت روون بکاتەوە، شێوەی بڕیاردانەکە ئاشکرا ناکات واتا لە قۆناغی بێدەنگی دەمێنێتەوە تا دەگاتە بڕیاری کۆتایی

٣- هەندێك بیرکردنەوە هەیە لۆمە کردنی خودی خۆیەتی، کە نەدەبوایە ئەم هەڵوێستە بنوێنێ یان بەم شێوەیە مامەڵە لەگەڵ بەرامبەرەکەی بکردایە

٤- هەندێك مۆنۆلۆگ شوکرانە کردنە بۆ خودا لەو باروو دۆخەی تێیدایە.

### ٢- هونەری مۆنۆلۆگ لە شانۆدا :

مۆنۆلۆگ بە زۆر مانا دێت، مانا بنەرەتیەکەی دەگەڕێتەوە بۆ گفت و گۆ کردنێکی بەتەنها، کە تاکە کەسێك پێی هەڵدەستێت لە ئامادەبوون و ئامادە نەبوونی گوێگر، کە بۆ شیوەنەکانی دوای مردوو و قەسیدەی گۆرانی و پاڕانەوە وەك خۆ زەلیل پیشاندان ئەمەش لە ئەدەبی میللی و فۆلکلۆری ئەم جۆرەمان هەن. هونەری مۆنۆلۆگ دوو دەنگە دەنگێکیان بۆ دەرەوەیە بە شێوەیەکی گشتی دەنێردرێت بۆ خوێنەر دەنگی دووەمیان تایبەتە کەس گوێی لێنابێت تەنها خودی خۆی نەبێت. پاڵەوان لە مۆنۆلۆگدا هەر خۆی پرسیار دەکات هەر خۆشی وڵام دەداتەوە یان پرسیار دەکات پێویستی بە وڵامدانەوە نییە ئەم جۆرەش سیفەتی بۆ گەرانەوەیی هەیە واتا بۆ خۆی دەگەڕێتەوە. (( لە مۆنۆلۆگدا دوو دەنگ بەدی دەکرێن لە کارەکتەرێکدا، یەکێکیان بۆ دەرەوەیە گشتی یە، دەنگی دووەمیان بۆ خودی خۆیەتی هەر خۆی گوێی لێدەبێت بیرکردنەوەو هەستەکانی پێوە سەرقاڵ دەکات ))[٣٨٨].

---

[٣٨٨] صدام علاوی سليمان الشباب، سەرچاوەی پێشوو، ل١٣٦

مۆنۆلۆگ لەگەڵێك شوێنی دەقی شانۆیی بە دیار دەکەوێت (( مۆنۆلۆگ ناوکی لە دایك بوونی شانۆیە، لە واقیعدا فۆڕمێکی درامیە زیاتر لەوەی فۆڕمێکی گێڕانەوە بێت، زۆر جار بە تۆمار کراوە لە ڕێی ریکۆڕدەوە پێشکەش دەکرێت ))[٣٨٩] لە دەقی شانۆیدا مۆنۆلۆگ ئاماژەی پیٚ دەکرێت واتا دەزانرێت ئەمە مۆنۆلۆگە.

شێوازەکانی پێشکەش کردنی مۆنۆلۆگ بەچەند شێوەیەکە بۆ ئەوەی بیرکردنەوەکان بگوازێتەوە بۆ خوێنەر، لە شانۆ دا دیاریترینیان شێوازی راستەوخۆیە، کە رۆلی نووسەر بۆ پێشکەش کردنی ئایدیای کارەکتەر بە ئاماژە دانە بەوەی کە بیرکردنەوەی کارەکتەر بەم شێوەیەیە (( ئەو ئاماژەدانە بە شێوازی قسەکردنی راستەوخۆ دێت وەکو ئاماژەکانی (گوتی، هاواری کرد) ئەم ئاماژە پێکردنە پێش دەربڕینی بۆچوون دێت دواتر یەکسەر بۆچوونەکان دەست پیٚ دەکەن ))[٣٩٠] لەم حالەتەدا زۆر جار ئاماژەکانی ( : ) دەنووسرێت بەر لە دەست پێکردنی مۆنۆلۆگ.

مۆنۆلۆگ و فلاش باگ هەردوکیان بیرکردنەوەنە و ئاوات دەخوازن، فلاش باگ تایبەتە بەرابردوو بیٚ ئەوەی زیاتر روونکردنەوە بدات، بەڵام مۆنۆلۆگ لە هەر سیٚ زەمەنی (رابردوو، ئیستا، داهاتوو) قسە دەکات. مۆنۆلۆگ نابەسترێتەوە بە زەمەن و کاتی دیاری کراوو. کەچی لە دیالۆگدا گوتمان نزیکە یان وەکو زەمەنی ریالیستیە. کاری مۆنۆلۆگ دەتوانین بەم شێوەیە لە رووی کاتەوە کورت بکەینەوە:

١- (( قسەکردن لە جیهانی ناوەوەی کارەکتەر لە سات و زەمەنی دیاری کراو. مۆنۆلۆگ زەمەنی دەرەوە دەوەستێنێت بۆ ئەوەی جیهانی ناوەوە بێنێتە سەرەوەی گێڕانەوەی ئێستایی.

٢- کار کردن بۆ خاو کردنەوەی زەمەنی گێڕانەوە لە ئە نجامی بواری ئاوات خواستنی دەروونی، فراوانکردنی زەمەنی وتار ))[٣٩١] بۆیە لە مۆنۆلۆگدا زەمەنی چیرۆك دەوەستێت زەمەنی وتار فراوان دەبێت.

مۆنۆلۆگ هونەرێکە بەکار دێت لە دەقی شانۆییدا بۆ ئەوەی خوێنەر ناوەرۆکی دەروونی کارەکتەر و بوارە دەروونییەکەی کە هەیەتی بخاتە روو، خوێنەر راستەوخۆ دەچێتە ژیانی تایبەتی کارەکتەر، بەبیٚ ئەوەی نووسەر بۆمان شی بکاتەوە. لەم حالەتە دا ڕووداوی دەرەکی دەوەستێت، چونکە تیشکەکە دەکەوێتە سەر بیرکردنەوەی کارەکتەر. هەر بۆیەشە مۆنۆلۆگ دێڕەکانی کورتن لە شانۆدا، بۆ ئەوەی ڕووداوە سەرەکیەکە لەبیر نەکرێت، بۆیە نووسەر زۆر جار مۆنۆلۆگەکە دەخاتە خزمەت ڕووداوە سەرەکیەکە.

نووسەر وا پیشان دەدات لە مۆنۆلۆگدا مرۆڤ هەردەم لە ململانیٚ دایە لە نێوان دروست بوون و وێران بوون، مردن و ژین، ونبوون و دۆزینەوە، ئەمانەش هەمووی بە رێگەی زمانییەوە نووسەر ئە نجامی دەدات.

---

[٣٨٩] یاسین رەشید حەسەن، سەرچاوەی پێشوو، ل١٠٢

[٣٩٠] زهرا افضلي، ديگران:فرامرز ميرزائي، جعفر جعفر زاده)، سەرچاوەی پێشوو، العدد(٣٧)، ٢٠١٦، ل١٣

[٣٩١] دكتۆرة مها حسن القصراوي، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٤٥

چوار جۆر مۆنۆلۆگ لە شانۆدا هەن بەم شێوەیە دابەش دەکرێت:

١- ( مۆنۆدراما: کارەکتەرێکە تەنها لەسەر شانۆیە.

٢- وتاردانی کارەکتەر بۆ بینەر:کۆمەڵێك کارەکتەر هەن، بەڵام کارەکتەرێك روو لە بینەر دەکات و قسە دەکات بۆیان ئەمەش زیاتر بۆ شانۆی پێکەنیناوی دێت.

٣- خۆ دواندن soliloquy: وتارێکی هەڵچوونە کارەکتەر بەتەنها دەیکات بەبێ ئەوەی کەس بیبرێت وەکو موناجاتەکانی هاملێت کە دەیگووت (دەبێ یان نابێ).

٤- مۆلۆگی درامی: شاعیر خودی خۆی قسە دەکات یان پەنا دەباتە بەر کارەکتەرێکی خەیاڵی )[٣٩٢] موناجات لە زۆر دەقە شانۆکاندا هەیە نووسەر مەبەستیەتی لەساتی تراژیدی و دڵە راوکێی کارەکتەرەکاندا ئەم شێوە مۆنۆلۆگە بەکاربێنێت، کە عاتیفەیان دەگاتە پلەیەکی بڵند، هەندێك جاریش دەگاتە لێواری قسە کردن و ورێنەکردن دەست دەکەن بە قسەکردن و دەرد و ژانی دڵی خۆیان باس دەکەن و هەندێك جاریش لۆمەی ژیان دەکەن.

کەچی مۆنۆلۆگی شانۆیی ( بریتیە لە دیالۆگێکی شانۆیی خودی کارەکتەرەکە بەتەنهابێت لە نێوانی دوو دەنگ لەیەك کارەکتەر دا. یەکێکیان دەنگە دەرەوەیە گشتیە، ئەویتریان تایبەتە کەس گوێی لێنابێت خوێنەر دەگاتە بیرکردنەوە پەنگ خواردووەکەی کارەکتەر)[٣٩٣] پەنا بردنی نووسەر لە مۆنۆلۆگی شانۆیی بۆ کارەکتەری خەیاڵی، کە لەسەر زمانی کارەکتەرەکە قسە دەکات لە ڕوانگەی خۆیەوە دەڕوانێتە ڕووداوەکان نەك ڕەسەنی ڕووداوەکە لەم حالەتەشدا برێك لە ئایدیاکە پێشکەش دەکات نەك هەموو، بۆ ئەوەی ڕێگا خۆش بکات بەرامبەر تەوژمی واقعی زیندوو بۆ گەیشتن بە پێشبینییەکی نوێ.

گۆشە نیگای گێڕانەوە لە شانۆدا راناوی (ئەو) ە، چونکە مۆنۆلۆگی شانۆیی گێڕەرەوە لەسەر زاری قسەکەرەکان قسە دەکات رۆلی گێرەرەوە لە گۆشە نیگای گێڕانەوە دەوەستێت شاعیر/ نووسەر بەشدار نابێت، بەڵکو خوێنەر تێکەڵ دەبێت لەگەڵ رەوشتی کارەکتەری قسەکەر. تەنها ئەوە نەبێت ئەگەر خودی گێرەرەوە باسی ڕووداوێکی تراژیدی گەورە بکات خۆی بەشدار بێت لەسەر شانۆ ئەو کاتە دەبێت بە راناوی (من)ی راستەوخۆ ئەگینا شێوەکانی تر هەموو ناراستەوخۆیە.

---

[٣٩٢] اسامة فرحات، المونولوج بين الدراما و الشعر، مطبعة الهيئة المصرية العامة للكتاب، ١٩٩٧، ل٢٨

[٣٩٣] اسامة فرحات، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٠

**٣- بەراوردکردنی مۆنۆلۆگ لە داستان و شانۆدا:**

١- لە داستاندا مۆنۆلۆگ بەکار دەهێندرێت بۆ گەیشتن بە ناخی کارەکتەر، لەشانۆ دا بەهەمان شێوەیە.

٢- بە بەراورد بە شانۆ مۆنۆلۆگ لە داستاندا زیاترە.

٣- گۆشە نیگای گێڕانەوە لە داستان و شانۆدا راناوی ( ئەوە ) لە مۆنۆلۆگدا.

٤- لە داستان و شانۆ دا موناجات و خۆ بە زەلیل زانین و شەرم کردن بەدی دەکرێت

٥- زمانی بەکار هاتوو لە مۆنۆلۆگدا لە داستان و شانۆ دا یەکانگیرە لە گەڵ زمانی کارەکتەرەکان.

٦- لە داستان و شانۆدا مۆنۆلۆگ رۆڵ دەبینێت لە بەرەو پێشبردنی رووداو بەشێوەیەك ململانێ لە ناو خودی پاڵەوان دروست دەکات و دوای بیرکردنەوە دواجار پاڵەوان بریار دەدات و ئەم بریارەش داهاتوو دیاری دەکات.

٧- لە داستان و شانۆدا مۆنۆلۆگ شیکردنەوەی ژیانی پاڵەوانەکان دەکات چۆنییەتی پەروەردەکردنیان پیشان دەدات.

٨- مۆنۆلۆگ لە داستان و شانۆدا لە بێ ئاگاییەوە نزیکترە و لە هەردووکیان دەردی دڵی خۆیان بۆ خودی خۆیان دەکەن.

٩- لە تەکنیکی مۆنۆلۆگی داستان و شانۆ دا زەمەنی چیرۆك خاو دەبێتەوە، یان زەمەن لە دەرەوە دەوەستێنێت، چونکە هەردوکیان وەسفی ناوەوەی کارەکتەر دەکەن بوار بۆ فراوانکردنی وتار دەدەن کە قسە لەسەر دەرونی کارەکتەر بکات.

١٠- لە داستاندا ئاماژەی بە بوونی مۆنۆلۆگ ناکرێ. لە دەقی شانۆدا لە لایەن نووسەرەوە ئاماژە دەکرێت کە ئەمە مۆنۆلۆگە.

**ب – هونەری مۆنۆلۆگ لە رووی پراکتیکەوە:**

**١- هونەری مۆنۆلۆگ لە داستانی ( مەم و زین ) دا:**

هونەری مۆنۆلۆگ لە داستانی فۆلکلۆری ( مەم و زین ) بەکار هاتووە کە بۆ سەردەمێکی دووری مێژوویی دەگەرێتەوە. ئەم داستانە لە ئەدەبیاتی کوردی دا مامەڵەی لەگەڵ کراوە لە نێو تێکستە ئەدەبیەکان بەکار هاتووە ،هاوشان داستانی کوردیش وەکو داستانە جیهانییەکان سوودی لەم هونەرە وەرگرتووە بگرە لە رێگای ئەم هونەرەشەوە بیرو هۆشی پاڵەوان بۆ خوێنەران ئاشکرا دەکات کە لە رێگای هۆنەر یان شاعیر ناخی کارەکتەرەکانمان بۆ شیدەکاتەوە.

**گێڕەرەوە کە ( ڕەحمان بەکر )ە لەسەر زاری کارەکتەرەکان خۆیان و دەروونی ئەوان بە ئێمە دەگەینێ بەو مانایەی ( ئەو )ی هەموو شت زان بەکار دێنێ بۆ ئاشکرا کردنی دەروونی پاڵەوانەکان**

**میر مەم دەڵێ:**

**(( خولایە چلۆن خانەم بووە وێرانە**

**هەزار نەحلەت لەبابی خۆم دوامین لەبابی هەموو پیاوانە**

**رێی دوانزە مانگ و بیست و چوار رۆژان پادشایەتی بەجێ بێڵە بە قسەی ژنان هەڵستە وەرە ئێرەکانە ))[394]**

**لەگەڵ خود قسە کردنی پاڵەوان و گلەیی کردن لە خۆی، کە بەقسەی ژنان ئەو رێگایە دوورەی بڕیوە هەڵوێستی ( زین )یش وەك پێویست نەبوو، پادشایەتی یەمەنێ لە ئەوم جێهێشتووە هاتیمە شاری جزیرە ئەویش بەم جۆرەیە، لەبەر ئەوەی ( زین ) لەبەر بارە کۆمەڵایەتیەکەی شاری جزیرە ناکرێت بە ئاشکرا کچێك بچێتە ژوان لەگەڵ پیاوان بەو چاونەترسیە، بەڵام ( مەم ) ئەو بیرە ناکاتەوە وا دەزانێ هەست بە ماندووبوونی ئەو ناکات. ئەمەش پێی دەڵێن ( مۆنۆلۆگی ناراستەوخۆ )، دواتر لە داستانی ( مەم وزین )ی توحفەی موزەفەریە ( زین )ی پاڵەوانی سەرەکیش ئەم جۆرە قسە لەگەڵ خۆ کردنەی هەیە :**

**یایەزین گوتی:**

**(( خولایە !ئەوە ئەوا هات قسەی خۆی کرد، ئەمن دڵم شکاند، کەلامی خولای ئەوی ناگرێ، ئەمن دەگرێ، بەجوانی دەمرم، بەکافری دەمرم، بلا بانگی کەم، بگەڕێتەوە، دەشقەم دوو قسانی دەگەڵ بکەم ))[395]**

**لەم مۆنۆلۆگەی ( زین ) دا وا دیار دەکات پەشیمان بوویتەوە لەوەی کە دڵی ( مەم )ی شکاندووە دەیەوێ بانگی بکاتەوە دوبارە بۆ ئەوەی نەڕوات، چونکە سوێندی خواردووە، کە دەست لەیەکتر هەڵنەگرن دواتر ئەگەر بانگی ( مەم ) نەکاتەوە ڕەنگە بڕوات و نەیێتەوە.**

**جۆرێکی تر لە شێوەی مۆنۆلۆگ هەیە ئەویش نزا کردن یاخود شوکرانە کردنە، ئەم جۆرە مۆنۆلۆگە بۆ ئەوەیە کارەکتەر دەیەوێت دۆخەکە وەك خۆی بمێنێتەوە یاخود بەرەو باشتر بڕوات لەم نموونەیە دا بۆمان دەردەکەوێت کەوا خاتوو ( ستی )دڵی خۆشە بەوەی کەوا بابەتی پێدانی ( زین )ی خوشکی بۆ ( مەم ) لە دیوانی میر کراوە و دەڵێت:**

[394] ئۆسکار مان ، سەرچاوەی پێشوو، ل١٩٥-١٩٦

[395] سەرچاوەی پێشوو، ل١٩٦

(( رەبی خولآیە، زۆر شوکرانە!

بە مەخسوود بگەن ئەو نەوجوانە ))[396]

کاتێك ( مەم و بەنگین ) دەگەن بە شاری جزیرە ( زین ) لەبەر خۆیدا قسە دەکات و پێی باشە نەچنە ماڵی میری برای کە میری بۆتانە :

هاوار وەبەر ئەو خولآیە!

ئەگەر بیٚ شەریکە تاق و تەنهایە

بۆ خۆی لایەزانە

ئەو جوتە سوارەکەی بە قسەی مل بەکوینیٚ، هاتوونە ئێرەکانە

رەبی لە ماڵە میری، کاکی من نەبن میوانە ))[397]

دواتر بەردەوام دەبێت لە خۆدواندنەکانی لەسەر ئەوەی حەزناکات جگە لە ماڵی قەرەتاژدینی زاوای بچنە ماڵی هیچ کەس لەبەر ئەوەی نهێنییەکە ئاشکرا دەبێت و قەرەتاژدین بەهەڵوێستە، سەخیە شەرمەزاری ناکات:

(( یا خولآ! نەچنە ماڵە کابەکری، بچنە ماڵە خوشکی خۆم، قەرەتاژدین پیاوێکی رەشیدە، سەخییە، نان بدەیە، ئەو زۆر چاکیان بەخێر دێنی ))[398]

( زین )لۆمە لە بەختە رەشەکەی خۆی دەکات کاتێك خەبەر بگاتەوە ( یەمەن ) کە ( مەم )مردووە لە جزیریٚ دێت هەموو خزم و کەسەکانی ئەویش دەکوژێت لە خەمی کوڕەکەیان :

(( چبکەم لە خۆم رووسیاییٚ قەلەندەریٚ

بۆ دایك و بابی میرمەمی دەگەینە یەمەنیٚ خەبەریٚ

داخولآی، شاری جزیریٚ دەگەڵ تۆپ و تۆپخانەی یەمەنیٚ چی بەسەریٚ

چ بکەم، لە چەنگم دەرچوو، ئەمن مل بە کوێنیٚ

شاری جزیرێم لیٚ خرا دەکەن کەسم لە ئەولادی نامێنیٚ ))[399]

دوای مردنی ( مەم ) خاتوو ( زین ) دەپاڕێتەوە لەبەر خودای بۆ ئەوەی بیمرێنی بۆ ئەوەی چیتر بەخەمەوە ژیان بەسەر نەبات لە تەنیشت کێلی قەبری ( مەم ) گیانی دەربکات :

---

[396] ئۆسکار مان، سەرچاوەی پێشوو، ل١٩٠

[397] سەرچاوەی پێشوو، ل١٨٣

[398] سەرچاوەی پێشوو، ل ١٨٣

[399] سەرچاوەی پێشوو، ل٢١٨

(( خولاّیە، بەغەیرەز ئەتوو کەس نییە بمێنی
ئەمن چیدیکەم بۆ مەجووزاتان نەژێنی
ئەمن بە کێلی کاکە مەمیەوە بمرێنی
خولاّیە ئەتوو کەریمی ئەتوو قادری ))[400]

**٢- هونەری مۆنۆلۆگ لە شانۆی (مەمی ئالان)دا:**

شانۆی (مەمی ئالان) مۆنۆلۆگی زۆری تێدایە، کە گوزارشت لەدەربڕینی ناخی پاڵەوانەکان دەکات بگرە شانۆ نووسیش مەبەستیەتی بۆچوونە فیکریەکانی لە ڕێگای کارەکتەرەکانەوە بگەیەنێتە خوێنەران لە ڕێگای ئەوانەوە تێدەگەین کەوا تاکی کورد چۆن بیردەکاتەوە و هەڵوێستی بەرامبەر بە پێشهاتەکان چۆنەو هەستی نەتەوەیی و هەڵوێستی جوامێری و بەرگریەکانی تاکی کورد لە (شەرەف، نەتەوە، کلتور، عادەت، ئایین) پیشان دەدات، گۆشەنیگای گێڕانەوەی (ئەو)ی هەموو شت زان بەکار هاتووە، نووسەر لەسەر زمانی کارەکتەرەکان هەواڵ و پێشهاتەکان و هەڵوێستەکانی پاڵەوانەکا نمان بۆ دەردەخات واتا خۆی نێوەندگیری دەکات لە نێوان کارەکتەر و خوێنەر لە ڕێگەی نووسەر زانیاریمان دەست دەکەوێت، لەشانۆدا ئەو زانیاریە هەندێك جار بە ئاماژەی نووسەرەوە دەکرێت ئەگینا خوێنەر نازانێت. لەناو دەقی نووسراوی شانۆی (مەمی ئالان)دا ئەگەر نووسەر پێمان نەڵێ ئەوە (( **خلامك ژ در دا تیت** ))[401] نازانین کێیە دێت، چونکە بەر لە ئەو کارەکتەرەکە نادیار بوو تەنیا نووسرابوو (دەنگەك لە دەرەوە دێت). دواتر خۆی پێی گوتین خولامەك لە دەرەوە هات، بەمەش هەواڵەکان لە نووسەرەوە بە ئێمە دەگات.

(مەمۆ) مۆنۆلۆگی درێژ و کورت ئە نجام دەدات مۆنۆلۆگەکانیش زۆرن، چونکە ع. ر. هەکاری ویستوویەتی زۆرترین مانا بداتە ئەو بیرکردنەوانە، هەروەها ویستوویەتی ناخی پاڵەوانی شانۆ بە ئێمە بناسێنێت، مۆنۆلۆگەکانی شانۆی نووسراو زۆربەی جار بە ئاسانی دەناسرێنەوە، چونکە ئاماژەی پێکراوە نووسراوە (تەنیٰ) واتا بە تەنهایە کارەکتەرەکە قسە دەکات (مەمۆ) دەڵێت:

(( **ممو- (تنی) بلی...ایروکە میر امر کریە غزایە نەیاران سرهدان گرتنە**

---

[400] ئۆسکار مان، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٢٠

[401] ع. ر. هەکاری، سەرچاوەی پێشوو، ژمارە(١٦)،ل١٥

**زاریی کردان معاژاله دی لبر دست پی پی دشمنان بچن ))**[402]

مۆنۆلۆگ له شانۆ دا زۆر جار درێژ دەبێته ع. ر. هەکاری له پەردەی یەکەم و مەجلیسی یەکەم بە مۆنۆلۆگ دەستی پێکردووه که پاڵەوانی شانۆ (مەمۆ) لەگەڵ خۆی دەدوێ درێژتره له دیالۆگەکان ئەمەش ئەوه دەگەیێنێ نووسەر زۆر مەبەستیەتی ناخی پاڵەوا نمان پێ بناسێنێ، چونکه (مەمی ئالان) له دەقەکانی تری فۆلکلۆری و داستانی نووسراوو دا بیری کوردایەتی نەبووه تێنه کۆشاوه بۆ سەر خستنی ئایین و نەتەوه، بەڵکو بەدوای ئارەزووی خۆی کەوتووه. ڕەنگه ئەوه پاڵنەرێك بێت بۆ ع. ر. هەکاری تا ئەم جۆره قاڵبه بیرکردنەوه بداته پاڵەوانی شانۆ و جیاوازتر له بەرهەمه فۆلکلۆری و ئەدەبیەکانی تر دەربکەوێت لەسەر (مەمی ئالان).

ع. ر. هەکاری له شانۆکەیدا هونەریەکی تری بۆ مۆنۆلۆگ کردووه ئەویش پاڵەوان که قسه لەگەڵ خۆی دەکات و پرسیار دەکات هەر بۆ خۆشی وڵامەکەی دەداتەوه هەر له مۆنۆلۆگه که درێژ دەبێتەوه پاڵەوان ئامادەیه خۆ بەخت بکات بۆ ئیسلام و دەلێت:

(( **جواب ژ میری هکاریان هاتیه ام دی بچینه هاری کاریا وی اسلام همی لوی بەرهو بونه ژ بۆ چی؟البت ژ بۆ غەزایی. مالا هکاریان همی چکێت خوه بستنه ژ بۆ چی؟ البت ژ بۆ غزایی** ))[403]

(مەمۆ)کارەکتەرێکه کاریگەره به ئاینی ئیسلام و ناهێلی ئاینەکەی بکەوێت له جەنگدا، بەڵام لەلایەکی تردا له مۆنۆلەگەکەدا بۆمان روون دەبێتەوه کەوا هەفتەیەکه ژنی هێناوه بەنیازه بچێت هەواڵی چوونه خەزا به خێزانەکەی بلێت، لێرەدا بۆ خوێنەر روون دەبێتەوه کەوا هەنگاوی داهاتووی پاڵەوان چیه ئەویش چوونه لای (غەزال)ه، خوێنەر پێ به پێ هۆشی لای هەنگاوەکانی پاڵەوانه نووسەر لەم رووەوه باشی پێکاوه :

(( **ممو (خوه بخوه) ای خالقی من تەچی لطفك مەزن مرا کریه دایك خدان حمیت تەدایه من چیا وجدانا من امر دکت اوپی راضی یه چو جاران من مانعی شولان ازوی دیچم به غزال...بوکا هفتی یکی یه از بیلمه بردا ما انصافه؟!...بلی انصافه لورا اوینیا ولاتی ژ همی اوینیان مزتره او پی راچی یه ...** ))[404]

له مۆنۆلۆگدا مەرج نییه کارەکتەر تەنیا له دڵی خۆی لێکدانەوه بکات و پرسیار بکات و خۆی وڵام بداتەوه ڕەنگه کارەکتەرێك قسه بکات، بەڵام تەنیا خۆی وڵام بداتەوه یان ئاوات بخوازێ خۆزگه وابێت یاخود به پێچەوانه پێی ناخۆش بێت مەرج نییه دەری ببرێت ئەویش لەبەر شەرم کردن یاخود بەربەستێك لەبەر دەمی بۆ وڵام نەدانەوه لەم

---

[402] ع. ر. هەکاری، سەرچاوەی پێشوو، ژ١٥،ل٢٢

[403] سەرچاوەی پێشوو، ژ١٥،ل٢٢

[404] سەرچاوەی پێشوو، ژ(١٥)،ل٢٣-٢٤

نموونەیەدا ( چاورەش )هەواڵێك دەداتە ( غەزال ) كە لەشكری ئیسلام سەركەوتووە هـەواڵی لای ( مـەمۆ ) پێیـە كـە سەلامەتە بەم رۆژانە دەگەڕێتەوە ( غەزال )یش زۆر خۆشحاڵ دەبێت لە دڵی خۆی دەڵێت:

(( غزال-( خوە بی خوە ) خدی گوە دنگی تەبی ))[405]

شانۆ نووس ویستوویەتی شانازیەكانی میللەتی كورد دەربخات كە بۆ مەسەلەی نـامووس بەرگری بـاش دەكەن ناهێڵن كەس دەستیان بۆ درێژ بكات ئەمە چگە لە پیاوەكان، بـەڵكو ئافرەتـەكانیش هـەمان بۆچـوونیان هەیـە و هەمان دەستوەكەریان هەیە بۆ ئەم جۆرە مەسەلانە. ( چاورەش ) نازانیْ كورەكەی هاتۆتە ماڵەوە كـە سـەیر دەكـات كەسێك لەگەڵ ( غەزال )ی بووكی پاڵ كەوتوون زۆر تووڕە دەبێت ئەم خیانەتەی پـیْ قبـوڵ ناكرێـت كـە پیـاوێكی بێگانە لە گەڵ بووكەكەی بخەوێت و لەم خۆ دواندنە دەڵێت :

(( ( نەخیر!..نەخیر!..جارك دی دیچت تماشە دكت ) لازمە از

ببرم یان بكوژم ڤگ چو كرد ناموسا خوە وها ببینت ناوەستیت بلی او ناموسا

من !..و امانتی منە!..))[406]

دیسان چاورەش لەم بیركردنەوە بەردەوام دەبێت دواتر بڕیاری كوشتن دەدات و دەڵێت :

(( چاورەش- بلی ..بلی..كوشتن ژ غیر وی چو دیتر نینە خدی ژی

ژمن نا پرست چونكە لسر ناموسی یە ))[407]

٣ – بەراورد كردنی توخمی هونەری مۆنۆلۆگ لە داستانی ( مەم و زین ) و شانۆی ( مەمی ئالان ) دا:

١- لە داستانی ( مەم و زین )دا پاڵەوان لەسەر زاری خۆی باسی خـۆی دەكـات، لەشـانۆی ( مـەمی ئـالان )دا پاڵـەوان لەسەرەتای دەست پێكردنی شانۆكەدا، كە بە مۆنۆلۆگ دەستی پێكردووە خۆی دەناسێنیْ

٢- لە داستانی ( مەم و زین )دا پاڵەوانەكاندا پاڕانەوە لەبەر خودا و موناجات و خۆ دواندن و پرسیار لە خود كردن و وڵامدانەوەی خود دەكەن، لە شانۆی ( مەمی ئالان ) دا بە هەمان شێوە ئەم جۆرە مۆنۆلۆگە بە دی دەكرێت

٣- لە داستاندا مۆنۆلۆگ هەیە، بەڵام لە شانۆ دا رووبەرێكی فراوانی داگیر كردووە تەنانەت ( ع. ر. هەكاری )گرنگی زۆری پێداوە لەسەرەتای دەست پێكردنی پەردەی یەكەم بە مۆنۆلۆگ دەستی پێكردووە.

---

[405] سەرچاوەی پێشوو، ژ١٦،ل١٥

[406] ع. ر. هەكاری، سەرچاوەی پێشوو، ژ١٦،ل١٧

[407] سەرچاوەی پێشوو، ه،ژ،ه.ل١٧

٤- **گێڕەرەوە بە شێوەیەکی ناراستەوخۆ لە داستانی ( مەم و زین ) و شانۆی ( مەمی ئالان )دا زانیاریـەکان دەبەخشـنە خوێنەر.**

٥- **دەقەکانی مۆنۆلۆگ لە داستانی ( مەم و زین ) دا بە مانایەکی ئاسان نووسراون ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کـە خودی داستانەکە فۆلکلۆریە لەسـەر زاری خـەڵك وەرگـیراون پێویسـت بـە هـەڵگرتنی مانـای جیـاواز ناکـات مەبەستەکەی دەپێکی، لەشانۆی ( مەمی ئالان )دا شانۆ نووس دەقەکانی مۆنۆلۆگ کـورتیش بـن گەرچـی مانـای جیاواز هەڵدەگری دەیەوێ لە دێرێکدا چەندین ئامانج بپێکێت .لە بیتەکانی داستاندا ئاماژە ناکـات کـە ئەمـە مۆنۆلۆگە ،کەچی لەشانۆی ( مەمی ئالان )دا بە ئاشکرا نووسەر دەنوسێت (( خوە بخوە ).**

## ئه نجام

دوای وردبوونەوەو لێکۆلینەوەو بەراوردکردنی داستان و شانۆ، گەیشتینە کۆمەڵێك ئە نجام، کە گرنگترینیان ئەمانەی خوارەوەن :

١- داستان مێژوویەکی زۆر کۆنی هەیە سەردەمەکەی دەگەڕێتەوە بۆ قۆناغی قەیرانی (بوون)، کە بیروباوەری ئەفسانە لە بۆچوونەکان بە زەقی دەبینرێت، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی پێش مێژوو داستانی (مەم و زین)ی فۆلکلۆری کوردی هەنگاوێك دوای ئەو سەردە دەگەڕێتەوە کە گوزارشت لە قەیرانی کۆمەلایەتی تێدا زاڵە، سەردەمی نووسینەوەی داستان دەگەڕێتەوە بۆ (١١٣-١١٥) ساڵ پێش ئێستا، شانۆ مێژوویەکی زۆر کۆنی هەیە لە جیهاندا بەڵام لە ناو کوردا مێژوویەکی ئەوتۆی نییە وەکو دەق لەبەر دەستمان بێت تەنیا دەقی شانۆی (مەمی ئالان) یەکەم دەقی شانۆی کوردیە لە ساڵی (١٩١٩) لە گۆڤاری ژین لە ئیستەنبول بڵاوکرایەتەوە. ئەوەی تر، کە هەیە لە چالاکی قوتابخانەکان و یاری مندالان ئەوە توخمی شانۆیان تێدابووە.

٢- داستانەکانی جیهان بە شیعر دەنووسرێت، داستانی (مەم و زین)ی فۆلکلۆری بە پەخشان و شیعری مۆسیقادارو، کە شێوەیەك لە بەندە جۆرە قالبێکی جیاوازی وەرگرتووە نووسراوەتەوە، شانۆ چەند سەدەیەك تەبایی هەبووە لەگەڵ شیعر دواتر گەشەی کردووە بووە بە پەخشان، شانۆی (مەمی ئالان) بە شیعر و پەخشان نووسراوەتەوە.

٣- لە داستاندا وەسفی بواری دەروونی و ژیان و وەسفی شوێن و کات و بوارە کۆمەڵایەتیەکانی پاڵەوان کراوە بە شیعر و پەخشان، لە شانۆدا وەسفی ژووری پاڵەوان و بواری دەروونی کراوە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی بە پەخشان زیاتر دەقەکان نووسراون و هەروەها لە دوو پەردە پێك هاتووە دەرفەتی ئەو وەسف کردنەی کەمترە.

٤- لە داستانی (مەم و زین)ی فۆلکلۆری دا بیری نەتەوەیی تێدانییە وەکو دستانە جیهانییەکان ئەو لایەنەی فەرامۆش کردووە نەخراوەتە نێو دەقەکان، کەچی لە شانۆدا بیری نەتەوەیی و ئاینی تێدا بە زەقی رەنگی داوەتەوە.

٥- له شێوازی گێڕانەوەی داستان حیكایەتخوان (هەموو شتزان)ە بەو مانایەی له كارەكتەرەكان زانیاری زیاتریان لایە راناوی سەربەخۆی (ئەو)بەكار دێنێ بۆ گێڕانەوە، له شانۆ دا گێڕەرەوە (هەموو شتزان)ە سوودی له هەمان راناوی سەربەخۆی (ئەو) وەرگرتووە زۆر جاریش (هەموو شتزان)ەكەشی لای خوێنەر شاراوەیە(ظمني)یە.

٦- بەهۆی راناوی سەربەخۆی (ئەو)، كە له داستاندا بەكار هاتووە داستانەكە بووەتە یەك دەنگ واتا تەنیا دەنگی گێڕەرەوە دەبیسترێت هیچ دەنگێكی تر نییە، له شانۆشدا بەهەمان شێوە یەك دەنگ دەبیسترێت مەگەر خودی گێڕەرەوە خۆی بێتە سەر شانۆ یاخود كارەكتەرێك ڕووداوەكان بگێڕێتەوە، له شانۆی (مەمی ئالان) بەهەمان شێوە تاك دەنگە تەنیا دەنگی گێڕەرەوە دەبیسترێ.

٧- داستانی (مەم و زین) بە شێوەزاری موكریانی پێشكەش كراوە هەموو كارەكتەرەكان بەم شێوەیە قسە دەكەن، بەڵام له شانۆی (مەمی ئالان) بە شێوەزاری هەكاری پێشكەش كراوە هەموو كارەكتەرەكان بەم شێوەیە قسە دەكەن.

٨- لادانی زمانی له بەیتەكانی (مەم و زین) بەكارهاتووە، بەڵام بە شێوەیەكی ئاسان ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ زمان ئاسانی له نووسینەوەی داستان، له شانۆ دا لادانی كەمی بەكار هاتووە، چونكە زمانی بەكار هاتوو زمانی گوندە نەك شار.

٩- له داستانی (مەم و زین) شوێنی ڕوودانی ڕووداوەكان ناوچەی جزیرەیە شوێنی نیشتەجێی پاڵەوان وڵاتی یەمەنە، لەشانۆی (مەمی ئالان) شوێنی ڕووداوەكان و نیشتەجێی پاڵەوان دەڤەری هەكاریە. له داستانی (مەم و زین) خەیاڵ و فانتازیا له نێو دەقەكان بە ئاشكرا بەدی دەكریت، له شانۆی (مەمی ئالان) بەرگی واقیعی بەسەر كۆی ڕووداو و هەڵسوكەوتی پاڵەوان بەدی دەكرێت.

١٠- له داستانی (مەم و زین) دا كارەكتەرێكی زۆر بەشداریان كردووە له گێڕانەوەی بەسەرهاتەكە ئەمەش له زۆربەی داستانە جیهانییەكان دەبینرێت (٣) پاڵەوانی سەرەكین ئەوانیتر لاوەكین، له شانۆدا ژمارەیەكی كەم كارەكتەر بەشداریان كردووە له گێڕانەوەی بەسەرهاتەكە (١) كارەكتەری هەیە ئەویش(مەمۆ)یە.

١١- له داستانی (مەم و زین) دا هەموو دیالۆگەكان ناڕاستەوخۆن لەرێگای گێڕەرەوە زانیاری كارەكتەرەكان دەگەن بە ئێمە، له شانۆی (مەمی ئالان) بە هەمان شێوە دیالۆگەكان ناراستەوخۆن.

١٢- دیالۆگ له نێوان كارەكتەرەكان له داستانی (مەم و زین) شانۆی (مەمی ئالان)دا كاتی گێڕانەوە نزیكە له گەڵ كاتی حیكایەت.

١٣- ئەو مۆنۆلۆگانەی بەکار هاتوون لە داستانی ( مەم و زین ) مۆنۆلۆگی ئاسایین شیکردنەوەی زۆر هەڵناگرێت بەو مانای بە ئاسانی دەتوانی لە دەروونی کارەکتەرەکە تێبگەین، لە شانۆی ( مەمی ئالان ) دا مۆنۆلۆگ هیچی کەمتر نییە لە دەقەکانی دیالۆگ رووبەرێکی فراوانی دەقی گرتووە قوڵ بوونەوەی زۆر هەڵدەگرێت زۆربەی پەیامەکانی نووسەر کە ئاراستەی خوێنەری دەکات لە رێگەی مۆنۆلۆگەوە ئەنجامی داوە.

١٤- لە داستانی ( مەم و زین ) دا نیشانەکانی پرسیار و سەرسورمان و خاڵ دانراوە پەیڕەوی رێبازی خاڵبەندی کردووە هەر ئەوەشە وای کردووە بزانین بەیتە شیعریەکان لە کوێ وەستان و خێرا کردن لە خوێندنەوەی دا بکرێت ئەگینا بەیت و نیوە بەیتەکان لە ڕووی دابەش کردنی جوگرافیای نووسین بە ئازادی هۆنراوەتەوە، لە شانۆی ( مەمی ئالان ) دا بەشێوەیەکی وەستایانە پەیڕەوی بنەماکانی خاڵبەندی کردووە بگرە لە پەخشان و بەیتە شیعریەکانیش بەکاری هێناوە هەرچەند گەلێك شوێن پێویست بوو دابنێت داینەناوە

١٥- وەسف لە داستانی ( مەم و زین ) دا زیاتر وەسفی پاڵەوان و شوێن دەکات لە خزمەتی ئەو دوو توخمە دایە وەسفەکان گشتین هۆنەر وەسفی خودی نەکردووە ئەمەش دەگەرێتەوە بۆ ئەو شێوازەی گێڕانەوە، کە هۆنەر پەیڕەوی کردووە، لە شانۆی ( مەمی ئالان ) دا وەسفی پاڵەوان و هەڵسوکەوت و شوێنی نیشتەجێ

١٦- پاڵەوان دەکات هەموو ئەو وەسفانەی، کە نووسەر دەیکات مەبەستی بابەتگەلێکی جیاوازی لە پشتە.

١٧- لە داستانی ( مەم و زین ) دا یەکێتی ڕووداو هەیە ڕووداوەکە بە هاتنی سێ پەریەکە و هەڵگرتنی ( زین ) لە ( جزیرە )وە بۆ ( یەمەن ) بۆ لای ( مەم ) چوونی ( مەم ) بە دوای ناونیشانی ( زین ) بۆ شاری ( جزیرە ) لە کۆتایشدا ( مەم ) هەر لەوێ دەمرێت، لە شانۆی ( مەمی ئالان ) دا لە دوو پەردە پێك دێت ڕووداوی پێش ڕووداوەکان پاس نەکراوە یەکسەر باسی چوونی ( مەمۆ ) بۆ شەر و هاتنەوەی لەشەر و کوشتنی بە هەڵە بە دەستی دایکی، چونکە شانۆ ڕووداوی پێش و پاش ڕووداوەکان فەرامۆش دەکات. شوێنی مردنی پاڵەوان لە داستانی ( مەم و زین )دا لە ناوچەی ( جزیرە )یە لە دووری خانەوادەکەیەتی، شوێنی مردنی ( مەمۆ ) لە شانۆی ( مەمی ئالان ) دا لە ناو ماڵی خۆیەتی.

## سەرچاوەکان

### سەر چاوە کوردییەکان :

أ- داستان و شانۆ


١- ئۆسکارمان، توحفەی موزەفەرییە ، ، پێشەکی و ساخکردنەوە و هێنانە سەر رێنووسی کوردی هێمن موکریانی، دەزگای چاپ و بلاوکردنەوەی ئاراس، چاپی سێیەم، هەولێر، ٢٠١١.

٢- عەبدولرەحیم رەحمی، پیەسا کوردی ( مەمی ئالان )، گۆڤاری ژین، ژمارە ( ١٥، ١٦ )، ئیستەنبۆل، ١٩١٩

ب- کتێبەکان

- ئەحمەد سالار، دەروازەی دراما، چاپخانەی چوار چرا، چاپی دووەم، هەولێر، ٢٠٠٧.
- ئەحمەد سالار، کورسی و بەها درامیەکان، لێکۆڵینەوەی چامە واڵاکانی ( کورسی ) ی شێرکۆ بێکەس، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، چاپی یەکەم، سلێمانی، ٢٠٠٩.
- ئەحمەد سالار، هونەر و ژیان، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، چاپی یەکەم، سلێمانی، ٢٠٠٥.
- ئیبراهیم ئەحمەد سمۆ، شانۆی کوردی لە نێوان دەقی خۆماڵی و بیانیدا، چاپخانەی تیشك، سلێمانی، ٢٠٠٧.
- رێزان رەحمان خدر، تەکنیکی گێڕانەوە لە رۆمانەکانی ( عەبدوڵلا سەراج ) دا، چاپخانەی رۆژهەلاَت، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠١٢.
- رێزان عوسمان مستەفا، بنیاتی جۆرەکانی ڕووداو لە رۆمانی کوردی باشوری کوردستان دا ( ١٩٨٥-١٩٩٠ )، هەولێر، ٢٠١٠.
- زاهیر رۆژبەیانی، چیرۆکی هونەری کوردی، شێوەو شێواز و بونیاد، چاپخانەی بەرێوەبەرایەتی گشتی رۆشنبیری و هونەر، هەولێر، ١٩٩٧.
- سابیر رەشید، چیرۆکی کوردی رەخنەو لێکۆڵینەوە، چاپی دووەم، ناوەندی ئاوێر بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، ٢٠١١.
- سەباح ئیسماعیل، چەمك و ئیستاتیکای شوێن لە ئەدەبدا، لێکۆڵینەوە، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٩.
- سەلیم رەشید سالح، شێواز لە کورتە چیرۆکی کوردی دا، چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری، هەولێر، ٢٠٠٥.
- سەنگەر قادر شێخ محەمەد حاجی، بنیاتی گێڕانەوە لە داستانی ( مەم و زین )ی ئەحمەدی خانی و رۆمانی ( شاری مۆسیقا سپیەکان )ی بەختیار عەلی دا، چاپخانەی خانی، چاپی یەکەم، دهۆك، ٢٠٠٩.

- شوكريه رسول، ئەدەبی كوردی و هونەرەكانی ئەدەب، چاپخانەی خوێندنی باڵا، هەولێر، ١٩٨٩.
- ڤەنسان ژووف، بۆتیقای رۆمان، وەرگێڕانی دكتۆر محەمەد رەحیم ئەحمەدی، دەزگای ئاراس، چاپی یەكەم، ٢٠١٢
- عبدالخالق یەعقوبی، دەنگی بلورینی دەق، رەخنەو لێكۆڵینەوە، چاپخانەی راز، ٢٠٠٥.
- فازڵ جاف، شانۆی هاوچەرخی سوید، چەند بیرو بۆچوونێكی رەخنە ئامێز، و:دلێر میرزا، چاپخانەی ئەلەند، چاپی یەكەم، ١٩٩٩.
- كەیفی ئەحمەد عەبدولقادر، ریالیزم لە شانۆی كوردی دا، لێكۆڵینەوەی رەخنەیی، چاپخانەی رۆشنبیری، هەولێر، ٢٠١٣.
- كۆمەڵێ نووسەری بیانی، تیۆری رۆمان، و:بۆ فارسی حسن پاینده، و:بۆ كوردی محەمەد كەریم، چاپی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٣.
- لقمان رەئوف، رەهەندەكانی شوێنكات لە دەقە واڵاكانی شێركۆ بێكەسدا، چاپخانەی كەمال، سلێمانی، ٢٠١٢.
- محمد فریق حەسەن كۆكردنەوە و توێژینەوە، مەملەكەتی ماسی ٣٧ حیكایەتی فۆلكلۆری، دەزگای چاپ و بڵاوكردنەوەی ئاراس، چاپی سێیەم، ٢٠١٠.
- نەجم خالید ئەلوەنی، بنیاتی كات لە سێ نمونەی رۆمانی كوردی دا (ژانی گەل، شار، راز)، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٤.
- نەجم ئەلوەنی، لێكۆڵینەوەی رەخنەیی شیكاری لەبارەی رۆمانی كوردیەوە، چاپخانەی ئاراس، چاپی یەكەم، هەولێر، ٢٠١١.
- نیهاد جامی، پلەی سفری شانۆ، چاپخانەی رۆژهەڵات، لە بڵاوكراوەكانی ڤیستیڤاڵی شانۆی نێو دەولەتی، بەرێوەبەرایەتی هونەری شانۆ، هەولێر، ٢٠١٢.

## ج- گۆڤارەكان

- عەبدوڵڵا رەحمان، تەكنیك لە رۆمانی ( دوانامە )ی دێوەرەیەك، گۆڤاری رامان، ژ: ( ١٤٦ )، چاپخانەی خانیٚ، دهۆك، ٢٠٠٩.
- عەبدوڵلا سەراج، رۆمان و جوانییەکانی گێڕانەوە، گۆڤاری هەنار، ژمارە ( ٧٧ )، ٢٠١٢
- عەبدولموتەلیب عەبدوڵڵا، بنیاتی گێڕانەوە لە نێوان دەق و خوێنەر دا، گۆڤاری رامان، ، چاپخانەی خانی، ژمارە ( ١٩٠ )، دهۆك، ٢٠١٣.
- عەلی عوسمان یاقوب، شانۆ و هونەری گێڕانەوە، گۆڤاری شانۆ، ژ : ( ٢١ )، ساڵی چوارەم، چاپخانەی كارۆ، ٢٠١١.
- عیرفان ئەحمەد محەمەد، دەروازەیەك بۆ زەمەن لە دراما، گۆڤاری رامان ژ، ژمارە ( ٧٠ )، ٢٠٠٢.

سەرچاوە عەرەبییەکان

أ- كتێبەكان

- ابراهيم حمادة، معجم المصطلحات الدرامية و المسرحية، مطبعة الدار المعارف، طبعة الثالثة، القاهرة، ١٩٩٤.
- اسامة فرحات، المونولوج بين الدراما و الشعر، مطبعة الهيئة المصرية العامة للكتاب، ١٩٩٧.
- امنة يوسف، تقنيات السرد في النظرية والتطبيق. مطبعة المؤسسة العربية للدراسات و النشر، الطبعة الثانيية، بيروت، ٢٠١٥.
- اعتدال عثمان ،اضاءة النص ،دار الحداثة،بيروت،١٩٨٨.
- بول ريكور، الوجود والزمان والسرد فلسفة، ترجمة والتقديم :سعد الغانمي، المركز الثقافة العربي، طبعة الاولى، ١٩٩٩.
- بيداء عبدالصاحب الطائي، البنيية الدرامية في شعر نزار القباني، مطبعة دار ضفاف للطباعة و النشر و التوزيع، طبعة الاولى، ٢٠١٢.
- جنات بلخن، السرد التاريخي عند بول ريكور، منشورات الاختلاف، طبعة الاولى، ٢٠١٣.
- جورج غريب، الشعر الملحمي تاريخهُ واعلامه، ابن كلثوم _ابن حمزة_ابن شداد، مطبعة دار الثقافة، بيروت_لبنان، السنة ؟.
- حميد لحمدانى، بنيية النص السردي في المنظور النقد الادبي، مطبعة المركز الثقافي العربي للطباعة النشر و التوزيع، طبعة الاولى، ١٩٩١.

- ديفيد برتش، لغة الدراما، ترجمة: ربيع مفتاح، مطبعة المجلس الاعلى للثقافة، طبعة الاولى، القاهرة، ٢٠٠٥.
- رشاد رشدى، فن الكتابة المسرحية، الهيئة المصرية العامة لكتاب، ١٩٩٨.
- عبدالمنعم زكريا القاضي، البنيية السردية في الرواية، مطبعة عين للدراسات و البحوث الانسانيية و الاجتماعية، الطبعة الاولى، ٢٠٠٩.
- غاستون باشلار، جماليات المكان، ترجمة غالب هلسا، المؤسسة الجامعة للدراسات و النشر و التوزيع، الطبعة الثانيية، بيروت، ١٩٨٤.
- قيس عمر محمد، البنيية الحوارية في النص المسرحي، ناهض الرمضانى أنموذجاً، مطبعة دار غيداء للنشر و التوزيع، طبعة الاولى، عمان، ٢٠١٢.
- كمال غمبار، احمد سالار رائداً ومؤسساً للمسرح الاحتفالي الكردى المعاصر، الطبعة الثانيية، مطبعة رؤژهەلات، اربيل، ٢٠١٤.
- محبوبة محمدي محمد ابادى، جماليات المكان في قصص سعد حورانيية، مطبعة وزارة الثقافة، دمشق، ٢٠١١.
- محمد بن احمد بن طبابا العَلوى، عيار الشعر، شرح و تحقيق، عباس عبدالساتر، مراجعة نعيم زرزور، منشورات دار الكتب العلمية، الطبعة الثانيية، بيروت-لبنان، ٢٠٠٥.
- محمد حمدى ابراهيم، نظرية الدراماالدراما الاغريقية، مطبعة الشركة المصري العالمية للنشر –لونجمان، طبعة الاولى، ١٩٩٤.
- محمد عزام، شعرية الخطاب السردي( دراسة )، منشورات اتحاد الكتاب العرب، دمشق، ٢٠٠٥.
- محمد غنيمي هلال، النقد الادبي الحديث، مطبعة الدار الثقافة، بيروت، ١٩٧٣.
- مصطفى التواتي، دراسة في الروايات نجيب المحفوظ الذهنيية ( اللص و الكلاب )( الطريق ) ( الشحاذ )، مطبعة الدار الفارابي، طبعة الثالثة، لبنان، ٢٠٠٨.
- منى العيد، تقنيات السرد الروائي في وضوء المنهج البنيوى، دار الفارابي، طبعة الثالثة، بيروت –لبنان، ٢٠١٠.
- مها حسن القصراوي، الزمن في الرواية العربية، المطبعة المؤسسة العربية للدراسات والنشر، طبعة الاولى، بيروت، ٢٠٠٤.
- ميخائيل باختين، الخطاب الروائي، ترجمة :احمد برادة، مطبعة الدار الفكر للدراسات والنشر و التوزيع، الطبعة الاولى، قاهرة، ١٩٨٧.
- نبيل راغب، النقد الفني، دار مصر للطباعة، السنة ؟.

ب- گۆڤارەکان:-

- بسام خلف سليمان، الحوار في الرواية الاعصار المئذنة لعماد الدين خليل، مجلة كلية العلوم النسانيية، جامعة الموصل، العدد (١٣)، مجلد السابع، ٢٠١٣.
- الخالدة حسن خضر، المكان في الرواية الشماعية للروائي عبدالستار ناصر، جامعة بغداد، مجلة كلية الاداب، العدد(١٠٢)، ٢٠٠٢.
- خليل پروينى و ديگران :كبرى روشنفكر، على رضا، بنار شخصية في رواية نجمة اغسطس لصنع الله ابراهيم، مجلة فصيلة اضاءات النقدية، السنة الرابعة، العدد(١٤)، ٢٠١٤.
- زهرا افضلي& فرامرز ميرزائي& جعفر جعفر زاده) اساليب استخضار الافكار في الرواية الطريق لنجيب المحفوظ، مجلة الجمعية العلمية الايرانيية، العدد(٣٧)، ٢٠١٦.
- زوزو نصيرة، اشكالية فضاء و المكان في الخطاب النقدي العربي المعاصر، مجلة كلية الاداب العلوم الانسانيية و الاجتماعية، جامعة محمد خضير-الجزائر، العدد السادس، ٢٠١٠.
- عبدالكريم عمرين، الشخصية نموذجية في الادب المسرحي، مجلةالحياة المسرحية، العدد(٦٨)، سوريا، ٢٠٠٩.
- عبدالله ابو هيف، جماليات المكان في النقد الادبي المعاصر، مجلة جامعة تشرين للدراسات و البحوث العلمية – سلسلة الاداب والعلوم الانسانيية، المجلد(٢٧)، العدد(١)، ٢٠٠٠.
- عبدالله زيد صلاح، جماليات المكان في شعر حسن الشرفي، مجلة دراسات، العدد (٨)، ٢٠٠٩.
- عبدالله عبد الحليم عبدالله، بناء للغة الشعر في ديوان (في معبد الكلمات) لسعد درويش، مجلة مخبر، جامعة محمد خيض-بسكرة الجزائر، العدد السابع، ٢٠١١.
- علي عبدالرحمن فتاح، تقنيات بناء الشخصية في رواية (ثرثرة فوق النيل)، جامعة بغداد، مجلة كلية الاداب، العدد(١٠٢)، ٢٠٠٢.
- عيسى قويدر العبادي، انماط الحوار في شعر محمود درويش، مجلة دراسات العلوم الانسانييةو الاجتماعية، المجلد(٤١)، العدد(١)، الاردن، ، ٢٠٠٤.
- غيداء احمد سلاش، المكان والمصطلحات المقاربة له، مجلة ابحاث كلية التربية الانسانيية، المجلد(١)، العدد(٢)، ٢٠١٢
- نبهان حسون السعدون، الوصف في الرواية الاعصار و المئذنة لعماد الدين خليل، مجلة دراسات الموصلية، العدد(١٣)، ٢٠٠٦.

- نبهان حسون السعدون، م. د. يوسف سليمان )، الحوار القصة القرأنيية قصة موسى( عليه سلام )أ نموذجاً مجلة الابحاث، كلية التربية الاساسية، جامعة الموصل، المجلد( ٧ )، العدد( ٤ )، ٢٠٠٨.
- نجوى محمد جمعة، بناء الحدث في شعر نازك الملائكة ( المقاربة النصية )، مجلة كلية الادب البصرة، العدد( ٤٤ )، ٢٠٠٧.
- نظال محمد فتحي الشمالي، الوصف في الخطاب الروائي وابعاده التقنيية( زيادة قاسم )أ نموذجاً، مجلة دراسات العلوم الانسانيية و الاجتماعية، المجلد( ٣٣ )، العدد( ١ )، ٢٠٠٦.
- وجدان صادق الصدام، معتز قصي ياسين )، مستويات بناء الزمن في شعر بشار بن برد، مجلة دراسات البصرة، السنة التاسعة، العدد ( ١٧ )، ٢٠١٤.

**كتێبی فارسییەکان:**

- ابراهيم يونسى، هنر داستان نويسى، چاپخانه ارشك، مؤسسه انتشارات نگاه، چاپ نهم، ١٣٨٦
- **جمال مير صادقى، عناصر داستان، چاپ ششم، تهران، سخن، ١٣٨٨.**
- عبد الحسين زرين كوبه، دو قرن سكوت، چاپى بيستم، انتشارات سخن، ١٣٨٤
- فاطمه مدرسى، فرهنگ توصيفى نقد و نظريه هاى ادبى، چاپ اول، ١٣٩٠
- **فوستر ادوارد مورگان، جنبه هاى رمان، مترجم: ابراهيم يونسى، تهران، نگاه، ١٣٦٩.**

**گۆڤارەکان:**

- **دكتر ( سيد مهدى خيرانديش، نجمه درى )، ساختار داستان پردازى در سمك عيار، پژوهس نامەى ادبيات و زبان شناسى، سال اول، شمارەى اول، ٢٠١١.**

**نامە ئەکادیمیەکان:**

**أ- بە کوردی**

- ئەردەلان شوکر سابیر، تەکنیکی گێڕانەوە لە رۆمانەشیعریەکانی ( شێرکۆ بێکەس )دا، نامەی ماستەر، زانکۆی سەلاحەددین، کۆلێژی زمان، ٢٠٠٩.

- تانیا ئەسعەد محەمەد سالح، بینای شوێن لە دوو نمونەی رۆمانی کوردی دا، نامەی دکتۆرا، زانکۆی سەلاحەددین، کۆلیژی زمان، هەولێر، ٢٠٠٦.

- تاهیر بەکر یاسین، توخمەکانی دراما لە شانۆ گەرییەکانی ( ئەمینی میرزا کەریم )، نامەی ماستەر، زانکۆی سلێمانی، ٢٠٠١.

- پەروین عبدالله خدر، رەگەزەکانی دراما لە شیعری لیریکی کوردیدا کرما نجی خواروو ١٩٨٠ را پەڕین، نامەی ماستەر، زانکۆی کۆیە، کۆلێژی پەروەردە، ٢٠٠٦.

- پەری سالح حەمید موفتی، گێڕانەوە لە چیرۆکەکانی ( ئەحمەد محمد ئیسماعیل )، لێکۆڵینەوەی رەخنەیی شیکاری، نامەی دکتۆرا، زانکۆی سەلاحەدین، کۆلیژی زمان، ٢٠١١.

- جەوهەر مەحەمەد مەولود شێخانی، بنیاتی کارەکتەر لە رۆمانەکانی حسێن عارف دا، نامەی ماستەر، زانکۆی سەلاحەددین، کۆلێژی زمان، ٢٠١٣.

- رێزان رەحمان خدر، تەکنیکی گێڕانەوە اە رۆمانەکانی ( عەبدوڵلا سەراج )دا، نامەی ماستەر، زانکۆی سەلاحەددین، کۆلێژی پەروەردە بۆ زانستە مرۆڤایەتیەکان، ٢٠٠٧.

- سەمیر ئەحمەد ئیبراهیم، هونەرەکانی گێڕانەوە لە رۆمانەکانی ( خوسرەو جاف ) دا، نامەی ماستەر، زانکۆی سەلاحەددین، کۆلێژی زمان، ٢٠١٥.

- سەنگەر قادر شێخ محەمەد حاجی، بنیاتی گێڕانەوە لە داستانی ( مەم و زین )ی ئەحمەدی خانی و رۆمانی ( شاری مۆسیقارە سپیەکان ) ی بەختیار عەلی دا، نامەی ماستەر، زانکۆی سەلاحەددین، کۆلێژی زمان، ٢٠٠٧.

- سەنگەر قادر شێخ محەمەد حاجی، فەلسەفەی شیعر و شیعری فەلسەفی لە ئەدەبی هاوچەرخی کوردی دا، نامەی دکتۆرا، زانکۆی سەلاحەددین، کۆلێژی زمان، ٢٠١١.

- عەبدولسەلام نەجمەدین عەبدوڵلا، شیکردنەوەی دەقی شیعری لە رووی زمانەوانییەوە، نامەی ماستەر، زانکۆی سەلاحەددین، کۆلێژی زمان، ٢٠٠٧.

- عەدلە جەميل ئەحمەد، رۆڵی عەبدولرەحيم رەحمی هەكاری د نوێكرنا هۆزانا كورديدا، نامەی ماستەر، زانكۆی دهۆك، كۆلێژی پەروەردە، ٢٠٠٣.

- عيماد وەيسی خالد، بەراوردكردنی داستانی (شێخی سەنعان)ی عەتتار نيشاپووری و فەقێ تەيران، نامەی دكتۆرا، زانكۆی سەلاحەددين، كۆلێژی زمان، ٢٠٠٨.

- هێمن جاسم محمد، هونەرەكانی لە رۆمانەكانی (خوسرەو جاف)دا، نامەی ماستەر، زانكۆی سەلاحەددين، كۆلێژی زمان، ٢٠١٥.

- ياسين رەشيد حەسەن، ناوەرۆك و تەكنيكی دراماى كوردى (١٩٩٧-٢٠٠٢)، نامەی ماستەر، زانكۆی سلێمانی، كۆلێژی زمان، ٢٠٠٤.

ب- بەعەرەبی

- امنة محمد محمد الهتاري، تقنيات الحوار في الرواية اليمنيية (٢٠٠٤-١٩٧١)، المشرف (آ. د. أمنة يوسف)، جامعة صنعاء، كلية فتات، ٢٠٠٨.
- بشير المناعي آللغة الشهرية عند الشنفري، رسالة ماجستير، جامعة الجزائر بن يوسف بن خدة، كلية الاداب واللغات، ٢٠٠٥ —٢٠٠٦
- سالار عبدالله احمد تاوه گۆزی ، بنيية المكان دراسة مقارنة بين رواية (الجحيم المقدس) لبرهان شاوي، (هيلانه ) لحسين عارف، رسالة ماجستر، جامعة صلاح الدين، كلية اللغات، ٢٠١٢
- صدام علاوی سليمان الشباب، بناء السردي و الدرامي في الشعر ممدوح عدواني، رسالة ماجستر، جامعة مؤنه، ٢٠٠٧ باشراف الدكتور، سامع الرواشدة.
- عبد القادر بالغربي، البنيية الزمنيية في الرواية (بوح الرجل القادم من الظلام )، رسالة ماجستر، جامعة الجزائر، كليةالاداب واللغات، ٢٠٠٦-٢٠٠٥.
- عزالدين جلاوجي، بنيية المسرحية الشعرية في الادب المغاربي المعاصر، رسالة ماجستر، ٢٠٠٩-٢٠٠٨.
- فاديا رضا الحوشى، جماليات المكان في شعر ذي الرمة، رسالة ماجستر، جامعة البحث، كلية الاداب، سوريا ٢٠١٠

- ليلى سالم محمد نوربابنجى، الوصف في شعر عبدالله بن المعتز العباسى، رسالة ماجستير، جامعة ام القرى، كلية اللغة العربية، ١٩٨٩.
- محمد حامد محمد يحيى، العناصر الدرامية في السرديات ابراهيم اسحق، رسالة دكتورا، جامعة السودان، كلية الموسيقا والدراما، ٢٠١٥.
- ميادة عبدالكريم العامري، البنيية السردية كتاب الاغاني لأبي الفرج الاصبهاني، رسالة ماجستير، جامعة ذي قار، كلية التربية، ٢٠١١.
- هبة ابراهيم منصور اللبدى، الوصف في الشعر الاندلسى يوسف الثالث، رسالة ماجستير، جامعة النجاح الوطنيية، كلية دراسات العليا، ٢٠١٢.

## سايتە ئەلیکترۆنییەکان:

١- http://www. basnews. com/index. php/so/opinion

٢- www. almaany. com/ar/dict/ar_en)

٣- www. alkafeel. net/islamic

## چاو پێکەوتن:

١- چاو پێکەوتن لە گەڵ ئەحمەد سالار شانۆکاری کورد

پاشکۆ


تحفەی مظفریە
بە زمانی کوردیی موکری
گرداری: ئۆسکارمان
پێشەکی و ساخکردنەوە و هێنانەسەر ڕێنووسی کوردی
هێمن موکریانی

دڵ بێبێ عاشق ذولفقارە تیغ برانم . . .
کمە زلف خاوت چونکە بازوبند بازومە . . .
چەحاجت واعظ سرزل بافسون بستی دستانم ؟ . !
ملا متبس بکن چون من غریب وخانە ویرانم .
طلسم گنج حسن تو : معمای غم کونە ! . .
لەحل وی بسرچو عمرم وهیشتا کر جدانم . . .
کەزمین یاوەش تو ابیشکە بوقلبا مجروحم .
بەلنجە لی کری ساقی ! . . هەوادا طفل گریانم .
بلی شوقی کە کردە چاونجوینە قط هەدا ندا ! . ؟
بەخوین چاوە کانم سور بوە چاک گریبانم .

٢٣ کانون اول ٣٣٣   قاضی زادە
م . شوقی

---

کوردجە پیەس

# ممی آلان

تیاترو کردان فضیلتا کردان نوشی ددەت

## دو پردە پیەس

اثرا ع . رحمی

### اشخاص

ممی آلانە
لونە – هوالی ممو غلامی میر
دایکا ممو — چاورشە
ژناممو — غزال

### پردەوەبو

« اودەکی کرمانجی خلاندی بە برو مافوران رایی خسق دیواروە جەکیت ممو بیوە ملاوبستیە چار طرفی دیوار دوشك بالکینە »